ڕۆمان

# سەمفـۆنیـــــای مردووەکان

عەبباس مەعروفی

وەرگێڕانی: رزگار ئەمین نژاد

PDF4Kurd

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەم وەرگێرانە :
لە تاراوگەی پڕ لە تاسەمەوە، پێشکەشە بە هێلانەی
خۆشەویستی و ئارامیم، دایك و باوکی زێدە ئازیزم.
(رزگار)

**ناوی کتێب:** سەمفۆنیای مردووەکان
**بابەت:** رۆمان
**ناوی نووسەر:** عەبباس مەعروفی
**ناوی وەرگێر:** رزگار ئەمین نژاد
**کۆمپیوتەر:** سالار گۆمەشینی (سەنتەری ڤان)
**چاپی یەکەم:** ساڵی2001
**تیراژ :**400 دانە
**ژمارەی سپاردن:** 424 ی 2001
**چاپخانە:** دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# ئاوڕێك

کاتێ مرۆڤ لە پێناو قوربانیداندا چارەنووسی کوژرانی بەسەردا دەپرێ!

ئەمە چەمکی گێرانەوەی تراژیدیایەکی کۆنە کە لە یەکەم چیرۆکی براکوژیدا ڕەنگدانەوەی هەیە. براکوژی، ئەفسانەو واقعێکی شووم و نگریس کە لە سەرەتای دروست بوونی مرۆڤەوە دەبێتە تارماییەکی دڵتەزێن و بەسەر ژیانی مرۆڤدا دەکەوێ و بەردەوام لە دروست بوونەوەدایە. وە ئەم دوبارە بوونە چەندە غەم هێنەرە وەك ئەو کاتانەی قەلەرەشەکانی نێو ڕۆمانی سەمفۆنیای مردووەکان لە سەر لقی دارسنەوبەرەکان هەڵدەنیشن و دەڵێن: (بەفر.بەفر.)

خوێندنەوەی تراژیدیا ئەگەر لە گۆشەنیگایەکی تەسکەوە بێ، وەك وەبیر هێنانەوەی تراژیدیا، یان کردنەوەی باری سۆزە عاتفییەکانی مرۆڤایەتی، لە خۆیدا سەرهەڵدانی تراژیدیایەکی دیکەیە کە ئەمجارە لە بەستێنێکی مەعریفی واتە لە تێگەیشتنی ئاستی بیرکردنەوەدا خۆی دەردەخا. گرینگی تراژیدیا لەوەدا نییە کە لە دەقێکی هەستکاریدا زەق بکرێتەوە، بەڵکوو پێویستە پرۆسەیەك لە گۆڕێدا بێ بۆ پێناسە کردن و تێگەیشتن لە تراژیدیا. وە ئەو کاتەی هوونەر ڕەوشەنبیرانە، لە گێرانەوەی خۆیدا تیشك دەخاتە سەر قوژبنە نادیارەکانی هۆکارە سایکۆلۆژییەکان، لەو حاڵەدا هوونەر پێ دەخاتە قۆناغێکی نوێ بۆ پێناسە کردنی رایەڵکە وجوودییەکانی مرۆڤ. وە لە راستیدا ڕۆمانی نوێ بەم مێتۆدەوە خۆی لە ڕۆمانسییەتی گێرانەوە جیا دەکاتەوە و ریالیزم ئاوێتەی فانتازیا دەکا بۆ خویندنەوەیەکی نوی.

خوێنەری خۆشەویست، سەمفۆنیای مردووەکان وەرگێردراوی ڕۆمانێکە لە عەبباس مەعروفی رۆژنامەوان و ڕۆمان نووسی هاوچەرخی فارسی. ئەم ڕۆمانە دەشێ لە ریزی ڕۆمانی نوێدا بخوێندرێتەوە ئەگەر سەرنج بدەین بە فۆرمی گێرانەوەکەی. سەمفۆنیای مردووەکان گێرانەوەی چیرۆکی: سەرەرۆیی و یاغی بوون و شکستە و ئاوێنەیەکە بۆ تەنیاییەکانی ئەو ئیرادە غەم هێنەرەی کە بەسەر کەلاوەی سەرکەوتنەکەیدا هەڵ کوورماوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئـەوەی لـەم ڕۆمانـەدا زۆر جێـی سـەرنجـە ڕەوتـی گێڕانـەوەی نووسـەرە لـە پرۆسـەی تیژتێپەڕی زەین (process stream of cansciousness) کە نووسـەر زەمـەنـی نێـو ڕۆمانـەکـە بەرەو ئاراستەی زەمەنە پچڕاوەکان ڕەوانە دەکا و بەگشتی زەمەن لەم ڕۆمانەدا ئەو ئامێرەیە کە قوژبنە تاریکەکانی نێو تێمی ڕۆمانەکەی ڕووناك دەکاتەوە.

وەك تێبینییەك لەسەر ناوی سەمفۆنیای مردووەکان پێویستە ئاماژە بدرێ کە سەمفۆنیا پێك هاتووە لە چواردانە مۆڤمەن (جووڵە ) کـە هـەر مۆڤمـەنێـك جووڵـەیـەکـە بـۆ گێڕانـەوەی سـەمفۆنیا کە لە هێمنییەوە بەرەو قەرەباڵغی و سۆز و... بەرز دەبێتەوە. وە ڕەنگە سـەمفۆنیـا تاکە مێتۆدێك بێ بـۆ زینـدوو کردنـەوەی بیـرەوەرییـەکـان و ئـەو مردووانـەی کـە هـەر کامیـان بەشێکن لە قوربانییەکانی ئەم تراژیدیایە.

هەولێر

20.09.2001

رزگار ئەمین نژاد

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**دەناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە**

**هەروەها تۆ دەنگ وباسی راستی رووداوی نێوان هەردووك کوڕانی ئادەمیان بۆ وەخوێنە، هەرکام قوربانیی‌یەکیان کرد، لە یەکیان قبوولّ کراو لەوەی تریان وەرنەگیرا [ئەوەی کە لێی وەرنەگیرا (قابیل) ،هەرەشەی لەوی تر کرد (هابیل)] گوتی: من دەبێ بتکوژم. گوتی خودا هەر لەو کەسەی قبوولّ دەکا کە ترسی لە خودا هەیە.**

**گوتی ئەگەر تۆش دەستم بۆ درێژ بکەی بمکووژی، من دەستە وەکەری ناکەم تۆ بکووژم. من لەخودا – کە راهێنەری دونیایە – ترسم هەیە.**

**من دەمەوێ تاوانی کوشتنی من و تاوانی خۆت بێتە ملت، ئەوسا تۆ دەچیتە دۆزەق و تاوانی ناهەق ئەمەیە. ئیتر دلّی هەلّێنا کە برایەکی خۆی بکووژێ. کوشتیو کەوتە ناو رێزەی زیانبارەکان. خوا قەلّە رەشەیەکی نارد، خەریك بوو زەوی دەکۆلّی بۆ ئەمەی پێی نیشان بدا کە چۆن جەندەکی براکەی لە خاکا بشارێتەوە. گوتی: ئەی لە خۆم نەگبەتێ! چۆن نەمزانی وەك قالاو بجوولێمەوە و لاشەی برای خۆم وەشێرم. [بەم کردەوەی] هاتە ریزی پەشیمانان.**

سوورەی مائیدە – لە ئایەی 26 وە – تەرجەمەی هەژار موکریانی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# مۆڤمەنی یەکەم

# 1

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# 1

لەژێر گومبەزە چین لەسەر چینەکانی کاروانسەرای چەرمس فرۆشەکاندا دووکەڵێکی مەندو ئارام مۆڵی دەخواردەوەو هێدی هێدی بەزاری پێشخانەکەیدا دەچوەدەر. لە ژووری کاروانسەراو لەلای خوارەوە، چەند بارهەڵگرێك لە پووتێکی تەنەکەدا داریان دەسووتاند و ئەگەر جارناجارێ لە ترسی سەرما دەوێران کە دەستیان لەبن لێفە دەربێنن، تۆویشیان دەترووکاند.لەپشت سەریان لە شوێنێکا کە وەك سەرداب دەچوو سێ کەس لە چەندانە سێڵی گەورەدا گوڵەبەرۆژەیان دەبرژاند. دووکەڵ و هەڵم لێك دەهاڵان و، بەفر لێی کردبۆوە.

هەموو چراکان و تەنانەت چرا تۆرەکانیش داگیرسا بوون، کاروانسەرا لە دوورەوە وەك گوندێك دەهاتە بەرچاو کە لەنێو تەم و مژدا نووقم بووە. بەلای راستی هۆڵی نێو کاروانسەرادا لە دوکانی [چەرمس فرۆشی مووعتەبەر] دوو پیاو دڵیان بە گەرمای چراتۆرەکە خۆش کردبوو.

لەپشت مێزەکە [ئۆرهان ئۆرخانی] دانیشتبوو و لە تەنیشتەوە [ئەیازیپاسەوان.]

ئەیازی پاسەوان رۆژانی پێنج شەمۆ دەهاتە دوکان، لەسەر ئەسکەملەیەکی گەورە دادەنیشت ولاقەکانی لەسەر چرپایەکی بچووك دادەنا. ئارەقەی نێو چاوانی دەسریەوە-چ بە هاوین وچ بە زستان- وە ئەگەر ئەسکەملە گەورەکە لەبەر دەست نەبوایە لەسەر تەلیسێکی پڕ لە گوڵەبەرۆژە دادەنیشت. دەیوت: (من بەم قەڵافەتە زلەمەوە چۆن چۆنی لەسەر ئەسکەملەیەکی بچووك دابنیشم ،ها؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئـەگـەر ویـستبای دەیتـوانی بـە دوو قامکـان تـەنانـەت باوکـەش بـەو هـەیبـەت و دەمـارەیـەوە هـەڵبگـرێ و بـە قـولاپی میچـەکـەمانـەوە هـەڵواسـێ. روخـسارێکی گۆشـتن و تۆپنـەی هـەبـوو، بـە سـەرێکـی بچکۆلـە و بالۆکـەیـەك لـەسـەر گۆنـای چـەپـی، کـە ئێستا وەك هـەمـوو روخساری گـنجـی تێکەوتوە. نیوچارەك پستەی دەکڕی و هەرچەند داوای لێدەکرا کە پارە نـەدا، نـەدەچووە ژێر بـار. پارەکەی دەدا، دەنکە دەنکە پستەکانی توێکڵ دەکرد و لەسەر مێزەکە و لـەتـەنیشت یـەك دای دەنـا، پاشان یەك کەڕەت هـەڵی داویشتە زاری، دەبایە ئۆرهـان لـەودەمـەدا پـەرداخـێ ئـاوی سـاردی بـۆ بێنـێ.

باوکە زۆری خۆش دەویست. هەم لەبەر ئەوەی کۆنە پاسەوانی شار بوو وهەم لەبەر ئەوەی سەری لە زۆر شت دەردەچوو. ئاگای لەم سەرو ئەوسەری دونیا بـوو. لـە هـەمـوو شتێکدا دەستی وەسـتایەتـی هـەبـوو. باوکـە دەیـوت: (ئـەمـە پیـاوێکی ئاسـایی نیـە.) شـەویجێـژن، دەدوازدە کیلـۆ چـەرەسـی دەنـاردە ماڵیـان، هـەمـوو حـەوتوویـەکـیش بـڕێ پـارەی بـۆ بڕیبـوەوە. وە ئێـستاش کـە لـەمێژسـاڵە باوکـە نـەمـاوە، ئۆرهـان قـەراری حـەوتوانـەی رەپێش چـاو دەگـرێ. لـەوبـەر، لـەپـشت پێـشخانی کاروانـسەرادا دوو کرێکـاری لاوکـارە دەسـت لـە باغـەڵان، پاپـاخ لـەسـەر، یـەخـەی باڵتـەکـەیـان بـەسـەر گوێدا هـەڵدابوەوەو، دەیانچرپانـدە گـوێی یـەکتـر، وەك ئۆرهـان و ئـەیـاز، بـە لەسەرخۆیی سەریان بەبن گوێێ یەکتردا کردبوو.

ئەیاز وتی: (وەکو شێر پشتت بەرنادەم.)

ئۆرهان نەیدەزانی چی بکا، دوودڵ بوو. وتی: (دەترسم نێو چاوانی خۆم بگرێتەوە.)

(لە کۆڵ خۆتی بکەوە.)

(ئەگەر بە سەرمدا ساغ بوەوە چی بکەم؟)

(نابێ بەسەرتا ساغ بێتەوە. دەبێ زیرەك بی.)

ئۆرهان بۆ ساتێ بە بیرداڕۆچوو، پاشان نیگای لە ئەیاز دزییەوە:

(وەکو یۆسف؟)

(چما کەس گومانی لێ کردی؟ ساڵانێکی زۆری بەسەردا تێپەریوە و هیچ گرێیەکت نەهاتۆتە سەر ڕێ.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(هەربەم گوێیانەی خۆم گوێم لێ بووە کە پێم دەڵێن براکوژ.)

ئەیاز بەسەریدا گوراندی: (گوویان خوارد.) دەنگی نەوی کردەوە: (خەڵك پاشەملە باسی خواش دەکەن.)

(ئەیاز گیان ئەمە چاڵی جەهەندەمە. بە سەرەوە تێنەکەوم.)

(هەرئەوەندەم پێبڵێ، من برادەری باوکت بووم یان نا؟)

(وایە بەڵام...)

ئەیاز وتی: (بە تودا، باوکتم دێتەوە بیر. پیاوێکی بێدەمار بوو.)

ئۆرهان دەستێکی بەسەرە بێ تووکەکەیدا هێنا، روخساری لە چراتۆرەکە نیزیکتر کردەوە و وتی: (من بێدەمار نیم.غیرەتی بەرێوە بردنی هەموو کارێکم هەیە.)

(پرست بە من کرد کە ئەو ژنە پەتیارەیە چی لێبکەم؟ وتم تەڵاقی بدە. زەرەدت کرد؟ ئێستاش دەڵێی چی لەم پیاوەبکەم، دەڵێم سەری بەبن گۆمدا بکە. سبەیَنا دوو سبەی کە کچەکەیت لێ هەلبەزییەوە ئیتر تۆ کاسپ نەماوی. هەربینا کچێکی پرچ زێرینت بینی کە بێتە ئێرە و بڵێ کاکە ئێرە دوکانی باوکمە؟)

ئۆرهان بێدەنگ دەبێ.

ئەیاز وتی: (ئێستا کە کار بە ئێرە گێشتووە دەست ڕامەگرە، هەرئێستا وەرێ بکەوە.)

ئۆرهان وتی: (بەم بەفرە؟ بچمە کوێ؟) سەیرێکی دەرەوەی کرد.

ئاسمان بەفرێکی بەسەر عەرزدا خستبوو کە پاش تێپەرینی ساڵانێکی زۆر خەڵك بڵێین هەر لەو ساڵە رەشەدا. نیوەی خەڵکی خۆیان خزاندبوە ژوورەکانیان، نیوەکەی دیکەش لە رووی ناچارییەوە لەگەڵ بەفرو کرێوەدا پەنجەیان نەرم دەکردو بەم جۆرە ژیانیان بەسەر دەبرد.

بەفر خەڵکی حاسایە کردبوو. بێدەنگییەکی نامۆ بەسەر کۆڵان وشەقامەکاندا کەوتبوو، بۆرییە ئاوەکان بەستبوویان، ماشینەکان لە کار کەوتبوون، لە شەقەمەکاندا تۆپە بەفرەکان لەسەر یەك هەڵچندرابوون، دوکاندارەکان بەفری سەر پیادەرۆیەکانیان راماڵی بوو بەڵام هێشتا لە بارینی دوێشەوێ نیو مەترێك بەفر لەسەر عەرزی کەوتبوو.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەکۆلانە تەنگە بەرەکاندا بەفر لە سەردەری خانوەکانیش تێپەری‌بوو و، خەڵك بە بنیاندا ڕەھەندیان لێ دابوو و بە ئاسوودەیی لەبن ڕەھەندەکاندا ھاتووچۆیان دەکرد.

تۆبلێی بەلا بەسەر عەرزدا کەوتبێت؟ ڕەنگە. زستانێکی زۆر ھاتبوون و ڕۆشتبوون، بەفرێکی زۆر باریبوو، بەلام کەس بەفرێکی وا قورسی نەدیبوو. قەلەرەشەکان شاریان داگیر کردبوو، ھەر دارێك و چەند دانە قەلەرەشە.

لە ماڵەکانیشدا بوون. بە ئاسوودەیی لەسەر شوورەی نەردەی ھیوانەکان ھەڵدەنیشتن و بازبازێنیان دەکرد. خانوویەك بە دیواری بەرزو تاقی سەر پەنجەرە دوولینگەکانیەوە، سەرو بێگیان لە ژێر بەفردا فەرامۆش کرابوو. میچی ژوورەکانی نۆھۆمی سەرەوە، زگیان دابووەوە.

لە نۆھۆمی خوارێ بۆگەن و بۆسار لە ساڵەکانی پێشووەوە مابوو. بە بێ ئەوەی کەسێکی تێدا بژی یان چرایەکی تێدا داگیرسێنن یان لانی کەم بەفری پشت بانەکانی ڕامالێنە خوارێ. لامپاو لالەی سەر دەرگاکانیشی شکابوون.

سەردەمێکیش تا دایکە مابوو ئاردی لە کەندوودا ھەڵدەگرد، دەیشێلا و لە تەندووری ناوەندی چێشتخانەدا نانی دەبرژاند. بۆنی تێکەلاوی نانی گەرم و دووکەڵی دار، بە ژوورەکەدا لولی دەخواردەوەو بە کوانووەکەدا دەچووە دەر. وە کاتێ نان دەبرژا، دایکە دەستەیەك نانی لە دەسماڵێك دەپێچایەوە کە بینێرێ بۆ مامە سابیر. ئایدین و ئۆرھان بەسوار فایتوونێکی پێنج ئەسپە بەرەو ماڵی مامە سابیر دەچوون و ئامۆژن خواردنی خۆش و بەتامی لە گیرفانیان دەھاویشت.

سەردەمێ بوو کاتێك باوکە بە پلیکانەکاندا ھەڵدەگەڕا دەستی لە نەردەی پلیکانەکان گیر دەکرد و دەیبژاردن. بیست و یەك. لەوێ پاپاخەکەی ھەڵدەگرت. بە چێورەختیەکەدا ھەڵی دەواسی. پاڵتەکەی دادەکەند و ھەڵی دەواسی. دەسماڵێکی بە شەڵوارەکەیدا دەکێشا، بەلام ئەوی ھەڵنەدەواسی و لە ژوورەکەیدا لە بن دۆشەکەکەی پانی دەکردەوە کە بەیانی کاتێ لە بەری کردەوە دەقی شەرواڵەکەی کاڵەك قاش بکات.

خوشکێکیش بوو کە ناوی [ئایدا] بوو. لەو پشت و پەسیوانەدا، لە چێشتخانە یان لە ئەنبار، لە تاو ژانی ڕۆماتیزم دەمردو دەسووتا. وە سووتاش.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئێستاش ئەوە ئۆرهان نییە کە لە بێدەنگی و سەرمای ژوورەکاندا بخزێتە نێو نوێنە چڵك تێدا مردوەکان و پێشی وابێ کە داخوا بە ئاسودەیی خەوی لێ دەکەوێ.

نەء. مرۆڤەکان هەر هەموویان مردبوون. ئەم ئاخر کەسەشیان.

وتی: (هەر چۆنێك بێ دەبێ ئەم دانەشیان تێدا بچێ.)

ئەیاز وتی: (ئەی چاوەرێی چی دەکەی؟)

(لە کوێیە؟)

(وەك هەمیشە. لە چایخانەی تاڵاوەکەیە.)

(بەم بەفرە؟)

(خۆ تۆ لە عەرەبستان لەدایك نەبووی. منداڵی ئەردەبیل(11) لەگەڵ بەفر لە دایك دەبێ. لەوە دەرچین، ڕەنگە تابە ئێستاش مردبێ.)

(نەء. من دەزانم ئێستاس هەرماوە.)

(لە چیڕا دەزانی؟ پاش دەرۆژان چۆن هەر دەمێنێ؟)

ئۆرهان بە سوربوونەوە وتی: ( ئایدین زیندووە. برواناکەم بمرێ. دوێنێ بوو کە زانیم کچێکی پانزەساڵانەی هەیە. زانیم کە ناسنامەکەی لەبەر دەستی ئەواندایە. ئەگەر زیندوو بێت سبەینێ هەزار مدەعیم بۆ پەیدا دەبێ، ئەیاز.)

(کەوای لێهات برۆ. من وەك شێر پشت گریت لێ دەکەم، هیچ ناقەومێ، وام سەیر مەکە کە داخوا پیر بووم، من هەرئیستاش ئەیازی پاسەوانم...)

ئۆرهان گوێی سپاردە فسەفسی چراتۆرەکە و بیری لە کیژێك کردەوە کە پانزە ساڵی تەمەنەو پرچ زێرینە و، رۆژێك لە رۆژان لێی قوت دەبێتەوە.

ئەیاز سەری دانواند و لە ڕوخساری ئۆرهان ڕاما: (قارداش، تیزۆڵ).

ئۆرهان بێدەنگ بوو. ئەیاز وتی: (ئەگەر من لە جیاتی ئەو باوکە خوا لێ خۆشبوەت بام، هەر ئەو ساڵانە کە ئایدین بای لە کەلەدا دەگەڕا و ئەدای شاعیرانی دەردێنا، هەر ئەوکات دەمبردە سەر سنور و لەوێ بەڕەڵام دەکرد کە بروا.)

---

[1] ئەردەبیل: پارێزگایەکی تورك نشین لە ئێران.

ئۆرهان وتی: ( باوکە، باوکە، باوکە لێی دەترسا.)

(تۆش دەترسی.)

(نەء. من ناترسێم. دڵم بەرایی نەدەهات.)

(ئەگەر حەوتووی پێشوو چووبای، ئیستا بێ غەم دادەنیشتی. پیاو کە وتی ئاو، دەبێ زوو بیخواتەوە. کە وتی هەناسە دەبێ هەڵی کێشێ دەنا مردوە.) پاپاخەکەی لەسەر نا. راوەستا، لە خوارەوە بۆ سەرێ بە ریز دوگمەکانی داخست، گورج وگۆڵ.

ئەوجار پتەو، وەك ئەوەی بە ژێردەستەکەی بڵێ: (چی دەکەی؟)

ئۆرهان بەخۆیدا هاتەوە، سەری هەڵێنا و وتی: (دەرۆم.)

ئەیاز لاقی کوتا: (هەر وەك من هەستە سەر پێ.)و رۆیشت.

لە یادی کرد کە جیرەی حەوتوانەکەی وەربگرێ، یان رەنگە نەیویستبێ. وە ئۆرهانی لە سەرسامییەکی قورسادا جێ هێشت. وە چ تەنیایەکی نامۆیە کە بەسەرتدا دەکەوێ. سێحرت لی دەکا. سەرسام. هەر وەك شاخێك. بەڵام داخوا تاقەتی مانەوەی تێدا ماوە؟

پاش چەند ساتێك رێك لە کاتژمێر دووی پاش نیوەرۆ، ئۆرهان وەك نەریتێکی هەمیشەیی پیێ نەکرا لیستەی فرۆشی رۆژانە لە دەفتەری گشتیدا بنووسێ، هەرچەند بە تەما بوو بیاننووسێ. بە دڵە راوکێیەوە پارەی نێو داخڵەکەی بژاردو لە گیرفانی شەرواڵەکەی قایم کرد. دەفتەرەکانی خستە سەر چۆرتەکەی. وە لە بیری چوو کە لە کێشۆی مێزەکەیان بخات و دەرگاکەی قفل بکا. بەڵام پاپاخەکەی فەرامۆش نەکرد. بە هاوین و بە زستان هەر لەسەری دەکرد. کاتی ئیشکردن لەسەر خۆی هەڵدەگرت و لەسەر مێزەکەی دادەنا و لەکاتی رۆیشتنیشدا هەڵی دەگرت. هەڵی گرت، لەسەری کرد و دوگمەی کەواکەی داخست. بە سووکە نیگایەك چاوێکی بە دوکانەکەدا گێراو بەبێ ئەوەی ئەرکێك لە شاگردەکانی راسپێرێ، وتی: (برۆنەوە.)

لەسەریان راوەستا بەڵکوو قاپ و قاچاغی چێشتخواردنەکەیان هەڵبگرن و برۆن. بۆ ساتێك هەستی بەوە کرد کە دەبێ شتێك هەڵبگرێ یان کارێك بەجێ بگەێنێ. بەڵام هەرچی کردو نەکرد هەرچەند چاوی گێرا، هیچی بیر نەهاتەوە. بای چراتۆرەکەی بەتاڵ کرد و لە دوکان چووە دەر. دەرگاکەی سەرو خوار قەپات کرد و بە وردی چاوی بە هەموو شوێنێکا گێرا.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چووە بەردەم کاروانسەرا. پارەیەکی پێنج تمەنی خستە نێو دەستی[مارتا]ی سواڵکەر کە لەسەر سووچی پێش کاروانسەرا، لەسەر سەکۆیەك دانیشتبوو. وتی: (مارتا دەڵێی وەك سەگ هەڵدەلەرزی؟)

پیرێژن وتی: (زۆر ساردە. خێرا دەستی خستەوە بن چارۆگەکەی. وتی: (لە خوا بەزیاد بێ.)

ئۆرهان گەڕایەوە. چاوی بە بارهەڵگرەکانی بن کاروانسەرا کەوت کە لە پووتە تەنەکەکاندا ئاگریان کردبۆوە. دووکەڵ هەموو شوێنێکی تەنیبووەوە. ئاماژەی لە فەردە پستە و گولەبەرۆژەکان کرد کە لەبن تاقەکەدا لەسەر یەك هەڵچندرابوون و بە [ئیسمایوول]ی وت: (نەفامی ئاگر پەرست، ئاخرەکەی ئەم کاروانسەرایە دەسوتێنن.) و چاوەڕێی وڵام نەمایەوە. تەلیسە پر لە گوڵەبەرۆژە برژاوەکانی مەزندە کرد، دەستێکی بە تەلیسەکاندا کێشا و بەبێ ئەوەی ڕووی قسەکانی لە ئیسمایوول بێ، وتی: (جارجارە ئاگایەکیشت لە دوکان بێ.) پاشان چووە لای فەردە پستەکان کە بەلای چەپدا لە بن تاقەکان هەڵچندرابوون و، ئەمرۆ یان سبەی دەبایە بۆدەست فرۆشەکان بەرێ بکرێن و حەتمەن بەر لە جێژن پارەکەی دەگەڕایەوە. دەستێکی بە زگی تەلیسە پڕ لە پستەکانیشدا هێناو دیسان چاوێکی لەبن کاروانسەرا کردەوە. بار هەڵگرەکان کە شەبکەکانیان تا نێو چاوان داکێشابوو، بە سەر لەقاندن سڵاویان لە ئۆرهان کرد. چاوەکانی هەڵماساو و خەواڵوو بوون. هێدی هێدی بە هۆڵی کاروانسەرادا تێپەری و بیستی: (میرزا ئۆرهان سڵاوت لێبێ.) نەیویست سەیری بکا. هەر ئەوەندەی وت: (عەلەیك.) هەرکەسێك بێ با ببێ.

نە دەیناسین و نە پێویستیش بوو کە بیانناسێ. وەك با بە بن گوێی پیاودا تێپەر دەبوون. باوکە دەیوت: (کاتێ با لە بن لێواری پاپاخەکەی دای، لێت بەر دەبێتەوە. وریابە.)

ئەو سەردەمانە رۆژگار لەگەڵمانا تەبا بوو. تا باوکە مابوو زێتر لەوەی هەست پێبکرێ، خەوی بەر هەیوانی ماڵێ خۆش بوو. شەوانەش ئاسمان هەر شین بوو. دەگوونجا ئەگەر خەونێکی رەنگی ببینی. تەقە تەقی قاپ و ئیسکان شۆردنی دایکەو ئایدا تا دوایین کاتەکانی شەو لە چێشتخانەڕا دەهاتە بەر گوێ و، ئایدینیش هەر ئەم شان و ئەو شانی دەکرد تا ئەو کاتەی هەمووان خەویان لێدەکەوت بەڵکوو لە ژوورەکەیدا بە ئاسوودەیی کتێبەکەی بکاتەوەو هەر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بخوێنێ و بخوێنێتەوە. هێندێ جار وام بە زەینـدا دەگێشت کـە خـەریکـی خـواردنی لاپـەڕەی کتێبەکانیەتی. وە سەرەنجام کتێب سەری خۆی خوارد. دەنگی بیرکردنەوەو چاو تروکاندنـەکانی لە ژووری خوار داڵانەکەڕا دەگێشتە بەرگوێ و، پشیلەکان لەسـەر دیـوارە بـەرزەکانی حـەوشـەڕا مرەمریان بوو.

باوکە پرسی: (چی دەخوێنیتەوە ئایدین؟)

حەتمەن دەوام دەکا کە وتی: (وانەکەم دەخوێنمەوە، بابە.)

(بخوێنە بابزانین چی بە چی دەکەی.)

گێشتبووە سەر شەقام. لاقەکانی پتەوتر کوتا، تاکو بـەفری سـەرکاڵـەکانی بتـەکێنـێ. پرتـەقاڵـە رزیـوەکـان کـە بـەسـەر ئـاوەکانـدا مۆلـەق ببـوون، رۆدەچـوون. ئـاو بـە خـوڕ تێدەپـەڕی و ئاسمان مەخمەرێکی بۆری یەك ڕەنـگ بـوو لـەهـەور. ئۆرهـان راوەستـاو سـەیرێکـی خـوار کاروانسەرای چەرەس فرۆشەکانی کرد. دوودڵ بوو. نەیدەزانی چی بکات. کارو باری دووکان، مشتەرییـەکانی دوا نیـوەڕۆ، ئـەم هـەمـووە گرفتارییانـە بـەلایـەك و، وون بـوونی دە رۆژانـەی "حـەپۆ"ش ئـازاری دەدا. لە بەیانییەوە خۆی دەخواردەوە کە بچێ یان نەچێ. تەنانەت لە دوێ شەویشڕا. چما دەیتوانی نەچێ؟ شەوانە کاتێ پێـی دەخستە نێـو ئـەو خـانووە سـاردو گـەورەیـە، دەنگـە دەنگـی دورە دەسـتی ساڵەکان دەبوون بە دیوارێك و کـپ دەبـوو. دەبـوون بـەدار سنـەوبـەرێك و لـە نـاوەندی حـەوشـەدا دەچـەقین. دەبـوون بـە دەروازەیـەك و بـە داخـراوەیـی دەمایـەوە. دەنگـە دەنگـی دوورە دەسـتەکـان دەبوون بە[یۆسـف] کـە هـەروەك پارچـە گۆشتێك بـەو چـاوە زەقانـەیـەوە رادەمـا. ئـەگـەر ئایـدین لـە ماڵێدا دەمایەوە، هەر ئەوەندە بەس بوو کە بڵێم: (حەپۆ لە کوێیی؟) پیاوێك لە باڵتەیەکی درێژدا، بـە مل پێچ و پاپاخـە کۆنەکـەی باوکـەوە، وەك بـەراز لـە ژوورەکـەی دەردەپـەڕی و بـەبـێ چوکـەترین دەنگێك بوونی خۆی رادەگەیاند. وتی: (لە زەنجیرم مەگرە، ئۆرهان.)

وتم: (نەڵێی ئۆرهان، بڵێ کاکە برا.) وە زڕەیەکم لە بنـا گـوێی سرەوانـد. پاپاخـەکـەی لـەسـەر بەربوەوە. پاپاخە کۆنەکەی باوکم دەدام تاکو سۆزو خۆشەویستییەکانم بپـارێزم. هێنـدێ جـار دەمەوێ لە بنا گوێی بسرەوێنم یـان بـە زەنجیرەوە لـە نـەردەی هـەیوانـەکـەمـانی ببـەستمەوە. بـەڵام رووە خەندانەکەی لە ژێر ئەو پاپاخە کۆنـەیەدا بەرم پێدەگرێ. چی لەگەڵدا بکـەم؟ دایکـە وتـی: (تۆ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سۆزو خۆشەویستیت لە دڵدا نییە.) وتم: (من خاوەن سۆزو خۆشەویستیم.) وە بەڕاستی هەمە. ئەگەر تۆش لە جێی من بای، دایە، لە چنگانی وەزاڵە دەهاتی. قەت رووت لە خانوویەك نەدەکرد کە ئاوی حەوزەکەی سەوز هەڵگەڕابێ، بەرگی سنەوبەرەکانی حەوشەکەی داپۆشیبێ، لەپشت پەنجەرە گەرد لێ نیشتووەکانی سەرما حاسیە بووبێ و کوانوی چێشتخانەکەی لە ژێر خەوش و خۆڵ و کەل و پەلە کۆنەکاندا بزر بووبێ. بێچووە پشیلەیەك کە لە نێو پرووسکی ئاوی ئەوبەری حەوشەدا لە سەهۆڵدا گرفتار بوە، دوو مانگە حاسیە بوە. ئیتر بڕستی تێدا نەماوە و تۆش لێرە نیت کە بە هانەیەوە بێیت و بڵێی وەرە یەکتان بچێ ئەو بەستەزمانە بخاتە خوارەوە. کەس تاقەتی نەماوە سۆبەکان داگیرسێنێ. خشتی سەر تاقەکان یەکە یەکە بەر دەبنەوە، وەك بڵێی خانووەکە نۆبەتی لێی دابێ. کەس نییە گەسکێکی پێدا بێنێ. میوان روومان تێناکا. گڵۆپەکانی سەر دەری ماڵێ شکاوون. ژوورەکان بەبێ راخەر و کەل و پەلی نێو ماڵ گەورە دەنوێنن و زایەڵەی دەنگی پێی مرۆڤ وەك چەکوش بەسەر مێشکدا دەکەوێ. دەنگی هەناسەکان مۆڵ دەخواتەوە. تەنانەت ئیتر لە خۆت رانابینی کە پشمینت بێ، هەر دەڵێی بە ناو مێشکی خۆتدا پێچ دەخواتەوە و رات دەگوشێ. تەنیا دەنگێك کە دەنگ دەداتەوە، قڕیوە قڕیوی قەلەرەشەکانن کە لەسەر دار سنەوبەرەکان قەڵەوترو پیرتر، ئەم شوێن و شوێن دەکەن و بە دەنگە زڕەکانیان دەڵێن: (بەفر. بەفر.)

لە دارە وشکەکانی نێو پیادەرۆکە راما: بەفر، لقەکانی چەماندۆتەوە و حەتمەن لەبن بارینێکی دیکەدا دەشکێن. مرۆڤەکانیش هەروەك دارەکان، باری گرانی بەفرێك هەردەم لەسەر شان و باهۆیان قورسایی دەکردو قورساییەکەی تا بەهارێکی دیکە هەست پێدەکرا. خراپیەکەی لەوە دابوو کە مرۆڤەکان تەنیا بۆ یەك جار دەمرن. وەهەر ئەم یەکجارەش چ کارەساتێکی دڵتەزێن بوو.

دەستی برد بۆ گیرفانی باڵتەکەی، سەرەگرێی گوریسەکەی لەبن گیرفانیدا هەست پێکرد کە لە بەیانییەوە هەڵیگرتبوو، وە ئاسوودەو بە سووکناییەوە چووە نێو مرۆڤەکان. لەسەر چوار ڕێیانی [قەنات] کاتژمێرە باغەڵیە زێوینەکەی دەرهێنا و بەبێ ئەوەی لە کات تێ بگا وەك نەریتێکی هەمیشەیی سەیرێکی کرد، دووبارە قەپاتی کردەوەو لەگیرفانی هاویشتەوە. دایکە دەیوت

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئایدین هێندەی نەماوە تێدا بچێ. دەبێ چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە. تەنانەت پرسیاری لە من کرد کە ئەو کچە ئەرمەنییە لە کوێ دەژی؟ رەنگە سەودای ئەو وای لێ بەسەر بێنێ و من وتم: (نەء، دایە، ماندوو بوون وای لێ کردووە. من دەی بەم بۆ [ڤیلادەرە]، پشوویەك نوێ دەکەینەوە، هەردووکمان چاك دەبینەوە.)

کە بە پێش سەعات فرۆشی [دروستکار]دا تێپەری وای بە زەیندا گێشت کە بۆ ساتێ راوەستێ و سەیری جامخانەی دوکانەکە بکا. لە ماوەی تەمەنیدا رەنگە بۆ هەزاران جار بە وێدا تێپەریبێ بەڵام ئێستا بە وردبینییەکی تایبەت سەیری کاتژمێرە خڕو گەورەکەی جەنابی دروستکار دەکا. کاتژمێرەکە لە دار بەڕوو دروست کرابوو و، سانیە ژمێرەکانی لە دار تووسکان تاشرابوون و سەحفە کۆلیار کراوەکەی و شووشە خڕەکەی لە هەمان کاتدا شووشەی جامخانەکەش بوو و هەمیشە دەدوازدە سەعاتی دیواری لە نێوان شووشەی کاتژمێرەکەو سەحفەکەی دادەندران. کاتژمێرێکی جوان بوو کە جەنابی دروستکار لەمێژساڵە دروستی کردووە، بەڵام زیاتر لە سی ساڵە کە لە ئیش کردن وەستاوە. واتە لەو کاتەڕا کە دڵی جەنابی دروستکار بۆ ساتێ لە لێدان کەوت، یان رەنگە لەو کاتێرا کە کاتژمێرەکە لە ئیشکردن راوەستا، دڵی ئەمیش ئیتر لە لێدان کەوت. هەر چۆنێ بێ کارەساتەکە لەو کاتەدا رووی دابوو و جیاوازییەکەی تەنیا لەوەدا بوو کە جەنابی دروستکار دیسان دڵی کەوتەوە کار بەڵام کاتژمێرەکە ئیتر لە جووڵان کەوت بە چەشنێك کە جەنابی دروستکار بەو هەمووە وەستایەتییەی خۆیەوە

نەیتوانی بیخاتەوە سەر کار. رێك لەسەر سەعاتی پێنج و نیودا سانیەژمێرەکانی راوەستا بوون. لە کاتژمێر پێنج و نیوی پاش نیوەرۆی ساڵی 1325 (1946) لە رۆژێکی گەرمی هیوایندا. پاش تێپەر بوونی ئەم هەمووە ساڵە، هێشتا خەووتووەو جەنابی دروستکار لەپشت دەزگاکەی سەرقاڵی چەرخ دەندەکانی سەعاتێکی دەستییە و حەتمەن بیر لەو رۆژە دەکاتەوە کە سەرئەنجام سەر هەڵدەدات و ئەم، کاتژمێرەکەی دەخاتەوە کار. پاشان بە لێدانی زەنگە خۆش ئاهەنگەکەی بە هەموو کەسێك دەسەلمێنێ کە مرۆڤ لە توانایدایە هەموو کارێك بە ئەنجام بگەیەنێ بە مەرجێك سروشت لەگەڵیا ناتەبا نەبێت. باوکە ئەم قسەی بە ئۆرهان وتبوو و ئۆرهان بۆ دیترانی دەگێرایەوە. ئەو جار کاتێك سەعاتەکەی کەوتەوە سەر ئیشکردن، جەنابی دروستکار

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەبێ ئەوەی ئاواتێکی دیکەی هەبی هەر لەسەر عەرزی دوکانەکەی رادەکشێ و دەردەم بۆ مەرگ خۆی بەدەستەوە دەدات. ئەم بابەتەشی لە مەودای ئەم سیساڵەدا بە خەڵکی شار راگەیاندبوو.

باوکە دەیوت: (ئەمەش لە خۆیدا چارە رەشیەکی گەورەیە.)

دایکە دەیوت: (ئیتر باسی ئەم شێتە مەکەن.)

ئێستا کە هێزو توانای لاویەتیم تیدا نەماوە زۆر شتم پێ تەحەمول ناکرێ تا دەرگای ماڵێ دەکەمەوە، ئەم مرۆڤە زیندوانە، گشتیان، بە دەنگە دەنگ و قەرەباڵغییەکانیانەوە لەبەرم هەڵدێن. لەبەر دەرگا بێدەنگییەکی سامهێنەر ئامێزم بۆ دەکاتەوە، بە پلیکانەکاندا هەڵمدەگێری و لەسەر قەرەوێڵە دارییەکەم کە لە رەسمە دەرچووە، لە نێو سەرچەفە چڵك تێدا مردووەکان، رامدەکێشێ. وە هێشا جەستەم گەرم دانەهاتووە، کە نیوە شەو بەسردادێ، بەو هەمووە خەیاڵ و هیلاکییەمەوە.

پاش نیوەرۆیان کە لە ماڵێرا دەگەرامەوە، سەردانێکی ژوورەکەی دایکیشم دەکرد. ئیتر دواهەناسەکانی تەمەنی هەڵدەکێشا. ئیسك و پێست. دەستت بە لوتیدا بگرتبا گیانی دەردەچوو. هۆدەکەی هەرئەو سێ دەرییەی ساڵان بوو لە نۆهۆمی خوارێ کە بۆ با و بۆنی سیری لێ هەڵدەستا. بۆنی هەناسەی دەردەدارێکی نەخۆشی سیل. تامەکەی بەردەوام لە پیاڵە و ژێرپیاڵەکاندا هەست پێدەکرا و وێرای چاخواردنەوە بەنێو قورگدا رۆدەچوو. لە پەنای نوێنەکانی دایکم دانیشتم. زۆرم هەوڵدا چاو لەچاوی نەکەم وتم: (سڵاو، دایە.) دەستیم خستە نێو دەستەکانمەوە، بێهەست نەوازیشتم کرد.

چاوە بەقوڵداچوەکانی دایکم هەروا لە میچی ژوورەکەی رامابوو، وەك هێلانەی پەرەسێلکەکان لە کۆتەڵی پیرەدارەکاندا. وتی: (ئایدین... ئایدینی من لە کوێیە؟)

من چاوم تروکاند، نازانم لە گوڵەکانی قالییەکەمان رامابووم یان لە شتێکی دیکە، بەس چاوم تروکاند. هاتبوومە سەر ئەو باوەرە کە ئیتر نەمێنم. وتم: (هەر لەم دەورو تەنیشتانەیە، دایە.)

بۆ ساتێك دایکم سەری وەگەراند. دەستی لە نێو دەستەکانم دەرهاویشت. قامکە سپی و لاوازەکانی بە لێواری قەرەوێڵەکەدا شۆڕ ببونەوە. وتی: ( هەر ئێستا بیهێنە بۆ ئێرە تێدەگەی؟ ئەگەر لە تواناتدا نییە ئاگاداری لێ بکەی هەر لێرەو لەبەر چاوی خۆم بە زنجیر ببەستەوە.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتم: ( لە کوێ بیبینمەوە؟)

دایکم دانیشت. هەروەخت ناوختێك ووزەیەکی نوێی لە خۆی دەردەخست کە بەلامەوە سەیر بوو. وەك ئەوەی ئەمبارێکی هەبێ و من نەمدەزانی لە کوێدا ئەمباری دەکا. گوڕاندی: ( تۆ بێ ویژدانی.)

فرمێسکەکانی بەسەر گۆنا ڕەنگ پەڕیوەکانیدا شۆڕ بوونەوەو وتی: (سەر کێت داوەتەوە؟)

وتی: ( ئایدینی من لە کوێیە؟) دەنگی دەتوت جیڕەی هەڵدڕانی کووتاڵە.

وتم: (دایە تۆ خۆت ئاڵۆز مەکە. هەر ئەمشەو دەیبینمەوە. بڵێن بێ.)

وتی: (تێدەگەی؟ ئێستا ئایدین لە کوێیە؟)

لەپشت قوتابخانەی [ئەنووشێرەوانی داد پەروەر] بوو. منداڵێکی دوازدە سێزدە ساڵە زەمبوورەکی(2) دەژەنی و ئەویش سەیری دەکرد. لیکاوی زاریشی شۆڕ ببوونەوە. وتم:

(دێوەزمە، لێرە چی دەکەی؟)

وتی: (هەر بۆ خۆشی هاتووم.)

وتم: ( گووت خوارد. دوایین جارت بێ. برۆ دەی.)

دایکم ئاڵۆز و نیگەران بوو. لەرزۆك و لاواز. بە توندی قۆڵی کەواکەمی راکێشا: (لە کوێیە؟ چما کەڕ بووی؟)

وتم:( حەتمەن بەملاولادا دەسورێتەوە، لەپشت قوتابخانە، چایەخانە، باخی ئەخەوان.)

ئێستا پاش گریانەکەی هێدی و لەسەرەخۆترە بەڵام دەنگی دەلەرزێ: (چما منداڵە؟ بیست و نۆساڵی تەمەنە.)

وتم: (چما من خراپەی براکەم دەوێ؟ خۆ نامەوێ! لەبەرچی تۆ هەموو شتێك بەسەر مندا دەهێنی؟)

راکێشایە نێو جێگاکەی، سەرچەفە سپیەکەی تاسەر سینگی هەڵکێشاو وەهای چەنگ لێ داگرتبوو کە دەتوت چرنووك لە من دەگرێ. وتی: (نازانم تۆ چت لێ بەسەردا هێناوە. هەرچییەك

---

**2 ئامێرێکە دەیخەنە سەر زار و وەك تار دەنگ دەداتەوە زۆرتر منداڵان کەڵکی لێوەردەگرن.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بێ فەرمانت پێدەدەم کە بەباشی پارێزگاری لێ بکەی. خۆ چاوەڕوانییەکی زۆرم لێت نیە، پارووە نانێك دەخواو سەر دەنێتەوە.)

وتم: (دایە، تووخوا شتی وا مەڵێ ئیتر قسەی وا نەکەی.) وە گریام.

وتی: (کەوا بوو پارچە زەوییەك بفرۆشەو بەشە میراتەکی خۆی تێدا خەرج (سەرف) بکە، بیبە بۆ شوێنێك.)

دەمەویست وەسیەتنامەکەی باوکە لە گیرفانم دەربێنم و بە دەنگی بەرز بۆی بخوێنمەوە، بەڵام چما شتی وام پێدەکرا؟ وتم: (دایە بەڵێن بێ دەیبەمە تاران، یان بۆ هەندەران. پارەشی تێدا خەرج دەکەم. مەودام پێبدە تاکوو هێندێ دەست وباڵم بکرێتەوە، بەڵێنت پێدەدەم.)

باوکە بە ڕاشکاوی لە وەسیەتنامەکەیدا ئاماژەی بەوە کردبوو کە هیچ کام لە میراتبرەکانی تا ئەو کاتەی لە ژیاندان مافی ئەوەی نییە کە بەشێك یان هەموو میرات و سامانەکە بە سەر یەکێ لە میراتگرەکاندا ببەشێتەوە. چما ئەم بەزیاد نەبووە چەندە بوو؟ شەش دانگی دوکانی چەرمس فرۆشی لەلایەك، دەستە خانوویەکی چوارسەدو هەشتا مەتری کە لە شەقامی شێخ سەفیالدینی ئەردەبیلی بوو، کۆڵانی لۆرد بە ژمارە پلاکی سێ و، باخێکیش لە باکووری "سەرداب" کە هەزارو دووسەد و چل مەتری چوارگۆشە بوو. باوکە تاپۆی باخی قەیسییەکەی بە ناوی دایکە کردبوو لە بەر ئەوەیکە خۆی لە حاست ئەودا بە قەرزدار دەزانی.

دایکە دەسرەکەی لەسەر چاوان دانا، گۆنا خووساوەکانی سڕییەوە و وتی: (نامەوێ بە غەریبی لە دەشت وکێوان جوانە مەرگ بێ، هەر ئەوەندە.)

(دایە، قسەی وامەکە.)

(لەپاش مەرگی من چ بەڵایەکی بەسەردا دێت؟)

هەنیسکی لێدەدا. هەستام، پەرداخێ ئاوم دا بە دەستی، یارمەتیم دا کە دانیشێ. قومێ ئاوی خواردەوەو پاڵی بە قەرەوێڵەکەوە دا. بێدەنگ بوونەکەی پیاوی هەراسان دەکرد، رادەماو چاوی دەتروکاند. پیاو تێدا دەمایەوە کە بڕوا یان بمێنێتەوە. بەڵام لەم ڕۆژانەی دواییدا، ئیتر وەك جاران بێ تاقەتی لە خۆی پیشان نەدەدا. ئێستا پاش تێپەر بوونی نێزیك بە ساڵێك، کارەساتەکەی فەرامۆش کردبوو. بەرە بەرە خووی پێدەگرت، بەس ئەوەندە بوو کە ئیتر نە توانای گۆڕاندنی بۆ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مابوەوەو نە تاقەتی روو لە روونان لەحاست پیاوی هەبوو کە بە سەرما بگۆڕێنی: (چت پێکرد، بێشەرمەف؟)

وتم: (چما دووژمنایەتیم لەگەڵیدا بووە، دایە؟)

دەیناڵاند، سینگی لێ دەکوتام و هەمیشەش فرمێسکی لەسەر گۆنا بوو، یان لەنێو گۆڕی چاوەکانیدا. دەیوت: (خوا کلۆڵت بکا.)

وتم: (دایە بۆ تووك و دوعام لێ دەکەی.)

(چۆن دوعات لێ ناکەم، کافر؟ چما عاقیبەت بەخێر دەبی؟ تۆ...)

وە بەرەبەرە ئەو خوڵق و خووە ماتەم هێنەری سارد دەبوەوە. رۆژێکیان کە لەگەڵ ئایدین لە کاروانسەرا دەگەڕاینەوە، دۆڵمەیەکی چەورو بەتامی بۆ لێنابووین. خواردمان و من لە سەفەرێك دەدوام کە چوبوومە [ئاستارا]و وتم زەرەد ناکا ئەگەر بۆ جارێکیش من و ئایدین پێکەوە بچین و لە نزیکەوە چاومان بە لێرەوارە چڕو پەڕەکانی ئەو مەڵبەندە بکەوێ. بنچکە توودڕکەکانی بە دەرو دیواری جادەکاندا هەڵدەگڕێن، دەریا بنی دیارە، کیژێکی نەوەد ساڵەی لێیە کە ئەگەر ئایدین رەوشتی باشتر بکا، شووی پێدەکا. وە پاشان ئایدین مەنگ و خەواڵو لەسەر پشت ڕاکشا. بە یارمەتی دایکمەوە ئەومان برد بۆ ژووری ژێرزەمینەکە. وتی: (ئایدین حەزدەکەی بگەرێیتەوە بۆ ژووری جارانت؟ بۆ لای ئۆرهان.)

وتی: (دیسان چ خەت و نیشانێکتان بۆ کێشاوم؟)

لەسەر قەرەوێڵەکەیدا خەواندمان. دایکە لە دالآنەکەدا وتی: (خۆزیا ئیتر هەڵنەدەستایەوە. ئیتر ناتوانم بەم جۆرەی ببینم، ئەو هەمووە دەمار و خوڵق و خووەی، ئەو هەمووە کەسایەتیەی، باشە ئەو هەمووە خوشەویستی و مێهرەبانییەی چی لێهات؟)دیسان گریان بەربینگی پێگرتەوەو بە یارمەتی نەردەی پلیکانەکان بەرەو سەرێ خۆی دەکێشا.

وتم: (دایە بۆ خۆتی پێوە هیلاك دەکەی؟ پێت وایە ئازار دەبینی؟ بەخوا ئاسوودەترین پیاوی سەرگۆی زەویە. نەغەم دەزانێ چییە و نە فکرو خەیاڵان دەکا و نە فڕی بەسەر میرات و قەرزو پسوولە بانگییەکانەوە هەیە. ئاسوودەیە.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دوو پلیکانە لە من بەرەو ژوورتر بوو، من پێکەنینەکەم بە تەواوی دەست پێ نەکردبوو کە لە ناکاو لێم وەرسووڕا و بە هەموو دەمای خۆیەوە وەهای لە بنا گوێم سرەواند کە بروسکەم بە چاواندا هات: (بێشەرەف، بە کێ پێدەکەنی؟)

وەك فەرمانەکانی باوکە، دەنگی رەق و قورس بوو. وام هاتە بەرچاو کە دیوارەکان درزیان تێ کەوتوەو ئەم دەرزانەش تابن میچەکان درێژ دەبنەوە. یەکم خاڵی دەست پێکردن لە سەردەمی منداڵییەوە دیاری کرابوو. پاش مردنی ئایدا ژیانی ئێمەش وەك رنوویەکی گەورەی بەفر بە سەراولێژی دەربەندی مەرگدا ڕۆچوو و، کەسیش نەیتوانی یان نەیویست بەری پێبگرێ. وەك بڵێی چارەنووس وابووە کە لە سەرەتای منداڵیمەوە ئەم برا بەدفڕو نەفامەم بگرمە کۆڵم و بە تەلانێکدا هەڵی بگێڕم. بەڵام هێندە خۆی بە بێنیاز پیشیان دەدا کە نەك هەر من، تەنانەت باوکیشم لە دەستی جاڕەز ببوو.

دەستی لە گەمانەکەم وەردەدا، گشتی لێ هەڵدەوەشاندمەوە، بە ڕاستە دیوارەندا هەڵدەگەڕا، گاڵتەی بە هەمووان دەکرد. من نەم دەتوانی لە باوکم بگەێنم، دایکم تێبگەێنم کە داخوا لەبەرچی بەری پێ ناگرن. ئەوجار ناچار دەبووم سەر لە دیوار بکوتم. هێندە سەربکوتم و بنەڕێنم هەتا کەسێك بە هاوارمەوە بێ. رۆژێك دووچەرخەکەی لێ فڕاندم و بە دەوری حەوزەکەدا خەریکی سووڕ لێدانەوە بوو و هێندە بە خێرای دەسووڕایەوە کە پیاو بە دیتنی سەری لە گێژەوە دەهات. وەك زەرگەتەیەك کە ئیمشی خواردبێتەوە. تاوانی من چی بوو کە باوکم دووچەرخەی بۆ ئەو نەدەکڕی. لە هەیوانەکەمانەوە گوڕاندم: (لە دووچەرخەکەم دابەزە.) بەڵام خێراتر دەسووڕایەوەو لە قاقای دەدا. من چوومە حەوشە. لە قووژبنێك دانیشتم و هەێندەم سەر بە عەرزیدا کوتا کە بوورامەوە.

باوکە لە هەیوانەکەدا شوتی دەخوارد. تا سەرم بە عەرزیدا نەکوتا خۆی تێنەگەیاندم، بەڵام پاش ئەوەی کە خوێن بە سەرو چامدا شۆر بوەوە، هاتە خوارەێ و ئایدینی گرت و داگژایە پشتە ئەستۆی و هێندەی لێدا کە تا بە سێ رۆژان لە توانایدا نەبوو سەر بلە قینێ. دایکم تووك و دوعای بۆ رەوانە دەکردین، بۆ من و بۆ باوکم. ئەو دایکە مێهرەبانەی کە گشت خۆشەویستی و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هۆگریەکانی خۆی -شەش دەنگ- لە پێناو ئایدیندا تەرخان کردبوو، تەنانەت بۆ یەك جاریش نەیوت: (ئۆرهانی من.)

کە رۆژ دەبوەوە دەیناردینە دەوروتەنیشتی کارگەی بەرهەمهێنانی پەنکەی [ لۆرد]، تا لەوێ بسووڕێینەوە و، ئێمەش دەچووینە خوار ئەو کۆڵانەی کە کارگەکە لەوێ لە گۆڕاییەکی زۆر پان و بەریندا بینا کرابوو و دەوری بە تێل دەڕوو تەنرا بوو. دەروازە دوو لێنگەکەی بە شنەی بایەك بەردەوام لە هاتووچۆدا بوو و ڕێگایەکی لێژو خاکی تا بەر بینای کارگەکە درێژ دەبوەوە.

وەك هەمیشە لەوێ راوەستاین، لە کۆڵانەکەڕا سەیرێکی خوارەوەمان کرد. کارگەکە هارە هاڕی لێ هەڵدەستا و بە خێرایەکی سەر سووڕهێنەر پەنکەی بەرهەم دێنا. ئێمە سەیری باڵە شکاوەکانی پانکەکانمان دەکرد کە لە قوژبنێکی کارگەکەدا لە سەریەك کەوتبوون.

وتم: (بڕۆین.)

وتی: (هەرکەس زووتر بگات.)

هەڵاتین. بە ڕێگا لێژەکەدا سەراو لێژ بووینەوە. جانتای نێو دەستمان قوورس بوو و بە هەر بارێکدا کەوتباین، لەنگەری بۆ رادەگرتین. دەنگی کارگەکە هێندە بەرز بوو کە پیاو کەیفی پێ دەهات یەك بە خۆی بقیژێنێ. هیچ کام لە ئێمە گوێی لە دەنگی ئەوەی دیکە نەدەبوو و من گەرم داهاتبووم و بە خێرایی هەڵدەهاتم. بەڵام بە ئایدین نەدەگەیشتمەوە. جانتاکەی ئایدین بە حەوادا شەپۆلی خواردەوەو بە سەر سینگمدا کەوت، وێرای ئەوەی کە لێم ڕوون بوو لاقەکانم لێك دەهاڵین کەچی خۆم ڕاتڵەکاندا و لەناکاو بە سەرەوە گلۆر بوومەوە و پاشان یەك تەختە بەسەر عەرزیدا پان بوومەوە. کاك [فەرمان ] لە ژوورە شووشەییەکەی هاتەدەر، لەسەر پێ ڕایگرتم، فرمێسك و خوێن سەرو چاومی داگرتبوو، لاقەکانم ئازاریان تێدا دەگەڕاو هەوایەکی خەوهێنەر لەشی قورس کردبووم. بە دژواری ئایدینم دەبینی کە خۆشحاڵ و پرشۆر، باڵە سوورە جوانەکانی هەڵدەگرتنەوە.

باوکە بە قاییشەکەی کەمری لێی دەدا. دایکە برینی سەرو چاومی دەپێچایەوە. باوکە وتی: (ئەم هەمووە هارییە تابەکەی؟ بۆ چی تۆ ئەو هەمووە فیتنەیەت لەبن سەردایە؟) و لێیدەدا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەو شەوە دایکم نەیتوانی بەر بە پژانی خوێنی کەپووم بگرێ. باوکە گوێی ئایدینی باداو وتی: (ئێسکی کەپووی ئۆرهانت شکاندووە. تێدەگەی؟)

ئایدین وتی: (من نەمشکاندوە. لە خۆڕا تۆمەت بارم مەکەن.)

باوکە بواری پێ نەدا و زلەیەکی لە بنا گوێی سرەواند. ئایدین وتی: (لەوەیکە کەپووی شکاوە منیش بۆی بە پەرۆشم، بەڵام من چ خەتایەکم کردووە؟)

بۆ رۆژی دواتر باوکە دکتۆری هێنا بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو. وە ئێستاش کە چل ساڵ بەسەر تەمەنمدا تێدەپەرێ لایەکی کەپووم دوو هێندەی لایەکی دیکەمە.

سەعاتە باغەڵیەکەی دەرهێنا. سەیرێکی کرد، قەپاتی کردەوە و لە گیرفانی خست. هێشتا دوودڵ بوو لەوەی کە بچی یان نەچێ. دەترسا کە شەوی لێ بەسەردا بێ. ئەوجار وەك نەریتێکی هەمیشەیی باڵتەکەی لەخۆی هالاند و بەبێ ئەوەی قۆپچەکانی ببەستێ وازی لێ هێنا. دەستی برد بۆ گیرفانی باڵتەکەی‌و لەوێدا سەرە گرێی گوریسەکەی هەست پێ کرد. گەرمای هەژانێك پرژایە نێو رووخساریەوە و دڵنیابوونێکی تایبەت، بە هێمنی بە نێو دەمارەکانیدا گەرا. نەء. دەبێ حەتمە کۆتایی پێ بێنێ. ئەوجار پێی دەڵێن پیاو کوژ. کێ پێی وتبوو (براکووژ)؟ دایە ئێستا لە کوێی تا تۆمەتی نارەوام بەسەردا هەڵ بڵێت و گوناهەکانم لێ بشۆێتەوە و، باری سەر شانم سووك بکەی. بەڵام سوێند بێ بەخوا کە بە قازانجییەتی. ئیتر ئەو لەمێژساڵە کە مردووە. لە چایخانەی "شۆرەکات" بێ یان لە کەناری تالآوەکە یان لە هەر شوێنێ بێ بۆنی مەرگی لێ هەڵدەستێ. هەروەك پەیکەرێکی وشك هەڵاتووە کە لە رابردووەکانیدا بەجێ ماوە. هێشتا مەشقی شەری دووهەمی نێو نەتەوەیی لە بیر نەچوەتەوە.

سەیرێکی جەماوەری کرد. هەرکەس وەدوای کاری خۆی دەکەوت. پیرێژنێکی کەنفت بەتەمای پەرینەوە بوو لە شەقامەکە، بەڵام حەپەسابوو. لاوێك بە خەڵووز چاوی بۆ پەیکەرێکی بەفری دادەنا، جەماعەتێك عەلاگەیان بەسەر خۆدا کێشابوو و، ئافرەتێك بە چارشێوێکی رەش بەوێدا تێدەپەری و هێندەی بەفر بەسەردا بارییوو کە دەتوت لوتکەی [دەماوەندە]. حەتمەن لە گوندەکانی دەورو پشتی شارەوە هاتووە. ئۆرهان بێ وچان دەرۆشت. هێزیك ئەوی بەرەو دەرەوەی شار، بەرەو چایخانەی شۆرەکات راکێش دەکرد و هێندە بە نەرمی و نغرۆیی هەنگاوی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەڵدێنایەوە کە وادەهاتە بەر چاو ئەوە پیاوێکی بێ ئیش و کارە کە بە نێو بەفرەکاندا پیاسە دەکا بەڵکو چەوری و پیوەکانی لەشی بتاوێتەوە.

نەمتوانی بەر بە خۆم بگرم و نەم ویست وەك نەریتێکی هەمیشەیی مەراق لە دڵمدا کۆ بکەمەوە.

بە سەریدا گوڕاندم: (مفتە خۆر، من دەوازدە ساڵی رەبەقە لەم کاولبووەدا تەمەنی خۆم خەسار کردووە، چما تۆ چی لێدەزانی؟)

وتی: (چما من ساویلکەم کە شاگردی بۆ تۆ بکەم؟)

وتم: (لە تۆ گەورەتریش دەبێ فەرمانم لێ بەرێ، بەچکە دارتاش.)

هەروەك جاران، وەك نەریتێکی هەمیشەیی قامکی هەرەشەی هەڵینا: (تۆ لەلایەك، من لە لایەك. بەداخەوە کە ناچارم. بەداخەوە کە ناتوانم واز لەم هەمووە نەگبەتی و چارەرەشییە بێنم و وەدوای دارتاشینەکەی خۆم بکەوم. ویژدانم لە...)

وتم: (باس لە شتێک مەکە کە نیتە.)

قەڵس بوو چاوەکانی نوقاندو لەسەر ئەسکەملەکە دانیشت. دەمزانی لە چ شوێنێکی بسرەوێنم تا لە کاری بخەم. وتم: (باوکە دەیزانی تۆ چ دەعبایەکی. لەخۆڕا نەبوو کە ناوی بێدەماری بەسەر تۆدا بڕیبوەوە.)

وتی: (ئەگەر پێت وایە بەم سوکایەتی کردنەت مەیدانم پێتەنگ دەکەی دەبێ دڵنیات کەمەوە کە خەیاڵت خاوە. لەبەر وەسیەتی باوکمە کە ناچارم لێرە بم. نە بەشە میراتەکەی خۆم دەفرۆشم و نەپارەیەکیشم هەیە کە لە تۆی بکڕمەوە.)

وتم: (قەبۆ قەبۆم بۆ دەکەی؟ خۆم ڕات دەهێنم.) هەستام. دەمەویست لێیدەم و جێیەکی بشکێنم، بەڵام ئیسماییول هاتە ژوور. دەرگای دوکانی پێوەدا و وتی: (دیسان ئاوقای یەکتر بوونەوە، تیەح!)

من لە پشت مێزەکە دانیشتم. ئیسماییول وتی: (میزا ئۆرهان، هەر چییەك بێ لە تۆ گەورەترە و پێویستە ڕێزی لێ بگری.)

ئیسماییول وتی: (بە لای ناخێرتانەوە ئێوە بران.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتم: (لەو برایەتییە ڕیام.)و پاشان دیتم کە ئایدین لە دوکان چووە دەر. زگم پێی دەسووتا بەڵام نەمدەتوانی لێی تێبگەێنم کە بێ پرسکردن نابێ رسق بکرێ. چل فەردە پستەی کڕی بوو کە ئەگەر پەلەی نەکردبایە من دەمتوانی لە کیلۆدا پێج تمەن، حەوت تمەن، تەنانەت دە تمەن هەرزانتری بکرم. کە گەرما دادەهات، لە ناوەراست مانگی هاویندا کڕین لە ئەستۆی من بوو و ئەو تێنەدەگێشت.

بۆ شەوەکەشی لەبەر چاوی دایکمدا بەزمێکی ترمان گێرا. دایکە دەیوت: (زۆر باشە، زۆرباشە، حسیبەکەتان یەکلا بکەن هەرچییەکتان هەیە نیوەی بکەن، دوودانە دەزگا، دوودانە قەپان، بیکەنە دوو دوکان. هەر کەس کاسبی خۆی بکا.)

من بێدەنگیم راگرت و تا بەیانی خەوم لێ نەکەوت و لە بیری ئەوەدا بووم کە بە چ فێڵێك یەك لای بکەمەوە. دایکم هەموو رێگاکانی بەسەردا داخستبووین. دەیوت: نیوانیو، دوو قەپان و دوودەزگا. بەم جۆرە کەس رووی لە من نەدەکرد؟ وێرای ئەوەیکە مشتەریەکان باش دەیان زانی کە من لەم ئیشەدا دوازدە ساڵە پێشینەم هەیە کەچی یەکراستە سۆراخی کاکمیان دەگرت. پێیان وابوو کە داخوا من شاگردم. لەوەش خراتر، ئەو ژنە نەگبەتانە بوون کە تا چاویان بە قەڵافەتی دەکەوت بەندی دڵیان سست دەبوو. بە چارشێو و عەباوە داهاتن بەڵام تا چاویان بەو دەکەوت پەچە و چارشێویان لەبیر دەکرد. خۆیان بۆ شل دەکردە وە: (زۆر حەیفە بۆ تۆ کە هێشتا زەماوەندت نەکردووە.) خۆ ئاگایان لە ماشقەکەی نەبوو.

وتم: (تۆ چیت داوە لە کچە ئەرمانیان؟)

وتی: (تۆ خۆت لە کاری من هەڵمەقوتێنە.)

ئێوارەیەکی دڵگیر بوو. رۆشتمە سەر قەبران، لەسەر گۆری باوکم دانیشتم و گریام. وتم: (بابە منت لە چی دروست کردووە و ئەوت لە چی؟ لەبەر چی ئافرەتەکان سەیری من ناکەن، لەبەرچی رووترشییەکەیان بۆ منە؟ بۆ دەبێ جوانترین کچی ئەم جیهانە شیدای براکەم بێ؟ خۆ لە یەك هەوێنین. وانییە؟) باوکە مەنگ و بێدەنگ تەنانەت ئیتر نەشیدەتوانی بکۆخێ. قەلەرەشەکان لەسەر لقی دارەکان هەڵنیشتبوون، گژە بایەك تۆزی لە چاوان دەکرد.

وتم: (چۆن مارەی دەکەی موسڵمان؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتی: (تۆ خۆتی تێهەڵمقوتێنە.) جانتای کچە ئەرمانیەکەی پڕ لە پستە کردوو بۆی قەپات کرد. وتی: (سورمە ئیتر دەبێ برۆی.) وە کاتێك من سەیری ئەو چاوە هەنگوینی و پڕ لە سەودایەم دەکرد لەسوێیدا دەتوامەوە و دەمردم. شەوانە خەو لە چاوم نەدەکەوت. لە دڵمدا دەموت: (کاکە برا، بەخوا تێتدا دەچوێنم.)

پاش ماوەیەك دایکم دەیوت: (ئایدینی من لە کوێیە؟) مەبەستی هەر لەو پیاوە بوو کە هەموو رۆژێ کۆت وشەرواڵێکی پەشمی و جوانی لەبەر کرد، بۆینباغی لێدەدا، روومەتی لووس لووس دەکردو سمێڵێکی قەیتانی دەهێشتەوە. دایکە بە تاسەوە سەیری دەکرد، بزەیەکی لەسەر لێوان شین دەبوو و دەیوت: (هەموو کەسێ ئاواتی بۆدەخوازێ.) و ئێستا دەیوت: (ئایدینی من لە کوێیە؟) چۆن نەتدەزانی ئایدینی تۆ لە کوێیە؟ یان لە چایخانەی شۆرەکات بوو یان لە پشت دیوارە رووخاوەکانی باخی[ئەخەوان]. هێندێ جاریش لە نێو کاروانسەرا، لە ئاپۆرەی بارهەڵگرەکان، لەدەوری پووتێکی تەنەکەدا گوڵە بەرۆژەی دەترووکاند و یان ئەوانی دیکە دەیان تروکاند و ئەویش هەواڵەکانی شەڕی دووهەمی نێو نەتەوەیی بۆ دەووتن.

دایە وتی: (لە هەر شوێنێ بێ بۆم بێنەوە.)

بەڵام ئەمجار دایە نەماوە. دایە لە گۆڕستانە کۆنەکەی شار، لە تەنیشت باوکم، لە بن باڵایەك گڵ وخۆڵدا خەوتووە.

شەقام سارد و سڕو پیس بوو. تەم و دووکەڵ بە سەر کەشی شاردا شەپۆلیان دەخواردەوە. ئۆرهان بۆ ساتێ وەرسوڕا، لەپشت سەری خۆی ڕوانی، وەك بڵێی گشت ئەو دوکەڵانە لە کاروانسەرای چەرس فرۆشەکان هەڵدەستێ، دوکەڵ تەنوورەی دەسەند و بە زارکی دلآنەکەیدا دەردەچوو. ئۆرهان بۆ ساتێك بە بیریدا هات کە بگەڕێتەوە و پێیان بڵێ یان بی کووژێننەوە، یان بە شێوەیەك کۆتایی پێ بێنن. زستانە، دەی باشە، لێرە هەموو دەمێ هەر زستانە. سۆبەیەك بکرن، دوکەڵ کێشی بۆ دابنێن. ئەو پارەکەی دەدات. بەڵام پەشیمان بوەوە، ملی ڕێگای گرتە بەرو بە پیادەڕەوەکەدا بەبێ وچان لە شار دوورکەوتەوە. ئیتر شانی وەشانی کەس نەدەکەوت، عارەبانەکانیش بەر لاقیان نەدەگرت و جار جارەش کە تۆپە بەفرێك بەدەست منداڵێکەوە دەفری،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئێستا بە پەنایدا نەدەخۆشی. هەموو دەمێ سەری دادەخست و بەڵام جەستەی قورس و زەلام بوو و بیهەوێ نەیهەوێ، تۆپە بەفر بە پشتە ملیدا هەر دەکەوتن.

بەفرێکی زۆر باری بوو و دیسان بەتەمای بارین بوو. ئۆرهان خۆی گەیاندە نێو شەقامەکە تاکو فایتۆنێك یان ماشینێك هەڵی بگرێ. بەڵام کرێوە ئارامی لە شار هەڵگرتبوو. نە ماشینێك، نە فایتۆنێك و تەنانە کەرەسیەکیش بەرچاو نەدەکەوت کە بتوانێ ئەو بەرەو شوێنێك راگوێزێ. تەنیا جیپێکی پۆلیس دیار بوو کە تەگەرەکانی زەنجیری تێخرابوو و بە هێورى بە نێو بەفرەکاندا تێدەپەری و دوو هێلی پێچاو پێچی لەسەر بەفرەکان بە جێدەهێشت. ئێستا چی بکات؟ تا چاخانەی شۆرەکات بە سواری ماشین نیو سەعات دەخایێ، بەڵام بە پیادە، ئەویش بەم بەفرە قورسە، تا بگاتە چاخانەی شۆرەکات شەوی لێ بە سەردا دێ؟ باشتر. لە تاریکیدا خۆیشی کەمتر هەست بە ئازار و ئاڵۆز بوون دەکا. کەسیش گومانی لێ نابات. بەڵام دەشێ بگەرێتەوە؟ ئەی ئەگەر دەمایەوە؟ نەء. لە کاتی خۆیدا دەگێشت. گریمان شەوی لێ بەسەر دێ، یان گورگەکان پەلاماریان دەدا یان نەدەدا. بە جەحەندەم. تا بە ئاخر شەقامی شێخ سەفی بڕی بوو. بەرەو لای چەپ سوڕایەوە و دیسان رۆشت. بەردەوام گوێی لە دەنگە وشك و ژەنگاویەکی دایکی بوو بە هانکە هانکی هەناسە سوارییەکەیەوە. ئەگەر ئەم هەتیوە شێتەی نەدیتبایەوە چ دەبوو؟ نە. حەتمەن دەیبینێتەوە، هەر لە چاخانەکەیە، (دایە دەیبینمەوە، بەڵێنت پێدەدەم.) ئەمجارە بەڵێنی بەخۆی دابوو. بۆ دوایین جار.

هەتا لە شار دورتر دەکەوتەوە، ژاوە ژاوەیەکی زۆرتر لە سەریدا پێچی دەخواردەوە. بەبی ئەوەی کەسێك دیار بێ کە بە نێو بەفرەکاندا غار غارێن بکا و یان پیرە پیاوێك لە سەر عەرزی پان بووبێتەوە. تەنانەت بارهەڵگرەکانیش ئیتر لە پووتە تەنەکەکاندا ئاگریان نەدەکردەوە. بەرامبەری، بیابانێکی پان و سپی بوو کە هیچ زیندەوارێکیش غیرەتی نەدەکرد بەوێدا تێپەرێ. قەراغەکانی ئاسمانی شین و سامالیش بۆر و خۆلە مێشی بوو و قەلەرەشەیەك لەسەر لقی دوایین وشکە داری شاردا دەیوت: (بەفر.بەفر.)

یەخەی باڵتەکەی دابووە سەرێ، وەکوو پیرە کیسەڵێك پێی دەخستە نێو بیابانی پڕ لە بەفر. هەر بەو نەرمە شەقاوانەی کە هەمیشە هەڵی دەهێنایەوە، هێدی هێدی بەرەو پێش دەچوو.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جووڵەکانی وەك هەمیشە لەسەرەخۆ بوون و بە باشیش شارەزای ڕێگاکەی بوو. چوونکە دەیانجار هەربەم ڕێگایەدا هاتبوو و لە چاخانەی شۆرەکاتدا ئەوی بینیبووەوە. وتم: ( دێوەزمە لێرە چی دەکەی؟)

ئایدین وتی: (گەورەم، منیش دڵم هەیە، ئیشتیای چای دەکەم.)

(بێدەنگ بە! لە کاروانسەرا چایەکەت بخۆوە.)

ئایدین ڕۆژنامەکەی قەد کرد و لە باغەڵی خست. وتی: (پیاو چایەك دەخواتەوە کە بایەخی ئەوەی هەبێ مێزی بۆبکا.)

(بەزیاد نەبی. هیلاکت کردم.) ئاسمان ساماڵ بوو، پەزەکان لەسەر تەپۆلکەکەی بەرەو ڕوومان دەلەوەران و لە دوورەوە دەنگی شار دەهاتە بەرگوێ. بە دەست ئاماژەم پێکرد کە بچێ سوار ماشێنەکەم بێ. وتی: (نەء.) وتم: (چۆن چۆنی نەء؟)

وتی: (وەرە کاکەبرا بە پێی پیادە بڕۆین. لە ماشێندا سەرم سووڕ دەخواتەوە. دڵم لە ژێرڕا دێ.)

وتم: (بەجەهەندەم.) و زڕشیەکم لەبن گوێی سرەواند. جگە لەمە چارەیەکی دیکەم نەبوو. دەبوو هەرچۆنێ بێ حسێبێکم لێببات. چما دەکرێ لەو حالانەدا گوێی پێنەدەم؟ [مەشەدی عەباس] ی چاچی وتی کە هەرچییەك بێ بەشەرە و هەرچۆنێ بێ لە تۆش گەورەترە. وە من یەکێکی دیکەم لەبن گوێی سرەواند. بە گرمۆڵەیی خۆی خزاندە ناو ماشێنەکەم. بە دەستە لەرزۆکەکانی و کەفی سەر لێوانی، لەبەر کاروانسەرادا دامبەزاند، چاوەکانی سپی هەڵگەرابوون. لە داڵانەکەدا لەسەر عەرزی کەوانـدم. بارهەڵگرێك، پێم وایە ئیسمایوول بوو کە بە سووژن بە دەوری جەستەیدا هێڵێکی لەسەر عەرز کێشایەوە. وتم: (ئەوە بۆ وادەکەی کوڕە؟)

وتی: (با ناسازییەکەی عەرز گیربێ و لەگەڵی هەڵنەستێتەوە.)

وتم: (دەی. وەکوو وشکە بیرۆیەکەی من.) وشکە بیرۆیەکەی خۆم هاتەوە یاد. وشکە بیرۆیەك کە بە قەرای پێنج قرانییەك گەورە بوو. دەوران دەوریم بە قەڵەمێکی شین خەت کێشا. سێ ڕۆژی بە سەردا چوو، بۆخۆی وشك بوو و هەڵوەری و، ئیتر هەڵی نەدایەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

یەکێکی دیکە لە بارهەڵگرەکان سەرو چاوی ئایدینی بە ئاو دەشۆردەوە، ئەوەی دیکەش لەسەر ماسوولکەکانی لاقی دانیشتبوو و پاشان ئاوی ساردیان بەسەردا ڕشت، دانیشت، وەك ئەوەی لەخەو راچەنی بێ. لە گیرفانی شەرواڵەکەی رۆژنامەیەکی دەرهێناو خوێندییەوە: (بۆ رۆژی دواتر هەواڵ راگەیاندرا کە ئەی شازادە لە غەمی دووری تۆ رەنگ بەروخساری "ماە بانوو"وە نەماوە. بەم زوانە مەلی گیانی لە حەساری ژیانی دەفرێ. وەرە و ئاوڕێك بدە لە جەرگ سووتاوان. وتی پرس بە "نارنج" بکەن با بزانین چی بکەین؟ پرسیان پێکرد. نارنج درزی تێکەوت و کرایەوە. ئەو لاق زێوینە سیمین پۆشە کەشتییەکی خستە نێو دەریای دڵی شازادەو دڵی برد. ماە بانوو وتی رزگارم بوو. ئەسپی ئەوین لە لەوەڕگەیەکی سەرسەوزدا لێغاو بکا، ئەم مەلەکەیە. و بەراستی کە شایانی منە ئەم ژیانە و نۆرەی پاشایەتییەکەی من دەوری هاتەوە... )

دەمبینی کە بارهەڵگرەکان بە نیگاکانیانەوە گاڵتەم پێدەکەن، دەتوت ئەم قۆریاتانە لە زاری من دەردەپەڕن. وتی: (گوڵەبەرۆژە، گوڵەبەرۆژە، هەتاکەی گوڵەبەرۆژەو؟ کاکە، لەبەرچی شەو و رۆژ 24 سەعاتە؟) هێشتا لە قەراغ زاریەوە کەف هەڵدەستا و جلەکانی بە گشتی خووسابوون. رۆژنامەیەکی دیکەی لەبن پووزووی شەرواڵەکەی دەرهێنا و بەرەو قوژبنێکی کاروانسەرا رۆشت. رێ رۆشتنەکەی بە چەشنێك بوو کە دەتوت پشتی منی لەعەرز داوە و من نەمدەزانی لەبەرچی شەو ورۆژ بەرامبەرە لەگەڵ 24 سەعات. ئەو بیری لە هەموو شتێك دەکردەوەو گیرفانەکانی شەرواڵەکەی پڕ لە کاغزو رۆژنامە بوون. سەراوبن رۆژنامەی رادەگرت و موو بە موو هەواڵکانی شەڕی دەخوێندەوە: (بەپێی ئەو سەرژمێریانەی کە لەبەر دەستدایە، بە هەزاران کوژراو و بریندار، ئاڵمانیای تووشی شکست کردووە. چاودێرانی شەر لەسەر ئەوباوەڕەن کە لە ئاڵماندا تەنیا یەك کەس زیندووە. بەس هیتلێر. بەڵام ئەم زانیاریە راست نییە، ماشووقەکەشی زیندووە.)

رۆژنامەکەی نەدەخوێندەوە بەس چاوی بە خەتەکاندا دەگێرا. ئەویش زۆر بە سووربوونەوە. کەسێك ناشارەزابێ وای دەزانی کە داخوا رۆژنامەکە دەخوێنێتەوە، بەڵام ئەزبەر هەمووی ئەم قسانەی دەگێرایەوە. ئیتر نە ئازارێکی هەست پێدەکرد، نە رەنجاندن وتەنانەت زەحمەتیشی بە سەرمەوە نەبوو.

مەنگ وئارام، خزابووە نێو قاپوڕی قوورسی گێتی. بە کاسە دۆکلێوێك شەوی بە ڕۆژ دەگەیاند.

دەیانوت: ( حەپۆ، دۆکلێوەکەت سارد دەبێتەوە. وەرە بیخۆ، پاشان ڕۆژنامە بخوێنە.)

(ڕاوەستن هەرئێستا، ئەوەی تا بە ئێستا دەمخوێندەوە، تەنیا هەر ماشێتەکەی بوو، ئەگەر هەموو بابەتەکانی وەخوێنم چی دەبێ؟)

ئۆرهان تاسەر چۆکان لە بەفرا ڕۆدەچێ. داوێنی باڵتەکەی بەسەر بەفردا دەخشێ. چ تەنیاییەکی سەیرە! باوکە پێی وابوو تەنیایی هەر لەو کاتانەدا هەست پێدەکرێ کە پیاو لە دوکانەکەیدا تەنیا دەبێ. نەیدەزانی کە لە نێو قەرەباڵغیشدا دەشێ هەست بە تەنیایی بکەی و لەو حاڵەشدایە کە تەنیایی مانای هەیە.

وتم: (من گەلێك ساڵە زەحمەت دەکێشم، بابە بەشی هەمووومان لە کاسەیەك مەکە. من بە کۆڵی خۆم ئەم فەردە پستانەم بە پلیکانەکاندا بردۆتە خوار.)

وتی: (کوڕم، خۆ من خراپەی ئێوەم ناوێ.)

کە ئایدین دیپلۆمەکەی وەرگرت، دایکە وتی: (ئۆرهان وەرە شیرینیەکەی بخۆ.)

وتم: (ماڵت نەشێوێ. شەو تا بەیانی دەستمان لەشیرینی و سوێریدایە. چما لووتکەی دەماوەندی بۆ رووخاندووم.)

دایکە وتی: (ئەی تۆ بۆ نەتتوانی؟)

دەی نەمتوانیبوو، وەڵامێکیشم پێ نەبوو. بەڵام باوکم وتی: (ئۆرهان تاکوو پۆلی هەشتی خوێندووە، دەزانێ بخوێنێ و بنووسێ، ئیتر لەوە زیاتری بۆچییە.)و من زۆر بەباشی خوێندن و نووسینم دەزانی.

ئەو ساڵە، ساڵی قەلەرەشەکان بوو، قەلەرەشەکانی خوا رژابوونە نێو شار. دایکە لە ڕۆژدا سێ چوار قاڵبی سابوونی دەدۆزییەوە. دەیوت: (حەرامە: ئاخر کەس نازانێ هی ماڵی چ چارە رەشێکە.)

باوکە دەیوت: (فریشتەی ئاسمانی بەم ژنە دەڵێن. هەر بشۆ. دەی بشۆ.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەرچەفەکان لەبەر خاوێنی لەسەر گوریسەکان سپی دەچوونەوە. بەملاو لادا ڕەنگێکی ساردی ئاسمانی بەسەر سەرچەفەکاندا دەکەوتن. ئەگەر خۆر وشکی نەدەکردنەوە و هەر بارانیان بەسەردا دەباری، ڕەنگە لەبن ئاوی باراندا ڕەنگەکانیان کاڵ دەبوونەوە. بەڵام سەرچەفەکانی ئێمە هەمیشە هەر سپی‌و خاوێن نەبوون. چەند ڕەگێکی ئاسمانی بە نێویاندا بڵاو دەبوەوە. ئایدین لەتەنیشت پەنجەرە دەخەوت. گوڵە شەمدانییەکانی لەسەر لێواری پەنجەرەکە دانابوو. بەرماوی ئاوی نێو پەرداخەکەی، وەك نەریتێك، لە گوڵەکان دەکرد. وتم: (بۆ دەبێ من لە کن پەنجەرەکە نەخەوم؟)

دایکە وتی: (تۆ لەوێشرا دەتوانی چاوت بە ئاسمان بکەوێ.)

دەمبینی. قەلەرەشەکان لە باڵیان دەداو لەسەر لقی سنەوبەرو دار چنارەکان ئەم شوێن وئەو شوێنیان دەکرد، دووکەڵی سۆبەکەمان بەسەریاندا بڵاو دەبووەوە. ئەوجار دەیانوت: (بەفر.بەفر.)

کە بەتەواوی لە شار دوورکەوتەوە، پتر هەستی بە دڵە خورپە دەکرد. بۆ ساتێ بە خۆی وت: (بگەرێمەوە. بەڵام نەء.) بەفرێکی نوێ بەسەر بەفرە کۆنەکاندا کەوتبوو. ئۆرهان سەیرێکی پشت سەری خۆی کرد. شار لەبن دووکەڵ و تەمدا بزر ببوو. وەکو ڕۆژنامەیەکی کۆن دەچوو کە پڕ لە دەنگ و قسەیە و لە هەمان کاتیشدا بێدەنگە و، پڕ لە زیندوو و مردووە، بەڵام دەنگی لێهەڵناستێ. ڕۆژنامەیەك کە قەت ئۆرهان بواری بۆ نەرەخسا بیخوێنێتەوە، بە سەریدا تێپەڕی بوو و ئێستا دڵی بۆی لێدەدا. بەم خوێندەوارییە کەم وکورتەی، خانوویەك کە دەڵێی مردووشۆرخانەیە، سەرپەنایەك بۆ خەوتن، برایەکی شێت و، ئەو ئازیزانەی کە لە سینەی خاکا نووستوون. و ئیتر ئەو بێ ژن، بێ منداڵ، بێ ئەوینە، خوا بەزیادی نەکا. لەتاو سەرما قامکەکانی لە گیرفانەکانیدا هاواریان لێ بەرز دەبوەوە و بنی پێی ئیتر هەستیان بە سۆزی سەرما نەدەکرد. پاپاخەکەی لەسەر کردەوە، دەستێکی بە سەر، چەرمی سەرە بێتووکەکەیدا هێنا. تەوژمی سەرما بە گەرمای سەریدا گەڕا. بۆ ساتێ ڕاوەستا. بەجوانی سەیری هەموو شوێنێکی کرد. ئێستا جگە لە سپیایی تاپۆی تەپۆلکەکان هیچی دیکەی لێ دیار نەبوو و بەم جۆرە پتر هەستی بە تەنیایی دەکرد. ئەو جار بەباشی هەستی بە هەموو ساتە غەریبییەکانی ئایدین دەکرد. لەلای سەیر بوو، جێی بەتاڵی ئایدین هەر لەم ڕۆژەدا هەست پێدەکرا. ئایدینی شێت. پیاوێکی بێ ئازار کە ئێستا ئەمی هیلاك و ماندوو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کردووە. نەیدەزانی کە ئەگەر بیبینێتەوە چی لەگەڵدا بکا. بەڵام پڕ بە دڵ حەزی دەکرد بیبینێتەوە. رەنگە بوونەکەی لە کاروانسەرادا دڵ گەرمیەك بووبێ. شەوانە کە لە ژووری هۆدەی سەرێدا دەخەوتم دڵنیابووم لەوەی کەسێکیش لە نێو ژێرخانەکەدا خەوتووە. پیاوێکی خوێندەواری لە خشتەبڕاو.

وتی: (بە کەسێك دەڵێن شێتە کە پارەکەی بدرێنێ.) و بیری چووبۆوە کە لەو سەردەمانەدا ئەمیش لە قاڵبی خۆیدا پیاوێك بووە. پۆز و فیزی بووە. پیاوێك کە هەزار چاوی لەدوا بووە. لەگەڵ کچی کابرای قاوە فرۆشی ئەرمەنی تێکەڵ بووە. من نەمدەزانی دۆستایەتیەکەیان تا چ سنوورێك بووە بەڵام دەمبینی کە ئێواران لەپێش قاوە فرۆشیەکەی [سۆرین] چاو چاوێنی دەکرد. وتم: (زۆرت خۆش دەوێ؟)

وتی: (کێ؟)

وتم: (بیکە بە موسڵمان و لە خۆتی مارە بکە. حەڵاڵی بکە. دەڵێن ئەرمەنیەکان زۆر گەرمن.)

پاشان زانیم کە دەردی ئەوین ژیانی لێ ئاڵۆز کردووە. کە ئێواران دەهاتەوە، خۆی بە کتێب خوێندنەوە سەرقاڵ دەکرد و شەوانیش تا لای نیوە شەو، یان خەریکی نووسین بوو یان خوێندنەوە. باوکم ئاگاداری هەموو شتێك بوو. وتم: (باوکە ئەی ئەگەر زەماوەندی لەگەڵدا کرد چی؟)

وتی: (دەبا وەك ئایدا خۆی روو رەشی هەردوو دنیا بکا. دوو جمکەشن. دیارە.)

من دەمزانی کچە ئەرمەنیەکان زۆر گەرم وبەکەیفن و دەمزانی رۆژێك لە رۆژان سکی لە ئایدین پڕ دەبێ، بەڵام ددانم بە جەرگمدا داگرت و هیچم نەوت. عەتری بەخۆیدا دەکرد، بەرگی جوانی دەپۆشی، پرچەکانی دەرازاندەوە، بۆینباغەکەی لێدەدا و دەرۆشت. باوکم دەیوت: (لێغاوی شارستانیەت.) و ئێستا ئایدین هەموو شتێکی لە یاد چۆتەوە. ددانەکانی بەینا و بەین هەڵوەریون و، بە دەستە جلێکی کۆن، لە خوار کاروانسەرا جێی خۆش کردووە. بوونەکەی چەرمەسەریەك بوو و نەبوونەکەشی هەزار دانە چەرمەسەری. خەڵك هەزار جۆرە قسەی دەکرد.

نەء. حەزی نەدەکرد دەرەنجامێکی وای لێ بکەوێتەوە.ئەگەر لەنەکاو هەواڵی مردنەکەیان بۆ دەهێنا، بەشێوەیەکی ئابروومەندانە کفن ودفنی دەکرد، پرسەو سەرەخۆشی و سێ رۆژانە و چەلەی بۆ رادەگرت. هەموو ساڵێ، ساڵیادی بۆ دەگرت. لە هەموو دۆست و ناسیاوانی شاری

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەگەیڕایەوە و نانی مردووانی پێدەدان. لەبەر دەرگای مزگەوت رادەوەستا، دەسڕەیەکی لەسەر چاوان رادەگرت و هۆن هۆن فرمێسکی بۆ هەڵدەڕشت. هێندەی فرمێسك بۆ دەرشت تا لە خەڵکی شار تێبگەینێ کە ئایدینی خۆش ویستووە.

چی بکا؟ هەنگاوی هەڵێنا. تاسەر چۆکان لە بەفر رۆدەچوو. وەك ئێسترێك وەستا. ئیتر ئێستا لاو نییە، نەیدەتوانی زیت وچەمووش بێ. چل ساڵ بەسەر تەمەنیدا تێپەڕیوە و وەك پیاوێکی پەنجا ساڵە دەهاتە بەرچاو. دەستە خانوویەك، دووکانێکی چەرمس فرۆشی لە کاروانسەرای چەرمس فرۆشان، باغێکی قەیسی و هەر ئەمەندە. باوکە دەیوت: (کاتێ پیاو دەوڵەمەند دەبێ، جا لە هەر تەمەنێکدا بێ هەست بە پیر بوون دەکا.)

من وتم: (باوکە، هەست بە پیاوەتی دەکا.)

و ئێستا بەفرێك بەسەر عەرزیدا کەوتووە کە نەك هەر ئەم، بەڵکوو شاریشی حاسیە کردبوو. کۆڵانەکان پڕ لە قوڕو بەفر بوون. ئاوی نێو قاناوەکان سەر رێژیان کردووە و، کاروانسەرای چەرمس فرۆشەکان چۆڵ و ماتەماوی؛ شار لەبن بەفردا مردبوو. بارهەڵگرەکانی کاروانسەرا لە پوتی تەنەکەدا ئاگریان دەکردەوەو لە دەوری دادەنیشتن و گوڵەبەرۆژەیان دەترووکاند. دووکەڵی داری تەڕ و وشك لە داڵانەکەیدا مۆڵی دەخواردەوە. وە حەپۆ لە رۆژنامەی نێو دەستیدا بابەتێکی بۆ دەخوێندنەوە. کلێتەی لەسەر دەکرد، گوێی کڵاوەکەی دادەدایەوە. بەو باڵابەرزە و چاوە رەش وجوانانەی و روخسارە تاتاریەکەی، لە نێوان بارهەڵگرەکاندا خۆی بادەدا و بە دەوری خۆیدا لوولی دەخواردەوە. خێزانم وتی: (ئایدین لە کوێیە؟)

هەتا باوکم زیندوو بوو، ئایدین کۆت وشەرواڵێکی قاوەیی لەبەر دەکرد، سمێڵەکانی خشت دەکرد، دوو دانە کتێبی بە دەستەوە دەگرت. دەیوت: (باوکە ،من چاوم نەبریوەتە دار و نەدارەکەت. من دەرۆم.)

باوکە وتی: (ئەگەر بە پێی خۆی نەهاتەوە و لەبەرم نەپارایەوە.)

هەردووکیان سەرسەخت وکەڵە رەق بوون. باوکم بە ئانقەست ئەوی دەخستە ژێر زەختی ئەخلاقیەوە. وتی: (ئایدین، لەبەرچی نوێژەکەت وەبەر قەزا کەوت؟)

(تا درەنگانێك بە خەبەر بووم.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(لە بەرچی میرزا گیان؟)

(بە وانەکانمدا دەچوومەوە.)

باوکە گۆراندی: (نوێژەکانت دەکەیتە فیدای کارە هیچەکانت؟) دەنگی هەروەك شەلاق وشك و سڕ بوو، وتی: (شەوی جمعەیە. دەست نوێژ هەڵگرن، سوورەیەکی قورئانیش بخوێنن.)

من خێرا چوومە لای دەست شۆرییەکە، دەست نوێژم هەڵگرت، لە سەری لە ژوورەکەی باوکمدا نوێژێکی تەواوم بەجێگەیاند. باوکە وتی: (ئەم خوێرییە چووە کوێ؟)

دایکە وتی: (لە ژوورەکەی خۆیەتی.)

باوکە قەلس بوو. نەیدەتوانی دابنیشێ. بە ژوورەکەیدا دەهات ودەچوو. وتی: (مەسەلەن چی دەکات؟)

دایکە وتی: (حەتمەن نوێژ بەجێ دەگەێنێ.)

(لە کەمەری بدا. بۆ لێرە بەجێی ناگەێنێ.)

(ئایدین حەزی لە مەرابایی کردن و خۆنواندن نییە.)

من وتم: (سەیرە! پێم وابوو کە حەزی لە نوێژکردن نییە.)

دایە وتی: (ئەتۆ سەننەنە؟)(3)

بەچەشنێك وتی: (سەننەنە) کە من تا بە ئەودەم کەسم پێ شك نەدەهات کە ئاوا بەباشی تورکی بەیان بکات. باوکە پێکەنی و بۆ نوێژ راوەستا. دایە بە منی وت: (هەرچییەك بێ لە تۆ گەورەترە. شەرم بتگرێ.) ئاگری لە جەرگ بەرببوو، لاوازو کەم سیکەڵدانە بوو. دەیزانی باوکم لەسەر نوێژیش ئاگای لەهەموو جووڵە و قسەیەك هەیە. وتی: (کاتێ باوکەکەتان هەرچی بەزاراندا هات نایگەڕێنێتەوە، ئیتر چ چاوەڕوانییەك لەتۆدەکرێ.)

پاشان من چوومە ژورەکەمان. ئایدین لەسەر پشت لەسەر قەرەوێڵەکەی راکشابوو و کتێبی [باباگۆریۆ ]ی دەخوێندەوە. باوکم قەت سەری بە ژوورەکەماندا نەکردبوو، بەڵام ئەو شەوە هات، چەند جار تەقەی لە دەرگاکەدا و پاشان هاتە ژوور. وتی: (چی دەخوێنیتەوە؟)

---

**[3] وشەیەکی تورکییە بە مانای بەتۆ چی کە بە مەبەستی سەرکۆنە کردن دەربڕین.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئایدین راپەڕی. کتێبەکەی لە دەستی دابوو. رەق راوەستا. من بە ئاشکرایی لەرزینی دەستەکانیم دەدی. باوکە وتی: (چی دەخوێنیتەوە؟) چاوەکانی خورد کردنەوە و هەر لەو شوێنەی کە لێی راوەستابوو چاوێکی بە ژورەکەدا گێڕا.

ئایدین وتی: (بابا گۆریۆ.)

باوکە بە هێمنی وتی: (ئەم بابا گۆریۆیە چی یە؟)

ئایدین قامکێکی هێشتا لە نێو بەندی کتێبەکەیدا بوو و قامکەکانی دیکەی دەلەرزین. وتی: (سەربردەی پیرە پیاوێکە.)

باوکە وتی: (کێیە؟)

ئایدین وتی: (بابا گۆریۆ.)

من پێکەنیم. باوکە وتی: (وست.) و بە ئایدینی وت: (ئەم فلانە کەسە چ کارەیە؟)

(چی؟)

(وێرمێشێل.)

(چی؟)

(رشتە دروست دەکا.)

باوکە وتی: (ئەی تۆ چ کارەی؟) و ئایدین بێدەنگی راگرت. باوکە هێشتا بەچاوە وردەکانیەوە خەریکی پشکنینی ژوورەکە بوو. ئەندامێکی وردی هەبوو و بەو چاویلکە وردەوە و گنجەکانی نێو تەوێڵی، سامێکی تێدا دەردەکەوت کە پیاو لە حاندیدا وشك هەڵدەهات. ئایدین دەیوت: (زۆر بەسامە.)

دەیوت: (پیاو لە حاندیدا رەق هەڵدەگەڕێ. نازانم لەبەرچی لێی دەترسێم. ئۆرهان تۆ لێی ناترسی؟)

وتم: (نا. باوك، باوکە. جێی ترس نییە.)

لەکاتێکا ئەم قسانەی دەوت کە پێکەوە لە دەرەوەی شار لەو شوێنەی ژنەکان جلیان دەشۆرد، خەریکی پیاسە بووین.

وتی: (تا بە ئێستا پێکەنینت بە روویەوە دیوە؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتم: (لە دوکان رۆژ تا ئێواریێ جەفەنگ دەکا و پێدەکەنێ.)

وتی: (خۆشم دەویێ و لێشی دەترسێم.) سەیری پەرەسێلکەکانی دەکرد کە بەسەر سەرماندا باڵیان لێدەدا. لەچیرا زانیبای کەهەر ئەم باڵدارە جوان وبچووکانە چلۆن ماڵی پیاو وێران دەکەن. کە ئافرەتەکان لە شیو کردن تەواو بوون و رۆشتنەوە، ئێمەش بەرەو شار گەراینەوە. ئەوان شیوەکانیان لە سەر تۆقی سەریان دانابوو و ئێمەش بەتاڵ و بێغەم سەیری ئەوانمان دەکرد.

باوکە سەیری کتێبەکانی دیکەی کرد کە بەریز لەسەر تاقەکە داندرابوون و لەنەکاو وەرسوورا: (تولە سەگ، دەیسان ئەم قۆریاتانە دەخوێنیتەوە؟) کتێبەکەی لە دەست رفاند و دراندی. پاشان پەرپەری کردن و هێندەی هەڵوەراند تا عەرزی ژوورەکەمانی پڕ لە کاغەز کرد. پەرپەری دەکرد و بڵاوی دەکردنەوە. هاواریشی دەکرد. وتی: (نابێ لەم شتە قۆریاتانە بێنیتە ماڵمەوە.)و لەکاتی چوونەدەردا سەیری سمێڵەکانی ئایدینی کرد کە ئێستا بە تەواوی سەرلێوی داپۆشیوە. وتی: (بەم سمێڵەتەوە بەتەمای وێران کردنی کوێی؟)

و من بە روونی فرینی بن مژۆڵەکانی ئایدینم دەبینی. وەك خوویەکی منالی، هەر بەو جۆرەی کە سەیری ئەوانم دەکرد بە قامك تەقەم لە دەرگای ژوورەکەمان دەدا. باوکم ئاماژەی لە دەستەکانم کرد کە لە پشتمەوە رەنگێکی جوانی گرتبوو و گۆراندی: (وامەکە.)

هەربەو شەوە ژووری ئایدینی جیا کردەوە. وتی: (هەرئێستا، قسەشی لێمەکە.)

دایە وتی: (لەبەرچی؟)

باوکە وتی: (چوونکە دەبێ ددانی کرمۆڵ فرێ بدرێ تا ددانە خاوێنەکان زایە نەکات.)

دایە بە بێوازی گەسکی لە ژێرخانەکە دەدا. دەیوت: (شەو مشوومی باشی نییە.)

باوکە وتی: (گەسکی بدە، قسەی لێمەکە.)

دایکە راخەرێکی پان کردەوە و قەرەوێڵەکەی ئایدینمان لەوێ دانا. هەر بەو شەوە. لەحەوشەرا بە حەوت پلیکانە دادەگەراینە ژوورەکەی. تاریك و تنووك بوو. بۆنی قۆرە و سرکەی لێ هەڵدەستا.

زۆر جاران باوکم دەیوت: (کاتێ پیاو کەرەسەی پێویستی کەوتە بەردەست دەبێ زوو کەڵکی لێ وەربگرێ.) هەربۆئەم مەبەستە، بەو شەوە قەرەوێڵەکەی خۆم لە تەنیشت پەنجەرەکە دانا و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چوومە نێو بەحری ئاسمان. دەتوت: (ژمارەی ئەستێرەکان لە شەوانی دیکە پتر ببوون و دووکەڵی سۆبەکەمان درێژو درێژتر دەبوەوە و بە ئاسماندا لوولی دەخواردەوە. وە حەتمەن قەلەرەشەکانی خوا بۆ سبەینێ لەسەر لقی دارەکان هەڵدەنیشتن و دەیانوت: (بەفر.بەفر.)

ئەو شەوە خەونم بە باغێکەوە دەدی کە دارەکانی زێرین بوون. کۆڵانەکەمان بەری پانتر ببوەوە. کارگەی بەرهەم هێنانی پەنکە سەری لە قووڵکەکەی دەرهێنا بوو و هاوڕێکی عەرز ببوو. وە من خەریکی وانە خوێندن بووم. پاشان دەمدی کە مردووم. بۆ سبەینێ، کاتێ خەونەکەم بۆ دایکم دەگێڕایەوە، دایکە وتی: (کوڕم، تەمەن درێژ دەبی.)

بیابان بەفرێکی دووچینی بەسەردا کەوتبوو. هەرکە پێی دادەگرت ڕۆدەچوو، بەڵام لەژێرەوە بەفرە کۆنەکان وەکوو بەرد بەستەڵەك ببوو. وای هەست دەکرد کە بە پێی پەتی بەسەر بەفردا دەڕوا، ئێش وئازار بە جەرگی گێشتبوو. هەربۆیە هەنگاوی سووکی هەڵدێنا. ئەگەر چی هەموو شاری لە شوێن ئایدین گەڕابوو، باغی "میللی" و گۆرستانی کۆنیشی پشکنی بوو، بەڵام هەست بە ماندوو بوون ناکا. تەنیا هەر سەرمابردوویی لاقەکانی ئازاری دەدەن. هەر لەو شوێنەوە هاواری لێ کرد: (حەپۆ.) هاوارەکەی دەنگی نەدایەوە. لە نێو دڵی بەفردا بزر بوو. و دیسان درێژەی بە ڕێگاکەی دایەوە.

ڕۆژێك باوکە چەند دانە کتێبی ئایدینی هێنابووە دوکان. لە بەیانییەوە هەر جارناجارێ دەچوە زگیان، لاپەرەکانی هەڵدەدانەوە بەڵام هەرچەندی لێ دەخوێندەوە سەرەدەری لێ دەر نەدەکردن. کتێبەکانی بەم مەبەستە ڕاگرتبوو کە ئەگەر ئەو ڕۆژە ئەیازی پاسەوان هاتە دوکان پیشانی بدا و ئەیاز وتی: (جابر، تووکت هەڵپرووزکاندم، هاتم.)

باوکە وتی: (کارێکی گرینگم پێت بوو.) کتێبەکانی خستە بەردەستی. وتی: (چاوێکیان پێدا بخوشێنە.) ئەیازی پاسەوان کتێبەکانی لێ وەرگرت، سەیری ناوی کتێبەکانی کرد و بە دەست، یەکەیەکە هەرسێکی هەڵسەنگاند. وتی: (لە کوێت بوو؟) چاوێکی قووچاند و هەر بەو جوورە چاوەڕێ مایەوە.

باوکە وتی: (لێم مەپرسە.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەیاز وتی: (راوەستە با بزانم چی تێدا نووسراوە.) و بە زەحمەت ناوی کتێبەکانی بە دەنگی بەرز خوێندەوە : (ئۆدیسە.) سەیرێکی باوکمی کرد و وتی: (لە کوێت هێناوە؟) و پاشان ئەوەی دیکەی خوێندەوە: (باغی ئۆپی...کوێر.) و سێهەمینی نەخوێندەوە. وتی: (هی کێیە؟)

باوکە وتی: (ئایدین.)

(ئایدینی تۆ؟)

باوکە نیگەران بوو. وتی: (ئەرێ ئایدینی کوڕم.)

ئەیاز وتی: (حەی حەی حەی.)

باوکم وتی: (دەمەویست پیاوێکی نموونە بێ، بەڵام وادەرنەچوو.) دەستەکانی لەیەك هەڵسوو. پرسیاری کرد: (باخی ئۆپی کوێر لە کوێیە؟)

ئەیاز وتی: (نەیامەتییەکانمان هەرلێرەدایە.)

باوکم وتی: (لە کوێیە؟)

ئەیاز وتی: (رۆژگار شێواوە.) بۆساتێ بێدەنگی راگرت و پاشان سەری لە گوێی باوکم نێزیك کرد و وتی: (بیستووتە کە کۆمۆنیستەکان باخێکی سەرسەوزیان دروست کردووە و کوڕی خەڵکی پێ فریو دەدەن؟) کتێبەکانی خستە نێو پاکەتێك و بە بێئەوەی پستە بخوات بە ڕووگرژیەکی سەرسوڕهێنەر رۆشت. وتی: دەچێ لە نێویان ببات. وتی: دەبێ زۆر بە وردی ئاگامان لە ئایدین بێ. باوکم وتی :(خوا تۆ لە ئێمە نەستێنێ.)

ئەیاز لەبەر دەرگا گەرایەوە، سەرێکی لەقاند و وتی: (ئەگەر سەریشم تێدا بچێ لە رێگای دۆستایەتدا بووە، قارداش.)

باوکم وتی: (ئەگەر ئەیازمان نەبوایە چارە رەش دەبووین.)

بۆ ساتێ لەپشت مێزەکەی دانیشت، سەری داگرت و پاشان وتی: (ئۆرهان هەستە بابڕۆین.)

وتم: (بۆ کوێ؟)

وتی: (سەرێك لەماڵەوە دەدەین.) کاری بۆ شاگردەکان دیاری کرد و لێی راسپاردن کە دەبێ وریابن. پاپاخەکەی لەسەر کرد و ئێمە وەرێ کەوتین. بە رۆژ لەم کاتانەدا قەت باوکم نەدەچووە ماڵێ. سەعات دە ی بەیانی بوو، ئێمە بە پەلە دەرۆیشتین. نەمدەزانی بەتەمای چییە. کە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گەیشتینەوە ماڵێ باوکم لە ئایدای پرسی: (کوا ئایدین؟) ئایدا رەنگی هەڵبزڕکا. بە پتەپت وتی نازانێ. باوکە ئایدای دەنگدا و بەرەو ژێرخانەکە داگەڕا. لەسەر پلیکانەکان راوەستا. وتی: (ئۆرهان.) من خێرا چوومە لای. وتی: (هەر کتێب و دەفتەر و کاغەزێکت بەرچاو کەوت بیهێنەدەر.)

من چوومە نێو ژووری ئایدین. کتێبەکانی سەر تاقەکە، دەفتەرەکانی، نووسراوەکانی و کتێبەکانی ژێر قەرەوێڵەکەی، هەرهەموویانم هێنایەدەر.) باوەشم پێداکردن ولە تەنیشت حەوزەکە لەو شوێنەی کە باوکم راوەستابوو و بە دەست ئاماژەی پێدەکرد، هەڵمرشتن. ئایدا بەبێ ئەوەی کارێکی لەدەست بێ لەپشت پەنجەرەی چێشتخانە دەگریا. و باوکم هێندە گرژو توڕە بوو کە دایکم نەیدەوێرا خۆی دەربخات. حەتمەن لە شوێنێکەوە سەیری دەکردین و ئاگای لە کارەکانمان بوو.

باوکم وتی: (هەرئەوەندە بوون.)

وتم: (بەڵێ.)

باوکم چۆڕێ نەوتی پێدا رشت و منیش شقارتەم پێوەنا. پەڕەکانی، چ بڵێسەیەکیان لێ هەڵدەستا و گڕەکەی چۆن لوولی دەخواردەوە. رێك وەك گیاندانی پیاوێکی سەگ گیان دەچوو. خۆی لەبەر یەك دەکێشایەوە، قاوەیی دەبوون و پاشان رەش هەڵدەگەڕان. باوکم چاوی لە ئاگرەکە بریبوو. هێندێکی لێ راماو وتی: (بابا گۆریقۆ. ئۆرهان ئەوە بابا گۆریقۆ نییە؟)

دەمبینی کە تازە ئاگری دەگرت. وتم: ( خۆیەتی. )

وتی: ( چما پێشتر ئەم کتێبەم نەدڕاندبوو؟)

وتم: ( دیسان کڕیویەتەوە.)

وتی: ( منیش هەمیسان لە نێوی دەبەمەوە.)

پاش ئەوەی کلپەی ئاگرەکە نیشتەوە، خۆڵەمێشەکانیان شۆردو ئێمەش چوینە دوکان. بەڵام لە سەر خشتی عەرزی حەوشەکەمان پەڵەیەکی رەش مابووەوە. وەك بڵێی بە پشتەپێمەرە دەعبایەکی رەشیان لەوێ فلیقاندبێتەوە. ئایدا لە پشت پەنجەرە راوەستابوو. و من نەمدەزانی ساڵانێکی دواتر چ دەقەومێ. باوکم وتی: ( هەرچی دەبێ با ببێ.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شەو، بە دیتنی پەڵە رەشەکەی قەراغ حەوزەکە ، ئایدین بۆ ساتێ لەوێ راوەستا، پاشان بە ترس و لەرزەوە لە ژووری ژێرخانەکە نزیك بووەوە و ئەو شەوە بە پێچەوانەی شەوەکانی دیکە نەهات بۆ شێو خواردن. لەسەرەوەڕا سەیرم دەکرد. چووە ژورەکەیو دەردەم کارەبای کوژاندەوە و پێم وایە خەوت. لەسەر سفرە کەس دڵی بەرایی نەدەهات کە ئایدین بۆ شێو خواردن بێتە سەر.

لە دوورەوە چاوی کەوت بە تاڵاوە سەوز رەنگەکە و دڵی وەلێدان کەوت. نەیدەزانی کە ئەگەر ئەم جارە چاوی بە ئایدین بکەوێتەوە چ حاڵێکی دەبێ. هرووژانی ئەم دیدارەو سەرمابردوویی لاقەکانی، وێکڕا ئەویان بێ تاقەت دەکرد. چەند شەقاوێك بەرەو پێشتر چاوی کەوت بە تاڵاوە خامۆش و بێدەنگەکە کە لەبن بەفردا بەرەو مەرگ تێ رۆ دەچوو. کورسیە بەردینەکەی بینی کە لەبن بەفردا خەوتبوو. بەبێ ئایدین. دەیوت: (چەندەم حەز لێیە کە ئەم باڵدارە کۆچەرییانە باڵ بگرن و لەم کەنارە بنیشنەوە.)

وتم: ( کامە کەنار؟)

وتی: (ئەو مەلە دەریاییانە دەبینی؟) لەسەر کورسییە بەردینیەکە دانیشتبوو و لە ئاسمان رامابوو.

وتی: (ئەو دانەی کە خەتێکی رەشی لە دەوری ملیەتی مەلی ئاشتییە.) بە بزەیەکەوە کە هەموو روخساری داگرتبوو، بە چاوەکانی وێڵی دوای هێڵێك بوو لە ئاسماندا. تاقەتم نەبوو، لە لایەکیشەوە دوکانەکەم بەبێ ساحەب بە جێ هێشتبوو. وتم: (زۆر باشە، هەستە بڕۆین.)

وتی: (بە هەست و عەشقەوە نەرمەباڵ لێدەدات. دەیبینی ئۆرهان؟)

هیلاکی دەکردم و، ئەگەر بەرم پێ نەدەگرت تا بە شەوێ خەون و خەیاڵی بۆ دەڕستم. وتم : ( حەیوان بەستە. )

نێوچاوانی گرژ کرد، سەیرێکی کردم، وتی: ( بابە، من بەشەرم.)

وتم: (وایە. بەشەری. راست دەڵێی. ئێستا هەستە.)

لەنەکاو سەری وەرسووڕاند، سەیری تاڵاوەکەی کرد و وتی: (دەمەوێ بڵێم حەزدەکەی مەلە بکەین؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتم: (سەیری خۆر بکە هێندەی نەماوە بۆ ڕۆژئاوا بوون. تا شەومان بەسەردا نەکەوتووە دەبێ بڕۆین.)

هەر لەوکاتەدا ئەو ساڵانەم هاتنەوە یاد کە باوکم زیندوو بوو و ئێمەش بێ خەم و بێ خەیاڵ بە ئێواران مەلەمان دەکرد. ئایدین دەیوت: (سەیرکە ئۆرهان، نە دەعبایەکی لێیە، نە زیندەوەرێك، ئەم ئاوە هەموو شتێك لادەدا. سەیری ئەو بەرە بکە، هەر بەو شەپۆلانە هەموو گەڵاو پووش و پلاّشەکان لەسەر ئاو لادەچن.) خۆی لە ئاوەکەدا دەگلاندەوە و قسەی دەکرد. پرچە خاو و رەشەکانی ڕژابوونە نێو چاوانی، بە هەر بینەیەك پتر لە سەد مەتر دەرۆشت و دەگەڕایەوە. ئاو شۆرو تاڵ بوو و ئێمە زوو زوو تفمان دەکرد.

وتم: (خەریکە سەرمام دەبێ، سەیری خۆر بکە.) و دەمەویست بەرەو ماڵ بگەڕێینەوە. بەڵام ئایدین تێر نەدەبوو و، دیسان بەرەو قووڵایی تاڵاوەکە بینی لێدەدا.

سەری دەسووڕاند. چاوی بە بینای چاخانە کەوت کە بە قووڕ و کا سواغ درابوو و بەسەر تاڵاوەکەدا دەیڕوانی. دڵنیابوو کە دەبێ ئایدین لەوێ بێ. لەسەر تەختێك دانیشتووە، ڕۆژنامە و کاغەزەکانی. ددانە رەش و کرمۆڵەکانی. دەم و پلە خاوەکەی کە ئێستا بە دەگمەن وشەیەکی پێدەردەبردڕێ. هەر وەك سەگ لەبەرم دەترسێ و وەك بەرخێکی دەستەمۆ، فەرمانم لێدەبا.

لەپشت پەنجەرە تەمگرتووەکانی چاخانە راوەستام. پاییز بوو. کزەیەکی سارد هەڵی کردبوو. سەیرم کرد، دیم ئایدین لەسەر کورسییەك پاڵی داوەتەوەو ڕۆژنامە دەخوێنێ. بەسەر سەختی و سوور بوونەوە دەیخوێندەوەو قامکی بە حەوادا هەڵدەسووڕاند. پیاڵەیەکی بەتاڵیش لە پێشیدا داندرابوو. کە دەرگای چاخانەکەم کردەوە، ڕاچەنی. وتم: (لێرە چی دەکەی، کوڕە؟ )

وتی: (بابە، هاتووم هەواڵی نێو ڕۆژنامەکانیان بۆ وەخوێنم.) بە ڕوونی لەرزینی دەستەکانی و پێستی ڕۆخساریم دەبینی. پێکەنیم و وتم: (من ئۆرهانم.)

وتی: (بابە، هەوڵمەدە تەفرەم بدەی.)

وتم: (دەتەوێ لێرە چی بکەی، بۆ هاتووی؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتی: (زۆر دڵتەنگ بووم. بیری ئایدام کردبۆوە. نازانم سۆهرابەکەی چی لێبەسەر هاتووە. دڵم تەنگ بوو، بابە.) پاشان لەنەکاو چاوەکانی تەنگ کردەوە و پرسیاری کرد: (تۆ باوەڕدەکەی ئایدا ئاگری لە خۆی بەردابێ؟)

وتم: (تۆ نابێ لەبەر چاوی خەڵك هەموو قسیەك بکەی. نەدەبوایە بێیتە ئێرە.)

مەشەدی عەباسی چایچی وتی: (میرزا ئۆرهان، کاتێك دڵی بە ئێرە دەکرێتەوە، دەی بابێ چت پێداوە؟)

وتم: (چەرمە سەرییەکەی بۆ منە. خۆ بۆخۆی ناگەڕێتەوە. هەموو جارێ کە دێتە ئێرە دەبێ لەدوای بێم.)

ئایدین وتی: (ئێستا دەچینە کوێ؟)

وتم: (دایکم بەردەوام پرسیارم لێدەکا و دەڵێ ئایدینی من لە کوێیە. هەستە بڕۆ. خۆ بۆخۆت باش دەزانی پشووی لێ براوە، لەبەر چی ئازاری دەدەی؟ بۆ ئازارم دەدەی؟)

وتی: (ئەرێ. تێدەگەم. هەستە بڕۆین.) و وەڕێکەوتین. ئایدین لەو سەردەمەدا سی ساڵی تەمەن بوو پرچەکانی بنا گوێی سپی ببوون. دایکم دەیووت: (سەیر نییە؟ لەم تەمەنەدا جێی سەرسووڕمان نییە؟)

لە دەرەوە کزەیەکی سارد دەهات و تا ئێمە دەگێشتینەوە بۆ نێو شار، هێندەی قسە بۆ دەکردم کە من سەرم لێ سووڕ دەما کە ئەم هەمووە شتە کەی فێر بووە. زەینێکی روون و سەیری هەبوو و ئەفسانەی جوان جوانی دەزانی. بەڵام پاش ماوەیەکی دیکە دیوت: (کاکە برا، دەڵێن لەم بەفرەدا کەوی زۆر لێیە. تەلیسێکت دەهێنا سەد دانەم بۆ دەگرتی.)

وتم: (خۆ ئێستا بەفر لەگۆڕێدا نییە. زۆری ماوە بۆ زستان.)

وتی: (با، زستانە. تۆ نابینی. پڕ لە کەوە. لەسەر ئەو کێوەن.)

وتم: (دەی با لێی بێ. دەتەوێ چییان لێبکەی؟)

وتی: (نازانم.) بۆ سەیر کردنی کێوەکان راوەستا، کە لە زەردەپەڕدا بەرەبەرە رەنگی وەنەوشەییان بەخۆوە دەگرت. ئیتر هێندەی نەمابوو تاقەتم بەسەرچێ و زۆر سەیر هەستم بە برسێتی دەکرد. وتم: (زۆربڵەیی مەکە. برۆ، دەنا لێت دەدەم.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

و ئیتر تەنانەت وشەیەکیشی بەزاردا نەهات. ڕێك وەك منداڵێك بە دوامدا دەهات. و چاخانەکەش لەپشت سەرمانەوە بە حەپەساوی مایەوە.)

هەوا گورگ و مێش بوو. بەو هیوایەی کە ئێستا دەچێ و لە چاخانەدا خۆی گەرم دەکاتەوە، کەیفی هەستا. بەرەو چاخانەکە وەرێ کەوت، دەستەکانی لەیەکتر هەڵدەسوو، ویستی لاقەکانی لەعەرز بکوتێ و فوو لە بەرەدەستی بکا بەڵام ئەم کارانەی هەرهەموویان بێهوودە بوون. دەبایە خۆی بگەێنێتە ئەوێ و لە گەرما دڵشینەکەی دەوری سەماوەرەکە، بە خواردنەوەی دوو دانە چایی گەرم کەیفی بگەڕێتەوە و سەرما و هیلاکی لە بیر بچێتەوە. هەنگاوی هەڵدێناو شەقاو بە شەقاو ڕۆ دەچوو. لەپشت دەرگای چاخانەکە ڕاوەستا. بە هێمنی وتی: (سەیرە!) شووشەکان شکا بوون و بەفر تا ناوەندی چاخانەکە ڕۆشتبووە پێش. نە سەماوەرێك ،نە کورسییەك، تەنانەت ئاسەواری ژیان بەرچاو نەدەکەوت. هیچی لێ نەبوو. وەك مردووشۆرخانەیەك دەچوو کە سیسارکەکان لەبەر بۆنی کەلاکی تۆپیو کە لە دەرو دیوارەکانی هەڵدەستا هێلانەیان تێدا دەکرد. بە خەڵووز دیوارەکانیان خەت لێدابوو، لە شوێنێکا لەسەر سەکۆی خوار چاخانەکە دووکەڵی ئاگرێکی گەورە تابن میچی ژوورەکە هەڵکشا بوو، لەبەری ڕاستەوە گوێسپانەکەی بەسەردا ڕووخابوو. سەکۆی بن سەماوەرەکە ئێسکی دەعبایەکی لەسەر بوو کە وادیار بوو درندەکان لە جێی بەرزدا خواردوویانە.ڕەنگە گورگێك لە زستاندا ئەو کەلاکەی لەبەر چاوی منداڵەکانی دزیوەتەوە و لەو سەرە بە ئاسوودەیی ئێسکەکانی لێستوەتەوە، کە دەتوت هەسانیان بەسەردا کێشاوە.

ئۆرهان سەیری دەورو تەنیشتی خۆی کرد. نەء، سیسارکەکانیش دیار نەبوون. سەری وەرگەڕاند. ئەی هاتنەکەی لەبەرچی بوو؟ ئێستا بەتەمای چی بوو؟ لەنەکاو دەنگێك هاتە بەرگوێی. گوێی زیت کرد؛ شتێك دەجووڵایەوە. لێی ورد بوەوە. دەنگی وڵاغێك بوو. بە هێمنی و سام گرتووانە بەدەوری چاخانەکەدا سووڕێکی لێدا. ئێستا بە ئاشکرایی دەنگی ئەسپی دەهاتە بەرگوێ. دەرگای تەویلە بە دەنگێکی تیژ کرایەوە و پیرە پیاوێکی کەنفت، بە کڵاوێکەوە لە نێو چوارچێوەی دەرگای تەویلە دەرکەوت. هەروەك هێڵکاری نێو کۆنە تابلۆیەکی نیگارکێشان. ئۆرهان بێ ئیختیار پاپاخەکەی لەسەر خۆی هەڵگرت و لە دەستیدا گووشی. هەستی کرد شتێك وەك ڕۆح بە لاقیدا هەڵگەڕا، لەشی داگرت و لە سەریەوە دەرچوو. بەر بە ڕێگای قوڕگی گیرا،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەژنۆکانی سست بوون، چاوەکانی بە مۆڵەقی مانەوە. وە راوەستا، تاکوو پیرەمێرد جووڵەیەکی کرد. ئەوجار هەستی کرد دڵی بە خێرایی لێدەدات. وتی: (تۆ کێی؟)

پیرەمێرد وتی: (ئەم بەفرە هەموو کەس حاسیە دەکا.)

ئۆرهان شەقاوێکی بۆ پێشەوە هەڵێنا: (لە رۆژێکی وادا دەبێ پیاو زۆر سەگ گیان بێ.) و سەر تا بە پێی پیرەپیاوەکەی مەزندە کرد. باڵتەکەی کوورت بوو. وە زەنگاڵێکی مەرەزی تاسەر چۆکان بەستبوو.

پیرەمێرد وتی: (جارێ وائێمە حاسیە بووین.)و خۆی لادا.

ئۆرهان رۆشتە نێو تەویلەکە. هەر لە نێو دەرگاکەدا لاقی کووتا. بەفر لە داوێن و کاڵەکانیەوە هەڵوەری. وتی: (ئاگرت نەکردۆتەوە؟) چاوی بە هەموو لایەکدا گێرا. تاریك بوو و بۆنی وڵاغی لێدەهات. وتی: (ئاگرت نەکردۆتەوە؟)

پیرەمێرد وڕو مات سەیری دەکرد. وتی: (بە چی؟)

لەرز ئۆرهانی داگرتبوو، لاقەکانی ژانیان تێدا دەگەڕا وجل وبەرگی ژێرەوەی نمی تێکەوتبوو. بە زەحمەت دەیەویست زەینی کۆ بکاتەوە. وتی: (ئێرە چاخانەبوو، وانییە؟)

پیرەمێرد لەسەر کورتانێك دانیشت. وتی: (نازانم.)

(ئەرێ. ئێرە چاخانە بوو. لەو کاتەیرا مەشەدی عەبباس نەخۆش کەوت، ئیتر خێری ئێرەیان بەشییەوە. کرێ چییەکەی کێ بوو؟) سەیری دەورو تەنیشتی کرد. لەو خوارە، دوو دانە وڵاغ و ئەسپێك لە پەنای یەکتر پاڵ کەوتبوون و، سەریان بە خورجینەکانیاندا گرتبوو. پیرە مێرد کورتانی یەکیانی بۆ دانیشتنی خۆی هەڵگرتبوو و، لێکدا لێکدا دووکەڵی سیگارەکەی بەبا دەکرد.

ئۆرهان وتی: ( دەچی بۆ شار؟)

پیرە مێرد بە دەنگێکی نووساو وتی: (نەء.)

ئۆرهان وتی: (ئەی بۆ کوێ دەچووی؟)

پیرە مێرد وتی: (ڕام ئەسپی.)

ئۆرهان وتی: (خۆ ئێستا بە تەمای رۆیشتن نیت؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پیره مێرد وتی: (ئێستا شەوم بەسەردا دەکەوێ. پیشوو ڕادەگرم، بە رووناکایی دەڕۆم.) ئۆرهان بێدەنگی راگرت. حەزی نەدەکرد بە تەنیا وەمێنێ. دەترسا پیره مێرد بۆ چوونکەی بگوڕێ.

وتی: (لەو وەرزەدا گورگ بێ بەزەییە.)

پیره مێرد سیگارەکەی داگیرساند : ( گورگ قەت بەزەیی نەبووە. لە ئاوایی ژووروو، بەرۆژی روون پەلاماری سێ پیاویان داوەو خواردویانن.) هەستا، کورتانی وڵاغەکەی دیکەی هەڵگرت و لەسەر عەرزی بەرامبەر خۆی داینا. ئۆرهان کە تا بە ئەوکات بە ژوورەکەدا دەگەڕا و لاقی بە عەرزیدا دەکوتا، دانیشت و سەیری دەرەوەی کرد. سارد و سپی بوو. دەستەکانی لە یەك هەڵسوو، قەیتانی کاڵەکانی کردەوە، لاقەکانی دەرهێنا، گۆرەوییەکانی لە پێ داکەند، وتی: (من ئۆرهانم.)

پیرەمێرد وتی: (ئۆرهان؟ کامە ئۆرهان؟)

(برای حەپۆ.)

پیره مێرد لێی ورد بوەوە. وتی: (برا کووژ؟)

ئۆرهان تەزوویەکی تیژی لەسەر پشتیدا هەست پێکرد. بەڵام نکۆڵی کردن چ سوودێکی هەیە. سەری لەقاند. پاشان وتی: (ئاخ.) و بە دەست نووکی پەنجەکانی کوشی: (ئێستا بازارگانی چەرمسم...)

(چەرمس؟)

(ئەرێ، چەرمس. ئێرە زۆر ساردە.) بەندی قامکەکانی خەریك بوون هەڵدەورین.

پیره مێرد وتی: (باڵتەکەت داکەنە، لاقەکانتی تێ باوێ.)

(نا. نا. من سەرما بردەڵەم. کۆخەرەشە دەگرم.) ژان بە هەموو ئێسکەکانیدادەگەڕا. وتی: (خۆ چاییت پێنیە ؟) پیره مێرد بێ دەنگی ڕاگرت و هەر سیگاری دەکێشا. ئۆرهان وتی: (هیچی لێ نییە ئاگری پێ بکەینەوە؟)

پیره مێرد هەروا بێ وڵام مایەوە. سیگارێکی دیکەشی داگیرساند و قوونچکی سیگارەکەی دیکەی لەبن پێ کوژاندەوە. ئۆرهان وتی: (ئێستا گیرۆدەی دەستی حەپۆم. خۆدەیناسی؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(لە زنجیری بگرە.)

لە توانایدا نەبوو لاقەکانی گەرم بکاتەوە یان لانی کەم ئازارەکەی هێدی بکاتەوە و وتی: (ئەوە چواردەساڵە منی بە خۆیەوە عەبداڵ کردووە. چما دەکرێ لە زنجیری بگرم. خۆ منداڵ نییە. چل و دووساڵ بەسەر تەمەنیدا تێپەڕیوە.)

(لە ژوورێکدا دەرگای بەسەردا ببەستە. نان وئاوی بۆدابنێ، تەواو.)

ئۆرهان وتی: (ئەگەر ببینمەوە هەر وای لێدەکەم، بەڵام ئەم شێتەی ئێمە وەکوو باڵدارە، لە قەفەسدا گیانی دەردەچێ. لە دەریشەوە دەفڕێ. دەست ناوەشێنێ، بێ ئازارە. هەر لە بنەوانەوە بۆ ئەم مەبەستە لەدایك بووە كە من بچەزێنێ.) حەزی لە قسە بوو بەڵام نەیدەزانی كە داخوا پیرەمێرد گوێی پێدەدا یان نا. هەستی بە زەبوونی و سووکایەتی دەکرد.

ماوەیەك خوومان گرتبوو. هەردووکمان. هەرکات دڵی تەنگ دەبوو دەچووە دەر، دوو سێ ڕۆژان ون دەبوو و دەگەرایەوە. دەم پرسی: (کوڕە لە کوێ بووی؟)

(چوبوومە پابۆسی شێخ.)

وتم: (چت بۆ دیاری هێناوە؟)

وتی: (هیچ دەست نەدەکەوت. هەر قەیسی و گوڵەبەرۆژەی لێ بوو.)

وتم: (زۆر باشە بچۆ نێو کاروانسەرا. هێندە بەم لاولادا مەسووڕێ. ئابرووم مەبە.)

وتی: (کاکە برا، دوو دانە چایی مەشەدی عەبباس کەیفم پێدەبەخشێ. تۆ دەتوانی لەمە تێبگەی؟) گیرفانەکانی پڕ کرد لە گوڵەبەرۆژە و ڕوشت. بوونەکەی لام گرینگ نەبوو بەڵام نەبوونەکەی ئازاری دەدام. ئەو شەوانەی کە لە ژێرخانەکەیدا دەخەوت، من لە سەرێ بووم، تاك و تەنیا، بەڵام دەمزانی کە لەوێیە. یەکێکی لێیە. کەسێك لە خوارەوە خەریکی هەناسە هەڵکێشانە. بەتایبەت لە خانوویەکدا کە ئێستاش بۆنمی کەوا خووساوەکەی باوکمی لێدەهات، بۆنی هەناسە سواری دایکمی لێ هەڵدەستا، بۆنی ئایداشی لێدەهات. وە من تا دوو سێ ڕۆژان تەحەمولی ئەم بۆنانەم دەکرد، دەمزانی کە دێتەوە. دەم پرسی: ( لە کوێ بووی، کورە؟) بە تەشەرو رووگرژییەوە پرسیارم لێدەکرد.

(چووبوومە مەسکۆ.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتم: (چ باس بوو؟)

وتی: (سەرتا سەری ئاژاوە بوو و لەو سەهۆڵبەندانەدا ئاگر کڵپەی دەسەند.)

وتم: (تۆش شەڕت کرد؟)

لە دووکانەکە و لە مرۆڤەکانی دەرەوەی دوکان، رامابوو. بەپەلە دەهاتن و دەرۆشتن. وتی: (پێت وایە ئەم هەمووە خەڵکە کەوچك لە کوێ دێنن؟)

وتم: (دەی دەنگ و باسی شەڕ چییە؟ چەند کەست کوشتووە. چەند کەست بریندار کردووە؟)

وتی: (ژنێکمان بەدیل گرتووە کە بە سۆزانی دەرچووە. ناوی مارتایە. جوانە. خراپ نییە. پێم وایە خەڵکی یۆگوسلاویا بێ.)

وتم: (تۆ سەر بە کام لایەنە بووی؟)

وتی: (کاکەبرا، من فەوتاوم.) غەمبار بوو.

هەردووکیان بە بێدەنگی لە دەرەوە رامابوون. دەتوت هەردوکیان چاوەرێی کەس یان کەسانێك دەکەن. ئۆرهان وتی: (تۆ سەرمات نییە؟)

پیرەمێرد وتی: (خۆم پێ رادەگیرێ.) بۆساتێ پشووی راگرت و پاشان وتی: (تۆ بە چی هاتووی بۆ ئێرە؟)

(بە پیادە. سیگارت پێیە؟) سەرما دڵۆپ دڵۆپ بە چاوەکانیدا شۆڕ دەبوونەوە و لەسەر گۆنای هەڵدەخلیسکان. لەنەکاو ئیشتیای سیگاری کرد. وتی: (سیگاری زیادیت پێیە؟)

پیرەمێرد قوتوە سیگارەکەی لە پێشیدا راگرت: (بەربە لەرزەکەت دەگرێ.) وە چاوەرێ مایەوە تا ئۆرهان لەو تاریکیەدا سیگارێك هەڵبگرێ. کاتێ شقارتەی داگیرساند پتر لە روخساری ورد دەبوەوە و، دیتی کە لاقەکانی سوور هەڵگەڕاون. وتی: (تەنیا لەبەر حەپۆ هاتویتە ئێرە؟)

ئۆرهان کە لەبەر ژانی لاقی ناڵەی دەهات، سەری لەقاند. لەوەی کە لە پیرەمێردەکە دەگەێنێ کە ئەم براکەی خۆش دەوێ، پتر هەستی بە خۆشحاڵی و رازی بوون دەکرد. بەڵام لە دڵیدا هەرایەك دەگەڕا. بە سەرماو بە گەرما، بە دەیان جار ئەم رێگایەی بڕی بوو. بە دەیان جار خۆی لە مەترسی هاویشتبوو بەم مەبەستە کە ئایدین بگەڕێنێتەوە ماڵێ، بەڵام ئەم جارە ئیتر بڕیارێکی دیکەی داوە. بەتەمابوو کارەکەی یەك لا بکاتەوە، جا بە هەر نرخێ بێ. بە قەڵسی و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

توورەبوونەوە پچڕ پچڕ دوکەڵی سیگارەکەی دەدایە دەر. نەیدەزانی چ سیگارێك دەکێشێ. زۆر ناخۆش بوو. هەستا و دەرگای تەویلەکەی پێوەدا و لە درزی دەرگاکەرا سەیری بیابانی دەکرد. وتی: (مانەوە.) پیرەمێرد بێدەنگ بوو. بیابان تاریك و پڕ لە بەفر بوو. قەت بیری لە مانەوە نەکردبوو. وتی: (ئەدی ئەم هەتیوەی برام چووە بۆ کوێ؟) پیرەمێرد هەروا بێدەنگ بوو.

باوکم دەیوت: (زۆرم لا گرینگ نییە کە چۆتە کوێ؟)

وتم: (خۆ پیاو بە دەستی خۆی نییە، دایکم لە بەیانییەوە تا بە شەوێ هەر دەپرسێ ئایدینی من لە کوێیە. بەتەمایە بیگەڕێنێتەوە. هەرچەند جارێ سەردانی دەکا.)

باوکم وتی: (بێجێی کرد. ئیجازەی لە کێ وەرگرتووە؟)

ساڵێك دەبوو کە ئایدین لە ماڵێ رۆشتبوو. لە سەرووی گوندی "رام ئەسپی" لە کارگەی دارتاشیدا ئیشی دەکرد. تێك شکاو و لاواز ببوو. خواردنێکی باشی نەدەخوارد، بەڵام بڕیاری دابوو کە پشت بە خۆی ببەستێ و ئیتر پێ نەخاتەوە ماڵی باوکی. بە دوای سووتاندنی کتێبەکانی، دڵی رەنجابوو. دەتوت ئاگر لەخۆی بەربووە. ئەو، لە باوکم قەڵس بوو و باوکیشم لە سروشت قەڵس بوو.

رۆژنامەی (خورشیدی شەرق) رۆژی پاش رووداوەکە نووسی: (دوێنێ سەعات دوازدەو نیو، لەنەکاو گڕفتێك کەوتە بەردەم رووناکایی خۆر کە دەتوت دەستێکی پان و گەورە روخساری داپۆشیوە.) و ئێمە ئەم رەستەیەمان ئەزبەر کردبوو.

ئەو رۆژە خۆر بەتەواوی گیرابوو و شەو داهات. ئەگەر چی باوکم ناشتای نیوەڕۆی نەکردبوو، کەچی سەیری کات ژمێرەکەی کرد پێی وابوو چاوەکانی هەڵەدەکەن. بە سەرسووڕمانەوە پرسیاریکرد: (ئۆرهان، شەوە؟)

من نەمدەزانی چی رووی داوە. وتم: (یا ئەبوولفەزل.) و خێرا لە ژوورەکەمان هاتمەدەر. ئاسمان تەڵخ دەبوو و لە هەمان کاتدا زەنگی دەست لە کار کێشانەوەی کارگەی بەرهەم هێنانی پەنکەی لۆرد، دەنگی لێبەرز بوەوە. من دڵنیا بووم کە شەوە چونکە کارگەی لۆرد تەنانەت لە رۆژەکانی شەریشدا لە ئیش کردن نەوەستا. وە سەیر لەوە دابوو کە لە رۆژەکانی پاش خەرمانانی 1320 (1941)، کاتێ خەڵك لەبەر پارچە نانێك زگی یەکتریان هەڵدەدڕی، دیسان کارگەکە لە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئـیش کـردن نـەوەسـتا. بـەڵام ئێـستا بڕیـاری دەسـت لـە کـار کێشانەوەی ڕاگـەیانـدوە. لـە شـەقام و کۆڵانەکانەوە دەنگە دەنگی خەڵك دەهاتە بەرگوێ و هێندێ کەس لەسەر بانی ماڵەکانەوە بە کانزای مسی تەقەتەقیان وەرێخستبوو.

باوکە هاتە حەوشە، لەتەنیشت من ودایکم ڕاوەستا. ئێمەش بە بێ ئەوەی دەست بە چاومانـەوە بگرین سـەیری خۆرمـان دەکرد. دایـە دەگریـا. هـەرچـەند جارێك بـە بیانووی ئـەوەی کـە ئایدا لـە [ئابادان ] دەژیت، دڵی تەنگ دەبوو و فرمێسکی دەڕشت.

خۆر وەك پەڵە خوێنێك بە ئاسمانەوە بوو و، تەم و غەورێکی ڕەش دەورانـدەوری داگرتبوو. من ئەو ڕۆژە بۆ یەکەم جار ترس وسامم لە ئەندامی باوکمدا بینی. تاریکی بەسەر هەموو شوێنێکدا کشابوو. وە ژاوەژاوێکی سام هێنەر لە کۆڵانەکانەوە دەهاتە بەر گوێ.

دایکم لەبن لێوەوە دووعای دەخوێند و بە دەنگێکی نامۆ دەگریا. من مەندو حـەپەساو چاوم لـە ئاسمان بڕی بوو کە لـە یـەك ساتا، لـە ئـەستێرەدا نـووقم ببـوو. هێنده زۆر بـوون کـە هیچ شـەوێك ئەوهەمووە ئەستێرەیەم بە ئاسمانەوە نەدیتبوو. وتم: (یا ئەبوولفەزل.)

باوکم دووعاکەی بڕی. وتی: (ئەمە غەزەبە کە بـە سـەرماندا کـەوتووە. دەزانن ئـەمـە مانـای چـی دەداتـەوە؟) بـەرە دەستـەکـانی پێشان داین و وەکـوو نۆبـەتـی لێدراوێك وتـی: (ئێمـە خوێنمـان ڕشتووە؟)

دایکە وتی: (ئەستەغفراللە.)

باوکم وتی: (ئەمە کردەوەکانمانە. کردەوەی ئێمەو منداڵکانمان. خوایـە تۆ نـەیکـەی. خوایە تۆ نەیکەی.)

پـاش چـەند سـاتێك ژاوەژاوەکـان خـەوتن و شـار بـە نێو تـاریکی و بێدەنگیدا ڕۆ دەچوو کـە دەتوت لەمێژساڵە کەسی تێدا نەماوە. وەك بڵێی قەت شار نەبوە. دایکم چرا گرسۆزەکەی داگیرساند و لە هۆدەکە، لە سەر تاقەکەی دانا. هیچ کامێکمان غیرەتمان نەدەکرد لە ژوورەکەمان بچینـە دەر. دایکم وتی: (ئەدی ئایدین؟!)

باوکم وتی: (لە هەر شوێنێکە ملی شکا.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دایکـە نیگـەران بـوو و پاشـان کـە بۆسـووتاوی چێشتەکـەی بـە ژوورەکـەیدا بڵاوبـوەوە بـە ئەژنۆکانیدا کێشا: (قوڕم بە سەری.) بە پەلەداوان بەرەو چێشتخانەکە هەڵات و باوکیشم چرا بـە دەستەوە، بەدوایدا چوو. لە نێو دەرگای چێشتخانەدا راوەستاو وتـی: (ئـەمە نیشانەی کردەکانمانـە. ئێمە چیمان کردوە؟) من دەمبینی کە دەستەکانی دەلەرزن و فرمێسك چاوی داگرتووە. چراکەی لـە دەست وەرگرت. باوکم وتی: (ئێمە ئێستا لە شوێنێکدا دەژین کە رێك لـەبن پێماندا خـەزێنـەی کتێبـە گومڕاکەرەکانە. کوڕەکەی خۆمان کتێبە کوفراویەکانی کۆ کردۆتـەوە و لـەم ژێرخانـەدا کـەڵـەکـەی کردوون. بووە بە شاعیریش. هەرئەمە ماوە کە سازێك لەبن هەنگڵی بخـات و ببـێ بـە عاشیق(4). بچێ و چاوشـی بکـات. بـەڵام مـن هـەروا بـە هاسـانی لێـی قـەبووڵ ناکـەم.) هـەر لـەو حالـەدا قۆڵی هەڵکردو وتـی: (دەبێ نوێژی ئایات بەجێ بگەیێنین.)

گەراینەوە بۆ ژوورەکەمان. نوێژی ئایاتمان بەجێ گەیاند.

تاریکی سەعات و نیوێك بەردەوام بـوو. وە ئێمـە لـەو سـەعات و نیـوەدا هـەر هـەلدەلـەرزین. پاشان هەوا بوو بە گورگەمێش. وەك ئەو کاتانەی کە تازە رۆژ ئاوادەبێ یان هـەڵدێ. پاشـان خـۆر لە تاریکی هاتەدەر و، رۆژ روون بوەوە. باوکە بە ئاماژەی سـەر تێـی گـەیاندم کـە بـە دوایدا بچم. چووینـە نێـو حـەوشـە. دایـە لـە هـەیوانـەکـە راوەستابوو و وەك مـن سـەری لـێ شـێوا بـوو. وتـی: (لەبەرچی ناچن بۆ دووکان؟ ئەم چبکەم چبکەمەتان لە چییە.)

لە بێدەنگبوونی باوکمدا و بۆ چرووکـی سوتمانەکـەدا، دایکم وای بـە بـاش زانـی کـە خـۆی لـە شوێنێك سەرقاڵ بکـا و لـەبـەر چـاوان نـەبێ. بـاوکم وتـی: (راخـەرو جل وبـەرگـی نێـو ژوورەکـەی بێنەدەر.)

راخەرەکەم گلۆڵە کردو هێنامە دەر، جل وبەرگەکانی ئایدینم لەسەر هەیوانـەکە دانـا و ویستم پێخەفەکەی راکێشمەدەر، بەڵام باوکم وتـی: (ئـاخر ئاوردوومـان دەوێ.) بـەڵام بـاوکم چـاوی بـەوێ نەکەوتبوو، تا بزانێ لەوێ چ باسە. پاش کتێب سووتاندنەکەی جاری پێشوو، ئێستا ژێر قـەرەوێڵـە، سەرتاقەکە، تـەنیشت پلیکانـەکان و قوژبنی هۆدەکە پڕ بوون لـە کتێب و دەفتـەر. ئایدین شێعری

---

[4] چاوەش، گۆرانیبێژێکی گەڕیدە. هەمیشە سازێکی پێیە و گوند بە گوند و شار بە شار دەگەڕێ و سۆزی ئەشق دەکا.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەهۆنیەوەو لەگەڵ چەندانە شاعیردا دۆستایەتی و هاتووچۆی هەبوو. باوکم وتی: (نەوتی پێدا بڕێژە.)

من یەك پووت نەوتم بردە ژووری، نەوتم بە هەموو شوێنێكدا كرد و، پاشان ویستم پێخەفەكەی بكێشمە دەر كە باوكم بەری پێگرتم. وتی: (شقارتەی لێدە.) و من لێمدا.

دایكم كاتێ لە ژوورەكەی هاتە دەر كە تازە درەنگ ببوو، بڵێسەی ئاگر لە دەركەو پەنجەرەكانی ژێرخان، سەری دەردێنا. وە شتێك بە دەنگێكی بەسام ئاگری تێبەر دەبوو. دایكم بەتەما بوو كارێك بكا، دەستەكانی دەجووڵاندەوە بەڵام زمانی گوێی لێبڕابوو.

باوكم وتی: (ئەمە گیانی شەیتانە كە خەریكە دەسوتی.)

وە بەراستی ئەگەر گیانی شەیتانیش گڕی تێبەردەبوو، ئەو هەمووە قرچە قرچ و دووكەڵەی لێ هەڵنەدەستا. تینی ئاگرەكە تا ئەوبەر حەوزەكەش دەهات و دووكەڵیش بەرەو تەشقی ئاسمان بەرز دەبووەوە. چەند كەس لە دراوسێیەكان لە دەرگایان دەداو پرسیاری هۆكاری ئەو دووكەڵەیان لێدەكردین.

باوكم وتی: (دۆشاوی تەماتە دەكوڵێنین.)

من بیرم لەوە دەكردەوە كاتێ ئایدین چاوی بەم دۆخە بكەوێ، دەردەم دیق دەكاو دەمرێ. بەڵام هیچی لێ بەسەر نەهات. دەمە و ئێوارە هاتەوە. ماڵەكەمان لە بێدەنگیەكی سەرسووڕهێنەردا نغرۆ ببوو. دەتوت كەسێكی تێدا مردووە و هەموویان نەهێنی ئەو مەرگە لە یەكتر دەشارنەوە. ئایدین ئەو دەستە كتێبەی كە بەدەستیەوە بوو، لەسەر لێواری پلیكانەكەی داناو بە تەما بوو لە حەوزەكەدا دەستەكانی بشوا. كە دووسێ هەنگاوی هەڵێنا، چاوی كەوت بە رەشاییەكی سام هێنەر لە ژێرخانەكەدا. بۆنی سووتانیش بڵاوبوەوە. هەرسێكمان لە سەرەوەڕا سەیرمان دەكرد. ئایدین بەرەو ژوورەكەی رۆشت، لەكن پلیكانەكان برستی لێ براو خۆی بە پێوە نەگرت. دەست و لاقی دەلەرزین. لەرزێك ئەندامی لەشی داگرت و پاشان بەبێ ئەوەی قسەیەك بكا، یان بییەوێ چاوی بە كەسێك بكەوێ رۆشت.

باوكە بێدەنگی راگرتبوو. پێی وانەبوو كار بە ئێرە بگات. بە دەوری ژوورەكەیدا پیاسەی دەكرد و بیری لێدەكردەوە. دایكم وتی: (هەر ئەمەت دەویست؟)و گریا.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

باوکە وتی: (دەی چیبوە؟ لەبەر خۆی بوو کە ئەم کارەمان کرد. خۆ ئاگات لێنیە رۆژگار وەك جاران نەماوە. لەسەر هیچ وخۆڕایی لاوەکان قۆڵبەست دەکەن و لەکونی زیندانیان دەخەن. ) و ئەو شەوە باوکم تووشی زگچوونێك ببوو کە هەموو ورەو وزەو ئیرادەیەکی لەدەست دابوو. نە دادەنیشت، نە لە شوێنێك رادەوەستا، نە دەشی توانی بخەوێ. بەردەوام هاتوو چۆی ئاودەستی دەکردو بەحەوشەدا دەگەڕا.

دایکە وتی: (هەر ئەمەت دەویست؟)

باوکە وتی: (لێی گەرێ با چەند رۆژێکی بەسەردا تێپەرێ. کە برسێتی تینی بۆ هێنا بە پێی خۆی دەگەڕێتەوە.)

دایکە وتی: (یان بەم شەوە دەیبیننەوە و دەیگەڕێننەوە ماڵێ یان من سبەی لەم ماڵە دەڕۆم.)

باوکە وتی: (چما منداڵی من نییە؟ چما من دڵم بۆی ناسوتی؟ ئەگەر تۆ لێی گەڕێی دەمەوێ بیکەمە بەشەر.)

پاش ئەوەی کە چەند رۆژ بەسەر رووداوەکەدا تێپەری من و باوکم سۆراغی ئایدینمان گرت، بەڵام ئایدین بەدوای ئەو سوتمانەدا وەهای دڵ لە ئێمە رەنجابوو کە خۆی لێ ون کردین. دایکە بە داکۆکی کردن داوای لە باوکم دەکرد کە بیگەڕێنێتەوە. دیسان من و باوکم چووینەوە بۆ رام ئەسپی. کارگەکە لە دۆڵێکدا هەڵکەوتبوو کە ئاوی چۆمەکەی بە بنیدا دەرۆشت و کرێکارەکان لەوسەرەوە سەرقاڵی کارکردن بوون. رۆژێك باوکم، رێك لەو کاتەیدا ئایدین دارێکی ئەستووری دەبڕییەوە، پێی لەسەر غرووره کۆنەکەی دانا، رووی لێناو وتی: (ئایدین، رابردووەکان فەرامۆش بکە.)

ئایدین بەبێ ئەوەی سەر بەرز بکاتەوە وتی: (بابە، من فەرامۆش بکە.)

وە ئێمە گەراینەوە. باوکە ببوو بە شاخێکی تووڕەو غەزەب و پڕ لە رێز. لەوە بە دواوە بە شێوەیەکی تایبەت ناوی ئایدینی بەسەر زماندا دەهێنا. وە ئەو، رەنگە بۆ ساڵێك دەچوو لە گووندا کاری دەکرد. دایکە سۆراغی وەرگرت و منیش جار بە جارێك سەردانم دەکرد. بەڵام هیچی لە ئێمە وەرنەدەگرت. بەرگ و پێخۆرمان بۆ دەبرد، دەیگەڕاندەوە، کتێبمان بۆ دەنارد، دەینارده‌وە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تـەنانـەت دەسـتی دایکـەشـی رەت دەکـردەوە. کـاتێ داکۆکیمـان لێـدەکـرد، دەیـوت: (بـەڵگـەنامـەی خوێندنەکەم، کتێبەکانم، شیعرەکانی خۆم...) و هۆن هۆن دەگریا.

بـەرەبـەرە ئـەو خولْق و خـووە شـادەی جـارانی تێدا دەمرد. دەتوت ئـاگر لـە جـەستەی خـوێ بەربووە. لە بارو دۆخێکی باشیشدا نەدەژیا. مـن دەمبینـی کـە پێڵاوە رەش و هـەرزان باییـەکـەی لـە هەردوو لاوە دڕاوون. هەر بەو باڵتە درێژە و شـەرواڵـە مـەخمـەرییـە رەشـەیـەوە، لاقێکـی لـەسـەر کۆلکـە دارێـك دادەنـاو مـشاری پێـدا دێنـا. وە مـشارەکـەی هێنـدە دەهێنـا و دەبـرد کـە دووکـەڵـی لـێ هەڵدەستا و لێك جیا دەبوەوە. ئـارەقـەی نێـو چـاوانی بـە دەسـرەیـەك دەسڕییەوە و دانـەیـەکـی دیکـەی دەخستە بـەر دەسـتی. رادەوەسـتام تـا کـارەکـەی تـەواو دەکـرد. پێکـەوە دەچووینـە تـاڵاوەکـە. پێڵاوە رەشەکانی دڕابوون و زۆر بە زەحمەت بەرێدا دەرۆشت.

وتم: (ئایدین، چما حەق دەستانەکەت وەرناگریْ؟) ئاڵۆزا. پێی وابوو داوای قەرزی لێدەکەم.

وتـی: (هـەمـە. دەتـەوێ؟) ویستی دەست بـۆ گیرفـانی ببـات و پـارەکـانی دەربێنـێ. وتـم: (ئـەی لەبەرچی پێڵاوێك بۆ خۆت ناکڕی؟)

سـەیری پێڵاوەکـانی کـرد و وتـی: (جـارێ بـەفر و بـاران نـەبـارییوە. لـە بیرمدایـە. داینـێ بـۆ پاییز.) لەسەر گردەکەڕا هەم سەیری شۆرەکاتـەکـەی دەکرد و هـەم چاوی لـە تـاڵاوەکـەش دەکـرد. وتی: (ئەم تاڵاوەم زۆر خۆش دەوێ.)

لـەوبـەرە، تـاڵاوەکـە شـەپۆلانی دەدایـەوە و لـەسـەر عـەرزیش کڵـۆ خوێیـەکـان پـان ببوونـەوە. وادەهاتە بەرچاو کە لە هەموو وەرزێکدا شەپۆلەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت: (زۆر وەکـوو دەریـا دەچێ.)

وتـم: (وایـە.) ئێمـە لـەسـەر گـردەکـەی نزیـك تـاڵاوەکـە راوەستابووین و، شنـەیـەك بـە نـەرمـی دەشنـایەوە. تـاڵاوەکـە لـەو خـوارەوە مـەنـد راوەسـتابوو. وە بـەهـەمـوو بارێکدا قامیشەڵانـەکانمـان لێدیاربوو. لەلایەکی تاڵاوەکە، لە نێوان گردێك و ئاوەکەدا، قامیشە بەرزەکان بە گەڵا تیژەکانیانـەوە رسکابوون. ئایدین بە وردی سەیری دەکرد و برووسکەیـەك لـە چاوانیدا تروسکەی دەهات. وتـی: (وەکوو بەر بینای نەتەوە یەکگرتووەکان دەچێ.)

وتم: (کوێ؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بە دەست ئەوبەری پیشان دام.

وتم: (لەبەر چی؟)

وتی: (ئەم قامیشەڵانە ئاڵاو بەیداخەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانم دەخاتەوە بیر.)

سەردەمێك باوکم دەیوت: (قەدری ئەم تاڵاوە بزانن، پاش تێپەڕبوونی ساڵانێکی دیکە ئێرەش وشك دەبێ و دەبێتە شۆرەکات. زلکاوێکی تاڵی بێکەڵك.) ئێمە هێشتا سمێلمان بۆر نەببوو. من سەتڵە سوورەکەم هەڵدەگرت و ئایدینیش سەتڵە سوورەکەی دیکە. باوکەش بە دوامانـدا دەهات. کە گەیشتینە تاڵاوەکە، باوکم خۆی رووت کردەوە و خۆی بە ئاوەکەدا کرد. لە ئاوەکەدا پیرتر دەهاتە بەر چاو. ئێمە رووت بووینەوە و بە نێو ئاوەکەدا بینمان لێدا. خۆر بەتین و تاو دەدرەوشایەوە و ئاو شۆرو تاڵ بوو، پۆپنەبەسەرەکان پۆل پۆل بەسەر ئاوەکەدا دەخوشین و دوور دەکەوتنەوە. باوکم دەستەکانی بە هەر دوولادا بڵاوکردبۆوە و، بەس هەر سەرە بێتووکەکەی بەسەر ئاوەکەوە راوەستابوو. وتی: (بچنە پێشتر لیتە دەربێنن.)

رووسەکان بە پەمپ قوڕو لیتەی بن تاڵاوەکەیان هەڵدەکێشاو بە تانکی رایاندەگواستەوە.

بابە دەیوت: (ئەم قوڕو لیتانە دەرمانێکی کارسازە بۆ باداری [روماتیسم ] ). کەمێ دەستی بە لەشیدا کێشا. لە ئاو چووە دەرو لە قەراغ تاڵاوەکە لەبن تیشکی خۆردا راکشا. لاقە پرتووکەکانی لەسەر یەك دانا بوو و لەسەر کەلەکە پاڵی بە ئانیشکیەوە دابوو، سەیری هەموو شوێنێکی دەکرد. وتی: (تا سەرما لێی نەداوم، کەمێ لیتەم بۆ بێنن.)

ئایدین هەناسەی راگرت، زاری کردەوە و سەری بە بن ئاوەکەدا کرد، بڵقە چکۆلەکانی ئاو جێگایان پڕکردەوە. پاشان کە سەری لەبن ئاو دەرهێنا، نیوە سەتڵێکی قوڕو لیتەی دەرهێنا بوو. وتی: (هانێ.) وە بینی لێدایەوە. من سەتڵەکەم لێ وەرگرت و بەرەو لای باوکم چووم کە سەری لەسەر عەرز دانابوو و چاوەڕێی دەکردین. سەیرم کرد. ئایدین لە نێو قوڵاییەکەدا بەردەوام باسکی لێدەدا. باوکە وتی: (هەی بژی، کوڕی خۆم. تێم هەڵسوو زۆر هیلاکم.)

نەرمە بایەك هەڵی کردبوو و قامیشەڵانەکەی ئەوبەری تاڵاوەکە کەوتبووە سەما. چنگ بە چنگ لیتەم لە لەشی باوکم هەڵدەسووت. لە لاقەکانیەوە دەستم پێکرد. باوکە وتی: (باشم بۆیاغ بکە.) رەشی رەش ببوو. دەتوت پەیکەرێکە کە لە قیر دروست کراوە و هەر بەو جۆرە مایەوە تا

لیتەکان بە لەشیەوە وشك هەڵگەڕان. ئێمە بەس لاقەکانمان لە لیتە گرت و دادەنیشتن تاکوو وشك هەڵگەڕێ. پاشان چوینە نێو ئاوەکە و خۆمان خاوێن کردەوە.

باوکە وتی: (کەمێکیش بۆ یۆسف هەڵگرن.)

یۆسف بە دوای هەڵدێرانەکەیدا ئێستا وەکوو گۆشتێکی بێ کەڵك کەوتووە کە لە بەیانییەوە تا بە شەوێ و شەو تا بەیانی، بێراوەستان هەردەخوات و دەریت. لە قووژبنی ژوورەکەی خوارێ کەوتبوو، بێ جووڵەو بێ هەست چاوەی لە دارەکانی نێو حەوشەکەمان رادەما و هەمیشەش شتێکی کاوێژ دەکرد. ژوورەکەی بۆگەن و بۆساری لێدەهات و دایکم بەردەوام لە حەوشەدا سەرچەفەکانی بۆ دەشۆرد.

ئایدا وتی: (ئەگەر هۆدەیەکی بۆ لە حەشەکە درووست بکەین هەموومان ئاسوودە دەبین.) وە کەس گوێی پێنەدەدا.

باوکم لەبەر ئەوەیکە بەر بە تینوێتی بگرێ قەپاڵی لە خەیار دادەگرت. هاوینێکی خۆش بوو و خۆر بەتیژی شەبەقی دەدایەوە. لیتەکان بە لەشی باوکمەوە وشك هەڵگەڕابوون و مێروە عەجەمەکان بەسەر زگیدا هاتووچۆیان دەکرد. باوکم هەستاو خۆی بە ئاوەکەدا کرد و خۆی خاوێن کردەوە. وتی: (ئاسەواری کاریگەری بوونی دەرمان ئەمەیە.) ئەندامی لەشی هەمووی سوور هەڵگەڕابوون. وتی: (ئێستا دەبێ تینوێتی تینم بۆ بێنێ.) و قەپاڵی لەخەیارەکە داگرت.

ئۆرهان بیری نەدەهاتەوە کە سیگارێکی دیکەی لە پیرەمێرد وەرگرتووە و بە ئاگری قوونچکە سیگارەکەی یەکەم, ئەمی داگیرساندوە. مژی توندی لێدەدا و ژانێکی تاقەت پرووکێنیش بەنێو هەموو ئێسکەکانیدا دەگەڕا. وتی: (ئێستا چی بکەم؟) سەیری دەورو تەنیشتی کرد. لەو تاریکییەدا، شتێك بێ پسانەوە دەنگی لێهەڵدەستا. وەکوو کاتژمێرە سێ ئەستێرەکەی سەر تاقەکەی دایکم. وتی: (ئەم دەنگە لە کوێڕا دێ؟)

پیرەمێرد وتی: (دڵۆپەیە.) وە لای سەرووی وڵاغەکانی پێشاندا. ئۆرهان سەیری بن میچەکەی کرد و بێدەنگ بوو. پیرەمێرد وتی: (غەم مەخۆ، دەیبینیتەوە.) ئۆرهان بێدەنگ بوو. پیرەمێرد وتی: (هەڵدێ، ها؟) ئۆرهان سەری داخستبوو نەیدەویست گوێ بە قسەکانی بدات.

من وتم: (باوکە، ئایدین لە داخی کێ هەڵات؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتی: (تۆش هەڵێ، برۆ. هەر هەمووتان بە جەهەندەم.)

وتم نامەوێ غاربکەم. من لەگەڵ ئایدا و ئایدیندا جیاوازیم هەیە. ئەمڕۆ هەینییە، دەمەوێ لەگەڵ دەستە ئاواڵەکانمدا بچم بۆ تالاو.)

باوکە وتی: (ئەی کێ بەسەر دوکانەکەدا رابگات؟)

دایکە وتی: (لێی گەڕێ بابڕوا، چما ئایدایە، یان ئایدینە کە لە حاند تۆدا لاڵ بن. پێت وایە بەمە دەوێری؟)

باوکە وتی: (هەموویان سەروبنی کڵاشێکن.)

دایکە سەبیلەکەی باوکمی هەڵگرت و لەسەر تاقەکەی دانا: (هەرچییەك بێ ئەمەیان سەر خۆتی داوەتەوە. خۆ نابێ پیاو هەر لە بەیانییەوە تا بە شەوێ یەك پشوو سەبیلە بکێشێ!) پاشان دەستەکانی لە کەمەری گیرخست، لە ناوەندی ژوورەکەی سەرەوە، بە قەڵسییەکی سەیر بە منی وت: (برۆ ئیتر، چاوەڕێی چی دەکەی؟) بە ئیستەیشنێك رۆشتین کە کورسیەکانی لە دار بوو. خەڵکی شار هەمیشە ئەو ساڵە ناخۆشەیان لەبیرە. ئێمە چل کەس بووین. چەند کەس لە کوڕەکان سەرباز بوون. بە دەم گۆرانییەوە چەپڵەمان لێدەدا. سروودی نەتەوایەتیمان دەوتەوە و پاشان گۆرانی [شەو بوو بیابان بوو زستان بوو]مان دەوت. لەسەرێ لە دوایین شەقامەکانی شار، ئاگر لە خانوویەك بەربیوو. دووکەڵ و بڵێسەی گڕ لە پەنجەرەکانیەوە دەهاتنەدەر. شوفێرەکەمان رایگرت و ئێمەش خۆمان فڕێدایە خوار. خاوەن خانووەکە پیرەمێردێکی ریش سپی بوو کە بە هەردوو دەستان بە سەری خۆیدا دەدا و دەینەڕاند. لەبەردەم خانووەکە رادەوەستا، دادەنیشت و جارجارەش هەڵدەهات. پاشان دەگەڕایەوەو سەیری بڵێسەی ئاگرەکەی دەکرد و دیسان بەسەری خۆیدا دەکێشایەوە. پاشان زانیمان کە ژن ومنداڵیشی نییە، بەڵام وەختابوو خۆی دەکوشت. لە رێگای دوور و نێزیکەوە، تێکرا، هەشت دانە سۆندە بەرەو خانووەکە لێژ ببونەوە و گڵێکی رەشیش هەموو شەقامەکەی داپۆشیبوو. ئاگرەکە هێندە بە خێرایی پەرەی دەسەند کە ئیتر هیچ ئاسەوارێکی لەو خانووە بەجێ نەهێشتبوو. پاش ئەوەیکە بانەکەی داتەپیە خوارێ، ئاگرەکە کووژایەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جاری پێشووش لەو سوتمانە گەورەیەدا کەس نەیتوانی بە قەرای سەرە دەرزییەك لە باری ئاگرەکە کەم بکاتەوە. ئاگرێکی گەورە، سەر شێتانە لە راستە بازارەکەی نێو شاردا پەرەی دەسەندو دووکەڵێکی رەش وەکوو کۆڵەکە بەرەو ئاسمان سەری دەکێشا. خەڵکی شار هەر هەموویان بە سەرسووڕمانەوە سەیری دووکوڵەکەیان دەکردو کەسیش هیچی لە دەست نەدەهات. کارەبا بڕا بوو و زێرەوانەکانی بازار تەقەیان دەکردو داوای یارمەتیامەتیان دەکرد. کۆمەڵێك بەزیقە زیق هەڵدەهاتن. ئەو شەوە بە پێچەوانەی شەوەکانی دیکە جۆگە ئاوی شەقامەکانیش ئاویان پێدا نەدەهات. لە راستە شەقامەکەدا هەتا چاو هەتەری دەکرد مرۆڤی فانووس بەدەست دیار بوون کە بەرەو بازار دەهاتن. باوکم هەراسان بوو. دەلەرزی. دەستی من و ئایدینی بە توندی گرتبو و زوو زوو دوعای دەکرد. زریان نەیهێشت ئاگرەکە کاروانسەراش بگرێتەوە و، تینی بڵێسەکانی بە نێو راستە بازاردا دەچووە پێش. ئاگرەکە بێرەزا ببوو. ئێمە لە سووچێکی مەیدانە تازەکە راوەستابووین و وەکوو خەڵکی، بەس سەیرمان دەکرد و هیچی تر. ئەوکات شارەوانی هیچ ئامێرێکی لەبەردەستدا نەبوو بۆ کووژاندنەوەی ئاگرەکە و زریانیش ئاگرەکەی پتر دەگەشاندەوە و بەرەو پێشەوەی دەبرد.

ئەو شەوە تا بەیانی بازار دەسووتاو، تا شەوی دواییش سوتمانەکە بەردەوام بوو. گشت راستە بازارەکە ئاگری تێبەربوو کە زۆربەیان دوکانی شیرینی فرۆشی و دوو دانە کارگەی شەکر بوون. کاتێ دیوارەکانی داڕما و ماڵی ژمارەیەکی وێران کرد، ئاگرەکەش بەرەبەرە کووژایەوە. بەڵام دووکەڵێکی رەش تا بە سێ رۆژان بەسەر شارەوە راوەستابوو و هێندە قوورس بوو کە زریانیش نەیدەتوانێ رایماڵێ. بۆ رۆژی دواتر بارانێکی شیرین باری و خەڵك قاپ و مەنجەڵیان لەبەر بارانەکە دادەنا کە خەسار نەبێ. ئێمە کاتێ بەم بابەتەمان زانی کە باران لێی کردبۆوە. پرچی سەرمان و جل و بەرگەکانمان بەیەکترەوە دەنووسان، دەستمان بۆ هەر شتێك بردبا دەچەسپی. باوکم دەستی خۆی لێستەوە و وتی: (شەربەت.)

شێرەی ئاوەکان تا ماوەیەکی زۆریش لە باتی ئاو شەربەتیان لێ دەرژا. من دەموت: (ئاوم دەوێ.)

توونیەتی هیلاکی کردبووم وهەرچەند لەو ئاوه شیرینەم دەخواردەوه پتر تینووم دەبوو. باوکم وتی: (شەربەت بخۆوه. ئێستا ئاوت بۆ لە کوێ بێنم.)

وتم: (لە هەر شوێنێك بێ بۆم پەیداکەن.)

باوکم وتی: (ئەوه دەڵێی چی؟ هەموو کەسێ ئێستا ئیتر میزەکانیشیان شیرینە.)

پاشان ئاوەکان شیرنایەتییەکەی تەواو بوو، ئایدا خۆی سووتاند، باوکم مرد و ئایدینیش تێك چوو. من مابوومەوه و دایکم، کە لە سەرچەفێکی سپیدا دەخەوت و هانکەهانکی دەهات. هانکە هانکەکەی هاو ئاهەنگ بوو. رەبۆی [ئاسم] هەبوو. نیوەشەوانە وام هەست دەکرد کە داخوا بە هەسان شتێك دەتاشن. ئایدین سەری بە دیوارەکەوه دەنا، دەمارەکانی لاجانگ و گەردنی بە توونی لێیاندەدا و چاوەکانی دەفڕین.

دایکە وتی: (پێم بڵێ، باوکەکەم. بڵێ بزانم کێ وای لێکردی؟)

ئایدین وتی: (ئاگری شەڕ لە شەختە و سەرمای مسکۆدا کووژایەوه.)

راست وابوو. ئاگرەکان هەرهەموویان بەو بڵێسە بەتین ودووکەڵانەیانەوه، بەو زیان و کوژراو و بریندارانەوه، بۆخۆی نیشتەوه. بەڵام هەموویان بەسەر کاولیدا نیشتنەوه. خەڵك ئێستاش لە بیریانە، ئێمە چل کەس بووین، چەند کەسیان سەرباز بوون. کە ئاگرەکە کووژایەوه، سوار ئیستەیشین بووین و، لە ناهەمواری جادەکاندا بە چەشنێك ئێمەی هەڵدەتەکاند کە وەختابوو جەرگ و دڵمان هەڵوەرێ. هەرکە ماشێنەکەی ئێمە دەیەویست لێی خورێ، چاومان کەوت بە ماشێنەکانی ئاگر کووژاندنەوه کە بە لووره لوور کێشانەوه دەهاتن. بەڵام زۆر درەنگ ببوو و لەو خانووه تەنیا کەلاوەیەکی گڵ بەجێ مابوو.

ئێمە رۆشتین، بە گۆرانی وتن و چەپڵە لێدان. سرووودی نەتەوایەتیمان دەوتەوه. لە قەراغ تاڵاوەکە، وەك هەمیشە بە یەك ریز راوەستاین و کاتێ من وتم: (سێ.) هەموومان وێکرا لە شاخە بەردەکەرا، بینمان لێدایە نێو ئاوەکە. بە جل و بەرگەوه. دەورێك تا بە قامیشەڵانەکە باسکەمان لێدا و گەڕاینەوه. ئاو فێنك بوو و شنە بایەك هەڵی کردبوو. پاشان چاومان کەوت بەو بەلەمەی کە لە لای رۆژهەڵاتەوه بەرەو لای ئێمە دەهات. کەسی تێدا نەبوو، جگە لە پیاوێك کە ژێر کراسێکی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چڵکنی لەبەردا بوو و لە پشت سوکانەکەی ڕاوەستا بوو. هەم ئاگای لە ئێمە بوو هەمیش هەستی بۆ پتە پتی مەکینەی بەلەمەکە ڕاگرتبوو. کە گەیشتە کەنارەکان وتی: ( سوار نابن؟ )

تێکرا وتمان: ( هوڕا.) لەهەموو لایەکەوە خۆمان بە بەلەمەکەدا هەڵواسی. بە هەر تەکانێك قرچە قرچێکی لێهەڵدەستا، دەتوت بە تەمایە لەبەر یەك هەڵوەشێ. ئێمەش بەبۆنەی ئەوەیکە تاڵاوەکەمان بەلەمی بۆ هاتووە شاد و بە کەیف بووین و بڕیارماندا هەموو حەوتوویەك بێینە تاڵاوەکە. هوڕا. تا بە ئەوکات کەس بەلەمی نەدیتبوو. کەسیش خاوەنەکەی نەدەناسی و کەس نەیدەزانی کەی و لە کوێراهاتووە. پیاوێکی بە ساڵاداچوو بوو کە هەم پێدەکەنی و هەمیش نیگەران بوو، وەك ئەو کەسانەی بۆ یەکەم جار شوفێری دەکەن. وتی: (چواردانە منداڵم هەیە. ژیان سەختە و بەڕێ ناچێ.) و پێدەکەنی. تا قرقرۆچکەی پێدەکەنی.

کاتێ هەموومان سوار بەلەمەکە بووین. بەلەمەکە کەوتە پتە پت لێدان و لە قەراغ ئاوەکە دوورکەوتەوە. کابرای بەلەمچی وتی: (هەموو رۆژێ وەرن.)

من وتم: (هەموو رۆژێ دێین. توند بئاژوێ.) یەکەم جارم بوو کە سوار بەلەم دەبووم و جلەکانم هەمووی خووسا بوون. تەکان و پاڵێکی تایبەتی لێ پەیدابوو و کاتێ گێشتە ناوەندی تاڵاوەکە، هەستم کرد خەریکە رۆدەچێ. پاشان کورەکان هاواریان لێ بەرز بوەوە و هۆمەنیان بۆ دەرگاکەی برد. ئەوجار بەلەمەکە بەلای مەکینەکەیدا تەقڵەیەکی لێداو وەرگەڕا. ئێستا وەکوو کێوێك بەسەر هەمووماندا کەوتبوو و بە سەراوبنییەوە خەریك بوو نووقم دەبوو. ئێمە لەبن ئاوەکەدا پەلەقاژەمان دەکردو دەهاتینە سەر. قوورسایی بەلەمەکە بەسەرماندا کەوت و دیسان نووقمی کردینەوە. من لە ژێرەوە سەیری بان سەری خۆم کرد؛ تاریك بوو. دەبوایە لەبن بەلەمەکە دوور کەومەوە. بە دوو دەست قەڵشتێکم لە ئاوەکەدا خست و هەوڵمدا خۆم لە زلکاوی لیتەکان دوور بخەمەوە و، کاتێ رووناکاییم لێ دەرکەوت خۆم بۆ سەر ئاوەکە هەڵکێشا. لە ژێر ئاوەکەڕا چاوم کەوت بە کابرای بەلەمچی کە تا کەمەری لە لیتەکاندا گیری کردبوو، بە چاوە دەرپەڕیوەکانیەوە ویستی هاوارم بۆ بکات. بە دەست ژمارەی چواری پیشان دەدام و من وام زانی کە حەتمەن بەلەمەکەی بە چوار هەزار کڕیوە. لە دڵی خۆمدا وتم: (فیدای سەرت.) و بۆ هاتنەدەر پەلەقاژەم دەکرد، بەڵام دەتوت کەسێك خۆی بە دەرملینگمدا هەڵواسیوە. لەبن ئاوەکەدا بۆی گەڕام.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(جەمشید) دەیلاق بوو. سەرباز بوو. ئاوی دەخواردەوەو منـی رادەکێشا. تـا مـلان لـە قوڕ و لیتـەدا چەقی بوو. ئەو رایدەکێشام ومن پەلەقاژەم دەکرد. لـە نـەکـام بـەزەینم گێشت کـە شـەرواڵـەکـەم شل بکەمەوە. کردمەوە و خۆم دەربازکرد.

ئەوکات بیست ساڵم تەمـەن بـوو. بـە شۆرتێکی بۆر گـەڕامـەوە مـاڵێ. ڕۆژێکـی زۆر نـاخۆش بوو و تا ماوەیـەکـی زۆر لـە قورگمدا تـامی سوێری و تـاڵایی ئـاوەکـەم هـەست پێدەکرد. ئێستاش خەڵك لەبیریانـە کـە ئێمـە چل کـەس بووین. دایکـی جـەمشید دەیلاق وتـی: (هـەر تـۆ بـە زینـدوویی هاتویتە دەر، بەڵام خێر و خۆشی نابینی.)

شۆفیری ئیستەیشینەکە دەیوت: (ئەم ئۆرهانە نەزری کردووە. قەدری بگرن.)

دایکـە وتـی: (وەرە سـەرتاسـەریت بۆ بگێرمـەوە.) قوماشێکـی ئـاو نـەدیدەی هێنـا، لـە نـووکی پەنجەکانمەوە دەستی پێکرد و لەسەر سەرم هەڵی گرِاندەوە تـا پشتە پێیـەکانم. ئـەوجـار کوتاڵـەکـەی بـڕی و دای بـە دەسـکورتێك. ڕۆژگـارێکی نـاخۆش بـوو. لـە هـەمـوو کۆڵانـەکـانی شـاردا پرسـەو ماتەمینیان وەرێ خستبوو. مەلـەوانـەکـانی "ئاستارا" تـا سێ ڕۆژان قور و لیتـەی بن تـاڵاوەکـەیان پشکنی. هەیکەلی بەلەمە شکاوەکەیان لەبن ئاو دەرهێنا، بەڵام لە ژێر ئاوەکە کەسیان نەدۆزیەوە.

پیرەمێرد وتی: (لەرزو تا لیێداوی؟) دەستی لەسەر نێو چاوانی ئۆرهان دانا: ( گەرمـی، بـەڵام تات نییە. ئاگاداری تـەندروستی خۆت بـە.) دوودانـە سیگاری داگیرساند و یـەکیـانی دا بـە دەستی ئۆرهان: (ئەگەر تا بەیانی لەسەرما رەق هەڵنەیێن ئیتر قەت نامرین.)

ئۆرهان وتی: (وایە.)

(بەم درنگانە لەبەرچی هاتوویتە ئێرە کە شەوت بەسەردا بکەوێ ؟)

یەکتریان لێ دیار نەبوو، دوودانە پۆلووی سیگارەکە نەبێ کە بـە حـەوادا دەسوڕانەوە و جـار جارە دەگەشایەوە.

پیرەمێرد وتی: (من پێشتر ناوی تۆم بیستبوو. براکوژ.)

ئۆرهان بێدەنگی راگرت. پیرەمێرد تـازە چـەنـەی گـەرم دادەهـات. وتـی: (تۆ بـرای خـۆت کوشتوە؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئۆرهان وتی: (خەڵکە ئیتر، قسان دەکەن.) و ئیتر نەیویست گوێ بۆ قسەکانی ڕاگرێ، بە نیوە چڵی سیگارەکەی لە ژێر پێیدا کووژاندەوە و سەری خستە نێو چۆکەکانی.

پاشان کە جوان بیرم لێ دەکردەوە، هاتەوە یادم کە ئەو سەربازە لاواز و درێژە جەمشید بوو کە ئێمە پێمان دەوت دەیلاق، چنگی لە دەرەلینگی شەرواڵەکەم گیر کردبوو و بە تەما بوو منیش بە خۆیەوە نووقم بکا. ئاواڵی خۆم بوو، بەڵام نەمدەزانی لەبەرچی دەیەویست ئەو کارەم لەگەڵدا بکا. ئێوارەی ڕۆژێکی هەینی کە دوکانەکەمان داخست، پێکەوە چووین بۆ باخی ئەخەوان. باخچەیەکی ئاڵۆزو دەرهەم بەرهەم بوو کە پاش چەند ساڵی دیکە حکوومەت کەوتە گیانی، داری نوێی لێداشت، کارەبای بۆ ڕاکێشاو چەندانە جۆلانەو خلیسکی بۆ منداڵان دامەزراند، سنەوبەرو چنارە پیرەکانی بڕییەوە و چیمەنیان لێ شین کرد و ناویان لێنا باخچەی گشتی نەتەوایەتی.

باخچەی ئەخەوان هێشتا هەر باخچەی  ئەخەوان بوو. بە دیوارە ڕوخاوەکان و خشتە بەتاڵان چووەکانیەوە، بە تەپۆڵکەیەك زبڵ و زاڵ و ئەو هەمووە مێش و مێشوولەیەوە. وە ئێمە هێشتا چواردە ساڵ بەسەر تەمەنمان تێنەپەری بوو، لە قەراغ دیواری با خچەکە دەسووڕاینەوە و بە نێو پالوودە فرۆشەکان و کۆلآنی کارگەی بەرهەم هێنانی بلوێردا، پیاسەمان دەکرد. دەمەو ئێواران قەلەرەشەکان پۆل پۆل دەهاتن و لەسەر زبڵ و خۆڵ و پیساییەکان هەڵدەنیشتن. وە ئێمە پیاسەمان دەکرد. من پاژنەی لاقم لە عەرزەکە دەخوشاند، دەمەویست تەپ وتۆز بکەم. ئایدین وتی: (بۆچی تۆ ناسرەوی هەتیوە؟)

من بە پاژنەی لاقم هەروا تەپ وتۆزم دەکرد. ئەوجار لە بن خۆڵەکان، پوولێکی ڕەش دەرکەوت. بەنووکە پێ فڕێمدا. گلۆر بوەوە و لەبن سێبەری داربییەکدا کەوت. جەمشید هەڵات و پوولەکەی هەڵگرت. ئێمە پێکەنین.

وتی: (کێ ئەم پوولەی دەوێ؟)

ئێمە نەماندەویست. هێشتا ئەوەندەمان بێ پارەیی نەدیبوو کە بۆ پوولێکی ڕەش دڵمان بلەرزێ.

جەمشید وتی: (پێم وایە دوو قڕانی بێ.)

وتم: (بۆ نایخەیتە گیرفانتەوە؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتی: (لەم پووڵانە گەورەتریش لە ماڵماندا کەوتووەو کەس هەڵی ناگرێتەوە.)

وتم: (لەم پوولانە لە ماڵی ئێمەدا هەڵنەرژاوە، بەڵام خوا بەرەکەت بدا بە داخڵەکەی باوکم.)

ئایدین سەیری دەکردم و پێدەکەنی. کەیفی بە رووداریيەکەم هەڵدەستا. هەمیشە دەیوت: (بە کەیفم بوو، کوڕێکی رووداری.)

جەمشید وتی: (هەرچەندیش دەوڵەمەند بن هێشتا ناگەنەوە بە ئێمە.) پوولەکەی فڕێدا و من هەڵم گرتەوە کە لە دەستمدا یاری پێبکەم. ئەوجار، هەستم کرد لە دوو قڕانییەك ئەستوورترە. لەبن شێرەی ئاوەکەدا شۆردمەوە. پاك نەدەبوەوە. پووڵەکەم لەسەر عەرزی کراند و دیسان لەبن ئاوەکە رامگرتەوە. جەمشید وتی: (ئێمە سێ دانە باخمان هەیە کە لە بەیانییەوە تا بە شەو ئەم سەراوسەری ناکرێ.) من سەرقاڵی کڕاندنی پوولەکە بووم و دیتم کە زەردایی زێر دەبریسکایەوە. لیرەی زێڕ بوو. بە قامکان لیرەکەم راگرت کە جەمشید و ئایدین چاویان پێ بکەوێ.

ئایدین وتی: (زێڕە؟)

جەمشید وتی: (هی من بوو.) باڵایەکی زۆر بەرزی هەبوو. لاوازیش بوو؛ کەپۆیەکی شەکاو و زارێکی پێوە بوو و وادەهاتە بەرچاو کە دەیەوێ بڵێ: (تۆ.)ئێمە پێمان دەوت جەمشید دەیلاق. وەك زەڕافە بەری پێگرتم و وتی: (من یەکەم جار هەڵم گرت.) وتم: (دەی فڕێت نەدابا.)

وتی: (هی من بوو.)

وتم: (هی تۆ لە شەرواڵەکەتدایە.)

وتی: (من دۆزیمەوە.)

وتم: (دەی چت لێبکەم.)

ئاوقای یەکتر بووین. وە من لە هەر شوێنێکیم دەسرەواند ئێسقان و رەقایی بوو. ئایدین وتی: (پیاو لەسەر پارە شەرناکات، بەشی بکەن.)

وتم: (لەبەرچی؟ گونیشمی پێنادەم.) وە گەڕاینەوە ماڵێ. کە شەو داهات چاوم بە جەمشید کەوت کە لە نێزیك کارگەی لۆرد لە ماڵی ئێمە دەگەڕا. وتم: (لەچی دەگەڕێی؟ دەیلاق.)

وتی: (دەمەویست پێت بڵێم کە ئەو پوولە بدەی بەمن.)

وتم: (لەبەرچی؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتی: (چونکە ئێمە دەسکورتین. چەند ساڵ لەمەوبەر باوکم مرد. دایکم لە کارگەی شوکۆلات کاردەکا.)

وتم: (دەی باخەکەتان بفرۆشن و پارەکەی بخۆن.)

وتی: (خۆ ئێمە باخمان نییە.)

دەستم نەدەگێشتە سەرو چاوی. لە نێو زگیم سرەواند، کە داهاتەوە لە بنا گوێیم سرەواند. بروسکە لە چاوانی دەرپەڕی و لە گابۆڕی گریانی دا. وتی: (بۆ لێم دەدەی؟)

وتم: (توڵە سەگ ئەی بۆ درۆت دەکرد؟)

پاش ئەو شەڕە بەردەوام دەهاتە لام و پێکەوە دەچووینە دەرەوەی شار. ئیتر لە پوولەکەی نەپرسیەوە. پاشان چوو بۆ سەربازی. بەدوای ئەوانەدا، ئەو رۆژی هەینییە پێکەوە چووین بۆ تاڵاوەکە. لە پێشبڕکێی مەلەی نێوان ئەو چل کەسەماندا، دوایین کەس دەرچوو و، پاشان هەوڵی دەدا بە سەر بانی بەلەمەکەدا هەڵگەڕێ. وە مەلەوانەکانی ئاستارا نەیانتوانی بیدۆزنەوە. جەمشید تاکە ئاواڵم بوو. لە رۆژی پرسەو سەرەخۆشی مامە [عیزەتی ]دا هەر حەڤدە کەسی لێ بوو. من هەژدە هەمین کەس بووم. وە ماوەیەکی کەم بەدوای هاتنی من دووعای خەتمی پرسەکەیان خوێندەوە و ئیتر کەسی دیکە نەهات. وتم: (ئەی لەبەرچی خزم وتۆڕەمەکەتان نەهاتوون؟)

وتی: (لەمانە زیاتر خۆ کەسی دیکەمان نییە. هەرئەوەندە بوون.)

وتم: (ئەی دراوسێکان؟) وە دەمبینی کە ئایدین لە کوونجێکی مزگەوتەکە دانیشتووە. وتم: (هۆ جەمشید، ئەها براکەی منیش.)

وتی: (وایە.)

وتم: (لەبەرچی لە مزگەوتی گەرەکی خۆتان پرسەو سەرە خۆشیتان بۆ رانەگەیاند؟)

وتی: (ئەوێ هەم گەورە بوو، هەم پارەی زۆریشی تێدەچوو. ئێرە زۆر لاپەڕە.)

مامی جەمشید دەیلاق دەست فرۆش بوو و بە کۆڵانانداا دەگەڕا. عارەبانەیەکی بوو. بە زستان چەوەندەر و پاقلەی دەفرۆشت و بە هاوینان میوەی تازە. من زۆرم بینی بوو. لەگەڵ جەمشید هەر کات دەچووین بۆ شوێنێك، لەکن مامە عیزەت شتمان دەخوارد. پارەی لە ئێمە وەرنەدەگرت.

وتم: (مامە عیزەت وەسیەتی نەکردووە؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتی: ( وەسیەت؟) بزیەکی لێدا: ( قەرزەکانی هێندە زۆر نین کە خاوەن قەرزەکانی لە دوای بگەڕێن.)

وتم: (ئەی دارایی و ماڵەکەی بەکێ بەخشیوە؟)

وتی: (بە کەسی نەبەخشیوە. چوونکە عارەبانەکەی بە کاری کەس نایەت. تا کورەکەی گەورە دەبێ دەساڵی پێدەوێ و تا ئەو کاتیش عارەبانەکەی لە ژێر بەفر و باراندا دەڕزێ.)

پیرەمێرد هەستا، دەرگای تەویلەکەی کردەوە و لە ئاسمان راما. سەرمایەکی تازە بە ژوورەکەدا گەڕا. وشك و کوشەندە بوو. ئۆرهان وتی: (دایخە. دایخە.) وە پیرەمێرد بە دەستوبرد دەرگاکەی قەپات کرد. وتی: (پیاو دەتەزێ.)

ئۆرهان خەوی دەهات. وتی: (ئەی چۆن بخەوین؟)

پیرەمێرد وتی: (من رادەوەستم تا وڵات روون دەبێتەوە پاشان دەڕۆم.) شقارتەکەی داگیرساند و بە جوانی سەیری هەموو شوێنێکی کرد. دیسان شقارتەی لێدایەوە و لەسەر ئاخوڕەکە رایگرت. وتی: (وەرە لێرە بخەوە.)

ئۆرهان بەنێو وڵاغەکاندا پەڕیەوە، گەرمایەکی دڵنشین دزەی دەکردە نێو هەوا ساردەکە. وتی: (شقارتە لێدە.) وە پیرەمێرد لێیدا. ئۆرهان سەیری ئاخوڕەکەی کرد. پڕ بوو لە ورکە بەرد. وتی: (لێرە؟)

(ئەرێ بخەوە مەترسە.)

بە ئاخوڕەکەدا هەڵگەڕا و لە نێوەڕاستیدا دانیشت. لاقەکانی راکێشا، وتی: (لێفەیەك، شتێك.) وە لەو تاریکییەدا هەوڵی دەدا سەیری دەورو تەنیشتی بکا. پیرەمێرد بە دەنگێکی تیژ پێکەنی. ئۆرهان لاقەکانی کۆ کردبوونەوە. وتی: (چی بە خۆدا بدەم؟)

پیرەمێرد وتی: (ئەگەر لە دڵت گران نایەت دوو دانە کورتانی لێیە.)

ئۆرهان دەستەکانی بەرەو یەخەی باڵتەکەی برد و لە سەرمان هەڵ لەرزی.

وتم: (بە ڕێگای قەرزخۆرەکاندا تێدەپەڕیت؟)

وای دەزانی کە ئەگەر رووی لەو لای دیکەبێ، من نایبینم. وتی: (ئۆرهان، سڵاو.)

بۆ سەربازی چوو بوو. سەریان تاشی بوو و چاوەکانی بە قووڵدا چووبوون.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەیازی پاسەوان دەیوت: (جەمشید رۆشتوە بۆ سەربازی، خەریکە دەبێتە بەشەر.) کورێکی خراپ نەبوو. نازانم لە کوێرا سەرو تەرحی پەیدا بوو و لە ناکاو بە بێ دەنگی لە دونیا رۆشت. وە لەبەرچی ئاواڵی من بوو. کاتێ بەو باڵا درێژەی لەبەر دەرگای ماڵێ چاوەرێی دەکردم، هەر بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن چۆنی وەرمز نابێ. هەر بەسەر پێوە، پشتە لاقێکی بە دیوارەکەوە دەنا و پاڵی دەدایەوە تا ئەو کاتەی من دەهاتمەوە. وتم: ( ئەگەر دەتەوێ لەگەڵتدا بێم، دەبێ پشوو راگری تا لە حەمام دەگەڕێمەوە. )

سەری دەخوارند و زاری لار دەکردەوە: (حەمام؟ ناکرێ نەڕۆی؟)

وتم: (حەوتوویەکە نەچووم.)

(چەندەت پێدەچێ؟)

(سەعاتێك. رەنگە دووسەعات.)

(زۆرباشە. رادەوەستم. بەڵام توخوا زووتر بگەڕێوە.)

جەمشید نەیدەزانی - یان رەنگە دەیزانی و گوێی پێنەدەدا- کە من هەر کاتێ دەچوومە حەمام زۆر بە حوسەڵە لە نێو هەڵمە گەرمەکەیدا خۆم دەخلافاند و هەر خۆم دەشوشت، سور هەڵدەگەرام، ئاوم دەخواردەوە، ئارەقەم دەکرد و دیسان ئاوێکی دیکەم بە خۆمدا دەکردەوەو. کاتێ دەهاتمە دەر، دەیلاق هەر بەو جۆرە پاڵ لە دیوار، وەك ئەو کاتانەی دەهاتە بەر دەرگای ماڵمان، چاوەرێ دەمایەوە. ئەوجار دەموت: ( دەی. دەیلاق، بچینە زگ مارتا؟ )

ئۆرهان گۆیی لە بێدەنگی بەفرەکان راگرتبوو. نەیدەزانی چ دەقەومێ. وە لێی روون نەبوو کە داخوا ئایدین دەبینێتەوە یان نا. دڵنیا بوو کە زیندووە و پڕ بە دڵ حەزی دەکرد بڕیارە دواجارەکەی تا سەربێ، کارەکەی یەك سەر بکاتەوەو ئەو جار کە لە ئایدین بێ خەم بوو بچێ دوای چەرمەسەری و بەدبەختییەکانی خۆی بکەوێ. ئەمەشی دەزانی کە دەتوانێ زۆر بە هاسانی ئەو لە شوێنێك ببەستێتەوە، پێویستی نەدەکرد بیخنکێنێ، یان دڵۆپە خوێنێکی برێژێ، تەنانەت پێویستی نەدەکرد مستێکیشی لێبدا، هەر ئەوەندە بەس بوو کە لە نێو بەفرەکاندا بەجێی بێڵێ. دەیتوانی هەر لەم چوارچیوەشی ببەستێتەوە. تەنانەت دەیتوانی لە شاخیرا هەڵیدێرێتە نێو تاڵاوەکە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تا زووتر گیانی بەخت بکا. چوونکە باوکە دەیوت: (شوێنی مردوەکان تا فێنکتر بێ، ئازاریان کەمترە.)

وە ئێمە گۆڕی ئایدامان ئاوپرژێن دەکرد. دایکە شووشە گوڵاوێکی بە دەستەوە بوو و من چاوەڕێ بووم تا بۆنی گوڵاوەکەی بڵاو بێتەوە. ئایدین وتی: (ئەوەیکە نەدەبوو بیکێشێ، کێشای. ئێستا ئیتر درەنگە.) لەسەر گۆڕەکەی راوەستا بوو و سەیری ئاسمانی دەکرد. ئەو رۆژە کۆت و شەرواڵێکی سوورمەیی لەبەردا بوو و مل پێچێکی زەریف و ناسکی بەسەر کۆتەکەیدا شۆر کردبۆوە. باوکم کە سەرقاڵی خوێندنەوەی ئایەتێك بوو، سەری هەڵێنا و لەبن چاوەوە سەیری کرد. پاشان بە گوێمدا چرپاندی: (رەنگە بەتەمایە سەعات چواری پاش نیوەڕۆ بچێتە ئەرمەنستان.) وە ئایدین هەروا سەیری ئاسمانی دەکرد. دەتوت دابەزینی چەتربازێکی[ پەرەشووت] خستوەتە ژێر چاوەدێرییەوە. کە منداڵ بووین هەمیشە جل و بەرگێکی یەکڕەنگمان لەبەر دەکرد. دایکە دوودانە کولیچەی دەدایە دەستمان و دیوت: (بڕۆن یاری بکەن.) ئێمە فێر بووین کاتێ بۆ شوێنێك دەچووین، دەستی یەکتر بگرین. دایکم جارجار دەیناردین دوگمەیەك، تورێك، شتێك بکرین. وە جار ناجارێکیش دەچووینە کارگەی بەرهەم هێنانی پەنکەی لۆرد. من و ئایدین دەست لە نێو دەست بە رێگا لێژەکەی کارگەدا هەڵدەهاتین. کارگەکە لەو خوارە هارە هاڕی لێ هەڵدەستا و کرێکارەکانیش بە بەرگە زەردەکانیانەوە، بە بەردەوامی پەنکەکانیا لە کارتۆن دەخست و لە حەوشەی کارگەدا لە باریان دەکرد. تا ئەو کاتەی من دەمخوێند پێکەوە دەچوینە قوتابخانە، لە منداڵەکانی دیکە شەڕانگێزتر و بەدفەڕتر بووین و من منداڵە رودارو لاسارەکانم پێشان دەداو ئایدین رایدەکێشانە بن دیوارێك، سێ چوار زللەی لەبن گوێ دەسراواندن. دەیوت: (لە بیری نەکەی ئۆرهان برای منە.) وە کاتێ سوورێژەم گرت، بە کۆڵی خۆی، لە قوتابخانەڕا منی هێنایەوە ماڵێ. بەڵام دەوران هەمیشە یەك جۆر نەبوو. رۆژانی باش و خۆش هەبوون و رۆژانی خراپ و ناخۆشیش هەبوون. وە ئێمە تا گەورەتر دەبووین خراپتر دەبووین.

ئایدین وتی: (لەم وڵاتەدا بەر لەوەی بگەینە تەمەنی سی ساڵی، دەفەوتێین. تۆ بە جۆرێك، من بە شێوەیەك، ئایداش بە شێوەیەکی دیکە.)

من وتم: (مۆڵەتنامەی دوکان دەبێ بە ناوی من بکرێ، کاکە.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتی: (قەیدی ناکا. با بە ناوی تۆ بێ.)

وتم: (پێویستە رازینامەی شەریکەکەم مۆری نوسینگەی لەسەر بێ. بەڵام ئێمە شەریك نین. براین.) بۆ سبەی مۆڵەتنامەکەم بەناوی خۆمەوە تۆمار کرد. ئەیازی پاسەوان وتی: (دەدانە هەنگاو کەوتیە پێش. ئێستا...)

دایکە وتی: (بێ جێت کرد. بۆچی باوکت لە گۆڕدا دادەچڵەکێنی.هەر چییەکتان هەیە نیوانیوی بکەن.)

بە ناچار وازم لە تاپۆ و مۆڵەتنامە هێنا. شەوێ لە ژوورەکەمدا لەبن پەنجەرەوە سەیری ئاسمانم دەکرد، دەنگی داڵغە و چاو تروکاندنەکانی ئایدین لە ژێرخانەکەرا دەهاتە بەر گوێم و تاکو چاوم بەست دیتم بە چەقۆیەك دەیەوێ شووتیە سورەکەم لە ناوەراستەوە قاش بکا. لە رووناکیدا بە جوانی دیتم. بیرم هاتەوە کە فەردە پیستەکانم بە چل پلیکانەدا هەڵگیر داگیر کردبوو. ئەمە ویژدان نییە. ئەوکات ئایدین بە بەتاڵی دەسوڕایەوە و دەیخوێند. وە ئەوە من بووم کە لە دوکاندا شانم وەبەر کارکردن نابوو. بە باوکەم وتی: ( گا دەیکا و کەر دەیخوا.) نا. ئەمە ویژدان نیە. ئەو هەمووە زەحمەتە، ئەو هەموو ساڵە، وتم: ( دایە چما من نەمدەتوانی بخوێنم؟)

وتی: (چەندم پێ وتی؟ بتخوێندبایە.)

ژیان تاڵ بوو. تاڵ بوو وەك ژەهری مار. شەوانە تا لێی دەدام و بە رۆژیش ئازارم دەبینی. دەموت: (خوایە ئەوەیە دادپەروەریەکەت؟ نیواو نیو؟) وە لە پەنجەرەرا سەیری دوکەڵی سووبەکەم دەکرد کە بەروە لای قەلەرەشەکان درێژ دەبوونەوەو بە نێو لقی دارسنەوبەرەکاندا ون دەبوون تاکو قەلەرەشەکان لە بیریان نەچێ بەیانی، کاتی رۆژ هەڵاتن، بڵێن: (بەفر، بەفر)

ئێستا دڵنیام کە زیندووە. نەخۆشیش ناکەوێ. بەڵام ددانەکانی هەر هەموویان کرمەوڵن و لەتوانایدا نییە نان و گوێز بخوا. چێشتەکانی دیکەشی پێ ناجوێ. پتر شۆرباو دەخوا. رۆاڵەتی وەك پیرە پیاوە کەنفتەکان دەچێ. بەڵام حەجمینی نییە. لە شەوێرا تا کەرەی پیرێژن هەر بەخەبەرە و نازانم لەدوای چی دەگەڕێ.

باوکە پرسی: (لە چی دەگەڕێی؟)

ئایدین وتی: (لە خۆم.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەرەتا وام بیر دەکردەوە کە رەنگە جنۆکەی لەگەڵدا بێ، بەڵام وانەبوو زانیم کە بۆخۆی خۆی ئازار دەداو هەر پتر بە ناخی خۆیدا رۆدەچێ. هەموو شتێکی بە پێچەوانەوە بوو. ئاشق بوونەکەشی وەك بەشەران نەدەچوو. لە سوێی ئەوینی کچە ئەرمەنییەکی قژکاڵدا دەسووتا کە ناوی [سوورمە] بوو و، لەمێژ بوو کە لە کارگەی دارتاشیدا کاری دەکرد. هەرچەندی پەیدا دەکرد کتێبی پێ دەکری و، هەمیشەش پێی وابوو شاعیرە.

باوکم پرسی: (لەچی دەگەڕێی؟)

وتی: (لە خۆم.)

لەوە زیاتر چاوەروانی لە کەسێك نەدەکرا کە لە دوای خۆی بگەرێ و سەنجام بە شێت بوون بگا. شێتێکی بێ ئازار کە تەحمولیش نەدەکرا. لە خوار کاروانسەرا، لە ئاپۆرەی بارهەڵگرەکان رۆژی بە شەو دەگەیاند و شەو بە دوامدا دەهات تا دەگێشتینەوە ماڵێ. سڵاو و چاك چۆنی لەگەڵ هەموو کەسێکدا دەکرد، پرسیارێکی لێدەکردم یان داری کارەباکانی دەبژاردن.

وتی: (کاکەبرا دەبینی، وا دوو حەوتووە کە بەردەوام بەفر دەتەپێنێ.) لە کڵاورۆژنەی میچە گومبەزییەکەی کاروانسەراوە سەیری ئاسمانی دەکرد و وتی: (هێندەی لە زیادە تێ تەپاندووە، کە بۆ خۆیشی شەرم لە خەڵکی دەکا. ئێستا ئیتر بە شەو، لەو کاتەیدا خەڵك نووستوون کاری خۆی دەکا.) بەفر لە ڕادە بەدەر و بێ ڕەزا ببوو. هەر ئەم بەفرە نەفرەتییەی کە منیشی ئاوارە کردووە، بە رۆژ هەورە و شەوانەش تا بەیانی یەك پشوو هەر دەبارێنی.

وتی: (توخوا وانییە، کاکە برا؟)

پێکەنیم. وتم: ( ئازادی. هەر چەندت پێخۆشە قسە بکە.)

هاتە دوکان. مشتێ گوڵەبەرۆژەی کردە گیرفانی و لەسەر تەلیسێکی پڕ دانیشت. وتی: ( کاکە برا، پارەم بدەیە دەچمە حەمام.)

من لەپێش دەرگای دوکان راوەستابووم، بە شاگردێکم وت کە پارەیەکی دوو تمەنی پێبدات. ئایدین وتی: (کاکە برا، پێی بڵێ با زۆرترم بداتێ، دەمەوێ چاییەکیش بخۆمەوە.)

وتم: (لێرە چای لێیە؟)

وتی: (چا هەر چایی چاخانەکەی شۆرەکاتە.) وە هات و لە تەنیشم راوەستا. کەمێ ماندوو دیار بوو. دەنگی وەك ناڵە کردن دەچوو. وتی: (برادەر، دەبێ ئیتر بارو بنەمان تێك بنێین. خراپە لە ڕادە دەرچوە.)

وتم: (بۆ کوێ بە تەمای خوا؟)

وتی: ( [زابۆل ].رەنگە [ کابۆل ] یش.)

وتم: ( خێرە. دیاریت لە یاد نەچێ.) وە لەچیرا بزانم کە دەڕوا و ئیتر ناگەڕێتەوە.

کە لە "ڤیلادەرە" گەراینەوە تێك چوو. دایکە وتی: (قامکێك ببە بۆ گەرووت رەنگە بڕشێیتەوە.) وە بۆخۆی قامکی لە قوڕگی راکرد. بەڵام ئەو نەیدەتوانی بڕشێتەوە. دایکە وتی: (چت خواردووە؟)

وتم: (ماستاو و کەباب و نان و هەر لەم بابەتانە کە هەموو کەس دەیخۆن.)

دایکە وتی: (خۆ تۆ هیچت لێ نەهاتووە؟)

وتم: (نا.)

وتی: ( ببیە لای دوکتۆر.)

حاڵی زۆر خراپ بوو. خراپتر لەو کەسانەی کە ئالوودە دەبن. بردمە لای دوکتۆر [نای دانۆف]. لە ژووری چاوەرێ کردندا دانیشتین. وتی: (سەرم دەڵێی بازاری مسگەرەکانە.)

بۆنی سیری کوڵاو لە نۆهۆمی سەرێ دەهات. وتم: (با نۆرەمان بگات.)

وتی: (دەڵێی لە نێو دڵمدا شیو دەکەن.)

وتم: ( دەبێ چەند رۆژێ پشوو بدەی.) لەخۆڕا دەست و لاقم دەلەرزین و لەرزێکی بێ ڕەزا هەموو گیانی داگرتبووم و دڵم زوو زوو لێێ دەدا. وتم: ( ئەعسابی خۆت ئاڵۆز مەکە. )

وتی: (دەڵێی سیمی قاپان لە لاقم دەکێشن.)

لە دڵی خۆمدا وتم: ( کەوابوو تێدا چووی.) سەری لە نێو دەستەکانی راگرتبوو و خۆی ڕادەژەنی. دەچووە پێش و دەهاتە دواوە. حەجمینی نە بوو. ئەو رۆژە لە بەیانیرا هیلاك و غەمناك بوو. کە نۆرە بە ئێمە گەیشت چووینە ژوور. دوکتۆر نای دانۆف، قەڵەوتر ببوو. وەکوو ئێستای

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مـن. لـە پـشت مێـزە قـاوەییـەکـەی دانیـشتبوو. بـە ریـشێکی پرۆفیـسۆری و گنجـە زۆرەکـانی نێـو چاوانییەوە. وتی: (کامەتان ناسازەکەیە؟)

بەدەست ئاماژەم لە ئایدین کردو دانیشتم.

دوکتۆر وتی: (چییەتی؟)

وتـم: (بـازاری مسگەرەکـان لـە سـەری دایـە. لـە نێـو دڵیدا شیو دەکـەن. سیمی قاپـان لـە لاقـی دەکێشن.)

دوکتـۆر وتـی: (بیبـەن بـۆ شـێتخانە.) مـەعایـەنـەی کـردو پێچـراوەیـەکـی بـۆ نووسـی. ئێمـە گـەڕاینـەوە. لـەرێـدا هـەرچیم دەوت، ئـەو هـەر قسەی خـۆی دەکـرد. وتـی: (چـرای سـەرسـەرم بکووژێنەوە.)

وتم: (حەتمەن تا لێی داوی.)

لەبن لێوەوە شتێکی وت و سەری لەقاند. چاوەکانی بە دژواری دەکردەوە، هەنگاوی گەورەی هەڵدێناو، دەستەکانی دەجووڵاندەوەو رێگاکەی بۆ نەدەناسرایەوە. وتی: (بوومەلەرزە)

وتم: (لە کوێ؟)

وتی: (تازەم زانیوە وڵاتێك کە شەڕ و ئـاژاوەی تێدا بـێ، بوومـەلـەرزە زوو زوو لێـی دەدات. دەپرسی لەبەرچی؟ دەی ئاشکرایە، پاشان کە دوکەڵ لە کەلەی شار هەستا، ئەودەم تێدەگەی.)

جاری وابوو شێعری دەوت، هێندێ قسەی بە زاردا دەهات کە تا بە ئەوکات لێم نـەبیستبوو. دایکە وتی: (چت بە جاندانەیدا کوتاوە؟)

وتم: (من؟) وە بە بێ مەیلی خۆم، سۆراغی ژنە فاڵچییەکەم گرت و هێنام. دیسان نەمدەتوانی بە دایکم بسەلمێنم کە من بێ تاوانم. ژنە قاڵچییەکـە وتـی: (خێرێك بکـەن. ئـەگـەر لـەوە زیـاتر بـدوێم خزم و تۆرەمەتان تێدا دەچێ.)

دایکە پەرێشان بوو. پەرێشان. پەرێشان. حەجمینی نەبوو هێچیشی لە دەست نەدەهات. وتـی: (رەنگە کەسێکی دیکە وای لێ کردبێ.)

ژنە فاڵچییەکە وتی: (واش دەبێ هەر شوکرانە بژێر بێ.)

وتم: (دایە پرسیار لە خۆی بکە. یانی پێت وایە کەسێك لە جاندانەی دابێ؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ژنە قاڵچییەکە وتی: (بەم جوورەی کە دەردەکەوێ خۆی وای بەسەر خۆیدا هێناوە.)

دایکە وتی: (نازانم.) وە گریا. بە پلیکانەکاندا دادەگەڕاو، دیسان دەگەڕایەوە بۆ سەرێ. پەنجەرەکەی دەکردەوە و، پاشان دەیبەستەوە. نەیدەزانی چی بکا.

ئایدینمان خەواند. لەسەر قەرەوێڵەکەی من. نەدەخەوت. بردمانە خوارێ بۆ هەمان سەرسرِخانەکەی خۆی. بەڵام لەوێش هەڵدەستاو دیسان دەهاتوو دەچوو. دایکە وتی: (بچۆ لای دوکتۆرێکی دیکە؟)

دوکتۆر [شوشانێك] وتی: (لە کەنگێرا وای لێ بەسەر هاتووە؟)

وتم: (چەند رۆژە کە حاڵی ئاسایی نییە بەڵام ئەمرۆ بێ تامی کردووە.)

دایکە وتی: (چوونە کوێ؟ چیتان خوارد؟)

وتم: (چووینە ڤیلادەرە، نان و کەبابێکمان خواردو گەڕاینەوە.)

دوکتۆر وتی: (ناشێ ئالوودە بۆ بێ. لە ناکاو داچڵەکیوە.) وە خوێنی لێ گرت بۆ تاقیگە.

ئایدین لێوە لەرزی گرتبوو. خێرا خێرا لێوە کانی دەجوڵاندەوەو هێندێ بابەتی دەوت کە ئێمە لێی تێنەدەگەیشتین. خۆی لە شوێنێك پێ رانەدەگیرا. دوکتۆر شووشانێك بە دەرزییەکی قەوی خەواندی. وە رۆشت. دایکە بە پەرۆیەك بەردەوام قاچەکانی فێنك دەکردەوە و فرمێسکی هەڵدەڕشت. پێی وابوو لەرزو تای هەیە. من لەپێش دەرگا، لەسەر پلیکانەکان راوەستابووم. دایکم بە نەفرەتەوە سەیرێکی کردم کە لەبەر چاویدا بوم بە دڵۆپێك ئاو.

وتی: (ئاخرەکەی دەستی خۆت وەشاند؟) وە سەری داگرت بەسەر لێواری قەرەوێڵەکەی ئایدیندا و تێرتێر گریا.

بەڵام بریا ئێستا زیندوو دەبوو و دەیبینی کە من چی دەکێشم، ئەگەر دەیبینی کە من چۆن لە دەست ئەم بەشەرە وەزاڵە هاتووم کە زۆر جار ناچاردەکرێم بە زنجیرە لە نەردەی هەیوانەکەمانی ببەستمەوە، ئەودەم گریانی بەحاڵمدا دەهات.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# مۆڤمەنی دووهەم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# 1

ئەو رۆژەی باوکە بەشەدوکانی شەریکەکەی کرییەوە، لەرادەبەدەر پێخۆش بوونی دەردەبڕی. خۆش نووسێکی بۆ یۆسف -کوڕە گەورەکەی- هێنایەوە کە مرکەبی دەدایەوەو سەرئەنجام پەنجەی خۆی شیین کردو مرەکەبەکان بەسەر فرشەکاندا رژاو دایکە ناچار بوو راخەرەکان بشوات. باوکە وتی: (منداڵێکی گێژو سەیرە!)

یۆسف منداڵێکی سەیر بوو کە زووش باوەڕی بە هەموو شتێك دەکرد. هەرکەس حەزی لێبا دەیتوانی زۆر بە هاسانی تەفرەی بدات، تەنانەت پیاو دەیتوانی بە درۆیەکی سادە سەری بەبن ئاوی حەوزەکەدا بکا. هرووژانەکەی لەرادەبەدەر بوو. نە لە توانایدا بوو لەسەر خۆی وەجواب بێ و نە دەشیتوانی خۆی لەبەر نەخۆشی و ناسازییەکاندا رابگرێ. بۆ گریان هەمیشە قوژبنێکی هەڵدەبژارد و چەندین سەعات لەسەر یەك سەرقاڵی گریان دەبوو. بێ دەنگ و بێ نیاز بوو. وەك ئەو پیاوانە دەچووە کە نەخۆشی شەکرەیان هەیە، بەڵام ئەم لە رۆژدا بۆ یەکجاریش میزی نەدەکردو هیچ دەردو کەسەرێك ئازاری نەدەدا. رەنگ پەڕیو و داهێزاو و غەمناك دەهاتە بەرچاو. لەتوانایدا نەبوو چاو لە چاو ببڕێ. کاتێ بانگیان دەکرد، دەگەرایەوە، بۆ چەند ساتێ رادەماو ئەوجار دەیوت: (بەڵێ؟)

باوکە وتی: (بەڵێو زەهری مار بۆچی سەری کەپووت شین کردووە؟)

(ها؟)

باوکە بۆ سەرقاڵ بوونی ئایدین زەرەبینێکی ئەڵمانی بۆ کرییوو بەڵکو ئیتر شووشەی چاویلکەی کەسی دیکە نەدزێ، ئەویش چۆن؟ مانگێك لەوەپێش باپیرە لەگەڵ کچ و کوڕەکانی، پاش

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شەش ساڵان لە ورمێیەوە هاتبوو بۆ ئەردەبیل کە سەردانی جابرو سابیری کوڕی بکا. سابیر لە فەرمانگەی شارەوانیدا ببوو بە راوێژکارو باوکەش کە بەردەوام کوڕی کاروکاسپی بوو، لەوێ بەشە رەزەکەی خۆی فرۆشت و لێرەش شەو و رۆژگاری دەکرد تا لە کاروانسەرای چەرمس فرۆشەکاندا دوکانێکی پێکەوەنا.

کاتێ شووشەی چاویلکەی باپیرە لە جانتاکەی ئایدیندا دیترایەوە ئیتر درەنگ ببوو. چونکە باپیرە بە چاویلکەیەکی یەك شووشەیی بە پەلکوتان گەرایەوە بۆ ورمێ. وە ئەم سەفەرە داویین سەفەر بوو بۆ ئەردەبیل. باوکە دەیوت: (بەدڵێکی خۆش نەرۆشتەوە.)

باپیرە پیاوێکی سەیر بوو، هێندێ بەسەرهاتی سەیرو سەمەرەیان لێ دەگێرایەوە. باوکە لەسەر ئەم بڕوایە بوو کە کەشفەرەقییەکەی لەرادەبەدەرە، چونکە باپیرە چل ساڵ لەمەوبەر بەردی بە حکومەتی قاجار فرۆشتبوو بەڵام پارەکەی دەست نەکەو تبوو. شای پێشوو مرد و شای تازە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو. باپیرە دیسان داواکارییەکەی خستبووە بەردەم ئەمیش و ئەوان بە باپیرەیان راگەیاندبوو کە گوایە زەمانە گۆراوە. بە دوای ئەم وەڵامەدا، سی و نۆساڵی رەبەق باپیرە سکاڵانامەی بۆ هەموو شوێنێك دەنووسی و رایدەگەیاند، چەند جاران سەردانی تارانی کرد، چەند جار چوو بۆ تەوێز، هەموو تەقەلاکانی بێ هوودە بوون. ئەویش بۆ برە پارەیەکی قەشمەری، بۆ سی و سێ تمەن و دوو قران بە نێو فەرمانگەکاندا دەگەڕا، هەر سکاڵا نامەی نوسیبوو، گازندە لەسەر گازندە و، دیسانیش هەربێ هوودە بوون. لەسەر دەمی رەزا شادا سکاڵانامەیەکی دوورو درێژی نوسیبوو کە داوای کردبوو بە هاواریەوە رابگەن، بەڵام سکاڵانامەکەیان لێدڕاندبوو و ئەو سەرلەنوێ نووسیبویەوە. تەنانەت لە بارودۆخی شەڕی نێو نەتەوەییدا بەو هیوایەی کە بتوانێ داواکاریەکی بباتە سەر، هێندێ کاری کردبوو، نامەیەکی زۆری نوسیبوو، چەندین گازندەی راگەیاندبوو و خۆی بە ماڵی ئەم و ئەودا کردبوو. لە دوایین سەفریدا بۆ ئەردەبیل هەموو فایلەکانی لەگەڵ خۆیدا دەگێڕاو بەردەوام باسی سی وسێ تمەن و دووقرانەکەی دەکرد. باوکە بەتەمابوو سی وسێ تمەن و دوقرانەکەی بداتێ و ئیتر کۆتای بەم کێشەیە بینێ، بەڵام باپیرە دەیوت تا بە ئێستا باجی لە کەس قبوڵ نەکردووە و دەست لە مافی خۆیشی هەڵناگرێ. بۆ چەند رۆژان لە ماڵی جابری کوڕی مایەوەو گەرایەوە بۆ ورمێ. پاش دوو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ساڵ بەدوای ئەو سەفەرەیدا، کاتێ روو لە قیبلە ئاوی تەبەڕووك کراویان بە زاریدا دەکرد بە منداڵەکانی وت: (رێگە بە کەس مەدن مافتان پێشێل بکا، تێدەگەن؟ ئەمە تەنیا وەسیەتی منە بۆ ئێوە.)

باوکە دەیوت: (حەتمەن لە دوا ساتەکانی ژیاندا چاویلکەکەشی لە بیر نەکردووە.)گریا و وتی: (بە دڵێکی خۆش نەرۆشتەوە.)

پاش ئەوەیکە ئایدین لە قوتابخانە گەڕایەوە، باوکە وتی: (سەگ باب، بەتەما بووی چی لە شووشەی چاویلکەکەی باوکم بکەی؟) ئایدین ئاگای لە دیتنەوەی شووشەی چەویلکەکە نەبوو، هەر بەم مەبەستە سوێندی خوارد کە ئاگای لێنیە، باوکە وتی: (پەك ودووم لەگەڵدا مەکە.) ئەوی برد بۆ حەوشە، بە گورسێك لە دارسنەوبەرەکەی بەستەوەو بە قایشەکەی خۆی هێندەی لە دەست ولاقانی سرەواند کە بۆ خۆی پشوی سواربوو. بەڵام بێ هودە بوو چونکە ئایدین هەر حاشای لێدەکردو وەئەستۆی نەدەگرت و،بەم جوورە توورە بوونی باوکە پتر دەبوو و دیسان لێی دەدایەوە. یۆسف ئەو دەم نۆ ساڵی تەمەن بوو و لەوبەر هەیوانەکەڕا دەگریاو دەینەڕاند. باوکە وتی: (سەگ باب، تۆ بۆ دەزەڕێنی؟)

دایکە بەو هانەسە تەنگییەوە، تا هات خۆی بگەێنێتە کوڕە تاقانەکەی، باوکە بە شلاق ئەوی رەش وشین داگەڕاندبوو. بە روو گرژییەوە یەکراستە لە پێش باوکە راوەستا، قایشەکەی لە دەست ستاند وقیژاندی: (چیت پێداوە بۆ لە منداڵە کەم دەدەی؟)

باوکە وتی: (منداڵی منیشە.)

دایکە ئیتر قسەی نەکرد. بە فرمێسك رشتنەوە ئایدینی لە دارەکە کردەوەو لەگەڵ خۆیدا بردی. ئایدن لەبەر ئازاری لاق و کەمەری بۆ سبەینێکەی نەچووەوە بۆ قوتابخانە. لە ماڵێد مایەوەو دایکەی کوندە جەرگ کرد.

ئەو رۆژەی کە باوکە بەشەدوکانی شەریکەکەی کڕیەوە، بە شێوەیەکی سەیر پێ خۆشبوونەکەی دەردەبڕی. گەمانەیەکی بۆ ئۆرهان کڕی کە ئەو کات پێنج ساڵی تەمەنی بوو و گەمانەکەی کامیۆنێکی نیمچە ئاسنی بوو کە دوازدە دانە تەگەری هەبوو. وە ئۆرهان هەرکات بە پەتکێك بەدوای خۆیدا رایدەکێشا دەنگی (غڕ ،غڕ ،غڕ ) ی لێ بەرز دەبوەوە. ئایدین بەردەوام لە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بۆ سەدا بوو تا ئۆرهان خەوی لێ بکەوێ، یان بۆ ساتێ لێی خافڵ بێت و ئەو کات کون بەکونی کامیۆنەکەی دەپشکنی، تاکو بزانی داخوا ئەم دەنگە لە کوێرا دێتە دەر. جەرگ و دڵی کامینۆنەکەی هەڵدەرشتە سەرعەرزیو سەرلەنوێ لەسەر یەکی دەخستەوە و دیسان تێنەدەگەیشت.

پاش چەند رۆژان بە دارو غەرغەرە و تێڵ و هێندێ لە مرەکەبی خۆش نووسەکەی یۆسف، کامیۆنێکی دروست کرد کە دەنگی لێ هەڵنەدەستاو تەگەرەکانیشی نەدەسوڕایەوە. دیسان چووە زگ کامیۆنەکەی ئۆرهان، لەت بە لەتیکردو، دیسان وەکوو خۆی لێکردەوەو دیسانیش سەری لێ دەرنەکرد. پاش پێنج ساڵی دیکە گەلاڵەیەکی بۆ ئامادە کرد: بە ئاسنەواڵە و دارو قوتوە تەنەکە و کەلوپەلی دیکە کە لە کارگەی بەرهەم هێنانی پەنکەی لۆرد خڕی کردبوونەوە، کامۆنێکی دروست کرد. هەروەك کامیۆنەکەی ئۆرهان، هەم دەنگی لێوە هەڵدەستاو هەم دەرۆشتیش و چراکانی پێشەوەی هەڵدەبوون. بەڵام ئەم داهێنانەی بە نرخی تێکدانی کامیۆنەکەی ئۆرهان دروست کردبوو.

باوکە وتی: (جاشەکەر، چما زەرەبینم بۆ تۆ نەکڕی؟ چیت لە ماشێنی ئۆرهان داوە؟ )

باوکە نەیدەزانی چۆن چۆنی پێخۆشبوونەکەی دەربڕی. لەخۆڕا پیاسەی دەکرد. لە نۆهۆمی خوارێرا دەچوە سەرێ، بن راڕەوەکە، ژووری میوانان، هۆدەکەی ئەوبەر. وە پاشان هەر لەخۆڕا پەنجەرەی دەکردەوەو چاك وچۆنی لەگەڵ دراوسێکان دەکرد. دەگەڕایەوە بۆ هۆدەکەی خوارێ بە دایکەی دەوت: (ئەگەر منداڵەکان لێ هاتوویبان هەبێ پاش چەند ساڵی دیکە دەتوانن دوکانی سەر سووچەکەی کاروانسەراش بکڕن کە ئەگەر لەسەر یەکیان بخەینەوە...) بەڵام کەس گوێی بۆ رانەدەگرت.

بووکێکی پلاستیکی بۆ ئایدا کڕی کە ئەمریکایی بوو و هەرکارتێ دەیناگوشی زیقەی لێ هەڵدەستا. بووکەکە بە بەردەوامی لە باوەشی ئایدا بوو و بە نەوازیشتە نەرم و نیانەکەی ئایدا دەنگی لێوە نەدەهات. ئافرەتێکی پێست رەش بوو کە هەر کات بە توندی دەستیان بۆ دەبرد گرێ دەکەوتە نێو چاوانی و زێقەی لێ هەڵدەستا. زیقەکەی وەکوو شیوەنی ئافرەتە جووکنەکان دەچوو. پاش ئەوەیکە ئایدین لێدانێکی خەستی لەدەست باوەکە خوارد، بۆ خۆ سەرقاڵ کردن، بووکەکەی برد بۆ ژووری سەرێ، بە ددان ئامێری دەنگەکەی دەرکێشاو ئەودەم زانی کە ئەو زیقە زیقە لەو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دوگمـە چووکـەڕا دێتـە دەر. دووگمـەکـەی بـە ددان گـرت وفـوی پێداکرد. کـەیفی پێدەهـات و بـە شـێوەیـەکـی سـەرسـووڕ هێنـەر دەتریقایـەوە و دیـسان تێـی دەتورانـد. پاشـان ئایـدا لـە حـەوشـەڕا زیقەزیقەکەی بیست و، کاتێ لـە پـەنجـەرەوە سـەیری دەرەوەی کرد، چاوی بـە ئایدین کـەوت کـە لاسایی بووکەکەی دەکاتەوەو دەزیقێنێ. چوو بۆ حەوشەو باشتر لێی ورد بوەوە، بەڵام سەری دەر نەکرد. تەنانەت لە نزیکیشەوە سەیری دەکرد و دیسان سەری لێ دەرنەکرد. ئایدین وتـی: (پاڵم پێوەنێ.)

ئایدا پاڵی پێوەداو ئایدین زیقەی لێ بەرز بوەوە. هەروەك بووکەکەی. ئەوجار ئایدا سۆراغی بووکەکەی گرت وهەرچەند گریاو ناڵاندی نـەیتوانی سکاڵاکەی بـە گوێی کـەس بگـەیـەنـێ. هـەر لـەبـەر ئـەو هۆیـە بڕیـاری دا بۆخـۆی تۆڵـە بکاتـەوە. کـاتێ ئایـدین خـەریکـی دەسـت تێـوەردانـی خۆشنووسەکەی یۆسف بوو، ئایدا بـە هـەموو دەمـای خـۆی قـەپـاڵێکی لـە گوێی ئایدین داگرت کـە نـەعرەتەی لێ بەرز بوەوە: (سووتام.)

ئایدا وتی: ( زیقەی بوکەکەم بدەوە.)

ئەو شەوە ئایدین لە لێدانێکی خەست رزگاری بوو، چوونکـە باوکـە لـەبـەر ئایدا خـوێنی خـۆی پیس نەدەکردو لەسەر ئەو باوەرە بوو کـە کچـی نێو مـاڵێ دەبێ فێری کابـانی بـێ، پـاش سـاڵانێکی دیکە کە منداڵەبار بوون ئیتر ئەو دەم لەگەڵ بووکی راستی بەرەو روو دەبێتـەوە. رۆژی دواتر کـە هـەینـی بـوو، ئایـدین بـە زەرەبـین و کاغـەزو تیـشکی خـۆر کـاتی خـۆی تێپـەر کـرد. منـداڵی دراوسێـەکـانی لـە دەوری خـۆی کـۆ دەکردەوە و بـەبـێ ئـاگر، دەفتـەری مـەشـق و کتێبـەکـانی لـێ دەسووتاندن. ئـەوجـار ئـەوان کاتێك مـشووری کتێبـەکانیـان دەخـوارد کـە کـار لـە کـار ترازابـوو و بڵێسەی گڕی کتێبەکانیان لەو هەوا پاییزیەدا کڵپەی دەدایەوە.

ئایـدین منـداڵێکی گـوێ ڕایـەڵ نـەبوو، شـەیتـان لـە ڕەگ و دەماریـدا دەخولایـەوە، دەیچرپانـدە گوێێیەکانی، ئەوی هاندەدا کە بەدفەڕی بکاو، ببێتە کورێك کە خەڵکی هەراسان بکاو ماڵیان وێران بکا. حەجمینی نـەبوو. شـەو تـا بـە ڕۆژ لـەدوای شتێك دەگـەڕا وەك هاوتاکـەی - ئایدا، لـە کـەشیرا گەرمایەکی سەیر دەهاتە دەر. شەوانە دوایین کەس بوو کـە خـەوی لێدەکـەوت و بـەیـانیش یـەکـەم کـەس بـوو کـە لـە خـەو هـەڵدەستا، دایکـە بـە خـواردەمـەنـی و پـارە و نازکێشان و گـەمـانـەو، بـە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەرشتێکیش کە بەردەستی بکەوتبایە ئەوی گەورە دەکرد و، باوکەش سەری لێ ئەستوور ببوو کە چی لەگەڵ ئەم بیژوەدا بکا. لەدەست سەرەکەشی ولاسارییەکانی وەزالە هاتبوو. قەتی دەوام نەدەکرد و هەردەم لە وانەکانیشدا بیستی [ دە ] وەردەگرت و باوکەش پتر سەری لێ سووڕدەما. بەڵام باوکە جگە لە لێدان و کوتان هیچ ڕێگا چارەیەکی دیکەی پێ شك نەدەهات و، هەر لەبەر ئەو هۆیە بوو کە قەت نەیدەتوانی دەستەمۆی بکا. سەر ئەنجام دەهاتە سەرئەم باوەڕە کە باشاری ئەم کوڕە تەمەن حەوت ساڵەیە ناکا. باوکە حەزی لە هێمنایەتی بوو، بە هیلاکی لە دوکان دەهاتەوەو دڵی بە منداڵێکی هێدی و لە دلآن شیرین دەکرایەوە کە ئەو بە خۆیەوە سەرقاڵ بکا. ئۆرهان لە هەموویان باشتر بوو. خۆی شیرین دەکرد، هەروەك یۆسف بێ دەنگ و لە سەرەخۆ بوو، لە رادەبەدەر پشتی بە دایك و باوکی دەبەست و، هەر ئەم بابەتە باوکەی رازی دەکرد. پارووی بە دەمیەوە دەکرد، شەوانە لەسەر کۆشی باوکی خەوی لێدەکەوت و، بە پێچەوانەی ئەو دوو جمکە قۆشمەیە، واتە ئایدین وئایدا، گوێ رایەڵ و پێمل بوو و هەموو حەزو هۆشی ئەوە بوو کە لەسەر کۆشی باوکی دابنیشێ و پستەی جووتراو بخوا. باوکە پستەی بۆ دەجاوی و لە زاری ئەوی دەکرد. ئەو کارە بۆ هەردووکیان وەك نەریتێکی لێهاتبوو.

یۆسف حەزی لێ بوو وەك ساڵانی پێشوو پستەی جووتراو بخوا بەڵام بەوە قانیع ببوو کە رابردووەکانی خۆی لە ئۆرهانی بچکۆلەدا ببینێتەوە. حەزی دەکرد بێ دەردیسەر، بەبێ ئەوەی بیانوو بگرێ، سەر بخاتە نێو قاپووری خۆیەوە و خۆی بە شتێکەوە هێندە سەرقاڵ بکا تا هەر لەوێ خەوی لێ بکەوێ. هێندێ جار لە قوژبنێك دادەنیشت، لە جوولەو قسەی خەڵك رادەماو زۆر بەهاسانی و پشوو درێژییەوە بەدفەڕی منداڵەکانی تەحەمول دەکرد. تەنانەت ئەگەر پەرداخێ ئاویشیان بەسەردا کردبایە، دەنگی لێوە نەدەهات. پێی وابوو کە ئەم شتە دەبوو حەتمەن رووی دابا. بەم جۆرە زیاتر لە هەرشتێکی دیکە، دوو جمکەکان دەبوونە هۆی سەرقاڵ بوونی ئەو. ئەوانی خۆش دەویست، خواردنەکانی خۆی دەدا بە ئەوان و خۆی لەوان نزیك دەکردەوە، بەڵکو دڵگەرمی و خۆشەویستی ئەو دوانە بەرەو لای خۆی راکێشێ. وە ئەوان دەستی یەکتریان دەگرت و دەچوون بۆ قوژبنێکی حەوشەکە، بە چەشنێك بەری سنەوبەرەکەیان لەسەر یەك هەڵدەچنی کە وەك پیرە قەڵایەکی نێو ئەفسانە کۆنەکان خۆی دەنواند.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

باوکە وتی: (یۆسف و ئۆرهان داویانەتەوە سەر خۆم.)

پاش تێپەڕینی ساڵانێکی تریش، لە شەوێکی سارد و زستانیدا، کاتێ باوکە تابن چەناگەی خۆی خزاندبوە ژێر لێفەی کورسییەکەی، دڵ نیگەران لە بارودۆخی ئایدین وتی: (نازانم ئەمە سەر کێی داوەتەوە، هەرچەند بیری لێ دەکەمەوە سەیردەکەم لە خزم و تۆرەمەکانماندا کەسی وەك ئەمەمان تێدا هەڵنەکەوتوە. نە ڕواڵەتەکەی، نە کردارەکانی، لە کەس ناچێ.)

دایکە وتی: (تۆ چاندووتە و لە منیش بەر بووەتەوە.)

(بریا دام نەچاندابایە و بریا لە تۆش بەرنەدەبوەوە.)

باوکە ڕواڵەتێکی جێ بەزەییانەی تێدا دروست ببوو، چاوەکانی تەنگ کردنەوە و بە دەنگێکی نووساو وتی: (دەڵێی منداڵی ئێمە نییە، نە پارووەمان لە دەست وەردەگرێ، نە نیازێکی بە ئێمە هەیە، نە کەسیش بە بەشەر حسێب دەکا.)

بەڵێ، پاش ساڵانێکی دیکەش، بەم ئەنجامە گەیشتبوو کە لەگەڵ ئەم بنەماڵەیەدا هەست بە نێزیکایەتی ناکا. بەدەفرییەکان و هەڵسووورانی سەردەمی منداڵی تێدا مردبوو، لە بوونیدا هیچ شتێکی نوێ بەدی نەدەکرا. دەتوت دووهەم جارە کە لەم دونیایەدا دەژی و ئەم جارەش ئەزموونی دەکاتەوە. هەستی دەکرد لەباری ڕوخساریشەوە وەك ئەوانی دیکە ناچێ. لە تەمەنی هەژدەساڵیدا هێندە کز و درێژ ببوو کە ئەو ناسکی و خوێن شیرینیەی جارانی تێدا هەست پێ نەدەکراو، ئێستا حاڵەتێکی غەمناك و پڕ لە تاسەی تێدا بەدی دەکرا. باوکە چاوەکانی شین و بچکولە بوون و مژۆڵی کەم بوو و، چاوەکانی دایکە، ئەگەر سوورمەو کلی زۆر پێدا نەکێشابایە - لەبەر ئەوەیکە شێوەی چاوەکانی ئایدین بداتەوە- هێشتا مەغوولی نەبوون. باوکە زۆر وردو کورتە باڵا، وەك مێوژی وشك مابوەوە. بە پێچەوانەی دەنگە زلەکەی کە پیاو سەری لێ سووڕ دەما ئەم دەنگە لە کوێرا دێتەدەر. دەنگێکی ساردو تیژ، وەك فەرمانی کاربەدەستەکانی ئاسایش.

باپیرە لە دووایین سەفەرەکەیدا وتبووی: (جابر هەمیشە بە دەنگەکەیەوە بەناو بانگ بوو. هەیکەلین یۆخ.([5]) ) وە دایکە کزو ناسك وتەنك بوو، وەك پەڕی کا. پرچێکی جوان و ڕەشی هەبوو و هەرکات بسکەکانی دەکردەوە، کەزیە درێژەکەی چین لەسەر چین لوولیان دەخواردەوە.

---

[5] بەمانای نا یان نەبوون.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەڵام ئایدین چوارشانەو کەڵەگەت بوو. برۆکانی کە ئەگەر چەند تاڵە مووی دیکەی تێدا شین دەبووەوە حەتمەن پەیوەست دەبوونەوە، ئەو چاوە باریکانەی و پرچە خاوەکانی کە بە کاکۆڵ سەر تەوێڵی دەشاردەوەو، ئەم هێمایانە هەموویان حسێبی ئەمیان لە ئایداش جیا دەکردەوە.

باوکە وتی: (سەیری ئەم جنۆکانە بکە، خەریکە بەدفەڕ دەبن.)

دایکە وتی: (دەی منداڵەکان... خۆدەزانیێ؟..)

باوکە وتی: (ئەم هەتیوە بە مەرگی ئاسایی نامرێ. خۆی تووشی چەرمەسەرییەك دەكا.)

دایکە وتی: (خوا نەکا.) خۆی گرژ کردو چاوی مۆن کردەوە: (ئەوە دەڵێی چی جابر؟ ئایدین تاقانەکەی خۆمە. هەموویان بەلایەکداو ئەمەشم بەلایەك.) خۆی بە قوربانی خەوتن و بەدفەڕییەکانی و بیرکردنەوەکانی وتەنانەت گریانەکانیشی دەکرد. دەیوت: (دەنگی وەك مەخمەر ناسکە.) باوکە ئۆرهانی لە ئامێز گرت، دەستە قوونجاوەکەی بە هەمووان پێشان دەدا کە بە کەس نەدەکرانەوە. بەتایبەت لەکاتی خەودا. باوکە وتی: (سەیری ئەو دەستانەی بکەن. ئەم کوڕە، ماڵ خڕ کەرەوەیە. ژیانی من دەکەوێتە نێو مستی ئەمە. کوڕی خۆمە. ئۆرهان.)

ئایدین سەرنجی بۆلای ئەم جۆرە قسانە نەدەچوو و پاش ساڵانێکی دی لەو ساتە وەختانەی کە چاوەکانی لە تاریکاییەکانی شەودا وێڵی دوای قەلەرەشەکان بوو، بیری هاتەوە کە قەلەرەشەکانی سەر دارسنەوبەرەکە قەت لە دەست ئەم ئاسوودە نەبوون. بە قۆچەقانی دەکەوتە سەریان. ئایدا ڕاهاتبوو کە بەردەوام چاوی لەم و لەو بێ و، لەو هەمووە خۆشەویستی و میهرەبانییە کە ئاراستەی براکانی دەبوون کەمێکی بەخۆیەوە نەدی و قەتی هەست پێنەدەکرد.

ئایدا هاوتای ئایدین بوو. بێ هیچ کەم وکووڕییەك. خەندان و ڕوو خۆش، بەدفەرو بە هەراو هۆریا. هەر ئەوەندە بەست بوو چاوی دایك و بابی لێ دیار نەبێ تاکو خانوەکە بەسەر خۆیدا خراپ بکا، براکانی دەحەپەساندو ئەوانی پێملی بڕیارەکانی خۆی دەکرد. سەرەڕای ئەمانەش، جوانییەکەی لە ڕادەبەدەر بوو و، ئەمە هۆیەك بوو کە باوکی ڕۆژ بە ڕۆژ نیگەرانتر بکا. حەزی دەکرد ئایدا کچێکی مەنگ، هێدی و بەحەیا، گێژ و گێل و تەنانەت لەباری عەقڵەوە دواکەوتوو بێ بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەو بە خۆ لووس کردن و جارجارەش گریانەکانی و، تەنانەت بەو ئەداو هێمایانەی کە لە ڕوخساریدا دروست دەبوون، حەزی لە هەر شتێك با بەدەستی دێنا. باوکە کە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەردەوام سەرقاڵی کاری دوکان و کاسپیەکەی بوو لـەنـەکاو هـەستی کرد گۆڕانکارییـەك لـە ماڵیدا رووی داوە؛ مناڵەکـان، بـەتایبـەت ئایدا، زوو هـەڵیان دەدا. زوو گـەورە دەبـوون. وەك چۆن خۆی هەموو ساڵێ، ساڵێك دەکەوتە سەر تەمەنی. بەڵام ئایدا خێراتر هەڵی دابوو و جوانتر دەبوو.

بە تێپەڕ بوونی زەمان باوکە ئەو خووە سـەرکـەشـە و بـەد فـەڕییـەی لـەودا کوشـت، لـەحاست هەموو هەژانە رۆحییـەکانیدا رادەوەستا و، کچێکـی شـەرمن وهێدی و بـەحـەیای لـە بوونی ئـەودا دروست دەکرد. بەڵام بە دەستی تەنیا بـا شـاری نـەدەکرد. یارمـەتی لـە دایکـە وەردەگرت و داوای لێدەکرد کـە دەبـێ ئایدا لـە چێشتخانەدا ببـەستێتەوە و ڕای بێنـێ. پێـی وتبـوو ئـەگـەر دەیـەوێ فێری بەرگدرون و دروومانی بکا لە چێشتخانەدا. تەنانەت ئەگەر دەیەوێ فێری گوڵچنینی بکا دەبێ هەر لەچێشتخانەدا بـێ. وە ئایدا لـەچێشتخانەدا دەترشـا و نمـی دەکێشا و خـووی بـە تـەنیاییـەکـی سـامناك دەگرت. نە هاوپۆلی هەبوو، نە بۆ کارێك لە ماڵ دەردەچوو و، تەنانەت کەسیش هاتوو چۆی نێو ماڵیی نەدەکرد. بـەرە بـەرە لـە براکـانی جیا دەکرایـەوە و خـو و نـەریتێکـی نامۆیانـەی تێدا دروست ببـوو کـە ئـەم رەوشـتە لـە هیچ کـام لـە موونـاتی ماڵیدا نـەدەبیندرا. مـەراقی لـەدەست ئـەو چـەرخـە دەخوارد کە حەتمەن شەو و رۆژ دەسووڕایەوە و، ئەم لـەهیچ شـوێنێکا جێـی بـۆ نـەکرابـوەوە. وەك ئەوەی بۆ ئەم مەبەستە لەدایك بووە کە تاك و تەنیا بـێ. لـە تـەمـەنـی یـازدەسـاڵیدا لـە خۆڕا تووشـی رۆمـاتیزم هـات و دوکتـۆر شوشـانێك پێـی وتبـوو کـە دەبـێ مـانگی جارێـك دەرزییـەکـی بـەهێـزی پنەسیرین لەخۆی بدا. لەوە بەدواوە هەموو مانگێك بۆ یەکجار، لەگـەڵ ئایدین سـەردانـی دوکتـۆری دەکرد. بە مل کەچی لەسەر تـەختـی نـەخۆشـخانە دەخـەوت و پاشـان بـە شـەلـەشـەل دەگـەڕایـەوە بـۆ مـاڵێ. بـە تـەنیـایی لـە چێشتخانەدا نـانی دەخـوارد، بـە تـەنیـایی قاپـەکـانی دەشۆرد، بـە تـەنیـا چێشتی لێدەنا، بە تەنیا دەخـەوت و وەك قـەرەواشێکی غـەوارە دەچـوو کـە تووشـی گـول بـوون ببـێ. کـەس پرسیاری نەدەکرد: (ئایدا لە کوێیە؟) تەنیا ئایدین نـەبـێ، کـە ئـەودەم باوکـە بـەسـەریدا دەیگووڕاند: (بێدەنگ بە؟) پاش ماوەیەکی زۆر کچێکی خۆ خۆر، پشوو درێژ، تێك شکاو و غـەمگین لـە ماڵـە باوانـەوە یەکراست چوو بۆ ماڵی مێرد کە ناوی ئایدا بوو.

# 2

سەرەتای مانگی خەرمانان، لەسەر داکۆکی کردنەکانی دایکە، باوکە ئەو رۆژە نەچوو بۆ دوکان تاکو یۆسف و ئایدین لە قوتابخانەدا، ناو نووس بکا. دایکە تینی بۆ هاتبوو و حەزی لێ بوو منداڵەکانی یەکەم کەس بن کە ناویان لە دەفتەری قوتابخانەدا تۆمار دەکرێ. باوکە وتی: (ئەمە جەزرەبەدانە. بەخوا ئەم کارە جەزرەبەدانە.)

دایکە وتی: (ئەی کێ بچێ ناویان تۆمار بکا؟) وە بە گورجی جل و بەرگی منداڵەکانی لەبەر دەکردن. شانەی بە پرچیاندا دەهێنا. بە دەسرەیەکی تەڕ دەم و چاویانی خاوێن کردەوەو وتی: (باوکی منداڵان دەبێ لە ساڵدا چەند جاران سەردانی قوتابخانە بکا. ئێستا کە وێراناگەی، خۆ دەتوانی لە ساڵدا جارێك بچی.)

باوکە کۆت و شەرواڵەکەی لەبەر کردبوو بەڵام حەزی دەکرد هەرکاتێ کارێك بەئەنجام دەگەیێنێ هێندێ پرتەو بۆڵە بکا. وەك هەمیشە قەراغی پاپاخەکەی بە بەرە دەستیدا کێشاو بە توڕە بوونەوە وتی: (ئەگەر من نەبم...) پاپاخەکەی کردەسەرو کاتێ بە پلیکانەکاندا دادەگەڕا، پرسیاری کرد: (دەبێ لە پۆلی چەندەمدا ناویان بنووسم؟)

لە کۆلانەوە، هێندێ کەس بەپەلە بەرەو شەقام دەرۆرشتن و دوکان و بازار هێشتا نەکرابوونەوە. بە پێچەوانەی هەموو رۆژان، کارگەی بەرهەمهێنانی پەنکەی لۆرد خامۆش بوو. وادەهاتە بەرچاو کە دەبێ هێشتا کاری رۆژانەیان دەست پێ نەکردبێ. باوکە بەبێ ئەوەی قسەیەك لە زاری بێتە دەر هەستی دەکرد کە دەبێ دەستی منداڵەکانی تووند بگرێتە دەستی. کاتێ بەبەر کارگەی بەرهەم هێنانی پەنکەدا تێپەڕدەبوو، بۆ ساتێ سەیری قوولکەکەی کرد؛ لە نێزیك تێل دڕوەکانی کارگە راوەستا، منداڵەکانی دوورتر لە خۆی راگرت و وتی: (ئەم هەمووە مرۆڤە بۆ کوێ دەچن.) وە بە چەشنێك لەگەڵ خۆیدا دەدوا کە منداڵەکان لێی تێنەدەگەیشتن.

کرێکارەکانی کارگە بە مڵغەی ئاسنی یان پێمەڕە لە سەرشان، بە نێو دوو دانە ساڵۆنی گەورەدا دەهاتنە دەر کە لە قەراغ چەند رێزە چناردا لەشی خۆیان پان کردبوەوە. لە رێگا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لێژەکەڕا بەرەو شەقام دەڕۆشتن. هیچ دەنگێك لە کارگەکەوە نەدەهات و، باوکە کووتەنی، شار وەك ئەو کاتەی وابوو کە قەومی نەمروود ماڵ و ژیانیان جێ دەهێشت و بەرەو سەحرا دەچوون. لە شەقام دا، پیاوانێکی لەژمار نەهاتوو گۆپاڵ بە دەست و پێمەڕە لەسەر شان، هێندێکیشیان چەکدار بوون، بە روخسارێکی داگیراو و کزو چاوانێکی خەم لێنیشتوو کە لە گۆڕی چاوەکانیاندا بە ماتی دامابوون، بە شەقامی شێخ سەفیەدیندا تێپەڕین، بە دەوری گۆڕەپانی شاردا سووڕانەوە، لە شەقامی شائیسماعیل درێژەیان بە رێ پێوانەکەیان دایەوە و بە بێدەنگی، لە بەردەم بینا خشتییەکەی ئاسایش راوەستان کە بەو باغچە گوڵانەو شورە ئاسنیانەوە پتر وەك نەخۆشخانەیەکی تایبەتی دەچوو. ئەوجار هەموویان لەسەر عەرز دانیشتن. ژاوەژاوێك بەنێو جەماوەردا لوولی خواردەوە و ژمارەی ئامادەبووان هێندە زۆر بوو کە باوکە ئەوسەری لێ دیار نەبوو. رەشەبایەکی تیژ هەڵی کردبوو کە تەپووتۆزی وەرێ خستبوو. باوکە دەستی منداڵەکانی گرتبوو، بەس هەر سەیری دەکردن. پیاوە دانیشتووەکان و، ئەو کەسانەی کە بەرەبەرە دەهاتن، بە دەستێك پاپاخەکەیان توند گرتبوو کە نەکا رەشەبا هەڵیبگرێ و حەتمەن لەدەستەکەی دیکەشیاندا شتێکیان پێ بوو. باوکە تەنیا ئەم قسەیەی بۆ هات: (کە با لەبن پاپاخەکەی دای، هەڵی دەگرێ و دەیبا.) وە دەستی ئایدین و یۆسفی پتەوتر گوشی و راوەستا تا ببینێ داخوا چ روودەدات.

باوکە پرسیاری لە پیاوێك کرد کە دەستەکانی لە باغەڵی نابوو و پاڵی بە دارتێلێکەوە دا بوو: (نەخەبەر؟) پیاوەکە هیچی نەوت و بەپەلە لەو شوێنە دوورکەوتەوە. باوکە وتی: (ئەگەر نەچینەوە بۆ ماڵ لە نێو ئەم حەشاماتەدا حاسیە دەبین.) بەڵام نەیدەزانی کە رێ پێوانی ئەم هەمووە مرۆڤە لەبەرچییە. بەس رێگا تەسك و کورتەکانی هەڵدەبژارد و منداڵەکانی بەدوای خۆیدا پەل کێش دەکرد. پێشتریش چاوی بە ئاپۆرەی پیاوە بێکارەکان کەوتبوو کە بە مەبەستی جادە دروست کردن و خەندەق دانەوەی تۆنێل و رەهەندەکان بەرەو تاران یان شارەکانی دیکەیان دەبردن، تەنانەت سەرلەبەیانیان و ئێواران لە مەیدانی [عالی قاپی] چاوی بە کۆمەڵەی کرێکاران کەوتبوو، ئێستا سەرسووڕمانەکەی باوکە لەبەر ئەمە نەبوو کە داخوا ئەم جەماوەرە لەبەرچی لەپێش ئاسایش کۆبوونەتەوە، بۆ دەبێ هێندێکیان چەکداربن و، لەبەرچی ئەم پیاوانە هێندە بێدەنگن، بەڵکو سەر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سووڕمانەکەی بۆ ئەم مەبەستە بووە کە ئەردەبیل ئەم هەمووە پیاوەی تێدابووە و ئەم تا بە ئێستا هەستی پێ نەکردووە، پرسیاری لە پیرەمێردێك کرد(نەخەبەر؟)

(هیچ.)

پیرەپیاوی مۆن و روو کز بە چەشنێك سەیری کرد کە باوکە سەری داخست و، بە دوای ئەمەدا هەوڵیدا پرسیار لە کەس نەکاتەوە. لایەکی شەقامەکەی گرت و بە پەلە رۆشت کە لەناکاو چاوی بە ئەیازی پاسەوان کەوت بەو قەڵافەتە گەورەو بەو سمێڵە پانانەیەوە. لە دوورەوە وتی:(خۆیەتی.)

ئایدین وتی: (کێ؟)

(وستبە ومرە بەدوامدا.)

بە خۆشحاڵییەوە بەرەو لای ئەیاز رۆشت کە لەسەر پلیکانەیەك راوەستابوو و سەیری جەماوەری دەکرد. باوکە ویستی لێی بچێتە پێشەوەو ئەملاو ئەولای ماچ بکا بەڵام ئەیاز چاوی لێ مۆن کردەوەو سمێڵە زلەکەی لێ هەڵتەکاند. پاشان لەبن لێوەوە وتی: ( بارودۆخەکە ئاڵۆزە. تۆ من ناناسی.) و لە رووی دڵسۆزییەوە چاوێکی بەرووودا داگرت. بە چەنێك کە سمێڵە کانیشی وەك پشتی کرم شەپۆلی دا.

باوکە وەك ئەوەی رووی لە بیناکە بێ، لەتەنیشت ئەیاز راوەستاو پرسیاری کرد: (نەخەبەر؟)

(ئەمن و ئەمانە.)

(دامان نا یان بردمانەوە؟)

ئەیازی پاسەوان بە دەستە گەورەکانی پاڵی بە حەشاماتکەوە دەنا و لەبن لێوەوە وتی: (ئەڵمانیا، رووسەکان، بەجەهەندەم، سەگبابانە.) چاوێکی لە باوکە کردو، باوکە تەنیا توانی بڵێ: (کاکە ئەیاز دەبێ چی بکەین؟)

(سەری خۆت داخە، هەرئەوەندە.)

باوکە وتی: (ئاسوودەبم، ئەیاز)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چونکە دیواری ماڵکەی بەرزو پتەو بوو و بینای خانوەکەشی بەو تاقە گەورانەیەوە رێگای دزی لێ کردنی نەبوو. وەك قەڵایەك دەچوو کە دامەزرێنەرەکەی هەوڵ و مشووری خۆی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردبێ کە تەنانەت پەنجەرەکانیشی لەحاڵەتی ئاسایی بەرزتر بێ و شوورەکانیشی وەها دامەزراندبوو کە دەستی کەسی پێ نەگا. سەرەڕای ئەمانەش، بوونی کارگەی بەرهەم هێنانی پەنکەی لۆرد، لە بەرامبەری ماڵی باوکە، پتر ئەوی دڵخۆش و ئاسوودە دەکرد. دەیزانی ئەگەر شاریشیان تاڵان کردبێ کەس دەستی بە کۆڵانی لۆرد راناگا. بەم حاڵەش وتی: (تێزۆڵ.)(6)

ژاوەژاوی حەشاماتەکەو، ئەو پچ پچانەی کە بە نێوانیاندا دەگەڕاو، ئەو رەشەبا تووندەی کە هەڵی کردبوو و ئەم هەست بە ئاسایش نەکردنە کە رۆژ بەرۆژ مەترسی لە نێو خەڵکدا زیاتر دەکرد، نرخی شتەکانی بەرز کردەوە. دەرگای فەرمانگەو دوکان و بازار هەر نەکرایەوە، برسیەتی پەرەی سەند. سرەی دوورو درێژی پێش نانەواخانەکان، شەرەوپێکدادان و، تەنانەت پیاو کووژی نەی دەتوانی بەر بە ئامادەبوونی خەڵك بگرێ کە بەردەوام لەپێش دەرگا بەستراوەکانی نانەواخانەکاندا کۆ دەبوونەوە.

لە ژیاندا هێندێ جار کۆمەڵێ ئەرك دروست دەبێ کە لە توانای ژن و منداڵان بەدەرە و هەر باوکە بوو کە دەبوایە لە نیوە شەوڕا لە سرەی نانەواخانەدا راوەستێ و بۆ سبەی نیوەرۆ، بە یەك دوودانە نان بگەڕێتەوە بۆ ماڵێ. فرۆکەی رووسەکان بەردەوام هێرشیان دەبرد و چەتر بازەکانیان [ پەڕەشووتەکان ] نەرم و نیان لە ئاسمان دادەبەزین. حەشامات سەیری ئاسمانیان دەکردو بە ژاوەژاو دەیان وت: (ئایرۆپلان، ئایرۆپلان.)

باوکە لەحەیفی ئەو دەتمەنەی کە لە قوتابخانەدا - بۆ دانی حەقی تۆمارکردنی منداڵەکان- فەوتابوو، زۆر بەکەیف نەبوو. هەر لەسەر سووچی گۆڕەپانەکەڕا چوو بوو بۆ نێو قوتابخانەی ئەنوشیەروانی دادپەروەر، منداڵەکانی ناونوس کردبوو و ئێستاش هیوایەتی ئەمەیە زووتر بگاتەوە بۆ ماڵێ و دەرگاکەی بەسەر خۆیدا دابخا. زوو زوو بە ئایدینی دەوت: (دەبرۆ ئیتر. سەیری چی دەکەی؟)

---

6 پەلە بکە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

یۆسف بەردەوام سەرانگری دەبوو، چاوی لەیەکەم تاقمی فرۆکە رووسیەکان بڕی بوو کە بەسەر ئاسمانی شاردا مانۆریان لێدەدا. باوکە سام گرتوانە منالەکانی بەدوای خۆیدا پەلکێش دەکردو ئەوانیش لە توانایاندا نەبوو بە خێرایی باوکیان بەرێدابرۆن. حەزیان دەکرد سەیریش بکەن. هەربەم هۆیە باوکە ئارەقی لێ دەچۆڕا.

هەر ئەو رۆژە، بۆ ئێوارەکەی پیاوە لەژمار نەهاتوەکانی ئەردەبیل بە روالەت لە دەستیان نەهاتبوو بەر بە هێرشەکە بگرن. ئەرتەش ئەو مەلبەندەی بەدەستەوە دابوو و رووسەکان رژابوونە نێو شارو دەستیان بەسەر هەموو شوێنێکا گرتبوو. دەتوت شار لە پشوودان دایە، ئاسایش ئاش بەتالی کرد، [نارین قەلا ] مۆلگەی سەربازخانەی ئەردەبیل کە گەورەترین سەربازخانەی ئازەربایجان بوو، خۆی بە دەستەوە داو، سەر لە شەو فرۆکە روسییەکان پۆل پۆل چەتر بازیان دادەبەزاند.

باوکە وتی: (دەبێ پیخۆر بە شتەکانمان بکەین.)

گشتیانی لەهۆدەیەکدا کۆ کردبوەوە. زوو زوو سەرێکی بە پەنجەرەکەدا دەکێشا تا بزانێ داخوا چ باسە یان چ روودەدا. چەند جاران ئایدینی لە تەنیشت پەنجەرەکە دوور خستەوە، کە وەکوو بەچکە پشیلە بە دەرو دیواردا هەلدەگەڕا، لە ژوورەکەدا پیاسەی کرد و سەرئەنجام وتی: (سەرئەنجام دەبێ کۆتایی پێ بێت. خۆ ناکرێ ئەم دۆخە هەر ئاوا بمێنێتەوە. بە جەحەندەم، هەرچوۆنێك بێ و بە هەر بارێکدا ببرێتەوە، پێویستە ئەم دۆخە کۆتایی پێ بێ. )

لە دوورەوە ژاوەژاوێك، جار جاریش دەنگی تەقەیەك لە شارەوە دەهاتە بەر گوێ. ئۆرهان و ئایدا سامگرتوانە لە دایکیان جیا نەدەبوونەوە بەلام ئایدین، یۆسفی ناچار کردبوو کە شانی دابێنێتەوە بەلکوو بچێتە سەر تاقی پەنجەرەکەو لەوێرا دەنگ و باسەکان رابگەێنێ. وە پاشان دەستی یوسفی گرت و ئەویشی هەلکیشا بۆ سەرێ و ئەوان سێ دانە چەتربازیان دەبینێ کە بە ئاسماندا، هێدی هێدی دەهاتنە خوارو با گەمەی پێدەکردن.

باوکە وتی: (ئەگەر بە هەلەدا نەچووبم، مال وێران کراوین.)

یۆسف لە سەیرکردنی چەتربازەکاندا نغرۆ ببوو. بە سەرێکی تاشراو و چاوانێکی قەتیس وەها لە ئاسمان راما بوو کە دەتوت ئەگەر بۆ ساتێ چاو بتروکێنێ ئیتر بواری دیتنی بۆ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نارەخسێتەوە. زمانی لە گۆ کەوتبوو و لیکاوی زاری بە قەراغ لێویەوە شۆڕ دەبوونەوە، بەڵام ئایدین بەردەوام دایکی ئاگادار دەکردەوە کە ئێستا چەتربازەکان لە کوێن، چەند کەسن، رەنگیان چۆنەو، با بەرەو کام لایەدا دەیانبا. وە ئەمانە هەمووی بەستراوەتەوە بە شانسی خۆیان، رەنگە یەکیان لەسەر سنەوبەرەکە یان حەوزی ئاوەکە بکەوێ. دیارنییە. وە باوکە لەناکاو سەرنجی بۆ لای ئایدا چوو، کەوتە یادی کە دەبێ حەشارگەیەکی باشی بۆ بدۆزێتەوە.

دایکە وتی: (ئاسمانیش مرۆڤ دەبارێنێ. ئەمە بێ بەختی نییە؟)

ئایدین وتی: (خۆنا. زۆریش جوانن.)

باوکە وتی: (وازیان لەهەموو شارەکان هێناوە، یەك راستە هاتوونەتە ئەردەبیل. ئەمەش شانسی ئێمەیە.)

ئایدین وتی: (ئەگەر یەکیان بەسەر سنەوبەرەکەماندا بکەوێ، هەر لەوێ حاسیە دەبێ.)

دایکە وتی: (کەس نازانێ ئەم خوانەناسانە چییان لە گیانی ئێمە دەوێ.)

ئایدین وتی: (یەکەم رۆژ خواردنی پێ نادەین. لێی دەگەرێین با لەو سەرە جۆلانە بکا و بە تەواوی کەیفی پێبێ.)

ئایدا وتی: (لە پەنجەرەی ژوورەکەی سەرەوەڕا ئاوی بەسەردا دەرێژین.)

ئایدین وتی: (لەبن دارەکەش ئاگر دەکەینەوە) وە دەستەکانی لێك هەڵسوون و لەخۆشیانا پێکەنی.

ئایدا وتی: (بۆ رۆژی دواتر نانی بۆ دەبەین.)

یۆسف وتی: (هیچی پێمەدەن. هەتا زووتر بمرێ باشترە.)

ئایدین وتی: (نا، لە رۆژدا لەتە نانێکی پێدەدەین با لە برسا نەمرێ. جارێ وا زوو وازی لێ ناهێنین.)

ئایدا وتی: (وایە. دارێکی درێژ دێنین و پاڵی پێوە دەنێین. بەڵام زۆر ئازاری مەدەن.)

ئایدین وتی: (وا خەریکە دوو دانەی دیکەش دادەبەزێن. حەتمەن وەك ئەوانەی دیکە جلەکانیان شینە. خەریکە با دەیانبا.)

لە دەرەوە دەنگی مەشق کردنی سەربازەکان دەبیسترا.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دایکە وتی: (حەتمەن جرجاڵ هەستاوە.) و پلیتەی فانووسەکەی هەڵکێشا تا شێو تێبکا.

باوکە وتی: (نا. وانییە. ئەم کارە کاری ئەڵمانەکانە. دەی با دەستی بەسەردا بگرێ. ئەمەیان شا بێ یان ئەوەی دیکە چ دەگۆرێ، بۆ ئێمە کە دەمانەوێ پارووە نانێك بخۆین و سەر بنێینەوە چ هیتلەر بێ و چ رۆزویلت، چ شا. کەر هەر ئەو کەرەی جارانە بەس کۆپانەکەی دەگۆردرێ. چما ئیستالینی سەگباب هێلکەی دوو زەردێنە بۆ رووسەکان دادەنێ؟ ماڵوێرانی کردوون و ئێستاش وا سزاکەی دەداتەوە. بەخوا ئەگەر من راوێژکاری هیتلەر دەبووم شەرەکە بە بارێکی دیکەدا دەکەوت.) پشت لە رووسەکان راوەستاو ویستی بە دەستەکانی هەموو دونیا بەرەو مسکۆ هان بدا. وتی: ( رێگای رووسیە بە ئێرەدایە. پاشان کە ئێمە بووینە پردیان، هیندستان و چین هیچ نین. دەتوانن بە یەك کاتژمێر دەست بەسەر هەموو شوێنێکا بگرن، لێێ گەرێ با داگیری بکا. هەرچۆنێ دەرچێ لەم دۆخەی ئێستامان باشتر دەبێ.) ئەو جار کە چاوی بە ئایدا و منداڵەکانی کەوت بۆ ساتێ بێدەنگی راگرت. سەری لەقاند و بە هەناسەیەکی ساردەوە وتی: ( من ئێرانیم، دڵم بۆ نیشتمانەکەم لێدەدات. بەڵام بزانە چییان لێ کردووین کە ناچارین پشت بە داگیرکەران ببەستین بەو مەرجەی لە چارەشی رزگارمان بێ.)

پاشان کە دەنگی تەقە زۆرتر بوو، ئایدن لە پەنجەرەکەرا خۆی فرێداو ویستی بە هەڵاتن لە ماڵ دەرچێ کە باوکە بە دوودانە زلەی چەور رێی پێگرت.

ئەو شەوە هەموو موناتی ماڵێ خەونیان بە چەتربازەکانەوە دەبینی. هەر کەسە وای دەهاتە بەرچاو کە بە چەترێکی سەوز لە ئاسمانەوە دادەبەزێ. سووك، نەرم و رەها. دەتوت نێو جەرگ و دڵیان سووك دەبێ و لەسەر شاخێکرا، بە سەرەوە بەرەو دۆڵێ هەڵدەدێرێن. ئەو شەوە، باوکە چوار جاران لەخەو راچەنی، قومێ ئاوی خواردەوەو هەموو جارێکیش نوێژی ئێوارەو خەوتنانی بە قەزا دەگێراندەوە و ئاخرەکەی نوێژی بەیانیانی وەبەر قەزا کەوت. خەونی چەتر بازەکان گشتیانی جارز کردبوو. هەر بەم بیانووە بەردەوام لەخەو رادەچەنین، قومێ ئاویان دەخواردەوەو خەویان لێدەکەوتەوە کە سەر لە نوێ لەسەر خەون دتینەکەیان بەردەوام ببنەوە.

تەقەو پێکدادان تا بەیانیش بەردەوام بوو، باوکە نەیتوانی بچێ بۆ دوکان. لە ماڵێدا مایەوەو پرتەو بۆڵەی کرد. لە لایەکەوە بێکاری وەرەزەی کردبوو و لەلایەکی دیکەشەوە دڵ نیگەران

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بوو. بیانووی دەگرت. دوو کەڕەت گوێی ئایدای بادا، زشیەکی - وەك خۆی کوتەنی- چەوری لەبن گوێی یۆسف سراواند و سێ جاریش بە قایش کەوتە گیانی ئایدین.

وتی: (من وا چوار دانە مندالّم پێ هەڵناسوورێ، کەچی ئەم پیاوە سەرشێتە بەتەمایە دونیا بخاتە ژێر ركێفی خۆیەوە.)

دایکە وتی: (ئێستا چی بکەین؟)

باوکە وتی: (وڵاتیان لە گوو وەرداوە. نە دەنگ و باسێك دەبیستین، نە رادیۆیەك لەبەر دەستدایە. ئاخر پیاو چ قورێك بۆ سەری خۆی بگرێتەوە.)

دیسان فرۆکەکان هێرشیان کردەوەو چەتر بازەکان پۆل پۆل دادەبەزین. باوکە لە پەنجەرەڕا سەیری دەکردو وتی: (تێدا چووین.)

یۆسف پاش خواردنی ئەو زللە چەورانە ، چوو بۆ سەر هەیوان و لەوێڕا سەیری چەتر بازەکانی دەکرد. بەڵام ئادیدین لە هەموو کون و قوژبنێك سەری دیار بوو، خێرا خێرا هەواڵی رادەگەیاند. لە پەنجەرەکەڕا هەموو شوێنێکی گرتبوە ژێر چاودێری و موو بەموو گشت ئەو رووداوانەی رایدەگەیاند کە لە دەورو تەنیشتی ماڵەکەیان رووی دەدا. وتی: (رادیۆ. رادیۆ کەوتەوە کار.)

کاتێ باوکە رادیۆکەی کردەوە، تێگەیشت کە رووسەکان سەرانسەری باکووری ئێرانیان داگیر کردووە. سەرێکی لە کاروانسەرای چەرەس فرۆەکان دا و قەفڵێکی دیکەی لە دەرگای دوکانەکەی قایم کرد. هەر لەو دەمەدا بوو کە زانی نان بە دەگمەن دەست دەکەوێ. دوکانەکان داخرابوون. تاقمێك خەریکی شکاندنی قەفلی دەرگایەك بوون و بە رۆژی ڕووناك، لەبەرچاوی خەڵکیدا، دارو نەداری دوکانەکەیان بەتاڵان دەبرد. تاقمێك لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکە بە شەڕ دەهاتن. ئاسایش لە دەسەڵات کەوتبوو. پاسەوانەکان بە عەوداڵی دەسووڕانەوە. کارگێری ئەمینداری ئاسایش بە تاوانی دزی کردن، بەدەستی کرێکارەکانی گەڕەکی "عالی قاپی" لێدانی خواردبوو و، لەم کەین و بەینەدا باوکە تێگەیشت کە دەبێ لە سڕەی پێش نانەواخانەکاندا رۆژ بە شەو بگەێنێ و شەو بە بەیانی. دەتوت شاری لووتە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕۆژەکانی دواتر باوکە هەروا لە ریزی سرەی ناندا راوەستابوو و لەوپەری ناباوەڕیدا چاوی کەوت بە ئەیازی پاسەوان کە جل و بەرگێکی ئاسایی لە بەردا بوو و بە پایسکێڵەمەتۆرییەکەی بە شەقامدا تێپەڕی و لە بەرگی ئاساییدا قەڵەوتر دەردەکەوت. باوکە خێرا لە سرەکەی هاتەدەرو بە پەلە خۆی گەیاندە لای ئەیاز. لە پشتەوە دەستی برد بۆ پاش تەرکی مۆتۆرەکەی و بە توندی گرتی و بە هەڵاتنەوە وتی: (ئەیاز، ئەیاز، لە دەورێت گەرێم. چارەیەکم بۆ بدۆزەوە.)

ئەیاز بە واق وڕماوییەوە دابەزی و، بە رووگرژی وتی: (نابێ تۆ توخنی من بکەوی. شەوێ دێم بۆ ماڵتان. برۆ.)

لە دوایین ساتەکانی شەو کە تارمایی هەموو کوون و کەلەبەرێکی داگرتبوو، ئەیاز خۆی بە ژووریدا کرد و وتی: (دەرفەتێکی زۆرم نییە جابر. ئێستا ئەرکمان زۆر قوورس بووە. دزی زۆر بووە. رووسەکان چارەی ئێمەیان ناوێ. هەر لەبەر ئەم مەبەستەیە بەجل و بەرگی ئاساییەوە دەگەرێین. لە بیرت نەچێ نابێ لە نێو خەڵکی خۆت لە من ناسیاو بکەی.)

باوکە وتی: (لە دەورێت گەرێم، چ قەوماوە؟)

ئەیاز وتی: (قەل فڕی.)

باوکە وتی: (هیتلەر؟) وە ئەننەهوو لە لاتاوەکەی ئەیاز گەیشتبێ، وتی: (کەوایە قەل فڕی؟)

ئەیاز وتی: (ئەرێ ئێستا ئیتر هیتلەر گووشارێکی زیاتری دەخاتە سەر. رووسەکان لەم لاوە، حەتمەن سەرو کەللەی ئاڵمانەکانیش...)

باوکە وتی: (کام قەلەیان دەڵێی؟)

ئایدین وتی: (پاشا گەردانە.) خۆی بەسەر نەردەی پلیکانەکاندا کۆم کردبوەوە و لە تاریکاییدا ئەیاز و باوکی خستبووە ژێر چاودێری. باوکە وتی: (بەچکە بزن، تۆ لەوێ چی دەکەی؟)

ئەیاز بەدەم پێکەنینەوە دەتریقایەوە. وتی: (قسەی دڵت بکە.)

باوکە وتی: (نان.)

ئەیاز وتی: (رۆژی چوار نانتان بەش دەکا؟)

باوکە وتی: (ئەگەر تۆم نەبوایە چ قورێکم بەسەر خۆمدا دەکرد.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەیاز لەکاتی چوونەدەردا وتی: (ئەرکی برادەرایەتییە جابر.) وە دەرگای لە سەرپشت داخست.

باوکە لە حاند ئەو هەمووە چاکەیە، ئەو پیاوەتییە سەیرەی و میهرەبانییەکانی ئەیازدا، دڵی پڕ بوو و گریان دای گرت. رەنگە ئیتر لە تەنگانە کەوتبێ. نەیدەزانی. وە فرمێسك بە چاوانیدا لووزەی بەست. باوکە پیاوێکی نەفس نزم و بێدەسەڵات بوو و، تا بە ئەو کات تووشی تەنگاوی نەببوو.

رۆژی دواتر دایکە ژانەسەرێکی ناخۆشی گرت و، هەرچەند باوکە ئاولێمۆ و خوێاوکی دەرخوارد دەدا، بێ هوودە بوو. دایکە لە توانایدا نەمابوو کە چێشت کوڵ بێنێ، دەستی بە سەریەوە دەگرت و بەردەوام لە هاتوو چۆدا بوو.

باوکە وتی: (لانی کەم لە شوێنێك دانیشە. یان سەربنێ و بخەوە.)

دایکە وتی: (نا، ناتوانم.)

باوکە وتی: (کەوایە راوەستە خۆم لەبەر بکەمەوەو بچینە لای فاڵچییەکە. چار شێوەکەت لەسەر بکە.)

دایکە وتی: (ئەی منداڵەکان؟)

باوکە وتی: (منداڵەکان؟ دەی، لە ماڵێ دەمێننەوە، دەرگاکە داخراوە.)

دایکە وتی: (ناکرێ بە تەنیا بەجێیان بێڵین.)

باوکە وتی: (کەوابوو ئەم دوو ئاگرە لەگەڵ خۆمان دەبەین. ئەو دووانە دەمێننەوە.)

بە ترس و لەرزەوە وەرێ کەوتن. ماڵی ژنە فاڵچییەکە لە خوارەوەی کۆڵانی لۆرد بوو. پاش دووجار بادانەوە، لە نێزیك [قۆلۆمێستان]. بەڵام هەرچەند لە دەرگایان دەدا کەس دەرگای بەسەردا نەدەکردنەوە. ئایدین لە درزی دەرگاکەڕا سەیری دەکرد وتی: (لەماڵن. ئەی لەبەرچی دەرگا ناکەنەوە. فاڵچییەکە بۆخۆی لەوێیە. بەرگێکی سووری لەبەردایە. بەڵام نایەت دەرگاکەمان بەسەردا بکاتەوە.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دایکــه رۆشـتـه پێـشەوه و لــه درزی دەرگاکــەڕا بــانگی کـرد. دەرگـا کرایـەوه. دایکـه رووی گـەشـایەوه. هـەر لـه دالانـەکـه دانیشتن. وه هـەرچـەند ژنـه فاڵچییـەکـه داکۆکی لێکـردن کـه بچنـه ژووری، دایکه قبوڵی نەکرد. دەیوت نیگەرانی منالەکانیەتی.

ژنــه فاڵچییـەکـه ئـەسـکۆیەکـی گـەورەی هێنـا کـه دەزوویـەك بـه دەسـکەکـەیـەوه گرێـدرابوو. دەزووەکەی له دەستیدا راگرت. سەلاواتێکـی رەوانـەی پێغـەمبـەر کـردو وتـی: (دەی. میـرزا جـابر، دەست پێبکه.)

باوکه وتی: (سابیر.)

فاڵچییەکه وتی: (سابیر. سابیر. سابیر.) وه ئەسکۆیەکه له دەستیدا هەڵدە سووڕا.

باوکه وتی: (ئۆجاق عەلی.)

(ئۆجاق عەلی. ئۆجاق عەلی. ئۆجاق عەلی.)

(سولەیمان.) وه هەمووجارێ ناوێکی دەوت، له سەره گرێی تەسبێحەکەیەوه دەستی پێدەکرد و به توندی له دەستیدا دەیگێراند.

(سولەیمان. سولەیمان. سولەیمان.)

(فاتمه.)

ژنه فاڵچییەکه لەسەر چۆك دانیشتبوو و شێلگیرانه ئەسکۆیەکەی دەسووڕاند: (فاتمـه. فاتمـه. فاتمه.)

باوکه وتی: (له نێو مردوەکانمان کەسی دیکه ماوه؟ دەی، سولماز.)

ژنه فاڵچییەکه وتی: ( سولماز.)

لەنەکاو ئەسکۆیەکه راوەستا. فاڵچی وتی: (سولماز.) وه له دایکه راماو وتی: (دەبینی؟ دیسان خوشکەکەته. خوا لێی خۆش بێ. خێری بۆ بکه. چاوەروانی له ئێوه هەیه. خوا لێی خۆش بێ. نوقڵ و خوورمای بۆ ببەشنەوه. هەر جارناجارێ شتێکی بۆ بکەن بەخێر.)

دایکه وتی: (زۆر باشه، بابڕۆین.)

ژنــه فاڵچییـەکـه چـوو بـۆ چێشتخانه، پۆلـووی هێنـاو مـشتێ ئـەسـپەنـدەری بـەسـەردا رۆکـرد. دووکـوڵی ئـەسـپەنـدەرەکـه لـوولی خـواردەوه. باوکـه سـەلاواتـی رەوانـه کـرد و وتـی: (خـوا لـه

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مردوەکانت خۆش بێ.) پێنج تمەنییەکی پێدا. لەکاتی گەرانەوەدا، لەسەر رێ هیچ دوکانێك نەکرابوەوە تاکو ئەمان شتێك بۆ خێر بکرن. دایکە بە داکۆکی کردن دەیوت دەبێ هەرچۆنێ بێ شتێك بکرن و بیکەن بەخێر. بەڵام باوکە وتی: (رۆژگار شێواوە. خۆ دەبینی هەموو شوێنێ داخراوە.)

دایکە وتی: (خۆمن داواکاریم لە تۆ نییە. رۆحی مردوەکە عەزاب دەکێشێ. خوا هەڵدەگرێ؟)

ئایدین وتی: (سولماز کێ بوو؟)

دایکە: (خووشکم بوو. جوانە مەرگ بوو.)

ئایدا وتی: (لەبەرچی جوانە مەرگ بوو؟)

وە بە دەنگی تەقەیەك راچەنی، کە لە رێگای دوورەوە هاتە بەر گوێدایکە دەستێکی بە سەریدا کێشا و بە نیگایەکی میهرەبانانە وتی: (نەخۆش کەوت.) هێندێ جار کە بە تەنیشت سەربازە روسەکاندا تێدەپەرین، بێ دەنگیان رادەگرت و بێ ئیختیار هەنگاوی بەپەلەیان هەڵدێناوە. ئەو سەربازانەی کە شان بەشانی یەکتر بە رێگادا دەرۆشتن و چەکەکانیان بەسینگەوە نوساندبوو، بە وردی و بە وەسواسەوە سەیری سەر تا بە پێی ئەو کەسانەیان دەکرد کە تاك و توك بەوێدا رادەبردن. ئایدین دەمەلاسکێی دەکردنەوەو ئەوان پێدەکەنین. باوکە لاتاوی پێدا دەدا و تا دەگێشتەوە ماڵێ رۆحی دەردەچوو.

برسێتی، رەدووکەوتنی کچە گەنجەکان. دزی - و برۆییە، شەری خۆبەخۆ، دەست درێژکەری سەربازە چاو سەوزەکان، تەماح و چاو چنۆکی مرۆڤەکان و، ئاژاوەیەك کە بەربینگی بە شار گرتبوو، هەر هەموویان بە دوای شەردا دەستیان پێکرد. دەست درێژیان کردبووە سەر نامووسی چەند ئافرەتی بە مێرد، پۆلیسێکیان لەت بەلەت کردبوو، لە گەرەکی [پیرەمادەر] کچێك بزر ببوو و، چەندانە کچی لاو کە سەریان لە هەرا دەخورا، بە بیانووی داگیرکاریەکانی سەربازە روسەکان شاریان جێ هێشتبوو. پاش تێپەرینی چەند ساڵان بە سەر ئەو رووداوەدا کچێکی بیست و هەشت ساڵە بە ناوی زیبا کە کچی پیاوێکی فەرش فرۆش بوو، لە تاران دیترایەوە کە بوو بە سەماکاری نێو مەیخانەکان و ناوی خۆی گۆری بوو. بەر لە روداوەکە، فکرو خەیاڵی ئاڵۆز باوکەیان ئازار دەدا. بە دایکەی دەوت: (بریا ئایدات لێ نەدەبوو.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دایکە هەستی بە سەرما دەکرد، دەستەکانی پێکەوە هەڵسوو. وتی: (چی بکەین؟)

باوکە وتی: ( کە لە دەرگایان دا لێی مەکەنەوە جا هەر کەس بێ.)

بەڵام کار لە کار ترازا بوو پاش نیوەرۆی رۆژێکی پڕ لە تۆزو غوبار، بە لێکوتانەوە وەها لە دەرگایان دەدا کە باوکە ناچار بوو ئایدا لە کونێکی ژێر پلیکانەکاندا بشارێتەوە. پاشان کە دەرگای کردەوە، دوودانە سەربازی روسی خۆیان بە ژووردا کرد. یەکیان چاو سەوزێکی لاواز و کەڵەگەت بوو و ئەوەی دیکەش کورتەباڵا و خوێن شیرین بوو. بە زمانی روسی هێندێ شتیان باس دەکرد کە باوکە لێیان تێ نەدەگێشت، بەڵام ئەوان لە دوای کەسێك دەگەران. باوکە وتی: (بێ مەزەبانە، لە دوای چی دەگەڕێن؟) سەری لێ سووڕمابوو، نەیدەزانی چ قەوماوە. پێی وابوو کە داخوا بە تەمان کەتنێك بنێنەوە. ترسێکی لە رادە بەدەری لێ نیشتبوو. وتی: (چ قەوماوە؟)

سەربازەکان لە زمانی تورکی نەدەگیشتن. بە تەمابوون ژوورەکان بپشکنن. ئەو جار کە چاویان بە ئایدین کەوت، ئاماژەیان پێکرد و بە تەمابوون لەگەڵ خۆیاندا بیبەن. باوکە وتی: (کوڕی منە. من. من. ئایدین.)

سەربازەکان ئایدینیان گرتبوو و خەریك بوون لەگەڵ خۆیاندا دەیان برد. ئایدین خۆڵ رێژێکی لە دەستدا بوو و، سەربازەکان ئەویان پەلکێش دەکرد. هەر لەو دەمەدا چوار سەربازی دیکە خۆیان بە ژوورەکەدا کرد. کەسانی بنەماڵەیان بەرەو داڵانەکە پاڵ پێوەناو، لوولەی چەکەکانیان روو لە باوکە بوو.

ئایدین بە چاوە پڕ لە بریسکەکانیەوە، لە قسەی سەربازەکان ورد دەبوەوە و خۆشحاڵ دیار بوو. بەڵام دایکە دەگریا و، باوەکە دەستەکانی دەلەرزین. وتی: (چما چی کردووە؟)

سەربازە چاو کەسکەکە لەسەر پێ هەڵتووتەکا، باسکی ئایدینی گرت و بە توندی ڕاتەڵەکاند. بە زمانی روسی قسەیەکی کرد کە ئایدین خۆڵ رێژەکەی پیشاندا و وتی: (خۆڵ رێژ.)

باوکە وتی: (چما چت کردوە؟)

ئایدین وتی: (دەسکی خۆڵ رێژەکەم تێگرتن و تەق ... تەق.) و وەکو تفەنگ خۆڵ رێژەکەی لە سەربازەکان گرت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەربازەکان لەنەکاو لە قاقای پێکەنینیان دا و هێندە تریقانەوە کە چاویان پڕ بوو لە ئاو. یەکیان وتی: (نێتی پیلە قونێ.) وە رۆشتنە دەرەوە. فەرماندەری ئەو تاقمە کە هێشتا هەر پێدەکەنی وتی: (خەریشیۆنی، ئیز نۆنێ.) وە کڵاوە پێستینەکەی بە ئایدین بەخشی. بەڵام پاش تێپەڕینی ساڵانێکی دی، ئەو کاتانەی ئایدین عەقڵی فڕی بە سەر دونیاوە نەمابوو و کڵاوە پێستینەکەو پاپاخەکەی باوکەی بۆ لێك جیا نەدەبوونەوە، ئۆرهان ئەوی لەسەر دەکرد، دووگمەی باڵتەکەی دادەخست و دەچوو بۆ دوکان.

کاتێ سەربازەکان لە ماڵ چوونەدەر، باوکە گوێی ئایدینی گرت و بەتەمابوو بیبا بۆ حەوشە کە بۆ جارێکی دیکە لە دەرگایان دایەوە. باوکە گوێی ئایدینی بەردا و وتی: (دیسان چ قەوماوە؟) ئەم جارە، سام گرتووانە دەرگای کردەوە. ئەیازی پاسەوان بوو. باوکە وتی: (سەڵاوت لێ بێ، ئەیاز، لە کوێی؟)

ئەیاز وەك ئەوەی لە نێو قەرەباڵغیدا بە کۆمەکۆم تێدەپەڕێ، بە تەکانەکانی شانی، خۆی بە ژوورێدا کردو دەرگای داخست. وتی: (هاتووم لە هەواڵەکانتان ئاگادار بکەمەوە و دەڕۆم. رۆژنامەم دەست کەوتوە، وتم با تۆش ئاگات لە دەنگ و باسەکان بێ.)

باوکە وتی: (لە کوێت دەست کەوتووە؟)

(جارێ لەوە گەڕێ.) لەسەر پلیکانەکان دانیشت. باوکە خوڵقی کرد کە بچن بۆ ژوورەکەی سەرەوە بەڵام ئەو رەتی کردەوە. وتی: (چەند رۆژە دوکانەکانی ناوەندی شار کراونەتەوە. لە سبەیڕا دەبێ هەموو کەسێ دوکانەکانیان بکەنەوە. ئەدی چۆن. وڵات بێ قرەیە. بووە بە شاری مردوەکان. هەموو رۆژێ سەرێك لە کاروانسەرا هەڵدێنمەوە و چاوی پێدا دەگێرم. دەڵێم نەکا جارێك، قوفڵێك، دەرگایەك، شوێنێکیان شکاندبێ. دەی، ئێمە لێرە کەسی دیکە شك نابەین.)

باوکە وتی: (ئەیاز لە برادەرایەتیدا لە رادەبەدەر چوویتە پێش. دەی ئێستا بۆمان وەخوێنە.)

ئەیاز شەلاڵی ئارەقە بوو. رۆژنامەکەی لە بن کەواکەی دەرهێنا و لەبەر چاوی باوکەدا رایگرت. ئایدین لەبەر ئەوەی چاوی بە رۆژنامەکە بکەوێ بە هەڵاتن هاتە پێش، ئەیاز وتی: (بڕۆ لەوێ دانیشە، من دەیخوێنمەوە، هەمووتان گوێ ڕاگرن.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئایدا بە چارشێوێکی سپی کە قەراغەکەی بە ددان راگرتبوو، لە نێو دەرگاکە و لە تەنیشت دایکە راوەستابوو.

باوکە لەو دەرفەتەیدا کە ئەیاز خەریك بوو رۆژنامەکە وەخوێنێ، سەبیلەیەکی داگیرساند و بەرەو رووی ئەیاز دانیشت: (دەی، بڵێ.)

ئەیاز وتی: (خەریکە وڵاتەکەمان کاول دەکەن، دەڵێی رۆژی حەشرە. گوێ بۆ ئەم بابەتە رابگرە. چلۆن لە ناخافڵ خۆیان بەسەر ئێراندادا. لەهەموو لایەکەوە کۆمەڵێك هەواڵی دڵتەزێن بە دەستمان دەگا. بە پێی یەکێك لەهەواڵەکان ماوەیەك بەر لە نیوەشەو، پاپۆڕە شەڕکەرەکانی بریتانیا لە کەناری [خوڕەم شار] نزیك بوونەتەوە و بە تۆپ و چەکی قورس هەڵمەتیان کردە سەر تابگەی شار و، لە بەرەبەری بەیانیدا پاپۆڕە شەڕکەرەکانی ئێرانیان تێك شکاند. چەندین کەس کووژران.)

باوکە تاسا بوو. ئەیاز بۆ ساتێ سەیری کرد و وتی: (ئاگات لێیە جابر! هێزەکانی ئاسایش چییان هەیە؟ هەر هەناسەمان بۆ ماوەتەوە، بێدەسەڵات. هەر بینا گوێت لێ بوو کە وتیان ئەیازت نەماوە.)

باوکە وتی: (خوانەکا.)

ئەیاز وتی: (رەزا شا بەو هەیبەت و شکۆ و مەزنایەتییەوە بە چۆکدا هات. ئێستا بۆت دەخوێنمەوە گوێ راگرە.) وە دیسان دەستی کرد بە خوێندنەوە: (پاش چەند خوولەك هەواڵ راگەیاندرا کە ژەنەراڵ [بایەندەر]، پاڵەوانێکی سەیر بوو ها، ژەنەراڵ بایەندەر فەرماندەی هێزە دەریاییەکان کووژراوەو هێزەکانی هێندی و بریتانیا دابەزیون. چەند خولەك بە دوای ئەم هەواڵەدا هەواڵی بوردومان کردنی [ ئەهواز]مان پێ گەیشت. هەر لەم کاتانەدا لە باکوورەوە هێندێ هەواڵی جەرگ بڕ بڵاو بوەوە و، هێرش بردن بۆ سەر ئازەربایجان، باسی ئێرە دەکا، و شوێنە سنووریەکان و بوردومان کردنی هێزە ئاسمانیەکان بە دەستمان گەیشتووە، بە گوێرەی ئەم هەواڵانە: سەربازخانەکان ئامانجی ئەوانە، هێزەکانی روس و بریتانیا لە باکورو باشوور و رۆژهەڵاتەوە هەڵمەتیان کردە سەر هێزە چەکدارەکانی ئێران و هێزە شەرکەکەرەکانی ئێرانی لێبڕاوانە دەست دەکەنەوە. ترس و سام بە سەر هەموو خەڵکدا کەوتووە و هێزە بیانیەکان بە خێرایی پیشڕەوی دەکەن. بنەماڵەکان زۆربەیان لە شار دەردەچن. گەیشتنی ئەم هەواڵانە هەردەم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شـوێنێکی کاریگـەری لـەسـەر شـا دادەنـا. فـەرمـانی راگـەیانـد کـە وەزیرموختـاری روس، مـستێر [ئیسمیر نۆف]، من دوو جار چاوم پێ کەوتووە، و وەزیرموختاری بریتانیا مستێر[بـولارد] بانـگ بکەن. بۆ سبەینێ سەعات یازدەی بەیانی نوێنەرە سیاسسیەکانی هەردوو وڵاتە هەڵمـەتبـەرەکان لـە کۆشـکی [سـەعد ئابـاد] لـەگـەڵ شـادا وتوویژیـان کـرد. دانووسـتانەکـەیـان یـەك کـاتژمێری خایانـدو زاندرا کە هیچ دەرئەنجامێکی لێ نەکەوتوەتەوە.

ئەگەر چی لە ئاکامی ئەم دانووستانەدا هیچ زانیارییەك لەبەر دەستدا نییە بەڵام ئەو شتەی کـە لەم هەواڵانە هەڵدەگیرێتەوە ئەمەیە کە، شا لە سەر ئەم خاڵە داکۆکی کـردووە کـە حکوومـەتـەکـانی سۆڤیەت و بریتانیا داواکاریـەکانیـان بخـەنـە بـەردەم حکومـەتـی ئێـران. وە بـەڵێنـی دابـوو: "فـەرمـان رادەگـەیـێـنم هـەرچـەشـنـە هاسـان کارییـەك ئامـادەبکـەن، تـاکو هۆیـەکـانی رازی بـوونی هێـزە هاوپەیمانەکان دابین بکەن بۆ بواری گواستنەوەو هەڵگرتنی کەرەسە شەڕکەرییەکانیـان. هـەروەها لـە ژمـارەی سـەر بـازە ئاڵمانییـەکـان کـەم دەکـەینـەوە و لـە هـەمـوو بوارێك کـە مـەبـەسـتیانە دڵنیـا دەکرێنەوە. دەبا ئەم هێرشە پڕتووکاوەیان رابگرن وهێزەکانیان بکشێننەوە."

چاوەروانی و داکۆکی کردنەکانی شا بێ هوودە بوون. دەبینـی جـابر، ئـەو پیـاوە بـە هـەیبـەت ومەزنە لە بەریان پاڕاوەتـەوە. دەی، چـاوەروانـی و داکۆکـی کردنـەکـانی بـێ هـوودە بـوون چونکـە هەر بەو جۆرەی راگەیاندرا، لە چەند مانگ بەر لە ئێستاوە ئەم خـەونـە مـەترسـیهێنەرە بـۆ ئێـران دیتراوە.

ئەم چاوپێکەوتنە لە رادەبەدەر شای دڵتەنگ کردوە و تێگێشت کـە جگـە لـە کردنـەوەی رێگـا، نەخشەیەکی دیکە لە پشت پەردەوە دارێژراوە کە ئەو دەرئەنجامی ئەم نەخشەیەی بۆ دوایین قۆنـاغ پێش بینی کردبوو و بنەمای ئەم دژایەتـی و نـاکۆکی کردنـە لـەسـەر شـا بـراوەتـەوەو و بـەتـەمـا نین هاوکـاری شـا بکـەن و لـەسـەر ئـەو بـاوەڕەن کـە بـوونی شـا کۆسـپێکە لـەبـەردەم پـێش خـستنی ئامانجەکانیان.)

ئەیاز وتی: (دەی، بە زمانێکی خۆش باسی ئەمەیان کردبا، خۆ ئەو رۆشـت، دەی ئـەو کـاتیش دەرۆشت، ئیتر بۆ هێرشیان دەکردە سەر وڵات؟) وە دیسان درێژەی بـە خوێندنـەوە دا: (بـۆ رۆژی دواتر شـا بڕیـاری دا دەست لـە کـار بکێشێتەوە. داوای لـە وەزیـرەکـان کـرد لـە کۆشـکی سـەعدئاباد

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆببنەوە. ئێوارە، وەزیرەکان ئامادە بوون و شا وتی: (من دەزانم مەبەست لەم هێرش و دەست درێژکەرییە، دژایەتی کردنە لەگەڵ من، چاوپۆشی کردنی من لە پاشایەتی لە بەرژەوەندی وڵات دایە و من وای بە چاك دەزانم کە لەبەر ئەوەی پێش بە ئاڵۆزی وڵات و زیان و وێرانییەکان بگرین و لەوە زیاتر مەودا نەدەین خەڵکی بێتاوان و سەربازەکانی نیشتمان بکەونە ژێر بۆردومانی وڵاتە هەڵمەتبەرەکان، پاشایەتی بە وەلی عەهد[ کوڕی شا] بسپێرم. ئێوەش بۆچوونی خۆتان دەرببڕن. من رێگەتان پێدەدەم کە بۆ چەند خوولەك لە نێو خۆتاندا راوێژ بکەن.

شا لە ژووری کۆبوونەوە چووە دەر و وەزیرەکان لە نێو خۆیاندا گفتوگۆ و راوێژیان کرد. روونکردنەوەکانی شا شوێنێکی گرینگی خستە سەر وەزیرەکان و دوو سێ کەسیان فرمێسکیان رشت. پاشان وەزیرەکان بریار وەردەگرن کە بەر بە دەست لە کار کێشانەوەی شا بگرن چوونکە ئەم هەڵوێستە دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و قەیرانی وڵات و زیانەکەی پترە. وە ئەم بابەتە بە عەرزی شا دەگەێنن.

بەم جۆرە رەزاشا کەوتوەتە بەر هەرەشەی هێزە هاوپەیمانەکان و، بە گوێرەی وتەکانی [وینیستۆن چێرچیڵ]، سەرلەبەیانی رۆژی بیست و پێنجی خەرمانان بە دوای راگەیاندنی هەواڵەکانی شەوی رابردوو و پێشڕەوی هێزەکانی سۆڤیەت بەرەو تاران، شایان ئاگادار کردەوە کە هێزەکانی روس لە شاری کەرەجەوە بەرەو تاران دێنە پێش و ئامانجی ئەم پێشڕەوییە بە روونی دەردەکەوێ. شا ئیتر جگە لە جێهێشتنی پایتەخت و دەست لەکارکێشانەوە چارەیەکی دیکەی نەبینی. جەنابی [ فەروغی ] بانگ کرد و بابەتەکەی خستە بەردەم و وتی: (من لە یەکەم رۆژەوە دەمزانی کە مەبەستیان، دژایەتی کردنە لەگەڵ مندا، بەڵام حکومەت لەسەر ئەوباوەڕە بوو کە دەست لەکار کێشانەوەی من لە بەرژەوەندی حکومەتدا نییە. ئەمرۆ بە ناچاری دەبێ دەست لەکار کێشانەوەی خۆمتان پێ رابگەێنم. ئەمرۆ چێرچیڵ رایگەیاند کاتێ چەك دێتە گۆڕێ، زمانی یاسا کورتە.

کاتژمێر یازدە و نیوی رۆژی بیست و پێنجی خەرمانان، جەنابی فەروغی لە تریبوونی پارلمانەوە رایگەیاند: (بە داخ و کەسەرێکی زۆر دەبێ پێتان رابگەێنم رووداوێکی زۆر گرینگ لە مێژووی وڵاتدا روویدا...)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

باوکە وتی: (سیاسەت یانی حەرامزادەیی. ئەیاز، خۆت ئەمەت بە من وت.)

ئەیاز کە هۆن هۆن دەگریا، دەسڕەیەکی لە گیرفان دەرهێنا و هێندەی فرمێسك هەڵوەراند کە باوکەشی خستە گریان. پاش ساتێکی دی، بەبێ ئەوەی ماڵئاوایی بخوازێ، لەماڵ چووە دەرو بێدەنگییەکی مەرگ ئاسا ماڵەکەی گرتەبەر.

باوکە کە تا بە ئەو کات سەری داگرتبوو، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی: (ئەم رووداوانە هەمووی بیانوویەکە بۆ رژاندنی خوێنی نارەوا.)

ئایدین وتی: (نا. وانییە. دەیانەوێ دەست بە سەر وڵاتدا بگرن کە بەم جۆرە لە سەرو خوارەوە هێرش دەکەن.)

باوکە وتی: (رۆڵە گیان، تۆ باشتر تێدەگەی یان من؟)

ئایدین وتی: (ئەگەر مەبەستیان خوێنە، ئەی لەبەرچی شەڕ دەکەن. دەبا زەلوو فرێدەنە نێو جەماوەر.)

باوکە وتی: (رەنگە یەکدانەی وەك تۆ کە خەریکە دیقم پێدەکەی.)

دایکە وتی: (واز بێنن، خەریکە شەودادێ. با بچینە ژوور بزانین دنیا چی لێدێتەوە.)

هەموویان، وەك هەموو شەوەکانی دی، چوون بۆ ژورە گەورەکە. دایکە چرا گڕسۆزەکانی داگیرساند. وە باوکەش لە حاڵێکا قۆڵەکانی هەڵدەکرد وتی: (زۆر باشە، منداڵینە، وەرن بەدوامدا، دەست نوێژ هەڵبگرن، دەمەوێ ئەم شەوە نوێژ بە جەماعەت بەجێ بگەێنین.)

ئایدا وتی: (من بە تەنیا نوێژ دەکەم.)

باوکە وتی: (لەبەرچی؟) و گوێی ئایدای بادا.

ئایدا وتی: (ئایدین لەسەر نوێژ دەمخاتە پێکەنین.)

باوکە وتی: (تۆ پێمەکەنە. ئەگەر ئایدین زۆری لاساری کرد، دەری دەکەم.) و کەشکۆڵێکی لەسەری ئایدین کوتاند.

یۆسف وتی: (بۆ کوێ؟)

باوکە وتی: (دەرەوە. بۆ نێو کۆلان.)

یۆسف وتی: (ئەی روسەکان؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

باوکە وتی: (پێویست ناکا تۆ مشووری بۆ بخۆی.)

# 3

حەق دەستانەی یەك رۆژی کرێکارەکانی کارگەی بەرهەم هێنانی پەنکەی لۆرد نەدرا. ئەم هەواڵە وەکوو با بە نێو شاردا بڵاو بووەوە. کرێکارەکان بە پەرۆش بوون و بڕیاردرا لە رۆژی شەمۆی داهاتوورا لەسەر کارکردن ئامادە نەبن. چەند کەسیان هەر لەو رۆژەدا، زووتر دەستیان لەکارکردن هەڵگرت و جەنابی لۆرد بیستیەوە کە کارگەکەی لەژێر مەترسی داخستندایە. چوونکە بریکارەکەی حەق دەستی کرێکارەکانی کەم کردۆتەوە.

جەنابی لۆرد هەر زۆر زوو لە نێو کارگەدا وتارێکی تێرو تەسەلی پێشکەش کرد و بە ئامادەبوونی کرێکارەکان و لەبەر چاوی ئەواندا، بریکارەکەی خۆی سەرکۆنە کرد. پاشان فەرمانی دا لە نێو کارگەکەدا نانەوا خانەیەك بکەنەوە تایبەت بە کرێکارەکان، کە بە کوێرایی چاوی روسەکان ئیتر کرێکارەکانی کارگەی لۆرد لەغەمی نان پەیدا کردندا نەبن. وە بەڵێنی پێدان کە لەماوەی دوو رۆژدا ئارد بۆ نانەواخانەکە دابین بکا و، کردیشی.

هۆدەیەکی بچکۆلە، کە پەنجەرەکەی بە سەر دەرەوەدا دەکرایەوە و کرێکارەکان بەبێ ئەوەی نۆرە بگرن، بە بەر چاوە برسیەکانی ئەو هەمووە مرۆڤە گەورەو بچوکانەدا، پیرو منداڵ، نانی گەرمیان وەردەگرت و، لە سفرەدا دەیان پێچایەوە و دەچوونەوە بۆ ماڵەکانیان. تاقمێك دەیانوت ئاردەکەی لە تورکیەڕا دێت، هێندێکیش لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە هی حکوومەتە، بەڵام ئەیازی پاسەوان بە باوکەی وت بەو چاوانەی خۆی دیتویەتی لە جادەی [نەمین]، فەردە ئاردەکانیان لە کامیۆنێکی روسی بار کردووە، هەرچۆنێ بێ کرێکارەکان خۆشحاڵ و بە دەماغ، بەیانی دەچوون بۆ کارگە، دوو بەرابەری رۆژەکانی دی کاریان دەکرد و ئێوارە بە ئاسوودەیی و بە سفرەیەکی پڕ لە نان دەگەڕانەوە بۆماڵەکانیان.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەرهەمی کارگەکە دووقات زیادی کرد. هێندێ لە پیاوەکانی ئەردەبیل، کە تا بە ئەو کات ئامادە نەدەبوون لە کارگەی لۆرد کار بکەن و نانی دەستی ئینگلیزەکانیان پێ حەرام بوو، بە مەبەستی تۆمارکردنی ناوی خۆیان لەو کارگەیەدا لە نەکاو هۆمەنیان بردەبەر دەرگای کارگەکەی لۆرد. لە مەودای بەیانی تا بە نیوەرۆ، ڕێژەی دامەزراندنی کرێکار لە کارگەکەدا - کە هەمیشە لەگەڵ کەم بوونی کرێکاردا بەرەو روو دەبوو- پڕ بۆوە. ئەمە هەر ئەو پلانە بوو کە جەنابی لۆرد لە ماوەی پێنج ساڵدا نەیتوانی بوو بە ئەنجامی بگەێنێ.

وە ئێستا لە حاست سەرسووڕمانی خەڵك و سەرسام بوونی روسەکان، کارگەکە لەسەر بەرهەم هێنانی پەنکە بەردەوامە. کامیۆنە چکۆلەکانی [جێمس] هەموو رۆژێ بە باری پەنکەکانیانەوە بە رێگا لێژەکەدا هەڵدەگەڕان و بە خەڵکی پیشان دەدا کە کارگەی لۆرد، لێبراوانە کار دەکا. کرێکارەکان پارچەی پەنکەکانیان لەسەر یەك سوار دەکرد و کارگەکە هاڕەهاڕی لێ هەڵدەستا، پتر لە جاران. بەشە ئاردی کرێکارەکان روو لە زیاد بوون بوو و نانی لۆرد لە دەرەوەی کارگەدا بە نرخێکی سەرسام هێنەر دەفرۆشرا. دەست بە دەست دەگەڕا و پاشان نانە برژاوەکەی سێ قات گرانتر کەوتە دەستی باوکە. نانێکی بەتام بوو. سپی، بێ بۆن و بێ سۆدە. باوکە دەیوت لەوە زیاتر دەکا. و سوێندی دەخوارد کە لەوەش زیاتر دەکا.

چەتربازەکان بەردەوام بەسەر شاردا دەهاتنە خوار. بێدەنگییەکی مەرگ ئاسا شاری داگرتبوو، لە هیچ شوێنێکەوە دەنگ نەدەبیسرا، جگە لە ژاوەژاوێکی کپ و جارجارەش تەقەیەك لە دەرەوەی شار.

یۆسف هەموو رۆژێ لە هەیوانەکەڕا سەیری چەتربازەکانی دەکرد و نوقمی دیتنیان دەبوو و بە چەندین سەعات لەوێ دەمایەوە. تینووی نەدەبوو، نانیشی نەدەویست و، تەنانەت ئارەزووی رۆشتنی نەدەکرد. شەو و رۆژ لەسەر هەیوانەکە بوو. رۆژێك بڕیاری دا خۆیشی وەك ئەوان هەڵفڕێ. و ئەم کارەی زۆر بە هاسانی بە ئەنجام گەیاند. خۆی بە ژوورەکەی باوکەدا کرد. چەترە رەش و گەورەکەی باوکەی هەڵگرت، بە کندڕ خۆی لە چەترەکە بەستەوە، لەسەر لێواری سەربانی راوەستاو، فڕی. پاشان لە دەورو تەنیشتی ماڵی ئۆرخانی هات و هاوارێك وەڕێ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خرابوو کە دایکە نەیدەتوانی باوەڕ بکا. ئاپۆرەی حەشاماتەکە هەتا ئەوبەری کارگەی بەرهەم هێنانی پەنکەی لۆرد شەپۆلی دەدایەوە.

سەروبنی رووداوەکە بەم جۆرە بوو کە دایکە ساڵەهای ساڵ بۆ منداڵەکانی دەگێڕایەوە کە برا گەورەکەیان هەوای هەڵفڕین لە سەری دابوو کە ئێستا بەم رۆژەدا کەوتووە. ئێستا زیندەوەرێکە لە نێوان مرۆڤ بوون و ئاژەڵ بووندا. مردوو و زیندوو. پارچە گۆشتێك. دەعبایەك کە بە بێ برانەوە قوت دەداو هەڵدەلووشێ. منداڵەکان زۆر بە هاسانی باوەڕیان پێدەکرد، جگە لە ئایدین کە هەرکات بیری لەو برا کاس و گێژەی دەکردەوە، زۆر بە باشی لێی روون بوو کە هەمووی ئەم شەڕو ئاژاوەو هێرشانە، بۆ زەرەد گەیاند بە بنەماڵەی ئەمان، بەس لەبەر گۆڕانی ماهیەتی یۆسف بە ئەنجام گەیشتووە.

یۆسف هەمیشە وێنەیەکی کەم رەنگ و بێ حزوور بوو لە زەینیدا و بیری دەهاتەوە کە لەو سەردەمەدا حەتمەن یۆسف شەو و رۆژ لە خەودا ماوەتەوە، یان لە قوژبنێك دانیشتووە و لە ئاسمان راماوە. جارێکیش بەر لە هەڵفڕینەکەی، بەلاساکردنەوەی مەلەوانەکان، لەهەیوانی سەرێرا خۆی هەڵاویشتبووە نێو حەوزی حەوشە و باوکە ویستی لە ماڵ دەری بکا. بەڵام ئەمجارە ئیتر نەیتوانی لە ماڵێی وەدەر بنێن. لەهەر پێنج هەستەکانی، تەنیا بیناییەکەی کاری دەکرد. لە مرۆڤەکان رادەماو بە نیگایەکی چڵێسانە چاوی لە دەستی دیتران دەبڕی.

لاقێکی لە رانیەوەی شکابوو و ئەوی دیکەی لە ئەژنۆێرا. ئەو ئێسکەی کە لە گۆشتی رانی هەڵچەقیبوو وەها جۆشی خواردبووەوە کە لەمبەر و ئەوبەری دۆشەکەکەیرا راستە و راستی دەستەکانی، لەسەر عەرز درێژدەبونەوە. وەکو لاقی مراوی.

کاتێك لەو رۆژگارە پڕ لە شەڕو ئاگربارانەدا، جەستە شکاو و نوقوستانەکەی یۆسفیان هێنایە ژوور، باوکە لەسەر پلیکانەکان هاواری دەکرد: (بیبەن بۆ گۆرستان.)

دایکە وتی: (بۆ دەبێ بیبەن بۆ گۆڕستان؟)

باوکە وتی: (چمای زیندووە؟)

دایکە وتی: (لە بەد بەختییان، ئەرێ.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەڵام یۆسف لە ناڵە کەوتبوو. خەریکی قوتدانی لەتە سێوێکی خۆڵاوی بوو کە لە کۆڵاندا دۆزیبویەوە. هەر لەو کاتەوە لە سووچێکی ژوورەکەدا جێگایان بۆ راخست و، روویان لەهەر شوێنێك دەکرد دوکتۆرێکیان دەست نەدەکەوت. باوکە دەیوت: (خۆ ئازار ناکێشێ، لێی گەڕێ با جارێ بخەوێ، پاش کۆتایی هاتنی شەڕ چارێ دەکەین.)

دایکە لەو حاڵەیدا کە ئەوی دەخەواند وتی: (جابر، سەیریکە، دەڵێی لاقەکانی دەجووڵێنێتەوە.)

باوکە وتی: (پێم وانییە.)

پاش تێوەرسوورانی چەند رۆژان، ئیتر یۆسف هەموو لایەنە مرۆڤایەتیەکانی لە دەست دا. وەك ئاژەڵێك، هەر دەیزانی قوت بدات و هەست بە کەمترین ئازارێکیش نەکا، نە سەرمای دەبوو، نە نەخۆش دەکەوت و هیچ دەنگێکیشی لێوە نەدەهات. لە قووژبنێکی ژوورەکەدا کەوتبوو. هەروەك گاشە بەردێکی گەورە لە ناوەراستی چۆمێکدا کە هیچ لافاوێك ناتوانێ بی لەقێنێ.

جەنابی لۆرد خۆی هات بۆ سەردانی و غەم و پەژارەی خۆی ئاراستەی بنەماڵەکەیان کرد. بە باوکەی وت دراوسێی بەشەرەف، هاوشاری بەرێز. وە رۆژانە پێنج نانی بۆ برینەوە کە کاکە زەمان، فەراشی کارگە، ئێوارە بە ئێوارە بۆی دەهێنان و دەیدایە دەستی ئەوان.

دایکە سێ ژەمە شۆرباوی بۆ تریت دەکردو بۆی دەبرد، کەوچك بە کەوچك لە زاری دەکرد. دەستەکانی و سەروچاوی بۆ دەشۆرد، لەگەنی[ قەتعە] بۆ دادەنا و، سەرچەفەکەی دەگۆڕی. وە لەبەر بۆگەن و بۆ بیساری ژوورەکە، بەردەوام عوودی سەوزیان تێدا دەسووتاند. بەرە بەرە ناوی یۆسف لە عەولادی و برایەتی سڕایەوە، وەك خەزێنەیەکی ڕسقی لێهات کە جگە لە قرکردن هیچی دیکەی لە دەست نەدەهات. دوکتۆر نایدانۆف وتبووی: (ئەمە ئیتر نابێتەوە بە بەشەر.)

ساڵانی دواتر کە ئایدین ئاوڕی لە سەردەمی منداڵی خۆی دەدایەوە، دەرکی بەوە دەکرد کە گشت بوارەکان هەر لەوێرا گۆڕانیان بەسەر داهات. ئەو بە باشی دەیزانی کە منداڵی نۆبەرە هەمیشە کەفارەی ئەوانەی دیکە دەداتەوە و، ئەمەشی دەزانی کە ئەو کەسانەی تاقە میرات گری بنەماڵەن، تەماعێکی زیاتر بەکار دەگرن بۆ دەست بەسەرداگرتن و قوت دان. ئەم رەوتانە خەونێك بوون کە پاش تێپەڕبوونی ساڵانێکی زۆر راڤەی خەونەکەی بە روونی بینی.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

باوکە بەتەما بوو راهێنانێکی باشتر لەسەر ئایدین بە ئەنجام بەگەیێنێ. بەڵام هەرچەندی هەوڵ دەدا پتر لە ئەنجامەکەی دوور دەکەوتەوە. نەك هەر تەقالاکانی بێهوودە دەبوون، بەڵکو زۆرجاران بە زەرەدیشی تەواو دەبوون. لە پاش یۆسف، ئێستا ئایدین کوڕە گەورەی ماڵێیە و بەم مەبەستە وەسواس بوون و سەخت گرتن سەبارەت بە ئەو دەستی پێ کرد.

رۆژێك ئایدین کە سوور هەڵگەڕابوو، شەلاڵی عارەقە، لە شێرەی نێو کۆلان ئاوی دەخواردەوە و بە هەڵاتن خۆی بە حەوشەدا کرد. باوکە لەسەر تەختێك کاڵەکی دەخوارد کە لە ژێر شۆڕە بییەکدا بوو. بۆ ساتێ بواری بۆ رەخسا لە ئایدین بپرسێ: (لە کوێ بووی؟)

ئایدین بە هەناسە برکێیەوە وتی: (لە کۆلان بووم.) ویستی بە هەڵاتن بەرەو ئاودەست بچێ کە باوکە نەڕاندی. ئایدین وەستا.

باوکە وتی: (لەگەڵ ئەو نێرەکەرانەی نێو کۆلان کایە دەکەی؟ دایك و باوکیان دەناسی؟)

(نە.) تەنگاو بوو و پیشی دەخواردەوە.

(هەر لە حەوشە کایە بکە. بەڵام شووشەکان نەشکێنی. برۆ.)

ئایدین بە ڕاکردن بەرەو ئاودەستی قووژبنی حەوشە چوو، دڵی بێ راوەستان لێی دەداو قەفەسەی سینەی هەڵدەستاو دەنیشتەوە. بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن هەم کایە بکاو هەمیش شووشەکان نەشکێنێ. بە پێوە لەسەر کاسەی ئاودەستەکە راوەستا بوو و بە توونی دڵی لێی دەدا. پاشان کە هێندێ سوکنایی پێدا هاتەوە، لە نەکاو بیری کەوتەوە کە دەرگای ئاودەستەکەی پێوەنەداوە. چاوی کەوت بە باوکە کە لە پێش دەرگا راوەستاوە و بە بێزەوە سەیری دەکا.

وتی: (جاشەکەر، بەپێوە هەڵدەمیزی؟)

ئایدین بەرچاوی تار بوو و لە مەودای ئاسوودەیی و هێمنایەتیدا لە نەکاو ئازارێکی لە کەمەریدا هەست پێکرد. شەرواڵەکەی زوو هەڵکێشاو هەر لەوێ راوەستا.

باوکە وتی: (وەرە پێش.)

ئایدین چووە پێش. باوکە گوێی بادا و بە زلە و شەپلاغە بردی بۆ لای تەختەکەی. وتی: (چما تۆ سەگی؟)

ئایدین سەری دانەواند و هێندە راوەستا تا باوکە بڵێ: (ون بە لەبەر چاوم.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چوار دانە ماسی سوور لە حەوزەکەدا لە گەرمان مردبوون. ئەوجار هەستی کرد ئازارێك بە پشتە کەمەریدا دەگەڕێ و، ئەژنۆکانی دەلەرزن. لەنێوان گەرمای [ تا ] و ژاندا تێگێشت کە هۆکاری مردنی ماسییەکان گەرما نەبووە و نەشیدەزانی هۆکاری مردنەکەیان چییە. سێ ڕۆژان میزی پێ نەدەکرا و دایکە هەر شوتی دەرخوارد دەدا.

دەستەمۆ کردنی ئایدین دەم بەدەم لە دەسەڵاتی باوکە دەهاتە دەر. سەرکەش و لە کەوی نەهاتوو بوو. لە ژێرخانەکەدا زیندانیان دەکرد، ئەو لەوێ وا خۆی سەرقاڵ دەکرد کە تا سەردانیان نەکردبا و بە داکۆکی کردنەوە لەبەری نەدەپاڕانەوە، لەوێ نەدەهاتەدەر. کتێبەکەی ئەزبەر دەخوێندەوە و ئیملای دەنووسی. ماوەیەك پارەی گیرفانیان لێ بڕی. لە ماست فرۆشی مەیدانی [سەرچاوە] خۆی دامەزراند. سەتڵە پڕ لە شیرەکانی ڕادەژەنی و ڕۆژی یەك قرانی حەق دەستانە وەردەگرت. لە پارەکەی کتێب و کاغەزی دەکڕی و، بەم جۆرە باوکەی پتر دەچەزاند. جل و بەرگیان بۆ نەدەکڕی و هەر بە جلە کۆنەکانیەوە ڕۆژگاری بەسەر دەبرد. خۆی بە هیچ شتێك نەدەبەستەوەو تەنیا لە بیری ئەوەدا بوو کە لە چەرمەس فرۆشتن بێزارە و، بێزاری لە دووپات کردنەوەی شێوازی ژیانی باوکی دەردەبڕی. ڕقی لە زۆر شت دەبوونەوە کە منداڵەکان لەو تەمەنەدا حەزیان پێدەکرد. تەنانەت کاتێ کچێك سەمای دەکرد ئەو هەستی بە دڵ تەنگی دەکردو، دەیزانی هۆیەکەی چییە. بەڵام باوکە پێی وابوو کە ئایدین خۆرەی ئاسایش و ئاسوودەگی ماڵەکەیەتی. سووربوو لەسەر ئەم هەڵوێستەو سوێندی لەسەر دەخوارد. هەر بەم بیانووە بەردەوام بەری پێدەگرت و بەربەرێکانێی دەکرد.

سەردەمێکیش بوو کە باوکە بەو ئەندامە وردو سەرە کەم تووکەیەوە کە تەنیا بن گوێیەکانی ئاسەواری مووی پێوە دیاربوو، ئایدینی لەسەر قەڵاندۆش دانابوو و دەیبردە نێو تاڵاوەکە. ئایدین ترسی ڕێ نیشتبوو بەڵام کاتێ لاقی کەوتە نێو ئاوەکە، هەست بە خۆشی کرد و سەرمای ئاوەکە ئەوی دەخستە پێکەنین؛ لە هەردوو لاوە گوێیەکانی باوکی ڕادەکێشاو هاواری دەکرد: (جابر.)

دایکە لەبەر خۆرەتاودا لاقەکانی لەسەر یەك دانا بوو، لەسەر خاکە گەرمەکەی کەناری تاڵاوەکە گوڵەبەرۆژەی دەتروکاند. وتی: (مەڵێ جابر. بڵێ بابە.)

وتی: (بابە.) سەیری ئایدای کرد.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

باوکە ئەوی لە قەڵاندۆش داگرت، لە ئامێزی گرت، چاوەکانی ماچ کردو بن گەرووی ماچ کرد. بەڵام سمێڵە تیژەکانی لە پێستی روخساری ئایدین دەچەقین. جارێکی دیکەش ئەوی لە ئاوەکەدا خوولاندەوە و لەسەر خاکە گەرمەکەی قەراغ ئاوەکە دایەنایەوە. وتی: (برۆ بەر خۆرەکە.)

دایکە گوورجێ چارشێوەکەی لێ هاڵاند، لە باوەشیا رایمووسی و وتی: (بابە تۆی زۆر خۆش دەوێ. دیتت؟)

ئایدین وتی: (نا.)

دایکە دەستێکیشی بەسەری ئایدادا هێنا کە لە بان سەری ئۆرهان دانیشتبوو و لێو بە بزە، بە ئەزرەتەوە سەیری باوکەو ئایدینی دەکرد. دایکە وتی: (ئایداشی زۆر خۆش دەوێ.) بە چارشێوەکەی ئایدینی وشك کردەوە، لەسەر کۆشی داینیشاند، پارووێ شامی کەبابی لە زاری هاویشت و بە توونددو تۆڵی جلەکانی بۆ لەبەر کردەوە.

تاڵاوە شین و سەوزەکە، لەژێر تیشکی خۆردا پانتر و بەرینتر دەهاتە بەرچاو. شار لە پشت گردە چکۆڵەکانی دەورووبەرەوە دیار نەبوو، بەڵام دەنگی شار دەهاتە بەر گوێ. یۆسف، لەوبەری تاڵاوەکە، لە پشت قامیشەلانەکان بە قۆچەقانی کەوتبووە گیانی چۆلەکەکان.

دایکە وتی: (لەبەر چی پاروەکەت لە زاردا راگرتووە کوڕم؟ بیخۆ.)

ئایدین هەموو سەرنجی خۆی دابووە لای یۆسف و، قامیشەڵانەکەی وەك شتێکی سەیرو سەمەرە دەهاتە بەرچاو. پاش ساڵانێکی دی، کاتێ لە ژوورە دڵ تەنگەکەیدا یادی ئەم بیرەوەریانەی دەکردەوە، باوکی دەهاتەوە بەرچاو کە لە تاڵاوەکەدا بە سابوون سەرو چاوی دەشوا. وای دەهاتە بەرچاو کە بۆ ماوەیەکی زۆر باوکی سەروچاوی بە سابوون دەشوا بەبێ ئەوەی چاوەکانی بقونجێنێ. پرسی: (جابر، چاوەکانی تۆ لەبەرچی ناکزێتەوە؟)

باوکە وتی: (چوونکە خوا حەز ناکات چاوەکانی من بکەزێتەوە.)

ئایدین وتی: (ئەی لەبەر چی چاوەکانی من دەکزێتەوە؟ ) بیری دەهاتەوە کە تیشکی خۆر هەموو شوێنێکی روناك کردبوو و ئەو لەو هەمووە روناکییە و لەو گەرما کەیف هێنەرەدا، سەیری باوکی دەکرد کە پاش پازدە ساڵی دیکەش دایکە هێشتا هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی کە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەو منداڵەکانی خۆی زۆر خۆش دەوێ وهێچ باوکێك بە قەرای ئەو منداڵەکانی خۆی هێندە خۆش ناوێ بەس کەمێ سەخت گیرە لە سەریان.

ئەوجار ئایدین ئیشتیای کرد کە بگەڕێتەوە نێو ئاوەکەو لەسەر قەڵادۆشی باوکی دابنیشێ و نازی بۆ بکاو بزیقێنێ بەڵام دایکە وتی ئیتر بەستە. باوکە دەمەڵاسکێی ئایدینی کردو پێکەنی و لە نێو ئاوەکەڕا ئاوی پێدا پرژاند. وتی: (ماڵ ئاوا.)وە چووە بن ئاوەکە. ئایدین پشوی راگرت بەڵام باوکە هەر نەهاتە دەر. وتی: [ (جابر.) وە لە سەرەوەڕا چاوی بە تاڵاوەکەدا گێرا. دیار نەبوو وتی: (بابە.) سەیری ئایدای کردو ئەویش دڵ نیگەران بوو و گۆشەی چارشێوە چکۆلەکەی بە ددان گاز دەگرت، لەبەر ئەوەی لێی بەر نەبێتەوە.

دایکە پێکەنی و وتی: (ئەی. ئەی. بابە چوو بۆ کوێ؟)

ئایدین گریا. وتی: (بابە.)

ئەوجار باوکە لەژێر ئاوەکە هاتەدەر، بە توونـدی هەناسەی دایەوە. پێکەنی و ئاوی بەسەر ئایدیندا پرژاند. ئایدین پێکەنی و دایکی فرمێسکەکانی بۆ سڕییەوە. پاشان بە رێك وپێکی و بێ کەم وکووڕی هەموو ئەو رۆژانەی دەهاتەوە یاد، بە گوومان بوو لەوەی کە یادی ئەو رۆژە یەکەم بیرەوەریەکانی سەردەمی مناڵی ئەو زیندوو دەکاتەوە. وەك بڵێی هەموو شتێ لەو مرۆژەڕا دەستی پێکردووە. باوکە بە روویەکی خەندانەوە لە نێو ئاوەکەدا ڕاوەستاوە، سابوونی لە سەرو چاوی داوەو، لەبەر چاوان بزر دەبێ. بەڵام باوکە وا نەبوو، پیاوێکی بێدەنگ و وشك بوو کە کارو کاسپیەکەی لە هەموو شتێ زیاتر خۆشدەویست. نێو چاوان گرژ بوو و ئایدین لە ماوەی تەمەنیدا بە ترس و سامەوە سڵاوی لێدەکرد و، هەمیشە تا دوایین ساتەکان، ترسێکی نەناسراو لە باوکی – لە بوونیدا مابووەوە. وە پاش ساڵانێکی دی کە تەمەنی گەیشتە بیست وچوار ساڵان، تێگەیشت کە باوکی زۆر مەغرووره. هەر بەم هۆیە لێی رامابوو کە ئێستا لە ئاوەکە هاتووەتە دەرو خۆی لە خاولییەکی سپیدا پێچاوەتەوە. دایکە چای بۆ تێکرد، هەرلەوێ بەسەر پێیەوە خواردییەوە و لەبەر خۆرەتاوەکەدا راکشا. لەو بەریانەوە، گاڕانێك بە گردەکەی لا سەرووویانەوە تێپەڕی. تەپ و تۆزێکی زۆر هەستا. دایکە پاپاخەکەی باوکەی لەسەر دەم و چاوی ئۆرهان دانا کە تۆز لە سەرو روخساری نەنیشێ بەڵام ئۆرهان لەخەو راچەنی، گریاو پاپاخەکەی لادا...

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پاشان شنەیەكی هێدی ئاوی سەر ڕۆخی تاڵاوەكەی بە كەمەرەی قامیشەڵانەكاندا دەدا و، ئۆرهان بە گەرانەوەی شەپۆلەكان پێدەكەنی. لەوبەرترەوە یۆسف ڕاوە چۆلەكەی دەكرد. ئایدا قەراغی چارشێوەكەی دەجووت و بزەی لێدەدا. باوكە بە یۆسفی دەوت: (شل و شەوێق.)

دوو جمكەكان، ئایدین و ئایدا دەستی یەكتریان گرتبوو و سەیری چەند دانە باڵداریان دەكرد كە بە ئاسمانی سەر تاڵاوەكەدا فڕكە فڕكیان بوو. هەر دووكەڵێكی درێژ لە شارەوە دیاربوو و، پاشان دیسانەوە گاڕانێكی دی بەوێدا تێپەر بوو. باوكە توێكڵە كاڵەكەكانی فڕێدایە بەردەم مانگایەكی رەش كە لە هەموویان گەورەتر بوو و ڕاوەستا تاكو مانگاكە توێكڵی كاڵەكەكان بخوا. پاشان كە خۆر ئاوا بوو، باوكە وتی: (بابڕۆینەوە.) بەرەو ماڵ چوونەوە، چوونكە با- ش هەڵی كردبوو.

## 4

دایكە زۆر كزو لاواز بوو، بەو چاوە ڕەش و گەورانەیەوە كە دوودانە جووت لەم چاوانەش لە دوو جمكەكانیدا بەدی دەكران، بەو گۆنا هەڵكەوتوویەكانیەوە كە هێندێ جار سور هەڵدەگەڕان و، جارناجارێكیش كە سورمەی لە چاوان دەكرد و گۆشەی چاوەكانی بە ئاستەم دەكێشایەوە، شێوەی ئافرەتە مەغوولەكانی دەدایەوە. دوو دانە لە ددانەكانی ژێر بوون، كاتێ پێدەكەنی ریزە ددانەكانی تاقمی سەرەوەی بەدیار دەكەوتن و ددانە زێرەكانی لە هەر دوو لاوە ترووسكەیان دەدایەوە. بەڵام كاتێ نیگەران دەبوو، بەو گنجانەی كە لە هەنیەیدا پەیدا دەبوون، وەك ئەو ژنە ئازار چێشتوانە دەچوو كە دڵیان باری دەردانەو كەچی دەری نابڕن.

وتی: (پێتان وایە باوكتان دوژمنایەتی لەگەڵ ئێوەدا هەیە. بەڵام بەهەڵەدا چوون.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئایدین وتی: (من دەزانم بەتەمای لەچی بدوێی. بەڵام خۆش بەخت بونی من و ئەو جیاوازیان لەگەڵ یەکدا هەیە.) سەیری لقەکانی دار سنەوبەرەکەی دەکرد کە با دەیتەکاندن و گەڵا درێژەکانی، سەوز سەوز بەسەر عەرزیدا دەرژان.

دایکە بە چەشنێك لەسەر لێواری شوورەکە دانیشتبوو کە هەردەم ئەگەری ئەوەی لێ دەکرا کە بە پشتەوەدا بکەوێ، یان با بیخاتە خوار. وتی: (کە لە قوتابخانە دەگەڕێیتەوە زوو دەچیتە سەرەوە. دەڵێی وانەکەم دەخوێنم. بەڵام من ئاگام لێیە تۆ کتێبی دیکەش دەخوێنیتەوە. دەی، خۆ دەتوانی یارمەتی باوکیشت بکەی.)

بەڵام ئایدین بەبێ ئەوەی گوێ بۆ ئەو قسانە شل بکا، هەمیشە کتێبێکی شیعری بە دەستەوە بوو و شعرێکی زۆری ئەزبەر کردبوو، وتی: (ژیانی نێو ئەم خانووە ئارامگەی مەلی دڵنیایی نییە.) وە پێکەنی و دایکەشی خستە پێکەنین. وە دایکە وتی: (خۆ ئاگات لێیە، وا بۆ دوو ساڵ دەچێ کە ئۆرهان لە دوکاندا کاردەکا. هەم پارەیەکی زیاتری دەست دەکەوێ، هەمیش رێزی لێدەگرن و، لە تۆش شادترو خەندانترە. تۆ داتەکیوی. تۆ غەمناکی. رەنگە خۆیشت هەست پێنەکەی، بەڵام سەردەمی منداڵیت، بە جەزرەبە بووی. ماڵەکەت دەخستە سەرسەرت. لە بیرت نەماوە؟ دەنگ و قیرەو هاوارەکانت بۆ ساتێ نەدەبڕایەوە. شەیتانۆکە بووی، بەڵام ئێستا...) وە بێدەنگی راگرت.

بەملاولادا بسکە درێژەکانی دیار بوون. بە پێشێدا شۆری دەکردنەوە و، زوو زوو پەڵکەکانی دەکردەوەو دەیبەستنەوە. هەمیشە سەرەگرێیەکەی خاو دەکردەوە و سەرلەنوێ دەیهۆنیەوە. بەبێ چاو لێکردن. دەیهۆنییەوە و لەنێو دەستیدا بایدەدا: (ئەوەی کە من هەوڵ دەدەم تۆ بچی یارمەتی بە باوکت بگەێنی، بەم مەبەستەیە کە لە ئێستاڕا خەڵك بزانن ئەم دوانەتان برای یەکترن. هەر توێت و ئۆرهان. ئایدا مێرد دەکا ودەروا، ئێستا ئەگەر بەم نەخۆشییەی کەس ئامادەبێ داوای بکا. یۆسفیش خۆ بەشەر نییە، بەڵام ئەو دوانەتان بەشتان یەکسانە. ئەوجار خۆ تۆ گەورەتری. نامەوێ مافی تۆ بفەوتێ.)

ئایدین وتی: (باشە، دەڕۆم، بەڵام کاتی. بەس لەبەر دڵی تۆ.)

لەو رۆژە بە دواوە ئایدین دەچوو بۆ دوکان و شەو لەگەڵ باوکی و ئۆرهان دەگەڕایەوە. لەوێ، بە مشتەرییەکان رادەگەیشت، داواکاریەکانیانی جێ بەجێ دەرکردن، عەرزی دەشۆردەوە،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شووشـەی پـەنجـەرەکـانی خـاوێن دەکردەوە، فـەردە پستەو چـەرمسـەکـانی سـەر پڕ دەکرد، نـرخ و جۆرەی رسقەکـانی دەنووسـی و لـەسـەری دادەنـان، بـە چـەشنێك دڵسۆزی لـە خـۆی دەنوانـدن و لـە کـارەکـانی ورد دەبـوەو کـە لـە مـاوەی دوومانگدا بـە تـەواوی بـەسـەر کاروبـاری دوکانـدا کارامـە دەردەچـوو. وە تـوانی حـسێبی رۆژانـە لـە دەفتـەری گـشتیدا تۆمـار بکـا، رسـق بفرۆشـێ و، لـە بەرواورد کردنی حسێبەکانیدا سەرکەوتو بێ.

باوکە لەژێر چاوەوە بەردەوام ئەوی دەخستە ژێر چاوەدێری خۆی. وە جارجارەش هـەوڵـی دەدا ناراستەوخۆ تێی بگـەێنـێ کـە ئـەمـەیـە مانـای راستـەقینـەی ژیـان. بـەڵام ئۆرهـان لـە دڵـی گـران دەهات. پیشی دەخـواردەوەو، ئیرەیـی پـێ دەبـردو حـەزی دەکـرد ئایـدین هـەر لـە حاسـت کتێبـەکـانی وخۆێندنەکەیدا ئۆگری لە خۆی پێشیان بدات.

شـەوێك ئۆرهان وتـی: (ئەدی تۆ کـەی وانـەکـەت دەخوێنی؟)

ئایدین وتـی: (قەت. من ناخوێنم. لە قوتابخانـە گۆێ رادەگرم و بـەس.)

ئەو رۆژانە ئـەگـەرچـی کۆتـایی بـە شـەڕ هـاتبوو، بـەڵام شـار لـە ئاسایشدا نـەبـوو. حیزبیـەکـان رژابوونـە سـەر کارگـەی بـەرهـەم هێنـانی پـەنکـەی لۆرد. شووشـە و پـەنجـەرەکانیـان شکاندبوو و، جەنابی لۆرد لە مەودای دوو جار پەیڤیندا رایگەیاند کە غەوارەکان رێگـە نـادەن پیشەسازی وڵات گەشە پێبدات، لێ ناگەڕێن ئابروو شـەرەفی وڵات بپـارێزێ و ئـەگـەر هێـزەکـانی ئاسـایش هاوکـاری نەکەن، ئەو ناچارە کارگەکەی دابخا و بگەڕێتەوە بۆ بریتانیا. داخرانی کارگـەیـەکی گـەورە و بێکـار بوونی ئەو هەمووە کرێکارە، بـەتایبـەت لـە سـاڵەکـانی گـەشـەسـەندندا، بـەقـازانجی حکومـەت تـەواو نابێ. هەربۆیە لە سەرەوەڕا بریار هات.

سەر لـە بـەیـانی ئـەو رۆژە بـەفراوییـە کـە شـار لـە ژێر بـەفری سپیدا دفن ببوو، لـە نـاوەندی مەیدانی عالی قاپی کە مەڵبەندی کرێکاری بوو. دوو کەس لە سمێل زلە حیزبیەکانیـان لـە سێدارەدا و هەراکە خەوت.

ئەیازی پاسەوان ئەم هەواڵەی بە باوکە راگەیاند. کۆتاییەکانی شـەو بـوو و بـەفریش بـەردەوام دەباری. کاتی ئەوە هاتبوو کە باوکە دوکانەکەی دابخا و، خـەریکی چۆرت خستن بـوو. پرسیاری کرد: (ئەیاز، شەوی هەینیت لە یاد کردووە.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئـەیـاز شـەبکـەکـەی فڕێدایـە سـەرمێـزەکـەی بـاوکـی: (لـێم گـەڕێ.) وە لـەسـەر فـەردەیـەکـی گوڵەبەڕۆژە دانیشت.

باوکە وتی: (دەنگ و باسی دونیا؟)

(ئاڵۆز.)

ئایـدین و ئۆرهـان چـاوەڕێ بـوون باوکـە دەفتـەرەکـان لـە کێشۆی مێـزەکـەی بخـا، پـارەکـان بژمێـرێ، بـەڵکـو زوو بڕۆنـەوە. وە دەیانـدی کـە ئـەیـاز هـەراسـان و سـام گرتـووە. هـەردووکیـان هەستیان دەکرد کە شتێك دەقەومـێ. هەواڵێك کە لـە روخساری ئـەیـازدا مۆنجی دەخواردەوە. وە باوکە ئامادە بوو دوو مـن گوڵـەبـەڕۆژەی خـەڵات بکا بـەو مـەرجـەی، بـەبـێ کـەم و کـووڕی گوێ بیستی هەواڵەکەی بێ. وتی: (ئەیاز. بڵێ.) وە سەری لێ نزیك کردەوە.

ئەیاز وتی: (هەرای سمێڵ زلەکان خەوت.)

(نەڵێی؟)

(ئەرێ.) وەرسووڕا. سەیرێکی نێو داڵانەکەی کردو وتی: (ئاگات لە خۆت و منداڵەکانت بێ. ئەگەری ئەوە لە گۆڕێدایە کە حیزبیەکان هەندێ جار پیلان بنێنەوە.)

باوکە وتی: (ئێمە خۆ... خۆ ئێمە، بۆ خۆت باشتر دەزانی...)

ئەیاز وتی: (خۆ کتێب یان ڕاگەیاندراوی حیزبیت لە لا نییە؟)

(قەت قەت.)

ئەیاز وتی: (ڕەنگە لە نەخافڵ شەونامەیەک، ڕاگەیاندراوێک، کاغـەزێك فڕێدەنـە نێـو دوکـان یـان ماڵـەوە. یـان ڕەنگـە منداڵـەکـان لـە قوتابخانـە لـەگـەڵ خۆیـان بیهێننـەوە.) سـەیرێکـی ئایـدین و ئۆرهانی کرد: (منداڵینە، باوکتـان هـەمـوو تـەمـەنـی سـەربـەرزانـەو بـە ئـابڕوو ژیـاوە، سـەری مـن، نەکەن جارێک، ... کارە ئیدی دەقەومێ. وریا بن.)

باوکە وتی: (چووکەکەیان بۆ قوتابخانە ناچێ. هەر گەورەکـەیـان دەچـێ کـە ئـەویش بـە قسەم ناکا.)

ئەیاز خۆی گرژ کرد و بە زمانێکی پانتر لە جاران بە ئایدینی وت: (چ خێرێکت لـە قوتابخانـە دیوە؟ ها؟ بێکاری؟ پاش خوێندن دەتەوێ چی بکەی؟) بە باوکەی وت: (لەوێی دەربێنە.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

باوکە وتی: (منیش لەسەر ئەو باوەڕەم. لەم بارو دۆخە شڵەژاوەدا کە ئێمە نازانین کام لایەنە قسەی راست دەکا...)

ئەیاز بە ئاماژەی دەست قسەکەی باوکەی بڕی: (شەری زێرینگەرانت خۆ بیستووە. بە رۆژ لەسەر و گوێلاکی یەکتر دەدەن و شەوانەش لە قاپێکدا شۆرباوەکەیان تێدەکوشن. من فەرمانبەری ئاسایشم هەوای هەردوولام هەیە، واتە بێ لایەنم.)

باوکە وتی: (بژی.) و بە سیرەی چاوەکانی لە ئایدینی گەیاند.

لەوە بەدواوە بەردەوام ئایدینی دەخستە ژێر چاوەدێری، کتێبەکانی دەپشکنی، هەموو رۆژێ لێی دووپات دەکردەوە کە دەبێ ئاگای لەخۆی بێ، هەوڵی دەدا پێش بە چوونە قوتابخانەکەی بگرێ و لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە دەبێ کوڕە گەورەکەی درێژە دەری رێگا ژیانی باوکی بێ.

ئەو شەوە پەستەك لەسەر شان، وەك پیاوەکانی نێو کاریکاتۆرەکان لە هەموو شوێنێك بوو. دەهات و دەچوو. پیاسەی دەکرد. وتی: (دەبێ لە قسەکانی من ورد بێتەوە. ئەو شتەی کە بەتەمای پاش چەندین ساڵان بەخوێندن لێی تێبگەی، من ئێستاکە تێت دەگەێنم. ژیان فشە نییە. تۆ پێت وایە بە خوێندن بە چی دەگەی؟ پاش سی ساڵ خوێندن چەندەت مووچە بۆ دەبڕنەوە؟) ئەنگوستی لەبەر چاوی ئایدیندا دەلەقاند: (ها؟ چەندەت دەدەنێ؟) وە بێدەنگییەکەی ئایدن ئەوی پتر دنەدەدا کە هەڵکشێ و بڵێ: (سەد تمەن؟ هەزار تمەن؟ خۆ لە شا زیاتر وەرناگری. من هەر لە ئێستە بە دواوە بۆت دەبڕمەوە. بەمەرجێ واز لە خوێندن و کتێبەکانت بێنی. ببی بە پیاو.)

دایکە وتی: (وایە ئایدین.) لە داڵانی سەرێ، خۆی بە شۆردنی گۆرەوییەکانی ئۆرهان و باوکە خەریك کردبوو.

ئۆرهان وتی: (بۆچی زۆری لێدەکەی؟ لێی گەڕێن حەز بەچی دەکا، با وا بکا. خۆ بە زۆرەملی نییە.)

ئایدا وتی: (سندان لە تۆ بدات چت پێداوە.)

دایکە وتی: (راست دەڵێ. سەرت بە کاری خۆتەوە بێ.) وە کاتێ باوکە دەکەوتەوە سەر قسە کردن، دایکە هەرخۆی دەخواردەوە. هەر لە خۆڕا چنگی لە شوێنێك گیردەدا. وتی: (ئایدین، باش بیری لێ بکەوە.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

باوکە بەو پەستەکەیەوە سامی هەبوو، ڕێك وەك ئەو کاتانەی لەسەر تەختە کەوڵەکەی دادەنیشت. دەسەڵات و هێزێکی باوکانە لە زاریەوە دەردەپەڕی: (ئەم هەمووە ساڵە لە پێناو کێدا خۆم هیلاك کردوە؟ لەبەرچی؟ دەی لە پێناو ئێوە بەو مەرجەی ئێوە ڕێگە نەدەن حەیا و شەرەفی من بشکێ و، بەرژەوەندی من لەبەر چاو بگرن. ئەگەر ئەمڕۆ ڕێزێك بۆ پیاو دادەندرێ، لە سایەی پارەیە. لەبەر ئەوەیە کە چاو لە دەستی خەڵکی نیم. من حەز دەکەم بەم مشوور و هۆشەتەوە، هەر لە سبەینێڕا ببی بە پیاوی کارو کاسبی. تێدەگەی ئایدین؟ کاسپی.) وە چوو بۆ ژوورەکەی.

ئایدین لە خۆی ڕانەبینی بوو ڕاستەوخۆ سەیری باوکی بکا، لەسەر پلیکانەکان دانیشتبوو. نەیدەزانی ئەوە ترسە یان شەرمی لێدەکا. دەسەڵاتێك لەنێو ئەو چاوانە و ئەو چاویلکەیەدا دەبیندرا کە ناچاری دەکرد هەروا، وەك هەمیشە لە پشتەوەڕا سەیری بکا. کاتێ ڕۆشت، ئایدین هەستی کرد زۆر شت بۆ باسکرن لە گوڕێدا بووە کە دەبووایە دەری ببڕێ. حەزی دەکرد باوکە هێندەش بە گڕوو نەدەبوو و هەر بە ئۆرهان ڕازی دەبوو، بەڵام لە نەکاو بە ڕۆشتنی باوکە لەو داڵانە نیمچە تاریکەدا بێدەنگی بە چەشنێك بە سەریدا کەوت کە ئایدین پێی وابوو کاتژمێرە دیوارییەکە لە کارکردن وەستاوە و، خۆی، لە باتی پاندۆڵی سەعاتەکە لە هاتوو چۆ دایە.

دایکە چنگی لە گۆرەویەك نووساندبوو، تەنیا یەك لینگی. دەتوت ژیان بە دەوری خۆیدا هەڵدەسوڕاو، دەنگێکی یەکدەست لە مەودای لوولەی ئاوەکەدا یارمەتی دەدا بە هێوڕ بوونی دوویات بوونەکان. ئاوەکە سارد بوو و دەستەکانی دایکەش سوور هەڵگەڕابوون. ڕێك وەك ڕەنگی باڵتە سوورەکەی کە سەردەمی منداڵی بۆیان لەبەر دەکرد و دەیان بردە دەرەوە.

ئایدین کە دەکەوتە یادی باڵتەکەی، دڵی تەنگ دەبوو. باڵتەیەکی سوور کە پڕ بە جەستەی بوو و، قووماشەکەی مەخمەری بوو، چوار دانە گیرفان و، کڵاوێك کە لە پشتەوەڕا دەکەوتە سەر شانەکانی. بە دایکی وتبوو: ( دایە، زۆر جوانە.)

لە کاتی باران بارینددا، یان هەرکات هەوا سارد دەبوو، بۆیان لەبەر دەکرد. وە ئەمە جوانترین بەرگێك بوو کە لە ماوەی تەمەنیدا بە خۆیەوە بینی بوو. هێندێ جار حەزی دەکرد بە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شوێنێکەوە هەڵی واسێ کە لە کاتی خەوتندا سەیری بکا. لەو بەرگەدا، هەر تا بەو رادەیە هەستی بە هێمنایەتی دەکرد کە باوکە لە پەستەکەیدا هەستی بە غروور دەکرد.

ئەو رۆژەی کە باوکی بەتەمابوو بۆ یەکەم جار لە قوتابخانەدا ناوی تۆمار بکا، پێی وت کە ئیتر نابێ ئەم باڵتە سوورە لەبەر بکاتەوە. ئایدین گریا. باوکە وتی: (کچۆڵە باڵتەی سوور لەبەر دەکا.)

ئایدین دیسان گریا و لە باوەشیدا باڵتەکەی توند بە خۆیەوە گوشی. باوکە باڵتەکەی لە دەستی فڕاند.

وتی: (تێگەیشتی؟)

وڵامی پێ نەدرایەوە. وە سەیری باوکی دەکرد کە زۆر تووڕە ببوو و دەیوت: (ئەگەر حەزدەکەی لەبەری بکەیتەوە پێم بڵێ.)

ئایدین بە سەر لەقاندن وای دەنواند کە حەزی لێیە. باوکە وتی: (کەوا بوو لە قوتابخانە ناوت تۆمار ناکەم.)

ئایدین گریا. پێیەکی لەسەر پلیکانی قووتابخانە دانابوو و بەتەمابوو پێی بسلمێنێ. وتی: (ئەگەر دەتەوێ ناوت تۆمار بکەم، ئیتر نابێ ئەمە لەبەر بکەیتەوە.)

(زۆر باشە. بەس لەماڵیدا لەبەری دەکەم.)

باوکە لە قوتابخانەی ئەنوشێروانی دادپەروەردا ناوی ئەوی تۆمار کرد. وە ئیتر ئەو لەوە بەدواوە چاوی بە باڵتەکەی نەکەوتەوە. بەڵام ڕەنگەکەی سوور بوو و گەرمیش بوو. وەك دەستە ساردەکانی دایکی نەبوو کە ئەگەر ویستبای لەسەر سۆبە گەرمی بکاتەوە، حەتمەن ئێسکەکانی ژانیان تێدا دەگەڕا و، ئەو جار بە ناچاری دەبوو ددان بە جەرگیدا بگرێ و، لە دیوارەکەی بەرامبەری رابمێنێ. ڕەنگە لەو حاڵەشدا بیر لەوە بکاتەوە کە باوکی منداڵکانی، بۆ دەبێ هێندە کەللە رەق و وشك و تووڕەبێ لەگەڵیان. ئەگەر منداڵەکانیشی بمرن، لەقسەی خۆی دەرناچێ.

دایکە وتی: ( باوکت نیگەرانی تۆیە. دەڵێ تۆ لە تواناتدایە بەسەر کاروباری دوکاندا رابگەی. دەڵێ حەیفە ئەو هۆش و لێهاتوویەت بەفیرۆ بچێ. هەر بۆ ئەم مەبەستەیە حەزدەکا لەبەر دەستیدابی. خراپەی تۆی ناوێ.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئایدین وتی: (دەزانم دایە.)

(ئەی لەبەر چی ...) وە دیسان بێدەنگی باڵی کێشایەوە. وەکوو بێدەنگییەکانی ئایدا.

سەری داخستبوو و پرچە رەش و پەرێشانەکەی گشت روخساری داپۆشیبوو. تەنانەت بۆ جارێکیش سەری بەرز نەدەکردەوە کە سەیری کەسێك بکا، مەگین ئەو کاتەی کە چاوی لە ئۆرهان مۆن کردبۆوە. ئێستا دیارە بە قەرای هاوتایەکی دڵی مەکۆی خەمانە، کەوا بۆ چەندین سەعاتان، پرچە رەشەکانی دەکاتە لەمپەرێک لە نێوان خۆی و ژیاندا.

لە کاتی شێو خواردندا، باوکە وتی: ( پێم وایە دەتەوێ بەربەرێکانێم لەگەڵدا بکەی، خۆت دەرناخەیت، پێت وایە دونیا هەر ئایدینە. نەقڵی مێرووەکەت بیستووە کاتێ ئاو دەیبرد؟ ئەمە بەلای منەوە پەسند ناکرێ.)

ئایدین وتی: (بیرو بۆچوونی ئێوە هەر لەلای خۆتان جێی رێزە، بابە.)

باوکە وتی: (سەیرە، سەیرە، منداڵی ئێمە، ئێمەی قەبوڵ نییە.) رووی لە دایکە کرد، بزەیەکی لێداو وتی: (پیاو حەزدەکا غروری ئەم هەتیوە بشکێنێ.)

دایکە وتی: (لەوە زیاتر ددان لە یەکتر سپی مەکەنەوە.)

باوکە وتی: (باشە، باشە دەی، بە شێوەیەکی دیکە قسان دەکەم.) رووی لە ئایدین کرد، بەڵام چاوی لەبەر پێی بوو: (کوڕە سەیرکە، لە سبەینێرا ناچی بۆ قوتابخانە. دێی بۆ دوکان.)

ئایدین وتی: (بابە، من دەمەوێ درێژە بە خوێندن بدەم.)

(ئەگەر نەخوێنی چی دەبێ؟)

(دەمرم.)

(بمرە.) هۆدەکە لە بێدەنگیدا بوو بە بەستەڵەك.

باوکە دۆڕاندبووی. باشاری ئەم مێرمنداڵەی نەدەکرد و نەیدەزانی دەبێ چی بکا. کەوگیرێکی پڕ لە برینجی لە سەر دەورییەکی رۆکردو وتی: (هە، دەمرێ !) کەوگیرێکی دیکەی تێکردەوە: (جاڕ بە جەحەندەم.) چەند کەوچکی لە شلەکە تێکرد. کەوچکێك ماستی لە زاری کرد: (بە قوربانی سەرم بێ.) پاشان دەستی کرد بە خواردن.

چەند ساتێ تێپەری. قسە لە کەس دەرنەهات. بەڵام باوکە وتی: (خۆ دەیتت؟ دەمرێ.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چەند کەوچکێکی دیکەی لە چێشتەکەخوارد و دیسان وتی: (بە جەحەندەم، هەتیوە گولـە، قسە لە قسەمدا دەکا.) لە ناکاو گوڕاندی: (هەرچییەکەم وت دەبێ بیڵێ بە چاوان. بەڵام وادیارە لـە من بێزاری کە ناتەوێ ببیتە پیاوی کارو کاسبی. چما من بۆ تۆ جێی شەرمەزاریم؟)

(من ڕقم لە تۆ نابێتەوە. من بڕیارم داوە درێژە بە خوێندن بدەم.)

(ئەگەر نەخوێنی چی دەبێ؟)

(دەمرم.)

باوکە تووڕە ببوو. کەوچکەکەی فڕێداو هەستا. هەر بەو پەستەکەو بەو شەقاوانەی: (دەبینـی، چاوت لێیە بێعاری تا چ رادەیەکە؟)

پاشـان کـە ئایـدا هاتـە ژوور، چـاوێکی بـە هـەمووانـدا گێـڕاو لـە تـەنیـشت دایکـی دانیـشت. دەستەکانی تـەڕ بـوون و پێستی قامکـەکانی چرچ ببـوون. دایکە وتـی: (بخـۆ.) بـۆ سـاتێ لـە دەستە تەڕەکانی راماو وتی: (دوکتۆر شوشانیك وتوویەتی نابێ زۆر دەست لە ئاو وەربدەی. بخۆ.)

ئایدا وتی: (دڵم نایبات.)

باوکە بە گوڕاندنەوە وتی: (چت بەمەداوە؟)

باوکە لەپەنجەرەکەڕا سەیری دەرەوەی دەکرد. هیلاك بـوو. ئیشتیای خواردنیشی نـە دەکرد. وتی: (چوونکە هیچیان وەك بەشەران ناچن. هەریەکەو ئەدایەکیان هەیە. شەربەتـی ئیفلاتـوونی بـۆ دەگرمەوە، نایخوا، دەی چاوی دەرهات، با ئازار بکێشێ.)

پاشـان ئایدا بـە بێدەنگی و بـە هێمنـی لـە ژوورەکـە چـووە دەر. باوکـە وتـی: (ئـەگـەر دەتـەوێ بخوێنی، نابێ سەر بەدوکاندا بکەیتەوە.)

دایکە وتی: (خۆ پاش نیوەڕۆکان...)

باوکە گوڕاندی: (پێویست ناکـا، پێویـست ناکـا. لـەمـە بـەدواوە نـابێ سـەر بـە دوکانـدا بکـا. من پێویستیم بە یارمەتیدانی کەس نییە. دوکان دەبێتە هی ئۆرهان.)

ئۆرهان بە ئیشتیا خواردنەکەی خوارد. وە باوکـە وتـی: (ئـەیـاز کووتـەنـی لـەگـەڵ دوو تاقمدا قسە ناکرێ. خوێندەوارو نەخوێندەوار.)

هەر لەو کاتەدا بوو کە لە نەکاو ئایدین حەزی کرد دەست لە باوکی بدا. بەس سەرە پەنجەکانی، دەست یان روخساری ئەو هەست پێ بکا. لەمێژساڵ بوو دەستی وە باوکی نەکەوتبوو. تەنانەت دەرفەتی ئەوەشی بۆ نەرەخسابوو بە تەنیشتیدا تێپەرێ. بەو ئەندامە وردەی و، پرچە ماش و برنجەکەی و، لێوە وشك و گرژەکەیەوە، ئێستا پاڵی بە پشتییەکەوە داوە و سام و هەیبەتێکی تێدا دروست بووە کە کەس نەیدەوێرا ببزوێ. هێندە نامۆو نا ئاشنا دەهاتە بەرچاو کە تەنیا دەیان توانی لەژێر چاوەوە سەیری کۆبەی پەستەکەی بکەن. وە ئایدین بەردەوام لە بیری ئەوەدا بوو کە چۆن بتوانێ دەست بخاتە سەر شانی باوکی و لە تەنیشتیەوە راوەستێ.

## 5

ئێوارەیەکی گەرمی هەینی بوو لە مانگی پووشپەڕ، ئۆتۆمۆبیلێکی بێنزی رەش کە تا بە ئەو کات کەس نموونەی ئەوی لە ئەردەبیلدا نەدیتبوو، بە تەپ و تۆز کردن لەلای کارگەی بەرهەمهێنانی لۆردەوە بەرەو لای ماڵی باوکە سووڕا. بە خێرایی دەئاژواو دراوسێیەکانی سەریان لەو هەمووە تۆزە و خێرایەکەی، سووڕما بوو. کاتێ ئۆتۆمۆبیلەکە لە بەردەم ماڵیدا راوەستا، ئەو دەم سەرسووڕمانی دراوسێکان پتر بوو. چوونکە قەت نەبووە غەوارەیەك هاتوو چۆی ماڵی جابر ئۆرخانی بکا و ئەگەریش هاتبایە بەم جۆرە ئۆتۆمبیلە نەدەهات. چرا و سپەر و ئاوێنەکانی، تروسکەیان دەدایەوە، رەنگە رەشەکەی لەبەر خاوێنیان برووسکەی لێهەڵدەستا و، مارکی مارسیدێزی بێنزەکەی لە پێشەوەرا دەدرەوشایەوە و چاوی خەڵکی بەدوای خۆیدا مۆڵەق دەکرد. دراوسێکان، ژنە منداڵەبەرەکان، ژنە ئاوسەکان، منداڵەکان، کیژەکان و تەنانەت پیرە پیاوێکی کوێریش، هەموویان لەماڵ هاتبوونە دەر تا چاویان بەو ئۆتۆمبیلە بکەوێ و، بزانن داخوا لەو شوێنە سۆراغی کێ دەگرێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەڵێ، باوکە لەحەوشە، لەژێر سێبەری سنەوبەرو شۆرەبییەکەدا خەریکی شوتی خواردن بوو. ئایدین لەسەرەوە، لە ژوورەکەیدا کتێبی دەخوێندەوە و ئۆرهان رێك لەو کاتەدا لەبەرئەوەی ئایدا گۆرەوی‌و جلەکانی بە باشی ناشوا، زشیەکی لە بناگوێی سرەواند. دایکە کە خەریکی شۆردنی قاپ و قاچاغی ماڵێ بوو لە نەکاو وەرسوورِاو کاسەکەی نێو دەستی بە توندی بەعەرزیدادا: (بێ شەرەف، بۆ لێی دەدەی؟!) باوکە گوڕاندی: (ئەوە چی بوو شکا؟ لەوێ چ قەوماوە؟) کە لەدەرگایان دا.

ئایدین کە لە ژوورەکەی سەرەوە بوو بۆ ساتێ کتێبەکەی داخست، گوێی راگرت و دیسان لەسەر خوێندنەوە بەردەوام بوو. (جەنایات و موکافاتی) دەخوێندەوە. ئایدا دەگریاو، باوکە قاشێك شوتی بە دەستەوە و قەپاڵێ لە زاریدا، حەپەسا. ئۆرهان وتی: (دەبێ کێ بێ؟)

دایکە سام گرتووانە لە چێشتخانە هاتەدەر و بە دەنگێکی نووساو وتی: (عیزرائیل.)

باوکە بۆ خۆی رۆشت و دەرگاکەی کردەوە. ئەو پیاوەی لە نێو ئۆتۆمۆبیلەکە دانیشتبوو بەبێ مەیلی و بێ وازانە و، بەبێ ئەوەی سەردەربێنێ وتی: (ببوورن، ماڵی جەنابی ئۆرخانی کامەیە؟)

باوکە وتی: (ئێرەیە. لەبەر چی؟) یەک پلە لە نێو دەرگاکەڕا داگەڕا و نیگەران بوو.

پیاوی نێو ئۆتۆمۆبیلەکە، ماشێنەکەی کووژاندەوە، شیشەکانی هەڵکێشا، جانتە چەرمییەکەی کە لەسەر کورسی پشتەوە بوو، هەڵی گرت و بە هێمنی و لەسەرخۆیی دابەزی و دەرگای ئۆتۆمۆبیلەکەی کلیل دا. ئێستا شێوەی منداڵە قوتابیەکانی دەدایەوە کە با پرچی سەریان پەرێشان دەکا و تۆز لە چاویان دەکا. دراوسێکان و ئەو کەسانەی لەو ساتەدا بەنێو کۆڵانەکەدا تێدەپەڕین، وەك پەیکەرێکی بەردین بێ چاو ترووکان، دیتیان ئەو پیاوە لەگەڵ باوکەدا تۆقەی کردو چووە نێو ماڵەکەیان. باوکە لە دالآنی نێو ماڵێدا بە دەنگی بەرز قسەی دەکرد تا بەم جۆرە ئافرەتی نێو ماڵێ ئاگادار بکاتەوە کە پیاوێکی غەوارە هاتووەتە ژوور و نابێ بە سەرروتی دەرکەون، یان نابێ تەنانەت دەنگیان لێبێت. پیاوەکە بە وردی سەیری بینای خانووەکەی دەکرد. وا دەهاتە بەرچاو کە رەنگە لە لایەن شارەوانییەوە هاتووە، یان رەنگە بەتەمای کڕینی خانووەکەیانە. جانتا بە دەست و وڕو مات سەیری دەرو دیوارەکانی دەکرد. وتی: (جوانە، جوانە، گێچ بڕینەکەی مۆدێرنە. بە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شێوازی بیناسازی روسەکانە. بەڵام جەنابی ئۆرخانی، بیناکەتان هەمووی لەسەر شێوازی بریتانی دروست کراوە. تاقە بەرزەکانی، پەنجەرە نەردەدارەکانی.)

سەری کرد بە هۆدەیەکداو بە حاڵەتێکی دۆستانەتر وتی: (جوانە، جوانە. من پیرۆزبایی لە مشوورو زەوقی ئێوە دەکەم. ئەم ئاوێنە کارییە وادەردەخا کە ئێوە خاوەن هەستێکی ناسکن، جەنابی ئۆرخانی.) وە پاشان لەبەر بۆگەنە بێزهێنەرەکەی ژووری یۆسف سەرو چاوی تێك ترشاند. وتی: (ئەو مرۆڤەی لەوێ دانیشتووە چ خزمایەتییەکی لەگەڵ ئێوەدا هەیە؟)

باوکە وتی: (ئەوە کوڕی منە. بەڵام وای لێ بەسەر هاتووە. دە دوازدە ساڵ لەمەوبەر، لە هێرشی روسەکان...)

پیاوەکە وتی: (کەوابو ئێوەش پریشکتان وێ کەوتووە.) وە سەیری یۆسفی کرد کە خەریکی کاوێژکردن بوو.

باوکە وتی: (بۆخۆم نا بەڵام کوڕەکەم دەیەویست بە چەترەکەی من- بەلاسا کردنەوەی چەتربازە روسەکان- لە بانیڕا دابەزێ کە وای لێ بەسەرهات.)

(سەیرە ! سەیرە!) لە ژوورەکە هاتەدەر، دەرگاکەی پێوەداو وتی: (بەڵێ. تێدەگەم. هەرچۆنێ بێ ئێوەش داغی ئەم شەڕەتان هەڵگرتووە. ئەمە منداڵی ئێوەیە کە...)

باوکە سەری لێ سووڕمابوو کە لەبەرچی ئەو پیاوە غەوارەیە بێ خوڵق کردن هاتوەتە نێو ماڵی ئەم و خەریکە بە پلیکانەکاندا هەڵدەگەڕێ. بەم حاڵەش هەر ڕێزی لێگرت و وتی: (فەرموون بۆسەرێ. فەرموون.)

پیاوەکە لەسەر یەکەم پلیکانە راوەستاو وتی: (من ئابادانیم.)

باوکە وتی: (فەرمووت خەڵکی کوێی؟)

ئابادانی وتی: (خەڵکی تارانم، بەڵام ناوەکەم ئەنوشیروان ئابادانییە.) دیسان لەگەڵ باوکەدا تۆقەی کردەوە، ئەم جارە گەرم و گوڕتر بوو.

باوکە وتی: (بەخێربێن.) وە ئەوی بەرەو ژوورەکەی خۆی بۆ سەرێ خوڵق کرد. ئابادانی کۆت و شەرواڵێکی سوورمەیی لەبەر کردبوو و بۆینباغێکی شین و باریکی لێدابوو و خەتی ریشی لە رادەی ئاسایی پتر داکێشابوو و، باڵایەکی بەرزی هەبوو و سمێڵەکانی ریك نەکردبوو، وەك

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شاخە بەران دەچوو. وە لەحاڵێکا سەیری پەنجەرەو دیوارەکانی دەکرد، چووە لای سەرووی هۆدەکەو رێك لە تەنیشت کەوڵە پێستەکەی باوکە دانیشت.

باوکە حەزی دەکرد هەتا زووە بزانێ ئەو پیاوە چ کارەیە، لە کوێرا هاتووە، چی دەوێ و قسەی زاری چییە، وەك پیاوە قەرزارەکان، لەبەرامبەری ئابادانی، لەسەر چۆکان دانیشتبوو: (دەی لە خزمەتدام.)

ئابادانی وتی: (هەروا بە زوویی؟) وە پێکەنی.

باوکە وتی: (دەی، فەرموون.)

ئابادانی وتی: (بەراستی نازانم لە کوێرا دەست پێبکەم. بەڵام گرینگ نییە، سەر ئەنجام دەبێ قسەکەم بکەم. دەزانی؟ دەزانی خوشکم تا دوو سێ ساڵ بەر لە ئێستا دراوسێی ئێوە بووە و من ناونیشانی ئێوەم لە خوشکم وەرگرتووە.)

باوکە وتی: (دەی.)

ئابادانی لە درێژەی قسەکانیدا وتی: (من تا دوو سێ مانگ لەوە لە پێش لە ئامریکا دەمخوێند، ئێستا گەڕاوەمەتەوە بۆ ئێران، دەی دەبێ دەستێك بە ژیانمدا بێنم و سەرو سامانێك بگرم. لە خوشکم بیستووە کە ئێوە کچێکتان هەیە کە بە حەیاترین و جوانترین و بەشەرەف ترین کچی ئێرانە.)

باوکە موچڕکی بە لەشدا هات بەڵام بێدەنگی پاراست و سەری دانواند. ئابادانی وتی: (دەمەویست لەگەڵ کچەکەتان، ئایدا خانمدا قسە بکەم.)

باوکە داچڵەکی. تا بە ئەو کات کەس لە ورەیدا نەبووە ناوی کچەکەی بەزاردا بێنێ، چ بگا بەوەی کە بە تەما بێ قسەی لەگەڵدا بکا. وتی: (چی؟ ئێوە کێن کە؟...) رەنگی سوور هەڵگەڕابوو و دەستەکانی دەلەرزین.

ئابادانی وتی: (بەعەرزم گەیاندی. بەندە ئابادانیم.)

باوکە راپەڕی. نەیدەزانی چی بکا. تووڕە ببوو. وتی: (با ئەو بیت بەڵام...)

ئابادانی بە راوێژێکی هێدیتر وتی: (خراپ بیرنەکەنەوە. من نیازێکی خراپم نییە، دەمەوێ زەماوەندی لەگەڵدا بکەم. هەر بۆ ئەم مەبەستەیە...)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

باوکە دانیشت. سەری دانواند وتی: (قوربان خۆ وا نابێ.) راوێژێکی سارد و رقاوی هەبوو بۆ دەربڕین و بزیەکی سڕ، لە سەر روخساری نیشت کە وەك زستانەکانی ئەردەبیل دەچوو. وتی: (دەزانی کە هەرشارێك...)

ئابادانی وتی: (دەزانم، دەبێ داب و نەریت و عەیبە و رێساکان رەچێش چاو بگیردرێ، بەڵام من پیاوێکی روو راست و خۆمانەم. وە هەر بەم مەبەستەیە کە بە تەنیا هاتوومەتە خزمەت ئێوە. تەنیا تکایەکم هەیە.)

باوکە وتی: (فەرموو.)

ئابادانی وتی: (ئەگەر لە گوونجاندایە، بە مەستی چاوپێکەوتنێك، رێگەم بدەن بە تەنیا چاوم بە ئایدا خانم بکەوێ ئیدی من دەڕۆم.)

باوکە راپەڕی وتی: (نا گوونجێ.) و لە ژوورەکە چووەدەر. ئەوجار چاوی کەوت بە دایکە و ئایدا کە لە داڵانەکەی سەرەوە، بە رەنگێکی هەڵبزڕکاو و چاوانێکی خڕ گوێیان راگرتبوو. دەستی هەردووکیانی گرت و بەپەلە بەرەو خوارەوەی پەل کێش کردن. ئەوانی بردە چێشتخانەو دەرگاکەی داخست. وتی: (لەبەرچی بە بێ پرس کردن هاتوونەتە سەر.) وە لەگەڵ خێزانیدا راوێژی کرد بەو مەبەستەی کە دەبێ ئێستا چی بکا. وە پاشان ئایدای نارده ژێرخان بەڵکوو سەری دەبەی ئاو قوڕەو سرکەکان هەڵێنێتەوە، بزانێ مزری باینجانەکان پێگەییوە یان نا، برش لێی داوە یان نا. خێزانی وتی: (ئەم پیاوە چەند ساڵی تەمەنە؟ کوێندەرییەو لەبەرچی هێندە بڵحە. باوکە نەیدەزانی. بە کەشەفێکی پڕ لە شوتی سوورو قاش کراو گەڕایەوە بۆ سەرێ و دیتی جەنابی ئابادانی پیپ دەکێشێ. وتی: (حەز بە شوتی دەکەن؟ فەرموون.)

ئابادانی پاڵی لێدابووەوە. بە زەردەخەنەیەکی هەمیشەیی کە لەسەر روخساری بوو، لە شتی سەیرو سەمەرە دەدوا. بۆ نموونە دەیوت پیاو تا نەبێ بە باوك قەدری دایك و باوکی خۆی نازانێ. وڵات خەریکی گەشەسەندنە بەڵام کوا بە ئەمریکا دەگاتەوە. ئەو ئۆتۆمۆبیلانەی، ئەو باڵاخانە بەرزانەی، ئەو پردە سەیرو سەمەرانەی، تاڤگەی نیاگارا، رەش پێستە بەتاقەتەکانی، کۆیلیەتی، نەوت، ئەوین، مەرگ و ژیان. وە وتی هەر لەو وڵاتەدا ئەگەر پیاو کوڕی کارکردن بێ دەستی بە هەموو شتێك رادەگا. وە پرسیاری کرد کە بە زستانان بۆچی هەوای ئەردەبیل لە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ژێر پلەی سفر دایە. لەبەرچی خەڵك قەناعەت بەم چوار دیوارییە سادانە دەكەن و بیر لە جوان كردنی گەڕەكەكانی خۆیان ناكەنەوە.

وەك بڵێی باوكە ئەركی لەسەرە كە پرسیارەكانی بێ وەڵام نەهێڵێتەوە، چەند وشەیەكی دەردەبڕی. وە خۆی بە چاویلكەكەی سەرقاڵ دەكرد. ئابادانی وتی: (من ئەندازیاری بینا سازیم. لە كۆمپانیایەكی بیناسازی و ڕێگاوبان سازیدا كاردەكەم.) قاشێكی لە شووتییەكە خواردو، بێدەنگ بوونەكەی باوكەی بە دەرفەت زانی كە ئەم قسەیە بكا: (من پڕ بە دڵ حەز دەكەم لەگەڵ كچە خۆر نەدیتوەكەی ئێوەدا زەماوەند بكەم. من تەنانەت دەزانم ڕۆماتیزمی هەیە و، چارەسەریشی دەكەم.)

باوكە وتی: (تكایە لەم بابەتە مەدوێ. شووتییەكەتان بخۆن و فەرموون سەرچاوان.)

ئابادانی قاشێكی دیكەی خواردو هەستایە سەر پێ. وتی: (ئێوە لە من ڕەنجاون؟)

باوكە وتی: (ئەم جۆرە بابەتانە هەروا بە هاسانی ناگوترێ. خۆ ناتەوێ پێڵاو بكڕی.)

ئابادانی وتی: (هەرچۆنێ بێ من پاش یەك دوو مانگی دیكە سەردانتان دەكەمەوە. ئەگەر بۆچوونەكەتان گۆڕا ...) لەم حاڵەدا تۆقەی لەگەڵ باوكەدا كرد و وتی: (بەندە شانازی بەوە دەكەم كە ببمە كوڕی ئەم بنەماڵەیە.) وە ڕۆشت.

كاتێ سوار ئۆتۆمۆبیلەكەی دەبوو لە پەنجەرەی ژوورەكەی خوارەوەڕا چاوی كەوت بە كیژێكی چاوڕەش و پرچ ڕەش كە پەردەكەی لادابوو و بێ چاو تrووكاندن، بەس سەیری دەكرد. دڵی ئابادانی لەرزی. دڵی ئایداش لەرزی.

مانگی دوایی دیسان سەرو بیچمی ئابادانی پەیدابوەوە و بەبێ ئەوەی چاوی بە ئایدا بكەوێ، ڕۆشت. وە ئەم هاتوچۆ كردنە چواردە مانگی خایاند. هەرجارێ كە دەهات دیارییەكی بۆ ئایدا دەهێنا، هێندێ جار كوتاڵ، جاری وابوو جل و بەرگ، هێندێ جار پێڵاو. وە جارێكیش گەردانەیەكی زێڕ. ڕۆژێك باوكە بە ئابادانی وت كە ئەگەر ئەم هاتوچۆ كردنە هەروا بەردەوام بێ، دەچێ بۆ ئاسایش و شكایەتی لێدەكا. ئابادانی وتی قەیدی ناكا. ئەوپەڕەكەی شەش مانگان لە زیندانی دەكەن و كاتێ ڕزگاری هات، سەرلەنوێ هاتوچۆكانی دەست پێدەكاتەوە. باوكە داما بوو. لە توانایدا نەبوو بەر بە هاتوچۆكانی ئابادانی بگرێ. لەگەڵ دایكەدا بەچەندین سەعات دادەنیشتن و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

راوێژیان دەکرد و، دانیشتنەکان هیچ دەرئەنجامێکیان لێ نەدەبوەوە. دەیوت موستەحیلە. دەیوت: (هەتیوە قرتەی بە ئیفادەی بۆینباخ لەملی بێقیمەت، پێی وایە من فریوی ئۆتۆمۆبیلەکەی دەخۆم.)

دایکە وتی: (پشت لە بەختی کچەکەت مەکە. چما دەتەوێ چی لێ بکەی؟)

باوکە وتی:(هەر ئەوەی کە وتوومە. من تەرمی کچەکەشم بەم هەتیوە نادەم.)

ئایدا کە بە نەهێنییەوە هۆگری ببوو، دڵی پێدابوو بەڵام لە خۆی رانەدەدی قسەیەك بكا. لە کونجی ماڵێ برشی هەڵێنابوو. وەك مرۆڤە کەروڵاڵەکان درێژەی بە ژیانە ئاساییەکەی دەدا. شیوی دەکرد، شێوی کوڵ دێنا، گەسکی لێدەداو، هێندێ جار ئەگەر هەستی بە تەنیایی کردبا، لەبن لێوەوە نارە نارێکی لێدەهات. بەڵام لە هەموو شتێ زیاتر، ئازاری جمگە و لاقەکانی بوون کە ئەویان کز و بێواز کردبوو.

دوانیوەرۆیەك کاتێ لە کارگەی بەرگدوورین دەگەرایەوە، کارەساتێکی سەیر روویدا. ئەو رۆژە چاوی بری بوو لە کارگەی بەرهەم هێنانی پەنکەی لۆرد و ئاواتی دەخواست کە بریا کچ نەدەبوو و دەیتوانی تەنیا بۆ جارێك بە سەراولێژی کارگەکەدا داگەرێ، لەپێش ساڵۆنی کارگە کە بانە سورەکانی وەك کڵاوێکی فەرەنگی سەری داپۆشیبوو، راوەستێ، هاوار بکا، کرێکارەکان داچڵەکێنێ و زوو بگەرێتەوە. بەڵام شەرمێك پرژایە نێو روخساریەوەو بە حەیا بەخۆ بوونێکی تایبەت درێژەی بە رێگاکەی دایەوە. لە هەمان حاڵدا لە نەکاو هەستی کرد ئۆتۆمۆبیلێك هێدی هێدی بە دوایدا دێ، سەری وەرسووڕاند. ئابادانی بوو. ئایدا هەستی کرد شتێك لە جەستەیرا فڕی و لە سەریەوە دەرپەری، هەناوی کەوت، دڵی کەوتە لێدان و روخساری سوور هەڵگەرا. خۆی لادا بەڵکوو ئۆتۆمۆبیلەکە تێپەرێ، بەڵام ئابادانی خەریك بوو دادەبەزی. ئەو جار ئایدا هەڵات. وەك مرۆڤێك کە لە چنگی مەرگ خۆی دەرباز بکا، بە پەلەداوان هەڵدەهات و زوو زووش هەڵدەنگوت.

ئابادانی سوار ئۆتۆمۆبیلەکەی بوەوە، بە گازدان لەپێش ئایدادا راوەستا. دابەزیو رێگەی لە ئایدا گرت. وتی: (بەس دەمەوێ پرسیارێکت لێ بکەم.) لەژێر نیگا شەرماوییەکەی ئایدادا پلیشابوەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئایدا دەلەرزی‌و وەختابوو دڵی دادەکەوت. تایەکی بەتین روخسارو هەموو لەشی داگرتبوو. زمانی بەند ببوو هەرچەندی دەکرد نەیدەتوانی نیگای لێ بدزێتەوە. دیسان چاوەکانی لە چاوی ئابادانی چەقین. وە ئەو ورومات بوو. بە نیگەرانی، لەسەر چارشێوە رەشەکەی باسکەکانی ئایدای گرت و وتی : (ئایدا خانم، ئاگات لە منە؟ تەندروستیت باش نیە؟)

ئایدا دەیویست ببێت بە دڵۆپێ ئاو و بچێتە بن عەرز. لە شوێنێ خۆی بشارێتەوە. دەیویست زەنگی کۆتایی ژیانی بەدەنگ بێت. هەر لەبەر ئەوە هەراسان بوو کە باوکی لە شوێنێکەوە چاوی پێ بکەوێ. وتی: (نا، دەست لە من مەدە.) قیژاندنی.

ئابادانی وتی: (نیازێکی خراپم نییە.)

ئایدا گریا. هەروا بە دەم گریانەوە چاوی بە دەورو تەنیشتیدا دەگێرا، چاوی بە خانوەکەی خۆیان کەوت و، هەڵات. وەك پووشێك بە دەم باوە بە سەراولێژی کارگەکەدا هەڵگەرا. رێگاکەی دوورتر دەهاتە بەرچاو و دەنگی کارگەش دەتوت دەنگەدانەوەی زەربی چەکوشێکە کە بەسەر شوێنێکی پۆلایی دەکەوێ. لە کاتێکا خۆی دەگەیاندەوە ماڵێ، گوێی لێ بوو کە ئابادانی دەیوت : (دێم ... باشە ... دەڕۆم ... نابینم ... )

ئەو شەوە ئایدا لە حاڵ و وەزعێکی خراپدا بوو، ئێسکەکانی ئازاریان تێدا دەگەڕا، ژان، ژان، ژان. دوکتور شوشانیکیان هێنایە سەرە وەختی، ئامپۆلێکیان لێدا، بەڵام بەرە بەرەی نیوە شەو، تا و لەرزی گرت و هەر ورێنەی دەکرد. دایکی لە ژوورە گەورەکەی خوارێ، ئەوی لەسەر قەرویڵەیەك خەواندو، پەتوویەك و سەرچەفێکی سپی بە سەردا کێشا. باوکە بە نێوچاوانە گرێ گرێکانیەوە هەر بەو چاویلکە دەسك خڕو سەرە بێ تووکە چکۆلەکەیەوە هات بۆ ژوورەکەی. لەسەر لێواری قەرەوێڵەکەی دانیشت .دەستی برد بۆ دەستی تاکو بزانێ داخوا تای ماوە یان نا. بەڵام ئایدا قیژاندی: (دەستم لێمەدە.)

باوکە ترساو خۆی کشاندەوە، بەڵام بە زۆری خۆی پێراگیرا کە زشیەك لە بناگوێی ئایدا نەسرەوێنێ. پاشان دایکە بە دەسرەیەکی تەڕ سەرو روخساری فێنك کردەوە. ئایدا هەرکە دیتی لە حاست باوکیدا راکشاوە، هەستی بە شەرمەزاری کرد، هەستا و لە سەر عەرزی خۆی گرمۆڵە کرد.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

باوکە وتی:( چما مێشکی پەرسێلکەت خواردووە؟) لە بان سەری راوەستا و دەستی خستە سەر تەوێڵی: (خاکەشیری بۆ بگرەوە.) وە رۆشتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی.

دایکە وتی: (بۆ لە باوکت ترسای؟ چما مرۆڤ لە باوکی خۆی دەترسێ؟) ئەوی لە سەر قەرەوێڵکەی خەواندەوە و رۆژەکانی سەردەمی منداڵی ئایدای هاتەوە یاد کە خۆی مەلوول دەکرد، ماچی کرد، تا سەر شانان لێفەیەکی ئەستووری بە سەردا کێشاو کاتێ ئایدین وەژوور کەوت، وتی: (نابێ تۆ پرسیار لە حاڵی خوشکەکەت بکەی؟)

ئایدین وتی: (با. با. جارێك هاتم بەڵام خەوتبوو.)

دایکە وتی: (زۆر باشە. من دەرۆم تاکوو شێوی باوکتان ئامادە بکەم.)

ئایدین لەسەر لێواری قەرەوێڵەکە دانیشت، بۆ ساتێ سەیری ئایدای کرد کە چاوەکانی بەستبوو. وتی: (ئایدا.) ئایدا چاوی کردەوە. کە چاوی کەوت بە هاوتاکەی خۆی، بزەیەکی بە روویدا لێدا. لێوەکانی قرتماغەیان بەستبوو. ئایدین وتی: (ئەمرۆ لە رۆژانی دیکە زۆر جوان تری.)

ئایدا کەمێ سەری بۆ لار کردەوە. تا بە ئەو کات کەس قسەیەکی وای پێ نەکوتبوو و، چەندەی حەز دەکرد ئێستا لەگەڵ ئایدیندا بدوێ. وە ئایدین چەندە باش بوو. پەنجەی خستە نێو پرچەکانی و وتی: (گاڵتە دەکەی.)

ئایدین وتی: (بروا بکە ئایدا. ئەو کاتەی کە چاوەکانت بەستبوو وەك پەرییەك دەچووی کە چاوەکانی بەستبێ.)

ئایدا وتی: (ئەی ئێستا؟)

(ئێستاش وەك پەرییەك دەچی کە چاوەکانی کراونەتەوە.)

ئایدا پێکەنی. ئایدین وتی: (لەمێژە حەزم دەکرد قسەت لەگەڵدا بکەم. من وەکوو باوکم و ئۆرهان بیر ناکەمەوە. نابێ تۆش وەك ئەوان بی. تۆ ئێستا گەورە بوویت. دەبێ سەبارەت بە ژیانی خۆت بۆخۆت بریاربدەی و بریارەکانیشت بچەسپێنی. لەهیچ مەترسە. من ئەمرۆ تۆم بینی کە لە بەردەم کارگەدا دەگریای. بەڵام لە بەرچی ترسا بووی؟ بریا سوار ئۆتۆمۆبیلەکەی دەبوویت و قسەت لەگەڵدا دەکرد. جەنابی ئابادانی حەتمەن تۆی خۆش دەوێ و بەتەمایە تۆ لێرە دەرباز بکا.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەی باشە. من نازانم تۆخۆشت دەوێ یان نا. بەڵام مەترسە. مەرگ جارێکەو شیوەنیش جارێك.) وە پاشان بێدەنگ بوو. ژوورەکە بۆ ساتێ لە بێدەنگیدا نغرۆ بوو.

ئایدا لەتاو ئازارو ژان گازی لە لێوی دادەگرت، بەڵام بەم حاڵەش هەر پێکەنی. بە ناڵەیەکی تاوئاسا وتی: (کاکە گیان.) پاشان بە هێمنی چاوەکانی بەست. ساتێ تێپەڕی و پاشان خەوی لێکەوت.

خەونی بە پەرییەکەوە دەبینی کە لە هەموو پەرییەکانی دیکە جوانتر بوو و ئەمە خۆی بوو. لە شوێنێك لە نێوان ڕەوەزە بەردەکاندا حاسیە ببوو و کەسی لێ نەبوو. لەسەر شاخەکانڕا ئاو پرژێنی دەکرد و کەش و هەواش بە شێوەیەکی سەر سووڕهێنەر فێنك بوو

## 6

ئایدا، ئایدا، ئایدا. ئەندامێکی نێو بنەماڵە کە یادێکی کەم و تەماوی لە زەینی گشتیاندا بەجێ هێشتوە. پاش تێپەڕ بوونی ساڵانێکی زۆر تەنانەت ئایدینیش، هەر چەندی بیر لێدەکردەوە نەیدەتوانی بیرەوەرییەکی روون لە تافی منداڵی ئەم کیژە بەستەزمانە بێنێتەوە یاد. نە قسەیەکی، نە لاسارییەکی و، تەنانەت بوونەکەشی. لە قوژبنی ماڵەوەدا برشی هەڵێنابوو و پاشان بێ دەردیسەر وەك باوکە کوتەنی ملی خۆی شکاند و لەم ماڵە رۆشت.

زەماوەندەکەی لە پاییزێکی زۆر سارد، لە نەبوونی باوکەدا بەڕێوە چوو. تەنکە بەفرێك لە شەقام و کۆڵانەکاندا ببوو بە بەستەڵەك و، بارانێك بێبڕانەوە بە سەر شووشەو سەر بانەکاندا زرم و کوتی دەکرد. باوکە یەك حەوتوو لە سەر یەك دوکانەکەی داخست و رۆشت بۆ تەورێز. لە [ئوتوو شووشە]ی ئەردەبیل بلیتێکی کڕی و لە سەر قسەی خۆی توونـد راوەستا. دایکە لە بەری پاڕابوەوە بەڵکوو لە زەماوەندی کچەکەیدا ئامادە بێ بەڵآم ئەم سویندی خوارد کە تا بە ئەو کاتەی ئەو جووتە ملیان نەشکێنن و لێرە نەڕۆن سەر بە ماڵیدا ناکاتەوە. لە جانتایەکی چکۆلەدا، بەرماڵ و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مەفاتیح و قاتێ لیباسی ژێرەوە و خاولییەکی جێ کردەوە، باڵتە رەشە ئەستوورەکەی لەبەر کرد کە لەو باڵآ کزو چکۆلـەیـەدا گاڵتـە جارانـە دەهاتـە بـەر چـاو، پاپاخـە تـازەکـەی لـەسـەر کـردو، سـەر لـە بەیانی ئەو رۆژەی کە قەرار بوو خزم و کەسەکانی ئابادانی لە تارانـەوە بێن، سـەری هـەڵگرت و رۆشت. دایکە ئاوێنە و قورئانی بە سەردا گێراو ئەوی بـەرێ کـرد. وتـی: (خۆزگـە هێنـدەت لـە دڵ گران نەدەهات و دەمایتەوە.)

باوکـە وتـی: (مـن چـارەی ئـەم پیـاوە نـامووس دزەم نـاوێ.) لـە بـەر دەرگـای ماڵێـدا سـوار فایتوونێکی دوو ئەسپە بوو بەڵکوو تا گاراجی شار ئەو بەرێ بکا، ئەسپەکان لەبەر ئەوەیکە زووتر بگەنە جێ، سمکۆڵیان دەکرد. لـە دوایین کاتـەکانـدا لـە پـەنجـەرەی فایتوونـەکـەرا سـەری دەرهێنـاو وتـی: (عەیبەمان نەێتەوە سەر. هەتا دەگوونجێ بێدەنـگ و بێ قڕیوە.) ئـەسـپەکـان وەرێ کـەوتـن و باوکەیان برد و دایکەش بە دوای سەریدا ئاوی رشت.

ئایـدا بـە هـەژانێکـی لـە رادەبـەدەر، سـەرقـاڵی دوورینـی جـل و بـەرگـی بووکێنییـەکـەی بـوو. جلکێکی سپی و درێژ کە کۆمەڵێ چینـی ورد و تـەسکی لـە سـەر قۆلـەکـان و، لـە کـەمـەرو یـەخـەی جلکەکەیدا دروست کردبوو تـا لـە کـاتی لـەبـەر کردنـدا لاوازی و کزییـەکـەی بـەر چـاو نـەکـەوێ و لەگەڵ باڵآی زاوادا هاوسەنگی هەبێ. خوشکەکـانی ئابـادانی هـەر سێکیان نـەخشەیـان بـۆ دادەنـا و ئایداش دەیدووری. دوو سێ کەس لە کچەکانی دراوسێ و هاوپۆلەکانی یارمەتیان دەدا.

ئۆرهان و دایکەو [نیمتاج] بە تەقەلایەکی زۆر یۆسفیان برد بۆ هۆدە چکۆلـەکـەی خـوارێ و ژووره گەورەکەیان خاوێن کردەوە. پەنجەرەکانیان کـردەوە بـەڵکوو هـەوای ژوورەکـە بگۆڕێ و، ئەو کورسییە پۆلۆنیایاینەی کە بە کرێ هێنابوویان بە دەوراندەوری ژوورەکەدا ریزیـان کـردن. وە ئایدین هەموو کاتەکانی خۆی بۆ رازاندنەوە تەرخان کرد. بـە کـاغزی رەنگـاورەنـگ و پـەرچـەمـی چکۆلـە دەرودیـواری ماڵـەکـەی رازانـدەوە و بـە گڵـۆپـی رەنگـاورەنـگ کۆلآنـەکـەی لـە سـادەبـوون دەرهێنا.

خـزم و کـەسـەکـانی ئابادانیش لـەوێ ئامـادەبـوون، هـەر سـێ خوشکەکـانی ئابـادانی قۆلیـان بـۆ کـارکـردن هـەڵ کردبـوو. بـە پـەڕی رۆژنـامـە شووشـەی پـەنجـەرەکانیـان دەسڕییـەوە، سفرەی مـارە بڕانـەکـەیـان لـە نهـۆمـی سـەرێ رازانـدەوە، ئاوێنـەیـەکـی گـەورە و، لـەبـەردەم ئاوێنـەکـە قورئـانێکـی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەنرخی میسری و، دوودانە مۆم و نانێکی رازاوە، خوانچەیەکی حەوت رەنگ، بایەم و گوێز و ئەکلیل پێدا کراو، سفرەکەیان هێندە بە جوانی و رێك و پێکی و بێکەم و کووڕی چنی بوو کە دایکە لەخۆشیاندا گریا.

بە باوەش پارەیان خەرج دەکرد: (چەرەس، میوە، نوقڵ، شیرینیات، کاسەی نەبات.)

وە ئەو بە هەڵاتن، سوار ماشێنەکەی دەبوو و ئەوشتەی کە لێیان رایان دەسپارد بۆ کڕین، بە دوو قات زیاتری دەکڕی و دەی هێنایەوە. کەچی بەم حاڵەش شایییەکەیان وەك زەماوەند نەدەچوو. کڕو کپ و بێقڕە بوو. فەقیرانە بوو. چوونکە باوکە رایسپاردبوو: (دەبێ ئەم زەماوەندە بە شێوەیەك بەرێوە بچێ کە شیاوی ناوی بنەماڵەکەیان بێ. کڕو بێدەنگ. پیاوەکان لە خوارەوە، ئافرەتەکان لە سەرەوە. لێرەڕا جیازی لەگەڵ رەوانە بکەن، ئەمەش پارەکەی، هەر چییان حەز لێ بوو، با بیکڕن. بەڵام لێتان رادەسپێرم کە پارەکەی بدەنێ با هەر لە تاران بۆی بکڕن.)

لە شەوی زەماوەندەکەدا میوانەکان بە هەراو پێکەنینەوە و، لاوەکانیش بە جەفەنگەوە دەیانویست رواڵەتێکی ئاسایی بە زەماوەندەکە ببەخشن بەڵکو بەم جۆرە لە حاڵەتی ماتەمینی بێننە دەر و وەرەزییان بشکێ. مامە سابیر کە دڵنیابوو باوکەی بەسەرەوە نییە ئۆرکێسترایەکی سێ کەسی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو کە لە کاتی هاتنە ژووریان بەم لاوە، بەردەوام هەر سەرقاڵی خواردنی شیرینی و پرتەقاڵ بوون. منداڵەکان دەیان قیژاند، ژاوەژاویان بوو، هەڵدەهاتن و، دەنگی شکانی جارجارەی دەورییەك و، ئەو هەمووە ژاوەژاو و قیژە قیژە گوێ کپ کەرە، مامە سابیری هان دەدا تا مقام بێژەکان ناچار بە گۆرانی چڕاندن بکا.

وەستای مەقام بێژەکان پیرە پیاوێکی وردیلە و کورتە باڵا بوو کە سەرو روویەکی غەمباری پێوەبوو، خۆی بە گارمانە کۆنەکەی خەریك کرد، وادەهاتە بەرچاو کە دەبێ سازەکەی ناتەواو بێ. بەڵام بە ئاماژەی سەر ئامادە بوونی بە دوو باڵابان ژەنەکان راگەیاند. و لە یەك ساتدا، هەرسێکیان وێرای یەك، دەستیان کرد بە بەزم و ئاهەنگ گێران و بەم چەشنە بەسەر ژاوەژاوی حەشاماتەکەدا زاڵ بوون. چەند پارچە ئاوازی شاد و بە جۆشیان بەئەنجام گەیاند کە غەمێکی ئاشکرایان تێدا هەست پێدەکرا.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئاوازەکان ریتمێکی خێراو شادیان هەبوو و لاوەکان بەتەما بوون گەڕی داوەت و دیلانێ بگێرن، بەڵام لە مەودای نێو نۆتی مۆسیقاکەدا شەپۆلێکی پڕ لەغەم سەری دەکێشا. هەر لەو کاتەدا دایکە لە چێشتخانە هاتە دەر. لەبەر مامە سابیر پاڕایەوە کە واز لە بەزم گێران و دەهۆڵ کوتان بێنێ، چوونکە ئەگەر باوکە بزانێتەوە، حەیا بە کەسەوە ناهێڵێ. بەڵام مامە سابیری گوێی بەم قسانە نەدەبزووت، حەزی دەکرد کۆڕی زەماوەنەکە لە بەزم و ئاهەنگ و هەڵپەڕکێدا نووقم بکا.

دایکە وتی: (کاکە سابیر، بیکە بۆ خاتری خوا بیبڕێنەوە.) بەڵام بێ هوودە بوو. دایکە چنگی لە کەوای کاکە سابیر گیر خستبوو و لەبەری دەپاڕایەوە. مامە سابیر لەنەکاو بەخۆیدا هاتەوە و فەرمانی پێدان کە ئیتر ئاهەنگەکە رابگرن.

کەشێکی ساردو وەرەزهێنەر دیسان بەسەر کۆڕی زەماوەندەکەدا کەوتەوە. بەڵام میوانەکان پاش ماوەیەکی دیکە بە ژاوەژاو و، گاڵتەو جەفەنگ و کووتانی مێزەکان، بە هانای دڵی مامە سابیرەوە هاتن. لەبەر گەرمای سۆبەکاندا، روخساری تاوی تێدا دەگەڕاو بەردەوام بە دایکەی دەوت: (دەبینی؟ خۆ ناکرێ بەر بە خەڵکی بگری. حەز دەکەن شاد و بە کەیف بن.)

ئۆرهان لەسەر لێواری پەنجەرەی قاتی سەرەوە دانیشتبوو و بەو کۆت و شەرواڵە شیری رەنگەیەوە، خرپنەترو قەڵەوتر لە جاران دەهاتە بەرچاو. دایکە لە ژووری چێشت لێنان نەدەهاتە دەر و، بەردەوام چای و شیرینی و میوەی دەنارد تاکو دەستە خوشکەکانی بووك و خوشکەکانی زاوا میوانداری لە میوانەکان بکەن. ئایدین لەبەر دەرگای ژووری مارەبڕانەکەدا راوەستابوو و سەیری ئایدای دەکرد کە لێوەکانی سوور ببوون، بەو چاوە رەش و زلانەیەوە چاوی بە ئایدین کەوت، هەستی شەرم و غوربەت و تەنیایی لە نیگا تاساوەکەیدا شەپۆلی دەدایەوە و ئایدین لەو حاڵەدا هەستی دەکرد خەون دەبینێ و سووك و بێکێشە.

ئابادانی کۆت و شەرواڵێکی رەش و رێك و پێکی لەبەردا بوو، بە بۆینباغێکی جەرگی و کراسێکی سپییەوە، وەك شازادە ئۆرۆپییەکان دەچوو. رێك وەك ئەو کەسانە دەچوو کە ئایدین لە گۆڤارە بیانییەکاندا چاوی پێکەوتبوون، ئێستا دەستی بووکێکی نەشمیلی لەدەست دایە کە چێشتی خۆش و بەتامی ساز دەکرد، قاپ و قاچاخەکانی بە خاوێنی دەشۆردن و، هیچ چاوەڕوانی و داواکارییەکی نەبوو و هێندێ جاریش لێدانی بە دەستی باوکە یان ئۆرهانەوە دەخوارد.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لـه كاتێكـا خوتبـەی مـارەبڕانـەكـەیـان دەگێشتە كۆتـایی، ئاباداني هاتـه پێشێ و لـەگـەڵ ئایدینـدا تۆقەی كرد و، وتی: (ئێستا كە بە شێوەیەكی رەسمی ئایدا بۆتە خێزانم، دەتوانم بڵێم جوانترین ژنـی دونیا بەنەسیبی من بووە.) پێكەنی و پاشان روخساری ئایدینی ماچ كرد و سپاسی لێكرد. ئایـدینیش روخساری خوشكی مـاچ كرد و بـه هێـوری بـه گوێیدا چرپانـدی: (ئایدا برۆ، برۆ ئیتر سـەر بـەم جەهەندەمەدا مەكەوە.) ئایدا تەزوویەكی پێدا هات بەڵام بە بزەیەكـی رواڵـەتـی لێـی دووركـەوتـەوە. دەستی لە باسكی زاوا خستبوو، رۆشت و لەسەر كورسیی‌یەكەی دانیشت. پاشـان كچـانی دراوسـێ، بە شێوازی توركی سەمایان گێراو بە چەشنێك ناوەندی ژوورەكەیان كردبووە مـەیدانی خۆیـان كـە ئیتر ئایدین لە چاوی ئایدادا وون بوو.

ئایدین بە بێدەنگ لە پلیكانەكان داگەڕا بەڵكو لەبەر دەرگای ماڵێ، لەسـەر سـەكۆ بـەردینـەكە، لەژێر لالەی سەردەرگاكە دابنیشێ و گوێ بە دەنگی باران بسپێرێ. بـەرواڵـەت بـۆ بـەخێر هێنـانی میوانەكان لەوێ دانیشت. وەك چۆن باوە؛ برا گەورە بە جێگای باوك، بەڵام لە راستیدا ئەو لـە نێـو ژاوەژاو و قەرەباڵغیدا دڵی دادەگیراو، لەوە زیاتر، كاتێ كیژێكی شـۆخ و شـەنـگ سـەمـای دەكێشا، ئەو هەستی بەدڵ تەنگی دەكرد. لەسەر سەكۆ بەردینەكە دانیشت و لە رووی هەموو ئەو كەسانەی دەهاتن - لە ناسیاو ونە ناسیاو- بزەی لێدەدا، سەری دەلەقاند و بەخێرهاتنی دەكردن. قـەرار وابـوو ئەیازی پاسـەوان لـەو رۆژدا لـە پێش دەرگـا راوەستێ، بـەڵام روون نـەبـوەوە كـە داخـوا لـەبـەرچـی نەهات.

باران و رەشەبا، پاشان، لەنەكاو بروسكەیەكـی بـه هـەیبـەت و، پاشـان تـەرزەیـەكـی بـه تـەوژم دایكرد كە گڵۆپی چراخانەكە لەژێر رەهێڵەی دەنكە تەرزەكاندا، یـەك لـە دوای یـەك دەشكان. لـەو گـەردەلوولـەدا سـیمی كـارەباكـان لێـك دەهـاڵان و گرێیـا تێـدەكـەوت. تاریكـایی نێزێـك بـە زۆری كۆڵانەكەی تەنیبوەوە. میوانەكان كەمتر دەنگیان دەهات چوونكە سەرقاڵی شیو خواردن بوون و، لەو تاریكاییەدا دەنگێكی دڵگیر دەهاتە بەرگوێ كە ئایدین هەستی كرد گـوێی لـە شیوەنـی كـەسێكە. ئایدین بەدوای دەنگەكەدا رۆشت. لەبن بارانـەدا جل و بـەرگـەكـانی خووسـابوون و بـە شێوەیـەكـی سەر سوورِهێنەر سەری گێژی دەخواردەوە. لە سەراولێژی كۆڵانەكەدا، رێك بەرامبەری كارگەی بەرهەم هێنانی پەنكەی لۆرد، لە دەورو بەری گۆرەپانەكەدا، داڵانێكی تـەنـگ و تاریكی لێ بوو كـە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەو دەنگە غەماویە لەوێرا دەهاتە دەر. دەنگێکی پڕ سۆز لەگەڵ نەغمەی سازی عاشیق لەو دالانەوە دەهاتە بەرگوێ. ئایدین پێی نایە نێو کۆلانەکەو لەبن سەیوانی کۆنە خانوویەکدا راوەستا. ئەو دەنگە تا بەرادەیەك (ئەمان ئەمانی)([7]) بەجوانی دەچڕاند کە ئایدین نەیدەتوانی بەر بە گریانی خۆی بگرێ:

(دەبینی چۆن تەم دوندی چیای داگرتوە؟
وە ئەو راوچییە دەبینی تیری لە کەوان هاویشتوە؟
گیانم بە فیدای ئەو جوانمێرانە بێ کە لە هەموو شوێنێکی ئەم نیشتمانە
گیان وتن و گیان بەخشینیان وێردی سەر زمانە
چرۆی گوڵ کەوتە یادی بولبول
دڵی بوو بە قەفەس و دڵی دا بە مرای خۆی
مامۆستا لە باڵ و پەڕی کۆترەکەی راماو وتی
کۆترەکەم، کەرەم کە، تۆ کە دڵت هێندەی دەریای عوممانە
وتم شاێر، ئەمان، لە ژیانی وەستا رامێنە
ئەوانەی تێدەگەن قەت سواری ئەسپی خەڵکی تر نابن.)([8])

بووك و زاوا، تا سێ رۆژانەیان هەر لە ماڵێ مانەوە و پاشان لە بەرە بەیانییەکی رۆژی هەینیدا، لە نێوان گەردن ئازادی خواستن لە دەرو جیرانان و، دووکەڵی ئەسپەند ([9]) و، بۆن خوێنی مەڕی قوربانی، روشتن. ئایدا بە ئایدنی وت کاتێ خوێندنەکەی تەواو کرد سەردانی بکا، با لە غوربەتدا تەنیاو بێکەس نەبێ. وە باوکە کە رۆژی پێشتر لە تەورێز گەڕابوەوە، لەبەر قەڵسیان هەر لە سەرێ، لە ژوورە ئاڵۆزەکەی مایەوەو نەهاتە خوار. ئابادانی چووە لای و وتی: (ئاواتە خواز بووم لە زەماوەندەکەماندا حوزوورت هەبێ، باوکە.)

باوکە وتی: (بەمن مەڵێ باوکە.) بە رقەوە قسەی دەکرد.

---

[7] **مەقامێکی تورکی ئازەربایجانە.**
[8] **ئەم پەخشانە دەقی مەقامێکی ئازەربایجانییە.**
[9] **بۆ چاوە زار دەیسووتێنن وە دووکەڵەکەی بەسەر خۆیاندا بلاَو دەکەنەوە گۆیا لەچاوی پیس و لە بەلاَ و پێشهاتەکان دەیانپارێزێ .**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئابادانی وتی: (لە من دڵگیر مەبە باوکە.)

باوکە بەرەو پەنجەرەی ڕاڕووەکە ڕۆشت، پشت لە ئابدانی و ئایدا ڕاوەستا و بە دەنگێکی لەرزۆك وتی: (ئێوە نامووس و شەرەفی ئێمەتان دزیوە.)

ئابادانی وتی: (ئێوە گەورەترن، قسەی وامەکە. مەهێڵە بە دڵێکی پڕەوە لە ماڵەکەتان بچینە دەر.)

باوکە وتی: (قسەی من یەکەو نابێ بە دوو، هیچ پەیوەندیەکتان بە منەوە نەماوە.)

دایکەش بە روومەت ڕنینەوە هاتە پێش. وتی: (جابر!)

باوکە وتی: (من شەرم لە براکەشم ناکەم و قسە لە ڕووم، چ بگا بە ئێوەش.)

دایکە وتی: (جابر بیکە بۆ خاتری خوا بەسە.)

ئابادانی وتی: (بەهەرحاڵ ئایدا کچی ئێوەیە و چاوەڕوانی لە ئێوەش هەیە. ئێوە بە ڕادەی پێویست خەم ساردیتان لە حەقی ئەودا کردووە.)

باوکە وتی: ( چەندی لە دەستمان دەهات تەنەخیمان لێ نەکرد.)

ئابادانی وتی: (ئێوە قەدری ئەوتان نەگرت، باوکە.)

باوکە وتی: (ئایدا چۆنی لە ڕوو دێ چاو لە چاوی من بکا؟)

ئابادانی وتی: (چما بێ شەرمی کردووە، باوکی خۆشەویست!) توڕە ببوو.

باوکە وتی: (لە بێ شەرمیش خراپتر.) لە ئابدانی تووڕە ببوو. کەچی ڕاوێژی خۆی گۆڕی و بە هێمنی وتی: (ئێوە ئەوتان دنەدا تا ڕوودەرڕووم ڕاوەستێ. ئایدا لەم بابەتانە نەبوو. هێندە چوون و هاتن و، دڵی ئافرەتەکانتان نەرم کرد کە ئیدی کار لە کار ترازا... بەهەرحاڵ خۆی هەڵی بژاردووە و بۆ خۆشی...) قسەکەی خواردەوە، وەك ئەوەی گریان ئەوکی گرتبێ. ئەوجار وتی: (سەرچاوم هاتن.) وە گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# 7

هەر لەو رۆژەیەدا کە بەرێز لۆرد، خاوەنی کارگەی بەرهەم هێنانی پانکەی لۆرد ماڵ ئاوایی لە ژیان کرد، کارگەکەی بە بێ راوەستان وەفادار مایەوە بە هارە هارە بەردەوامەکەی و، زەنگی دەست پێکردن و دەست لەکار کێشانەوەکەی. لە مەیدانە خاکیەکەی کارگەکەی، لەو گۆرایە بەرفراوانەدا کرێکارەکان بە ریز راوەستان، هەر کەسێك شاخە گوڵێکی بە دەستەوە بوو کە لە کاتێکا تابووتی بەرێز لۆردیان حەوادا، گوڵ بارانی بکەن. ئاڵای ئێران و بریتانیا لە سەر سینگی تابووتەکەدا پێکەوە گرێ درابوون و، وێنەی بەرێز لۆردیش لە پێشەوەی تابووتەکە هەڵواسرابوو.

باوکە بۆ رێزگرتن لە گیانی بەرێز لۆرد، ئەو رۆژە دوکانی نەکردەوە و لەگەڵ ئایدین و ئۆرهان لە تەنیشت لێژییەکەی ماڵی خۆیانەوە بەرەو کارگەکە داگەران. جەماوەرێکی زۆر لە کەسانی لەشکەری و حکوومی لەوێ ئامادە ببون، پیاوەکان پاپاخەکانیان لە سەریان کردبوەوە و بە دەستیانەوە گرتبوو و ئافرەتەکان لە سەرووی کارگەکەرا لە پشت تێل درووەکانەوە، ئەو روانگەیان خستبووە ژێر چاودێری. لە پێش دەروازەی ماڵی ئۆرخانی، کۆمەڵێك بە سەر پێیەوە چاوەرێی هاتنی تەرمەکەیان دەکرد. هێزەکانی ئاسایش بە جل و بەرگی رەسمی، رەخت و کاڵەی سپییەوە، تاقمێك لە حاڵەتی رێزلێنان، پۆلێك دەست بەچەك و، کۆمەڵێکیش لە حاڵی ئێشك گرتندا بە سەر بارو دۆخەکەدا زاڵ بوون.

باوکە لە پێشەوەی ریزی بازرگانەکان لە تنیشت ئەیازی پاسەوان راوەستا بوو. بە ئاماژەی ئەیاز، وەك دراو سێیەکی بەرێز و بە شەرەف شاخە گوڵێکی لەسەر تابووتەکە داناو لە قەراغییەوە راوەستا. ئەوجا کرێکارەکان تابووتەکەیان گوڵ رێز کردو، بە سەرنجدان بە وەسیەتنامەکەی بەرێز لۆرد، بەبێ ئەوەی دەست لەکار بکێشنەوە، بە نوێنەرایەتی خۆیان وەفدێکیان هەڵبژارد بەڵکو تەرمەکەی تا گۆرستانە کۆنەکەی شار رەوانە بکەن.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بە شانان تابووتەكەیان هەڵنەگرت، گاردێكی تایبەت ((مەفرەزەیەك )) بە جل و بەرگی ئاسمانییەوە، لە پێشەوەی جەماوەرەكە، دەسكەكانی دارمەتیە رەش و بریقەدارەكەیان بە دەستەوە بوو. پۆلێك لە كرێكارەكان یەك دەنگ، دەنگیان بەرزكردەوە: (لا الە الا اللە) كە لە وەڵامدا ملازمێكی (ئیستیوار) ئەرتەش ئەوانی ناچار بە بێدەنگی كرد. هەر لەو حاڵەدا تیپی موزیك و سروودی ئەرتەش، مارشی تازیەیان ژەنی. جەماوەرەكە لە بێدەنگییەكی سام هێنەردا نغرۆ ببوو.

بەرێز لۆرد پیاوێكی ئینگلیزی زمان بوو كە هەروەك بولبول بە زمانی توركی قسەی دەكرد. لە جێژنی لە دایك بوونی مەسیح یان ئاهەنگی كریسمەسدا، هەمیشە بە پاپاخێكی زۆر درێژو بە فراكیەكی رەش و كراسێكی سپی كە یەخەكانی تۆری بوون، لە بەردەم كارگەكەیدا رادەوەستا و جێژنانەی بەسەر هەموو منداڵەكاندا دەبەشییەوە: كتێبێكی لاتینی بە وێنەی رەنگاو رەنگەوە كە پیتە ئینگلیزییەكان بە شێوەی جۆراو جۆر شێوەكاری كرابوون، بەستەیەك شكولات، گوڵەسینگێكی بەدەڵی تاووس و، دەفتەرێكی چكۆلە بۆ مەشق كردن كە ماركی كارگەی بەرهەمهێنانی پانكەی لۆرد لەسەر رووبەرگەكەی چاپ كرابوو.

بەرێز لۆرد جارجارەش سەردانی گەرەكی دەكرد، لەگەڵ دراوسێكان و بەتایبەت باوكەدا قسەی دەكرد چوونكە دراوسێیەكی بە شەرەف بوو. باسی دوێنێ و ئەمڕۆی دەكرد، لەسەر وڵاتەكەی خۆی دەدوا. باوكە بۆ خواردنی پستە خوڵقی دەكرد و ئەویش دەیخوارد و سەرئەنجام تاریفی پانكەكانی دەكرد. باوكە لە حاند بەرێز لۆرددا بیسەرێكی زۆر باش بوو و، رێزێكی لە رادە بەدەری بۆ هەبوو. بەم مەبەستە بوو كە بەرێز لۆرد لە ساڵوەرگەڕی دامەزراندنی كارگەیەكدا، مەداڵیای هاوشارییەكی شەرەف بەرزی خەڵات كردبوو. ئەم ئاهەنگە هەموو ساڵێك لە هۆڵی شارەوانی بەرێوە دەچوو و بازرگانە ناودارەكان، هاوشارییە شەرەف بەرزەكان و، پیاو ماقوڵ و سەرشوناسانی شار لەم ئاهەنگەدا ئامادە دەبوون. میوەو كێك و شیرینیاتیان دەخوارد، سەیری بەرنامە هونەرییەكانیان دەكرد و، پاش پێشكەش كردنی وتە بەنرخەكانی بەرێز لۆرد چەپڵەیان لێدەدا. ئەوجار بەرێز لۆرد لە نێو بەشداربووواندا سێ كەسی دیاری دەكرد و مەداڵیای شەرەف بەرز بوونی خەڵات دەكردن.

هۆڵی کۆبوونەوەکە لەبەر خەڵکی جمەی دەهات، گڵۆپ وچراخانی ئاهەنگەکە ئەو نێوەی ڕووناك دەکردەوە، ئاڵاکانی ئێران و بریتانیا بە ئەستوونی هۆڵەکەدا هەڵواسرابوون. لە دەوری هەرمێزێك چوار دانە کورسییان دادەنا و، لەسەر هەرمێزێك گوڵدانێك و چەپکە گوڵێکی سور و شین، یان نارەنجی و سپی سەر مێزەکانی دەڕازاندەوە. گۆیا بەڕێز لۆرد ئەم گوڵانەی لەهەندەرانڕا دەهێنێ، بەڵام سەریان لەوە سوڕمابوو کە بە چ ئامێرێك هێندە بە خێرایی دەگاتە ئێرە و، چلۆن هەر وا بە تەڕو تازەیی دەمێننەوە. دەتوت هەر ئێستا لە بنچکیان ڕنیوەتەوە.

سێنی هۆڵەکە گوڵباران کرابوو، لە بەردەم سێنەکەدا تریبونێك داندرابوو و وێنەیەکی شای ئێرانیان پێوە نووساندبوو. جەماوەرەکە لە دەستپێکی کۆبونەوەکەڕا تا بە کۆتاییەکەی بەردەوام قسەیان دەکرد، دەیانخوارد دەیانخواردەوە، چەپڵەیان لێدەداو شاییان دەکرد. مەشرووبە بیانییەکان، چایی، قاوە، بەستەنی، شەربەت و، هەر هەمووشیان مارکی لۆردی پێوە بوو. باوکە هەر چایی دەخواردەوە و لەگەڵ ئەیازی پاسەوان دەدوا و، ئەیازی پاسەوانیش لەبەر ڕێزو حورمەتی باوکە ئەو شەوە لێوی لە مەی نەدا.

ئەوجار بەڕێز لۆرد بە فراکیەکی ڕەش و، کراسێکی سپی تۆڕدار و، پاپاخێکی زۆر درێژەوە دەچووە پشت تریبوونەکە. جەماوەر چەپڵەیان بۆ لێدەدا و، بەڕێز لۆردیش بە بزەیەکەوە کە هەموو ڕوخساری دادەگرت لەپشت تریبوونەکەڕا سەری بۆ جەماوەر دادەنواند. بە ئاماژەی دەست داوای لێدەکردن تا بێدەنگی بپارێزن و دەیوت: (هاوشارییە بەشەڕەفەکان! پێی خۆشحاڵم کە باشترین و هەڵکەوتووترین کەسانی ئەم شارە بە دەنگ بانگەوازی منەوە هاتوون، منتان سەر بەرزو مننەتبار کردوە و زەحمەتتان وەبەر خۆ هێناوە و زۆر بەخێر بێن، ئایا لەبەر چارەنووسی نیشتمان نەبووە و ئایا پشتیوانی و هاندانی ئێوە نەبووە؟ لەبەرچی من دڵم لە وڵاتی خۆم هەڵکەندووە؟ بۆ جارێکیش بووبێ ئەم پرسیارە لە خۆتان بکەن کە ئەم مێستێر لۆردە لەبەرچی ئەو هەمووە تەقەلایە دەکا؟ من هەموو خاکی ئێرانم خستوەتە ژێر پۆششی بای پانکەکانمەوە...)

پاش وتارەکە بەڕێز لۆرد لە هاوشارییە شەرەف بەرزەکانی دەگێرایەوە کە بێنە سەر سێن؛ سەرۆکی ئاسایش کە لە سەرکووت کردنی هەرای سمێڵ زلەکاندا سەرکەوتنی بە دەست هێنابوو؛ جوتیارێك کە مەزراکەی بە شێوەیەکی پیشەسازیو پێشکەوتوانە (مەکانیزە) ئیدارە کردبوو؛

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خانمێکی بەرگدوور کە نیوەی کچە لاوەکانی شاری فێری پیشەی بەرگ دوورین کردبوو؛ پیاو خاسێکی ئەمانەتدار کە بە دوای سوتمانکەی بازاری ئەردەبیل خۆی لە وەرگرتنی هەموو جۆرە یارمەتییەك بوارد بوو و داواکارییەکەی تەنیا ئەمە بووە بەڵکو دووسەدو چەند تمەنێکی بۆ بدەنەوە کە پیرێژنێك بە ئەمانەت پێش کارەساتەکە لای ئەو داینا بوو -ئەم پیاوە پێوانەیەك بوو پڕ بە باڵای مرۆڤایەتی و شەرەف بەرزی، پاسەوانێك کە بۆ هێمنایەتی ئاسایشی شارەکەی بە واقع بینی و هەوڵ و وردبینییەوە خۆی لە پێناو نابوو. وە جابر ئۆرخانی پیاوێکی لاواز و کورتە باڵا، بە چاویلکەیەکی خڕ و پاپاخێکی قاوەیی، ریشێکی ماش برینجی و، بە کارنامەی پڕشنگداری بازرگانی لە کاری چەرمس فرۆشتنی شاردا. ( جابر ئۆرخانی دراوسێی شەڕەف بەرز، کاسبکاری بە شەرەف.) وە ئامادەبووان وێکڕا، چەپڵەیان بۆ لێدا بوو و ئەیازی پاسەوان تانجە گوڵێکی بە گردنیدا هەڵواسیبوو و بەرێز لۆرد توقەی لەگەڵدا کردبوو.

مەرگی بەرێز لۆرد وێرای ئەوەیکە شوێنێکی گرانی لە سەر خەڵکی گەڕەك و کرێکارەکان دانابوو، بە حاڵەتێکی بانگەشەیشەوە دەستی پێکرد، وەفدی نوێنەرایەتی کرێکارەکان کاتێ لە رێورەسمی بە خاك سپاردنی لۆرد گەڕانەوە، بە حەز و داخوازی خۆیان تا سەعات حەوتی شەو کاریان کرد، پانکەیان بەرهەم هێنا. وە کامێۆنە چکۆلەکان نۆرە نۆرە پانکەیان بار دەکرد و بە هەورازەکەدا بەرەو شار هەڵدەگڕان. بەڵام پەنکەکانی ئەو رۆژە وەك رۆژەکانی دیکە نەبوون. لەسەر هەموویان ئەم راگەیاندراوە نوسرابوو: (بەرێز لۆرد ماڵ ئاوایی لە ژیان کرد. سەری رێزی بۆ دانوێنن.)

بەدوای تەواو بوونی شەڕ و بەتایبەت پاش مەرگی بەرێز لۆرد، نێزیك بە زۆربەی خانووەکانی شارەیان رشاند. خەڵك لێبڕابوون کە بە رشاندێکی بەردەوام، ئاسەواری دەعباو زیندەواران نەهێڵنەوە. کۆمپانیایەکی کیمیایی – دەرمانی ئەمەریکایی بە ناوی [بایکۆت] لقێکی هێنابووەوە نێو شارو بانگەشەی بۆ دەکرد. خەڵك بە مەبەستی کڕین، هۆمەنیان بۆ بردن. دەرمانی رشاندن تەواو بوو و خەڵك بە ناچاری و لەبەر رەعایەت کردنی نۆرە، خۆیان ناو نووس دەکرد. دەرمانی رشاندنەکە لە قوتوویەکی یەك لیتری سەرمۆردا، لەگەڵ پەمپێکی رشاندن بە فرۆش دەگێشت. لەسەر قووتوەکە و پەمپی رشاندنەکە وێنەی کچێکی پرچ زێرین چاپ کرابوو کە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پەمپێکی رشاندنی بە دەستەوە بوو و خەریك بوو مشکە بەدفەڕەکانی ماڵەکەی راودەنا. گرینگ بانگەشە کردن بوو: (پاش کۆتایی هاتنی شەڕ، درێژەدان بە ژیان تەنیا بە رشاندن مسۆگەر دەبێ.)

پاش تێپەرینی چەند مانگان، کۆمپانیای بایکۆت لە قوژبنێکی شاردا کارگەیەکی دامەزراند و بۆ راگرتنی کارمەندو کرێکار بانگەوازی بڵاو کردەوە. کار پەرەی سەند بوو، دەرمان و پەمپی رشاندن هەموو شار و دەوروبەری تەنی بوەوە. هەموو دوکانەکان بایکۆتیان دەفرۆشت، میوە فرۆشەکانیش لە کاری بایکۆت فرۆشتندا بوون و، بانکەکانیش راگەیاندراوی بانگەشەیی کۆمپانیاکەیان بە شووشە کانیانەوە هەڵدەواسی. کۆمپانیای بایکوت بریاری دا، لەوە بە دواوە گەمانەی منداڵان بەرهەم بێنێ؛ فوودانە، بووکە شووشە، تۆپ، ئاژەڵ، گەمەی هۆش تاقی کردنەوە، گەمەی خۆ سەرقاڵ کردن، بە هەزاران جۆرە شتی رازاندنەوە. ئەم کارگەیە گەورەترین فودانەیەکی گوونجاوی لە بیچمی فیلدا دروست کردو لەسەر ئاسمانی شار لە حەوای کرد. پشیلەیەکی بەرهەم هێنابوو کە لەبەر ئەستورایی سمێڵەکانی وەختابوو گەردنی دەشکا. بەڵام روخساری وەك مرۆڤ دەچوو و وادەهاتە بەرچاو کە چاویلکەی لە چاوانە. پانکەیەکی بەرهەم هێنا بوو کە لە کاتی هەڵسووڕاندا بە دەوری ژوورەکەدا دەفڕی، مەلایەك کە لەبەر خۆر یان گەرمادا هەڵدەمیزا، تۆپێك کە کاتێ بە عەرزیدا دەکەوت، فیکەی لێ دەبووەوە، هەڵدەستا، دەرۆشت، لە ئاسمان دەتەقیەوە. کتێبێکی ساز کردبوو کاتێ دەیان کردەوە هەرامەی پیاوێك دەردەپەڕی و وەسەرو چاوی خەڵکی دەکەوت.

ئەم کۆمپانیایە بوو بە گەورەترین مشتەری گوڵەبەرۆژەکانی شار. لەوە بەدواوە کارو کاسپی باوکە گەشەی کرد.ئەم کۆمپانیایە پاش ماوەیەکی دیکە دەستی خستە نێو کاری ئاژەڵ وئاژەڵداری و وەرزێری. بانك، بەرهەم هێنانی ماشێن، چاپ، شێوەکاری، بەرهەمە کارەباییەکان و بەرهەمی نەوت. لە هەر پیشەیەکدا کۆمپانیایەکی نوێ لە بن باڵی کۆمپانیای بایکۆت دادەمەزرا. کرێکارەکانی رشاندن سەرەتا بیناکانیان لە پیسی خاوێن دەکردەوە، پاشان دەیانخستە ژێر ئیشە خزمەت گوزارییەکان.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

باوکەش ماڵەوەی رشاند، رۆژێك هەموو ئەندامانی ماڵەوەی برد بۆ دەرەوەی شار، خیوەتێکی بەکرێ گرت و شەوێ لەوێ مانەوە. چونکە شوێنەواری دەرمان رشاندنەکە هێندە کاریگەر بوو کە تا بە ئەو کات دوو ژن، کیژۆلەیەك و پیرە پیاوێك تێدا چووبوون. بە پێی دەستوری کۆمپانیا، کەس بۆی نەبوو بیست وچوار سەعات پاش رشاندنەکە، لە شوێنی رشاندنەکان نێزیك بێتەوە.

دایکە لەوێ، بەپێی نەریتی هەمیشەیی لە ناکاو کەوتە یادی یۆسف، رەنگە ئەویان فەرامۆش کردبێ. لەبەر باوکە پاڕایەوە کە بچێت و ئەو بێنێتە دەر، باوکەش بۆی بە پەرۆش بوو. فرمێسکی بۆ یۆسف هەڵدەرشت، بەڵام کاتێ کرێکارەکانی رشاندن بە دەمامك و رووبێنە بۆرەکانیانەوە، هەموو قوژبنی ماڵێ، کون و کەلەبێنی خشتەکان، کەلێنی دەرگاکان، قەڵشی کومێدەکان و تەنانەت درزی دیوارەکانیشیان رشاندبێ، تازە دەتوان چی بۆ بکەن؟

ئەو شەوە تا رۆژ بوەوە، هەر بۆ یۆسف گریان. بۆ رۆژی دواتر کە بەرەو ماڵ گەڕانەوە دڵنیابوون لەوەی کە بەسەر تەرمە بۆگەنیو و هەڵمساوەکەی یۆسفدا دەکەون. باوکە بە ترس و لەرزەوە دەرگای هۆدە گچکۆلەکەی خوارەوەی کردەوە: یۆسف هەرلەوێ وەکو جاران، حەپەساو و وڕ و گێژ لەسەر جێگای خۆی دانیشتبوو. بەم جیاوازییەوە کە چەندانە مشك، پشیلەیەك و، سیرسیرەو مێشولەو کێچ و مۆریانە لە ناوەندی ژوورەکەدا تۆپی بوون. باوکە بە پەلە پەنجەرەکانی کردەوەو بەرەو لای یۆسف رۆشت و، بە حەپەسانەوە سەیری کرد یۆسف هێشتا هەر زیندووە و خەریکی کاوێژ کردنە.

دایکە دڵنیا بوو کە هەر لەم جۆرە دەعبایانەی خواردوە.

## 8

پاش رۆشتنی ئایدا، باوکە لە بیانوو دەگەڕا، هەر لە خۆڕا لە سەر هێندی شتی ئاسایی هات و هاواری ساز دەکرد، ئیرادی لە چێشتدا دەدۆزییەوە، بێ ئیشتیا و بێ تاقەت ببوو و، بەردەوام سەبیلەی دەکێشا. کە لە دوکان دەهاتەوە یەکڕاستە دەچووە سەرەوە، شێوی دەخوارد، نوێژی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەکرد، هێندێ شەڕو هەرای دەنایەوە و، پاشان عەباکەی بە کۆڵیدا دەدا و دەچووە کۆڵان. لە ژێر تیشکی گڵۆپی دارتێلەکاندا کەمێ پیاسەی دەکرد و، ئەوجار دەهاتەوە بۆ ماڵێ و دەخەوت. لەو شەوانەدا باوکە سەرنجی دابووە شتێکی سەیرو سەمەرە. هەموو شەوێ لە سەعاتی حەوتدا ئەیازی دەبینی کە بە دووچەرخە مۆتۆڕدارەکەی بەرەو باکوور دەچێ و رێك لە سەعاتی دەی شەودا بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە. ئەم بابەتە باوکەی وە جم و جۆڵ خستبوو. تەنانەت چەند جاران پرسیاری لە ئەیاز کردبوو، کە بەو شەوە دەچێ بۆ کوێ. ئەیاز وتبوی شەوانە زێرەڤانە. ئەو هەمووە فیداکاری و ماندوونەناسیە، پتر باوکەی لە حاند ئەیازدا دڵ گەرمتر دەکردو، گومانەکەی سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەیاز وەك کارمەندێکی شەرەف بەرز لە لایەن لۆردەوە بەرەو یەقین دەچوو. هەر بۆ ئەم مەبەستە بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك هەستابا، لە ژێر چاوەدێری ئەیازدا بەئەنجامی دەگەیاندو لێی دوودڵ نەدەبوو و، بە هەموو بوونیەوە لە پای کارەکەی رادەوەستا.

پاشان کاتێ کەسێک بە گازە هەستابا، دەیوت: ( بڕۆ وەدوای کاری خۆت بکەوە، وەك ئەیاز وتەنی دوو تاقم قسەیان لەگەڵ نایەت. یەکیان خوێندەوارو ئەوەی دیکەشیان نەخوێندەوارە.)

ئایدین بەرە بەرە هەستی دەکرد کە ئەم هەراو ئاژاوانە هەر لەبەر ئەمە. چوونکە ئامادە نەبووە بچێتە دوکانی باوکی و لە دوارۆژدا وەك ئەو ببێتە کاسبکارێکی شەرەف بەرزو جێی رێز و حوورمەتی خەڵکی، ئەو حەزی لە نووسین بوو، حەزی لە خوێندنەوە بوو. ئەو دەیویست لە دونیای کتێب و شێعرەکانیدا نووقم ببێ. کاتێ ژورەکەیان گۆڕی و ناچار کرا وەك پیاوە تاراوەکان لە هۆدەی ژێرخاندا نیشتەجێ بکرێ، هیچ کاردانەوەیەکی لە خۆی پیشان نەدا. رێگەی پێدان کە بە ئاشکرایی گاڵتەی پێبکەن. بواری دا بە باوکی کە پێی بڵێ: (خوێڕی)، (بێ دەمار) و تەنانەت کاتێ لە قەراغ حەوزەکەدا دەست نووس و کتێبەکانیان لێ سوتاند، زیاتر لە جاران بە مەبەستەکەیەوە نووسا و بڕیاری دا سەرلەنوێ هەموویان بنووسێتەوە.

ئایدین تازە لەگەڵ ئەوە راهاتبوو کە بەردەوام باوکی بە مۆنی و روو گرژی ببینێ. هێندێ جار لێی روون بوو کە کاتێ باوکە بە تەنیشتیدا تێدەپەڕێ، ئەو نایبینێ و یان خۆی لە نەدیوی دەدا. بەڵام دایکە وەزاڵە هاتبوو. نەیدەتوانی بەر بە خۆی بگرێ. بێزاری دەردەبڕی و لەسەر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دووجمکەکانی بەردەوام لەگەڵ باوکەدا کێشەی هەبوو: (ئەوە ئایدا و، ئەمەش ئایدین، چما کوڕی تۆ نییە؟ بۆچی قسەی خۆڕایی دەکەی؟)

باوکە هەر باوکەکەی جاران بوو. وتی: (من دەمەوێ ببێتە بەشەر.)

دایکە وتی: (ئەوی لە زارت بێتەدەر نایپارێزی و بە سەریدا دەرێژی، چاوەڕوانیت هەیە ببێتە کاسپ کار؟ چاوەڕوانیت هەیە دەست لە کتێبەکانی هەڵبگرێ و لەبن دەستی تۆدا کار بکا؟ ئەو هەتیوە لاسارەش فێر بووە قسەی زلتر لە خۆی بەو بڵێ کە لە قەوارەی نایێتەوە... )

(کێ؟)

(ئۆرهان.) بۆ ساتێ بێدەنگی راگرت و پاشان وتی: (مافی ئەوەی نییە، مافی ئەوەی نییە. )

باوکە وتی: (چ دەڵێ؟)

(دوێنێ پێی دەوت بێدەمار. خۆ بە ناو بانگی ناکا دەڵێ میرزا. دەڵێ خوێری. گشت ئەو قسانەی کە تۆ فێرت کردووە.) وە گریا.

باوکە پێکەنی: (دەی راست دەکا، پیاوی بێ دەمار، بێدەمارە.)

(مافی ئەوەتان نییە ناو و ناتۆرەی وا وەدوای کوڕەکەم بخەن.)

(خۆ کوڕی منیشە.)

(لەبەر ماڵی دونیا، بۆ فلس و قرانێك، خۆتان کردووە بە گاڵتەجاری خەڵکی.)

باوکە گوڕاندی: (با چاوت دەرێ و لەسەری وەجواب نەێیت.)

دایکە قیژاندی: (دەبڵا چاوی خۆت دەرێ، پێت فڕێ نەدابام.) زشیەکی بەهێز لەسەر روخساری کەوت. چەند ساتێ تێپەڕی، پاشان بە چاوی گریانەوە لە حالێکا چارشێوە رەشەکەی بە سەردا دابوو، چووە لای ئایدین. هەر لەسەر پلیکانەکەوە بانگی کرد: ( ئایدین.)

ئایدن لە هۆدەی ژێرخانەوە سەری دەرکێشا و وتی: (دایە!) تا بە ئەو کات دایکی لە دۆخێکی وادا نەبینی بوو.

دایکە وتی: (خۆت لەبەر بکە، هەستە بابرۆین.) هەوایەکی پڕ لە دەرد و ئازار لە دەنگی دا دەگەڕا.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(بەرەوکوێ؟) بە پەلە باڵتە درێژەکەی لەبەر کردو بەرەو پلیکانەکان هەڵگەڕا. دایکە لە دەرەوە، لەبەر دەرگا چاوەڕێی دەکرد. چاوی بە ئایدین کەوت، لە پێشەوە بەرێدا دەڕۆشت و مەودای لێگرت. حەزی نەدەکرد چاوی بە چاوی ئایدین بکەوێ. ئێوارەیەکی هەینی لە مانگی رەزبەر بوو. شەقام چۆل و بێدەنگ بوو. رەشە بایەك هێندێ جار تۆزی شەقامەکانی گەسك دەداو پیاوی ناچار دەکرد چاو بنووقێنێ. دەرگای دوکانەکان گاڵە درابوون و جگە لە چەند کوڕە بیکارە کە لە قوژبنی گۆرەپانەکەدا پیاسەیان دەکرد کەس بە دەرەوە نەبوو. بە پێی پیادە شەقامی شێخ سەفییان تێپەر کرد، بە پێش کاراونسەرای چەرەس فرۆشەکاندا تێپەڕین و دیسان رۆشتن. لە تەنیشت گۆرەپانی شا، لە وێسگەکەیاندا چەند فایتونێك لەسەر نۆرە بەریز راوەستا بوون. ئایدین وتی: (دایە دەچینە کوێ؟)

دایکە وتی: (گۆرستان.) وە روویان لە فایتونێکی سپی کرد کە لە پێشەوەی سرەکەدا راوەستابوو. وتی: (سواربە.) وە بۆ خۆیشی سوار بوو.

فایتوونچی وتی: (بەرەو کوێ؟)

دایکە وتی: (بۆ سەر مەزاران.)

(کامەیان؟)

(گۆرستانی کۆن.)

فایتوونچی پیر، بە بەرگێکی رەسمی و بۆر، شەبکەو کەمەر بەندێك و سەرشانێکی سپییەوە سوار بوو و وڵاغەکانی دەنگدا. وە فایتوونەکە بە لەقە لەق وەرێ کەوت. لە باخی ئەخەوان تێپەڕی، بەرەو سەرچاوە سووڕایەوە. لە گەڕەکی [پیرە دایك] چەند دوکانێك کرابوونەوە. دایکە وتی: (لەبیرمان نەچێ هێندێ لوقمە قاز بکڕین.) لە پێش دوکانێك بە کابرای فایتوونچی وت: (رایگرە، شت دەکڕم.) بۆ خۆی دابەزی. نوقڵی کڕی و گەڕایەوە. وە پاشان فایتوونەکە بەرەو گۆرستان کەوتەرێ. لەوێ، دایکە لە کن قەبری باوکی دانیشت، سەری خستە سەر گۆڕەکەی و تێر گریا. تا بە ئەوکات ئایدین قەت دایکی خۆی نەدیبوو کە ئەو هەمووە فرمێسکە هەڵڕێژێ.

گۆڕستان قەرەباڵغ بوو. پۆل بە پۆل، چەند کەسێك بەسەر گۆڕێکدا داهاتبوونەوە. منداڵەکان غارغارێنیان دەکرد و، با تۆزی هەستاندبوو و لە مابەینی دارەکاندا لووره لووری دەکرد. لە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پێشترەوە، دەستفرۆشەکان نوقڵ و خورماو لووقمەقازیان دەفرۆشت. ئایدین هەستا، کیلۆیەك خورمای کڕی و لە پێش ڕێبوارانی ڕاگرت. پاشان لە گەڕانەوەیدا چاوی کەوت بە دایکی کە لە بێدەنگییەکی نامۆدا سیرەی نیگای بەرەو دوورەدەستان مۆڵەق مابوو. بەبێ ئەوەی لە شوێنێك بڕوانێ، یاخود چاو بترووکێنێ، وەك نمونەیەکی شێوەکاری کە لە بەردەم نیگای نیگارکێشێکدا ڕاوەستابێ. داڵغەی لێدابوو و لە هەزارەی خەیاڵاندا نغرۆ ببوو، بەهەیبەتێکی پڕ لە بێدەنگی کە دەتوت تەمێکی قوورس بەسەر سەریدا کشاوە و ئەوی لەبن خۆیدا داپۆشیوە.

ئایدین بە هێمنایەتییەکی ڕواڵەتی، دەستی لە گیرفانی نابوو و لەو لاترەوە پیاسەی دەکرد. وتی: (نەچینەوە؟)

دایکە وتی: (بەدی ئێستا دەڕۆین.) هەستا. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، سەری دانواند و قسەی کرد. وتی کە ئیتر لەوە زیاتر تاقەتی نەماوە. وە وتی پاش بیست و پێنج ساڵ باوکە دەستی لێ هەڵێناوەتەوە، جنێوی بە مردووەکانی داوە. وتی بەستراوەتەوە و هیچ ڕێگا چارەیەکی دیکەشی نییە.

ئایدین وتی: (نێزیك بە بیست ساڵم تەمەنە، بەڵام هێشتا ڕوویەکی خۆشم بە باوکمەوە نەدیوە.)

دەرەوەی سەرمەزاران قەرەباڵغ بوو. فایتۆنەکان پەیتا پەیتا مسافریان هەڵدەگرت و بەرەو شار دەچوونەوە. لەو بەرەوە، کۆمەڵێکیش بە پیادە دەڕۆشتنەوە و لە جادەیك کە بەرەو شار دەبووەوە بەدوای یەکتردا ڕیزیان بەستبوو. پیرێژنە سواڵکەرەکان وەك داوەڵپا وەدوای خەڵکی دەکەوتن و بەردەوام دەپاڕانەوە. چەند سواڵکەرێکی زەمین گیر، لە گۆشەو کەناران کەوتبوون و، دیواری سەر مەزاران رووخاو و لەت بەلەت بوو.

دایکە وتی: (منیش دەزانم لەمە بەدوا چۆن بجوڵێمەوە.) دڵی پڕبوو و خێرا خێرا بە ڕێدا دەڕۆشت: (هەموو تەمەنمان، لەگەڵیدا هەڵمان کرد و قسەمان نەکرد. لەسەر زەماوەندەکەی ئایدا ئەو هەمووە کەتنەی پێکردین، چەتیوەکەم ناساز بوو، خەریك بوو دەچووە ماڵی مێرد، بەڵام خۆمان لە لاڵی دا. حەیا بە خۆ بووین. ئێستا دڵێ نابێ بچیتە تاران و سەردانی بکەی. من...) وە بە ناتەواوی قسەکەی بڕی.

ئایدین وتی: (بە دەستی خۆتان ئەوتان بەرز کردەوە.) هەڵ خوازانە ئەم قسەیەی دەربڕی. بۆ ساتێ وا بە زێنی گێشت کە وەدوای قسەکەی نەکەوێ، بەڵام لە بێدەنگییەکەی دایکیدا وتی: (خاڵ و مامەکان، هەموویان بۆی داهاتنەوە، چی بۆ کردن؟ چ قەدرێکی لێ گرتن؟ چەند ساڵێکە رێگای هاتووچۆی بەسەر مامە سابیردا بڕیوە. لەو ساڵەیرا کە باپیرە و پوورەکانم هاتبوونە ئێرە، ئیتر ئێمە چاومان بەکەس نەکەوتەوە. دەڵێی بێ خزم و کەس و کارین. چما تۆ بۆخۆت خزم و کەست نییە؟ ئەدی کوان؟)

دایکە وتی: (لە ورمێن. بەڵام کە رێگەم نەدا چۆن دەتوانم سەردانیان بکەم؟ من ئافرەتم. لەبەر خولْق و خووە تاڵەکەی باوکتان، ئەوانیش لەخۆیان رانابینن سەردانم بکەن.) بەرەو لای فایتۆنێك رۆشتن و سوار بوون. دایکە وتی: (دەچینە شێخ سەفی.)

ئایدین هەڵچوو بوو. بە تەما بوو هەموو غەم و مەراقەکانی لە یەك رەستەدا کورت بکاتەوە و دەری ببڕێ، بەڵام نەیدەتوانی. کات کەم بوو. بیری لە هەر بابەتێك دەکردەوە دەبووایە دونیایەك بیرەوەری تاڵ و ترس و سامی ناخۆش وەبیری خۆی و دایکی بێنێتەوە. وتی: (بە دەستی خۆتان بەرزتان کردەوە و، ئێستاش دابەزاندنی دژوارە.)

فایتونەکە بە لەقەلەق دەرۆشت. لە فایتوونەکەی دیکە لەسەرەخۆتر بوو. فایتوونچییەکە وشك و برینگ لەسەر کورسییەکەی دانیشتبوو. وازی قامچی کوتانی تێدا نەبوو. رۆژ بەرەو بوولێڵ دەکشاو با لوورەی دەهات.

دایکە وتی: (هەرچەندی تێدەفکرم سەیر دەکەم هیچ رێگا چارەیەکی دیکەمان بۆ نەماوەتەوە جگە لەوەی کە دەبێ لەگەڵیدا هەڵبکەین.)

(چی بکەین؟)

دایکە شڵەژا. بە زۆر بەسەر خۆیدا زاڵ بووەوە: (بۆ نموونە ئێواران یان بەیانیان برۆ لای باوکت و یارمەتی بدە. هەر بەمە قەڵسە کە کوڕە گەورەکەی خۆی لێ دوور رادەگرێ.)

(کوڕە گەورەکەی یۆسفە. من چ تاوانێکم هەیە؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(وەبزانە یۆسف مردووە. خۆ بەشەر نییە. بۆ خۆشت باش دەزانی. باشە چ دەبێ خۆت بە ژیانێکی حازر و ئامادە بنووسێنی و لە بیری خۆتدا بی. لەبەر کێ ئەم هەموو ساڵە هەوڵ و تەقەلای داوە؟ ئەو دوکانەی بۆ کێ کڕیوە؟ هەر بۆ ئۆرهانە؟)

(من حەز ناکەم ژیانی باوکم دووپات بکەمەوە. خۆ تۆ خۆت دەزانی وایە، من لەکن مامۆستا ناسری دڵخوێن، دەوامی شێعرم هەیە. قەرارە هۆنراوەکانم لە گۆڤارێکدا بە چاپ بگەێنن. ئەوجار بیم وازی لێ بێنم و گوڵەبەرۆژە بفرۆشم.)

دایکە سەیرێکی ئایدینی کرد. وای هاتە بەرچاو کە رەنگ بە روخسارییەوە نەماوە. هەر بۆیە بە جەفەنگەوە وتی: (من سەر دەرناکەم دەتەوێ چی بکەی، بەڵام ئەوە بزانە کە هەمووتان نەحاملاو و مان گرن. هەمووتان داوتانەتەوە سەر باپیرتان. هەم تۆ، هەم ئایدا، هەم ئۆرهان، هەم باوکتان. تەنانەت ئەو یۆسفە چارە رەشەش، لەبەر ئەوەیکە هەروا لە دونیای گەمژەیی خۆیدا بمێنێتەوە، کەڵەرەق و مان گر بوو.) وە پاشان داستانی بەرد فرۆشتنەکەی باپیرەی هێنایەوە گۆڕێ.

فایتونەکە لەسەر کۆڵانی لۆرد راوەستا، ئەوان دابەزین. دایکە پارەی دا بە فایتوونچی و بەرەو ماڵێ وەڕێ کەوتن. وتی: (ئەمەش باپیرەکەتان، تێدەگەی؟)

ئایدین لە پشت سەری دایکییەوە بوو و، لە سەرەخۆ هەنگاوی هەڵدێنایەوە. دایکە گەرایەوە: (بەس لە بیرت نەچێ ئەگەر لە بەشەدوکان و باغ و ماڵەکەدا بێ بەری بووی، مافت بە فیڕۆ چووە. تۆ ئێستا تێناگەی. ژیان هەوراز و نشێوی تێدایە، هێشتا رۆژی رەشت نەدیوە. قەدری ژیان نازانی. بەڵام ئۆرهان هەر لە ئێستاوە دەستی بەسەر هەموو شتێکدا گرتووە. من دەڵێم ئەو هەر چییەك بێ دەبێ تۆش وابی.)

ئایدین بێدەنگ بوو. کاتێ لە دەرگای دەدا، چاوی کەوت بە ئەیازی پاسەوان کە بە دووچەرخە مۆتۆردارەکەی بەرەو باکووری شار دەرۆشت. سەیری کردن و سەری لەقاند.

دایکە وتی: (دیتت؟)

ئایدین وتی: (چی؟)

دایکە وتی: (ئەیازی پاسەوان بوو. بەستە زمانە بەم شەوە درەنگە دەچێ بۆ کێشکگرتن.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(بەڵێ دیتم.)

کاتێ دەچوونە ژوورەوە، دایکە وتی: (پیاو کە دەچێتە سەر مەزاران، دڵی دەکرێتەوە.)

# 9

(هۆنراوەی سوور – ئایدین ئۆرخانی)

لە دەربەندی کرانەوەی کازیوەی بەر بەیاندا

لە سەرەتای درێژ بوونەوەی رۆژ

پیاوە بەهەیبەتەکانی هۆزەکەمان

لەسەر یاڵی کێوەکان

بە سوار ئەسپەوە

بە چاوە پڕ لە روانینەکانیان

کە هەتەری هەموو دۆڵ و بنارەکانی دەکرد

بۆ ساتێ راوەستان

خۆر هێندە بەتین بوو

کە تینی گەرمای زەوی، نەرمە نەرمە بەلاقیاندا هەڵدەگەڕا

هەر هەموویان

بەسەر تاتە بەردەکاندا خلیسك بوونەوە و

بەبێ ئەوەی لێغاوی ئەسپەکان

بەدارە وشکەکانەوە ببەستنەوە

خەویان پیاکەوت.

شەبکە لەسەر روخساریان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەرخۆشی خەو و، شەکەت.

کیژە سوورپۆشەکان پرسییان

ئایا ئەم کەڵەمێرانە

حیلەی ئەم ئەسپانە گوێیان نا لەرزێنێ؟

ئەدی چۆن دەخەون؟

رەشەبایەك هەڵی کردو

پەرچەمی کیژە سوورپۆشەکانی شێواند.)([10])

ئەیاز بە ئەنگوستی، چەند جاران لە رۆژنامەکەی کوتاو وتی: (جابر، بە وردی بیخوێنەوە.)

باوکە جارێکی دیکە شێعرەکەی خوێندەوە، سەیری ئەیازی کردو وتی: (ئەمە بەرهەمی ئایدینی خۆمانە؟)

ئەیاز وتی: (ئەی پێت وایە هی کێیە؟) چاوەکانی تەنگ کردنەوەو خێسەی لە باوکە کرد: (ناوی شێعری سووری لەسەر هۆنراوەکە داناوە. دەزانی چ مانایەك دەداتەوە؟ لەوە گەڕێ توخوا ئەمە شێعرە؟)

باوکە وتی: (ئەیاز چارمان چییە؟)

(دەبێ بەری پێ بگرین.)

باوکە وتی: (ئیتر لەوە زیاتر من پێی ناوەستم.)

ئەیاز بەسەر مێزکەدا خۆی دانواند، سەری لە گوێی باوکە نێزیك کردەوەو وتی: (ئەگەر لەبەر لۆمەی خەڵکی نەبووایە یەك دوو مانگان لە گۆشەی زیندانم دەکرد.)

باوکە وتی: (چوونەتە کڵێشەیەوە. لە شوێنێکەوە هانی دەدەن.) بۆ ئایدین نیگەران ببوو.

ئەیاز وتی: (من دەزانم. هاتووچۆی مامۆستا دڵخوێن دەکا. ئەو پیاوە شێت و گێلەی کە وەك فەیلەسووفان دەچێ.)

باوکە وتی: (ئەگەر شتێکت لەم پیاوە سەر شێتە کردبایە، ئێمەش ئاسوودە دەبووین.)

ئەیاز وتی: (دەبێ بیری لێبکەمەوە.)

---

**[10] بۆ دەرك پێکردنی ئەم شێعرە دەبێ ئاوڕ لەسەر دەمی رووداوەکانی نێوان سییەکان و چلەکان بدەینەوە. کە سەردەمە زێڕینەکانی خەباتی مەدەنییەت و سەردەمی کۆماری ئازەربایجان و کۆماری کوردستان بووە.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پاش چەند رۆژان، لە شەوێکی مانگە شەودا، کە عەرز لەبن تریفەی مانگە شەودا رووناك ببوو، سێ دانە کاربەدەستی رژێم خۆیان بەسەر ماڵی مامۆستا ناسری دڵخوێندا خست، ئەویان قۆڵبەست کرد. بە بیانووی تێکدانی مێشکی لاوە بەشەرەفەکانی شار، روانەی تارانیان کرد.

دەسکەوتی ئایدین پاش سێ ساڵ راهێنانی بەردەوام، گۆرانکارییەك بوو کە لەودا دروست ببوو. هەموو کەس بە چاوی هومێدەوە سەیریان دەکرد. چەند دانە چوارینە، چەند پارچە غەزەل، چەند مەسنەوی و، بە دەیان پارچە و رەنگە سەدان شێعری نوێش کە بە زمانی تورکی هۆنیبوونییەوە. هێندێ کەس لێی بەشك بوون و پێیان وابوو لە شوێنێك، یان لە کەسێکی دزیوە. مامۆستایەکی پێی وتبوو: (ئەگەر بە دوورو بەری ئەردەبیلدا بگەرێی، لە گۆشەو کەناران لەم جۆرە کتێبانە زۆر دەست دەکەون کە لەبن گڵ و خۆڵ شاردراونەتەوە.)

بەڵام ئایدین بە وەسواس و وردبینیەکی سەیرەوە هەموو دەرفەتەکانی خۆی لە پێناو خوێندن و نووسیندا تەرخان دەکرد، گوێی بەم قسانە نەدەدا. هەموو شتێکی دەگەڕاندەوە سەر زمانی شێعر و، بۆ سەلماندنی مەبەستەکانی یەك بەیت شێعری بە نموونە دەهێنایەوە، لە ماوەیەکی کورتدا هەموو کەس زانی کە شێعر لە باڵایەوە فوارە دەکا. بەرە بەرە خواردن، خەوتن، کتێب خوێندنەوە، قسەکردن و هەموو کردارەکانی بوون بە نموونە و حاڵەتێکی تایبەتییان بەخۆیەوە گرت. وە ناوبانگی بە شاردا بڵاو بوەوە. ناوبانگی، وای لێکردبوو کە لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا کەوتە بەر سەرنجی کیژ و ئافرەتان. بەڵام هەموو کەس لەوە سەریان سووڕمابوو کە لە دونیای ئەم کوڕە جوانکار و پڕ لە هەست و سۆزەدا، بۆچی ئافرەتی تێدا نییە. تەنانەت دایکەش بە تەوسەوە ئەم بابەتەی لە لای بێوەژنێك بە ناوی فرووزان باس کرد: (تا ناوی ژن دێتە گۆڕێ، زوو دەڵێ ئاسایشی هەردوو دونیا.)

فرووزان وتی: (کێ دەڵێ ژن لە ژیانیدا نییە؟)

دایکە وتی: (هەیە؟ ئەگەر هەبێ حەز دەکەم بزانم هەڵبژاردنەکەی چۆنە.)

فرووزان وتی: (زۆر بە هاسانی دەتوانم لەبن زاری دەرکێشم. بە منی بسپێرە.)

دایکە وتی: (بڵێی؟ لەبەرت دەمرم. بزانە داخوا دەتوانی سەرو بنی ئەم بابەتەم بۆ دەربخەی؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەر بۆ ئەم مەبەستە فرووزان دەرفەتی کەوتە دەست کە بەم بیانووە خۆی لە ئایدین نێزیك بکاتەوە، رێی لە ژوورەکەی بکەوێ، لەگەڵی بدوێ و، بانگێشتنی بکا کە سەردانی ماڵەکەی بکا.

هەر لەو هاوینەدا، کاتێ ئایدین چوبووە ژوورەکەی، فرووزان دەرگای بەسەر خۆیاندا داخستبوو و هەر لەکن دەرگاکە ئەوی بە دیوارەکەوە نووساندبوو و، بە دڵەتەپێ و لەرزەوە، تاو ئاسا، کراسەکەی ئایدینی بە خۆیەوە گوشی بوو و پێی وتبوو: (تۆ نایێتە لام؟) وە وەکو مار لێی هاڵا بوو.

ئایدین لە دوونیایەکی دیکەدا دەژیا. وادەهاتە بەر چاو کە جیاوازیەکی بەرچاوی هەیە لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆی. تاکوو کەمتر رووی بە خەڵکی دەدا، پتر وەدوای دەکەوتن. لە شەقام، لە کتێبخانە، لە باخچەی ئەخەوان. تەنانەت فرووزان کە لە سوێی دەسووتا، هەر لەبەر ئەو ئاگرەی دەروونی رێی کەوتبووە ماڵی ئەوان. رۆژێك بە دایکەی وت: (ئەم ئاغازادەیەی ئێوە جگە گورگی هەڵگرتووە، بەڵام روو بە کەس نادا.)

دایکە وتبووی: (ئەو کەسە دەبێ کێ بێ؟)

فرووزان وتی: (وەڵامی سڵاوی ئێمەش ناداتەوە.)

دایکە وتی: (زۆر شەرمنە.)

فرووزان کارمەندی بانکی میللی بوو. خەڵکی تەورێز بوو. وە پاش مەرگی مێردەکەی هەر لە ئەردەبیل مایەوە. بەرەو رووی ماڵی ئەوان، لە نهۆمی سەرەوە نیشتە جێ بوو و لە ژیاندا تەنیا هۆگری خۆ رازاندنەوە بوو. دەیانوت هەموو مووچەکەی لە ئامێری خۆرازاندنەوە خەرج دەکا. هێندێ بۆنی سەیرو سەمەرەی بە خۆیدا دەکرد کە خەڵکی لە سوێی دڵیان لە خۆ دەبووەوە.

دایکە لە خۆ نێزیك کردنەوەی ئەو بێوەژنە لە ئایدینی کوڕی، هەستی بە مەترسی دەکرد. شەوێك لە خەونیدا، خەونی بە سووتمانێکەوە بینی، کە ئایدین و فرووزان لە نێو ئاگرەکەیدا خۆیان دەشۆن. رۆژی دواتر دەمەو ئێوارە، کاتێ فرووزان هاتبووە ماڵیان، دایکە قسەیەکی پێ وت کە بۆ هەمیشە رێگای هاتنە ماڵی لێ بڕی.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کچێکی دیکەش هەبوو کەماڵیان لە نێزیك ماڵی مامۆستا دڵخوێن بوو و لە رۆژدا چەند کەڕەت بە پێش کارگەی بەرهەم هێنانی پانکەی لۆرددا تێدەپەڕی، بەڵکو چاوی بە ئایدین بکەوێ. وە کاتێ چاوی پێدەکەوت، بێدەنگ و رەنگ هەڵبزڕکاو، تەنیا سەیری دەکردو پاشان دەڕۆشتەوە.

کیژ و ئافرەتی دیکەش هەبوون، بەڵام ئایدین لە هەموو شتێ زیاتر خۆی لە پێناو شێعردا دانابوو. وە لە حاست مامۆستاو هاندەرەکەیدا رێزێکی لەرادە بەدەری هەبوو.

مامۆستا ناسری دڵخوێن [ئەفاعیل] و[ بوخووری] شێعری فارسی فێری ئەو کردبوو و، لەسەر ئەو باوەرە بوو کە ئایدین لە قەوارەی شێعری وەزندار دەرباز بووە و لەریزی ئەدەبیاتی ئەم وڵاتە دا دەگاتە پلەی مامۆستایی. هەرچەند خۆی بەو هەمووە زانستەی کە لە فەلسەفەو ئەدەبیات و عیرفان ناسیدا هەیبوو، نەیتوانی بوو لە نێو ناودارەکاندا جێگایەك بۆخۆی بکاتەوە.

پیاوێکی ژیر و باڵا بەرز و لاواز بوو. وەکوو دەروێش و سۆفی قەناعەتی بە کوونجێك دەهێنا. وەکوو [جووکییە] هێندییەکان رازی بەکەم بوو. پرچەکانی درێژ بوون و بەو روخسارە کز و ریشە تارتارییەی، وەك وێنەکەی مەنسووری حەلاج دەچوو کە لە سەردەری خانەقای شێخ سەفی الدینی ئەردەبیلی کێشا بوویانەوە. دەنگێکی نەرم و هێدی پێوە بوو و، لە گەڕەکی [پیر شەمسەدین] لە ژوورێکدا دەژیا.

خۆشنووس بوو و بۆ خۆشی بە زەوق و مشوور بوو. هێندێ جار تاریشی دەژەنی و لە مابەینی ئەو هەمووە کاغزو دەفتەرو کتێب و مرەکەبانەدا، لەسەر سۆبە سێ پڵێتەییەکەی، چایی بۆ شاگردەکان دروست دەکرد. خۆی بە پلەو پایە و ناوبانگ و پارەوە ماندوو نەدەکرد. شێعری کۆنی دەخوێندەوە و شێعری نوێی دەهۆنییەوە و لە دوورەوە لەحاست [نیما یوو شیج]دا ناسیاوەتی و چاك و چۆنییان هەبوو.

سەبارەت بەو، کەس هیچی نەدەزانی. لە کوێرا هاتبوو، خەڵکی کوێ بوو و، لەبەر چی سەڵت و تەنیا بوو. کەس نەیدەزانی. بەڵام باسیان دەکرد کە لە فەرانسە ئەدەبیاتی عەرەبی خوێندووە، ساڵانێکی زۆر دڵی بە کیژێك داوە، کە زۆر ناساز بووە و، لەپاش مەرگی ئەو کیژە، مامۆستا دڵخوێن لەگەڵ شێعرو شاعیریدا، لە کوونجێك گیرساوەتەوە و خۆی تەریك کردووە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پـاش شـوێنەوون کردنـی مامۆسـتا ناسـری دڵخـوێن، قوتابخانـەی شـێعرەکـەی لـە بـەریـەك هەڵوەشایەوە، قووتابییەکان بڵاوەیان کردو، لەوە بەدواوە، هیچ سۆراغێکیان لێ نەدیتەوە.

## 10

ئایدا وتی: (تۆ بۆ هێندە کز بوویت؟)

بە تەواوی گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، بە جارێ قەڵەوتر وگۆشتن ببوو. ئێسك و جمگەکانی ئازاریان نەمابوو. بە جوانی دەیتوانی قسە بە زمانی ئینگلیزی بکا. دڵەراوکە و خەمەکانی سەردەمی منداڵی ئیتر لە روخساریدا بەدی نەدەکراو، جلو بەرگێکی زۆر جوانی پۆشیبوو. بۆ ئایدین و ئۆرهان یەکی شەڕوالێکی بیانی بۆ هێنا بوون کە دەیوت لە ئابادان هەموو کەسێك لەم شەڕوالآنە لە پێ دەکەن. دایکە پێی وت کە چەند جاران ویستوویەتی بێتە ئابادان و سەردانی بکا. لەم ماوەیەدا دڵی هەر لە لای ئەو بووە، لەسەر سفرە، لە چێشتخانە و، بە تایبەت شەوانە ئەوی هەر لەبیر بووە. بەڵآم خۆی باشتر باوکە دەناسێ! ئەو قەت رێگەی پێ نادا. چارچییە؟ ئافرەت ناچارە پێملی مێردەکەی بێ.

حەزی دەکرد ئایداحەتمەن بڕوا بەوە بکا کە جێگای بەتاڵە. هەر بۆ ئەم مەبەستە هەوڵی دەدا زوو زوو پێی رابگات. تفەنگێکی بۆ سۆهرابی کوڕی کڕی بوو کە لە لوولەکەیڕا ئاور دەهاتەدەر. باوکە وتی: (ئەوەی عەقل بێ و لە مێشکیدا نییە؟ ئەم منداڵە نافامێنێ و تۆش رۆشتووی تفەنگی ئاگردارت بۆ کڕیوە؟)

ئایدا لە ساڵدا پازدە رۆژ سەردانی ماڵە باوانی دەکرد و ئێستا سێهەم جاریەتی. دایکە کراس و جاکەتی بۆ سۆهراب چنی بوو و لەو ماوەیەی کە ئایدا لەوێ دەمایەوە نەیدەهێشت پەرۆ وپاتاڵی منداڵەکەی بشوا. بۆ خۆی دەیشۆرد. ئایداش هەوڵی دەدا خۆی شاد و بەکەیف پیشان بدا. لەو بێدەنگییە شوومەی جاران هاتبووە دەر، بەڵآم غەمێکی سەیر لە قووڵایی چاوەکانیەوە شەپۆلانی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەدا. بەتایبەت ئەو کاتانەی کە باوکە وەکوو جاران، بە ڕووگرژی و هیلاکی لە کار دەهاتەوە، ئایدا جگە لەوەی خۆی بە منداڵەکەیەوە سەرقاڵ بکا، چێشتی بداتێ، یان تلاوتلی بکا و پرچەکانی شانە بکا، هیچی دیکەی نەدەکرد. وە جارجار ئەگەر دەرفەتی بۆ رەخسابا لە بن چاوەوە سەیری باوکەی دەکرد.

باوکە دەیپرسی: (ئێسك و جمگەکانت چۆنن؟)

وە ئایدا وەڵامی دەدایەوە: (بۆ سالێك دەچێ کە ئازاریان نەماوە. بەلاّم هەموو مانگێك دەبێ پنیسیلینێکی([11]) قەوی لە خۆم بدەم. دوکتۆری بیانی لەوێ زۆرن.)

ئەو شەوە کاتێ ئایدا سەردانی ژووری براکانی کرد، تەنیا یەکدانە قەروێلەی تێدا بینی. هیچ ئاسەوارێك لە جل وبەرگ و کتێبەکانی ئایدین دیار نەبوو. وتی: (دایە، لێرە چی رووی داوە؟)

دایکە وتی ئەوەی راستی بێ باوکە لە بیانوو دەگەرێ و شەوێك ژووری ئەو دوانەی گۆڕی. بەلاّم لەبەر ئەوەیکە ئایدا غەمی پێوە هەڵنەگرێ باسی رووداوەکەی بۆ نەگێرایەوە. پێی باش نەبوو لە نامەکانیشیدا بۆی باس بکا. ئایدا پرسیاری کرد ئەدی ئایدین شەوانە لە کوێ دەخەوێ؟ و دایکە پێی وت.

ئایدا هێندە بە رقەوە دووگمەی یەخەی کراسەکەی بادابوو کە بەربوەوە. وتی بە هەمووانەوە خەریکن وەرهەم بە براکەی هەڵدێنن. کز بووە، چاوەکانی بەردەوام ماندوویی پێوەدیارە و، دەڵێی نەخۆش و ناسازە و هەمیشە ژان دەکێشێ. دایکە وتی ئایدین خەریکە دەبێتە شاعیرێکی ناودار و گەورە بەلاّم لەوەتەی مامۆستاکەیان شوێنە وون کردووە، غەمگینەو، ژیان چەندە روو لە نەهامەتییە.

ئایدا بریاریدا ژوورەکەی ئایدین خاوێن بکاتەوە، پەردەیەك بکرێ بۆ تاکە پەنجەرەکەی، دەرودیوارەکانی بشەواتەوە و نەهێڵێ رەنگی ئەنبار بە خۆیەوە بگرێ. وتی: (تۆ بۆ هێندە کز بوویت.)

---

**[11] یەکەم دەرمانی ئەنتی بیوتیك بووە کە دۆزراوەتەوە. دەرزییەکی (شریقە) بەقووەتە کە بۆ بەرگریکردنی نەخۆش لە حاست چڵک و ئیلتهاب بەکاریدێنن.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئایدین سۆهرابی لە ئامێز گرت و بردییە دەر تاکوو شتی بۆ بکڕێ. چوونکە مێردی ئایدا لەوێ نەبوو. وتبووی ئیتر پێ ناخاتە نێو ئەو ماڵە. ئایدا و منداڵەکەی دەهێنێ. پاش پازدە رۆژ دیسان دێتەوەو لەگەڵ خۆی دەیانباتەوە. لەو ماوەیەدا منداڵەکە گرووی باوکی دەگرت. وە ئایدا شووشەی پەنجەرەکانی دەسڕیەوە، پەردەکانی دادەکوتا و بە سەوەتەی حەسیری، لۆستێری دروست دەکرد. دەستەکانی هەر وەك چەوەندەر سوور هەڵگەڕابوون و دەرفەتی ئەوەی نەبوو پرچەکانی خۆی شانە بکا.

ئایدین دیسان سۆهرابی بە کۆڵاناندا دەگێرا، کارگەی بەرهەم هێنانی پەنکەی لۆردی پیشان دەدا، نوقڵ و شکوولاتی بۆ دەکڕی و ئێوارە لە کاتی گەرانەوەدا، منداڵەکە- لە حالێکا دەستە بچووکەکانی لە ملی هاڵاندبوو لە باوەشیدا خەوی پیا کەوتبوو- لەسەر قەرەوێلەکەی رایدەکێشا. ئەوجار، بەبێ ئەوەی ئیشتیای شێو خواردن بکا، بەرەو ژێرخانەکەی دادەگەڕا، لەسەر قەرەوێلەکەی رادەکشا و لە بن پەتوویەکی سووردا خەوی لێدەکەوت کە ئایدا لە [چابەهار] بۆی بە دیاری هێنابوو. نیوەشەو، کاتێ هەموویان لە خەودا دەمان، گلۆپەکەی پەی دەکرد و لەبن قەرەوێلەکە کتێبەکەی دەردەهێناو دەیخوێندەوە، یان لە دەفتەرەکەیدا شتی دەنووسی.

هەر لەو شەوانەدا کە هێشتا ئایدا نەرۆشتبووەوە، بەرەبەری نیوەشەو، ئایدین گوێی لە دەنگی سەرپاییەکانی ( نەعلە) دایکی بوو. گوێی راگرت. دەنگی سەرپاییەکانی دایکی بوو کە حەتمەن دەیەویست سەر بە ژوورەکەیدا بکا. بەلآم کاتێ سەری کێشا، باوکەی لە نێو دەرگاکەدا بینی کە پەستەك لەسەر شان، بە غەزەبەوە لێی دەروانی و وتی:( ئێ. ئێ.)

هەوا سارد بوو. بۆنی سرکە و ئاوقۆرە لەگەڵ بۆ گازی سۆبەی عەلادینەکە پیاوی ئازاردەدا. ئایدین خۆی خڕ کردەوە و هەستایە سەرچۆکان. چاوی هەر لە لاقەکانی باوکە بوو کە داخوا سەر ئەنجام دێتە ژوور یان دەگەڕێتەوە. سەرپاییەکانی دایکەی لەپێ کردبوو و بێجووڵە هەر لەوێ راوەستابوو. ئایدین نەیدەزانی چی بکا. دیسان دەستەکانی لەرزینەوە و لاپەرەی کتێبەکەی دەنگیکی سەیری لێ دەبووەوە. هەوڵی دا بە دەستەکەی دیکەی بەربە لەرزینی دەستی بگرێ، بەلآم نەدەکرا. باوکە هێدی هێدی لە پلیکانەکان هاتە خوار، سووڕێکی لێدا، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو لە خالێکا سەری رادەوەشاند رۆشت. لێوەکانی شین و مۆر هەڵگەڕابوون و چاوەروان دەکرا لە

قەلسییان کردەوەیەکی بەغەزەبانە لە خۆی پیشان بدا. ئەوجار لەو بێدەنگییە کوشندەیەدا وتی: (جارێ وا ئیسحالی(سکچوون) شیعری گرتووە، جا کەی قەبز دەبێ، خوادەزانێ.) وە رۆشت.

ئایدا وتی: (تۆ بۆ هێندە کز بوویت؟)

ئایدین، دیسان سۆهرابی لە باوەش گرت و بردییە دەرەوە. نوقڵ ونەبات و گەمانەیەکی بۆ کڕی. بە کۆڵانەکاندا سووڕاندییەوە و، بە لێژاییەکەی گارگەی لۆردا بردییە خوار. لەو چەند رۆژەی کە ئایدا لەوێ مابوەوە، ئایدین خۆی بە سۆهرابەوە سەرقاڵ کرد بوو.

ئایدا وتی: (حەز دەکەی منداڵێکی بەم جۆرەت هەبێ؟)

(چۆن؟)

ئایدا بە قامکان، دەستە مووی سەر کاکۆلی خستە بن گوێی و، وتی: (کچێکی باشم بۆ دۆزیویەتەوە، زۆر خانمە.)

ئایدین وتی: (من بۆ شتێکی دیکە خۆم ساغ کردوەتەوە.)

(بۆ چ شتێك؟) بە تاسەوە ئەم پرسیارەی خستە بەردەم و، بە بێ ئەوەی چاو لە ئایدین وەرگێرێ، بە دەستەکانی چینی خستە سەر پەردەکان.

ئایدین وتی: (دەمەوێ واز لەم ژیانە بێنم و وەدوای خۆم بکەوم. ئایدا دەزانی، دڵم بە مامۆستا دڵخوێن خۆش کردبوو، بە خۆم دەوت چ پێویستە بچمە زانکۆ، بەلآم ئێستا کە ئەویان شوێنە ون کردووە، دەمەوێ بچم بۆ تاران، ژوورێك بەکرێ بگرم، درێژە بە خوێندنەکەم بدەمەوە. مامۆستا دڵخوێن زۆری هیوا بە من بەخشیبوو. منیش بەوەوە پشت ئەستور بووم.

دوو رۆژ دواتر ئابادانی هات و ئایداو و سۆهرابی لە گەڵ خۆیدا برد، بەلآم هەرچەند داکۆکیان لێکرد، وەك هەمیشە سەری بەو ماڵەدا نەکرد. تەنانەت ئامادە نەبوو چاییەکیش لە بەر دەرگا بخواتەوە. ئێوارەی ئەو رۆژەی کە لە دوای منداڵەکانی هاتبوو، بە ماشین دایکەو ئایدین و ئایدای بە نێو شاردا گێرابوو و وتی قەرارە بۆ پێنج ساڵی دیکەش لە ئابادان بمێننەوە، پاشان دیار نییە دەچن بۆ چ شارێکی دیکە. بە ئایدینی وت کە ئەگەر حەزی لێبێ دەتوانێ بێتە ئابادان، فێری زمانی ئینگلیزی بێ و لەکن ئەوان بمێنێتەوە. بەلآم ئایدین وتی لە شارەکان مەیدانی گەشەکردن

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

زۆر کەمە. ولاّتێکیان وێران کردووە تاکو تارانی پێ ساز بکەن. هەرگا وایە باشترە پیاو بچێ بۆ تاران و هەر لەوێرا دەست پێ بکا بە خۆ ساز کردن.

روخساری ئایدین مات و داگیراو بوو. لە قوولاییەکانی چاوییەوە حاڵەتێکی سەیر بەدی دەکرا.

ئایدا وتی: (هەر دەڵێی ئەوین لە سەری داوی.)

دایکە وتی: (ئەگەر ژن بێنێت ماڵ وحاڵیان بۆ جیا دەکەمەوە، با ئاسودەتر بژین.)

ئابادانی وتی: (کاتێ خۆی ساغ کردۆتەوە کە بچێت بۆ زانکۆ، تکاتان لێ دەکەم بەری پێمەگرن.)

ئایدین وتی: (ئەگەرچی پیاو لەو ماڵەدا پیر دەبێ. بەلاّم پشوو رادەگرم تا بەتەواوی ئامادەگی پەیدادەکەم. سەرئەنجام، بە بازدانێك دەچمە زانکۆ. کاتێ پیاو لە شارێکی وەك ئێرە تەنیا بێ، تووشی بیری ئالۆزیش دەبێ.)

ئابادانی وتی: (دەرکت پێ دەکەم. دەرکت پێ دەکەم.) وە باسی سەردەمی خوێندنی خۆی بۆ گێرایەوە کە لە ئەمریکا تەنیا بووە و، لاوە بەرزەفرەکانی چەندە خۆش دەوێن. وە سوێندی خوارد لەدوا رۆژدا ئایدین پیاوێکی مەزنی لێ دەردەچێ، چوونکە زیاتر لە تەمەنی تێدەگا، ئابادانی بۆ ئەو شەوە لە میوانخانە خەوت و، بۆ بەیانییەکەی ئایدا و سۆهرابی لەگەڵ خویدا بردەوە.

بۆ رۆژی دواتر دایکە دیسان تەنیا مایەوە، بێدەنگی باڵی بەسەر خانووەکەدا گرت. کات بە هێوری تێدەپەری و دایکە داخ و ئەزرەتی دەخوارەدەوە کە لەیادی کردووە سابوونی مەراغەیی بۆ ئایدا بکرێ، شەرواڵی منداڵەکەشی لەبیر چووە و، خوا بکا بێ مەقەدەر بگەنە شوێنی خۆیان.

کەشی نێو ماڵێ هەمیشە کپ و بێدەنگ و ئاسایی بوو. پیاو هەستی بە هیلاکی دەکرد و دەتوت پیاو ونبوویەکی هەیە. نە کەسی پێدا دەهات، نە هەراو هووریایەك لە گۆڕێدا بوو، نە ئاهەنگ، نە تازیەیەك. تەنیا جارناجارێ قیرەی قەلەرەشێك لە حەوشە، لە مابەینی لقی سنۆبەرەکانەوە دەنگی دەدایەوە، باوکە رێی بە کەس نەدەدا هاتوو چۆی بکا. ئەگەر ئاواڵەکانی سەردانیان دەکرد، هەر لە دوکان دەورییەك گوڵەبەرۆژەی دەخستە بەردەمیان و یان لە چاخانەکەی کاروانسەرا چایەکی بۆ دەهێنان. تەنانەت مامە سابیریش نەدەهاتە ماڵێ. ئەوانیش نەدەچوون. باوکە دەیوت: (پیاوێکی مەی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خۆر كە خۆی لە ژیانی منداڵەكەم هەڵدەقوتێنێ، رێگەی نادەم سەر بە ماڵمدا بكا. ئەوجار، ئەگەر ئەودەم پارەكانمی نەدەخوارد ئێستا نیوەی كاروانسەرا ماڵی من دەبوو.)

دایكەوتی: (چما دەتوانی ئەو لە خزمایەتی بسریتەوە؟ چما دەكرێ بە برا بڵێی دیدار بە قیامەت؟)

باوكە وتی: (لەو برایەتییە میزم... ئەگەر چاوم پێدەكەوێ، چواردانە جنێوی تەڕی پێدەڵێم بەلكوو لەخۆی حاڵی بێ. من دەزانم ئەو ئایدینم لێ پڕ دەكا، فێری دەكا كە وەدوای ئەداكانی بكەوێ و وەدوای كارەوكاسبی نەكەوێ. ئاخر، شێعر هۆنینەوەش بوو بە پیشە؟ بەم شێعرە قۆریاتانەیەوە كە ئەم هەتیوە خۆێرییە دای دەنێ.)

جارجارە لە پێش مەیخانەی [كۆخە دارینە]دا ئایدین چاوی بە مامە سابیر دەكەوێ كە یان بەرەو ژوور دەچێ یان لەمەیخانە دێتە دەر.هەمیشەش سەرخۆشە. جارێك دەستی بردبوو بۆ باغەڵی و شانە پارەیەكی دەرهێنا بوو و پێی وتبوو: (براكەم، براكەم، هەرچەندت حەز لێیە هەڵی بگرە. من ئاگادارم پارە لە باوكت وەرناگری، هەرچییەك بێ برای خۆمە و من باشتری دەناسم. پارەت ناداتێ بەڵكو بەچۆكتدا بێنێ، چەند ساڵە ئەم شەرواڵە شڕۆڵە و ئەم باڵتە كۆنەت لەبەردایە؟ ئەدی بەتەمای كەی جەحێلایەتی بكەی؟ بەلاّم لەبیرت بێ، مامەگیان، نەچی وەك ئەوان بژیت. برۆ درێژە بە خوێندنەكەت بدەوە. من وەكوو شێر پشت گیریت لێدەكەم...) پارەكەی هێشتا هەر لەسەر بەرە دەستی راگرتبوو: (گیانی مامە هەڵ بگرە.)

ئایدین وتی: (پێویستم پێ نییە، مامەگیان.)

( شەرمێ مەكە. لانی كەم شتێك هەڵبگرە.) رووی لەوبەر كرد. ئێستا غەبغەبە گۆشتنەكەی سوور هەڵگەڕابوو، بە دووچین لەسەریەك لە یەخە سپییەكیرا دەرپەڕیبوو. لەناكاو ئایدین هەستی كرد كە حەز دەكا بۆینباغەكەی مامە سابیری شل بكاتەوە، وتی: (سپاس، مامەگیان.)

مامە سابیر وتی: (دەستم مەگەڕێنەوە. من رووم وەرگەڕاندووە كە هەرچەندت حەز لێ بوو هەڵی بگری...)

یایدین وتی: (هەر ئەوەندەی كە لە بیرم دای، زۆر سپاست دەكەم...) پاڵی بە دەستیەوە نا. مامە سابیر پارەكەی خستەوە نێو باغەڵی و وتی: (لانیكەم وەرە با بچین دوو پیاڵە مەی بخۆینەوە.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(مامە گیان، من ناخۆمە وە.)

(زۆر باشە، بۆ جارێکی دیکە، بەلآم لەبیری نەکەی، تۆ دوارۆژێکی روونت لەبەرە، من زۆرم هیوا بە دوارۆژی تۆ بەستووە.) دەستی لەسەر شانەکانی ئایدین داناو وتی: (وتت دەتەوێ بچی بۆ زانکۆ؟)

(بەڵی مامەگیان.)

(بۆ کام زانکۆ دەچی؟)

(خۆ پێم وتی، زانکۆی تاران. یان هەر شوێنێکی دیکە کە ناوم بێتەوە.)

(باشە، ئەوێ باشە. زانکۆی شیرازیش خراپ نییە. بەتایبەت شیراز، حافز و سەعدی لێیە، بەتایبەت شەرابەکەی بەناوبانگە و کەم وێنەیە. بە هەردوو دەست، دەستی ئایدینی گوشی و تۆقەی لەگەڵدا کرد. وەهای راوەشاند کە غەبغەبەکەی لەرینەوە. وتی: (ماڵ ئاوا. خۆ ئێمە نەبووینەهیچ، مامە، تۆ بخوێنە رەنگە ببی بە شتێك. من زۆرم هیوا بە تۆیە. ئەگەر ویستت ئامادەی سەفەر بی وەرە لام، دەمەوێ پسوولەیەکی بانکت بۆ بنووسم کە لانی کەم یەك دوو ساڵآن کەم و کووڕیت نەبێ.)

ئەو شەوە ئایدین لەسەر سفرە وتی مامە سابیری دیتوە و باوکە بۆ ساتێ لە چاوەکانی ئایدین راماو وتی: (بێ جێی کرد.)

ئایدین وتی مامە سابیر بەتەمایە بۆ ماوەی دووساڵ بڕی خوێندنەکەم بۆ لەبەر چاو بگرێ و، باوکە وتی: (گووی خوارد. گەمژە پیاوی سەرشێت، هیچی لە باراندا نییە و قسەی زل دەکا. ئەگەر بەراستییەتی، بۆ لە خانووی بەکرێ دادەنیشێ؟) پاشان بە راوێژێکی زۆر نەرم وتی: (شازادە، چ بڕیارێکت داوە؟)

(خەریکم خۆم بۆ زانکۆ ئامادە دەکەم.)

(دەتەوێ ببی بەچی؟ تۆ وەدوای چی کەوتووی؟ بیڵێ با بتدەمێ.)

ئایدین وتی: (بابە، خۆ ناشێ هەموو کەس وەك ئێوە کاسبکار بێ، خۆ ناشێ هەموو کەسێ چاو لە میراتی ماڵە باوانی ببڕێ، ئەم هەمووە پیشەیە، ئەو هەمووە هزرە...)

(لەگەڵ مندا یەك و دوو مەکە، یان دێیت یان دەڕۆی.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(من کاتێکی زۆرم بە فیڕۆ داوە، بابە. ئێستا ئیتر دوور لە بەزمییە.)

دایکە وتی: (لەم رۆژگارەدا تەنیا پارە برەوی هەیە و رێز دەهێنێ، بەڵام تۆ...)

باکە وتی: (لێی گەرێ با بچێ دوای ئەداکانی بکەوێ. بەڵام ئیشی بە من نەبێ.)

ئایدین وتی: (منیش نامەوێ ئیشم بە تۆ بێ.)

باوکە گووڕاندی: (ئەم بێ شەرمییە دەبینی؟) هەستا و پیاسەی کرد. بە درێژایی ژوورەکەدا دەهاتو دەچوو. وتی: (ئەمە دوا قسە و دوا دەرفەتی من بوو. لەمە بە دواوە ئێمە هیچ حەقێکمان بە گەردەنی یەکەوە نەماوە. ئایدین، ئەمە دوایین دەرفەتە.) ماوەیەك لە بێدەنگیدا پیاسەی کرد و وتی: (تۆ وەدوای چی کەوتووی؟)

(وە دوای خۆم.)

(وون بە لەبەر چاوم.)

# 11

سەعات دوازدەو نیوی ئەو رۆژە گەرمەی بەهار، لەنەکاو نەقوستانییەك لە تیشکی خۆردا پەیدا بوو کە دەتوت دەستێك بەری بە روخساری گرتووە. رێك وەك رۆژ پەڕیوی ئێواران. باوکە کە بۆ نان و چا خواردنی نیوەرۆ هاتبوەوە ماڵ، لەو گورگ و مێشەدا سەیری کاتژمێرەکەی کرد. ئەگەرچی عەقرەبەی سەعاتەکەی لە سەر جێی خۆیدا دەبینی، وای کەوتەبەر زەین کە چاوەکانی هەڵە دەکەن. بە حاڵەتێکی سەرسووڕماو وتی: (ئۆرهان، شەو داهات؟)

ئۆرهان بە غاردان لە ژوورەکەی چووە دەر و هاواری کرد: (یا ئەبوولفەزل.)

هەوا زیاتر روو لە تاریکی دەچوو، هەر لەو حاڵەتەدا زەنگی کارگەی بەرهەم هێنانی پەنکەی لۆرد هاتە دەنگ. بەم بۆنەیەوە باوکە دڵنیا کرایەوە کە شەو داهاتووە، یان هەستی کرد کە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لە درێژەی مەودای شەوی پێشودا بیر لە قسەکانی ئەیازی پاسەوان دەکاتەوە، یان هیلاکییەکەی سەری لێ شێواندوە.

رۆژی پێشتر شێعری [رۆژەکان و ساتەکانی] ئایدین لە رۆژنامەی ئیتلاعات ([12] ) چاپ ببوو و، روون کردنەویەکیش بە قەڵەمی سەرنووسەری رۆژنامەکە نوسرابوو کە زیاتر باوکەی تووڕە کردبوو: (یایدین ئۆرخانی ئەگەر لەبەر چاوی خوێنەراندا سیمایەکی ناسراو نییە، لە کن شاعیران و ئەدیبە بە ناو بانگەکانی ئەم ولآتە ئاشنایە و جێی ڕێزە، ئەو خەڵکی ئازەربایجانە و کوڕی کابرایەکی کاسپە، سێ ساڵە لە ژێر چاوەدێری مامۆستا دڵخوێندا مووتالای کردوە و پەیڕەوی شێعری نوێیە. بە بلآو کردنەوەی شێعری رۆژەکان و ساتەکان دەستەی نووسەرانی ئەم رۆژنامەیە، داوا لە شاعیر دەکا کە بۆ ئاشنا بوونیکی زیاتر و هاوکاریەکی پتر، لە یەکێ لە رۆژنامەکانی دووشەمۆ یان چوار شەمۆ...)

باوکە شعرەکەی خوێندەوە و سەری لێدەر نەکرد بەلآم هەراسان بوو، لەوە دەترسا نەکا ئایدین بچێ بۆ تاران و بگاتە ئەو پلەیەی کە نابێ ببێ. چوونە تاران لەو سەردەمەدا بە مانای نەگەڕانەوە بوو. وە لەبەر گاراجی ئوتووشووشە هەمیشە قەرەباڵغی ئەو رێبوارانە دیار بوو کە بەرەو تاران یان تەورێز یان شوێنەکانی دیکە کۆچیان دەکردو، هەر رێبوارێك یەك عشیرەی لێ خڕ دەبوەوەو روانەیان دەکرد، رەوانەکردنێکی تاڵ و ناخۆش. وە ئێستا باوکە بیری لەو دەمە دەکردەوە کە ئەگەر ئایدین بچێ بۆ ئەم شارە گەورەیە- کە کەس لێ شارەزا نییە- چی لە بنەماڵەکەی بەجێ دەمێنێتەوە. ئەیاز دەیوت شاعیرەکانی تاران لە باری سیاسییەوە مێشکیان ئالوودەیە و جێی گومانن، چەپین، سمێل ئەستور. هەر بۆ ئەم مەبەستە، هەر لەو شوێنەیرا کە دانیشتبوو، لەسەر تەختە کەولەکەی، باوکە بە چاوە مۆلەقەکانیەوە سەیری دەکردو وتبوی: (میرزا، بەم سمێلە قەوییەتەوە دەتەوێ کوێ وێران بکەی؟)

ئایدین وتبوی: (بابە ئەگەر چاوت بە سمێلی مامۆستا دڵخوێن دەکەوت، چت دەوت؟)

وە باوکە رێك قسەکەی ئەیازی بۆ دووپات کردبوەوە: (لە بیرت نەچێ، کە سمێل ئەستوورەکانیان لەکوێ لە قەنارە دا.)

---

[12] یەکێکە لە رۆژنامە رەسمی و حکومییەکانی ئێران کە لە سەردەمی کۆنەوە زمان حاڵی حکومەتەکانی ئێران بووەو برەوی زۆرە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دایکە وتبووی: (ئەم قسانە چ پەیوەندییەکیان بە ئێمەوە هەیە؟ ئێوە بۆ وادەکەن؟ جابر! دەبێ حەتمەن خوا غەزەبێکمان بۆ بخاتە سەر سفرە کە ئیتر لە بیانووان نەگەڕێین؟)

(ئێمە چمان لە شیعر و شاعیری داوە؟)

ئەیاز وتی: (سەردەمێك ماڵ و منداڵی خەڵکی بەشێك بوون لە دارایی ومڵکی. نادرشا کوڕەکەی دا کە هەردوو چاوی دەربێنن. بەڵام ئێستا، کاکی خۆم، پیاو دەستەڵاتی ماڵ و منداڵی خۆشی نییە. ئەم خوێرییە دەبینی؟) وە بە قامکی، جەمشید دەیلاقی پیشان دەدا کە لەبەر دوکانەوە تێدەپەڕی. باوکە لێی وورد بوەوە. ئەیاز وتی: (یان وەك ئەمیان لێ بە سەر دێ کە شەوانە مارتای سۆزانی دەبەن بۆ دەر و دەشتان، یان وەك هەتیوەکی تۆ دەبنە شاعیر. خۆ هەموو کەس نابێتە ئۆرهان.)

ئێستا کە ئۆرهان لەپێش دوکان راوەستا بوو، بانگی جەمشیدی دەکرد. پاشان رێی بۆ کردەوە کە بێتە ژوور. وتی: (جەمشید وەك قەرزخۆرەکان خۆ لە نەدیوی دەدەی؟)

جەمشید سلاوی کرد و لە نێزیك مێزەکە، لەتەنیشت ئەیاز راوەستا. سەری لە بنەوەڕا تاشرابوو، لە جاران کزتر دەهاتە بەر چاو. وتی: (سەربازم، دەستم بەتاڵە. بەڵام...)

باوکە وتی: (قەرزەکەی چەندەیە؟)

ئۆرهان وتی: سەد و دەتمەنی لەسەرە.)

باوکە وتی: (ئەگەر شوێن شتی هیچ وپووچ نەکەوێ، دەتمەنەکەی پێ دەبخشم.)

ئەیاز وتی: (بەڵام کوڕێکی مل هووڕ نییە. ئێستا سەربازە. کاتێ بگەڕێتەوە، دەبێتە پیاو.) وە کەشکۆلێکی لە پشتەسەری کوتا و وتی: (برۆ.)

باکە وتی: (ئەگەر کارێك بکەین وئەم ئایدینەشمان رەوانەی سەربازی کردبا، لەوێ دەبوو بە پیاو.)

ئەیاز سەری راوەشاند: (پەلە مەکە. راوەستە.)

باوکە دیسان رۆژنامەکەی کردەوە و هەر چەندجارێ ئەو شیعرەی دەخوێندەوە، لێی تێ نەدەگەیشت. بە دەنگی بەرز چەند وشەیەکی دووپات کردەوە، وشەگەلێك کە بۆنی یاغی بوون و خوێن وتۆلەی لێ هەڵدەستا، وەك ئەیاز وتەنی وشەگەلی سوور. وە شارێك کە مرۆڤەکانی وەکوو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەرد مردبوون و، لەمبەرو ئەو بەری رۆباری [بالیخلوو] لەباتی دارو درەخت، قەنارە قیت ببونەوە. وە باوکە هەرچەندەی دەیخوێندەوە تێی نەدەگێشت کە ئەم رۆبارە لە کوێیە. ئایا هەر ئەم رۆباری بالیخلوویەیە؟ وە ئۆرهان کە خەریکی بەرێ کردنی مشتەرییەکان بوو دەیوت: (شێعری قۆریاتی.) وە پێدەکەنی، بەلآم باوکە وازی پێکەنینی تێدا نەبوو. توورە بوونەکەی لەرادەبەدەر بوو. مەترسی لە ماڵەکەیدا پەرەی دەستاند و رەگی دادەکوتا و، بەرەبەرە شین دەبوو.

ئەیاز کە تا بە ئەو کات بە پێوە راوەستا بوو، دانیشت. رێك لەتەنیشت باوکە و، وتی: (جابر دەزانی؟ دوێنێ لە حەوشەی ئاسایش بووم، کەسێك بانگی کردم. سەرم هەڵێنا و دیتم سەرۆکی ئاسایش لە پەنجەرەی ژوورەکەیرا سەیری من دەکا. رێزێکی سەربازیم بۆ راگرت. وتم: (گەورەم.) وتی وەرەسەر. چوومە ژوورەکەی. وتی ئەیاز، ئێمە کوری وەك تۆمان کەمە. وتم جەناب سەرهەنگ [موقەدەم] شایانی ئەوە نیم، شەرمەزارم دەکەی. وتی ئەیاز – دەزانی جابر، هەروەك چۆن تۆ بە ئەیاز بانگم دەکەی ئەویش هەروا خۆمانە وتی ئەیاز – ئەوەی راستی بێ دوێنێ نان و چای نێوەرۆم لەگەڵ سەرهەنگ خوارد. ئەو سەگبابە زۆر بەرێزو حورمەتە.)

باوکە وتی :( نە؟)

ئەیاز وتی: (ئەرێ. بەم حاڵەش هیچم لەدەست نایەت. مامۆستا دڵخوێن چەپی بوو. سمێڵێکی ئەستووریشی پێوە بوو کە سەری تێدا چواند. بەرەو تاران بەرێمان کرد. بەلآم چ لەگەڵ ئەم کورەدا بکەم؟)

باوکە وتی: (ئەیاز ئەوە تۆی، تۆ پرس بەمن دەکەی؟)

ئەیاز وتی: (ئەوەی راستی بێ، لەبەر پاراستنی ئابروو و حورمەتی بنەماڵەیی، دەمەوێ رێگەم بدەی ئەمشەو دوودانە پاسەوان بنێرم بۆ ماڵتان.)

باوکە وتی: (دەی، بێن چی بکەن.)

(دەست بەسەری بکەن. بۆ خۆم لێیان رادەسپێرم دەدوازدە دانە تێلای لە پشتە قوونی بدەن. یەك دوو مانگان رایدەگرین و شیعر و شاعیری لە کەللەی دەردەپەرێ. بە دەیان جار بە تۆم وتووە لەگەڵ دوو تاقمدا قسە ناکرێ، حوێندەوار و نەخوێندەوار. قەت لە بیرت نەچێ.)

باوکە وتی:  یەك دوو رۆژم مەودا بدە، دوایین قسەی لەگەڵدا دەبرێنمەوە.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەیاز وتی: (خوا دەزانێ، جابر، هیچ خێرێکی بۆ من تێدا نییە. ئابڕو و شەرەفی ئێوە...)

باوکە هەستا. لەسەر نووکی پەنجەی پێ، خۆی درێژ کردەوەو لارووەتی ئەیازی ماچ کرد: (تۆ لە حەقی مندا باوکیەتیت کردوە، ئەیاز.)

وە ئەیاز گریا. وە باوکە ئێستا بیری لە ئەیاز دەکردەوە کە لەبەر پاراستنی دۆستایەتییەکانیان هۆڕ هۆڕ دەگری. وە لەسەر بانەکانەوە لە مس کووتان و، ژاوە ژاوی خەڵکی و دەنگی سەلاّ بێژو بێچارەکانی نێو کۆلاّن دەبیسترا. کەسێك هاواری کرد: (خۆرەتاو.) باوکە چوو بۆ سەر هەیوان، چاوی کەوت بە ئۆرهان و دایکە کە لە ئاسمان راما بوون. وتی: (چ باسە؟)

دایکە گریا. زوو زوو ئایدای دەهاتەوە یاد کە لە ئابادانە. بیانوویەکی دەبینییەوە و لەمەڕ دڵتەنگییەکانی فرمێسکی هەڵدەرشت. وتی: (بەڵا. بەڵا. بەڵا.)

باوکە کە تازە سەرنجی دابووە ئاسمان، سەری هەڵێنا و پەڵەیەکی خوێنی لە خۆردا بینی؛ غووبارێکی رەش دەوری داگرتبوو، ژاوەاوێکی کپ لە شوێنێکی دوورەوە دەهاتە بەر گوێی. وەك بڵێی کەسێك شین دەگێڕێ، یان پیاوێك ناڵەی لێ دەبێتەوە. لەرز باوکەی دایگرتبوو و بۆ یەکەم جار لە تەنیاییەکەی دەترسا. تارمایی بە خەستی بەسەر ماڵەکەدا کەوتبوو و، دونیا مەتمانە و سەنگینییەکەی خۆی لە دەست دابوو. باوکە هەر ئەوەندەی پێکرا لەو تاریکییەدا پاپاخەکەی بە شوێنێکەوە هەڵواسێ. ئەو جار لە پلیکانەکان داگەڕێ.

دایکە لە بن لێوەوە دوعای دەخوێند و بە دەنگێکی نووساو دەگریا. ئۆرهان لەسەر لێواری حەوزەکە دانیشتبوو. ئەستێرە ئاسمانی داگرتبوو. هێندە زۆر بوون کە لە هیچ شەوێکی ساڵدا ئەو هەموو ئەستێرەیە بە ئاسمانەوە نەدەبیندرا.

باوکە لە تەنیشت دایکەوە راوەستا. وتی: (ئەمە بەڵاو غەزەبە کە بەسەرماندا کەوتووە. دەزانن چ مانایەك دەداتەوە؟) بەرە دەستەکانی پیشانداو بە حاڵەتێکی تاوئاسا وتی: (ئێمە خوێنمان رشتووە؟)

دایکە گریا و باوکە وتی: (ئەمە نیشانەی کردەوە کانمانە، کردەوەی ئێمە ومنداڵەکانمان، خوایە تۆ نەی کەی.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پاش ماوەیەکی دیکە ژاوە ژاوی نێو شەقامەکان خەوت و شار لە تاریکی و بێدەنگدا نووقم بوو، کە وەك بڵێی لە مێژ ساڵە مرۆڤەکانی مردوون. تاریکایی سەعات و نیوێکی خایاند. لە دوورەوە دەنگی شیوەنێك دەبیسترا، وەك دەنگی شیوەنی ئافرەتێك دەچوو کە لەبن کاولاندا مابێتەوە. تەنانەت یۆسفیش دەیلووراند و دەیەویست لە شوێنەکەی بجوولێ. وا دەهاتە بەرچاو کە وەختە بوومەلەرزەیەك دونیا وێران دەکا.

باوکە نوێژی ترسی [خەوف] خوێند و، پاشان کە هەوا بەرەو گورگەمێش دەچوو، بەبێ ئەوەی قسە لەگەڵ کەس بکا، چوو بۆ حەوشە. بە پێلاقە دەرگای ژێر زەمینەکەی کردەوە و، رێك لە کاتێکا بەری خۆر دەکرایەوە، ژوورەکەی بە هەموو کەل وپەل وپەرتووکەکانیەوە سووتاند. لەسەر پەڵە رەشاییەك، لەکەن حەوزەکە پیاسەی دەکرد کە چەندین مانگە وەك جالجالۆکەیەکی رەش خۆی لەوێ پان کردوەتەوەو، وتی: (ئەمە ئاگری جەستەی شەیتانە.)

ئێوارە بەرلەوەی هەوا تاریك ببێ، ئایدین هاتەوە. خانوەکە لە بێدەنگییەکەی غەم هێنەردا رۆ چوو بوو. وەك بڵێی کەسێکی نێو خێزان مردبێ و، دیوارەکان نهێنی مەرگێك بشارنەوە. وە پاش ساڵانێکی دیکە کاتێك ئایدین ئەم رۆژانەی دەهاتەوە یاد بە دایکەی وت: (زۆر غەم هێنەر بوو.) بۆنی سوتان دەهات. بۆنی دووکەڵ دەهات. وە ئایدین وەك ئەوەی دەیزانی چ رووی داوە، بە پشوو درێژییەوە چوو بۆ حەوشە. لە ژوورەکەی نێزیك بوەوە، لە حاست ئەو رەشاییەدا هەستی دەکرد کێشی لەدەست داوە. نەیدەتوانی باوەڕ بکا و لە تووڕەییان هەڵدەلەرزی. بە پلیکانی ژوورەکەدا داگەڕا. تەنیا وێرانی و رەشایی لە گۆرێدا بوو. رەشاییەك عەرزی ژوورەکەی داپۆشیبوو. بۆنی مەرگ و وێرانی لێدەهات، بۆنی مرۆڤی سەرەتایی و، بۆنی درندەیی. وەك بڵێی کەسێکیان سووتاندبێ و خۆلە مێشەکەیان لە دەر و دیواران هەڵسوو بێ. ژوورەکە پڕ بوو لە خەڵووز و خۆڵەمێش و، کتێبەکان و شیعرەکان لەگەڵ بڵێسەی گڕ بەرەو ئاسمان هەڵکشا بوون. تەنانەت هیچ شتێك بە ساغی نەمابوەوە کە ئایدین لەسەری دانیشێ. بۆ ساتێ بڕیاریدا بە بەردان هەموو پەنجەرەکانی ماڵەوە بشکێنێ. پاشان بە دەنگی بەرز بنەڕێنێ: (شەرتە ئەگەر ئاگر لە ژیانت بەرنەدەم کوری تۆ نەبم.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پاش ساڵانێکی دیکە دایکە وتی: (لەو ڕۆژە شوومە بەدواوە، ڕۆژێکی خۆشم نەدی. ئەو ڕۆژە یۆسفیش دەیلوراند.)

## 12

هەر لەو پایزەدا، ئایدین چوو بۆ (ڕام ئـەسپی) لـە کارگـەی دارتاشـی ڕام ئـەسپیدا دەستی بـە کار کرد. لەسەرووی ڕام ئەسپیش هۆدەیەکی بچکۆلـەی لـە گاوانێك بـەکرێ گرت کـە دەرگـای بـە دیوی تەویلـەدا دەکرایـەوە و دەنگە دەنـگ زۆر بـوو. لـە شـەوێرا تـا بـەیانی مانگاکـان دەیانبۆڕاند. بەڵام ئایدین پێی قانیع بوو، چونکە ڕۆژانێکی سەخت و ناخۆشتری تێپەراند بوو، ڕۆژانـی برسێتی بە گیرفانی بەتاڵ و، هەرچەند بیری لێدەکردەوە دەراوێکی ڕوونـی دەست نـەدەکـەوت کـە ژیـانێکی ئاسوودە بۆ خۆی دابین بکا. لـەو ڕۆژانـەدا بـاری دەروونیشی ئـاڵۆز ببـوو. وای هـەست کرد کـە مرۆڤـەکـان بێهـوودە بـەرێدا دەڕۆن. هـەمـوو شـتێك لـەبـەر چاویـدا گـۆڕا بـوو، ڕەنگـەکـان ڕووی ڕاستەقینەو ئاسایی خۆیان لەدەست دابوو. کات بە هێوری تێدەپەڕی. بەیانی، نیوەڕۆ، شەو.

بـەو پاشـکەوتـە کـەمـەی کـە لـەبـەردەستیدا بـوو، تـوانی حـەوتـەیـەك خـۆی پـێ بژێنـێ. دوو ڕۆژەکەی دیکەش بە فرۆشتنەوەی تاکە کتێبێك کە بۆی مابوەوە، خۆی ژیاند. ڕۆژ تا بە شەو هەر چۆنێـك تێپـەڕیبـا، لـە باخچـەی ئـەخـەوان، کتێبخانـەی گـشتی و، یـان لـە کـەنـارەکـانی تـاڵاوەکـە دەسووڕایەوە. بەڵام کاتێك شەو بەسەردا دەهات، هەموو غەم و پـەژارەکـان ڕوویـان تێدەکرد و، بیری لەو شیعرانە دەکردەوە کە بـەر هـەمـی هـەست و سۆزی خۆی بوون. کـەچـی تـەنانـەت یـەك بەیتیشی بیر نەدەهاتەوە. دەتوت کتێب و شیعرەکانی لە زەینیدا سووتاون.

شەوێك ڕوو لە بیابان، لە پشت قوتابخانەی ئەنوشیرەوان خەوت. بۆ سبەی کە لە خەو ڕابـوو چاوی کەوت بە پۆلـە ئـافرەتێك کـە بـە زەنبیلـەی پڕ لـە جل و بـەرگـەکانیانـەوە بـەرەو چۆمی شـار دەڕۆشـتن. ئایـدین بـە شـەرمـەزاری، بـە بـەبـێ ئـەوەی جلـە خۆڵاویـەکـانی لـەبـەرچـاو بگـرێ- بـە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پێچەوانەی رەوتی ئەوان- لێیان دوور کەوتەوە. شەوێك لە باخچەی ئەخەوان خەوت، بەلآم چەق و لووری چەقەڵ ئازاریان دەدا. بە ناچاری رۆیشتە سەر دارێك و خۆی بە لقەکانیەوە راگرت. رۆژانی دواتر بێخەوی و مۆتەو هیلاکی و داماوی روویان تێکردبوو. سوالْکردنی لەدەست نەدەهات و کەچی تێدا مابووەوە کە چی بخوا. نەشی دەتوانی لە کن دیوارەکان بخەوێ، لە کوێ بخەوێ؟

رۆژێك بە هەڵکەوت رێی کەوتە لای مەیخانەی کۆخەدارینە. مامە سابیر لەوێ بوو. وتی: (مامەگیان سڵاوت لێبێ.) ئایدین برسی بوو. مامە سابیر خواردنی لووبیای بۆ کڕی و، وتی: (بیستوومە لە ماڵی باوکت تۆراوی.)

ئایدین رەنگی هەڵبزرکا. پرسی: (کێ بۆی باس کردووی؟)

(ئاگادارم.)

(بەڵێ مامەگیان، ئاگریان لە هەموو ژیانم بەرداو دەریان کردم.)

(باوکت زۆر کەلله وشکە، ئایدین.) دوایین پیاڵەکەشی سەرکێشاو، چاوەڕێ مایەوە تاکوو ئایدین لووبیاکەی بخوا. پاشان پێکەوە هاتنەدەر. زەردەپەرێکی غەمناك بوو و گەڵا هەڵوەریووەکانی دارەکان، شەقامی داپۆشیبوو. لەپێش مەیخانە، لەتەنیشت شەقامەکە، ئافرەتێکی جوان و لەبار لە ماشێنێکدا چاوەڕێی کەسێکی دەکرد. چاویلکەکەی هەڵدابووە سەر پرچەکانی و، تەماشای هەموو شوێنێکی دەکرد. مامە سابیر چاوی لەوێ هەڵنەدەگرت. وتی: (ئێستا حەز بە کارەکەت دەکەی؟) بە دوو قامکان کۆتەکەی لە سەر شان راگرتبوو و گرێی بۆینباغەکەی بە تەواوی شل کردبۆوە. وا دیار بوو کە وەختە لەبەر گەرما دەخنکێ. وە ئایدین هەرچەندی تێدەفکری، بۆی روون نەدەبوەوە کە مەبەستی مامە سابیر لە چ کارێکە.

ئایدین وتی: (هیچ چارێکی دیکەم نییە. بەلآم تێناگەم لەبەر چی بەم چەشنە دەریان کردم، دەبا پێیان راگەیاندبام، بە زمانی خۆش. من باروبنەم کۆ دەکردەوە و قورێکم بەسەر خۆمدا دەکرد.)

مامە سابیر کە جارناجارێ سەیری ئایدینی دەکرد، وتی: (بە بڕوای من نەدەبوو لە باوکت جیا بیتەوە. ئایدین تۆ، بەهەڵەدا چووی، بای گەنجێتی لە کەللەتدایە. پێت وایە دەتوانی ئەو ژیانە پڕ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لە شکۆیەی باوکت بۆ خۆت دروست بکەی؟ بە قسەی من دەکەی، بگەرێیەوە ماڵێ و داوا لە باوکت بکە لێت خۆش ببێ.)

(من چ تاوانێکم کردووە؟)

(رەنگە تاوانت نەکردبێ، بەلآم وەك ئۆرهان لە بیری ژیانی خۆتدا بە، بخۆ، بگەرێ، لێدە، بکوتە، بگرە، ببەستە. بە کورتی پێت بڵێم، رابوێرە.) جوورەیەك راوەستابوو کە دەتوت لەگەڵ ئافرەتی نێو ئوتۆمۆبیلەکەدا دەدوێ. وتی: (ژیان زۆر دژوار بووە، مامەگیان.)

ئایدین وتی: (بەڵێ راستە. دەبێ من بڕۆم.)

مامە سابیر وتی: (بەهەرحاڵ من هیوایەکی زۆرم بە دوارۆژی تۆ بەستووە.) وە تلاوتل لە سەراولێژی شەقامەکەدا دوورکەوتەوە.

تەنیایی و ئەم بێکەسییە، چنگیان لە گیانی گیر خستبوو. بێکەسییەك کە لە نێو شارێکی پڕ لەکەس و ناسیاودا بەرۆکی گرتبوو. مرۆڤ چەند تەنیایە. هەروەك پووش و پەلآشێك لە کەشێکی تۆفانیدا. بۆ چەند جاران هاتە سەر ئەم قەناعەتە کە بەرەو ماڵی باوکی بگەرێتەوە، یان بە کۆلآنی خۆیاندا تێپەرێ، بەلآم بەسەرخۆیدا گووراندی و تاقەتی وەبەر خۆی دەنا. بەر لە ئێستا ئەو لە بەردەستی مامۆستا دڵخویندا زۆر شت فێرببوو. چاوی بە تەنیاییەکانی ئەو کەوتبوو و، ئێستا ئەم دەرکی پێدەکرد. پیاوێك کە کاری دارتاشی دەکرد، لەسەر قاوغە وێنەکان کۆلیاری دەکرد و هەر ئەوەندە کە پارەی نانێکی دەردەهێنا باقی کاتەکانی خۆی لە پێناو شیعردا تەرخان دەکرد. دەیوت: (شێعری تەتەرم داناوە.) دەیوت: (شێعری کیژە سوورپۆشەکان بهۆنەوە.) وە یادی مامۆستا، ئەوی دەخستە جۆش. پتر لێدەبڕا بۆ سەفەری تاران و، ساغ دەبوەوە کە خۆی بەم باوەرە بگەێنێ کە هەمیشە بێکەس بووە. بەلآم بە دەستی بەتاڵ، بە بێ ئەوەی تەنانەت فلسێکی هەبێ، چی لەدەست دێ؟ کار.

ئێوارەی ئەو رۆژە ئایدین چوو بۆ کتێبخانە. بەرێوەبەری کتێبخانە - بەر لە خانە نشتین بوونی- پێشتر مامۆستای خوولی سەرەتایی بوو و، ئایدینی دەناسی. پیاوێکی کورتە باڵآو کز و سوورکارە بوو. بە سەرو چاوێکی کوونجرو جووتێ گوێی زلەوە. وە تەنانەت ئەو کاتیش کە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هێشتا خانەنشین نەکرابوو گوێیەکانی دەیانبیست و، ناوی [سەید شنەوا] (13) بوو و، ئێستا کاتێ قسەیان لەگەڵ دەکرد گوێی نەیدەبیست و کاتێ بە دەنگی بەرز قسەیان لەگەڵدا دەکرد دەیوت: (هێواش، چما من کەڕم؟) ئایدین بە پلیکانەکاندا هەڵگەڕاو داوای کرد لە سەید شنەوا کە ڕۆژنامەکانی ئەو چەند ڕۆژەی بخاتە بەردەست تاکوو لانیکەم لە ڕێگای ڕۆژنامەوە کارێك بۆ خۆی بدۆزێتەوە. کاتێ لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی هەڵدەدایەوە، سەید شنەوا پرسیاری کرد کە حەزی لە چ جۆرە کارێکە و ئەو وتی کارێك کە لەو بوەشێتەوە. هەر لەو کاتەدا چاوی کەوت بە ڕاگەیاندراوێکی پرسەو سەرەخۆشی کە لەکن ئەو زۆر سەرسووڕهێنەر بوو. دیسان خوێندییەوە. وشەکان لە پێش چاویدا سەمایان دەکرد و غارەغاریان بوو. سەرەخۆشی لە هەموو هوونەرمەندان. زیانێکی گەورە. سەرخۆشی لە بنەماڵەی بەرێزی مامۆستا ناسری دڵخوێن. وە کام بنەماڵە؟ خۆ ئەو کەسی نەبوو. ڕەنگە دایکێکی پیری هەبووبێ و، ڕەنگە خێزاندار بووە. بەڵام لە بنەڕەتا، ئەو پیاوێکی ئاسایی نەبوو. نیما یووشیج (14) لە نامەیکدا بۆی نووسیبوو کە دڵخوێن، بووە بە عوزێری پێغەمبەر (15) و ئەی بۆچی لە پیلە(16) نایەتەدەر؟ مامۆستا شەهریار (17) لە سەفەرێکیدا کە هاتبوو بۆ ئەردەبیل، شەوێك لە ماڵی ئەو مابوەوە و پێی وتبوو: (ئێمە بووینەتە شارنشین و چوار دەورەیان لە ئێمە تەنیوەتەوە. وەرە سەیر بکە چ دەکێشین، دڵخوێن.)

ڕۆژنامەکانی قەد کردەوەو بە بێ ماڵ ئاوایی خواستن، لە پلیکانەکان چووە خوار. نەیدەزانی ڕوو لە کوێ بکا. هەستی سەر لێ شێواوی هەموو بوونی داگرتبوو. سەیری گۆڕەپانەکەی کردو پاشان بە شەقامدا گەڕا. ئەو شەوە لە هەموو کاتێك پتر دڵتەنگتر بوو. وە نەك هەر بۆ مامۆستا دڵخوێن، بۆ دایکە و ئایدا و، تەنانەت دڵی بۆ باوکەش تەنگ ببوو. بەڵام هێزێك هانیدەدا ڕابکا، بەرەو قووژبنێك، کوونجێك، جێگایەك کە دوور لە شار بێ، شوێنێك بە دوور لە مرۆڤ.

---

[13] [illegible]

[14] [illegible]

[15] [illegible]

[16] [illegible]

[17] [illegible]

بۆ پیرەژنێك دڵی تەنگ ببوو کە دەهاتە لای دایکە و نان و لامپا و جارجارەش قەندی وەردەگرت. دەست وپێی شەلەل بوو، هەژاری و نەبوونی پێوە دیاربوو، لە کاولە دوکانێك بەرامبەر مەتەبی [عەیادە] دوکتۆر شووشانیکدا دەژیاو، ئەو ئێوارەیە بەسەر کوانووە پڕ لە ئاگرەکەیدا کەوتبوو و سووتا. بەڵێ، ئایدین بۆ پیرێژنێك هەستی بە دڵتەنگی دەکرد کە مردبوو و ئەو نەیدەناسی. دەیانوت کچە ئاغا بووە و بە مەبەستی کڕینی جیازی زەماوەندەکەی، لە گووندێرا بەرەو شار هاتووە کە ئاوا شەلەل بووە و ئیتر هێزی گەڕانەوەی پێ نەماوە.

لە دەرەوەی شار لە کاولەکۆنی کاروانسەرادا- کە بە کاروانسەرای گوولان ناوبانگی دەرکردبوو- پیرەکان، لاوەکان، ئەوانەی گیرۆدەی مادە بێهۆشکەرەکانن و برسیترین مرۆڤەکان، لێك خڕ دەبوونەوە. وە بەدبەخت ترین منداڵەکان دەیانگووڕاند. ئایدین بۆ ساتێ لەوێ راوەستا. وە بە داماوییەوە، بە هەستی ماندوویەتی و بێ پەناهییەوە بەرەو ماڵی فرووزان رۆشت. تەنیا هەر ئەو ژنە دەیتوانی یارمەتی پێ بگەیێنێ و یان ئەگەر کارێکی بۆ لە دەست نەهاتبا، لانیکەم دەیتوانی شەو لە ماڵی بمێنێتەوە. ئەگەر چی ماڵی فرووزان رێك بەرامبەر ماڵی خۆیان بوو و ئەگەر کەسێك ئاگای لە چوونە ژووری بێ، ئابڕووی فرووزان دەچوو. گەیشتبووە سەر کۆڵانی خۆیان. کارگەی بەرهەم هێنانی پانکەی لۆرد بە بێ دەنگی لەو خوارە، لە تاریکاییدا کەوتبوو. خانووەکەی خۆیان بەو حەسارە بەرزانەیەوە وا دەهاتە بەرچاو کە لە مێژ ساڵە چۆل کراوە. رووناکایی ژوورەکەی فرووزان بەسەر کۆلاندا کەوتبوو.

ئایدین بە ترس و دڵە تەپەوە لە قووژبنێك راوەستا، زیبکە بەردێکی هاویشتە پەنجەرەی ژوورەکەی فرووزان و خۆی لە بن سێبەری دیوارێك شاردەوە. پاش ماوەیەکی دی، زیبکە بەردێکی دیکەی رێهاڵاند. وە دیسان رێیهاڵاندەوە. ئەوجار فرووزان، پەنجەرەکەی کردەوە و بە سەرسووڕمانەوە سەیری نێو کۆڵانی کرد.

ئایدین چووە پێشەوە و وتی: (ئەوە منم. ئایدینم.)

فروزان لە خۆشیان وتی: (سڵاو.) بە شلەژاوی وتی: (راوەستە.)

بە ئارایشتێکی خەست و چاوانێکی پڕ لە پێکەنینەوە، دەرگاکەی کردەوە. هانکە هانکی بوو و وتی: (سلاو.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئایدین نەیدەزانی دەبێ چی بکا. فرووزان وتی: (ساڵاو.)

(سلاّو.) وە چووە ژوور. هەستی بە پەستی دەکرد. کەوتبووە یادی مامۆستا دلخوێن کە پێی وتبوو: (لەم جۆرە ژنانە پیاو بە خۆیانەوە یەخسیر دەکەن. نێوانت هەبێ لەگەڵیدا، بەلاّم گیرۆدەی مەبە.)

ئەو شەوە، بە قەرای هەزار شەو تێپەڕی. کاتێ شێویان خوارد، کاتێ پەیتا پەیتا پیاڵە چاییەکانیان بەتاڵ دەکرد، کاتی خەوتن هەر دڵە تەپێی هەبوو، وەك ئەوەی کەسێك چاوەڕوانی بکا. خەوی لێ نەدەکەوت. بەتەما بوو هەر بەو نیوە شەوە لە ماڵ دەرکەوێ. رووەو شوێنێکی نادیار خۆ دەرباز بکا، بەلاّم دوایین مەبەستی تاران بوو. بەتەمابوو بە هەر نرخێك بووبێ خوولەکانی زانکۆ تێپەڕێنێ و بەم چەشنە ئاواتەکانی وەدی بێنێ. بەلاّم نەیدەویست پشت بە کەس ببەستێ. فرووزان وتی: (بخەوە.)

(ئێستا دەخەوم.)

فرووزان وتی: (ئەو رۆژەی ئاگر لە خانووەکەتان هەڵدەستا، من چووم بۆ ئەوێ. دایکت دەرگای بەسەردا کردمەوە. دیتم، خەریکە سەر وروو خۆی دەڕنێتەوە و دەگری. وتم چ قەوماوە؟ ئەوە ماڵی ئێوەیە دەسوتێ؟ وتی ئەو خوانەناسانە ژووری کوڕەکەمیان گڕتێبەردا. تەنانەت ئەو کوونە گوورگەشیان پێ رەوا نەبینی.)

ئایدین بێدەنگ بوو. هەر بەو جۆرەی کە راکشا بوو، چاوی دەترووکاندو داڵغەی لێدەدا.

فرووزان وتی: (ئێستا بەتەمای چی بکەی؟)

(دەڕۆم)

(بۆ کوێ؟)

(تاران.)

فرووزان هەستا. لە پەنجەرەکەڕا تریفەی زێوینی مانگ کەوتە سەر رووخساری و ئەوی جوانتر دەنواند. وادەهاتە بەرچاوان کە لەنێو تەمێکی ئاسمانیدا دانیشتووە. وتی: (من ئامادەم لەگەڵ تۆدا بێم. ماوەیەك پشوو رابگرە. من خۆم نەقڵی تاران دەکەم. ئەودەم بە دلێکی ئاسوودە بچۆ بۆ زانکۆ و بخوێنە. بەلاّم خۆ تۆ رازی نابی!) بە چاوەکانیەوە، وەك بڵێی بەتەمایە هەموو گیانی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئایدین لە چاویدا جێ بکاتەوە لێی راما. وتی: (هەرچەندم بۆ خەرج کردی وەك قەرز بۆت لەبەر چاو دەگرم، پاشان دەمدەیتەوە.)

ئایدین وتی: (نەء. خۆ پێم وتی کە...)

فرووزان وتی: (باشە. وەی لەبەرتۆ. خۆ حەز ناکەی لە نێو بانگدا کار بکەی. ناتەوێ لە دایەرەی پەروەردەشدا دابمەزرێی. بەڵام من لە بانکەکەماندا زۆرم ناسیاو هەیە کە لە دەستیان دێ کارێکی باشت بۆ ببیننەوە.)

(منیش هەر بۆ ئەم مەبەستە هاتوومە لات.)

(کەوا بوو لەبەر خۆم نەهاتووی؟) وە بە دوو قامکان لوتی ئایدینی گرت: (وەی لەبەر تۆ.)

(فرووزان، تووگیان ئەو کەسەی خۆشت دەوێ، سبەی کارێکی پڕدەرامەدم بۆ ببینەوە.)

(من نازانم حەزت لە چ جۆرە کارێکە.)

(هەر کارێك بێ گرینگ نییە.)

فرووزان وتی: (پیاوێکی ئەرمەنی هەیە کە پارە لە بانگی ئێمە دادەنێ. من دەیناسم. خەڵکی [ئەیرەوان] ([18] )ی روسیایە، ناوی میرزاییانە. سبەی قسەی لەگەڵدا دەکەم. کارگەیەکی گەورەی هەیە و پێم وایە دەرامەدی باشی بێ...)

(لە کوێیە.)

(کارگەی دارتاشی رام ئەسپی.)

لە سبەینێکەیرا ئایدین لە کارگەی دارتاشی رام ئەسپی وەك کرێکاری دار برینەوە، بە حەق دەستی رۆژانە و لە رۆژدا سێ ژەم خواردن و ژوورێکی چکۆلە بۆ خەوتنیش، دامەزرا. ئێوارانیش بۆ کتێب خوێندنەوە دەچوو بۆ کتێبخانەی شارو، مانگی دووسەد تمەنیشی حەق دەستانە وەردەگرت. بەرێز میرزاییان چوونکە کەسایەتی ئەوی کەوتبووە بەر دڵ، بەڵێنی پێدابوو یارمەتی پێ بگەیێنێ تاکوو هەرچی زووترە ئایدین بتوانێ پارەیەك پاشەکەوت بکا. بەڵکو بەیەك دوو ساڵ کارکردن و مووتالاکردن، تەدارەکی سەفەر بۆ تاران بکا.

---

[18] شارێکی کۆماری ئەرمەنستانە .

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جارجارە کە ئایدین بۆ شار دەرۆشت، سەردانی فرووزانیشی دەکرد و، هێندێ جار فرووزان دەهات بۆ رام ئەسپی و شەوێکی لا دەمایەوە. بەدوای ئەودا ئۆرهانیش سەردانی دەکرد. باسی ماڵەوەی بۆ دەکرد، لەوەیکە دایکە ئالۆز و نیگەرانە. وە ئایدین پێی دەوت کە بەتەمای گەڕانەوە نییە. بەلآم ئەگەر ئۆرهان دڵی پێوەیە دەتوانێ بێت بۆ رام ئەسپی. وە ئۆرهان جار جارە دەهات.

رۆژێك باوکە سەردانی کرد و داوای لێکرد کە رابردوو فەرامۆش بکا. ئایدین وتی باشتر وایە باوکە ئەم فەرامۆش بکا. پێویستی بە هیچ نییە.

زستان بەسەردا هات. بەفرێکی قورس باری. ئەردەبیل، رام ئەسپی و هەموو گووندەکان سپی داگەڕان. قووتابخانەکانیان داخست. رێگا و بانەکان بە بەفر گیران، بەلآم کاری داربڕینەوە دوایی نەدەهات. کارگەکە لە نێو دۆڵێک، یان بە واتایەکی دی لە دەربەندێکدا هەڵکەوتبوو کە چۆمێك بە ئاوێکی روونەوە بە خوار کارگەرا تێدەپەڕی. بەلای چەپی کارگەکەوە، سپیدارەکانیان لەژێر رەوەزە شاخی کێوێك بە ریز دانابوون کە لە بن سەرپەنایەکی سروشتی هەڵکەوتبوو. بەبەری راستەوە، هۆڵی سەرداپۆشراوی کارگەکە بوو کە بە خێوەتی برزێنیتی پێشەکەیان داپۆشیبوو. مشارە کارەباییەکان، دەزگا کۆلیارییەکان و دەزگای رەندەکان، لەنێو هۆڵەکەدا دامەزرابوون. چەندانە وەستا وکرێکار لەوێ کاریان دەکرد، بەلآم ئایدین بەتەنیا لە دەرەوە داری دەبڕییەوە. لەبەر بێ چیکڵدانی و کەم دوێ بوونی، نەیتوانی بوو لە کرێکارەکان نزیك بێتەوە. دەستەوانەیەکی شینی لە دەست دەکرد و لە بەیانیوە تا بە شەوێ، نیشانەکانی دەگرت و دارە گەورەکانی لە پارچەی چکۆلە چکۆلەدا لەت بەلەت دەکرد.

سەرلەبەیانییەك، خاوەن کارگەکە ئەوی بانگ کردبوو. ئایدین چوو بۆ نێو ژووری بەرێز میرزاییان و، لەوێ لە پەنای دەرگاکە راوەستا. وتی: (سلآو.)

بەرێزمیرزاییان لە پشت مێزەکەی دانیشتبوو. وتی: (وەرەژوور، کوری باش.) ئایدین چووە ژوور.

(دانیشە...)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دانیشت و سەیری کرد. پیاوێکی کەڵەگەت، کە چەند تاڵەمووی سپی لەسەر و پرچی کەوتبوون و، جل و بەرگەکانی زۆر خاوێن بوون. وە چاوەکانی خێل بوون. وتی: (کوڕی باش، تۆ بۆ ئاوا کار دەکەی؟)

(چۆن چۆنی کاردەکەم، جەنابی میرزاییان.)

بەڕێز میرزاییان لەکاتی قسەکردندا زاراوەی ئەرمەنی پێیەوە دیار بوو. روخساری زۆر گەش وجوان بوو و وادەهاتە بەرچاو کە هەر ئێستا لە حەمام هاتووەتەدەر و، ئەگەر کەمێك زیاتر لێی ورد بوایە، دەیتوانی وردە دەمارەکانی سەر روخساری ببینێ. وتی: (من ئاگام لێیە تۆ لە بەیانییەوە تا ئێوارە دار دەبڕی. وەك ئاگاداریان کردوومەتەوە، شەوانیش تا درەنگانێك کتێب دەخوێنیتەوە. راستە؟)

(بەڵێ، جەنابی میرزاییان. من بە قۆنەتەرات کار دەکەم.)

(دەزانم، بەڵام پرسیارەکەم ئەوەیە کە بۆچی خۆت دەفەوتێنی؟)

(خۆ من یەکەم رۆژ عەرزم کردن. دەمەوێ خەرجی چوار پێنج ساڵ ژیان و گوزەرانی نێو تاران دەربێنم.)

بەڕێز میرزاییان پێکەنی، سەری راوەشاند و وتی: (ئەگەر مەکینەش بەم جۆرە کار بکا، بەسالێك ترف و تونا دەبێ) لەپشت مێزەکەی هەستا، لە تەنیشت پەنجەرەیەك راوەستا کە دیمەنی بەفرینی گووندەکە لە پشتیەوە پان ببوەوە. وتی: (دەمەوێ لەنێوان تۆ و باوکتدا نێو بژیوانی بکەم...)

ئایدین کەوتە نێو قسەکەی: (جەنابی میرزاییان تکات لێدەکەم ،کاری وامەکە.) وەك پاڕانەوە دەچوو.

بەڕێزمیرزاییان وتی: (وەك بیستوومە، ناکۆکییەکانتان زۆر ئاساییین. دەکرێ قسە لەگەڵ باوکتدا بکەم و رازی بکرێ کە بواری خوێندت بۆ برەخسێنێ. من لەگەڵ باوکتدا چاکوچۆنیم هەیە، پێم وانییە قسەم لە عەرز بدا...)

ئایدین وتی: (وادیارە من بەردەستی ئێوە دەگرم کە دەتەوێ بەشێوەیەك جوابم بکەی.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەرێزمیرزاییان وەرسوورِا: (نە، نە، وانییە. من دەمەوێ ئاسوودەتر بژیت. من، سێ کورِم هەیە کە هەرسێکیان لە ئەمریکان. ئەو هەموو تەقەلاَو خۆ ماندووکردنەشم هەر لەبەر ئەوانە. بەم جۆرە، بۆمن زۆر سەختە کە ببینم تازە لاوێك کە لەتەمەنی[سەرکیس]ی کورِمدایە بەم جۆرە خۆی بچەوسێنێتەوە بەمەبەستی ئەوەیکە لە دوارۆژدا خوێندنەکەی تەواو بکا.)

ئایدین وتی: (منیش ساغ بوومەتەوە. حەز ناکەم کەس بە پشتمەوە بێ.)

بەرێز میرزاییان وتی: (تۆ کورِێکی ژیر و تێگەیشتووی. بەبرِوای من دەبێ هێندێ مەنتیقی بجوولێتەوە.)

ئایدین وتی: (ئەگەر کەسێك بەیەك جار، دار و نەدارت بسوتێنێ تۆ چی دەکەی؟)

بەێز میرزاییان وتی: (من ئەو مافە بە تۆ دەدەم. قەناعەت و بۆ چوونەکانت زۆر جوان و پیرۆزن، بەلاَم دەتوانی لە رێگایەکی دیکەشەوە بە ئاواتەکانت بگەی.)

ئایدین وتی: (ئەمە پیرۆزترین رێگایە.)

بەرێزمیرزاییان وتی: (ئێستا هەست دەکەی ئاسوودەی؟)

ئایدین وتی: (بەڵێ، زۆریش.)

بەرێز میرزاییان سەری راوەشاند. لە ئایدین نزیك بووەوە. دەستی لەسەر شانی دانا و وتی: (دوێنێ، کاتێ خەریکی دار برِینەوە بووی، سێ دانە ژاندارم هاتن. ئەوانت بینی؟)

ئایدین وتی: (بەڵێ چاوم پێ کەوتن.)

(هاتن بۆ ئێرە و پرسیاریان کرد ئایدین ئۆرخانی کامەیانە. وتم چ کارێکتان پێیەتی؟ وتیان سەربازە و هەلاَتوە. گازاندەشی لەسەرە. وتم دەبوایە یەك حەوتوو زووتر هاتبان. چوونکە حەوتووی پێشوو لێرە رۆشت.)

ئایدین ورِ و داماوانە سەیری دەکرد، وتی: (سەربازی؟)

(بەڵێ، بۆ خۆشت دەزانی، ئەم رۆژانە باوە بە گوونەکاندا دەگەرێن، خەلکی بۆ سەربازی کۆ دەکەنەوە. بەلاَم نازانم بۆ چی دڵم نەهات تۆ ببن. لەم رۆژانەدا هێندێك وریاتر بە.)

( بەچاوان، جەنابی میرزاییان.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەر لەو حاڵەدا، لە دوورەوە، لەمەودای جادەی ئاوایی کە لەبن بەفردا بزر ببوو، پێنج دانە ژاندارم بەرەو کارگە دەهاتن. تاسەر چۆکان لە بەفردا ڕۆدەچوون و تەقەلایان دەکرد بگەنە ئەوێ، بەرێز میرزاییان وتی: (دەبینی؟ دیسان هاتنەوە.)

ئایدین چاوی بەوان کەوت. لەنێو ئەو پێنج کەسەدا ئەیازی بۆ ناسرایەوە کە لەنێو بەفرەکەدا تەقەلای دەکرد. ئایدین سام گرتووانە لە دەوروبەری خۆی ڕووانی و وتی: (من دەچمە نێو دارەکان. من دەچمە نێو دارەکان.)

بەرێز میرزاییان وتی: (جارێ خۆت حەشار بدە، بەڵکوو لەدوایەدا ڕێگا چارەیەکت بۆ ببینمەوە.)

# 13

شەوی پێنج شەمۆ بەفردەباری. لە شەوی ڕابردووڕا دەستی پێکردبوو و تا ڕۆژی دووشەمۆ بەردەوام بوو. جادە سپی بوو و لە دوورەوە ترووسکەی چراکانی شار دەبنیندرا. ئایدین، باڵتە لەبەر، تەورێك لەسەر شان، بە جانتایەکی چکۆلەی پڕ لە کتێب و جلوبەرگەکانی لە شار نزیك دەبوەوە و زەینی پڕ بوو لە بیرۆکەی ئالۆز ئالۆز و ئەم حاڵەتەش زەختی دەخستە سەرمێشکی.

نەیدەتوانی باوەڕ بکا کە باوکە بۆ تۆڵە ستاندنەوە، گەلاڵە دارێژی ئەو هەمووە پیلانە شوومانە بووبێ. ژاندارمەکان تاکوو ئێوارە لە کارگەی دارتاشی مابوونەوە و بە چەشنێك دڵنیا کرابوونەوە کە ئیتر قسەیان لەگەڵ کەس نەدەکرد، هەرکەسە لە شوێنێك هەستی ڕاگرتبوو و جگەرەیان بەبا دەکرد. ئەیازی پاسەوان بە میرزاییانی وتبوو: (جگە لەوەیکە سەربازە. پیاوێکی جێ مەترسیشە. بیرو باوەڕی چەپییانەشی هەیە.)

وە پاشان کە لەوێ دەڕۆشتن وتبووی دەزانێ کەسێك لە دارتاشەکان ئەوی پەنا داوە یان قوورتاری کردوە، بەڵام بە هەر نرخێك بێ بەر دەستی دەکەوێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(شکایەت لەسەر فایلەکەیەتی. وە ئەگەر ئێوە دالدەتان دابێ خوا بە فریاتان بگا، میسیۆ میرزاییان.)

بە شەمزاوی و پەرێشانییەوە، بەدلێکی غەمگین، لە دەروازەی [تابار قاپووشی]یەوە وەنێو شارکەوت. بەفر هەروا دەباری و هیچ شوێنەوارێك لە شەقامەکان دیار نەبوو. هەر رنووە بەفر بوو کە لەسەر بانەکانەوە رژابوونە سەر شەقام و لەشەقامدا کەوتبوونە سەر یەك. تاقە رێیەکی تەسك و پچاو پێچ بۆ فایتوونەکان مابوەوە کە حتمەن تا بەیانی ئەویش دەکەوێتە ژێر بەفر.

هەردەم ئەگەری ئەوە لە گۆڕێدا بوو کە لە لایەن کەسێکەوە ئەو بناسرێتەوە، یان بە هەڵکەوت ئایاز چاوی پێ بکەوێ. بڕیاری دابوو لە حاڵەتێکی وادا شادەمارەکانی خۆی ببڕێ و خۆی لەو هەمووە خەم و خەفەت و مەینەتانە رزگار بکا. بەڵام شەختەی سەرما و بەفر، زۆر لەوە ساردتر بوو کە کەسێك لەخۆی رابینێ بەو شەوە لە ماڵ دەرکەوێ. شەقامی [پەهلەوی] تا بە ئاخر بڕی، گەیشتە گەڕەکی [گازران] و پاش ماوەیەکی دیکە لە گەڕەکی ئەرمەنیان بەرەو کۆڵانی ئەرمەنی سووڕایەوە و، بەو هستەوە کە رەنگە کەسێك وەدوای کەوتبێ، بەبێ ئەوەی سەر وەرگەڕێنێ، لە ئاخری کۆڵانە بن بەستەکەدا لە دەرگایەکی سەوزی دا. چەندانە تەقە و، دیسان تەقەی دیکە، لە سەر پشت وەرگەڕا. لەسەر کۆڵان لەبن گلۆپی دارتێلەکان تابلۆی گەرماوی [فانتازیای] خوێندەوە کە هی ئەرمەنییەکان بوو و وەك گەرماوی ئاسایی نەدەچوو. پاش ماوەیەکی دیکە دەنگی پێ هاتە بەرگوێ و پاشان دەرگاکەی بەسەردا کرایەوە.

ئافرەتێکی زۆر کورتە باڵا لەنێو دەرگاکەدا پەیدا بوو. پەچەیەکی سپی لەسەر کردبوو و چەند چاکەت و کۆتی لەبەردا بوو بە رەنگی جۆراو جۆر. بەرلەوەی پرسیار بکا، ئایدین وتی لە کارگەی دارتاشیرا هاتووە. ژنەکە وتی: (یادین؟)

(بەڵێ ئایدین.)

ژنەکە وتی: (فەرموو.) رێگای بۆ کردەوە تاکوو ئایدین بچێتە ژوور. خانوویەکی کۆن بوو کە دیوارەکانی زۆر بەرزو پەنجەرەکانیشی لە دار بوون و پەردەکانی سپی، یان پەمەیی بوون. حەوزێکی خڕ و گەورە لە ناوەندی حەوشەکە بوو کە ئاوەکەی بەستبووی و ئەم لاولای حەوزەکە دوودانە باخچەی چوارگۆشە بوون کە بەریز لە تەنیشت یەکەوەو دەوری حەوشەکەیان گرتبوو.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەناکاو چاوی کەوت بە بینایەکی سپی و جنجیلانە. بینای کلیسەبوو کە لە لای چەپی حەوشەوە بە دیوارێکی نزم، سنووری نێوان خۆی و خانووەکەی بۆ دیاری کرابوو. ژنەکە وتی: (بۆ چی راوەستاوی، گیانە؟وەرە.) وە ئەوی بەرەو خانووکە رەوانە کرد.

لەپێش بیناکە هەیوانێکی شەش گۆشە بوو و، گومبەزییەکەی کەوتبووە سەر شانی سێدانە ئەستوون و، لە دوولاوە پلیکانەی دەکەوتە سەر و دەرۆشتەوە سەر دەرگای سەرەکی نێو بیناکە. ژنەکە وتی: (خۆت بتەکێنە.)

ئایدین پێی داکوتا و بە دەست بەفری سەر شان و پیلی تەکاند. ژنەکە دەرگاکەی بە ئاوەلایی راگرتبوو تاکوو ئایدین پێڵاوەکانی لە پێ داکەنێ و بچێتە ژوور. هۆلێکی گەورە بوو کە مێزێکی لاکێش لە ناوەندی داندرا بوو و خوارووەکەشی شووومینەیەکی ([19]) پڕ لە دار بوو کە هەموو ئەم ژوورەی گەرم راگرتبوو.

لە دەوری مێزەکە پیرێژنێك خەریکی چنین بوو. بەرێز میرزاییان و پیاوێکی دیکەش لە نێزیك شوومینەکە دانیشتبوون و ئافرەتێکی تەمەن سی ساڵە و پرچ زێرین لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا، لەو بەری مێزەکە یاری شەترەنجی دەکرد. ئایدین سلاّوی کرد.

بەرێز میرزاییان وتی: (خۆ تووشی گرفت نەهاتی؟)

ئایدین وتی: (نە.) وە هەر لەوێ راوەستابوو. نەیدەزانی چی بکا.

بەرێز میرزاییان وتی: (وەرە خۆت گەرم بکەوە.) لەبەری هەستاو تۆقەی لەگەڵدا کرد و، رێنمای کرد کە لەتەنیشت شوومینەکە دابنیشێ. وتی: (شەرم دات نەگرێ، کوڕی باش. غەوارەمان لەنێودا نییە.)

پاشان هەمووانی پێ ناساند: (میسیۆ سۆرین، برامە. کچی براکەم، سوورمە. میکائیل خووشکەزامە کە سبەی دەچێ بۆ [ئیرەوان]. ئەمەش مادام یوگینە، دایە گەورەی سوورمەیە.) ئایدین لەگەڵ هەمواندا تۆقەی کرد و لەنزیك شوومینەکە لەسەر ئەسکەملەیەك دانیشت.

میسیۆ سۆرین وتی: (دەستەکانت سڕن، بە باشی گەرمیان بکەوە.)

---

[19] سۆبەیەکە کە لەنێو دیواری خانوودا جێی بۆ دروست دەکەن و بە دار یان بە گاز دەسووتێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئایدین وەك بڵێی بەتەمایە ئاگرەکە قوت بدا، خۆی زۆر لێ نێزیك کردەوە. وە کەیفی بە سەمای گەرم و سووری بڵێسەی ئاگرەکە دەهات.

بەرێز میرزاییان وتی: (ئەم بەرێزەش ئایدین ئۆرخانییە، لە بیرکاریدا دیپلۆمی وەرگرتووە. شاعیرە.)

میکائیل کە سەرقاڵی شەترەنج بوو وتی: (ئافەرین، ئافەرین.) وە داری فیلەکەی جوڵاند.

بەرێز میرزاییان وتی: (کوڕی بازرگانێکی گەورەیە لە کاری چەرمسیاتدا. بەلاّم ئێستا لێێ قەوماوە و ناچارە لەسەرەتاوە دەست پێبکاتەوە. لەمێژ بوو سەرنجم پێ دابوو و دەمبینی لە کارگەدا زۆر سەیر بە کارەوە نووساوە. گوێت لێمە سوورمە؟ هەر ئەوکەسەی هەمیشە بۆم باس دەکردی.)

سوورمە وتی: (بەڵێ، مامەگیان.) خۆی بە شەترەنجەکەیەوە سەرقاڵ کرد.

بەرێز میرزاییان بە پێکەنینەوە وتی: (خانمێکی بالاّ بەرزو جوانیش بووەتە کەفیلی. هەرکات رێم لە بانکی [میللی] دەکەوێ، هەواڵی ئایدین دەپرسێ. چ خزمایەتییەکت لەگەڵدا هەیە؟)

ئایدین وتی: (دراوسێمانە.)

سوورمە رووی تێکردو بە نێگایەکی جەرگ بڕەوە بە ئایدینی وت: (شێوت خواردووە؟)

بەرێز میرزاییان وتی: (نەء. حەتمەن نەیخواردووە. سوورمە، چی دەکەی؟)

سوورمە هەستا و لە ژوورەکە چووە دەر.

میسیۆ سۆرین وتی: (من ئێستاش سەرم لەم بابەتە دەرنەچوو. گالووست چەند شەو پێشتر هێندێ شتی بۆ باس کردم بەلاّم من زۆر سەرخۆش بووم. نەم دەزانی باسی چم بۆ دەکا.)

کاتێ سوورمە بەرەو ژووری دانیشتن گەڕایەوە، ئایدین بە ئەدەبەوە دانیشبوو و، بەش بە بەش ژیان و سەربەردەی خۆی دەگێرایەوە. لە دەنگیدا زەنگێکی پڕ لە تووڕەیی هەست پێدەکرا، بەلاّم بە هێمنی و بێ لایەنانە هەموو شتەکانی بۆ دەگێرانەوە. دەتوت ئەم کارەساتانە لە کەسێکی دیکە قەوماوە.

پاشان سوورمە بە زمانی ئەرمەنی هێندێ بابەتی دربڕی و، لەبن سیلەی چاویەوە سەیری دەکرد.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وە بۆیە بەزمانی ئەرمەنی قسەی دەکرد کە ئایدین لێی تێنەگا. بۆ ساتێ هەستی کرد کە لە ئاست ئەم کیژەدا چەندە هەست بە چکۆلەیی دەکا. بەو باڵتە درێژە، شەروالێکی ئەستوور و بۆنی دارو تەختە، کە لە هەموو گیانی هەڵدەستا، هەستی بەشەرم دەکرد.

کیژەکە دانیشت ودیسان سەرقاڵی یارییەکەی بووەوە. جار ناجارێ لە گۆشەی چاوەیرا، بەبێ ئەوەی سەر وەرسووڕێنێ سەیری دەکرد. نیگایەکی پاوەجێ و هەمیشەیی، لە زۆنگەی غرورەوە، وەك ئەوەی بەزەیی پێدا بێتەوە و ئەم بەزییە بەو بە روا ببنێ.

میسیۆ سۆرین کە لە چاو براکەی پتر زاراوەی ئەرمەنی پێیەوە دیار بوو، وتی: (رۆژگارێکی سەیرە.)

میکائیل وتی: (ئەو خانمەی کە دراوسێتانە، هیچ یارمەتییەکی پێ نەگەیاندی؟)

ئایدین وتی: (من پێی رازی نەبووم.)

بەرێز میرزاییان وتی: (ئایدین لە هەل وەرجێکدا نییە کە وەلآمدەری ئەم شتانە بێ، زۆر بەسەیری هەست دەکەم کردەوەی وەك سەرکیسی کوڕم دەچێ.)

میسیۆ سۆرین وتی: (بەراستی مایەی شەرمەزارییە. ئەمانە پێیان وایە کۆیلەیان بەر دەست کەوتووە؟)

بەرێز میرزاییان وتی: (تۆ پیاوێکی پتەوی، نیگەران مەبە، بە هەموو مەبەستەکانت دەگەی.)

ئایدین وتی: (هەتا ئەوان ناکۆکیم لەگەڵدا بکەن، من پتر تێدەکۆشم کە بە ئامانج بگەم.)

بەرێز میرزاییان وتی: (من نامەوێ خۆم وا دەربخەم کە رزگاریدەری تۆم، سەرم لە کێشەو گرفتیش ناخورێ. بەلآم نازانم لەبەرچی تۆم کەوتە بەر دڵ، هەر بەو جۆرەی کە پێم راگەیاندی لە یارمەتیدانتدا تەنەخی ناکەم. رێز بۆ ئامانج و برواکەت دادەنێم، بەلآم نازانم ئەم بەدواداچوونە تابەکەی بەردەوام دەبێ. وە ئایا باوکت دەست لە سەرت هەڵدەگرێ؟)

ئایدین وتی: (ئەو کاتە بە شوێنم دەزانێتەوە، کە من لێرە نەمابم.)

بەرێز میرزاییان وتی: (وام لەبەر چاو گرتووە کە بۆ ماوەی یەك دوو ساڵآن تۆ بشارمەوە. ئایا لە توانادایە خۆت رابگری؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئایدین وتی: (بەڵێ.) وە سەیری مادام یوگینەی کرد کە شێلگیرانە خەریکی چنینـەوەی شتێکی ئەرخەوانییە. هەر لـەم کاتـەدا ژنـە کورتـە باڵاکـە، بـە مـەجـەعمـەیـەکی پڕ لـە چێشت هاتـە ژوور. مەجەعمەکەی لە سەر مێزەکە داناو ڕۆشت. بەڕێز میرزاییان وتی: (ئـەگـەر گـەرم بوویتـەوە وەرە شێوەکەت بخۆ. زۆریش بیری لێ مەکەوە.)

میسیۆ سۆرین وتی: (ئەرێ بابەگیان، خەم مەخۆ.)

بەڕێز میرزاییان وتی: (چێشتەکەشمان شتێکی وانییە. هەر لە ڕادەی زگ تێر کردندایە.)

ئایدین وتی: (زۆر سپاس. حـەزم نـەدەکرد زەحمـەتتـان وەبـەر بدەم.) وە سـەیری سوورمەی کرد و، ئەویش سەری لەقاند و بە ڕوویدا بزەی لێدا.

میسیۆ سۆرین وتی: (باوکت زۆر ڕوو گرژە، بەڵام پێم وانەبوو هێندە بێ بەزەیش بێ.)

کیژەکە هەروا سەیری دەکرد. ئایدین لەبیری ئەوەدا بـوو کـە لـەژێر نیگـای ئـەم کیژەدا چۆن چۆنی چێشتەکەی بخوا.

بە داکۆکی کردنی میسیۆ سۆرین ومادام یوگینە و بەڕێز میرزاییان، لە پشت مێزەکە دانیشت و بە دەستە لەرزۆکەکانی کەوکچکەکەی هەڵگرت.

بەڕێز میرزاییان بـەزمـانی ئـەرمـەنـی قسەی کرد و ئـەوانیش سـەیری ئایدینیان کرد، پاشـان مادام یوگینە وتی: (ئەی دایکت چی دەکرد؟ لەسـەرت وەجواب نـەدەهات؟) وە هـەروا درێژەی بـە چنینەکەی دایەوە.

ئایدین وتی: (ئێوە باشتر دەتوانن دەرك پێبکـەن. دایکم هـەرچییـەك بـێ ئافرەتـە و، پیـاوي وەك باوكم...) وە بێدەنگ بوو. نەیدەزانی چ ڕاناوێك بۆ باوکی دابنێ.

پاش خواردنی شێوەکەی، میکائیل وتی: (دەتوانی یـەکێ لـە شێعرەکـانی خۆتمـان بـۆ بخـوێنی؟ بۆ ئەوەی کاتێ گەیشتمە ئێرەوان بۆ ئاواڵەکانمی تاریف بکەم.)

ئایدین سوور هەڵگەڕا. بە دڵە تەپێیەوە وتی: (شتێکی ئەوتۆم پێ نییە کە شایانی وتن بێ.)

میکائیل وتی: (خۆت بە کەم مەگرە بی فەرموو.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وە سوورمە هێندە بە جوانی بزەی بە روودا لێدا و لە سیلەی چاوپڕا لێی راما کە ئایدین هەستی کرد بەندی دڵی پسا. تا بە ئەو رۆژە، لە حاست جوانی کەسێکدا هێندە سەرسام نەببوو. وە تا بە ئەو رۆژە هیچ بوونەوەرێك ئەوی تا بە ئەم رادیە نەلەرزاند بوو.

وتی: (نازانم کامەیان بخوێنمەوە.)

سوورمە وتی: (هەموویان.) پێکەنی و دیسان پێکەنییەوە.

ئایدین بە خەیاڵی سوورمەوە چاوەکانی لەسەریەك دانا. هەوڵیدا بیر و زەینی کۆ بکاتەوە. بۆ ساتێ ئارام بوو، پاشان وتی: (ئاخر هەموویانم لەبەر نەماوون.)

بەرێز میرزایان وتی: (ئەوەی لە بیرتە، هەر ئەوەمان بۆ بخوێنە.)

سوورمە بە راوێژێکی سوورەوە وتی: (بخوێنە.)

دەستی پێ کرد:

(خوێنی گەدایەکی وەك من نمونەی حەلاجێکە بەس
زەنجیری عەشق بە پڵپڵە پێوەندی پێمە تا بە دار

ئەی عەشقی بەرز و پڕ جەفا ئەی کیژۆلەی خەنجەر لە دەست
من تار و تۆش زام هەڵگرە بمکە بە سۆزی عوودو تار

زمان لە هیجرت گوێ نەما پەیکەرێکم مردوو ئاسا
هەم لە جەحەندەمی دەوران هەم ترسمە لە ئەنجامی کار

داخم کە دڵ لە ماتەما کەی دەتوانێ لە فیراقت
خۆی قوتارکا لەم قەفەسە تاکەی بمێنێ رۆزەدار

بولبول لە کوێ پێ دەزانێ سۆراغی کام چڵە بگرێ
کە مەشهووری ئازایەتی و ئازادەگیت، تاقانە یار

هەر وەکوو چەنگ دێمە خرۆش چونکە زام لە جەرگم دەدەن
هەم دۆستانی رەنگاو رەنگ و هەم دوژمنانی نابەکار

ئەمشەو نیگاری سەرکەشم بردی دڵی پڕ لە جۆشم
هەر وەك گڕکانی خامۆشم سڕم وەکوو شەختەی کۆسار

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

داخم لە بۆ دڵ سووتاوان و عاشقانی بێ نیشان
کاولاشەکانی نێو ڕێگە وێرانییەکانی شادی خار

ئاگر لە ماڵم بەر بدەن ئەم جەستەیە بێ گیان بکەن
ئالآی مەردی بێ پەیکەرم نموونە بێ لەبۆ ڕۆژگار

ئالآ نیشانی یادەکان هەمیشە لەسەر بانەکان
پرووکاون بە ڕۆژگاران عەشقی نەهێنی مە یادگار.)

هەموویان چەپڵەیان بۆ لێدا. تەنانەت مادام یۆگینە چنینەوەکەی لەسەر مێزەکە داناو چەپڵەی بۆ لێدا. دەستەکانی ئایدین لەسەر مێزەکە لەرز دای گرتبوون. وە سوورمە بە جۆرێك لێی ڕاما بوو کە دەتوت بەتەمایە بۆ شێوەکاری وێنەی لێ هەڵبگرێتەوە.

بەرێز میرزایان وتی: (بژی، ئافەرین. کوڕە، شاعیرێکی بە توانای.)

سوورمە وتی: (ئەم شیعرەت بۆ کێ داناوە؟)

ئایدین وتی: (نازانم. هەروا بەزەینم گێشتووە و وتومەوتەوە.) و شانەکانی هەڵتەکاند.

میسیۆ سۆرین وتی: (ڕۆژگارێکی سەیرە. زۆر جوان بوو.)

میکائیل وتی: (هێشتا ماویەتی پێ بگا.)

بەرێز میرزاییان وتی: (میکا، پیاو ویژانی هەبێ، بەراستی شێعرێکی دڵنەواز بوو. وانییە؟) وە پاشان بە ئایدینی وت: (تۆ لە لای کێ ئەم شیعرانە فێر بووی؟)

(لە خزمەت مامۆستا دڵخوێندا.)

بەرێز میرزاییان چاوەکانی خڕ کردنەوە: (دڵخوێن. کوڕە، تۆ پیاو دەترسێنی. دەڵێی کەشت لەسەر جەستەت قوورسایی دەکا، هەروەك دڵخوێن.)

میسیۆ سۆرین وتی: (دەمناسی. دەهاتە دوکانەکەم، چای و قاوەی دەکری. پیاوێکی کزۆلە بوو کە پرچەکانی وەك ئافرەت دەچوون. سمێڵێکی ئەستووری پێوە بوو. نەمدەزانی دەروێشە یان کۆمۆنیستە. بەڵآم پیاوێکی سەیر بوو. ڕۆژێك وامزانییەوە کە گۆیا سەریان تێدا چوواندوە.)

میکائیل وتی: (شێعرێکی دیکەشمان بۆ بڵێ.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئایدین وتی: (بە داخەوە لە بیرم نەماون.) رووی داگیراو بە دەنگێکی نووساوەوە وتی: (بە داخەوە لە بیرم نەماون.)

میکائیل وتی: (تۆ شارەزاییت لە سەر شیعری نوێ هەیە؟)

ئایدین وتی: (ئەوەی راستی بێ من پەیرەوی لە شێوازی نیما یوشیج دەکەم، بەلآم لە بیرم چوونەتەوە.)

سوورمە وتی: (چما یاداشتت نەکردوون؟)

(نووسیبووم. بەلآم وەك ئاگادارن، باوکم هەموویانی سوتاند.)

میکائیل وتی: (تواناییەکی باشی هەیە. هیوادارم ببی بە شاعیرێکی باش.) وە چوەوە سەر شەترەنجەکەی.

سوورمە وتی: (کیش.) بۆ ساتێ بێدەنگی راگرت. وە دیسان وتی: (کیش. سەعاتێکە کیشی.)

میکائیل وتی: (ئای. بمبوورە. هەڵەم کردوە. داڵغەم لێرە نەبوو.)

میسیۆ سۆرین وتی: (ئەگەر گرفتت نەبوایە دەمبردی بۆ دوکانەکەی خۆم. هاڕت کردنی قاوەم فێر دەکردی. سەرئەنجام پارووە نانێکمان وەگیر دەکەوت و ڕامان دەبوارد.) وە لە پەرداخەکەی خۆیدا شەرابی بۆ ئایدین تێکرد.

سوورمە وتی: (دیسانیش کیش.)

بەرێز میرزاییان وتی: (نە دەتوانێ خۆی ئاشکرا بکا و، نە دەشتوانی لەشار وەدەرکەوێ. دەبێ لە شوێنێکی ئەمندا خۆی سەرقاڵ بکا تاکوو لە دوارۆژدا... نازانم چ روودەدات.)

ئایدین وتی: (بەڵێ. هەر شوێنێك بێ بۆ من گرینگ نییە، ئەوەی بۆ من مەبەستە ئەمەیە کە نامەوێ سەرباری کەس بم. دەمەوێ کار بکەم.)

(هەرچەند بیری لێ دەکەمەوە دەبینم هیچ شوێنێك ئەمن نییە. مەگەر ژێرزەمینەکەی کەلیسا. هەر ئەو شوێنەی لەسەرەتاوە لە زەنیمدا دیاریم کردبوو.)

سوورمە رووی گرژ کرد و بە هاوارەوە وتی: (مامە، ئەوێ زۆر تاریکە پیاو لێی دەترسێ.)

بەرێز میرزاییان وتی: (کارەبای بۆ رادەکێشین. ئەو شوێنەی بۆ دەکەینە کارگە. بۆ ئایندین چ فەرق دەکا. با هەر لەوێ کار بکا، هەر لەوێ بخەوێ، بژیت، تا بزانێن چی لێدێتەوە.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سوورمە وتی: (ئەوێ زۆر پیس و شێواوە، پڕە لە مشك و سیسرکە.)

ئایدین وتی: (من بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانم بگەم، ئامادەم لە ئەشکەوتێکیشدا بژیم. باوکم بە تەمایە من بە چۆکدا بێنێ. بەڵام...) وە دیسان بێدەنگی راگرتەوە.

میرزاییان وتی: (بەڵێ، بۆ خۆی دەبێ ئەوێ پاك و خاوێن بکا. ئامێرو کەرەسەی پێویستی دەخەمە بەر دەست، با کارگەیەك بەرپا بکا و کارێکی سووك و ئاسان بە دەستەوە بگرێ. کاری دیکە چی دەزانی؟)

ئایدین وتی: (مامۆستا دڵخوێنیش هێندێ جار قاوغی وێنەی دروست دەکرد. منیش دەزانم.)

میرزاییان وتی: (زۆر باشە، کەوای لێ هات پرۆژەی قاوغی وێنە سازی دادەمەزرێنیین.) وە لە خۆشیانا پێکەنی و پەرداخەکەی سەرکێشا.

ئایدین وتی: (حەزم لە دارە. پێم خۆشە کار لەسەر دار بکەم.)

(من دەزانم چیت پێویست دەبێ. لە سبەینێرا سەد لقی زەواری قاوغت بۆ دەهێنم، پێش دەست، بزمار، چەکوش، چەسپ، مێز بۆ کار لە سەرکردن، گشتیانت بۆ دەهێنم. لە بەیانیرا تا بە شەوێ توانیت هەرچەندانە دروست بکەی حەق دەستی خۆت وەردەگری. بە شەویش با کتێب بخوێنێتەوە. پیاوە گەورە و ناودارەکان زۆریان دژواری دیتووە. هێندێ لە پێغەمبەرەکان شوانیەتییان کردوە. هێندێکیشیان دارتاش بوون.)

سوورمە وتی: (کیش و مات.) وە هەستا و لەکن مێزەکە راوەستا.

ئایدین وتی: (لە کەیرا دەبێ برۆم؟)

(لە سبەی بەیانییەوە.)

سەرلەبەیانی رۆژی دواتر، بەرێز میرزاییان بەر لەوەی بچێ بۆ کارگەکەی، ئایدینی رەوانەی ئەو شوێنەکرد کە قەراریان بۆ دانابوو. وە وتی: (ئێستا ئیتر بۆ ئەوە نابێ ریسك بکەین. هەرەشەیان لێ کردووین، تووش دەبین. دەزانم بۆت دژوار دەبێ، بەڵام دەبێ خۆراگربی و مل بدەیتە بەرکارکردن. ئێرە هەرچۆنێك بێ لە زیندان و سەربازخانە باشترە. من ناهێڵم تەنیا بی. کتێب و رۆژنامەت بۆ پەیدا دەکەم، لە بەرامبەردا چاوەروانییەکەم لە تۆ ئەوەیە پشوو درێژ و بە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تاقەت بی. خۆ دەزانی ئێرە کلیسەیە، هێندێ جار خەلك دێن بۆ ئێرە و ئەگەر چاویان بە تۆ بکەوێ... دەی، ئێرە شارێکی چکۆلەیە...)

بەفر دەباری و ئەوان تاسەر چۆکان لەبەفردا رۆ دەچوون. ئایدین وتی: (ئێوە بۆمن وەك فریشتە وان.)

(نا. وانییە. ئێمە پێکەوە پرۆسەیەکی بازرگانی بە ئەنجام دەگەیێنین. من دەبێ پشتگری لە تۆ بکەم.) بە قامکان ئەو بەری کەلیسەی پیشاندا: (لەوێیە.)

پلیکانەکانی ژێر زەمینەکە، رێك لە تەنیشت دیواری بینای کەلیسەکە بوو: (با بچینە خوارەوە.) بۆ خۆی پێشی کەوت و لە حاڵێکا لە پلیکانەکان دادەگەڕا بە دەنگە گڕەکەیەوە، بۆی روون دەکردەوە کە دەبێ مرۆڤ بەردەوام خۆی بە کارکردن سەرقاڵ بکا. ئاوەدانی و بەرهەم هێنانی هەبێ، دەنا لە ناخەوە پووچەڵ دەبێ. وە بێکاری لە تەنیایی خراپترە. پیاوی بێکار لە نێو کۆمەڵیشدابێ هەر تەنیایە.

دەرگا دارییە رەساسییەکەی کردەوە. لەولاکانی دەنگێکی وشك و سامناکی لێ دەبوەوە. وە پاش ماوەیەکی دیکە ئایدین زانی کە ئەو شوێنە جێگای مانەوەی مجێوری کلیسە بووە کە بەر لە ئێستا مردووە. پیاوێك بووە خەڵکی [بادکوبە] ([20]) و، پرچی سەری سوور بووە و، هەمیشە کراسێکی سپی لەبەردابووە، لە ساڵەکانی شەڕدا، رۆژێك هەر لەم ژێر زەمینەدا لە بیر کراوە و بەجێیان هێشتووە. پاش تێپەڕ بوونی دوو رۆژ بەسەر جێمانەکەیدا، کاتێ سۆراغیان گرتوەتەوە، تەرمە بێ گیان و رەش هەڵگەراوەکەیان دۆزیوەتەوە.

ئەو شوێنە ئەمبارێکی زۆر گەورە بوو کە لە قووژبنێکییەوە چەند دانە کووپەی رووسی لە تەنیشت یەکترەوە ریزکرابوون. لەو لاترەوە چەندانە سندووقی دار داندرابوون و، چواردانە ئەستوون لە ناوەندییەوە تاقە گوومبەزییەکانی راگرتبوون. ئایدین بژاردی. نۆ دانە تاق بوون. لە خوارەوەی ئەمبارەکە هۆدەیەکی چکۆلەی لێ بوو کە پەردەیەکیان لە بەریەوە هەڵواسیبوو.

بەرێز میرزاییان وتی: (باشییەکەی لەوەدایە لە زستاندا ئێرە گەرمەو هاوینانیش فێنکە.) وە بە دوو قامکان پەردەکەی لادا و، بەر لەوەی وەژوور بکەوێ بە تەکانێك پەردەکەی لێ کردەوەو لە

---

[20] یەکێکە لە شارەکانی کۆماری ئەرمەنستانە.

قووژبنێکی فرێ دا. لە نێو هۆدە بچکۆلەکەدا قەرەوێڵەك، مێزێك و کورسییەکی لێ داندرابوو. سادەو فەقیرانە و بچکۆلە. وەك زیندان. وە هەموو شتێك کۆنەو رزا بوو. دیوارە خشتییەکانی، کە بە چیمەنتۆ درزەکانیان بەنکەشی کردبوو. وە چەندە غەمناك بوو.

ئەو شوێنە وادەهاتە بەرچاو کە قەت خاوێن و رێك و پێك نابێتەوە، بەڵام پاش چەند رۆژی دیکە، بوو بە کارگەیەك کە زەوقی کارکردنی بە پیاو دەبەخشی. مێزی کارەکەی رێك لە بن دەلاقە شووشەییەکەی بن میچەکە داندرابوو و رووناکییەکی مەندی بە سەر مێزەکەدا دەخست. ئامێری قاوغ دروست کردنەکانی بە ریز -بە ئەستوونی لای راستیەوە- بە سندووقێکەوە هەڵواسرابوو، مشارەکان، چەکووشەکان، پلایس و کەرەسەی بەردەست. سۆبەیەکی تەنەکە کە بەدار دەسووتا، کارگەکەی گەرم کردبوو. پەردەیەکی شینیان لە پێش هۆدەکە هەڵواسیبوو، کارەبایان بۆ راکێشا، قەرەوێڵەکەیان بۆ گۆری، مێز و ئەسکەملەی تازەیان بۆ هێنا و، دۆلآبێکیشیان دانا کە لە قاتی سەرەوەدا کتێبەکانی لێ دابنێ و لە قاتی خوارەوەش جل و بەرگەکانی.

لەو رۆژەیرا کە ئایدین دەست بەکار ببوو، سی دانە قاوغی لە دار دروست دەکرد و پاشان کە لە کەت برینی دارەکاندا شارەزایی پەیدا کرد، لەرۆژدا پەنجا دانە قاوغی وێنەی دروست دەکرد. هەموو رۆژێ بەیانی بەرێز میرزاییان قاوغەکانی دەبرد بۆ فرۆشگاکەی و لەوە بەدواوە کارو کاسبی فرۆشگای دەسکردە دارییەکانی [گالوست] بەو قاوغە وێنە جوان و ناسکانەوە پەرەی سەند. بەرێز میرزاییان بۆ هەر قاوغێك یەك تمەنی حەق دەستانە دەدا، کەرەسەو ئامێریشی دەخستە بەردەستی ئایدین و، قەرەواشەکەشی لەرۆژدا سێ ژەمە لە ماڵەوە خواردنی بۆ دەهێنا. و هەموو رۆژێك بەرەبەری رۆژ ئاوابوون، دەلاقە شووشەییەکە -یان وەك سوورمە وتەنی- [پوتیشکا] دەکرایەوە. روخساری سوورمە، لە چوارچێوەی دەلاقەکەوە بە دەردەکەوت کە بزەی بە رووەوە لێدەدا، سلآوی دەکردو رۆژنامەی دوێنێی بۆ فرێ دەدایە خوار و دەرۆشت.

ئایدین لەوە بە دواوە هەموو رۆژێ لە تاسەی دیدارێکی ساتیدا رۆژگاری بە کارکردن تێپەر دەکرد و بەو مەراقەوە کە سوورمە شووشە تەبەقدارەکەی بن میچەکەی دەکردەوە و هەموو ماندووییەکانی ئایدینی لە شانی دادەماڵی. دیدارێك کە وەك بڵێی دەریا دەخاتە جۆش. زەمەنی شل دەکرد، مەراق و ئەوینێکی نەهێنیی لە نێو دڵی ئایدیندا پەروەردە دەکرد. حەوتووەکان و مانگەکان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تێپەڕ دەبوون و ئەو، بنەماڵەکەی فەرامۆش کرد، بە تەواوی شێعرەکانی لە یاد بردەوەو دیسان کز و لاوازتر بووەوە.

یەك رۆژ بە بەردەوامی کارکردن و، لە کۆتاییکانی رۆژدا، ساتێ دیدار. دیداری چاوانێك بەرەنگی هەنگوینی.

## 14

بەهاریش هات. خۆر تاوێك - نەك هێندەش بەتین بێ- درەوشایەوە. بەفرەکان توانەوە، دەلاقەی بن میچەکە رووناکییەکی زیاتری رژاندە ژوورەکەو، کەسێك لەرۆژدا دووجار ئەو شووشە ئەستوورەوە دەورووبەری ئەو شوێنەی بە مشوورەوە دەشۆردەوە. وە هێندێ جار چەند دڵۆپە ئاو دەچۆرایە سەر مێزەکەی ئایدین. لە کارگەی قاوغ دروست کردنی گالوست، کار بەردەوام بوو. قاوغە وێنە سادەکان، قاوغە کۆلیاریکراوەکان، بەرەنگی ئالتوونی، قاوەیی و رەش لە قووژبنێکی کارگەکەدا ریزکرابوون.

کەس نەیدەزانی بەرێز میرزاییان ئەم قاوغە ناسك و جوانانە لە کوێرا دەهێنێ و یان وەستاکەشی کێیە. تەنانەت کاتێ دوکاندارێك پرسیاری کرد: (جەنابی میرزاییان، کارگەی بەرهەم هێنانی ئەم قاوغانە لە کوێیە؟) ئەو لە وڵامدا وتی: (پێت وایە ئەم قاوغانە لە ئەردەبیل دروست دەکرێن؟) نا. هێندە کارامەیی و وردەکاری لە سەرکرا بوون کە کەس پێی وا نەبوو لەم وڵاتەدا دروست کرابێ. بەڵام زۆر هەرزان بایی بوون و، ئێستا رەنگە لە هەموو خانووەکانی شاردا یەك دوو دانە لەم قاوغانە رازێنەری وێنەی مردووەکان و یان شێوەکاری دیمەنە رەنگاو رەنگەکان بوو بێ. تەنانەت ئۆرهانیش یەکدانەی کڕی بوو و رێك بەرامبەر بە چێشتخانەکە بە دیوارییەوە هەڵواسیبوو. بە وێنەیەك لە ئیمامی عەلی، کە لەسەر بەرماڵی عەرش دانیشتبوو، شمشێرێکی دووسەر لە ئامێزو، ئیمامی حەسەن لە بەرگێکی سەوزدا لە لای راستەی و ئیمامی حسێن بە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەرگێکی سوورەوە لە لای چەپی. مەلایکەتەکان لە ژوور سەریانەوە خۆیان کردبوو بە چەترێك و لە پشت سەریانەوە تیشکی ئەزەلیان بەرەو ئەبەدیت دەدرۆشاندەوە.

رۆژێك نامەیەکی بێ ناو و نیشانیان فرێ دایە نێو ماڵێ، کە ئایدین لەم رێگایەوە هەواڵی ساغی و سەلامەتی خۆی تێدا راگەیاندبوو و نووسیبووی لە حاست بنماڵەدا هیچ هەست و سۆزێکی لە لا نەماوە بەڵام هێندێ جار بۆ دایکەو ئایدا دڵ تەنگ دەبێ و، ئەرێ سۆهرابە بچکۆل وەزعی چۆنە؟ ئایا ئایدا دیسان هاتووچۆ دەکا؟ وە نووسیبووی کە ئامادەیە لە نووسینگەیەکی رەسمیدا واژۆ بدات کە هیچ مافێکی بەسەر ئەم خێزانەوە نەماوە. بە مەرجێك باوکە واز لە شوێن کەوتنی بێنێ و بواری بدات کە ئەو لە قووژبنێك درێژە بە ژیان بدا. وە نووسیبووی کە لەبەرچی مرۆڤەکان بە دەستی خۆیان پێك هێنەری جودایی و دووبەرەکین و ئاوا لە یەکتر بێگانەن و، لەبەرچی مرۆڤ هێندە تەنیایە. وە لەم جۆرە بابەتانە.

نەخۆشی رەبۆی دایکە خراتر بوو. نەیدەزانی ئایدین لە کوێیە. لە گۆشەیەك کزۆلەی دەکرد و شینی دەگێرا و هەرچەند گریابا دڵی سووك نەدەبووەوە. هەستی دەکرد دوو جمکەکانی چارەنووسێکی باشیان نەبووە. ئایدا لە ئابادان بوو و، زۆر بە دەگمەن هەواڵێکی لێ پەیدا دەبوو. وە ئەگەر هەواڵی هاتبا بروسکەیەك بوو، کە لەودا باسی ساغی و سەلامەتی خۆی و منداڵەکەی دەکرد و، ئێستا پتر مەودایان کەوتبووە بەین. بەڵام ئایدین هەر لەو شارەدا ببو بە دڵۆپە ئاوێك و وەك بڵێی چووبێتە بن عەرزی، هەرچەند لەدوای دەگەڕان نەیاندەبینیەوە. دایکە زۆرجار ئۆرهانی رەوانەی کارگەی دارتاشی رام ئەسپی دەکرد و نەیتوانی سۆراغی بێنێتەوە. جارێکیش بۆ خۆی چوو بۆ کارگە و پێوشوێنی نەبینیەوە. دەست بە داوێنی میرزاییان ببوو، بە پارە تەماعی وەبەر کاك ریزوان نا، چوو بۆ ماڵی ئەیازی پاسەوان و خێزانەکەی لێ راسپارد. چوو بۆ کتێبخانە و، هەمووی بێ هوودە بوون.

رۆژێك سەردانی کەلیسەی مەریەمی پیرۆزی کردو، چوو بۆ ماڵی گالوست میرزاییان. چاوی بە مادام یوگینەی پیر کەوت، سوورەمەی بینی، میسیۆ سۆرینی دی و، قسەی لەگەڵ هەموویان کرد، هۆن هۆن فرمێسکی رشت. لەبەر بێچارە بوونی خۆی، لەبەر نیگەرانی و دڵە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خودان مردووەکەی کە هێندە هەست بەترس دەکا. ئەوان پێیان وت کە نەك هەر هیچ سۆراغێکی پێ نازانن، بەڵکو و ناشی ناسن.

دایکە وتی کوڕەکەی شاعیرە، چۆن چۆنی نایناسن و، ئەوان وتیان کە ناویان بیستووە، بەڵام لە نزیکەوە نایناسن. ئەی دەبێ چی بکا؟

کاتێ دایکە بەرەو ماڵ گەڕایەوە هەستی کرد ئەو کچەی لە شوێنێك دیتوە. وەك ناسیاو هاتبووە بەرچاوی. دەتوت کۆمەڵێك رازو نەهێنی لە رۆخساری ئەوکیژەدا بەدی دەکرا، کە ئەم لە چاوانیدا دەیخوێنێنتەوە. رەنگە بوونێ لە ئایدین، یان لەرەزمیەکی دەستەکانی، یان فڕینی چاوەکانی دیتبێ، لەو کاتەیدا کە ناوی ئایدینی بەزاراندا هاتبوو.

بۆ رۆژی دواتر دایکە دیسان چوو بۆ کلیسەی مەریەمی پیرۆز و ئەو کیژەی بینی کە خەریکی شۆردنی عەرز بوو و بە سۆندە گوڵەکانی ئاو دەدا و هێندێ جار چۆلەکەکانیشی تەڕ دەکرد. دایکە لەسەر پلیکانەی بینای کلیسە دانیشت و وتی: (کچەکە گیان، ناوت چییە؟)

وە ئەو لە وەڵامدا وتی: (سوورمە لینا.)

(سوورمە. ناوێکی خۆشە. تۆ زۆر شێوەی ئایدای من دەدەیتەوە.) دیسان گریا و لە هەست و جووڵەکانی ئەو کیژە راما و کاتی رۆژئاوابوون بەرەوماڵ گەڕایەوە، ماندوو، بێ چارە. وە غەمگین.

نیگەرانیەکانی دایکە، باوکەشی گرتبوەوەو ئەو کە هەمیشە وشك و دڵرەق و تووڕە دیاربوو، دڵی ئەویشی لەرزاندبوو. باوکە هانای بردە بەر ئەیاز. تا ئەو جێگایەی لە گوونجان دەهات، شاریان پشکنی، گووندەکانی دەوروبەر و، سەرابازخانەکان، نەخۆشخانەکان، گۆرستان و، دوایین نیشانەیەك کە دەستیان کەوت ئەمە بوو کە زستانی پار نا پێرار، شەوێك رۆشتووە بۆ رام ئەسپی و ئیتر نەگەڕاوەتەوە. وە هەر بە راست کەس نەیدەزانی. هیچ کەس.

بەێز میرزاییان وێرای ئەویکە لە قاوغ سازیدا قازانجی مادی و داهاتێکی باشی دەست دەکەوت، لە سەر شەرف سوێندی خواردبوو کە ئایدین نەدابەدەستەوە و، لەژێر باڵی خۆیدا رای بگرێ. بە سەرسەختی وڵامی دانەوە کە پاش ئەوەیکە ژاندارمەکان شوێنی کەوتوون، ئایدینی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەرکردوە، چوونکە ژاندارمەکان هەرەشەیان لێ کردبوو کە ئەگەر شەریکە تاوانی ئایدین ئۆرخانی بێ، مەگەر هەر خوا بەهاواری بێ.

(ئەی لەکوێیە؟)

وە دایکە هیچ هەواڵێکی بۆ ئایدا پێ نەبوو. دوایین جار کە ئابەدانی لەدوای ژن و منداڵەکەی هات، هەموو قوژبنێك گەڕان و، پاشان بەبێ ئەوی ئایدا بتوانێ چاوی بە ئایدین روون ببێتەوە، رۆشت. وە سۆهراب لەو پازدە رۆژەدا هەرکات تاسەی خاڵی دەکرد، دایکە ئەوی لە ئامێز دەگرت و لە قولپەی گریانی دەدا.

لە ماڵی باوکەدا ژیان تاڵ و دژوار ببوو. دایکە تاقەتی لێ برابوو. باوکە دەینەڕاند و هیچ ئەنجامێکیشی دەست نەدەکەوت. ئیتر ئەو هەمووە چێشتە خۆش و رەنگاو رەنگانە لەسەر سفرە نەدەبیندرا. دایکە بەردەوام نەخۆش بوو. ئۆرهان هەڵی بەردەست کەوتبوو، گشت کاروباری دوکان وماڵەوەی گرتبووە ژێردەست، کڕین، فرۆشتن و بڕیاردان. بەڵام یۆسف لەو ژوورە تەنگ و تاریکەدا دەیلووراند. بە نینۆك گێچی دەرو دیواری ژوورەکەی دەکڕاند و دەیخوارد. کاگڵەکەشی دەخوارد و چوونکە نەیدەتوانی خشتی نێو دیوارەکان دەربێنێ، دەیلووراند. بۆگەن لە ژوورەکەی هەڵدەستا و هەموو خانووەکەی داگرتبوو. باوکە هاواری دەکرد: (ئەی خوایە ئەمەم لێ بستێنی.)

دایکە و باوکە نێوانیان ساردو بێ گیان ببوو. لە رووی ناچاری یەك دوو قسە و، پاشان هەریەکە و بە دەردی خۆی، سەرقاڵی ژیانە نەگبەتەکەیان دەبوون. دایکە دەیوت: (منداڵەکەمتان دەربەدەر کرد.)

فرووزان دەیوت: (دەبێ بۆ کوێ چووبێ، بێ خەبەر؟)

ئۆرهان دەیوت: (حەتمەن بۆ درێژەدان بەخوێندنەکەی چووە بۆ تاران.)

باوکە هەموو راو بۆچوونەکانی رەت دەکردنەوە. بۆچوونی خۆشی رەت دەکردەوە چوونکە بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر تووشی سەرلێشێواوی هاتبوو: (روون نییە. نە دین و ئیمانێکی رێك و پێکی هەبوو، نە شارەزایی لە کارو کاسپی هەبوو، نە بەقسەی منیشی دەکرد. داخم بۆ ئەو هەمووە زیرەکی و توانایییەی. حەیف. سەردەمی منداڵی تەنانەت خەیارێکیشی بە من نەدەدا کە بۆی پاك بکەم. دەیوت بۆ خۆم. دەتوت ئەم بەشەرە نیازی بەکەس نییە. بەڵام نازانم. ئەگەر

سەفەری تارانی کردبێ، ئیتر تەواوە، دەبێ تازە بیریشی لێ نەکەینەوە. ئەیاز دڵێ رەنگە لە سنوور ئاودیوو بووبێ...)

دایکە وتی: (ئەی هەرچی لە دونیادا خراپە بە گۆڕی باوکی ئەیاز...) وە لە تای غەمناکی دووریدا دەسووتا.

وە پاشان کە ئەم شتانەی بۆ ئایدین دەگێرایەوە. فرمێسکەکانی وەها هەڵدەرژان کە ئایدینیشی دەخستە گریان.

بەڵێ، ئایدینی رەوەك و بێ هەواڵ، بە هیچ بارێك بەتەما نەبوو خۆ دەربخا یان بگەڕێتەوە و کاتێ دایکە ئەم شتانەی بۆ دەگێرایەوە، هەناسەیەکی ساردی هەڵدەکێشا و تەنیا ئەمەی پێدەگوترا کە بڵێ: (چی بکەین؟) لە سیوادی بەیانیرا تاکوو بوولێڵەی شەو قاوغی وێنەی دروست دەکرد، کۆلیاری دەکردن، رۆژنامە یان کتێبی دەخوێندەوە و، لە تاو سۆزی عەشقێکی یەك لایەنە گڕی دەگرت. بەو ئاواتەوە دەژیا کە کاتی زەردەپەڕ، سوورمە دەلاقە یان وەك خۆی وتەنی پۆتیشکاکەی بەسەردا بکاتەوە، بانگی لێ بێڵێ: (جەنابی ئایدین.) رۆژنامە یان کتێبێکی لەبۆ بەرداتەوە و بڕوا. نە قسەیەك، نە نێوانێك و، تەنانەت بێ بزەش. تێپەرینی زەمان بڕیارە توونەدو تیژەکەی پووچەڵ کردبوەوە. ئەو بەو هیوایەی کە سەرئەنجام عەشقی سوورمە داگیر دەکا پەنای دەبردە بەر کارکردن.

چاوارِوانی، زەمانی لە بەر یەك دەکێشایەوە و زەمەن دەبوو بە شووشەیەکی لێڵ و ئەستوور کە زیارەت چییەکانی کلیسە پێیان لەسەر دادەنا و، ئێواران کەسێك بە مشوورەوە دەیشۆردەوە. پاشان دڵۆپ دڵۆپ ئاو دەرژایە سەرمێزەکەی بەردەمی. وە ئەو کە لە چاوەروانیدا دەپلیشایەوە، لەبەر پرشنگی تیشکە کزەکەی گڵۆپی نێو کارگەرا لە رووخساری سوورمە رادەما و زمانی بەند دەبوو، دڵی دەکەوتە لێدان، زاری وشك هەڵدە گەرا. نەیدەزانی بەتەمایە چی بەو کیژە بڵێ. هەر قسەیەك، رەنگە وەك رمێك سەر بکا و ئەوی لێ بتارێنێ و لە تەپ و تۆزی رەوەکەیدا ئیتر مەحاڵ دەبوو چاوی پێبکەوێتەوە. نەیدەتوانی یان رەنگە نەیدەویست بڕوا بکا کە ئەم سەرسەختییەی، ئەم نازو رازە و، ئەم سەرنج پێنەدانە وشکە، بەشێکن لە سرووشتی سوورمە. مرۆڤێکە کە قەت هیچ ناخوا، بۆ هەر شوێنێك حەزی لێبێ لەوێیە، دانیشتوو لەسەر هەیوانی ماڵێ،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

یان لە سەر گوڵدانە چینییەکەی سەر تاقەکەیان، لە مابەینی گەڵای دارەکان، تەنانەت لە نێو بڵێسەی گڕدا.

دڵی لە پێناو دانابوو کەچی نەیدەتوانی تەنانەت لای خۆیشی بیدرکێنێ کە عاشق بەوە. ورەی لەدەست دابوو. وە لەبەر بێ جووڵە بوونی دەوروتەنیشتی و نەبوونی تیشکی خۆر، خوو و نەریتە نەگۆڕەکەی و، کار، ڕەنگ زەردتر و پیر ببوو. پیاوێکی ترسنۆکی لێ دەرچوو بوو کە دڵی بەهەموو دەنگێك دەلەرزی. بە روخسارێکی ڕەنگ هەڵبزرکاو، پیر، چرچن و، تەقەلایەك کە قەت ویستانی بۆ نەبوو. لە ڕۆژدا پەنجادانە قاوغی دروست دەکرد و پارەکەی لە کێشۆی دۆلابەکە دادەنا کەچی نەیدەزانی لەبەرچی ئەم قاوغانە دروست دەکا. بۆچی پارە پاشەکەوت دەکا و، تابەکەی لەوێ دەمێنێتەوە. عەشق و ترس و سەرکۆنە بوون، لەناخەوە ئەوی دەخواردەوە و پووچەڵی دەکرد. عەشق لە پێناو مرۆڤێکی نەناسراو و، ترس لە مرۆڤە ئاشناکان. وە ئێستا نەیدەویست تێبگا کە لەبەرچی زیندووە. تەنانەت بۆ جارێکیش لە بەرێز میرزاییانی پرسیار نەکرد کە تابەکەی لەو ژێرزەمینە شەدار و بێتیشکەدا دەمێنێتەوە. بەڵام ڕێزێکی لە رادەبەدەری بۆ قاییل دەبوو و، بە دروست کردنی ئەو ڕێژە قاوغانە سەرخۆش دەبوو. وە سەرمەست بوو بە کاتی ڕۆژئاوابوون. وە پۆتیشکا.

پۆتیشکا کرایەوە. باوەشێك بسکی کاڵ و خاو بە نێو ژوورەکەدا شۆڕ بوونەوە، ڕۆخسارێکی بێ بزە، شێلگیر، بە سەنگینییەکی شکۆدار و تووڕەییەکی پڕ لە ئیرادە، بۆ ساتێ مایەوە و ئەو جار وتی: (جەنابی ئایدین.)

(بەڵێ.)

(دەرگاکەم لێ بکەوە، دەمەوێ بێمە ژوور.)

تەزوویەك هەموو ئەندامی لەشی داگرت. ڕەنگی هەڵبزرکا و بە دەستە لەرۆزکەکانیەوە ئاڵقەڕێزی دەرگاکەی کردەوەو بە خۆی وت: (خوایە. ولآمی میسیۆ سۆرین و میرزاییان چۆن بدەمەوە؟) سوورمە هاتە ژوور. بەو دوو چاوە پڕ لە تروسکانەو بڕۆ ناسك و گۆنا هەڵگەڕاوەکانیەوە، لە ناوەندی کارگەکەدا ڕاوەستا. بلووزێکی سەوزی لەبەردا بوو و گەردنی چەندە بەرزتر لە جاران دەهاتە بەرچاو. دڵی بەخێرایی لێیدەدا. ئایا هەمیشە دڵی بە خێرایی لێدەدا؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئایا بە هەڵاتن هاتووە؟ هەمیشە بە هەڵاتن دەچێ بۆ شوێنان؟ ئەی بۆ چی دڵی بە توندی لێدەدا؟ ئەی ئەگەر کەسێك سەیری بکا لە دڵی گران دەهات؟ وە چەندە جوان بوو.

هەست بە دیتنی هیچ شتێك نەدەکرا. زەمان بێ دەنگ بوو و لە جووڵە کەوت. لەوێ، عەرزە شەقارشەقارەکان بەرەو ئاسۆ درزەیان تێدەکەوت و درێژ و درێژتر دەبوونەوەو بێ دەنگ بوو. گوڵەکان وشك ببوون و با سریوەی نەدەهات و، پێستە سەری مرۆڤ هەڵدەگەڕایەوە و لە بێ کێشییەکی رەوەکدا هەستی بە گووشارێکی پڕ لە زەحمەت دەکرد و بەتەمای تەقینەوە بوو. نە رۆژ بوو و نە شەو. ئەدی کەی بوو؟ وە لە بەرچی بەردەوام شتێك لە حاڵی لێداندا بوو؟

(دڵی تۆ.)

ئایدین لە نەکاو بە خۆیدا هات. لەبەرامبەر سوورمەدا راوەستا بوو. پێی وابووخەون دەبینێ.

(ئەوە دەلەرزی؟)

تەنیا توانی ئەمە بڵێ: (بیکە بۆ خاتری خوا لێرە برۆ.)

(بچمە کوێ؟) وەکوو مەخمەر دەنگی نەرم و نیان بوو. زایەڵەی دەدایەوە، بەسەر پەڕەی گوێ و پێلووی چاوەکانیدا دەخوشی. وە ئایدین لێی دەترسا. ترس لە ریسوا بوون. لەوە دەترسا ئەو کیژە دارکاری بکەن تا بەو جێیەی دەبێتە بەشەر. لەوە دەترسا بە ریسوا بوونەوە خۆی لەوێ دەربکەن و لە نێو شاردا جاڕ لێ بدەن کە ئەو نمەك بە حەرام دەرچووە. دەترسا. وە نەیدەزانی چی بکا. وتی: (ئەگەر لێرە تۆ ببینن بۆ هەر دووکمان خراپ دەبێ.)

(خراپ دەبێ؟ لەبەر چی خراپە؟)

لەوەی کە سوورمە نەیدەتوانی لەم بابەتانە تێبگا، ئایدینی ئازار دەدا. هەستی کرد چۆکەکانی دادێنەوە. وەکو مۆمێك توایەوە و کەوتە سەرچۆکان. وتی: (تووخوا لێرە برۆ.) بە پارانەوە. دەیەویست بگری.

ئەو جار سوورمە بە بێ ئەوەی سەرنجی پێبدات بە نێو کارگەکەدا سووڕێکی لێدا: (ترسی ئازێر، برای مەرگی خۆشەویستە.) پاشان بە ئیرادەیەکی تایبەت وتی: (بۆ هەرشوێنێ کە بە پێویستی بزانم من دەچم.) کتێبێك و دوو دانە رۆژنامەی بە دەستەوە بوو. لەسەر مێزەکەی دانا، تماشای دەلاقەی بن میچەکەی کرد و پاشان لە پشت مێزەکەی ئایدین دانیشت. دوو دانە بزماری

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چکۆلەی هەڵگرت و بە ورد بینییەکی سەیرەوە لە سەر مێزەکەی کووتا. ئامێری کارەکانی گرتە نێو دەست و پاشان ویستی قاوغێکی ناتەواو تەواو بکا کە لە دەستی نەهات. ئایدین وتی: (ڕێگەم بدە، وا نابێ.)

(بۆ خۆم دەزانم دەبێ چی بکەم.) وە پاشان وتی: (ئێرە شوێنێکی لەبار نییە. ئێوە ڕەنگتان بە روخسارەوە نەماوە، بەم ریشە درێژە و بەم پرچە ئاڵۆزەتانەوە، پیاو لێت دەتۆقێ.)

(چیبکەم؟ هەروا دەبێ.)

سوورمە بە توندی وڵامی دایەوە: (مرۆڤ توانای بە ئەنجام گەیاندنی هەموو شتێکی هەیە.)

(نێزیك بە دوو ساڵە کەس سەردانی نەکردووم، جگە لە جەنابی میرزاییان.)

(تۆ پیاوێکی ترسەنۆکی. من هاتوومە لات، بەڵام بۆ تۆ گرینگ نییە.)

(خانم، ئەورۆ بۆ من رۆژێکی زۆر گەورەیە.)

ئایدین هەستی کرد تینێکی نا بەوەخت بە نێو روخسارو گوێیەکانیدا وەربووە. وتی: (ئێستا ئیتر پێی راهاتووم.)

سوورمە هەر بەو جوورەی کە سەرقاڵی ئامێرەکان بوو وتی: (یەك دوو جاریش باوکم سەردانی کردووی.)

(بەڵێ، باوکت رووخۆش و لە دڵان شیرینە.)

(ئەی من؟)

(تۆ تۆفانی.)

سوورمە وتی: (یەکەم جار خۆمی پێ لە نێو دەچم. وانییە؟)

ئایدین وتی: (نا. چونکە تۆفان قەت لە نێو ناچێ.)

سوورمە وتی: (من ئافرەتم.)

ئایدین وتی: (مەحشەری.)

سوورمە وتی: (ئەمانە هەمووی هەستن. خۆ راستەقینە نییە.)

ئایدین وتی: (راستەقینەکانی من هەمووی تاڵن.)

سوورمە وتی: (ژیان لانی زۆری تاڵی و ناخۆشییە.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئایدین وتی: (ئێوە بۆ؟)

سوورمە وتی: (دەی. با واز بێنین.)

ئایدین وتی: (من ئەم دەلاقەیەم زۆر خۆش دەوێ.)

سوورمە وتی: (پۆتیشکا. لەبەرچی لات خۆشەویستە.) چاوی لە دەلاقەکە بڕی و لە خۆشیانا پێکەنی.

ئایدین وتی: (چونکە تۆ هەموو رۆژێ ئەوم بەسەردا دەکەیتەوە و بۆ ساتێ...) وە بێدەنگ بوو.

سوورمە دیسان پێکەنی. بە چەشنێك کە ئایدین پێی وابوو قسەیەکی منداڵانەی دەربڕیوە.

سوورمە وتی: (چ بایەخێکی لای تۆ هەیە؟)

ئایدین وتی: (خۆشحاڵم دەکا.)

سوورمە وتی: (هەر ئەوەندە.)

ئایدین وتی: (بەڵێ، هەرئەوەندە.)

سوورمە وتی: (سەیرە !) دەستی بە پلایسەکەدا هێنا و لە قەراغێك داینا و پاشان چەکوشەکەی هەڵگرت: (پێشتر قەت بۆت هەڵکەوتووە کەسێکت خۆش بوێ؟)

ئایدین وتی: (نا.)

سوورمە وتی: (بەڵام من چەند ساڵ بەر لە ئێستا مێردم کرد و پاش سێ مانگ بەدوای زەماوەندەکەمدا، مێردەکەم چەپی کرد.) سەری هەڵێنا و سەیری ئایدینی کرد: (وە مرد.)

ئایدین وتی: (نەمزانی بوو.)

(بە خۆشییەوە منداڵمان لێ پەیدا نەبوو.)

(خۆشت دەویست؟)

(قەت.)

(ئەی بۆچی زەماوەندت لەگەڵدا کرد؟)

(نازانم.)

(چۆنە ئەمرۆ هاتوویتە سەردانم؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(نازانم. هەروا حەزم کرد بێمە لات.)

(دەی باشە.) بەرە دەستی هەڵێنا بوەوە و ئێستا خەریك بوو لە پشت مێزەکە هەڵدەستا کە بروا. وە بە هەڵێنانەوەی هەر شەقاوێك بایەکی بە بسکەکانی دەدا. ئەو جار بەرەو هۆدەکەی ئایدین رۆشت. لە پێش هۆدەکە راوەستا. بە ئەنگووستێك پەردەکەی لادا و چووە ژوور. ئایدین نەیدەزانی لەوێ راوەستێ یان وەژوور بکەوێ. بۆ ساتێ راوەستا و دیسان پشووی راگرتەوە. پاشان کاتێ لێبڕا بۆ لادانی پەردەکە، سوورمە لەولاوە هاتە دەر. وتی: (کەمێ بە خۆت رابگە، ریشت بتاشە، پرچەکانت کورت بکەوە. جارجارە وەرە دەر با خۆرت وێ کەوێ.) هەر بەو جوورەی لەگەڵیدا دەدوا بە پلیکانەکاندا هەڵگەڕا. رۆشت.

قەلآفەتێکی قەرەج ئاسا کە جارجارە پرچەکانی شۆڕ دەکردەوە و جارجارەش مل پێچێکی لەسەر و ملی دەهاڵاند. هێندێ جار ئەرخەوانی پۆش و هێندێ جار رەنگی وەنەوشەیی دەپۆشی. جارجارە دلۆڤانە و هێندێ جار وشك و توورە. هەڵگرتنەوەی رازو نەهێنییەکانی ئەم کیژە قەرەج ئاسایە، ئایدینی کردبووە کۆتەڵێکی بەردین، هەڵ کووڕماو و مات، کە لە سەر لێواری قەرەوێڵەکە وشك ببوو و لە دڵرەقی بەردا نغرۆ ببوو. ئەو شەوە کەوتەوە یادی دایکە و ئایدا و یادی پلیکانەکانی ماڵەوە. دڵ تەنگ بوو بۆ ئەو ژێرزەمینەی کە بڵێسەی ئاگری لێ هەڵدەستا. وە کەوتە بیری جەمشیدی دەیلاق کە کورێکی لەبەر دلآن بوو. وە هەرکات بەو بالآ کەڵەگەتەیەوە دەهات، لە پێش ماڵێ، لاقێکی بە دیوارەکەوە دەنا و رادەوەستا تاکوو ئۆرهان دەهاتەوە.

ئەو شەوە هەموو شتێك و هەموو کەسێکی هاتەوە یاد. زەینی پڕو بەتاڵ دەبوەوە. نەیدەزانی مەبەست لە هاتنی سوورمە و ئەو هەمووە دواندنە چ بووە. وتبووی: (زۆر تەنیام. بیری لێ بکەوە، لە مێژ ساڵە تەنیام.)

حزووری سوورمە نەك هەر گشت ئەو کەشەی پرش دەکردەوە، بەڵکو لەبەرچاوی ئایدیندا بێ باکییەکەی لە رادەبەدەر بوو. گەرم. بزێو. پرشۆر و شەڕ. وە ئێستا کە رۆشتووە، دەتوت کێش و زەمانی لەگەڵ خۆیدا بردووە. وە بۆنێکی سەیرو سەمەرەی لە کفنکی ئایدیندا جێ هێشتبوو. بۆنی جۆرە فیتنەیەك، بۆنی تاڵی راچەنینی پاش خەونێکی جوان کە دەمەودەمی بەیانی دێتە چاوی مرۆڤ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتبووی: (ئەگەرمن بمەوێ شێعرم بۆ دەڵێی، دەیخوێنی؟)

(پێویستە حەتمەن گاڵتەم پێ بکەی؟)

(نا. نا. مەبەستێکی وام نییە. بەس دەمەوێ گوێم لە شێعرێك بێ. ئەگەر حەزناکەی ناچارت ناکەم.)

پاش چەند رۆژی دیکە، کاتێ ئایدین قاوغەکانی بە سماتە لووس دەکرد کە بۆ رەنگ لێدان ئامادەیان بکا، دوو تەقە لە دەرگا درا. ئایدین دەرگای کردەوە. سوورمە هاتە ژوور. سڵاوی کرد و وەك بڵێی شارەزای ئەو شوێنە بێ و لە کەسایەتی ئایدینیش دڵنیا بووبێ، بە بێ ئەوەی حاڵەتی کوون پشکنین و دڕدوونگی لە چاوەکانیدا دیاربێ، ئاوێنەیەك، پارچەیەکەی سپی و مەقەستێك بەدەستەوە، بەرەولای ئەسکەملەکە رۆشت و ئاماژەیدا بە ئایدین کە دانیشێ. وتی: (لە مێژە خۆت لە ئاوێنەدا نەدیوە؟)

(نا.) سەیری کرد. شەرم دایگرت کە بۆچی لێی رادەمینێ. بەڵام حەزی لێ بوو دیسان لە بن چاوەوە سەیری بکا.

ئاوێنەکەی لەسەر مێزەکە راگرت، ئەسکەملەکەی کێشایە دواوە و وتی: (زۆرباشە، دەی وەرە خۆت ببینە.)

ئایدین لەسەر ئەسکەملەکە دانیشت و سوورمە قووماشە سپییەکەی لە دەوری ملی هاڵاند و دەست بە کار بوو. بەبێ ئەوەی تەنانەت قسەیەکیش لەزاری هەڵوەرێ بە وردبینییەکی سەیرەوە پرچەکانی- بە شێوازێکی دایکانە- کورت کردەوە. ریش و سمێڵی رێك وپێك کرد. لە ئاوێنەکەدا، دەستەکانی هێندە بە گورجی لێك دەهاڵاند کە ئایدین پێی وابوو هەر ئێستا یەکێك لە قامکەکانی خۆی دەقرتێنێ.

سوورمە وتی: (پار دایکت هاتبوو بۆ ئێرە. دووجار.)

(دایکی من؟) وە رووی وەرگەراندەوە.

سوورمە وتی: (مەجووڵێ. هەربینا دیت گوێیەکت وەبن دەمی مەقەست بکەوێ.)

ئایدین وتی: (لەبەرچی هاتبوو؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سوورمە وتی: (لە دوای تۆ دەگەڕا. لە کارگەوە شوێنی تۆی هەڵگرتبوو و لەسەر ئەو قەناعەتە بوو کە تۆ لێرەیت.)

ئایدین وتی: (هەستێکی سەیری هەیە !)

سوورمە وتی: (بەڵێ. وە زۆری تۆ خۆش دەوێ.) وە لە بێدەنگییەکەی ئایدیندا درێژەی بە قسەکەی دایەوە: (وتی من زۆر شێوەی ئایدین و ئایدا دەدەمەوە. بەلآم چاوەکانی ئێوە رەش و تاتارییە. کەچی هی من کاڵە.)

ئایدین وتی: (دەتوانم سوێندی لەسەر بخۆم کە لەبەر وێك چوونمان ئەم قسەیەی نەکردووە. کۆمەڵێ نیشانەی لە تۆدا دیتوە کە پێی وابووە من لێرەم.)

سوورمە وتی: (رەنگە وابێ و رەنگە واش نەبێ.)

ئایدین وتی: (مانای ئەم قسەیە چییە کە رەنگە وابێ و رەنگە واش نەبێ؟)

سوورمە پێکەنی و وتی: (یانی ئەو لە هەستی منرا تێگەیشتووە.)

ئایدین وتی: (چما لە حاست مندا هەست شك دەبەی؟)

سوورمە وتی: (بۆچی هێندە دەجووڵێیتەوە؟ بەڵێ هەمە.)

ئایدین بە هێمنایەتییەکی تایبەتەوە وتی: (عەشقی تۆ لە ناخی مندا کۆن بووە. خانم.)

سوورمە وتی: (رەنگە وەك شەراب کۆن بووبێ.)

ئایدین وتی: (من بە پێی ئەدەب و ئەو ئەرکەی لە حاست بنەماڵەی تۆدا هەمبووە ئەو مافەم بە خۆم نەداوە کە تۆم خۆشبوێ.)

سوورمە وتی: (لەبەرچی؟) وە دەستی لە کار کێشایەوە. بە ئانیشکی پاڵی دا بە مێزەکە، رێك بەرامبەر بە روخساری ئایدین.

ئایدین وتی: (من لەوە ناڕەنجێم کە لێرەم دەربکەن، بەلآم ترسم لەوەیە باوکت لە حاست مندا هەست بە نەفرەت و بێزاری بکا.)

سوورمە وتی: (خەتای خۆت نییە. تۆ بە ترسەنۆکی بارهاتووی. گشت غیرەت و ورەیەکیان لە تۆدا کوشتووە. سەیری ئاوێنەکە بکە، سەیرکە چەندە پیرو تێکشکاوی.)

ئایدین وتی: (تۆ پێت وایە من نیازم بە بەزەیی پێدا هاتنەوەیە؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سوورمە دیسان لەسەر کارەکەی بەردەوام بوەوە: (هەموو کەسێك نیازی بە بەزەیی و خۆش ویستنە.) لە ناوەندی سەریەوە، کاکۆڵی لادا، شانەیەکی بە پرچەکانیدا هێنا و پاشان وتی: (سەیرکە، بووی بە عیسا مەسیح، بەس حەمامێکت ماوە.)

ئایدین سەیری خۆی کرد. هیچ کوێی وەك مەسیح نەدەچوو و، پتر وەك پیاوێکی تاتاری دەچوو کە پرچەکانیان رازاندبێتەوە. هەر چەندی دەکرد نەیدەتوانی لەبەر دەستی سوورمەدا بەر بە هرووژانی خۆی بگرێ. وتی: (لێرە هەمیشە ئاو گەرم دەکەم و خۆم دەشۆم.)

سوورمە وتی: (ئێمە حەمامان هەیە. لەمە بەدواوە ئەگەر ویستت دەتوانی کەڵك لە حەمامی ئێمە وەربگری.)

ئایدین پێشبەندەکەی تەکاند. پاشان چووە لای قاوغەکانی.

سوورمە وتی: (من حەز دەکەم سەیری کارکردنی تۆ بکەم.) بە نێو کارگەکەدا سوورێکی لێدا. ئەوجار لەسەر چۆك دانیشت و بە سماتە لێدان سەرقاڵ بوو.

ئایدین وتی: (تۆ دەستەکانت پیس مەکە.)

سوورمە وتی: (بۆچی هەمیشە غەمبارو رووگرژ دیاری؟)

ئایدین وتی: (نازانم. بۆ خۆشم تێناگەم.)

سوورمە وتی: (هەمیشە هەروا داڵغەت دەڕوا. دەڵێی پاپۆرەکانت لێ نووقم بووە.)

ئایدین وتی من لە رابردووە نادیارەکانمدا، لە دوای خۆم دەگەڕێم. ئێمە لە رابردوودا کۆمەڵێ شتمان هەیە کە ئێستا نەماون.)

سوورمە وتی: (وەك چی؟)

ئایدین وتی: (نازانم.)

سوورمە وتی: (لەمەبە دواوە هەموو رۆژێ دێم.) وە لە کاتی رۆشتندا، سەردانی ژوورەکەی ئایدینی کرد. لەسەر قەرەوێڵەکەی کەمێك دانیشت. لاپەڕەی کتێبەکانی هەڵدەدانەوە و، پاشان وتی: (تۆ دارتاشی؟)

ئایدین وتی: (سوورمەخان.)

سوورمە وتی: (سورمەلینا.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئایدین وتی: (سورمەلینا خان، ئەو شانازییەم پێ دەدەی تۆم خۆش بوێ؟)

سوورمە راوەستا. زەردەخەنەیەکی لێدا و بە زمان، لێوەکانی لەبەر یەك کردنەوە. وتی: (ئیختیار بەخۆتە.)

ئەوجار ئایدین ماچی کرد. بە هەموو هێزی خۆشەویستیەوە. وەك نیشتمانێك کە پێشتر تاسەی کردبێ، هەنگاوی بەرەو هەڵێنایەوەو کردی بە هی خۆی.

# 15

ئەرمەنییەکانی شار یان دەوروبەری شار، رۆژانی یەکشەمۆ پۆل پۆل دەهاتن بۆ کلیسە. دوعایەکیان دەخوێند، نەزرو نیازیان دەکرد و لە نێو حەوشە دڵگرو پڕ لە گوڵ و دارەکانی کلیسە ژەمی نێوەرۆیان دەخواردو ئێوارە دەگەڕانەوە. رووکاری بیناکە بە خشتی سوور هەڵچندرابوو کە دوو ریزە پەنجەرەی هەبوو و لە ناوەندیاندا، رێك لە پێش دەروازەی هاتنە ژووردا دوو ئەستوونی زۆر بەرز بە شێوازی [باروك] تا بن میچەکە هەڵکشا بوون و لە بان سەریانەوە کۆتر هێلانەیان تێدا دروست کردبوو. بۆ یادکردنەوە، کۆلەکەیەك لە ناوەندی حەوشە سەری لە عەرز هەڵێنابوو و کۆتەلی پیاوچاکێکی پیر بە سەریەوە قیت ببوەوە کە بە مەبەستی نزا کردن دەستەکانی بەرەو ئاسمان هەڵێنا بوەوە. وە باغچە چکۆلەکان لە دوولاوە دەوری بیناکەیان گرتبوو.

کاتژمێری سەردەری کلیسە، لە مێژساڵ بوو لە کارکردن وەستا بوو و دەروازە دارییەکەی هۆڵی کلیسە بە دەنگێکی نالەئاسایانە دەکرایەوە و دەبەسترا. لەو هەمووە مجێور ومالوو وکێشکگەرە، تەنیا ئافرەتێکی کورتە بالآ مابوەوە کە بەسەر گشت کارەکانی کلیسەو تەنانەت ماڵی گالوست میرزاییانیش رادەگەیشت.

رۆژانی یەك شەمۆ وێرای زیارەت چییەکان، دەست فرۆشەکانیش لە دەوروبەری کلیسە و کۆلآنی ئەرمەنستان و گەڕەکی گازراندا بووغچەیان پان دەکردەوە و، ئەو گەڕەکە چۆلەیان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەکردە شەممە بازار. گەڕەك پڕ دەبوو لە ڕۆژنامە فرۆش، باقلە فرۆش، بریانی فرۆش، جل وبەرگ فرۆش، سابوون کەرانی گووندەکانی دەوروتەنیشت، گەمانە فرۆشە دەست بڕەکان کە منداڵەکانیان بە تەفرە دەبرد، سەرتاشکان کە چایی دارچینیشیان دەفرۆشت، مۆم فرۆشەکان کە بە تەما بوون بەشی یەك ساڵ داهاتی خۆیان لەم نا موسڵمانانە دەربێنن، لە سەر کۆلآنەکان فایتوونچی‌یەکانیش کە چاوەڕێی هەڵگرتنی نەفەریان دەکرد، بەسەر فایتوونەوە وەنەوزیان دەدایەوە.

جگە لە ڕۆژانی یەکشەمۆ ئەگەر جار جار کەسێك دەمرد، یان کچ و کوڕێك زەماوەندیان کردبا، بەهەرحاڵ گەڕەکی ئەرمەنییەکان دیسان بڕەوی پەیدا دەکردەوە. گالوست میرزاییان فایتوونێکی بەرەو ماڵی قەشە ڕەوانە دەکرد، لە سوورمەی رادەسپارد خواردنێکی نەرم و پیرانە بۆ قەشە دروست بکا، بۆخۆی لەو ڕۆژانەدا نەدەچوو بۆ سەرکارەکەی و، لە میسیۆ سۆرینیشی داوا دەکرد بمێنێتەوە و چایی و قاوە بەسەر میوانەکاندا بگێڕێ.

لە ئێوارەیەکی وەك ئەم ڕۆژانە کە ڕۆژی پێنج شەمۆ بوو هەوا گەرم داهاتبوو، میسیۆ سۆرین بە مەبەستی قاوە خواردنێك و دواندنی ئایدین سەردانی کارگەکەی کرد. مادام یوگینە بۆی گێرابوەوە کە سوورمە بەردەوام کاتەکانی خۆی لەوێ تێپەر دەکاو، ئێستا بە تەمابوو شارەزایی لە ئایدین پەیدا بکا. بزانێ داخوا بۆچوونی چییە، لەبۆ دوارۆژی چی لەبەر چاودایە.

ئایدین وتی: (بەتەمایە تا چەند ڕۆژی دیکە لەوێ بڕوا. وە ئەم بابەتەی تا بە ئێستا بۆ کەس باس نەکردووە، بەلآم ئیتر تاقەتی لێ بڕاوە.)

میسیۆ سۆرین تاسا: (بڕۆی؟ بۆ کوێ؟)

ئایدین وتی: (تاران.)

(لەبەرچی؟)

(بۆ خوێندن. بۆ ژیان. وەك خەڵکانی دیکە.)

(بەم بەدواداچوون و شوێن کەوتنە، بەم بارودۆخە خراپەوە ،پێم وانەبێ ڕێگا چارەیەکی ژیرانەبێ.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(رەنگە. بەڵام لەم کارگەیەو لەم ژێرزەمینەدا چوار ساڵ لە تەمەنم بە فیرۆ چووە. دەڵێی بە مەقەست قرتاندوویانەو فڕێدراوە. دەمەوێ بڕۆم بەڵکوو بزانم چم لەبۆ خۆم لەدەست دێ. میسیۆ سۆرین، من زیانێکی زۆرم وێ کەوتووە. بەڵگەنامەی خوێندنەکەم سووتاوە، نووسراوە و شێعرەکانم سوتاون، دەڵێی رابردوویان لێ پچراندووم. هەست دەکەم بێ واز و ناحەملاوم. وە سەرئەنجام رۆشتنەکەم باشترە.)

میسیۆ سۆرین نیگەران و ئاڵۆز دیار بوو، لە کردار و روخساریدا هەمووی ئەم حاڵەتانەی پێوە دیار بوو. لە سەرمێزەکە بزمارەکانی هەڵدەرشت و دیسان کۆی دەکردنەوە، دەرگای سندووقەکەی دەبەست و، دیسان بزمارەکانی بلاّو دەکردنەوە. قاوغە وێنەکانی لەسەر یەك هەڵدەچنی و دیسان دەستی بەرەو چەکوشەکە درێژ دەکردەوە. دیار بوو عەسەبییە.

وتی: (من ئەو مافە بە تۆ دەدەم. ئەگەرچی لەسەردەمێکدا بارو دۆخی ژیانی منیش لە تۆ خراپتر بووە. منیش ژیانم سووتا. خێزانم مرد، دانیاڵی کوڕم کە تەمەنی یەك ساڵە بوو، مرد. شەڕ هەموومانی لەبەر یەك ترازاند. لەو هەمووە شادی و ژیانەم، تەنیا سوورمەم بۆ ماوەتەوە کە ئەویش باری ژیانی لە من باشتر نەبووە. رەنگە بۆ تۆی باس نەکردبێ، بەڵام زەماوەندێکی شووم و ناکامی هەبوو. سێ مانگ پاش زەماوەندەکەیان مێردەکەی مرد. پاشانیش بە تێپەر بوونی زەمان سوورمەش حەز و مەیل و تواناییەکانی لەدەست دا. کوڕە مام و کوڕە پوورەکانی یەك لەدوای یەك خوازبێنیان لێ دەکرد بەڵام ئەو نەچووە ژێر بار. ئێمەش نەماندەتوانی ناچاری بکەین. دەی، مایەوە. ئێستا تووشی وەسواس بووە و بە گوومانەوە سیری پیاوەکان دەکا. نە پێم دەکرێ بینێرم بۆ ئیرەوان، نە حەز بە مانەوەشی دەکەم. بەڵام هەموو شتێکم پشت گوێ خستووە و رۆژگاریش تێدەپەرێ. ئەمە ژیانی ئێمەیە. دەبینی، ژیانی ئێمە لە تۆ باشتر نییە. لەگەڵ چارەنووسیشدا شەڕمان پێناکرێ.)

ئایدین وتی: (بەڵێ راستە ئێوەش سووتاون، بەڵام ئەنجامەکەی؟ من دەبێ تا دواکاتەکانی تەمەنم لێرە، لەم ژێرزەمینە شەدارو تاریکەدا بمێنمەوە و بەرهەم هێنەری قاوغی وێنە بم. بە بێ ئەوەی بزانم پارەکەی چ سوودێکی بۆ من هەیە. بە بێ ئەوەی کەڵك لە ژیانی کۆمەلایەتی وەربگرم. ئەی من بۆچی لە دایك بووم؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

میسیۆ سۆرین وتی: (ئەی چۆنە لە نەکاو هاتوویتە سەر ئەم بریارە؟)

ئایدین وتی: (من زۆرم بیر لێ کردۆتەوە. دەرفەتێکی زۆرم بۆ بیرکردنەوە هەبوو، ئێستا...)

میسیۆ سۆرین وتی: (تۆ لاوی، لە نیشتمانی خۆتدا دەژیت، خوێندەواری، کوڕێکی تێگێشتووی، بەلآم بۆ دەبێ وات لێ بەسەر هاتبێ؟)

ئایدین وتی: (ئەمە قوڕی باوکمە کە دەیشێلم.)

وە پاشان قسەی دڵیان یەکی گرتەوە. وەك ئەوەی هەردووکیان یەك کەس بن کە ناڵەیان لێ دەبێتەوە. هەر دووکیان تێکشکاو و هیلاك و غەمگین. کاتێ میسیۆ سۆرین دەرۆشت، لە دوایین کاتەکاندا وتی: (دیسان بیری لێ بکەوە. رەنگە رێگا چارەی دیکەش هەبێ.)

کاتێ شەو زرینگایەوە، بێدەنگی خۆی بەسەر ولآتدا کێشا. سوورمە بە پلیکانەکاندا داگەڕا. لە دەرگای داو وەژوور کەوت. ئەو رۆژە هێندە سەرقاڵ و گرفتار بوو کە بۆی نەکرا سەردانی ئایدین بکا. وە ئێستا دیار بوو کە شەمزاو و ئالۆزاوە. رۆژنامەکەی لەسەر مێزەکە دانا وچوو بۆ هۆدەکە. لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشت و وەك ئەوەی تماشای بەربوونەوەی فرۆکەیەك بکا، لە ئایدین راما. کاتێکی زۆر لە بێدەنگیدا تێپەری.

ئایدین وتی: (دیارە زۆریان ماندوو کردوی.)

سوورمە وتی: (بە تەمای رۆشتنی؟)

(باوکت باسی کرد؟)

(ئەرێ.)

وە ئایدین وتی: (ئەرێ.)

(ئەی بۆچی لای من باست نەکردبوو؟)

(بریا بە میسیۆ سۆرینیشم نە وتبا.)

(هەر ئەوەندە؟)

ئایدین بێدەنگی راگرت. تا بە ئەو رۆژە سوورمەی هێندە بە پەرێشانی نەدیتبوو.

(ئەی من چی بکەم؟)

ئایدین وتی: (من بۆ تۆ نابم. سوورمە بڕوا بکە.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(تۆ بۆ وات لێ بەسەر هاتووە؟)

(من لە خۆشم بێزارم. تاقەتم لێ بڕاوە. دڵم خەریکە دەڕزێ.)

(ئەی من چی؟)

(نازانم.)

(ئایدین.)

ئایدین سەیری کرد. سوورمە قسەی لێ بڕا بوو. بۆ چەند ساتێ چاویان لە یەکتر بڕی بوو. پاشان لە حاڵێکا سوورمە دەلەرزی و بە زەحمەت دەیتوانی بەسەر خۆیدا زاڵ ببێ، وتی: (ئەی ئەو هەمووە قسە جوانانە...) وە چاو لە عەرز راما.

ئایدین وتی: (ئەو قسانە هەموویان هەست و سۆزی راستەقینەی من بوون. ئێستاش هەروام. بەڵام بەر لەوەی گیرۆدەی تۆ ببم دەبێ لێرە بڕۆم. دەبێ هەست و سۆز لە دڵمدا بکووژم. دەبێ ئەوین لە نێو دڵمدا بخنکێنم.)

فرمێسکەکانی سوورمە بە سەر گۆنایدا لووز دەبوونەوە و بە هێمنایەتییەکی تایبەتەوە قسەی دەکرد: (خۆشەویستی تۆ کارێکی سادە و هاسان نییە.)

(سورمە، بڕوا بکە. من بۆ تۆ نابم.)

(قسەی وا مەکە.)

(من مرۆڤێکی دڵ رەق نیم، سوورمە. لەم شوێنەدا هەر رۆژێك بۆ من بە هەزار رۆژە. ئەگەر لەبەر دڵی خۆم یان لەبەر خۆشەویستی تۆ بوایە، دەمامەوە. بەڵام من حەز دەکەم شاعیریش بم، دەبێ ئەم هەستە لە خۆمدا بە ئاگا بێنمەوە. من لە هەموو شتێك دابڕاوم.)

(لانی کەم رێگەم بدە لەگەڵ تۆ بێم.)

ئایدین وتی: (بۆ کوێ.)

سوورمە وتی: (بۆ هەر شوێنێك کە تۆ دەچی.)

ئایدین وتی: (ئەم قسەیە ژیرانە نییە. لە شارێکدا کە من هیچ ناسیاوێك شك نابەم، چۆن دەتوانم تۆش سەرگەردان بکەم؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سوورمە وتی: (ئەمە لە رووی ویژدانەوە نییە.) وە بەری گریانەکەی تەقی و بە هۆنەهۆن لەوێ رۆشت.

ئەو شەوە ئایدین لە خەونیدا دیتی، بووە بە مەسیح، تانجێکی دڕك لەسەر و خاچێك بە کۆڵیەوە. ئەویان بەرەو بیابانێك دەبرد کە لەوێدا بە خاچیدا بکەن. کەسێك قامچی کوتی دەکرد و دەیوت: (خێراتر، خێراتر.) وە ئەو لە توانایدا نەبوو ئەو خاچە قوورسە هەڵبگرێ. لاقەکانی بڕستیان لێ بڕابوو و، دەتوت دڵی لە لێدان کەوتبوو. لەو دوور دوورانە، ئافرەتێك کە شێوەی ئایدای دەدایەوە شینی بۆ دەگێڕا و، با- ش دەیلووراند.

بۆ رۆژی دواتر لە کاتی رۆژنامە خوێندندا، هەر لە بیری خەونەکەی دوێشەویدا نەبوو. نان و چای نیوەرۆی خواردبوو و بە پەڕ هەڵدانەوەی رۆژنامەکانەوە خەریك بوو، لە لاپەڕەی سێهەمی رۆژنامەی ئیتلاعاتی پێنچ شەمۆ شازدەی خەرمانان بە مانشێتێکی گەورە نووسرابوو: (ئافرەتێك بە ناوی ئایدا لە ئابادان خۆی سووتاند.)

لە ژێر مانشێتەکەشدا نووسرابوو: (ئەم ئافرەتە گەنجە لە بەرامبەر چاوە حەپەساو و پڕ لە گریانەکانی کوڕەکەیدا، لە نیوەشەوی یەکشەمۆ، بە نەوت ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداو هێندە سووتا تاکوو گیانی لە دەستدا. کەس بە دەرەوە نەبوو کە فریای کەوێ و، کاربە دەستانی ئاسایش کاتێ...)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# مۆقەمەنی سێهەم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەور برووسکەیەکی بە هەیبەتی لێبووەوە، بە دەنگێکی سامناك و لێزمەی بارانەوە. زایەڵەی دەنگەکەی باڵی بەسەر شاردا کێشا و بە نەعڕەتە دوورکەوتەوە. وە ئەو سەیری هەورە ڕەشەکانی ژوور سەری کرد، خۆی گەیاندە بن ساباتی دووکانی سەعات سازی دروستکار و لە پەنای راوەستا. دەست لە گیرفان و زەردەخەنەیەك لەسەر روو، کە رواڵەتێکی غەمناکتری پێدەبەخشی.

لە دڵی خۆیدا وتی: (لە ئاسماندا هەڵاڵەیەکی گەورە تەقییەوە، پەڕپەڕبوونی دڵۆپە ساردەکان، بارانی شکۆفەکان.) وە پاشان هەرچەندی بیر لێ کردەوە نەیتوانی پاشماوەی شیعرەکەی بێنێتەوە یاد. دیسان نیگایەکی رەوانەی ئاسمان کردو پاشان بەرەو دەرگا داخراوەکەی قاوەفرۆشی [سۆرین]ی وەرسووراندەوە. لە هاوینێرا فیری سیگار ببوو. شقارتەی لێدا. بەڵام باگژەی ئەو لێزمە بارانە بواری پێنەدا. ئەو جار هەر دوو دەستی بۆ گرێداو شقارتەی لێداو، ئەمجارە سیگارەکەی پێ داگیراند. ددانەکانی گڕ کردەوە و بیری لە پیاسەکانی من کردەوە. بە پەلە چاوێکی بە نێو حەشاماتەکەدا خووشاند، کەس وەکوو من بەرێدا نەدەرۆشت. تەنانەت کیژە خوێندکارەکانیش کە لە قووتابخانەڕا بەرەوماڵ دەگەڕانەوە، بەو مانتۆ سوورمەیی و گۆرەوییە سپییانە و کتێبی بن هەنگەڵیانەوەو، ئەو هەرا و هاوارەی کە دەتوت لە ژێر باراندا سەمادەکەن، لە وزەیاندا نەبوو بۆ ساتێك سەرنجی ئەو بەرەو لای خۆیان رابکێشن. تەوقی پەمۆییشیان لە پرچەکانیان بەستبوو. یەکێکیان بسکی رەش بوو. بەڵام هیچ کام لەو کیژانە نەیاندەتوانی وەك من بەرێدا برۆن.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

من بە پەلەپەل دەڕۆیشتم و باسەکەکانم لە هەردوو لای شانمەوە رادەوەشاند، وەك جۆلانـە دەهاتن و دەچوون. وە قەڵەم بازەکانم هەر وەك ئەسپی پێشبرکێیەکان دەچوون. وە کاتێ رادەبردم، تەنانەت ئەو کاتانەی بە نەرمی بە رێدا دەرۆشتم، بسکەکانم لە پشت سەرمـەوە هـەڵدەستان و هـەر ئـەم حاڵـەتـەش وای لـێ کردبـوو کـە پێـی وابـێ مـن قـەڵـەم بـازدەدەم. وە سـەری دەر نـەدەکـرد لـە هۆکاری بنەرەتی ئەم عیشوەیە. بەس پەریشان بوو. لە ئاسمانی روانـی. بـاران بـە خـۆڕ دەبـاری و بەستەڵەکە قوڕاوییەکەی سەر جادەی دەشۆردەوە. دارەکـان هـەرەتـی چرۆکردنیـان بـوو. مـن خێـرا بەرێدا دەرۆشتم.

پێی وتبووم: (پێم وابوو ئێستا لاقەکانت لێك دەهاڵێن و بەعەرزیدا دەکەوی.)

من وتبـووم: (ئاڵبـاڵوو.) بـەڵام ئـەوەی راسـتـی بـێ مـەبـەسـتم لـەوە بـوو وەك خوونچـەی گـوڵ لێوەکانمی بۆ تەنگ بکەمەوە. وە لەو حەوشـە زل و پڕ لـە دارو گوڵـەدا، لـەسـەر جۆلانـە دانیشم و خۆم راژەنم.

وتم: (دەخۆی؟)

وتـی: (نا.) وە لەسەر لێواری حەوزەکە دانیشت. کۆت و شەرواڵێکی خەنەیی لەبەردا بوو، بە کراسێکی شینەوە.

وتم: (گرینگ نییە.) لە راژاندنەکەم راما.

وتم: (لاوا؟) وە پێکەنیم، سەرم بۆ لار کردەوە.

وتـی: (لاوا.)

وتم: (ئینیچ پەسێس؟)

ئێستا هەرچەندی بیر لێ دەکردەوە ئەم وشەیەی بیر نـەدەهاتـەوە. زەختـی خستە سـەر زەینـی. بـەڵام بێهوودە بـوو. لـە دەرگـا داخـراوەکـەی قـاوەفرۆشـی روانـی و، راوەستا تـاکوو بـاران خـۆش بکاتەوە. دەستی چـەپ و سـێ قامك لـە دەستی راسـتی لـە گیرفانـەکانیدا جـێ کـردەوە. وە بـەردەوام مژی لە سیگارەکەی هەڵدەگرتەوە. کەسێك سڵاوی لێ کرد. گۆێی لێ نەبـوو. بـەراستـی نـەیبیست. بیری لەمن دەکردەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئـەودەم بـاران بـاری و ئیتر مـن جۆلانـەم نـەکرد. رووپێلـی حـەوزەکـە پڕ ببـوو لـە شـەپۆلی خڕاوخڕ و بچکۆلە و، ماسییەکان خۆیان بۆ هەڵداویشت بەڵکوو بلّقی بارانـەکان قوت بدەن. وتـی: (وا هەست دەکەم ئەم بارانە بۆ من دەباری.)

وە لە سیلەی چاوەوە وەهای سەیر کردم کە ناچار بووم دیسان بڵێمەوە: (ئاڵباڵوو.)

وتی: (تۆش لەبەر من هێندە جوان بووی.)

وتم: (خۆمن هیچم نەکردووە. نە ئارایش، نـە هیچ شتێکی دیکە. بەس حەمامم کردووە.)

وتی: (تۆ هەمیشە دەچی بۆ حەمام؟)

وتم: (تووڕەم دەکەی.)

چووین بۆ نێو بیناکە. لـەکن پلیکانـەکان دەستی گرتم. وە دەنگی خێرای لێدانـەکانی دڵـی، لـە دەستەکانیڕا بە گوێم دەگەیشت. پاشـان وەسـەر کـەوتین. ژووری سـەرەوە پـەردەکانی سپی بوون. هەموویانم لادا تاکوو بە جوانی بارانەکەمان لێ دیاربێ.

وتی: (دارەکان لەبەر من چرۆیان دەرکردووە.) وە بە سـەری پـەنجـەی، چـەند تاڵـەمووی لەسەر تەوێلێ لادا و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە وتی: (بەڵام نازانم من لەبەرچی زیندووم.)

کەس نەیدەتوانی لە قولایی چاوەکانی تێبگا. وە من هەر لە سـەرتاوە لـەم بابـەتـە تێگێشتبووم. ئەو شەوەی کە هاتە نێو ژیانی ئێمە، جبـە پۆشێکی تـەور لـە شـان بـوو کـە شـەقاوی بـەرز بـەرزی هـەڵدینایـەوە. بـە زەبری تـەورێك، کۆڵکە دارێکی دەکرد بـە دوولـەت و لـەگـەڵ هـەر زەبرێکدا بـە ناڵەوە دەیوت: (هەء.) بەڵام بە چەشنێک باریان هێنابوو کە ئاکارو رەوشتی جیاوازی هەبێ لەگەڵ خەڵکی دیکە. دیتنی سەبارەت بە دونیا، زۆر لەوە سوورتر بوو کە خەڵکی بیریان لێدەکردەوە. ئـەو شەوە وای تێگەیشتم کە هۆی ترسنۆکیەتی کە تووشی ئەم حاڵەتەی کردووە، بەڵام دواتر هەستم بە هەڵەدا چوونەکەی خۆم کرد. تێگەیشتم کە دەرك پێکردنی ئەو لە بۆن کردنی گوڵێك ئاسانترە. هەر ئەوەندە بەس بوو کەسێك چاوی پێ بکەوێ. وە من نازانم ئایا دایکیشی بە قەرای من ئـەوی خۆش دەویست؟ ئایا کەس دەیتوانی لەم بابەتە تێبگا کە خۆشەویستی ئەو چ تام و چێژێکی هەیە، مرۆڤ لـە چ ئـەبـەدییـەتێك نێزیـك دەخاتـەوە؟ مرۆڤ پڕ دەکا، پڕ. بـە چـەشنێك کـە ئیتر نـەیـەوێ بیر لـە بابەتێکی دیکە بکاتەوە. نەیەوێ دڵی بۆ مرۆڤێکی دیکە بلەرزێ و قەت تووشی گوومان و دوو دڵی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نەبێ. نا. ئەو هەر بەو باڵتە درێژو جاکەتە زبر و دەست چنەیەی و پاپاخە کۆنەکەیەوە، بە تەنیا هەر رواڵەت نەبوو. ئەگەر ئەم بەرگ و پۆششەت لێ هەڵگرتبایە، خۆر هەڵدەهات.

بەردەوام بۆنی دار و پۆلیشی دەدایەوە. ساڵێك دەبوو کە ئەم بۆنەم لە پوتشیکاڕا دەناسی. کاتێ دەلاقەم بەسەردا دەکردەوە کە رۆژنامەکەی بۆ بەردەمەوە، بۆنی پۆلیش و ئەلکۆل و دار دەهاتە بەر کفنکم و حەزم پێدەکرد. لەنەکاو بێدەنگییەك زەینی داگرت. هەرچییەك بووبێ، بۆشایی یان بێ کێشییەک بووە. چاوەکانی ئایدین لەبەر یەك ترازان، باران، ئەو مرۆڤانەی کە هەڵدەهاتن، چەترێکی رەش، تابڵۆی قاوەفرۆشی سۆرین و، ئەو شتانە گشتیان بەیەك کەرەت هاتنە بەرچاوی. بێدەنگییەکی سامناك جێگای هەموو ئەو مرۆڤانەی پڕ کردەوە کە زەینیان داگرتبوو و ئەو ئیتر بیری نەدەهاتەوە کە بیری لە چ کەسانێك دەکردەوە. بەس شیرنایی پاشماوەی یادێکی خۆش ئازاری دەدا کە هەتا دەهات بیدۆزێتەوە، ئایدا پەیدا دەبوو. هیچ شتێکی دیکەشی لەگەڵدا نەدەکرا. ئایدا لەزەینیدا پێدەکەنی و، لەبن سێبەرەکان ئاگری دەکردەوە تاکوو چایی بۆ باوکە دروست بکا. منداڵەکەی، سۆهرابیش لە باوەشی ئایدیندا بوو و، ئەویش پاڵی بە دارەکەوە نابوو، منداڵەکەی رادەژەنی و کتێبیشی دەخوێندەوە.

باوکە وتی: (ئایدین، چی دەخوێنیتەوە؟)

ئایدین وتی: (شیعر ئەزبەر دەکەم.)

دایکە کاڵەکی بۆ ئایدین لەرەندە دابوو، کەوچکێکیش شەکری پێداکردو پارچە سەهۆلەکان لەسەر کاڵەکەکە بریقەیان دەدایەوە. باوکە وتی: (ئەی بۆ ئۆرهان !؟)

دایکە وتی: (زل و بێکار دانیشتووە، دەی با بێت و بەشی خۆی هەڵبگرێ و بخوا.)

باوکە وتی: (چما ئەوەی دیکەت ساڵ دوازدەمانگ، هێلکەی دوو زەردێنەت بۆ دەکا؟)

دایکە وتی: (لەخوا بەزیادبێ هەمووتان دوو زەردێنەن.)

باوکەوتی: (خۆمن چاوم لە کالەکێك نییە. مەبەستم لەوەیە لە نێوان منداڵەکاندا جیاوازی دروست مەکە.)

دایکە وتی: (رەنگە وەك تۆ بم باشە.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لە مێژساڵ بوو تۆوی رق و کینە رژابوو و هەر ئەوەندە بەس بوو کەسێك بیکێڵێ. وە هەر دەبوایە منداڵەکان لەوانەوە فێر بن.

من ئاراستەی زەینی ئەوم گرت و دیسان داگیرم کردەوە. بەلاّم بە نیاز نەبووم ئازاری بدەم. بۆ خۆی حەزی دەکرد بەربینگی بەرنەدەم. دەیویست پێی بڵێم: (پرچی سەر وەکوو باغچە وایە، پێویستە بەردەوام پارێزگاری لێ بکرێ.) وە من ئەم قسەیەم پێوت. وە پەنجەم خستە مابەینی پرچەکانی. هەستم کرد گەرم داهاتووم. وتم: (بەلاّم وەستایەکی باش نیم.)

وتی: (قەیدی ناکا، خانم. هەر بۆ ئەوەی زەحمەتت وەبەرخۆت داوە، جێی سوپاس کردنە.)

وتم: (بێ تاقەت نابی؟)

وتی: (لەبەرچی؟)

وتم: (لەم کارگەیە. لەوەی کە یەك ساڵ و نیوە تاك و تەنیا بەسەر دەبەی.)

وتی: (لەگەڵی ڕاهاتووم.) وە چاوەکانی بەست و ئەو دەرفەتەی بۆ من رەخساند کە بە ئاسوودەیی پرچەکانی بۆ رێك بکەم. ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕی کە زانیم حەزی لێیە هەمیشە خۆ بە پرچەکانیەوە خەریك بکەم. بەلاّم بە خۆمی نەوتبوو. وە دەبوو خۆم بمزانیبایە کە حەزی لێیە روخساری نەوازیشت بکەم. چەند جاران هەڵدەستایەوە: (ناخەوی؟)

(نا. دەمەوێ لە کاتی نووستندا سەیرت بکەم.)

بە هێوری، هێمنایەتییەکی کەم وێنەوە خەو دایگرت. لە نێو دەستەکانمدا خۆی خاو دەکردەوە و خەوی لێ دەکەوت. بەیانییەك، پاش تێپەربوونی چەند مانگ بەسەر مەرگی ئایدادا، کاتێ لە خەو هەستا، من هێشتا دانیشتبووم و پرچە خاوەکانیم نەوازیشت دەکرد. هەستا، لەبەرمدا چۆکی دادا، دەستەکانی ماچکردم و گریا. وتی: (هەر لەبەر ئەم شتانەتە کە ناتوانم دڵت لێ بگۆرم.)

مەرگی ئایدا زیانێکی قورسی بە رۆحی گەیاندبوو. هەستی بە دڵتەنگی و تەنیایی دەکرد. نەیدەتوانی شەوانە بە ئاسوودەیی بخەوێ. تووشی کامووس دەبوو. عارەقەی دەکردەوە، وەرینەی دەوت، بە بیانووی جۆراوجۆرەوە دەگریا، دەیوت: (دروازسێیەکانی وتوویانە ئابادانی لەو شەوەدا ئایدای لە ماڵ وەدەرناوە. جا هۆیەکەی چی بوو؟ کەس نازانێ. رۆژنامەکانیش لەم بابەتە نەدواون. ئەو ناپیاوەش هەڵات بۆ ئەمەریکا. وای بۆ دەچم کە دەبێ ئایدا لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا بووبێ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کە نە رووی گەڕانەوەی هەبووە بۆ ئەردەبیل، نە پێی کراوە بچێتە شوێنێکی دیکە. دەی، ئەم بەڵایەشی بەسەر خۆیدا ...)

من لە زەینی هاتبوومە دەر و ئایدا جێگای پڕکردبوومەوە. لە شوێنێك راوەستابوو و نینوکەکانی خۆی دەجووت.

باوکە وتی: (ئەو جیازییەی کە بۆم لەبەر چاو گرتووی شیاوی پیاوێکی وەك من نییە. بەڵام بۆ کەسێك کە پشت لە بەختی خۆی بکا، نابێ لەوە زیاتر چاوەڕوانی هەبێ.) وەك ئەو قسەیەی کە چەندین ساڵ پێشتر بە ئایدینی وتبوو: (تۆ شیاوی ئەوەنیت کۆت و شەرواڵی پەشمی لەبەر بکەی. قاتێکی [کازروونی]ت ([21]) بۆ دەکەڕم کە ئیتر قسەی زلتر لە خۆت نەکەی.) وە ئایدین ئەو کۆت و شەرواڵەی قەت لەبەر نەکرد و وتبووی: (من جلکە کۆنەکانم بە خاوێنی رادەگرم.)

هەورو باران هەروا بەردەوام بوو. لە قووڵکەکانی نێو شەقامدا ئاو کۆ ببوەوە و جارجارە کە ئوتومۆبێلێك بەوێدا تێدەپەڕی قوڕاوەکەی بەم لاو ئەولادا دەپرژاند. رێبوارانی نێو شەقامەکە لە بن ساباتی دوکانەکان کۆببونەوە و، شەقام کەسی تێدا نەبوو. بۆ ژن هێنانی ئایدین دایکە چەندەی داکۆکی کردبوو. بەردەوام دەیوت: (دەتەوێ کچی خاڵە ناسرت بۆ بخوازم؟)

وتبووی: (دایە، واز لەو قسانە بێنە!) وە کەوتبووە یادی من.

دایکە دەیوت: (وەرە سەیری وێنەکەی بکە. تەماشاکە چەندە جوان بووە.)

(دایە، بۆ خۆم لێرەدا زیادیم، دەتەوێ کچی خاڵە ناسر بێنی کە چیت بۆ بکا؟)

دایکە وتی: (کەیفی خۆتە.) بێدەنگی راگرت و دیسان ئایدین کەوتەوە یادی من.

وە ئێستا من بۆ جارێکی دیکە گەڕابوومەوە نێو زەینی. بە کراسێکی ئەرخەوانی، قۆڵە درێژەکانی، سەرسینگە داخراوەکەی، داوێنی تا بن ئەژنۆم و، پێڵاوێکیی رەش. هەر بەو جۆرەی کە ئەو حەزی پێدەکرد و کاتێ لێم رادەما، دەست هەڵگر نەدەبوو. پڕ بە دڵ حەزی دەکرد لە پێش چاویدا بجووڵێمەوە، چایی بێنم، کتێبەکان بخەمە نێو دۆڵابەکە، کۆلکە دارێك بخەمە نێو شومینەکەو، لە کاتی کارکردندا قسان بکەم. وە منیش هەر بەم کاتانە دڵخۆش بووم. قسەم بۆ دەکرد، پەردەکانم رادەکێشا، دەمکردنەوەو، بەردەوام لە دوای کارێك دەگەڕام کە لە پێش چاویدا بە

---

[21] **جۆرە قوماشێکی هەرزان باییە.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەنجامی بگەیێنم. چوونکە حەزی دەکرد بە پێش چاویدا بێم و بچم و، من پاش ماوەیەکی زۆر بەم شتەم زانی. هەمیشە زەمەن وەکوو با تێپەڕ دەبوو و من نیگەرانی ئەوە بووم کە نەکا جێم بێڵێ.

وتم: (چۆنت را لەسەر بێ ئاوا دەژیم، هەر کارێکت حەز لێ بێ بۆت بە ئەنجام دەگەیەنم، تۆ بڵێ بمرە. دەمرم.)

بە بێدەنگی لەسەر ئەسکەملەکەی دانیشتبوو و سەیری دەکردم. وتم: (تۆ ئیمپراتۆریەتی مووتڵەقی منی.)

پێکەنی. هەستا، چەند شەقاوێك بەرەو پەنجەرەکە رۆشت کە وام هەست کرد بە تەمایە بەرەو ماڵ بگەڕێتەوە. بەلآم دووبارە هاتەوە و لەسەر ئەسکەملەکەی دانیشتەوە. حەزم دەکرد لە بەرامبەریدا شتێك دەربڕم کە پێم بزانێ من چەندەم خۆش دەوێ. وتم: (تۆ مەسیحی منی.) لەبەر پێیدا چۆکم دادا، هێمای خاچم کێشایەوە، دەستەکانم خستە سەر سینگم و بە حاڵەتی رێز لێ نانەوە سەرم بۆ دانواند. ماچێکی لە تەوێڵم هەڵگرتەوە. هەمیشە دڵم بۆ ئەو ساتانە لێی دەدا کە چاوم پێی دەکەوێ. نەمدەزانی لەچی دەترسام کە ئەگەر نەیەتە لام، من چی دەکەم؟ وتم دەبێ ئەوین بە هەموو پانتا بەرفراوانەکانیەوە وەربگرین. ناکرێ تەنیا لە جەستەدا ئەوین بدۆزینەوە، بەڵکوو دەبێ لە جەستە و گیان و هەوادا بۆی بگەڕێین. لە ئاوێنە، لە خەودا، لە کاتی هەناسە هەڵکێشان دا، ئەو کاتانەی کە دەڵێی بە نێو سییەکاندا دەڕوا و، مرۆڤ بەردەوام هەست دەکا گەورەو گەورەتر دەبێ. وە لە کاتێکا تێگەیشتم کە پانتای ئەوین چەندە بەرفراوان دەبوەوە کە ئەو بۆ ماوەی یەك مانگ سەری بە ماڵی ئێمەدا نەکردەوە، لە رۆژانی مەرگی ئایداو، لەو کاتەیدا کە ئەو پاش چوار ساڵان گەرابوەوە بۆ ماڵی باوکی.

رۆژێك لە بەردەم کلیسە دانیشتبووم و بە تەماشاکردنی باخچەکەمانەوە سەرقاڵ بووم. ئەو رۆژە باخچەکانی حەوشە و، کلیسە پڕ ببون لە پەپوولەی زەردوشین. ئەگەر لەو رۆژەدا کەسێك بە منی راگەیاندبوایە کە دوو باڵ لە سەرشانەکانم رووان لام سەیروسەمەرە نەدەبوو. چوونکە ئامادەگی ئەوەم تێدا دروست ببوو کە ببمە بوونەوەرێکی دیکە. سەعات چواری پاش نیوەرۆ ئایدین هات. تێکشکاوتر بوو لە جاران. وەك مرۆڤێك کە بەرەو گۆرستان هەنگاو دەنێ، وشك و غەمگین و ژاکاو.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لە خۆشیانا ویستم بقیژێنم بەلآم رووم پێ نەدا. بەرەو بیناکەمان رۆشتم، بە پەلە خۆم گەیاندە نهۆمی سەرەوە و لە پشت پەردەکانەوە سەیرم کرد. وەك ئەوەی لە بێ کێشیەکی نامۆدا بتلێتەوە. بڕوای نەدەکرد لە حاست ئەودا بێوازیم لە خۆ پیشان دابێ. بۆ ماوەیەك لەبەر دەم کلیسە، هەر ئەو شوێنەی کەمن لەوێ دانیشتبووم، راوەستا. پاشان لە حەوشەی کلیسە، لەسەر چەوەکان پیاسەی کرد و، ئەو جار دیتم کە خەریکە بەپەلە لە کلیسە دەچێتە دەر. دڵم لێیدەدا ولاقەکانم دەلەرزین. نەمدەزانی چی بکەم. پەنجەرەکەم کردەوە و وتم: (ئایدین.)

ئاراستەی دەنگەکەی بۆ لێك نەدەبوەوە و دیسان هەستم کرد لە بێ کێشیدا دەتلێتەوە. لە دڵمدا وتم: (یاخوا بۆت بمرم.) گەڕایەوە. بە سەر لێ شێوانەوە لە دەوروبەری خۆی دەڕوانی. بە تەواوی پەنجەرەکەم بۆ کردەوە و بە هەموو بوونمەوە وتم: (سڵاو.)

بزەی هاتێ وتی: (ئەوە لە کوێی.)

وتم: (راوەستە.) وە بە هەڵاتن لە بیناکە وەدەرکەوتم. وتم: (حەتمەن دەتەوێ چاوت بە مامم بکەوێ.)

وتی: (نا. بۆ سەردانی تۆ هاتووم.)

وتم: (بە تەمابووم ئیتر قسەت لەگەڵدا نەکەمەوە.) وە دیتم روخساری تێك چوو. وە من بە بۆنەی مەرگی ئایدایەوە سەرەخۆشیم لێ کرد و داوای لێ خۆش بوونم بۆ لە خوا خواست.

وتی: (نازانی، سوورمە، نازانی چ خوشکێکم لە دەست داوە.)

هەتا شەو پیاسەمان کرد و پێکەوە دواین. چەند جاران بە دەوری کلیسە و ماڵی خۆماندا سوڕاینەوە و، ئەو سەبارەت بە باوکی قسەی بۆ من کرد، سەبارەت بە دایکە، ئۆرهان، زۆر بابەتی دیکە کە لەماوەی ئەم چوار ساڵەی کە لێیان بە دوور بووە. وە هەرکات باسی ئایدای بۆ دەکردم پڕ بە دڵ حەزم دەکرد بۆی بگریم.

کاتێ بەجێی هێشتم، ئەو شەوە نەمتوانی خەوم لێ بکەوێ. نەك لەبەرئەوەیکە لە تاوانی شێت بووبێتم. نا، هەستم دەکرد خولیاکانیشی لەبەرم هەڵدێن. هەموو شتێك لەبەرم هەڵدەهات. تەنانەت کەرەسەی نێو ماڵەوەش لە پەنجەرەکانەوە پەرت دەبوون. دیوارەکان لەبەر چاوم دوور و دوورتر دەکەوتنەوە و، من و یادی ئەو، تاك و تەنیا مابووینەوە. دەتوت هەم لە نێو دەستەکانیدام و هەمیش

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نیم. واساغ ببونەوە کە بە رۆژ لە دوکانی باوکی بێ و ئێوارانیش پشوو بدا. باوکە لە ئامێزی گرتبوو و بەدەم گریانەوە پێی وتبوو: (من جگە لە ئێوە کێم هەیە؟)

ئێستا باران دەبارێ و، سەیری جۆگەی ئاوەڕۆکەی دەکرد کە درێژ و درێژتر دەبووەوە و لە خوارترەوە، ئاو بە شەپۆلان هەڵدەچوو و بە نێو شەقامەکەدا دەڕژا. باوکە لە ساڵی رابردووەوە مردبوو. وێنەیەکی پیرۆز لە زەینی ئەودا خۆی دەنواند. لەو کاتەیدا کە باوکە لە نوێن و بانێکی سپی و خاوێندا بە نەخۆشی دڵ گیانی لە دەست دا. وتبووی: (ئایدین، ئۆرهان، یەکترتان زۆر خۆش بوێ. ژیان هیچ نییە.) ئەو رۆژە ئایدین دەستی باوکی گرتبووە نێو دەستی خۆی و لە نێزیکەوە، رێك لە تەنیشتیەوە، لەو هیبەتە راما بوو کە بە چاوە قوونجاوەکانی و هانکە هانکە بەردەوامەکەی ئێستا بێ دەسەڵات کەوتووە و تەنانەت لە تواناشیدا نییە لیکاوی زاریشی کۆ بکاتەوە. وە دایکە بە دەسرەیەك خێراخێرا بۆی خاوێن دەکردەوە. بەرە بەرە رەنگ و رووی باوکە زەرد هەڵدەگەڕا و بەزەحمەت قسەیەکی بۆ هات کە لای ئایدین شتێکی نامۆ بوو: (خوا لە ناوەندەوە گەنمی کردووە بە دوو لەت. هەر کەسەو بەشی خۆی. بەڵام دەبێ پێکەوە نووسابن.) وە کاتێ دوا هەناسەی هەڵکێشا، وتبووی: (دەی ئیتر، قافڵە بەرەو پێشەوە...)

پیرۆز بوونی ئەم ساتە، قەت لە بیری دەرنەدەچوو. ئەو رۆژە لە رادەبەدەر لە باوکی نێزیك ببوەوە. ئاوی متفەرك کراوی دەرخوارد دابوو و سوورەی حەمدی بەسەردا خوێندبوەوە. وە ئەگەر من لەوێ بام لە باتی ئەم کارە هێمای خاچم بۆ دەکێشایەوە.

لە پاش مەرگی باوکە، نەخۆشی هەناسەسواری دایکە خراپتر ببوو. بە حاڵەتێکی غەماوی لە قوژبنی داڵانەکە ئەژنۆی لە باوەش دەگرت و لە حەوشە رادەما. قەلەرەشەکان پۆل بە پۆل دەهاتن و دەرۆشتن. وە ئەو هەر بەو حاڵەتە سەیری دەکرد. وە هەموو نیگەرانی و دڵەراوکێیەکانی بۆ ئایدین بوو. وتی: (ئەگەر پێت خۆش بێ لە نامەیکدا بۆ خاڵە ناسرت دەنووسم کچکەی بێنێ بۆ ئێرە تاکوو چاوت پێ بکەوێ.)

وتی: (هەر باسیشی مەکە.) وە تاقەتی بیستنی ئەم جۆرە قسانەی لێ برابوو. نەیدەویست بیر لە من نەکاتەوە. بەیانی کە لەخەو هەستابوو، وەکو هەموو رۆژەکانی دیکە کەوتبوەوە یادی من و دەتوت غەمێکی گەورە بەسەر دڵیدا کەوتبوو. من هەمیشە دەهاتمە نێو زەینی، هەر جارەش بە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بیچمێکی تازە و، هێندێ جار تا بەرادەیەك کەم رەنگ و بزر دەبووم کە دەتوت لە نێو تەمێکدا دەمبینێ. وتم: (ئێستاش سەرخۆشی شەوی رابردووم. تۆ شرابێکی سەیرو سەمەرەی.)

زۆرم پێخۆش بوو بزانم لە حاست مندا چ هەستێکی هەیە. کاتێ ماچی کردم ئیتر چاوەکانی نەبەستنەوە بەڵکوو کاریگەری ئەو ماچە لە روخسارمدا ببینێ. فێڵەزان بوو. خۆ ئەگەر پرسیاری لە خۆم کردبایە پێم دەوت کە هەست بە چی دەکەم.

وتی: (بۆنت زۆر خۆشە؟)

وتم: (گوڵی یاس دەخەمە نێو سینگمەوە.)

هەناسەکەی بۆنی بای لێدەهات، بۆنی باران. فێنك بوو. وە زاری بۆنی داری لێ هەڵدەستا. وە من بە تەواوی لەنێو دەستەکاندا بڵێسەم دەدایەوە.

رۆژی دواتر وتبووی: (سوورمەلینا خان، ئەو شانازییەم پێدەدەی کە تۆم خۆش بوێ.)

وتم :( ئیختیار بەخۆتە.) وە لە دڵی خۆمدا وتم: (خۆشەویستی خۆ پێویستی بە ئیزن وەرگرتن نییە.) وە پاشان بە پێویستم زانی پێی رابگەیێنم کە پێشتر، کاتێ شازدە ساڵانە بووم، لەگەڵ ئەفسەرێکدا کە خەڵکی [بادکوربە ] بوو زەماوەندم کردوە و سێ مانگ بە دوای زەماوەندەکەمان کاتێ بەرەو روسیە رۆشت ئاگادار کرامەوە ئۆتۆمۆبیلەکەی چەپی کردوە و کوژراوە. پاش ماوەیەکی کەم، زۆر بە ئاسانی لە بیرم کرد. ماوەیەك لە تاپۆی چاوە شینەکانی دەترسام و، پاشان پەرگر بووم و، خووم بەوە گرت کە هەروەك داپیرەم مادام یوگینە لە تەنیاییدا ژیان بەسەر ببەم. بەڵام دەبوایە خۆم لەو ژیانە رزگاربکەم. ساڵ و نیوێکی خایاند تاکوو بە ئایدین گەیشتم. هەموو رۆژێ بە خەیاڵی ئەوەوە ژیا بووم و زۆرم لا سەیر بوو کە تاچاوی بەمن دەکەوت وەکوو کۆتەڵێك بێدەنگ دەبوو. ترسەنۆکانەو بە تاساوی دەهاتە بەرچاوم. حەزی دەکرد لە ژێرزەمینی کلیسە بەتەنیا بێ و هەرجارێ کە بە بیانوویەکەوە داوامان لێ دەکرد بەشداری میوانییەکمان بێ وتبووی: (بە داخەوە ئامادەگیم نییە.)

باوکم وتی: (شەوی ساڵی نوێ، بەم بەفرو سەهۆڵبەندانە چۆن چۆنی دڵت دێڵێ ئاگاداری نەکەیتەوە.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مامم وتی: (هەر ئەمرۆ سێ کەڕەت چوومە لای. وە هەرسێ جاریش لێم گێڕاوەتەوە کە بۆ شێوخواردن بێتە لای ئێمە. وتی جەنابی میرزاییان داوای لێ بووردن دەکەم، بە داخەوە ئامادەگیم نییە.)

من وتم: (کەوایە من دەچم و لێی دەگێڕمەوە.) چووم بۆ حەوشەی کلیسە. هەوا سارد بوو و بەفر تا سەرچۆکانم دەگێشت. بەفری سەر دەلاقەکەم بە دەست خاوێن کردەوە، دەلاقەکەم کردەوە و دیتم لە پووتێکی تەنەکەدا ئاگری کردۆتەوە و خەریکی خوێندنەوەیە. وتم: (جەنابی ئایدین.)

سەری هەڵێنا و وتی: (سڵاو.) لەبەرم هەستا. وە پێم وابێ، ترسا.

وتم: (زوو وەرە سەر با شێو بخۆین.)

وتی: (ئەگەر جەنابی میرزاییان لە دڵی گران نابێ، حەز دەکەم هەر لێرە بمێنمەوە.)

وتم: (هەموویان چاوەڕێی تۆ دەکەن، لەبەرچی ناتەوێ بێیتە لامان؟) وە بە تەواوی هەستم بە سەرما دەکرد. تا بە رادەیەك کە لێوە لەرزەم گرتبوو.

وتی: (بەم سەرو رووە ئاڵۆزاوە، ئاخر.. نازانم چی بکەم.)

وتم: (باوکم و مامم دڵیان لێت دێشێ.) وە زۆر بەسەیری ددانەکانم وێك دەکەوتن.

وتی: (سەرمات دەبێ. تۆ فەرموو برۆ. ئێستا دێم.) وە هات. حەتمەن سەرو رووی بە ئاوی حەوزەکە شۆردبوو کە برۆکانی زوقمیان لەسەر نیشتبوو.

مامم وتی: (ئەوە چ باسە کوڕی باش؟ نەکا دەنگت لێگۆڕی بین؟)

لە پێش شوومینەکە دانیشتبوو و دڵۆپەی ئاو لە چەنەگەیەوە دەچۆڕا. وتی: (حەزم نەدەکرد سەرو دڵتان بگرم.) هەر لەو کاتەدا من پیاڵە چاییەکم بۆ هێناو وتم: (کریسمەس پیرۆز بێ.) وە پێکەینم.

باوکم و مامم هەردووکیان سەرخۆش بوون و قاقا پێدەکەنین. ئایدین گوێی بۆ راگرتبوون و جارناجارێکیش بزەیەکی بە روویاندا لێدەدا.

هەستم دەکرد کاتێ مرۆڤ تەنیا دەبێ، هەموو غەمەکانی دونیا لە نێو بوونیدا رەشماڵ هەڵدەدەن. هەست دەکا هێندە لە خەڵکی دوور دەکەوێتەوە کە ئیتر بواری لێك نێزیك بوونەوەیانی دەست ناکەوێ. سەیر دەکا لە نێو ئەو هەموو مرۆڤەدا، تاك و تەنیایە. یانی کەس شك نابا. ئەو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شەوە حەزم دەکرد شادییەکانی خۆمی لەگەڵدا بەش بکەم. وەکوو سێوێك لە ناوەراستەوە لەتی بکەم تاکوو هەرکامیانی ویست هەڵی بگرێ. وە ڕەنگە ئەو بەم شتانەی دەزانی و لای من نەیدەدرکاند. تەنانەت بە رووی خۆشیدا نەدەهێنا. بەس هێندێ جار نیگاکانی هێندە بە قورسی لەسەر گوێ یان پرچەکانم دەمانەوە کە تا رووم تێدەکرد وەك چوولەکەیەك فڕی بوو.

وتم: (دونیا هەروەك ئاگر گەردانە([22]) هەتا خێراییەکەی توونددتر دەبێ، مرۆڤ زووتر لێی بەردەبێتەوە.)

وتی: (بەڵێ. خێراییەکەی هێندە توونده کە مرۆڤ هەست بە گێژاو و تەنیاییەکەی دەکا.)

وتم: (ئەی دەبێ چی بکەین.)

وتی: (بێدەنگی و پشوو درێژی.)

وتم: (کاتێ مرۆڤ خۆشەویستی کەسێکی لە دڵدابێ پتر هەست بە تەنیایی دەکا. چوونکە ناتوانێ هەست و سۆزی خۆی لای کەس دەربڕێ جگە لە خۆشەویستەکەی.) ویستم بەم قسانە ببینم چ حاڵەتێکی تێدا دروست دەبێ. کەچی هەر بەو وردبینی و شێلگێرییەی جارانیەوە وتی: (من هێشتا ئەم قۆناغەم تێپەڕ نەکردووە.)

باوکم کە تا بە ئەو کات بە قسەکانی مامم پێدەکەنی، وتی: (سوورمە، خوڵقی میوە خواردنی بکە.)

دوو پرتەقاڵم لەسەر دەورییەك داناو دامە دەستی. وتم: (وە ئەگەر ئەو کەسە کەسێك بێ کە تۆ بۆ بێدەنگی هانبدا، تەنیاییەکەت تەواوتر دەبێ.)

وتی: (هەروایە.)

ئەو شەوە تا بەرەبەری بەیانی پێکەوە قسەمان کرد و، سەرئەنجام نەمتوانی هەست پێبکەم کە داخوا مەیلی بەلای منەوە هەیە یان نا.

وتم: (شەرابت بۆ تێبکەم.)

وتی: (نا. سپاس.)

وتم: (شەرمێ دەکەی.)

[22] ئەو ئامێرەیە کە هەڵیدەسووڕێنن وە پۆلووی نێرگەڵەی پێ دەگەشێننەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتی: (نا. مەی خۆر نیم.)

لە ناخی دڵەوە هەستم بە خۆشحاڵی کرد، بەڵام مەبەستم هەر لەوە بوو کە بزانم داخوا لە کاتی سەرخۆش بوونیش هەروا خۆپارێزە؟ وتم: (دەی، باسی چمان دەکرد؟)

وتی: (نازانم.) دەستەکانی لە بەریەك کردەوە و دیتم لە چەند شوێنەوە دەستی بریندار بووە و پاشان کە زیاتر لێی ورد بوومەوە دیتم دەستی قەڵشی تێ کەوتووە.

وتم: (گلیسرینت ([23]) دەوێ؟)

وتی: (ئێستا نا. پاشان لێت وەردەگرم.)

مامەگالوست کە لە خواردندا زێدە رۆیی کردبوو، وتی: (ئەگەر بێ تاقەت دەبن، یاری پەڕێن بکەن.)

وتم: (یاری دەکەی؟)

وتی: (لێی نازانم.)

باوکم و مامەگالۆست لەسەر مۆبڵەکان خەویان لێ کەوتبوو و، ئێمە هەر قسەمان دەکرد. بە بێ ئەوەی لە دەروونی بگەم. بەیانی، بەرلەوەی خۆر هەستێ، ئەوم رەوانەی کلیسە کرد. لەبەردەمی مێحرابی کلیسەدا نزام کردو لە ناخی دڵمەوە لەبەر خوا پارامەوە کە ئەو منی خۆش بوێ.

باران لە نەکاو خۆشی کردەوە. هەورەکان پارچە پارچە بوون. خۆرێکی بەتین و جوان بەسەر شاردا کەوت. ئەوانەی لە ترسی باران پەنایان وەبەر ساباتی دوکانەکان هێنا بوو لە کاتێکا چاویان لە ئاسمان دەکرد، بڵاوەیان کرد. هەر کەسێك وەدوای کاری خۆی کەوت. وە ئایدین بەرەو دوکان هەنگاوی هەڵێنا. دەنگی زەنگێك، وەکو زەنگی کلیسە لە سەریدا گێژی خواردەوە. من بەرگێکی سپیم لەبەر کردبوو و ئەو کۆت و شەرواڵێکی سوورمەیی لەبەردا بوو. لە نەکاو دووچەرخەیەك خۆی لێدا. بە تەلاوتل، لەکن قاناوی ئاوەرۆکە خۆی بە دارێکەوە گرت و بەرەو دواوە گەرایەوە. من لە پێش دووچەرخەسووارەکەوە دەرۆشتم.

---

[23] **مەلچەمێکە بۆ چەور کردنی دەست و پێ و پێستی قڵشاوی لەش بەکاردێ.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گۆشت فرۆشێك لە دوكانەكەی هاتە دەر و وتی: (وەدوای بكەوە. ئەگەر لە چاڵاوەكە كەوتبای چی؟) ئایدین شانەكانی بە چەشنێك هەڵێنایەوە كە مانای نا وتنی دەدایەوە. وە بەرەو شەقامی شێخ سەفی سووڕایەوە. لە سەر سووچێك دوكانی شەبكە فرۆشی لێ بوو و پیرە پیاوێك بە سمێڵێكی چەخماخیو شەبكە لەسەر، لەپشت شووشەكەڕا سەیری دەرەوەی دەكرد. ئایدین پێی وابوو مایكێتە، دیسان سەیری كردەوە. وە ئەمجارە پیاوەكە چاوی تروكاند. ئایدین لە قەرەباڵغی ئەو نیوەرۆیەدا، لە نێوان پاڵەپەستۆی حەشاماتەكەدا هەوڵیدا زووتر خۆی بگەیێنێتە دوكان. وە دیسان كەوتەوە یادی من.

وتم: (شایانی نییە. خۆمن هیچی وام نەكردووە.)

وتی: (رازی بەزەحمەتت نەبووم.) ویستی شتێكی دیكە بڵێ بەڵام رەنگە لە خۆی رانەدیووە.

وتم: (من نەریتێكی سەیرم هەیە. ئەگەر لە شەقامدا كەسێك ببینم كە شەڕوالەكەی بە رێك و پێكی هەڵنەكێشاوە، حەز دەكەم بچم بۆی هەڵ كێشم. ئەگەر دەرگای ماڵی كەسێك بە ئاوەلایی مابێتەوە، دایدەخەم. بەیانیان هەموو كەسەكانی ماڵەوە لە خەو هەڵدەستێنم، ناشتایان بۆ دادەنێم و بەرێیان دەكەم بۆ سەركارەكانیان.)

وتی: (بۆ دوو ساڵ دەچێ كە خۆم لە ئاوێنەدا نەبینی بوو.)

لە دڵی خۆمدا وتم: (ئێستاش سەرخۆشی شەرابی شەوی رابردووم. تۆ شەرابێكی كەم وێنەی.) وتم: (جاران لە دوكانی قاوەفرۆشی باوكم كارم دەكرد. قاوەم دەهاڕی، دێمم دەكرد، پیاڵەكانم دەشۆردەوە. پاشان ئیتر نەكرا لەوێ بمێنمەوە.)

هەر بەو جۆرە، چەكوش لە دەستدا مابوەوە. وتم: (لەسەر كارەكەت بەردەوام بە.) لە پشت مێزەكەی راوەستا و چاوی لە رێگا رۆشتنەكەم بری. وتم: (دەزانی؟ ئەگەر كۆت و شەرواڵێك لەبەربكەی، دەبیتە میرزا.)

وتی: (چما ئێستا میرزا نیم؟)

وتم: (هەیت. زۆریش میرزای.)

وتی: (ئەگەر لێرە خەڵاسیم بێ حەتمەن كۆت و شەرواڵێك بە دروون دەدەم.)

وتم: (ئەرێ دەزانی ئەو باڵتەیەت لێ جوان نییە؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتی: (نا. تا ئێستا کەس پێی نەوتبووم. بەڵام خووم پێگرتووە.)

وتم: (تۆ کۆت و شەرواڵی سوورمەیی لەبەر بکە، لەگەڵ کراسێکی شین. وە بۆینباغێکی سوورو باریك. دەبیتە میرزا. یانی جوان چاکتر دەبی.)

وتی: (بریا بواری چوونە دەرم بۆ دەرەخسا. بریا دەمتوانی بە نێو شاردا سووڕێك لێبدەم.)

وتم: (پێویست ناکا بە دورینی بدەی. دوکانێك کراوەتەوە کە بەرگی ئامادەش دەفرۆشێ. بە بەری تۆش.)

وتی:( بەراستتە؟)

چەندە خوێن شیرین و ساکارو خۆ بەکەم گربوو. ئەو شەوە دایەگەورەم هەر بۆڵەی بەسەردا دەکردم کە گوایا من لێی ناگەڕێم بە ئاسوودەیی بخەوێ. هەستام چوومە لای پەنجەرە، چاوێکم لەحەوشە دەکرد، دارەکان، خانووە دوورە دەستەکان کە لە تاریك و روونی نێوەشەودا وەك سێبەرێکی شەترەنج ئاسا دەهاتنە بەرچاو و، دارەکان هەروەك سەربازەکانی شەترەنج سەریان قیت و وەك کەلله قەند دەچوون و بە چاوە زەقەکانیانەوە مرۆڤیان لەشەرمانا دەکرد بە ئاو. وە نیگایەك کە ئاراستەی بێخەبەری و خەواڵوویی شار بوو. وە دیسان دەگەڕامەوە بۆ سەر قەرەوێڵەکەم. من کە لە سەرتاوە دڵم بۆی لەرزی بوو، ئەی لەبەرچی چەند لەمێژە نەچووبوومە لای؟ وە ئێستا مابوومەوە کە داخوا چم لە دەست دێ کە بۆی بە ئەنجام بگەیێنم. رەنگە ئەگەر مامە گالوست هانی نەدابام، قەت لەخۆم رانەدەدی بچمە نێو ئەو ژێرزەمینە و لە گەڵیدا ئاشنا ببم. ئەگەرچی لە شەوی کریسمەسدا بە قسەکردن شەوێکم گەیاند بێتە بەیانی، بە بێ ئەوەی هیچی لێ هەڵ بکرێنم. مامە گالوست بە منی وت قازانج گەیاندی ئایدین یەك بە سێی ئەو کارگە زل و زەبەلاحەیە. وە لە خۆشیانا پیپەکەی لە زاری دەرهێنا و بەدەم گۆرانییەوە وتی: (ئەی ئاسمانی پڕ لە ئەستێرە. ئەی ئاسمانی پڕ لە ئەستێرە.) وە هێمای خاچی کێشاویەوە.

ئەو شەوە لە حەوشەدا لەگەڵ باوکم پیاسەمان کرد و وتم: (بابە، مامە گالوست مافی ئەوەی هەیە کە بەم جۆرە کار لەو بیچارەیە دەکێشێتەوە؟)

باوکم بەسەر سووڕمانەوە سەیری کردم و وتی: (لەوەیکە ماوەیەکە شادو بەکەیف و روو خۆشت دەبینم خۆشحاڵم و، دەزانم هۆیەکەشی چییە. من هیچ خۆشیەکم لە ژیان نەدی. شەڕ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەبەریەکی بڵاو کردینەوە، دایکت بە نەخۆشی تیفووس مرد، دارو نەدارمان لە نێو چوو. حەتمەن لەبیرت ماوە. بۆیە ئەمانەم بۆ باس کردی کە بزانی ئەگەر لێرە ماوینەتەوە، ئەگەر بۆ دوا ڕۆژی تۆ هەوڵم نەداوە، هۆیەکەی لەوەدایە کە من لە حاست تۆدا مل کەچم. من دۆراندوومە. من لە حاست تۆدا خۆم بە شەرمەزار دەزانم. بە دەستی خۆم ژیانی تۆشم فەوتاند. سەردەمێك بوو کە حەزم دەکرد بە بەختی باش بیت و زوو بە مرای دڵی خۆت بگەی. بەڵام ئێستا دڵ شکاوم و خۆم بەم ژیانە ئاساییە دڵخۆش کردووە. نازانم ئایدین لە بەرامبەر تۆدا چ هەستێکی هەیە. من بە باشی لە هەستی تۆ دەگەم، بەڵام لێم روون نییە ئەو چ جۆرە کوڕێکە. بەهەرحاڵ ئەو موسڵمانەو تۆش ئەرمەنیت. جوان بیری لێبکەوە.)

وتم: (بەڵام کاتێ دەبینم مامەگالوست بەم چەشنە کار لەم بەستەزمانە دەکێشێتەوە دڵم پێی دەسووتێ. شەوی کریسمەس تۆ چاوت بە دەستەکانی کەوت؟)

باوکم وتی: (ئەرێ. یەك دوو جاریش سەردانم کردوە. کوڕێکی ماقووڵ ودڵشکاوە. بەخراپی نازانم ئەگەر هاتوچۆی بکەی. شارەزایی لە ئەدەبیاتدا هەیە، هێندێکیش زمانی فەرانسە دەزانێ. کوڕێکی ڕێك و پێکە.)

وتم: (ئێواران کاتێ ڕۆژنامەی بۆ دەبەم هەر وەك ماسی سەرئاو زاری دەکاتەوە.)

بۆ ڕۆژی دواتر ڕۆژنامەی ئیتلاعات وکتێبی "بیرەوەری خانووی مردووەکانم" بۆ برد و چوومە لای و، لەباتی ئەوەی لە دەلاقەکەڕا بۆی فڕێ دەمەخوار، بە پلیکانەکاندا داگەڕام. کە دەرگای بەسەردا کردمەوە، ڕەنگی هەڵبزرکاو لێم ڕاما.

وتم: (دڵت.)

وتی: (خانم ئەگەر ئێوە لێرەدا ببینن چ دەقەومێ؟)

وتم: (هیچ ڕوونادا.)

وتی: (بۆ خاتری خوا لێرە برۆ. باش نییە.)

وتم: (باش نییە؟ بۆچی باش نییە.) وە یەکڕاستە چوومە پشت مێزی کارەکەی. لەسەر ئسکەملەکەی دانیشتم. دەستم لە ئامێری کارەکانی وەردا. هەر لە خۆڕا دەست کاری مشارەکەیم کرد. پلایسەکەی دەسکی سوور بوو وەکوو زاری چۆلەکە دەکرایەوە و دەبەسترایەوە. بزمارە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وردەکانم لە سندوقەکە دەرهێناو دوو بزمارم لەسەر مێزکە کوتا. جەرێکم هەڵگرت وتم: (ئەمانە بەکاری چ دێن.)

وتی: (قاوغەکانی پێ راگیر دەکەم.)

قاوغێکی نیوەکارەم بە بزمارو چەکوش ورد کرد.

وتی: (وا نابێ رێگەم بدە.)

وتم: (بۆ خۆم دەزانم دەبێ چی بکەم.)

دەلەرزی. چاوەکانی دەفڕی و بە حاڵەتێکی تاو ئاسایانە لە ناوەندی کارگەکەدا مابوەوە. من پیاسەم کرد. لەمێژ ساڵ بوو رێم لەو ژێر زەمینە نەکەوتبوو. ئیتر لەبەر چاومدا ترسناك نەبوو و بۆنێکی خۆشی لێ دەهات. بە ئەستوونی ناوەندی کارگەکەوە وێنەیەك هەڵواسرابوو کە زۆر بە جوانی قاوغەکەی کۆلیاری کرابوو. دەوراندەوری ماسی گەڵێکی بچکۆلە سەری‌ان وەبەرزگی یەکترەوە دابوو. وتم:( ئەمە وێنەی باوکتە؟)

وتی: (باوکی هەموو شاعیرەکانە.)

وتم: (نیما یوشیجە؟)

وتی: (بەڵێ. پار مرد.)

وە من سەرلەنوێ تماشای وێنەکەم کردەوە. پیرەمێردێك بوو کە قامکە لاوازەکانی خستبووە بەر پرچەکانی و لە عەرزی راما بوو. وتم: (تۆ لێرەدا خەریکە پیر دەبی رەنگ و رووت پێوە نەماوە. بۆچی رێگا چارەیەکی دیکە نابینیتەوە؟)

وتی: (چ رێگا چارەیەك.)

وتم: (وەرە دەر با هەوا لێت بدا، خۆرت وێ کەوێ.)

وتی: (ئەگەر کەسێك چاوی پێم بکەوێ...)

وتم: (تۆ زۆر ترسنۆکی.)

وتی: (من ناچارم زۆر شت لەبەر چاوبگرم. )

وتم: (ئەی ئێستا لەبەرچی دەلەرزی؟ سەرماتە؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتی: (دەزانی؟ چوونکە جەنابی میرزاییان پشتگری لێ کردووم حەز ناکەم شەرمەزاری بم.)

وتم: (شەرمەزاری بی؟ چما سووچێکت کردووە؟)

وتی: (لەبەر ئەوەی کە تۆ لێرەی.)

خەریك بوو تووڕە دەبووم. وتم: (لەبەر ئەوەی کە من لێرەم تۆ لە حاست مامەگالوستمدا شەرمەزار دەبی؟)

وتی: (باشە، ئەی ئەو چۆن بیر دەکاتەوە؟)

وتم: (ئەو زۆر بێ جێی کرد. ئەگەر... ئەگەر لە بوونی مندا هەست بە ئازار دەکەی ئیتر من نایەمەوە بۆ لات.)

وتی: (ئەگەر وایە منیش دەچم بۆ ئاسایش و خۆم بە دەستەوە دەدەم.)

وتم: (لە بەر چی؟)

وتی: (بۆ ئەوەی تۆش لەدەستی من ئاسوودە ببی.)

پێکەنیم. وە ئەویش پێکەنی. وتی: (سەربارەت بەو رۆژنامەو کتێبانەی کە بۆ منی دەهێنی، زۆرت سوپاس دەکەم.)

وتم: (قەت لێیان ورد بوویتەوە؟ رۆژنامەکان هیچ جیاوازییەکیان پێکەوە نییە.)

وتی: (حەتمەن لەبەر بێ وازی رووت لێرە کردووە.)

وتم: (نا. زۆریشم کار هەبوو.)

وتی: (ئەی لەبەرچی ئەو هەمووە مایتەوە...)

لە ناکاو گەڕامەوە و لە چاوەکانی رامام. وام هەست کرد کە لێم رەنجاوە. روو پێ نەدانەکانم ئەوی تێکشکاندبوو. وتم: (تۆش قەت بانگهێشتنت نەکردووم کە بێم بۆ کارگەکەت.)

وتی: (لە راستیدا کارگەی خۆتان.) وە پێکەنی. بەڵام لە چاوەکانیدا نیگەرانییەك شەپۆلی دەدایەوە.

وتم: (ئێمە وەك خەڵکانی دیکە ناژین. ئێمە کراوەتر بار هاتووین. من سێزدە ساڵ لە تەمەنی خۆم لە ئێرەوان تێپەڕاندووە. دایکم لە شەڕدا کوژرا. پاشان بە ماڵەوە هاتین بۆ ئێرە و لە کن

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مامـەگالوسـت ماینـەوە.) وە پێم ڕاگـەیاند کـە پێشتر زەمـاوەنـدم کـردووە و سـێ مانـگ بـە سـەر زەمـاوەنـدەکـەمانـدا تێپـەڕی کـە مێردەکـەم لـە دەسـت دا و ئێستا لـە مێژسـاڵە بـە کاروبـاری مـاڵێ ڕادەگەم.

وتی: (پێتەوە دیار نییە کە ئەو هەمووە دژوارییەت دیبێ.)

وتم: (لە تۆش نایە کە ئەو هەمووە دژوارییە بکێشی.)

وتی: (جا چی بکەم؟)

وتم: (هەمووشتێ دەکرێ. من هاتوومە ئێرە، بەڵام تۆ لات گرینگ نییە.)

وتی: (ئەمرۆ بۆ من ڕۆژێکی گەورەیە، خانم.)

وە من هەستم کرد ڕوخساری سوور هەڵگەڕاوە.

کەسێك وتی: (ئایدین.)

گـەڕایـەوە. ئۆرهـان بـوو. لـە پـێش کاروانـسەرای چـەرمس فرۆشـەکـان ڕاوەسـتابوو و پێـی پێدەکەنی و وتی: (بۆ کوێ دەچووی؟)

وتی: (بۆ هیچ کوێ. لەکن دایە بووم. بێ تاقەت بووم.) کـاتێ هـەر دووکیـان چوون بـۆ نێو دوکان چاویان کەوت بە ئیسمایوول کە بەرەو لایان دەهات. پێدەکەنـی و دەیوت: (جـەنـابی ئایدین، نامەت بۆ هاتووە.)

نامەکەی لـێ وەرگرت و پـارەیەکـی پێنج تمـەنـی دا بـە دەسـتی و، لـە پشت مێزەکـە دانیشت. لەسەر پاکەتی نامەکە مۆری ئەنجومەنی ئـەدەبـی تـارانی پێوە بوو. وازی خوێندنـەوەی نـەبوو. لـە گیرفانی هاویشت و، چاوی لە دوکانەکەی بەرامبەری کرد کە چراتۆڕەکانی پەی کردبوو.

ئۆرهـان تـەلیسی چـەرسـەکـانی سـەرپڕ دەکـرد، پاکـەتـەکـانی بـە ڕیـز لـە کن قـەپـانی وردە فرۆشییەکە دادەناو، لەبەرخۆیەوە کاوێژی دەکرد. وتی: (نەدێ؟) ([24])

(هیچ.)

ئۆرهان بە نیگایەك لە گۆشەی چاوەوە وتی: (وانیە. هەرواش بێ هەواڵ نیت.)

ئایدین بێدەنگی ڕاگرت. نەیویست دەمەقاڵێی ئۆرهان بکا.

---

[24] بە تورکی یانی چ باسە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(بە دەماغ نیت؟)

(چم نییە؟)

(خۆ بێ خەوی داهێزاوی نەکردووی !) تەلیسەکانی لە شوێنی خۆی دانا. سەر تاسەکانی خستە پاڵ یەك و لە تەنیشت قەپانەکەی دانا. پاشان چووە لای چراتۆرەکە. وە دەستی کرد بە پەمپ لێدانی: (خۆ وازت لە کتێب خوێندنەوەش هێناوە.) وە دیسان پەمپی لێداوە. وتی: (سەرئەنجام وازی لێ هێنای و رۆشت؟)

ئایدین وتی: (خۆت لە کاری من هەڵمەقوتێنە.)

ئۆرهان وتی: (چوو بۆ کوێ؟)

من بۆ کوێ رۆشتم؟ ئایدا لەبەرچی خۆی سووتاند؟ وە ئۆرهان چەندە قەراغی لێ رادەکێشا! ئایدین روخساری لە نێو دەستەکانیدا شاردەوە و ئیتر وەڵامی نەدایەوە. هەر چەندی دەکرد نەیدەتوانی روو بە ئۆرهان بدا. هەستی بە بێزاری نەدەکرد بەڵام دڵی لێی رەنجا بوو. دەیانجار پێی راگەیاندبوو: (بۆ ماڵی دونیا پشت لە برایەتی مەکە.)

ئۆرهان لە وەڵامدا وتبووی: (هەی لەو برایەتییە میزم.)

دەکرا وەڵامی بدرێتەوە و ئاگری ئەم رق و بێزارییەش هێندەی دیکە بگەشێنێتەوە؟ جارێك پێی وتم: (بێدەنگی رادەگرم و لەسەر ئەم بێدەنگییەش هێندە بەردەوام دەبم تاکوو وازم لێ بێنیێ.)

پاش مەرگی ئایدا، بۆ سەعات چواری ئێوارە چوومە لای، بە نێو شاردا سوورِێکمان لێدا و بەرەو ماڵ گەڕاینەوە. مامە گالوست نهۆمی سەرەوەی بۆ ئێمە تەرخان کردبوو. وە ئێستا هەموو رۆژێ بۆ سەعات چواری ئێوارە دەچوو بۆ گەڕەکی ئەرمەنییان. لە پێش کلیسە چاوی دەگێرا، لە دەرگای دەدا، بەڵام کەس لەوێ نەبوو کە دەرگای بەسەردا بکاتەوە. چەند مانگێك بوو کە بەم رێگایەدا دەهات و دەچوو. بەبێ هوودە. من لە کوێ بووم کە ئەو ناچار دەبوو بە تەنیایی بەرەو ماڵ بچێتەوە، خۆی بە ژێرزەمینەکەدا بکاو، جارجارە ئەگەر کرابا کتێبێك بخوێنێتەوە، دەنا ماوەکانی دیکەی لەسەر قەرەوێڵەکەی رابکشێ و چاو بترووکێنێ؟)

سەرەتای بەهار، سەر لە بەیانی ئەو رۆژەی کە پاش زستانێکی درێژخایەن، یەکەم خۆری بەهاری بەسەر شاردا درۆشابوەوە، ئایدین هات بۆ دوکان. دەرگای دوکان داخرابوو. لە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بارهەڵگرەکان سۆراغی ئۆرهانی ویست، کەس نەیدەزانی. بە نێو داڵانەکەدا چەند جار پیاسەی کرد و، پاشان گەڕایەوە بۆ ماڵێ. دایکەش نەیدەزانی. بەس ئەوەندەی ئاگا لێ بووە کە ئۆرهان بەر لە خۆرهەڵاتن لە ماڵ دەرچووە.)

ئایدین وتی: (ئەی بۆچی ئاگاداری نەکردووینەتەوە؟)

دایکە وتی: (چما کلیلی دوکانت لا نییە؟)

ئایدین وتی: ( نا.) وە دیسان بەرەو دوکان گەڕایەوە و لێ بڕا بۆ شکاندنی قەفڵی دوکان. لای نیوەڕۆ کاتێ وەستای قوفڵ سازکردن خەریکی شکاندنی قوفڵکان بوو و بارهەڵگرەکان لە دەورەی هاڵابوو، ئۆرهان هاتەوە.

وتی: (چ دەکەن؟)

(قوفڵەکان دەشکێنن.) وە یەکێ لە قوفڵەکانی پیشاندا. وە قوفڵی دووهەم خەریك بوو دەشکا.

(لەبەرچی دەیشکێنن؟ من کلیلم پێیە.)

ئایدین وتی: (برای خۆم! کاتێ دەچی بۆ شوێنێك کلیلەکان بەجێ بێڵە.)

ئۆرهان وتی: (من ئیزنی ئەوەم لەسەر نییە کلیل بدەم بە دەستی کەس.)

ئایدین گوڕاندی: (جەنابت زۆرت بێ جێ کردووە.) وە زڵلەیەکی لە بناگوێی سرەواند.

ئۆرهان لە بەر تووڕەییان دەلەرزی. گوڕاندی: (خوێڕی مفتەخۆر.)

دەستەو یەخەی یەکتر بوون. بار هەڵگرەکان وە نێو کەوتن بەڵام درەنگ ببوو و ئۆرهان بەسەر دەستانەوە پەلی رادەوەشاند. یەخەو نیوقەدی لە نێو دەستی ئایدیندا بوو و لاقەکانی بە حەواوە پەلەقاژەیان بوو. بارهەڵگرەکان بە دەنگەدەنگەوە ئەویان هێنایە خوار.

براکان ئەو رۆژە دوکانیان نەکردەوە. وە شەوێ دایکە وتی: (باوکتان لە قەبردا دەلەرزێ. کەچی ئێوە بەڕووی یەکتردا رق دەردەبڕن. ئەو هەمووەی لێ راسپاردن، ئەو هەمووە قسەیەی بۆ کردن. بەڵام ئێوە چاوتان هەر خۆتان دەبینێ.)

ئۆرهان وتی: (قوفڵی تازەی لێداوە، کلیلەکانیشی خستۆتە نێو گیرفانی خۆیەوە.)

ئایدین وتی: (دەبا ماوەیەکیش من کلیلدار بم.)

ئۆرهان وتی: (دە بڵێ با بەجارێ دوکانەکەت پێشکەش بکەم و برۆم. )

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئۆرهان وتی: (تۆ چ مافێکت بەسەر منەوە هەیە کە لە بناگوێم دەسرەوێنی؟)

ئایدین وتی: (تاکوو چاوت دەربێ و سووکایەتی نەکەی. بزانە قسەی زارت چییە، لە سنووری خۆت زیاتر پێ رامەکێشە.) وە رووی لە دایکە کرد: (بەردەوام مینگەمینگیەتی، لاتاو دەهاوێ، بیانۆم پێدەگری. دەی، من سەرم بە حسێب و کتێبەوەیە، مشتەرییەکان روو لەمن دەکەن. من ناتوانم خۆ...)

دایکە وتی: (ئۆرهان سوێند بێ بەخوا حەیات پێوە ناهێڵم. بۆ خۆم دێم و بە سەرتانەوە رادەوەستم. دوکانەکە دەکەم بە دوبەش دیواری بە بەیندا دەکێشم.)

ئۆرهان وتی: (من چوارده ساڵم زەحمەت پێوە کێشاوە. رێگە نادەم هەر کەسێ لە رێوە بگا...)

دایکە بەسەریدا قیژاندی: (بەستە. زارت داخە. پێویست ناکا زەحمەتەکانتم بە روودا بدەیتەوە. لە بیرت نەچێ هەموو دارونەدارمان، هەرچییەکمان هەبێ، نیوەی هی تۆیە، نیوەی هی ئایدینە.)

ئۆرهان وتی: (پێوەندی بە کەسەوە نییە. من خۆم بڕیار دەدەم کە دەبێ چیبکەم.)

دایکە وتی: (تێناگەم ژیانمان بۆ وای لێ بەسەر هات. کێ بووەتە هۆی ئەم جیاوازی و لەبەر یەك ترازانە؟ خەڵکی بازار و نێو کۆڵانان چمان پێدەڵێن؟ خۆ ناکرێ هەمیشە دەمەقاڵەو شەڕتان بێ.)

ئایدین وتی: (کێ ئۆرهانی فێر کردوە کە ئەمرۆ بە من بڵێ، خوێڕی، بێ غیرەت، پێم بڵێ میرزا. چما باوکە هیچ رێزێکی بۆ من هێشتوەتەوە؟ چما من براگەورە نیم؟)

دایکە گریاو، پاشان باری تەندرووستییەکەی خراپتر بوو. براکان دوکتۆریان بۆ هێنا و کاتێ باری لەش ساغییەکەی بەرەو باش بوون چوو، دوایین کاتەکانی شەو بوو. بەزەحمەت چێشتیان دەرخوارد دا و پاشان دایکە داوای لە ئۆرهان کرد کە رووی ئایدین ماچ بکا. براکان ئامێزیان بۆ یەکتر کردەوە و رووی یەکتریان ماچ کرد.

ئۆرهان وتی: (بەیانیش ناچین بۆ دوکان. دەچین بۆ ویلەدەرە. رەنگە هۆی ماندوویەتی بووبێ.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دایکە وتی: (زۆرباشە. بڕۆن. بڕۆن و پشوویەك تازە بکەنەوە و وەرنەوەو بە کارەکەتانەوە بنووسێن.)

بەلآم بۆ سبەینێش هەوا بارانی بوو و سەفەری ویلەدەرە مانگێك دواکەوت.

سەری لەسەر مێزەکە هەڵگرت. سیگارێکی داگیراند. وە دیسان کەوتەوە یادی من. یادی ئەو رۆژەی کە بە فایتوونێکی چوار ئەسپە چووین بۆ [نەمین] و قەرار وابوو مامەگالوست لە رێورەسمی تەعمیدی چواردانە منداڵدا ئامادە بێ. ئێمە هەر بۆ ئێوارەکەی گەڕاینەوە. کە لە ئەردەبیل نێزیك بووینەوە مامەگالوست بە فایتوونچییەکەی وت رایگرێ. دابەزین. مامم چەند شانە هەنگوینی کڕی و ئێمەش لە باغەکانی ئەو دەوروبەرە پیاسەمان کرد. ئایدین لە تەواوی ماوەی هاتوچوونەکەدا نیگای وێڵی دەشت و دەران بوو، بەلآم هێندێ جاریش لە سیلەی چاوەوە سەیری منی دەکرد. وە کاتێ چاوم بە چاوی دەکەوت شەرم دایدەگرت. بە تەپ و تۆزی نێو رێگا پرچی سپی ببوو، پاشان کە مامم ویستی هەنگوین بکڕێ ماوەیەك پێکەوە پیاسەمان کرد. ئایدین هەڵاڵەیەکی دا بە من کە لە کاتی گێشتنەوە بۆ ماڵێ پەڕە گوڵەکانی هەڵوەری بوون. مادام یوگینە وتی: (ئەوە چییە بە دەستەوەیە؟)

وتم: (گوڵ بوو.)

وتی: (لە کێت وەرگرتووە؟)

وتم: (لە مرۆڤێکی خۆشەویست.)

هێمای خاچی کێشایەوە و نیگەران بوو. وتی: (ئەمە نیشانەیەکی باش نییە. خۆت لەم مرۆڤە بپارێزە.)

وتم: (ئاخ. نا. لەبەرچی؟)

وتی: (چوونکە پەڕپەڕت دەکا.) وە دەستی لە چنینەوەکەی هەڵگرت.

وتم: (داپیرە، مەترسە، ئەم خورافاتانە وەلابنێ.)

دیسان لەسەر چنینەکەی بەردەوام بوەوە، پاشان وتی: (ئەگەرچی باوکت و مامەگالوست دەست لە کاری تۆ وەرنادەن بەلآم چۆن دەگوونجێ ئێوە لە یەکتر مارە بکرێن؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتم: (یەکەمیان باوکم و مامەگالۆست هەڵیان بژارد، بەڵام ئەمجارە هەموویان رازین کە بۆ خۆم بڕیار دەربم. ئەوجار، باوکم ئایدینی لە منیش زیاتر خۆش دەوێ.)

باوکم رێزێکی تایبەتی بۆ ئایدین دادەنا. جارجارەش شۆکۆلات و قاوەی بۆ دەهێنا. پێکەوە دادەنیشتن، یاری شەترەنجیان دەکرد و هێندێ جاریش لێوێکیان بە مەی تەڕ دەکرد. وە باوکە هەمیشە پێی دەوت: (جەنابی ئایدین.) وە ئایدین دەیوت: (میسیۆ سۆرین.) نە وەکی خەڵکی دیکە: (بڵێ میسیۆ یان سۆرین.) وە کاتێ باوکم دەهاتە ژوور، ئایدین بۆ رێز لێگرتن لەبەری هەڵدەستا.

باوکم وتی: (من جەنابی ئایدینم لە هەمووتان زیاتر خۆش دەوێ.)

بەڵام قەت لەسەر ئەو باوەڕە نیم کەس بەرادەی من ئەوی خۆش بوێ. وە داپیرەم قەت بڕوای نەدەکرد ئێمە بتوانین لە یەکتر مارە بکرێین. دەیوت: (من نیشانەیەکی باشم پێوە نەدیوە. دەترسم پەڕپەڕت بکا.) کە ئەم شتانەم بۆ ئایدین دەگێڕایەوە، پێدەکەنی. وتم: (تۆ پەڕپەڕت کردووم.)

وتی: (حەز دەکەم هەمیشە کڵاوت لەسەربێ.)

وتم: (ئاغا بە چاوان.)

هەمیشە کڵاوێکی پەمۆیی یان سەوز یان شین، هاورەنگی جلەکانم لەسەر دەکرد کە لە رەنگی جلەکانم بێتەوەو، پرچەکانم لە هەر دووك لاوە شۆڕ دەکردنەوە. ئەو رۆژەش کراسێکی ئەرخەوانیم پۆشیبوو کە یەخەکەی تا بن قوڕگمی دادەپۆشی و دووگمەی سەر قۆلەکانیم داخستبوو و کڵاوێکی ئەرخەوانیم لەسەر کردبوو. باوکم وتی: (بووی بە خانم.) بە ئایدینی وت: (بە هیوای رزگار بوونی تۆ.)

بۆ رۆژی دواتر قاتێ کۆت و شەرواڵی سوورمەییم بۆ ئایدین کڕی و وتم شەو بەم بەرگەوە بێتە سەر.

وتی: (شەرمەزارت کردم.)

وتم: (رەنگە بە دڵت نەبێ.)

وتی: (چما دەکرێ؟ ئەویش دیارییەك کە هاوسەرەکەم بۆی کڕیبێ.)

پێکەنیم. وتم: (ئۆە. یانی تۆ مێردی منی؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لـە دووکـەڵـی سیگارەکـەی رامـا. گریـان ئـەوکـی دەکوشـی. دڵـی بـۆ مـن تـەنـگ ببـوو. بیـری دەهاتـەوە کـە سـاڵانی پێشوو بـاوکی لـە رێـورەسـمی مـاڵ ئـاوایی خواستنی بـۆ حـەج، لـە گـەراجـی ئوتووشووشە، یەکەم جار زشیەکی چکۆلەی لـە روومـەتـی دابـوو و، پاشـان مـاچی کردبـوو. وە بـە دایکەی وتبوو: (ئاوا ئیتر من لە بیر ناکەن.)

سـەری وەرگـەڕاند. مشتەرییـەکـان رۆشتبوون و ئۆرهـان لـەوبـەرەوە راوەستـا بـوو کـە پێـی رابگەێنێ: (سەعات بوو بە چوار.) زەنگی سەعاتەکە چوار جاری لێدا.

ئۆرهـان وتـی: (تـۆ بـۆ وات لـێ بـەسـەرهـاتووە، ئایـدین؟ هـەر لـە بیـرو خـەیاڵانـدای. هۆشـت بەخۆتەوە نییە.)

ئایدین وتی: (نازانم. من دەرۆم.) وەرێ کەوت.

ئۆرهان وتی: (بۆ کوێ؟) وە چاوەڕێی وەڵام نـەمایـەوە. وتـی: (ئـەگـەر سبـەینـێ هـەوا خـۆش بوو دەچین بۆ ویلەدەرە.)

کوێ؟ گەڕەکی ئەرمەنییان. شێعرێکی بۆ دانا بووم کە هەمیشە کاتێ سەرقاڵی کار دەبـووم بـە ئاهـەنگی [مۆرغی سـەحـەر] ([25]) دەمخوێنـدەوە. وتـی: (بـەداخـەوە ئێستا ئـەو حاڵـەتانـەی جـارانم نەماوە. دەنا رۆژێك شێعرێکم بۆ دادەرشتی.)

منی بە ئاسمانێك شـووبهاندبوو کـە چواردانـە خـۆرەتـاوی هـەیـە. خۆشـی شـەوێك بـوو کـە بـێ مانگـە. منـی کردبـوو بـە دارێکـی پڕ لـق و پـۆ کـە سیبـەری بـەسـەر تاسـەی عـەرزدا دەکـەوێ، بـۆ خۆشـی دارێکـە بـێ رەگ و کرمۆل. منـی بـە لووتکـەی سپی پۆشـی سـەبـەلان ([26]) شـووبهاندبوو، خۆیشی بە وێرانەیەك کە پێی کەسی تێ نەدەکەوت و، وێرانییـەکـانی هـەمیشـەی شـەو. ئێستاش لـە وێرانەیەك کاولترە.

وای هەست کرد کە بەم قسەیەی ئاڵۆزاوم. وە من نێو چـاوانم تێك نـا. وتـی: (تـوڕە بوونـت لێ نایە.)

پێکەنیم. وتی:ی(پێبکەنە.)

---

**[25] مەلی بەیانی. مەقامێکی بەناوبانگی کۆنی فارسییە کە چەمکی سیاسی هەبووە وە شێعرەکەی هی شاعیری بەناوبانگی سەردەمی حکومەتی دەستووری عارف قەزوێنییە.**

**26 چیایەکی بەرزە لە نێزیك شاری تەورێز پارێزگای ئازەربایجانی رۆژهەڵات لە ئێران.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتی: (ئەم بارانەش بۆ من دەبارێ. بەڵام نازانم من لە بۆچی زیندووم.)

وتم: (لە ساڵدا رۆژێك رووومان تێدەکەی، دەبێ لەم قسانەش بکەی؟)

وتی: (سوورمە. واز لە من بێنە. من بۆ تۆ نابم. برۆ لە بیری دوارۆژتدا بە.)

من لە تووڕەییان دەلەرزیم. وتم: (دەی بڕۆ. بڕۆ.)

وتی: (بۆ کوێ.)

وتم: (لە ژیانم بڕۆدەر.) وە گریام.

وتی: (من لە زەماوەند کردن ناترسێم، لەوە دەترسم کە تۆش هەروەك ئایدا وەزاڵە بێیت. من بە دوای شتێکدا دەگەڕام کە بزرم کردووە. وردە وردە خەریکە دەبم بە مرۆڤێك کە بیر لە بیرکردن دەکاتەوە. ئێستا بۆ من بیرکردنەوە بووە بە نەریتێك. بووە بە ئامانج. حەزم لێیە هەر دانیشم و بیربکەمەوە. بۆم گرینگ نییە دەستەکانم بە چییەوە سەرقاڵن.)

وتم: (خۆراگربە. ئەوان ژیانی تۆیان لە نێو بردووە، کەچی تۆش لە پاش مەرگی ئایداوە خۆت لە سێدارە داوە. ئێستاش ئامادە نابی دەست هەڵبگری.)

وتی: (ئێستا ئیتر لام ئاسایی بووە. خۆم داوەتە دەم بواری ئاو کە بمباتەوە. خۆ تۆ ئاگات لە دڵی من نییە.)

بەڵام ئاگام لێ بوو. ببو بە مرۆڤێك کە دەستی لە هەنووکە و دوارۆژی هەڵگرتبوو و بە رابردوویەوە نووسا بوو. دڵی مرد بوو. لە هەموو شتێك زیاتر حەزی لە تەنیایی بوو. هەمیشە لە نێوان بەرەورووو بوونەوە و هەڵاتندا، هەڵاتنی هەڵدەبژارد و من سەرەتا پێم وابوو بەس لەبەر من هەڵدێ. ئەگەر نەهاتبایە لام، بیرم لەوە دەکردەوەکە ئایا مافی خۆم بووە، کە خەریکە سزادەدەمەوە؟ بۆچی رووم پێنادا؟ وردە وردە خەریك بوو هەستی بڕوا بە خۆ بوونم لەدەست دەدا. بە خۆم دەوت: (سورمەلینا مرد.)

بەڵام پاشان بەرە بەرە لێی تێگەیشتم کە سرووشتی هەروا بووە. وە دەمزانی خۆشی دەوێم. لە ئاکارو رەوشتیدا دەمبینی و، یان هەوڵمدەدا لە هەڵسوکەوتەکانیدا نیشانەیەک لەم خۆشەویستییە بدۆزمەوە. لەبەر من لەو بەری شارەوە دەهات، بە چەندین سەعات بەرامبەرم دادەنیشت و قسەی بۆ دەکردم. باسی رابردووی دەکرد، لە دڵتەنگییەکانی دەدوا، بۆ پیاوێکی کز و باڵابەرز بە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پەرۆش بوو بە ناوی جەمشید کە لە تاڵاوەکەدا خنکا بوو. باسی پیریژنێکی بۆ دەکردم کە بەسەر کوانووەکەیدا کەوتبوو و جەرگی بوو بە قەقنەس. سەبارەت بە مامۆستا ناسري دڵخوێن دەدوا کە لە حاست مەرگدا بە بەلاش خۆی بە دەستەوەدا. یان باسی سەردەمی منداڵی بۆ دەکردم کە ئایدا پێی وتبوو: (لەگەڵم وەرە با چاوم بە کارگەی لۆرد بکەوێ.) وە ئەو قەت بواری بۆ نەرەخساو ئایداش قەت دەرفەتی ئەوەی بۆ هەڵنەکەوت کە ئەو کارگە نەفرەت لێکراوە ببینێ.

وە کاتێ تووڕە دەبوو، ڕێگەم پێدەدا بە هەموو دەمای خۆی هاوار بکا. وە ئەو هەمووە تووڕەییە لەبەرچی بوو؟ لەبەر پاسەوانێك بوو بە ناوی ئەیاز کە دوودانە ژنی هێنابوو و، شەوانە کاتێ لە ماڵی ژنی یەکەمیەوە بەرەو ماڵی ژنی دووهەمی دەرۆشت، خەڵکی پێیان وابوو دەچێ بۆ کێشك گرتن، جا پێی دەڵێن پاسەوانێکی بە شەرەف و زەحمەتکێشە. یان لەبەر ئافرەتێکی پۆلۆنیایی بوو بە ناوی مارتا کە ئیتر حەیای تێدا نەهێشتبوەوە و تەنانەت شەوانەش، لە ژێر پەردەکان لەگەڵ پیاوان دەنوست. بەڵام هەموو گلەییەکانی لە ئۆرهان بوو کە بەردەوام دەیخاتە بەر تەوس و تەلار و لۆمەی خۆی و لاتاوی پێدا دەداو، هەتاکوو ئەم لە گەڵی هێمنانەتر دەجووڵێتەوە، ئۆرهان زیاتر ژاری خۆی پێدا دەرێژێ. وتی: (سەرەنجام مشووری دەخۆم.)

ئێواران دەچووم بۆ دوکانەکەیان و، ئەم کارە بۆ من ببو بە نەریتێك. دەبوو لە دوای چووبام و ئەوم هێنا بایە. وتم: (ئەگەر ئەو شەوەی کە ئاگاداریان کردیتەوە سوورمەلینا مردووە، تا بەیانی ڕابوێرە.)

پێکەنی. وتی: (لەگەڵ کێ؟)

وتم: (لەگەڵ هەر کەسدا کە حەزت لێ بوو. لەگەڵ هەر ژنێك. تەنانەت لەگەڵ مارتا.)

وتی: (سوورمە، تۆش تەوس و پلارم تێدەگری؟)

ڕێك لە پێش قاوە فرۆشی باوکم بووین. بۆ ساتێ ڕاوەستام. وتم: (هیچ دەزانی؟) چووینە نێو دوکانی باوکم. قاوەمان خواردەوە و گەڕاینەوە بۆ ماڵێ. باوکم وتی: (جەنابی ئایدین، کیش، مات.) ئایدین وتی: (زووتر وەرە.)

وەرێ کەوتین. دەستم خستە بن باسکی وتم: (دەی، تا دەگەینەوە، شێعری ڕۆژەکان و ساتەکانم بۆ بخوێنە.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتی: (تا دەگەینەوە؟ ئەگەر بیرم بێتەوە شێعری رۆژەکان و ساتەکانت بۆ دەڵێم.) کە چاوەکانی دەبەست، بە بزەیەکەوە سەرم رادەوەشاند و سەیرم دەکرد. بەڵام خۆ نەیدەتوانی چاوەکانی ببەستێ. پیادەرۆ قەرەباڵغ بوو. عارەبانەکان، شان و پیلی رێبوارانی و، لە هەمووان خراپتر ئەو منداڵانە بوون کە فڕکە فڕکیان دەکرد. پڕ بە دڵ حەزی دەکرد لە بیابانێك بێ. شوێنێکی چۆڵەوانی کە کەسی لێ نەبێ تاکوو ئەو بتوانێ بە چاوی بەستراو بەرێدا بڕوا. نەیدەزانی هۆیەکەی بۆ چی دەگەڕێتەوە کە حەز دەکا کەسێك هەمیشە ئەوی خۆش بوێ و بۆی لە غەمدا بێ. نەیدەزانی بۆچی پێی خۆشە من هەمیشە لە زەینیدا بم. بەڵام دەیزانی کاتێ لە خەو هەڵدەستێ، من دێمەوە یادی و، خۆشم دەوێ و، نەماوم.)

شەوانە دەترسا بخەوێ، چوونکە جارجار منی دەبینی و، کاتێ بە ئاگا دەهاتەوە من لە باڵم دابوو و فڕی بووم. دەترسا بخەوێ، چوونکە دەیزانی لە گەرماو گەرمی خەودا لە نەکاو رادەچڵەکێ، دادەنیشێ، چاوێك بە دەورو بەریدا دەخوشێنێ و، پاشان وەك باوك مردووان لەو ژووره سمیتکراو و ساردەدا، دەگری. بە دڵێکی پڕ لە ئەزرەت و، غەمێکی سەرسووڕهێنەرەوە دەگری، رەنگی هەڵدەبزرکا و، دەستەکانی دەلەرزین. ئەوجار دایکە دەگێشتە سەری، نەبات ئاوی بۆ دەگرتەوە، قسەی لە گەڵدا دەکرد و، بە داکۆکی کردنەوە داوای لێدەکرد ژوورەکەی بگۆرێ. بەڵام ئەو دەیوت: (هەر لێرە دەمێنمەوە.)

وتی: (لەبەرچی بیر لەم شتانە دەکەمەوە. ئەگەر بیرم بێتەوە، شێعری رۆژەکان و ساتەکانت بۆ دەڵێم.) شێعرەکەی بە زمانی تورکی بوو و ریتمێکی ([27]) جوانی هەبوو. کە لە چوارریانی "سەرچاوە" تێپەری بیری هاتەوە. وە خوێندی:

(من باش دەزانم کە ژیان رواڵەتی نییە،
من باش دەزانم.
بەڵام تۆش بزانە، کە کەس بۆ گەمەیەکی پەست، نەخووڵقاوە.)

هەرچی بیری لێدەکردەوە نەدەهاتەوە یادی. پاشماوەکی چی بوو؟ پاش چەند بەیتی دیکە:

(بیر لەو رۆژە غەماوییانە بکەوە، لەو رۆژانەی...)

---

[27] **ئیقاع.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وە پاشان نەیتوانی لەسەری بەردەوام بێ. بەس چەند کۆپلەی کۆتایی شێعرەکەی بە باشی لەبیر مابوو:

(لەبیرت بێ کە رۆژەکان، ساتەکان، قەت ناگەڕێنەوە.
بیر لە زەمەن بکەوە و، شەبیخوونە بێ دادەکەی:
زستانێکمان لەبەرە درێژ و ئەستەم
زستانێکی فەرامۆش نەکراو
ئیتر دەکارین بڵێین چی
جگە لەوەیکە بڵێم: بەرگی زستانییەکەت لەبیر مەکە.)

من چەپڵەم بۆ لێدا. لە کۆلآنی ئەرمەنییان بووین. بینای کلیسە بەرەو روومان بوو و، کەس لە کۆڵان نەبوو. چاوم لە پشت سەری خۆم کرد، نا. کەسی لێ نەبوو. هەر بەدەم چەپڵە لێدانەوە، ماچم کرد. وتم: (لە پێش ماڵی خوادا تۆم ماچ کرد.) وە وتم: (تۆ مەسیحی منی.) وە ئێستا چەند جار لەسەریەك دەنگی منی لە مێشکدا دووپات بوەوە. دیسان وتم: (تۆ مەسیحی منی.)

کە گێشتە بەر دەرگای ماڵەوە، سەری وەرسووڕاند. وە هەرچی بیری لێدەکردەوە، نەدەهاتەوە بیری کە چۆن چۆنی ئەو هەمووە رێیەی بڕیوە. بەس دەیبینی کە گەیشتوەتە ماڵێ. دەرگاکەی کردەوە، بە بێدەنگی. بەبێ ئەوەیکە -وەك مردووەکانی دیکە- بە تەمابێ حوزووری خۆی رابگەێنێ، خۆی بە ژێرزەمیندا دەکرد. ژوورەکەی بەو دیوارە چیمەنتۆیی و بۆرەیەوە، هیچ جوانکارییەکەی تێدا بەدی نەدەکرا جگە لە وێنەیەکی بنەماڵە. باوکی لەسەر ئەسکەملە دانیشتبوو، دایکە لە پشت سەری راوەستابوو، هەر بەو چارشێوە سپی و گوڵ رێزەیەوە. وە وەکو هەمیشە کز ولاواز. ئایدین لە دەستی چەپیەوە راوەستابوو و ئۆرهان لەدەستی راستی. لە پشت سەری هەمووانەوە، نیمچە روخساری ئایداش دیار بوو کە لە چارشێوە رەشەکەیدا خۆی کۆ کردبوەوە. وە چەندە بە جوانی پەردە و پشت دەرییەکانی دە دووری و، زۆر بە جوانی چینی تێدەخستن و پاشان دەیوت: (خاڵە ئایدین، پێت باشە؟) بە زمانی سۆهرابەوە قسەی دەکرد.

دەرگای ژوورەکەی داخست. پەردەی کێشاو، سیگارێکی داگیراند. لەسەر قەرەوێڵەکە راکشا. وە هەوڵی دەدا سەرەتا بیر لەمن بکاتەوە پاشان ئایدا. بەلآم نەیدەتوانی. هەموویان پێکەوە دەهاتن و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پێکەوەش دوور دەکەوتنەوە. زەمینی قەرەباڵغ بوو و پاشان وەکوو بیابانێکی قاقڕ، چۆڵ دەبوو. کە لە دەرەوە بوایە یان لەکاتی کتێب خوێندنەوەدا، زۆر بە هاسانی دەیتوانی بە کەیفی خۆی بکەوێتەوە یادی هەر کەسێك کە مەیلی لێ بوایە. یادی من، ئایدا ،دایکە و، تەنانەت جەمشید کە لە تاڵاوەکە دا خنکا بوو و رۆحەکەی چەندین ساڵان، ئەو و دایکە و ئۆرهانی ئازار دابوو. دایکە وتی: (هەمیشە وا هەست دەکەم لە دەرگای ماڵەوە دەدا. دەترسم کاتێ دەرگا دەکەمەوە، ببینم جمشید لە پشت دەرگا راوەستابێ و بڵێ: (سڵاو، دایە. زەحمەت نەبێ ئۆرهانم بۆ بانگ بکە.)

(ئۆرهان لە ماڵ نییە.)

(دەی بانگی ئایدین بکە.)

دایکە دەیوت: (دەترسم لە شوێنی یەکێکتان بێ و ئیتر من چاوم پێتان نەکەوێتەوە. چوونکە هێندێ جار مردووەکان لە دوای مرۆڤ دێن و یەکێ لە زیندووەکان لەگەڵ خۆیان دەبەن.)

ئۆرهان وتی: (ئەگەر هات، بڵێ هەر یۆسف لە ماڵە. با لەگەڵ خۆی بیبا، ئاسوودەمان دەکا.)

دایکە وتی: (تۆ سەننەنە؟)

ئایدین وتی: (بەرد بەر ئەو لاقە دەکەوێ کە پتر دەگەڕێ. ئۆرهان، وریای خۆت بە.)

پاشان هەستی کرد روومەتی گەرم داهاتووە و، دەستەکانی دەلەرزێن. کەوتبووە یادی ئایدا. نەیدەزانی کە بۆچی هەمیشە واهەست دەکا کارەساتی ئاگر لەخۆ بەردانەکەی خوشکی دیتووە. بە ئاشکرایی ئاگرەکەی دەبینی کە جەستەی ئایدای دەگرتەوە و کڵپە دەستێنێ. شەو بوو. کەس لە شەقام نەبوو. تەنانەت سەگەکانیش لەوێ نەبوون و، بەس لە دوورەوە دەنگیان دەهاتە بەرگوێ. سۆهراب لە پشت دەرگا داخراوەکەی ماڵێدا دانیشتبوو و دەیقیژاند. ئایدا دەسووتا و هەڵدەهات. بەڵام دیسان بەرەو لای منداڵەکەی دەهاتەوە کە وریای بێ و لە قاناوی ئاوەکە نەکەوێ یان سەگەکان لەت بە لەتی نەکەن. پاشان دەرگای ماڵەوە کرایەوە، ئابادانی بە غاردان هاتەدەر. بەڵام زۆر درەنگ ببوو. ئایدا هەڵقرچابوو.

پاشان "ئابادانی"ی کەوتەوە یاد کە بە رەش پۆشی و چاوی پڕ لەگریانەوە، بە پرچێکی ئاڵۆزو سەرو روویەکی پەرێشانەوە، بە دوای مەیتی ئایدادا بەرەو ئەردەبیل گەرابوەوە. وە لە ترسا نەیدەوێرا خۆی دەربخا. وە پاشان منداڵەکەی، سۆهرابی هەڵگرت و رۆشت بۆ ئامریکا. پاش

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ساڵێکی دیکە لە نامەیەکدا، داوای لێ بوردنی لە باوکەو، دایکەو، ئایدین و ئۆرهان خواستبوو و، نووسیبووی لە حاست ئایدادا خۆی بە قەرزدار دەزانێ و، ئەم قەرزەش دەگەرێنێتەوە بۆ تاکە یادگارەکەی کە سۆهرابە. هەموو سۆز و مشووری خۆی لەبۆ سۆهراب تەرخان دەکا. وە ئیتر قەت ناگەرێتەوە بۆ ئێران. بەلآم سەرئەنجام کەس نەیزانی ئایدا چی لێ رووداوو کە ناچار بووە خۆ بسوتێنێ. تەنانەت رۆژنامەکانیش سەبارەت بە هۆکارەکەی هیچیان نەنوسیبوو.

سیگارێکی دیکەی داگیرساند. پاش چەند ساتێك دەرگای ژوورەکەی کرایەوە و دایکە هاتە ژوور. وتی: (بۆ نایەیتە سەر؟)

(باش نیم.)

(چ قەوماوە؟ دیسان لەگەڵ ئۆرهان دەمەقاڵەت لێ پەیدا بوەتەوە؟)

(نە، دایە. وازم نییە.)

(ئەی چ بووە؟ پێم بڵێ.)

(کەوتبوومەوە یادی ئایدا.)

(ئایدا. ئایدا چارە رەشەکەم.)

(بۆ وای لێ بەسەر هات؟)

(بریا دەمزانی دەردی چییە. بەلآم هەرچییەك بوو بێ لەبن سەری ئابادانیدا بووە. لەم دواییانەدا دانیان پێکەوە نەدەکولآ.)

هەر دووکیان بۆ ماوەیەك بێدەنگیان راگرت. ئایدین چاوی بریبووە میچی ژوورەکەی و، ئاراستەی چاوی لێ ئاڵۆز ببوو. دایکە لە بەرەوەی پلیکانەکان دانیشت، وتی: (ئەم ژوورە زۆر دڵتەنگە. پیاوی ساغیش لێرە نەخۆش دەکەوێ. بۆچی ناتەوێ بگەرێیتەوە بۆ ژووری جارانت؟)

(من رقم لەوێ دەبێتەوە.)

(دەتەوێ هۆدە گەورەکەت بۆ ئاوەدان بکەمەوە؟)

(نا. دایە، نا. من هەر لێرە دەمێنمەوە.)

(ئەی لەبەرچی وات لێ بەسەر هاتووە؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئایدین دەیەویست لە تەنیاییدا بێ و بکەوێتەوە یادی من. لە خۆی قەڵس بوو کە بۆچی ناتوانێ لە دەرەوەی ماڵێدا خۆی راگرێ. وتی: (دایە، چم لێ هاتووە؟) وە لەگەڵ ئەم قسەیەدا ناڵەیەکی لێ بوەوە.

(هەر لە بەیانییەوە تا بە شەوێ خەریکی بیرکردنەوەی. بەردەوام لە خۆتدای. دەبێ بزانم بیر لە چی دەکەیتەوە؟ دەتەوێ بە نامەیەك لە خاڵە ناسرت راسپێرم کە ژیان پێکەوە بنێی؟...)

(دایە توخوا، ئیتر باسی مەکە.)

(خەریکە خۆت دەفەوتێنی.)

(جارێ بەتەما نیم.) وە مژێکی توندی لە سیگارەکەی دا و قوونچکە سیگارەکەی لە ژێرسیگارییەکەی سەر سینگیدا کوژاندەوە.

(رەنگە بەتەمابی هەموو تەمەنت هەر لە بیری سوورمەدا بی و بە حسێبی خۆت لە پایدا بمێنیتەوە.)

ئایدین لەوە ترسا ئەگەر پێی بڵێ: (ئەرێ.) وە دایکی ئامۆژگاری بکاو بڵێ: ( بیر لە مردووان مەکەوە.) هەر بۆ ئەم مەبەستە بێدەنگی راگرت و، لە زەینە ئاڵۆزەکەیدا خەریك بوو لە دوای من دەگەڕا. لە کاتی قسەکردنی دایکەدا، ئەو دەیتوانی بیر لە من بکاتەوە. یادی بەرێدا رۆشتن و قەڵەمبازەکانم. یادی ئەو شەوە بارانییە. وە یادی جێژنی نەورۆز کەمن سەوزەم شین کردبوو(1[28]) وتی: (خۆ ئێوە جێژن ناگرن؟) وە من وتم: (لەم ساڵەوە، هەموو نەورۆزێك دەکەم بە جێژن. جەژنانەشت لە بیر نەچێ.) وتی: (چیت دەوێ؟) (دیسان ماچم بکەوە.) ماچی کردم. وتم: (ئاڵباڵوو.) وە پێکەنیم.

دایکە وەرێ کەوتبوو. دوو سێ هەنگاوی هەڵدینایەوە. کە دەگێشتە قووژبنی هۆدەکە، چاوی بە کتێبە بڵاوەکانی دەکەوت، دەگەڕایەوەو چاوێکی لە ئایدین دەبڕی. وە دیسان دەرۆشت و دەهاتەوە. وتی: (دەزانی کاتێ بەم چەشنە خۆت ئازار بدەی، رۆحی ئەویش ئازار دەبینێ؟)

(دایە، خۆ سوورمە لە ژێر خاکدا نییە.)

[28] لە ئێران و لەنێو فارسەکان بەتایبەتی، بۆ هاتنی ساڵی تازە و بەبۆنەی نەورۆز خەڵك گەنم یان نیسك یان نۆك لە قاپێك دادەنێن و ئاو پڕژێنی دەکەن تا بەرە بەرە چەکەرە دەکاو ئەوجا شین دەبێ و لەسەر سفرەی حەوت سین دایدەنێن تا سێزدە رۆژ لە بەهار تێدە پەڕێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(من نالّیم فەرامۆشی بکە، نا، خۆشت بوێ. لە یادیدابە. بەلآم یەك تۆزیش بیر لە خۆت بکەوە. سەیربکە.) هات و لەسەر لێواری قەرەوێڵەکەی دانیشت: (ئۆرهان کوڕێکی ددان خڕ و پارە پەرستە. وەکوو باوکە خوا لێخۆش بووەکەت، هەر پارەی لا مەبەستە و هەر لە بیری چەرەسەکانیەتی. لە خوای دەوێ تۆ لەسەر رێی نەمێنی و هەموو دارونەدارەکان بە تەنیا هەڵ لووشێ. بەلآم من دەمەوێ هەر لە ئێستاوە بەشەکانتان دیاربێ. نە زوڵم لە تۆ بچێ، نە لەئۆرهان. بەلآم ژیان لای تۆ گاڵتەجارە. ئەگەر من سەربنێمەوە، بەم بارە ناهەموارەوە، نازانم چت لێ بەسەر دێ. ئەو هەمووە ساڵە لەبەر تۆ دەمەقاڵەی باوکتم دەکرد، ئێستاش دەبێ لە دەست ئەو نەگبەتە ئازار ببینم. لەبەرچی؟ چونکە تۆ بە تەمانیت بەرگری لە مافی خۆت بکەی. هەر کە چووکەترین قسەیەك دەبیستی، پاشەکشە دەکەی. ئاخر لەبەرچی؟)

دیسان ئایدین سیگارێکی دیکەی داگیراندەوە و هەروا لە بن میچی ژوورەکە راما. من لە نێو ئەو هەمووە قەرەباڵغییەدا بزر ببووم. مرۆڤەکان، هەموویان ون ببوون. وە هەرچەندی دەکرد بیری نەدەهاتەوە کە من بە زمانی ئەرمەنی چیم پێ وتووە. ژوورەکەی بە دووکەڵی سیگار قانگ درابوو. دایکە پەردەکەی لادا، دەرگای کردەوە. وتی: (لەبەر من، هەوڵ بدە بیر لە رابردووەکان نەکەیتەوە.)

خۆی راست کردەوەو دانیشت و، سەیری دەرەوەی کرد. قەلەرەشەکان لەسەر لقە پەرتاوتووەکانی سنەوبەرکان، بە بێ جووڵە، وەها هەڵنیشتبوون کە زەمەن بەرەوە ساڵانی کۆن دەگەڕایەوە و لە شوێنێکا چەقی دەبەست. ئایدین چواردەساڵان بوو، بە جانتا قاوەییەکەی قووتابخانەوە، لەسەر پلیکانەکان دانیشتبوو و نان و پێخوری دەخوارد. پاشان چوو بۆ دوکان. باوکە پرسیاری ئەوەی لێ نەدەکرد کە داخوا چۆن و چ کاتێك خوێندنەکەی ئەزبەر دەکا. بەلآم دەیزانی زۆر بە باشی دەخوێنێ. هەموو هەوڵ و خەیاڵی بۆ ئەوە بوو کە ئایدین بە کارو کاسپی و دوکان هۆگر بکا. وتبووی: (هەمیشە خۆتان بە کارێکەوە خەریك بکەن. دەبێ لەشتان بە کارکردن خوو بگرێ.)

کاتی پشوودان، ئایدین لە دوکان کاری دەکرد. عەرزی دەشۆردەوە، بە گێچ و چیمەنتۆ کوونە مشکەکانی دەگرتەوە، مشتەرییەکانی بەرێ دەکرد. وە ئۆرهان، لە بن مێزەکەی باوکەدا، بە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تەختە و بزمار، کورسی و سندووقی چکۆڵەی دروست دەکرد. باوکەش جارجارە دادەهاتەوە و دەیبینی کە لە ژێر مێزەکەیدا خەریکە بە بزمار دوو پارچە دار بە یەکەوە دەبەستێتەوە. وتی: (کوڕم ئەوە خەریکی چیت؟)

ئۆرهان وتی: (هێلانە دروست دەکەم.)

باوکە وتی: (بۆ کێ؟)

ئۆرهان وتی: (بۆ باڵداران.)

باوکە وتی: (کوڕی خۆم بۆچی کارێك ناکەی؟)

ئۆرهان چەندکەرەت چەکوشەکەی داهێنایەوە و وتی: (ئەی ئەمە کار نیە؟)

باوکە پێکەنی و مستی پڕ لە پستە کرد و بۆ ژێر مێزەکەی برد. ئۆرهان سندووقە چکۆلەکەی بۆ بردەپێشەوە تاکوو باوکە مستی بۆ بەتاڵ بکا. ئایدین لەوبەری دوکانەوە سەیری دەکردن. وە باوکە باش دەیزانی کە چاوی لێیەتی. وە هەر بۆ ئەو شەوە بە دایکەی وتبوو: (غورووڕێکی سەیری هەیە. پیاو حەز دەکا ئەم غرووڕەی بشکێنێ.)

دایکە وتی: (ئەو هەمووە سیگارە چییە دەکێشی؟ خۆ تۆ سیگارکێش نەبووی.)

ئایدین وتی: (نازانم.) وە یەکی دیکەی داگیراندەوە. هەوڵی دەدا ئەو ڕۆژەی بێتەوە یاد کە من بڵێم: (ئیختیار بە دەستی خۆتە. من چیم کە تۆ فێر بکەم چی بکەی. بەس حەز دەکەم ئێوە لە جل و بەرگی ڕازاوەدا ببینم.)

وتی: (بە تەمام ئەمشەو، ئیزن لە باوکت بخوازم کە لەگەڵ تۆدا زەماوەند بکەم.)

وتم: (خۆمن شایانی تۆ نیم.)

وتی: (تۆ هەموو ژیانی منی.)

وتم: (ئێمە دووجار زەماوەند دەکەین. جارێك لە کلیسە، جارێکیش لە نووسینگەی زەماوەند. واتە بە شێوەی موسڵمانان.)

وتی: (تۆ چ جۆرە گوڵێکت خۆش دەوێ؟)

وتم: (مەبەستت لە چییە؟)

وتی: (حەز دەکەم چەپکە گوڵێکت پێشکەش بکەم.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گوڵەکان هەر هەموویان لای من خۆشەویست بوون. حەزم لە تێکەڵاوی گوڵەکان بوو.

مژێکی توونـدی لـە سیگارەکـەی دا و لـە دڵـی خۆیدا وتـی: (مـەخابن.) پاشـان سـەیری دایکـی کرد. ویستی بۆ چەند ساتێك هەستی خۆی بەرەو لای دایکە رابکێشێ کە قسەیەك بکا یان قسەیەکی لـێ ببیستێ. بـەڵام دیسان روخساره رەنـگ پـەڕیوەکـەی منـی هاتـەوە یـاد کـە بـەردەوام حاڵـەتـی رشانەوەم هەبوو. وە پاشان رەشایی چاوەکانم گـەورەتر و گـەورەتر دەبـوون، تـا بـەو رادەیـەی کـە گشت روخساری منی داگرتەوە. وە لەو رەشاییەدا هیچی وەبەر زەین نـەداهات. جگە لـە ئایدا کـە ئەویش تا دەهات خۆی پیشان بدا، لە بڵێسەی ئاگردا هەڵدەقرچا.

سەری داخست و دیسان چاوەکانمی هاتـەوە پێش چـاو و پاشـان روخسارم کـە رەنگـی گـوڵ بەهێی بە خۆیەوە گرتبوو، یان پەرەی گوێم کە هـەمیشە بـە زمـان قتیلکـەی دەداو منیش مـووچڕکم پێدا دەهات. قەڵەم چاوەکەی هەڵگرت. وتـی: (راوەسـتە، بـا خـاڵی سـەر لێـوت دووپـات بکـەمـەوە.) خاڵێکی رەشی بچکۆلە لە لای راستی لێوم بوو. ئایدین یەکی دیکەی لـە لای چـەپـەوە نـەخشاند. مـن ئێشم پێ گەیشت. بەڵام هیچم نە وت. بۆی راوەستام تاکوو بە جوانی پڕ رەنگی بکـاو، لـە ئاوێنـەدا سەیری خۆم کرد. پێکەنیم.

وتـی: (جوان دەرنەچوو، پاکی بکەوە. وەرە من دەیسڕمەوە.)

وتم: (جارێ وازی لێ بێنە بۆ دوایە.)

وتـی: (نا. من بە هەڵە دا چووم. شتە جوانەکان قەت دووپات ناکرێنەوە.)

وتم: (تکایە فشەم پێمەکە.)

وتـی: (مەتمانەم پێ ناکەی؟)

هـەر لـەو سـاتەدا وینـەیـەکـی روونـاك لـە دایکـی، لـە پـێش چاوانیـدا نـەخشی بـەست کـە چارشێوەکەی بەسەر شانیدا بەربووەوە، لەسەر دواپین پلیکانەی ژوورەکە دانیشتبوو. بە بێدەنگی.

دووایین مژی لـە سیگارەکـەی ستاند و زەختـی خستە سـەر زەینـی. مـن نـە دەهاتمـەوە یـادی، مەگین بە سەرچەفێکی سپییەوە کە بـەسـەر ئـەم جـەستە- وەك خـۆی کووتـەنـی- ناسکەدا کێشرابێ. تـەرمێکـی هـەڵمـساو و رەش داگیـراو کـە ئێـستا لـەپێش چـاوەکانیـدا، لـەسـەر کاشییە ساردەکـانی نەخۆشخانە خەوتبوو. وتبووی: (بریا مرۆڤ دەسەڵاتی مەرگی بوایە.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتم: (چۆن چۆنی؟)

وتی: (بە چەشنێك کە نەیەوێ بمرێ. کۆششێکی بەردەوام.)

وتم: (لە گوونجان نایە. مەرگ هەموو دەمێ لە شێوەیەکدا نایەت. هەرجارە بیچمێکی تازەی هەیە.) ویستی لە زەمینیدا من پێی بڵێم کە خەریکە خەون دەبینێ. وە من وتم: (ئەمە خەونە کە دەیبینی.) قوونچکە سیگارەکەی فڕێدا و قامکەکانی بە زمان تەڕ کرد. تەماشای کرد کە دایکە خەریکە سەیری دەکا.

وتی: (دونیا پووچ و بێ بایەخە. هیچ بایەخێکی نییە.)

وتم: (قسەی جوان بکە. دونیا بێ بایەخ نییە. بەڵکوو وەك مرۆڤ ژیان، دژوارە.)

وتی: (ئەرێ.) وە ویستی من پێی بڵێم نا. دونیا بێ بایەخ نییە. دژواریش نییە. ئەمە خەونە تۆ دەیبینی.

وە من وتم: (دونیا بێ بایەخ نییە. دژواریش نییە، ئەمە خەونە تۆ دەیبینی.) وە قسەکانم دانە بە دانە بۆ دەکرد. پاشان پێکەنیم. حەزی دەکرد لەسەر جۆلانەکە دانیشم و پێبکەنم و، منیش لەسەر جۆلانەکە دانیشتم و پێکەنیم و، با گەمەی بە پرچەکانم کردبوو. وتم: (جۆلانە ناکەی؟ )

وتی: (نا.)

لەسەر لێواری حەوزەکە دانیشتبوو. بەرگێکی پەشمی لەبەر کردبوو و، هەوا تەم دای گرتبوو، چوونکە بارانیش بە تەمابوو بباری. وتم: (لاوا؟)

دایکە مەیلی لە هەر قسەیەك بوایە دەیکرد و وەك هەمیشە دەچووە سەرەوەختی چێشت لێنانەکەی و قاپ شۆردنەکانی. وە ئایدین تا دەهات بیر لە باوکە بکاتەوە - کە دەتوت هەر دوێنێیە - بەو جەستە چکۆلە لە دوکانەوە بەرەو ماڵ دەهاتەوە، بەو پاپاخە رەشە و باڵتە رەساسییە، بە سەنگینی بە پلیکانەکاندا هەڵدەگەڕا. ئەو هەیبەتە سەیرو سەمەرە ئەو خووە ئەبەدیە، لەناکاو لە بیرەوەریەکانیدا بزر دەبوو و لە کۆنە گۆرستانی شار، لە ژێر خاکدا دەبوو بە چوار چل ئێسك. بیری لە هەر کەس کردبایەوە هەر بەم جۆرە بوو. وێنەکانیان لە ناکاو باڵیان دەگرت و شتێکی دیکە جێگای پڕ دەکردنەوە. تەنانەت روخسارە رەنگ پەریوەکەی منیش ئیتر بۆ ساتێ بە پاوەجێیی نەمایەوە کە ئەو لەتوانایدا بێ بەباشی لە زەمینیدا سەیری بکا. بەڵام، لەم مانگەی دواییدا،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەتایبەت لەم رۆژانەدا، ویستبای هەرچییەکی لێ بەسەر هاتبێ، هاتبوو. بۆیە سەرەتا بیری لە باوکە و پاشان لە منداڵی خۆی کردەوە کە لە هەیوانی نهۆمی سەرەوە بینەی لێدەدا بۆ نێو خەوزەکە و باوکە بە تەمایە لە ماڵی دەربکا. لە زەینیدا تافی منداڵی ئەو برا گەمژە و خولیا پەروەرەشی دەبینی. وە فڕۆکە روسییەکان و پەرەشوتە شین پۆشەکان، کە هێور هێور لە ئاسمانەوە دادەبارین، رەنگە بۆ مەبەستی لە نێو چوونی ئەم منداڵە گەمژەیە بووبێ. باوکە دەرۆشت و سەر لە نوێ لە بەرگێکی دیکەدا دەهاتەوە بۆ سۆراغی. بریا دەیتوانی ئەم شتانە هەموویان بۆ دایکی بگێڕێتەوە. ژیان هەمیشە خەو و خواردن نەبوو. کۆمەڵێ شتی ورد و ناسکیش لە گۆڕیدا بوون کە ئەو نەیدەتوانی بۆ دایکی باس بکا.

باوکە وتی: (لەبەرچی لە قوتابخانە بەیەکەم دەرنەچووی؟)

(دەی، بە دوو هەم دەرچووم.)

(ناکرێ بەیەکەم دەرچی؟)

(بەڵێ. دەتوانم.)

(دەرچۆ.) بۆ پشت ئێشە و ژانی لاقی منداڵەکانی، خەریك بوو مەعجونی ئەفلاتوونی دەگرتەوە. ناووکی پستە. فستق و گوێز و بایەم، لەگەڵ نارگیلدا تێکەڵی دەکردن و دەیکوتا، لە شیردا تێکەڵی دەکردن و یەکی دوو پەرداخی دەرخوارد دەدان. وە ئۆرهان کە لەسەر کۆشی باوکە دانیشتبوو، لە جێدا میزی لە خۆی کرد. باوکە وتی: (ئەم هەتیوە داویەتیەوە سەرکێ؟) تووڕە ببوو. لاقەکانی لە دەرەو شۆرد و، پانتۆڵەکەی گۆڕی. وە دیسان لەسەر جێگاکەی خۆی دانیشت. دایکە بە مەکینەی بەرگدوورین، خەریك بوو شەرواڵی بۆ منداڵەکان دەدووری. وە ئایدا مەشقی دەنووسی. دایکە وتی: (ئاکارو رەوشتی داویەتیەوە سەر خۆت. بەلآم لە خۆ میز کردنەکەی، نازانم.)

باوکە وتی: (باشە باش. هەستە بی گۆڕە، دەی. هەتیوە نێرەکەرە شەش ساڵی تەمەنە و ئێستاش شەرواڵەکەی...)

سۆبەکە لەو قووژبنەدا لرفەلرفی دەکردو، دووکەڵی بەرەو ئاسمان هەڵدەکشا. باوکە بە ئایدینی وت: (ئەگەر لە قووتابخانە بە یەکەم دەرچی دووچەرخەت بۆ دەکڕم.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئـەو سـاڵە، بـە شـەو و بـە رۆژ خوێنـدی. لـە لایـەن بـەرێـوەبـەرایـەتـی پـەروەردەوە، لـە رۆژنامەکاندا وینەیەکیان بۆ لە چاپ دا. باوکە وێنەکەی لە بن شووشـەی سـەرمێزەکەی دانـابوو و پیشانی مشتەرییەکانی دەدا: (ئایدین ئاۆرخانی. دەبینی؟ کۆی گشتی نمرەکانی بیستە.)

بەلاّم نە ئەو ساڵەو، نە هیچ ساڵێکی دی، باوکە دووچەرخەی بۆ ئایدین نەکڕی.

سەری هەڵێنایەوە. دایکـە رۆشتبوو. لـە سمێڵەکانییـەوە بۆنـی خڵتـەی سیگارەکـەی هـەڵدەستا. نـەیدەزانـی لـەبـەرچـی گـەڕاوەتـەوە بـۆ مـاڵێ. هـەستا کـە بـەرەو دوکـان بچـێ. دایکـە لـە پـەنجـەرەی چێشتخانەڕا وتـی: (بۆ کوێ؟)

(دوکان.)

(تازە وا شەو بەسەردا هات. ئێستا ئۆرهانیش دێتەوە. نان و چا ئامادەیە.)

بەرەو ژێر زەمین گەڕایەوە. لە بێدەنگی سـەری شـەودا، دەنگـی بانـگ دەهاتـە بـەر گـوێ و، دەنگە بەردەوەمەکەی کارگەی لۆردیش کـە بـەبـێ چـەمك هـاڕە هـاڕی دەکـرد. نۆرە کـاری شـەوێ بوو. دەتوت وەك چۆن بە قووڵدا چووە بە تەمابێ، بـە عـەرزیدا رۆبچـێ. بـەلاّم لـەمێژسـاڵ بـوو لـە شوێنی خۆی جووڵەی نەکردبوو. نە زیاتر رۆدەچوو و، نـە سـەری لـە عـەرزی بـەرزتـر دەبـوەوە. بەس کامێونە چکۆلەکانی جێمس لەو سەراو لێژییەوە پانکەکانیان دەهێنایە سەر و دەیانبردن.

لەسەر قەرەوێڵەکەی راکشاو لە مێچەکە راما. پۆتیشکای لە خۆم زیاتر خۆش دەویست. بـەلاّم پاشان کە بۆ خۆم هاتووچۆم دەکرد، بۆچوونی گۆڕا. وتـی: (تۆ چەند ساڵت تەمەنە؟)

وتم: (تەمەنم چەندە بێ باشە؟)

وتـی: (بیست و دوو ساڵ.)

وتم: (هێندەش چکۆلە نیم.)

وتـی: (چەند ساڵتە؟)

وتم: (سێ ساڵ لە تۆ گەورەترم.)

وتـی: (من چەند ساڵم تەمەنە؟ )

پێم وت. زۆری پێخۆش بوو. خەنی بوو. وتـی: (تۆ لە کوێڕا زانیت؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتم: (قەلەرەشەکە.) وە پێکەنیم. وە ئەو خەنی بوو. من دیسان پێکەنیمەوە، لە قولآیی دڵمەوە. ئەویش لە ناخی دڵیەوە خەنی بوو. وە ئەم خەنی بوونەش کۆتایی نەدەهات. حەزی دەکرد هەر بەو جۆرە پێبکەنم. بەلآم وتم: (مەسیحی هۆزی تاتارەکان.)

وە من ئێستا لە نێو میچی ژوورەکەدا بزر ببووم. چاوەکانی بەست و، ویستی هەروەك ئەو رۆژە پێبکەنم و من پێکەنیم. وە پاشان ئایدا لە شوێنی من راوەستابوو، بە چارشێوێکی رەشەوە کە بە تەواوی روخساری داپۆشیبوو.

وتی: (کاکە گیان، یاخوا بە قوربانت بم. غەم لە چی دەخۆی؟ حەزدەکەی بێی بۆ ئابادان و لە لای ئێمە بمێنیتەوە؟)

وتی: (نا. ئایدا، من دەمەوێ برۆم. بەر لەوەی تێدا بچم، دەبێ لەم شارە برۆم.)

ئایدا وتی: (لەبەرچی؟)

بەلآم ئەم ئاواتەی بۆ وەدی نەهات و قەت چاوی بە ئایدا نەکەوتەوە کە پێی بڵێ: (کتێبەکانیان سووتاندم، دەست نووسەکانم. شیعرەکانم. تێدەگەی ئایدا؟ شیعرە ئازیزەکانم.)

ئایدا وتی: (یاخوا بۆت بمرم.)

ئایدین وتی: (ئێستا لەگەڵ کێ هاتووی؟)

ئایدا وتی: (بەتەنیا.)

ئایدین وتی: (تەنیا؟ ئەی سۆهراب کوا؟ کوا ئابادانی؟)

ئایدا هەڵات. بە سووتانەوە هەڵدەهات. بەرەو هەر لایەك هەڵاتبایە دیسان دەسووتا. دەیقیژاند و لە نێو بڵێسەکاندا هەڵدەقرچا. وە منداڵەکەی لەپێش دەرگای ماڵێ، دەگریا. پاشان لە ژێر دار سنەوبەرێکدا گۆریان بۆ هەڵکەند کە لە شوێنەکانی دیکەی گۆرستان چۆڵتر بوو. ئەویان خەواند.

دیسان من لەوێرا هاتم. وتم: (من لە حەیفی تۆ چ بکەم؟)

وتی: (بیڵێ. دیسان بیڵێوە.)

بە پچڕ پچڕ وتمەوە: (من، چ – ب کەم؟) جوان لەبیری مابوو کە من هەروەك گوڵبەرگێك پەنجەکانی دەستم دەکردەوە و دەمووت: ( من چ بکەم؟)

وتی: (هەر لێرە دانیشە با تێر سەیرت بکەم.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتم: (ئای! پیاو هەراسان دەکەی.)

وتی: (برۆین. چاوەرێمان دەکەن.)

و ئێمە رۆشتین. لەپێش کلیسە، کۆمەڵێك لە جیرانەکان چاوەرێیان دەکردین. پاشان کە چووینە لایان، هەموویان چەپڵە رێزانیان کردین. ئەوجار چووینە نێو کلیسە. لە بەردەم مێحرابدا راوەستاین و قەشە لەیەکتری مارە کردین. بۆ رۆژی دواتریش چووینە نووسینگەی مارەکردن. دایە گەورەم، باوکم و مامەگالۆستیش لەوێ ئامادە بوون. پیاوێکی مێزەر سپی لە پشت مێزەکە دانیشتبوو و خەریکی خوێندنەوەی نێوەرۆکی پێناسەکانمان بوو وتی: (ببورە، تۆ لەسەر دینی مەسیحی؟)

وتم: (بەڵێ.)

وتی: (ئەی کاکی زاوا؟ خۆ ئەو ئینشاالله موسلمانە.)

ئایدین وتی: (بەلێ. موسڵمانم.)

مەلا وتی: (نابێ. لەیەك مارە ناکرێن.)

وتم: (ئەی چی بکەین؟)

مەلا وتی: (وەرە سەر دینی ئیسلام.)

وتم: (باشە.)

وتی: (بڵێ: اشهد ان لا اله الا الله.) وە من دووپاتم کردەوە. وتی: (بڵێ اشهد ان محمد رسول الله.) دووپاتم کردەوە. وتی: (بڵێ: اشهد ان علی ولی الله.(1[29]) ) وە من دووپاتم کردەوە. وتی: (پیرۆزتان بێ.) وە پاشان خووتبەی مارەیی بەسەردا خوێندین.

دەنگی دەرگای ماڵەوە هات. وە پاش چەند ساتێك دایکە وتی: (شێو ئامادەیە.)

چوو بۆژووری سەرەوە و لە تەنیشت سفرە دانیشت. ئۆرهان وتی: (باشتر بوویتەوە؟)

(باشترم.)

(پێویستیت بە حەسانەوەیە. ئەگەر سبەی هەوا سامان بوو پێکەوە دەچین بۆ ویلەدەرە. پشوویەك دەگۆرین. بەڵکوو حاڵت بگۆڕێ.)

---

[29] **شیعەکان لە شایەت ئیماندا ئەم بابەتەش زیاد دەکەن.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئایدین وتی: (براکەم، خراپە ئیتر لەرادە تێپەریوە.)

دایکە وتی: (بخۆ.)

دووسێ پارووی خوارد و دیسان بەرەو ژێرزەمین گەڕایەوە. لە رێدا گوێی لێ بوو کە ئۆرهان پێی دەڵێ: (سبەینێ زوو. بەیانی زوو. زوو.)

(زۆر باشە) لە ژوورەکەی خزا و دیسان کەوتەوە سەرقەرەوێڵەکەی. چاوی کەوت بە من کە لەسەر کاشییە ساردەکان کەوتووم و سەرچەفێکی سپییان بەسەر لەشمدا کێشاوە. هەوڵی دەدا کە بەم چەشنە نەچمە سۆراغی. بەڵام دیسان هەر بەم بیچمەوە هاتم. ئەو خەوی لێ کەوتبوو و من دەهاتم.

ئێمەیان سوار فایتوونێکی دوو ئەسپە کرد و بە دەوری شاردا سووڕاندیانینەوە. باوکم تۆقەی لەگەڵماندا کرد و سەر و رووی ماچ کردین. پاشان مامە گالوستیش لەگەڵ هەردووکمان تۆقەی کرد و ماچی کردین. وە ئێمە چووینە ژوورەکەی خۆمان.

وتی: (لە رابردووەکانمدا لە دوای خۆم دەگەڕێم. ئێمە کۆمەڵێك شتمان هەبووە کە ئێستا نیمانە.)

کەس لەوێ نەبوو کە وەڵامی بداتەوە. بڵێ: (سوورمەلینا.) و من بڵێم: (گیانە.)

مادام یوگینە وتی: (دوێشەو خەونم بە تووە بینی.)

وتم: (چم دەکرد؟)

وتی: (خێرە. لە خەونمدا دیتم کە جەنابی ئایدین گوارەیەکی جوانی بە گوێیەکانتدا هەڵواسیبوو.)

من بە ئایدینم وت کە زگم هەیە و ئەویش هەر لەو رۆژەدا جووتێ گوارەی بۆ کڕیم، بە دەستەکانی خۆی لە گوێی ئاخنیم. پاشان پاشەو پاش لێم کشایەوە و بە شێوەیەك لە منی دەروانی کە ناچار بووم سەر بە سینگەیەوە بنێم.)

پاشان ئێمە رۆشتبووین بۆ سەفەر. کەس لە مالێدا نەبوو. وە من زگم حەوت مانگە بوو. وتم: (ئەمە منداڵی خۆتە. کوڕت دەوێ یان کچ؟)

وتی: (کچ.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بۆ رۆژی دواتر سەفەرمان کرد.

دوکتۆر بە بەرگێکی سپییەوە، چاویلکەیەکی دەسك رەش لە چاودا، هاتە پێش: (تکایە.)

ئایدین بە چۆکدا کەوت. سەرچەفە سپییەکەی لە سەر رووم لادا. لە روخسارم راما. بە ووردی سەیری کردم. بن چاو و تەوێلم شین داگەڕابوون. با کەوتبووە روخسارم، گوێیەکانم بەرەو بۆربوون دەچوون، بەو پرچە تەڕ و نارێکانەمەوە.

دوکتۆر وتی: (تاکە تەرمێك کە لەم ماوەیەدا بەردەستمان کەوتووە، ئەمەیە.)

دڵی بە توندی لێی دەدا. دەستەکانی دەلەرزین. وتی: (جەنابی دوکتۆر ئەو نییە. باوەڕ بکە خۆیەتی. بەڵام من دڵنیام کە ئەو نییە.)

رێك حەوت مانگ بوو کە دوکانی قاوەفرۆشی سۆرین داخرابوو، زەنگی کلیسە دەنگی لێ بەرز نەدەبووەوە. وتی: (ئەرێ لە کوێی، سوورمەلینا؟) هەموو شوێنێك گەڕا. نەخۆشخانەکان، ئاسایش، گۆرستان، هەر شوێنێ کە بە بیری دەگێشت کە رەنگە من لەوێ بم.)

پەنجەی دەستی چەپی کردەوە. ئەنگوستیلەیەکی نەقێمە شین لە قامکی ناوەندما بوو. وە دەستم بەرەو پرچەکانیم برد و وتم: (ئازیزەکەم. ئازیزەکەم.)

وتی: (لە کوێی؟) وە گریا.

وتم: ( ئازیزەکەم.)

دەستی هەڵێنایەوە و گڵۆپەکەی کوژاندەوە. وە لە تاریکیدا چاوی بە من کەوت کە دەست بۆ پرچەکانی دەبەم. و یستی پێی بڵێم. ئازیزەکەم.

وتم: (ئازیزەکەم. ئازیزەکەم.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# مۆڤمەنی چوارەم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەگەر ئیسمایوول نەمێنێ کێ پێم بڵێ حەپۆ؟ ئۆرهاننیش دەڵێ حەپۆ. دەڵێ دێوەزمە. دێوەزمە لێرە چ دەکەی؟ ئیشتیای چایی دەکەم. کاکە برا. بیر لە ژیان بکەوە، لەو رۆژە غەمبارانەی. سەر لوتم شیخەسۆڵی بەستووە. وتم تەق، شکا. کاکە برا، مۆمێك و دوودانە شیخەسۆڵم بۆ نەزری خوا کردووی کە سەرما لێت نەدا. یەکیان لەم لاو یەکیان لەولا. کاکەبرا ئەوە خۆتی؟ دەی بڵێ. من چاوەروانییەکم لە...

لە شارێکی گەورە بووم. خانوە کانی گەورە بوون و دەروازەکەی ئاوەڵاّ و دڵباز بوو. هەر وەك باخچەی شازادەکان. سوورمەلینا وتی حەز دەکەی چاوت بە دایك و باوکم بکەوێ. دەشێ نەیانبینم؟ نا، دەبێ بیانبینی. خۆمان بەنێو  پێنج دەربیەکدا کرد. سوورمەلینایەکیش لەوێ دانیشتبوو. بە فایتوون رۆیشتین. باخچەی ئەرخوانیش سەهۆڵی بەستبوو. کەڵە شاخی گەورە گەورەی لێ بوو. ببوو بە کوێستان. دایکی سوورمەلینا بالاّی بەرز بوو، بەلاّم نەیدەتوانی بجووڵێ. لەعەرزیدا سەری دەرهێنا بوو. وەکوو دار. لە لقەکانیەوە شیرەی دەردابوو. شوێنەواری ئەم زەنجیرانە لە سەر دەستم دەمێنێتەوە. هەزار کەسی لێ بوو، هەزار دانە زنجیر ٦ هەزار دانە قەلەرەشەش لەسەر لقەکان هەڵنیشتبوون و لە میرزا ئایدنی ئۆرخانی راما بوون. دەنگم دەگۆڕم، وەك سەربازە رووسەکان قسەدەکەم. براکەم، ئیتر دەبێ باروبنە ببەستین. خراپە لە رادەی خۆی تێپەڕیوە. تێپەریوە. کەی تێپەریوە؟ خەتا لە کۆلانەکانە. دەبینی؟ نا، نابینی. دەبینی؟ هەمووی پێچاوپێچە. ئەوەیان بەرێز لۆردە. لەسەر چەورێژەکان پیاسە دەکا. پاشان سەراو لێژ دەبێتەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لاقەکانی بەحەواوە و، سەر لەنێو عەرزدا دەتلێتەوە. دەڵێی لەنێو ئاودا وێنەیان چاپ کردوە. سبەی کە وەرێ کەوتم چاوم بە هەر دارو چیلکەیەك بکەوێ هەڵی دەگرمەوە، لە تەنەکەدا دەیسووتێنین. ئێیسمایوول دووکەڵ مەکە. بەچاوان کاك ئۆرهان. ئەی بابە خنکام. وتم لە ئاو وەرە دەر. وتی گەمژە بە دووکەڵ خنکام. وتم دەی مەکێشە. لە بنا گوێم دەسرووێنێ. یەکێ لەم لا، یەکێ لەو لا. دێوەزمە. چم پێداوە؟ کە دەستەکانم ئاوەڵابن رۆژنامەیەك، نامەیەك بەدەستەوە دەگرم و دەیخوێنمەوە. هەر بەم شوورانەدا هەڵدەگەڕام. من نا، یۆسف. هەڵدەگەڕا. بینەی بۆ نێو حەوزەکە لێدەدا. باوکە وتی سەگباب. شەرم دات بگرێ لانی کەم برۆ بە زەرەبین کتێبی منداڵەکان بسوتێنە. کڕیاری خۆشەوستی. حەوزەکەیان پڕە لە...

بریا دەمتوانی رۆژێك ببم بەهیتلەر. دەموت هەرکەسێك هەرچییەکی هەبێ هی خۆی نییە. هی خوایە. ئێمەش لەلای خواوە هاتووین. ئەم مەزنایەتییەمان لەلایەن خواوە پێگەیشتووە. کتێبیشمان هەیە، وا بەڕێوەیە. ئەگەر پاپاخێکی گەورەت دەدا بە من، لە سەرم دەکرد و دەچووم بۆ قاوەفرۆشیە داخراوەکە. میسیۆ لاوا؟ لاوا. ئالمانیاش زۆر بەباشی گەشەی کردبوو. باوکە وتی ئەگەر من سکرتێری هیتلەر بام شەڕەکەی بە بارێکی دیکەدا دەکەوت. وتم باوکە گڵۆپی ژووری سەرەوە سووتا. باوکە چی وت؟ بیگۆڕن. لە کوێ بوو؟ ژووری سەرەوە. ئەمیان نا. ئەو ژوورەی کە پشیلەکەی تێدا ترەکیوە.

کاکە گۆڤارێکی کۆنەی تازەت هەیە؟ هی ئەمرۆ. بە وێنەی هیتلەروە. سوورمەلینا دەستی بەرنەدەدام. باوکیشی لەوێ بوو. باوکی دەنگی ببوو بە بەستەڵەك. باوکی سوورمە باوکی سوورمە بوو بەڵام میسێو سۆرین نەبوو. پیاوێکی رووگرژو تووڕە بوو کە کۆت و شەرواڵێکی قاوەیی لە بەردەکردو وەکوو پیتە چکلۆلەکانی فەرانسەیی دەچوو.

بەگویرەی دوایین هەواڵ، ولاتێکی باشوری دۆزراوەتەوە کە ناوی بوریانییە. رێکەوتن نامەی نەوتیشیان ئیمزا کردوە. لە رۆژدا بە دەیان گەمیەی نەوت دەبەن و لەباتی، ئەسکەملە دەهێنن. بە قامك رێکەوتن نامەیەکەیان ئیمزا کردووە. باڵوێزی ئەو ولاتەش بەتەمایە بێت بۆ ئێرە. وتویەتی بە تەمام سەردانێکی ئەوێ بکەم بەڵکوو لە تاڵڵاوەکەیدا نەخۆشیەکەم چارەسەر بکەم. باداری هەیە. ئایداش باداری هەبوو. مرد. دایکە چی هەبوو؟ ڕەبۆی هەبوو مرد. ئەم پیاوە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

باداری هەیە. ژانەکەی لە کەمەرەوە دەست پێدەکاو بەرەو لاقەکانی دادەگەڕێ. دیسان بەنێو کەمەریدا دەگەڕێ، شانەکانی دەگرێتەوە. شەل و پەك کەوتەیە. وتم کاکە برا ئەم بورانییە لە کوێیە؟ هەر چەند بە نەخشەدا گەڕاین نەمانبینی. لە بیرم نییە لە جوگرافیای قوتابخانەدا دەیتبێتم. ئۆرهان وتی رەنگە لەولایانە بێ. وتم ئەی؟ پێم وابوو لەم لایانەیە. بەدەم پێکەنینەوە دەتریقاینەوە. دیسان بەنەخشەدا گەڕاین بەڵام نایدۆزینەوە. لە باتی ئەو، نیشتمانێکی دیکە دەدەۆزیینەوە. کە بە باشووردا برۆی، دەگەیتە ئەم بورانییە. لایەکی خاکە، بەلای باکووریشەوە دەکەوێتە سەر دەریا. دەمێنێتەوە لای چەپی کە زەمینێکی لێرەوارە. دار قەیسییان لێ چاندووە بەڵام بێ خاوەنە. بڕیارە بێن و دەستی بەسەردا بگرن. چارەنووسی ئەم باخچەیە لە شەڕدا دەردەکەوێ. کاکە ئۆرهانم دەڵێ ئەگەر میراتگرەکانی قامك بە تاپۆکەیدا بێنن، کاری تەواوە. براکەم، شەو و رۆژ بۆچی بیست و چوار سەعاتە؟

وتم کاکە برا ئەم کریستۆف کڵۆمبەی ئێمە هێشتا هەر زیندووە؟ وتی بۆچیتە؟ وتم دەچێ وڵاتی دیکە دەدۆزێتەوە بەڵام لە بەرچی نایەت ئێرە بدۆزێتەوە؟ ئەجار دەچوومە لای و هاوارم دەکرد جەنابی کریستۆف کڵۆمب بۆچی نایەی ئێمە بدۆزیتەوە؟ گوریس کلك تۆپ. پیاو دەخاتەوە بیری ماموتەکان([30]) بەڵام من پیاونیم. بۆیە ناچمەوە سەریادی ماموتەکان. دەکەومەوە بیری دایناسۆر. پاشان دەکەومەوە یادی خاڵە ناسری خۆم کە لە وەچەی بەستەزمانەکانە. کاکە ناسرم بەستەزمانە، لەو شارە غەریبەدا کەوتووە. حەزدەکەی کچەکەیت بۆ بستێنم. نا، دایە بە جەدت ئەگەر درۆ بکەم. دێوەزمە، شەرم بتگرێ. دەی شەرم دەمگرێ. تاکوو چاوم پێدەکەوێ ئەم دەست و لاقانەم لەرز دای دەگرێ. قسەم لەبیر دەچێتەوە. زۆر بە باشی جێی خۆی لە نێو ئێمەدا کردوەتەوە چم پێداوە؟

ئێمەی مرۆڤ چەندە ناسك و لەشکان هاتووین. وەکوو دووکەڵ دەچین. باوکە وتی وەکو منداڵی بەشەر. منداڵی بەشەر چۆن چۆنییە؟ ئەگەر دەتەوێ بزانی کتێب لە ئەسڵدا هی کێیە، پەراوێزەکانی بخوێنەوە. بەرێز لۆرد یەکشەمۆیان دەکاتە رۆژی پشودان. بەرێز لۆرد ماڵ ئاوایی

---

**[30] دەعبایەکە بە بیچمی فیل بەڵام لە فیل زۆر گەورەتر بووە کە لە سەردەمانێکی زۆر کۆن واتا لە سەردەمی تێدا چوونی دەیناسوورەکان ئەویش فەوتاوە.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لە ژیان کرد دەبا ڕێزی لێ بگرین. باوکە، بای ئەم پانکانە سەرئەنجام هەموومان لەگەڵ خۆی دەبا.

خەریك بوو دوا هەناسەی دەدا. چ پرخە پرخێکي بوو. من تێنەگەیشتم یەکەم هەناسەی چۆن هەڵکێشابوو. شار بووە بە شاری لووت. ئەگەر من بکەن بە سەرۆك وەزیران هەموو وەزیرەکانم دەکەم بە ئافرەت. پاشان هەڵدێم بۆ مۆسکۆ و دەبمە پەنابەر. چوونکە ئیتر ئەم وڵاتە لە دەست دەرچووە. ئەیاز هێندە پێمەکەنە. تۆ مامە سابیری؟ خۆ پرچەکانیشت سپی بووە. ئەی کوا هومێدەکەت؟ من هەر لەو ژێرزەمینەدا دەمێنمەوە. سەر ئەنجام ڕۆژێك.

لەبەردەم ماڵی خوادا ماچم کردی. لەبەردەم ماڵی خوادا ماچم کردی. مردوەکان چۆنیان حەز لێ بێ وا دەخەون. مرۆڤ بۆیە لەم سەری پرووسکەوە هەڵدەگەرێ، کە بچێتە سەربان. درێژو بێ تیشك، هەر وەکوو جەمشید؟ نا. چم پێداوە. با دەست و پێم لە زەنجیر بگرێ. حەتمەن خێرێکی تێدایە.

شار گەورە بوو. ماڵی سوورمەلینا وەك مۆزەخانە بوو. چەند کەس لێك هاڵا بوون. خۆرە نیوەی لەشیانی رزاندبوو. وەکو شاخێکی درز تێکەوتوو، وەك دارێکی مشار لێدراو. وەکوو نوقڵی ڕەنگاورەنگ. بە نێو یەکدا گەڕابوون. وەك پیتە چکۆلەکانی فەرانسەیی. پیتی دووهەم سەری نەبوو، لە باتی سەر، برینێکی گەورەی پێوە نووسا بوو. وەکوو نوقڵێکی ڕەنگاوەرەنگ، وەکوو مشاری دار لێدراو.

سوورمەلینا وتی ئەمە مامی منە. پیاوێکی پیشاندام کە هەروەك پیتی چکۆلەی فەرانسەیی دەچوو. بەڵام زۆر ئەستوور بوو. هەموویان زل و ئەستوور بوون. وەکوو دارێکی بڕاو شیرەیان دابووەوە. حەزم دەکرد دەستیان بۆ ببەم بەڵام کێشی لەشم قورس ببوو. حەزم دەکرد نان بە سەوزەوە.

حەزم دەکرد مەقەرێکی ئاسایش دابمەزرێنم. چەند پاسەوانیش دامەزرێنم. ئەیازیش سەرپاسەوانی ئاسایش. دەیاننێرم بۆ دەورە. هەر تەوافێك بە یەك تمەن. لەم ئاڵۆزییەدا باشترین پیشەیە، بەڵام ئۆرهان ئیزنی نەداوە کە تەنانەت قسەشی لێ بکەم. دەنا خۆمان مەفرەزەیەکی سەربازین. تاکوو [ئاشێوتێس] چەندە ڕێگایە؟ زۆر زۆرەکەی ڕێگای لە بەیانیرا تا ئێوارەیە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مشووری ئەو نا پیاوە دەخۆین و کوورەکانی دەکەین بە کوورەی خشت برژاندن. یەکیان دەدەین بە ئۆرهان با گوڵە بەرۆژەی پێ ببرژێنێ.

وتی قامکی پێدا بێنە. پێمدا هێنا. نەمتوانی برشێمەوە. وتی لێی بدە. لێمدا. لێی دە. لێی دەدەم. قامکم بە سەد دانە پەڕدا هێنا. یەکەم دانە لە باغی قەیسییەکەم دا. پاشان دوکان. پاشان خانووەکەمان. وتم کاکەبرا با تاپۆی ئەم ژێرزەمینە هەر بەناوی خۆم بێ. وتی ژێرزەمینەکە بۆ خۆت. سنەبەرەکە بۆ تۆ. قەلەرەشەکان بۆ تۆ. وتم من قەلەرەشەم ناوێ. من پەرەسێلکەم دەوێ. من چاییم دەوێ. باشە، برۆ بخۆوە. باشە دەرۆم. دیسان سەرو بیچمی پەیدا دەبێتەوە. دێوەزمە! ئاخر کاکەبرا ئێمەش هێندێ جار بەشەرین.

دایکە وتی نازانم بۆچی تامی هەمووشتێ گۆڕاوە. تەنانەت ئەم نوقڵانەش کە هەمیشە حەزی پێدەکەم، ئیتر تامی جاران نادەنەوە. ئۆرهان وتی دایە، دەبینی تووشی خەیاڵان بووی؟ لە حاست هەموو شتێکدا رەش بینی. ئێستا وای دانێ کە ئێمە خراپ بین. ئەی ئەم نوقڵانە چی؟ برۆ، بێ شەرەف. کێ بێ شەرەف بوو؟ چم پێداوە.

ماشووقەکەی، هیتلەری بە کوشتن دا. ئەگەر سوورمە بە تەمابێ بمرەنجێنێ، رەنگە خۆم بکوژم. تۆ ئێستا زۆر تێکشکاوی. وتم لەو خونچە سوورەی کە بەسەر لێوەکانتەوەیە کێ ماچ هەڵدەگرێتەوە؟ تۆ. دایەگیان. لەمەبەدواوە ناهێلم غەم بە مردووەکانەوە بخۆی. ئەی غەم لە کێ بخۆم؟ تۆ دەزگای ماهوور بژەنە. من دەگریم. بارهەڵگرەکان بۆ پێشەوە. لەیەك ریزدا. بۆ، پێشەوە. ئێستا خۆ بە بن ئەو فەردە بەستەزمانانەدا دەکەن. بەلام پستەکان، پستەکان زاریان ئاوەلایە. مێزی ئۆرهانیش لاقی هەیە. هەنگاو دەنێ. بەجوانی دەروا. بەم جۆرە. خۆ من ناتوانم. بەم جۆرە. تەق تەق، تەق تەق، مێزەکان هەموویان لاقیان هەیە. پێشی پێ ناگیرێ. هەرکەسێك لە پشتیەوە دانیشێ لەگەڵ خۆیدا دەیبات. باوکە هەیبەتی هەبوو. وتی لەمی ئەم تالاوە هەموو نەخۆشییەکان لەگەڵ خۆی دەبا، بەتایبەت باداری. هەروەك تریاك. بەم جیاوازییەوە کە تریاك دەرمانی حەفتا دەردە بەلام بۆ خۆیشی نەخۆشییەکەی پێوەیە کە بێ دەرمانە.

مێشکی تۆ کار ناکا. مێشکی کێ کارناکا؟ مێشکی من؟ مێشکی من لە بەیانیرا تا بە شەوێ لە کوورەی خشت برینیدا خشت دەبڕێ. کە شەوێ دێتەوە بۆ ژوورەکەی وەکوو مەیت بەسەر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

قەرەوێڵەکەیدا دەکەوێ. لەسەر گازەی پشت رادەکشێ و هەر بیر دەکاتەوە. سەر ئەنجام هەر تێناگا کە چەند ساڵی تەمەنە. وتی کاکە سەعات چەندە؟ وتم حەوتووی رابردوو سەعات پێنج بوو. بەرێزان گوێ راگرن. ئەم وڵاتە نیازی بە سرەی نانە. نان دان بە ئافرەتە سۆزانییەکان عەیب نییە، رەحمەت لە باوکت، بەلاّم تۆ غیرەت دەکەی شەو لە پەنای بخەوی؟ هەی تف.

زۆر لە مێژە بیرت لێ دەکەمەوە و نایەمەوە سەر یادت. چۆن، دەگوونجێ؟ من منم. چاوەشی هۆزی حاجییەکانت بیستووە؟ بەس چەقۆ وەشێنێکی کەم بوو. پیاو لەبەر گریان وەختا بوو بتەقێ. لە چارەی ئێمەدا هەموو هەر فرمێسك و ماتەم نووسراوە. وەختە دڵمان بۆ زەماوەندێك دەتەقێ. ناوی ماشووقەکەی چی بوو؟ ئاڵمانیایەکان هەموویان مردبوون. بەس هیتلەر مابوەوە. لەبەیانیڕا تا بە شەو بە تاکی تەنیا شەڕی دەکرد، لە شەوێڕا تا بەیانیش لەگەڵ ماشووقەکەیدا دەخەوت. هەر ئەم ئافرەتە ئەوی بە کووشتن دا. ئاخ چەندەم حەز دەکرد، لە نەکاو دونیا رادەوەستا. هەمووی ببێ بە بەستەلەك. هەموویان بزماری علیە السلام. مەڵێ علیە السلام. باوکە چ بڵێم؟ بڵێ بزمار. بزمار. کە بە قامك زەختت بخەیتە سەرچاوت، دار دەبێ بە دوو. لاقەکانیشم دەبن بە چوار. بوومەلەرزەش دێ. ئۆرهانیش سەرخۆش دەبێ. دەشێ گشت دنیا بە قامکێك تەکان تەکان بدرێ. بچمە بەرئاوێنە. روخسارم لە ئاوێنەکە نێزیك بکەمەوە و بە دەنگێکی بۆڕ بڵێم حەرامزادە، حەرامزادە. بە دەنگێکی گڕەوە. حەرامزادە، وەرە با گەردەنت ئازاد بکەم. گەردن ئازادی من لە دەستی ئاسماندایە. شەڕ. ئەو دووانەتان لەو بەرەوە. لێدە تا لێدەین. کێ بوو بە بەردەباز؟ بەرێزان لە بیرتان بێ، ئاگری شەڕ بە سەرمای مۆسکۆ کوژایەوە. تازە، گرینگییەکەی لەوەدایە کە دیسان رۆمانسیەت بە دەسەلاّت دەگاتەوە. هۆیەکەی لەمن مەپرسن، لە دڵتان بپرسن. دەبینی برا؟ باوکە دەیوت منداڵی خراپ وەکو گونی قۆرە، دەی بری نابێ و نای بری نابێ. خاڵ، برو بۆ سەری رستە. ئێمەش نووسیمانەوە و هاتینە سەری رستە. خۆ ئێمە لە سەردەمی رەزاشادا نەبووین کە نانی کۆپینی [بیتاقە] بخۆین. کۆپینێکی سوورمان دادەنا، نانێکی رەشمان وەردەگرت. ئێستا سەمون بخۆ. پڕە لە ڤیتامین. باشە، رەزاشا چ کەموکورییەکی هەبوو. شەڕ بوو، کاکە گیان. شەڕ. دەمت داخە. بابە. ئەی کێ بوو بینای زانکۆی دانا؟ کێ جادەکانی دروست کرد؟ کێ هێڵی شەمەندەفەری راکێشا؟ بانکی میللی؟ دەمت داخە. هەڤاڵ گیان ئێوە دەوڵەمەندەکان لە شەوی هەینیڕا کە پلاّو

دەخۆن هەتا شەوی هەینییەکەی دیکە ناخۆن. بلاّم ئێمەی سوالّکەر جێژناوجێژن جێژناوجێژن پلاّو دەخۆین.

وتم کاکە برا، کێ بێ شەرف بوو؟ وتی جارێکی تر قسەی وا نەکیتەوە. برۆ زارت بشۆ. هێندەم ئاو لە زارم وەرداوە، بوومەتە ئاوکێش. کاکەبرا خەڵك رسقی خۆیان کریوە. هەر لە ساڵی باوکەڕا. دەبێ تۆ پیشەت بگۆڕی. جل وبەرگ فرۆشتنیش بازاری باشی نییە. ئەو خەڵکەی من دیتوومە جارێ بەم زووانە جل وبەرگیان ناوێ. لە پاپاخەوە بگرە تا پێلاّو. سەیرکە. ژێر کراسێك، یەك دوودانە کراس، جاکەتێکیش بەسەردا لەبەر دەکەن. کۆت و شەرواڵ، ئێلەگ، باڵتە، ئەگەر بە تۆپیش لێیان بدەن بێ خەمن. هەموویان پێست ئەستوورن. لەسەر جلەکانیانەوە تەوریش کارلە گەردنیان ناکا. چارەیەکی دیکە ببینەوە. بڕۆ ون بە لەبەر چاوم، قسەی قۆر مەکە. دەرۆم. تۆ سوورمەلینای؟ ئەی کوا سلاّوەکەت؟ دار چناریان بەو جوانییە بڕیوە و لە جێگای کەﷲی کەریان داناوە. من کەرە پیاوێکی سەیرو سەمەرەم. ناچم بۆ چاخانەی تالآوەکە دوو چایی بخۆمەوە. رۆژنامەش بۆ "زەووار" بخوێنمەوە. یەکێ لەم لا، یەکێ لەو لا. دێوەزمە لێرە چی دەکەی؟ نا کاکە برا، حەز ناکەم کارێکی وابکەم کە ئیتر لێم نەبووری. زیندانی پێوەیە. خۆ تێدەگەی؟ شەش مانگ لە ژێرزەمیندا. پەنجەرەکانی بە گڵ دەگرێ. باشە، دەچم بۆ دەریای تالآوەکە. هەم سیاحەت هەم تجارەت. قەت نەبووە پیاو بچێ بۆ تابگە و، بە دەستی بەتاڵ بێتەوە. کڕین و فرۆشتن. سەودا. ئەویش چ جۆرە بابەتێك. هەموویان تازە و ناندار. سوورمە دەڵێ برۆین. براکەشی لەگڵماندا بوو. برای هەبوو؟ باوکی رووگرژ بوو. ئێمە رۆشتین. لمبۆزی ئەسپی فایتونەکان هەڵمیان دەکرد. چووین بۆ خانوویەکی چکۆلە. شەقامەکان سەراولێژ بوون و چەوریژەکەی قەلآیی بوو. دیواری خانوەکە بەرز بو و تاکە ژوورێکی هەبوو. سەماوەریش لە قوژبنێکەوە بوو. سورمە لەسەر قەرەوێڵەکە راکشا. وتی دەستم لێدە. من ترسام ئەگەر دەستی بۆ ببەم. سووچ وگوناحە. گۆرەوییەکانی داکەند. گوێزنگی مووتربە کرا بوو. وتی پرتەقاڵم لەسەر نارنج مووتربە کردووە. رنگە بیگرێ، رەنگە نەیگرێ. باوکم مووتربەی کردووە. من هەستم کرد کە نەخۆشی گول بوونی گرتووە. وتی دەستم لێدە. من ترسام. وتی وەرە دەستم لێدە. وتم نا. باوکی وتی کوێت مووتربە کەم کوڕە؟ وتم ئێوە گولن. ئێوە زۆر گولن. ئەوێ شارێکی قەلآیی رەنگ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بوو. هەڵم هەڵدەستا. چەوریژ بوو. رۆژپەڕیو بوو. هەرکەسەو بە دەردی گولی گرفتار ببوو. گۆرەوییان لە پێ دەکرد. کۆت و شەرواڵی باوکی سوورمە قاوەیی بوو. من ئەو زنجیرانەم تەکان دا. جوولاندمەوە. وتم ئاخر بەم چەشنە؟ چتان داوە لە منی دەست و پێ بەستراو؟ کەس لەوێ نەبوو. قەلەرەشەکانی سەر ئەم دارە لە باڵیان داو رۆیشتن. من گریام؟

ئێمە لە هەشت ریزدا دەرۆیشتین. بەفریش دەباری. باوکە وتی ئەگەر من سکرتێری هیتلەر بام ئەنجامی شەڕەکەی بە بارێکی دیکەدا دەکەوت. وتم باوکە. گڵۆپی ژووری سەروە سوتاوە. کوڕە، بیگۆرە. وتم بۆ کوێ؟ وتی بۆ پێشەوە بەرەو مۆسکۆ. سمێڵی وەك هیتلەر دانا بوو. زۆری لێ جوان بوو. خاجێکی شکستەی بە سینگەوە هەڵواسیبوو. وتی بۆ پێشەوە بەرەو سەرمای مۆسکۆ. ئاگر هەموو شوێنێکی سووتاندبوو. گیاکان دەسووتان. دووکەڵ لە کەڵەی دارەکانەوە هەڵدەستا. کیژێك بە چیلکە داوێنەکەی لەسەر لقی دارەکان دەهێنایە خوار، وتم سوورمە. وتی منم ئایدا. هەم سوورمە بوو هەمیش ئایدا. نوکی سەر لووتم شیخەسوڵی بەستبوو. وتم تەق، شکا. قاوەی تورك بخۆنەوە. مەخەون. وانەکانتان بخوێنن. بنووسن. خانەدانی بەرامەکە([31]) ئێمە نووسیمان خانەدانی بەرامەکە. هەستام وەری کەوتم کە بزانم چەندەی هێناوەتەوە؟ وتم کاکەبرا ئەگەر ئێمە نەبەستینەوە چ دەبێ؟ بەلآم لە دڵما وتم. چم پێداوە.

مامە سابیر کوا هومێدت؟ ئایدین، من هیوام بە تۆیە، مەی دەخۆیتەوە؟ ئۆرهان وتی حەز دەکەی لە زەنجیرت بگرم؟ کاکەبرا، رۆژ هەمان رۆژە بەلآم رۆژگار رۆژگارێکی دیکەیە. بۆ پێشەوە بەرەو ژێرزەمین. ئەی ئەم رۆژنامانە. کە شوێنەواری زەنجیر لەسەر پێستی دەست بمێنێتەوە دایکە لە خۆڕا دەست بە گریان دەکا. کاکە، کۆنە گۆڤاری تازەت هەیە؟ برۆ، سەگباب. ئۆتۆمۆبیلێك چووبووە نێو پیادەرۆ. گەشەسەندنی دەسکردەکانی بەرهەم هێنانی پانکەی لۆرد. ئەی کۆشکی داد کێ دروستیکرد؟ کێ هێڵی شەمەندەفەری راکێشا؟ ئەگەر ئەڵمانیەکان نەدەبوون ئێمە چمان دەبوو؟ هاوارم کرد کاکە برا، کاکە برا. چییە؟ هێشتا نەخەوتووی؟ وتم نا. کارەبای ئەم ژێرزەمینە سووتاوە. گۆڕی. پیاو رووناك دەبێ. لێدە با رووناك ببی، مامەگیان. توخوا لە ئێمە

---

**[31] بنەماڵەیەکی پاشایەتی کۆنی ئێرانە کە لەمێژوودا دەیخوێنن.**

مەدە، کاکەبرا، خوا لە ئێمەی داوە. دەستەکانی لەسەر پشتەقوونی دادەنێ و پیاسە دەکا. لە ئەستێرەکان رادەمێنێ. وتم پیاوی قوون تەمبەڵ یان دەبێتە ئەستێرەوان یان دەبێتە ئەستێرەناس.

ناوبراو لە سەرکردەکانی یەکەمی ئێس ئێس (32) بووە کە بە دوای تێکشکانی هیتلەر خۆی قووتار کرد. ئەرتەشی رزگاریدەری پۆلۆنیا شەو و رۆژ لە دوای ناوبراو دەگەڕێ. خوا بکا نەکەوێتە بەردەستی ئەم خوانەناسانە. لەت بەلەتی دەکەن، شەڕ، ئیتر شەڕە، مستێك دەوەشێنی دوو مستانت بەردەکەوێ. دانەیەك زیاتر. ئەمە یاسای سرووشتە. حەیف کە ئەم مێستر لۆردەی ئێمە پەڕ. دەنا پانکەکانی دەهێنا بۆ تابگە، بە پۆرتەغالییەکانی دەفرۆشت، بە پارەی پانکەکانی گەچی نووسینی [تەباشیر] دەکڕی. قەڵەمی دەکڕی. بەخوا ئەم منداڵانەی ئێمە گەچی نووسینیان نییە. قەڵەمەکانیان لە نێوەراستەوە دەکرد بە نیوە. جەنابی بەرێوەبەری پەروەردە، گەچی نووسینمان نییە. کاغەزمان نییە. دەی، بەرێزان بکڕن. نیمانە چییە؟ ئەو هەمووە کاغزە لە دەرودیواران دەدەن، دەی با بیدەن بە منداڵەکان، لەسەر دارتێلی کارەبا نووسرابوو راگەیاندراو. نیازمان بە شەریکێك هەیە کە فووی بە قەوەت بێ. ناونیشان، شەقامی شائیسماعیل، کۆڵانی قەرە سوو، تەنیشت خشتبڕی، کارگەی فوودانە سازی حەقیقەت. دەمەونیوەڕۆ سەردانم کرد. وتم منم. وتی تۆ کێیت؟ وتم ئەو شەریکەی فووی بەقەوەتە. وتی سامان و دارایی لە من، کار لە تۆ. هەر لەو شەوەڕا دەستم پێکرد و تا دانێ لە شەو رابرد، بام لە سەد و چل وپێنج دانە فوودانە کردو تەقاندم. وتی بۆچی ئەم کارەت کردووە، کوڕە؟ وتم بە فووی ئاخر هەمیشە دەتەقێن. لە بیرت نەچێ فوویەك مابێ بۆ ئاخر، گرێی لێدە. لە بناگوێی سرەواندم. یەکێ لەم لا.

کاتێ دەرشێمەوە مشتێکی پڕ لە ئەسپەندەری وشك دەجاووم. پەرداخێکیش ئاوی بەسەردا دەخۆمەوە. مرۆڤەکان بە قەرای بستێك دەبینم. بە نێو ئەم کۆڵانانەدا وەرێ دەکەون، بە دەرو دیوارەکاندا هەڵدەگەرێن. یەکێ خەریك بوو لە رێگای ئاوەرۆکانەوە خۆی بە ماڵی دراوسێیەکەیدا دەکرد. ویستم لێی لە هەڵا بدەم، وتم چم پێداوە. بەڵام هیتلەر فێڵ دەکا. فەرمانی دا بە ئاڵمانییەکان کە هەموویان ئەسپەندەر بخۆن. ئەوجار بالآی بوو بە بستێك و خۆی ون کرد. دەڵێن لە سیستان

---

32 SS رێکخراوی ئەمنی هیتلەر بووە .

بلووچێستان ([33]) دەسوورێتەوە. قاتێکی لەبەر کردووە، سمێڵی چەخماخی هێشتوەتەوە و بووە بە خەڵکی زابول.([34]) ئەی لەحنەت لە هەرچی پیاوی گەوادە. سەفەرێك ئەگەر رێم بکەوێتە سیستان یان بلووچێستان، دەی بینمەوە. یەکێ لەم لا، یەکێ لەو لا، دێوەزمە لێرە چی دەکەی؟

بگا بە دەستی هەڤاڵی ئازیزم جەنابی شا. ئەم داڵانە کاولە لە کوێ بوو؟ چ سازێك دەژەنێ. عاشقێکی گەنجە کە حەتمەن خێرو خۆشی لە لاویەتی خۆی نەدیوە. وەکو من. هەر کەسێ لە رێوە دێ، لە بناگوێم دەسرەوێنێ. ئەفسەری لەشکەر بوو. لەگەڵ ژنەکەیدا پیاسەیان دەکرد. وتم (ئۆزایشیدی) لە بناگوێی سرەواندم. گریام. پڕ بە دڵ گریام.

شەوانە ئەردەبیل ساردترە. مرۆڤێك کە بە زەنجیر ببەسترێتەوە، ببیەوێ نەیەوێ ژێر خۆی تەڕدەکا. سێ جار، هەرسێ جاریش بە خۆشی کاکەبرا. رێگەم بدە بە قامك زەخت بخەمە سەر گۆی چاوەکانم. ئێستا ئۆرهان بە سەرخۆشی دێتە لام. کاکە برا دەست و لاقم بکەوە. دەبمکەوە، خەریکە بە هیلاك دەچم. بەخوا فیلیش بەم زەنجیرانە ببەستیەوە کاری تەواوە.

(قسەی قۆڕ مەکە. وەرە چایی بخۆ.)

---

**[33] پارێزگایەکی ئێران لە سنووری پاکستان و ئەفغانستان .**
**[34] یەکێکە لە شارەکانی پارێزگای بلوجستان.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مۆڤمەنی یەکەم

2

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## 2

لای نیوه شەو، لە خەونێکدا، دایکی بە شیوەنەوە بەرەو لای دەهات. ئۆرهان لەبەری دەکشایەوە و دەیوت: (نا. نا.) دایکە هاواری دەکرد: (ئەو شیرەت پێ حەرام دەکەم. خانووکەی دەفرۆشم، باخی قەیسییەکە دەفرۆشم، دوکانەکە دەفرۆشم، پارەکەی دەدەم بە ئایدا...) ئۆرهان پێی لە گەڵا گەزگەزە وشکەکان دەنا و پانی دەکردنەوە: (دایە قسەی سەیر دەکەی! تۆ مردووی، ئایدا مردووە.) ئەو جار دایکە دەرۆشت و با هەڵی دەکرد و گەڵای زەردی دارچنارەکانی هەڵدەوەراند. ئایدین لە ژێرزەمینەوە سەری دەرهێنا تا بزانێ چ باسە. قامکێکی لە مابەینی کتێبەکەیدا بوو بەڵام دەستی لە پشت دیوارەکەدا شاردبوەوە. دەیوت: (چ قەوماوە؟) ئۆرهان پێدەکەنی و دەیوت: (ئەوە لێرەی؟ لە دوات دەگەرام.) یۆسف نان دەخوا، خۆڵ دەخوا و بە چاوە بزەکانیەوە رادەمینێ. ئۆرهان دەستی بە نەردەی ئاسنەکان گرت و بژاردی. بیست و یەکدانە پلیکانە چووە سەر.

ژووری دیوەخان لە هەموو لایەکەوە بە پەردە مەخمەرییە پەمۆییەکان رازابوەنەوەو با پەردەکانی هەڵدەدایەوە. لەوێ، لە ناوەندی ژوورەکەدا تاقمێك مۆبڵی قاوەیی دەوری قاڵییەکەیان تەنی بوەوە و، مێزی ناوەندەکەیان بە نەخشی جوان کۆلیاری کرابوو و لەسەر پایەکانی کەڵەی ئاسکە کێوییەك بە کۆلیاری دەرپەڕیبوو. بەڵام گوڵدانە بێ گوڵەکەی سەرمێزەکە، وەك ئەوە دەهاتە بەرچاو کە بە تەمایە بەو زارە هڵۆڵ و رەشەیەوە هەموو شتێك قوت بدا. رەشەبایەك پەردەکانی تا ناوەندی ژوورەکە کشاندەوە و تەزوویەکی سارد بە ژووریدا گەڕا کە پێستی لەشی پیاوی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەقلّشاند. لە تەنیشت پەنجەرەکەڕا لە نێوان کەوانەی پەردەکاندا، ئافرەتێکی نیوەرووت ڕاوەستابوو و، پەردەی پەنجەرەکان تاقانە پۆششی لەشە رووتەکەی بوو. سەری وەرسووراند و سەیری ئۆرهانی کرد. بنێشتیشی دەجاوی. وتی: (دووردانە مندالّی جوان.) وە هەولّی دەدا ئەندامە رووتەکەی بە پەردەکان داپۆشێ، بەلاّم رەشەبایەکە بواری نەدا. بە ئاستەم رەنگ پەڕیو و کز دەهاتە بەر چاو و بسکە کالّەکانی ئالّقەئالّقە ببوون. وەك ئەو کاتانەی لە حەمام دەهاتەوە، هەر بەو رەوشتە سست و هێمنەیەوە.

ئۆرهان وتی: (تۆ ئازەری؟)

ئافرەتە کەوتی: (ئازەر، پەڕ.) وە پێکەنی.

ئۆرهان وتی: (وەرە.) هەوەس و رق و توورەیی هەموو گیانی داگرتبوو. مەیلێکی سەرکوتکراو، ئەوی بێواز دەکرد. وتی: (دەبێ قسەت لەگەلّ بکەم.)

وە پاشان بایەکی رەنگ رەش پەردەکانی بەرەو ناوەندی ژوورەوە هەلّدایەوە. ئۆرهان پاپاخەکەی راست لەسەر سەری دانا و بە وردی لە ئەندامە رووتەکەی ئەو ئافرەتە راما. باوکە وتی: (زۆر باشە.) لەسەر مۆبلّەکە هەستا، مستێکی بە مێزکەدا کێشا و وتی: (هەشت هەزار تمەن.)

دایکە وتی: (هەشت هەزار تمەن؟) وە برۆی بۆ هەلّتەکاند. یەك بە یەك.

باو کەوتی: (ئافرەت، ئەی پێت وایە چییە؟)

دایکە پێکەنی. ددانە زێرەکانی دەرکەوتن. وتی: (سەفەری قوم ([35]) نییە؟)

باوکە وتی: (نا سەفەری فەنلاندە.)

ئۆرهان دەستی برد بۆ گیرفانی ئێلەگەکەی و لەپێش باوکە راوەستا: (لەسەر حسێبی منی بنووسە. من ئەم مۆبلاّنەم دەوێ.)

دایکە وتی: (هەر بەراستت؟) وە لەسەر مۆبلّێکیان دانیشت و لەبیری نەبوو ئەژنوو کز و سپییەکانی داپۆشێ. لاقی چەپ یان راستەی بە لێواری مێزەکەوە نا و دەستەکانی بەسەر لێواری مۆبلّەکەدا شۆرکردەوە. ئەوجار، بە ئاستەم سەری کێشایە دواوە تا هەموو مۆبلّەکان لە دیدەیدا

[35] **مەبەست لە ڕێگا بڕینێکی دوورو درێژە بە مەبەستی زیارەت کردنی پیاو چاکان. شاری قوم لە نێزیك تارانە و ئیمامزادە معصوم لەوێ نێژراوەو بۆ شیعەکان شوێنێکی پیرۆزە.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جێیان ببێتەوە. زۆر بە دژواری هەناسەی بۆ دەهات. دەتوت هانکەهانك دەكا. رەبۆی هەبوو. وتی: (دەی، کەوابوو تاقمێکیش لەم مۆبلآنە بۆ ئایدینیش بکەڕن.)

ئۆرهان وتی: (ئایدین؟ خۆ ئەو لە ماڵ نەماوە.)

دایکە وتی: (لە هۆدەی ژێرزەمینەکەیە.)

ئۆرهان وتی: (دایکە نا. لەوێ نییە. دوو سێ ساڵە کە لێرە رۆشتووە.)

دایکە وتی: (سەرئەنجام دەگەڕێتەوە. من هەوڵ دەدەم بیگەڕێنمەوە. تاقمێك لەم مۆبلآنەشی دەوێ.)

ئۆرهان لەسەر مۆبڵێك پان کەوت: (ئەگەر ئەوت دۆزییەوە، دەبێ دانەیەکیش بۆ من بکڕی.)

باوکە وتی: (هەر قسەی لێ مەکە.)

با دەکەوتە بن پەردەکان و شیخەسۆڵەکان دەنگیان لێ بەرز دەبوەوە. ئازەر نەدەهاتەوە بەرچاو و بیرەوەری لەشە ناسکەکەی، ئۆرهانی ئازار دەدا. بێتاقەت ببوو. دەنگی فایتوونێکی دوو ئەسپە لە کۆڵانەوە دەهاتە بەر گوێ: (تەق تەق.) ئەسپەکان سمیان لە قوڕ دەچەقی و سەرما بێدادی دەکرد. ئۆرهان وتی: (ئازەر، پەنجەرەکان پێوەبدە.) کەسێك پەنجەرەکانی داخست بەلآم ئەم سەرمایە هی دەرەوە نەبوو.

وتی: (لێفەیەکیش بەسەر پشتمدا بدە.) سەری وەرگەڕاند. کەس لە ژوورەوە نەبوو و، ئۆرهان لێوە لەرزەی گرتبوو. تلایەوە. سەرمای دیواری ئاخوڕەکە پێستی روخساری ئازار دەدا. سەری هەڵێنا. تاریك بوو. وە ئێستا دایکە لە ژێر خاك و بەفردا خەوتبوو. وتی: (لە کوێی؟)

کەس لەوێ نەبوو. پیرەمێردەکە کورتانەکانی هەڵگرتبوو و ولآغەکانی بردبوو. ناوی چی بوو؟ خەڵکی گوندی رام ئەسپی. یان هەر شوێنێکی دیکە بێ. دەکرا زۆر بە ئاسانی سەری تێدا ببات. سەگباب. بە دوو هەزار تمەن دەکرا بیکوژێ. هاواری کرد: (پیرەمێرد.) نا. کەس لەوێ نەبوو. تەنیا دەنگی لوورە لووری چەندانە گورگ دەهاتنە بەر گوێ. بانەکەش دڵۆپەی دەکرد.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەری ژانی دەکرد، لە ئاخوڕەکە هاتەدەر و لەو تاریکاییەدا خۆی گەیاندە بەر دەرگا. بەفر تا نیوەی ژوورەکە هاتبووە پێش و، بەفر دیسان لێی کردبوەوە. کەی باری بوو؟ ئاخر تاکەی بەفر؟ سپییاییەکەی چاوی بەر شەوارە دخست.

سەیری ئاسمانی کرد. رووناکایی پێوە دیار نەبوو. ئەو شتانەی لە منداڵیدا لێیان دەترسا هەر هەموویان هاتبوونە بەر چاوی. تابوتێکی دەبینی کە بەسەر شانی چوار کەسی سپی پۆش و رەنگ پەڕیوەوە بوو و ئەوان بە بێ ئازار پێگەیاندن لێی دەهاتنە پێشەوە. لە قوڵایی گۆڕی چاویانەوە سیلەی نیگاکانیان ، بە بێ هەست لەو راما بوون. بە پێیەوە خۆی بە دەرگاکەوە راگرت. تەنیا قیژاندن دەیتوانی ئاسودەی بکا بەڵام دەنگ لە قوڕگیدا حاسیە ببوو. بەریا لە توانایدا دەبوو کە تا قامی قیامەت بقیژێنێ. بەردەوام و بێ پشوودان.

شەختەو سەرما لە کەشی تاریکی تەویلەکەدا حاسیە ببوو. ئەگەر بەنێو بەفردا رۆشتبا، حەتمەن کەمتر هەستی بە سەرما دەکرد. بەفرەکەی لادەدا، عەرزەکەی هەڵدەکەند و لەسەر خاکە گەرمەکە رادەکشا. بەفری بەسەر خۆیدا دەکرد. لەو شوێنەی کە عەرز هەناسە هەڵدەکێشێ، پشوویەکی گەرمی دەدایەوە و دیسان هەناسەی بە نێو بەفرەکەدا بڵاو دەکردەوە. لەشی دەڵەمەتر و گرانتر بوو لەوەی کە بیری لێ بکاتەوە. بەرەو دواوە هەنگاوێکی هەڵێناو لەو تاریکاییەدا پێی بە عەرزیدا کوتا. پێی کوتا. بە حەواوە دەستەکانی هەڵسووراند، پاخەکەی لە گۆشەیەك دانا، دووگمەی باڵتەکەی کردەوە و کەوتە پەلەقاژە کردن. بە بەر چەشنێک با، دەبوو بەر بە لەرزەکەی بگرێ. لە گشت تەمەنیدا هەوڵی دابوو قەت هەست بە سەرما و گەرما نەکا. برسیەتی نەبینێ و، لە هەموو تەمەنیدا کۆششی کردبوو کە ئابڕو و متمانە بۆ خۆی کۆ بکاتەوە. قەت نەمرێ، هەموو رۆژێ بەیانی هەر بەم پاپاخ و باڵتەیەوە بچێ بۆ دوکان، نیوەڕۆ بگەرێتەوە، نان و چا بخوا، یەك دوو سەعات لە ژووری سەرەوە رابکشێ و دیسان ئێوارە بەرەو دوکان بکەوێتە رێ. دەیویست شەو لە کاتی گەڕانەوەدا، رێبڕینەکەی جیاوازی هەبێ لەگەڵ خەڵکیدا. بەشێوەیەك بەرێدا بڕوا کە کاتێ سلاّویان لێدەکرد بە بێ ئەوەی ئاوڕیان لێ بداتەوە بڵێ: (عەلەیك.) بەڵام ئێستا کە قەرارە مەرگ سۆراغی بگرێ حەزی نەدەکرد بەم چەشنە بێ. دەبێ لە نێو گەرمەشینی خزم و کەسەکانی بە چەشنێك گیان بسپێرێ کە دەرفەتی دابەش کردنی میراتەکەی هەبێ. مامەگیان باغی

قەیسییەکە بۆ تۆ، ئێوە براکان دەبێ پێك بێن. بەلاّم پێی رابگەن. بێ ئاویان نەکەن، دیوارەکەی نەروخێ. چەند مانگ لەوەپێش ئەو سەگبابانە خشتەکانیان دزی و نەهێلن ئەو دارتووە گەورەیە، تێدا بچێ. من خۆشم دەوێ. خانووەکەش، دەبا خاڵەگیان و پوورەکانم لەسەری پێك بێن. کەرسەی نێو ماڵێ بۆ پوورم. خۆی پیرە، باشە. دەیبەخشێ بە منداڵەکانی. بەلاّم دوکان. چۆن بڵێم. دەتوانم چی بڵێم؟ لە پێناو ئەم دوکانەدا تەمەنم خەسار کردووە. لەبەیانییەوە تا بە شەوێ. لاویەتیم لە پێناویدا داناوە. دەمتوانی ژنەکەم رابگرم و ئێستا دەبینن لە لام نییە. خۆ دەزانن؟ جارێ وازی لێ بێنن. سەبارەت بە دوکان دیسان بیری لێ دەکەمەوە.

بەلاّم دەیتوانی پاشکەوت و داراییەکانی بەش بە بەش بەسەر ئەم و ئەودا ببەخشێتەوە و بەم چەشنە لەبەر چاواندا ببێتە ئازیزێکی کۆچ کردوو کە باڵدارەکانی ئاسمانیش بۆ حاڵی بگرین. بچێتە لای ئەو دوکتۆرە، ئەم دوکتۆرە بێتە سەرەوەختی. دوکتۆرەکانی تاران، دوکتۆرەکانی ئاڵمانیا یان ئیسرائیل. دەڵێن دەستیان بە ودمە و شفای هەیە. ئایدین دەیوت: (دەڵێن دەست بۆ هەرچییەك ببەن دەبێتە خۆڵەمێش. هەربۆیە دونیایان بە گوو گرتووە.)

ئەوانیش بێنە سەرەوەختی. لێدانی دەماری تاقی بکەنەوە. گوێ بۆ لێدانی دڵی بگرن. بە چ نەخۆشییەك دەمرێ؟ ئێستا هەرچییەك بێ؟ نەخۆشی شەکرە یان شێرپەنجە. با شێرپەنجە نەبێ. دەردێکی ناخۆشە. مردنەکەشی ناخۆشە. لە شوێنێك بیستبووی کە پیاوی قەڵەو یان بە زەختی خوێن دەمرێ یان بە شەپڵەی دڵ. ئەگەر بیتوانی با خۆی لە قەوارەی ئایدیندا رابگرێ، ئێستا پیاوێکی بەلەباریك و سەوزە و تاتاری دەبوو، ئەوپەڕەکەی بە زامی گەدە دەمرد. نا. نا. دوکتۆرە بیانییەکان بە دەرزییەك چارەسەریان دەکرد. وە دیسان بواری چوونە دوکانی بۆ دەرخسایەوە. بە سەر بەردەستەکانیدا فەرمانی دەدا، دوکانی سەر سووچی دالاّنەکەی دەکڕی و دیواری مابەینیانی هەڵدەوەشاندەوە. لەسەر پلیکانەی سەر سووچەکە، مارتای سواڵکەری دەنگ دەدا و پێی دەوت برو لە و لا دانیشە. تابلۆی سەر دوکانی دەگۆڕی. گەورە. گەورە. بە خەتی نەستەعلیق دەینووسی چەرمسیاتی گەورەی ئۆرهان. چرا و گلۆپی قەوی بۆ دادەنا. دە دوازدەدانە بەردەست، عارەبانە، هەراو هۆریا و بگرە و بێنە. بەلاّم ئەوجار بە گۆچانێکەوە. خۆی ئەمەش جوانییەکی تێدایە. هەیبەتەکەی خراپ نییە. کاتێ شل شل بەرێدا برۆی، ئیتر کەس بەدەم رێ رۆشتنەوە سلاّوت لێ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ناکـا و وەدوات دەکـەوێ، زوو زوو لـە ئـەحوالّـت دەپرسـن: (دوکتـۆر، [ئافتانـداليان] ت بـە تـاقی کردوەتـەوە، جـەنـابی ئۆرهان؟): (دوێنـێ بـە تـەمـابووم بێمـە خزمـەت جـەنابت، داوایـەکـی چکۆلـەم هـەبـوو...): (بیڵـێ گیانـە. بیڵـێ.) (دوکتـۆر شووشـانێك خـراپ نییـە. مـردوو زینـدوو دەکاتـەوە.): (کـوڕی بـاش باوکـت خـۆی لـەمن زۆر بـە نێزیك دەزانـی. خـوا لێـی خۆشـبێ. تـۆ بـۆچی وا زوو تێکشکاوی؟): (لە تاو غەمی براکەمـە.): (دەی، دەی، دکتۆر نایدانۆفی رووسـی...): (مـرد.) دەبـا بمرن. هەموویان بمرن. ئەم ژیانە چەندەی چەرمەسەری پێوەیە.

وتـم: (ئایدین ئێستا چل ساڵ بـەسـەر تـەمـەنتدا تێدەپـەڕێ. ئیتر نـابێ لـەم جۆرە چایخانـانـەیـە دانیشی.) هەر دەهات بۆ ئێرە. ئەم چایخانەیە هەموو ژیانی بوو. بەلاّم ئیتر کـەس رووی پێنـەدەدا. گوێیان بۆ خوێندنەوەی رۆژنامەکەی رانەدەگرت. لێی جاڕەز دەبوون و تەنانـەت چاییـەکیشیان پـێ ڕەوا نەدەبینی. بە گلەیی بوو. کەچی هەر دەهاتەوە. وتم: (هـەرکـات حـەزت لـە چـایی بـوو لـەسـەر حسێبی من هەر لە کاروانسەرادا بخۆوە.)

وتـی: (پیاو دەبێ چاییەك بخواتەوە کە شیاوی میز کردن بێ.)

لە دوایین جارێکەوە کـە هـاتبوو بـۆ ئێرە دووسـاڵی بـەسـەردا تێدەپـەری. پـایز بـوو و نمـە نمـە باران دەباری، بە ئۆتۆمۆبیلێکی کرێ شوێنی کەوتم. لە دەرەوەی چایخانە دانیشتبوو و پـەنجـەکـانی لاقی لەبەر سەرمادا سوور هەڵ گەڕابوون. وتی :( رەق بوومەوە.)

وتم :( بۆچی نەچوویتە ژوورەوە؟)

وتـی: (مەشـەدی عەبباس پەڕ.) دەستەکانی لە بن باغەڵی هێنایە دەر و وتـی: (قافڵە بەرەو پێش و دوایە.) هەتا مـەشدی عەبباس مـابوو دەیبـردە ژوورەوە. چـایی بـۆ تێدەکـردو گـوێی بـۆ قسەکـانی رادەگرت. بۆ ژەمی نیوەرۆ دیزییەکی ([36]) بۆ دادەنا. جار ناجارێ رێی لە دوکان دەکەوت، منیش گولەبەرۆژە و پستەم دەدایە و خۆم لە شەرمەزارییەکەی دەردەهاویشت. بەلاّم دوو ساڵ لـەمەوبـەر کاتێ پیرو خانەنشین کرا، تورکێکی خەڵکی تەورێز چایخانەکەی لێ بـەکرێ گـرت. چـی بـە سـەر ئێرەدا هێناوە، قوڕ بە سەری. خوڵق و خووی خـراپ بـوو، رووی بـە کـەس نـەدەدا. وتـم: (ئـەرێ کاکی برا، بۆ رێگە لەم کاکە حەپۆیەی ئێمە دەگری و ناهێڵی بێتە ژوور.)

---

**[36] قاپێکی چکۆڵەیە وەك کیتەڵە کە بەشی یەك نەفەر گۆشت و پەتاتەو نۆکی تێدەکەن و لە کورەدا شۆرباو گۆشتی تێدا کوڵدێنن.**

وتی: (من ئێشم هەیە. تاقەتی ئەم شتانەم نییە.)

وتم: (ئەم بەستەزمانە بێ ئازارە.)

خۆ پێم  وتی: (من سەرم دێشێ و تاقەتم نییە.)

وە پاشان گەڕاینەوە. وتی: (کاکەبرا وەرە بە پێی پیادە بڕۆینەوە.)

وتم: (بەم بارانە؟)

وە بە ئۆتۆمۆبیل گەیاندمەوە بۆ دوکان. تێك چووبوو، گێژو ڕەنگ پەڕیو. بە لەرزێك لە دەست ولاقانیدا، بە کەفێك بەسەر گۆشەی زاریەوە، لەسەر پلیکانەی دوکان دانیشت. چاییەکمان بۆ دانا. تا دانی ئێوارە هەر ناڵە ناڵی بوو و قسەی هاتەران و پاتەرانی لە زار دەردەپەری: (گەواد پێی وایە من ئەمیر ئەرسەلانم. هۆ حەرامزادانە بچنەوە بۆ ماڵەکانتان. سەرۆك وەزیران پەڕ. بیر لەو ڕۆژە غەماوییانە بکەنەوە کە مل کەچ بوون دەکەوێتە بەر نەفرەت، لەو ڕۆژە، پڕ لە ڕەنجانە و، ئەو ڕۆژانەی کە بە هەزاران نەفرەت لە توانایاندا نابێ تەنانەت کاتێکیش لە زەمان بگەڕێننەوە. هۆ ئیسمایوول، ڕۆژنامە کۆنە نوێیەکەم بدەیە تاکوو بۆتان بخوێنمەوە. بەڵام هەی داد لە دەست ئەم حاڵە خراپەی من.)

لە حاست ئەو هەمووە چاوەی کە لەم بەر و ئەو بەرەوە لە من ڕامابوون، هەستم بە شەرمەزاری دەکرد. کە شەو بەرو ماڵ دەگەڕاینەوە وتم: (لەمەبەدواوە بۆت نییە بچیتەوە بۆ چایخانەی تاڵاوەکە.) بە بێدەنگی بەدوامدا دەهات. حاڵی باش نەبوو. وتم: (ئەگەر ئەم جارە ڕوو لەوێ بکەیتەوە قەڵس دەبم و بڕیارێکی دیکەت بۆ لەبەر چاو دەگرم.) بێدەنگ بوو. چاوی لەو مرۆڤانە دەکرد کە دڵقیان بەسەر خۆیاندا کێشابوو و لەبەر بارانەکەدا ڕایان دەکرد. باران بە لێزمە دەباری، من چەترم بە دەستەوە بوو و ئایدین نەیدەتوانی خۆی بگەێنێتە ژێر چەترەکەم. لەبەر باراندا خووسابوو. وتم: (ئەو هەمووە ڕێیە دەبڕی کە بچی بۆ تاڵاوکە، لەبەرچی؟ هەر بۆ چایی خواردنەوەیەك؟ چەند جارم پێ وتووی کە مەڕۆ. دەمەڕۆ، ئیتر.) بەسەریدا دەمگوڕاند کە بە باشی لێم تێبگا. ئەو هەروا بێدەنگ بوو و بە دڵ مردووییەوە بە دوامدا دەهات. وەڵامی نەدەدامەوە. چرای دوکانەکان کوژابوونەوە و، تەنیا تیشکی گڵۆپی ئوتۆمۆبیلەکان بوون کە لە ژێر ڕەهێڵەی باراندا بۆ ساتێ دەردەکەوتن و پاشان ون دەبوون. گەیشتبووینەوە بەر دەرگای ماڵێ.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتم: (برۆ ژوورەوە.) سەری داخست و چووە ژوور و، منیش بە دوایدا. دەرگاکەم لەسەر پشت داخست. وتم: (شێو دەخۆی؟)

بە سەر لەقاندنەوە وتی نا. وە خۆی بە ژێرزەمینەکەدا کرد. ژوورەکەی سارد و تاریك بوو. وتم: (دەتەوێ سۆبەکەت بۆ داگیرسێنم؟) دیسان سەری هەڵتەکاند. خزایە بن لێفەکەی و، لە دیواری بەرامبەری راما. وتم: (سوێندبێ بە خوا، ئەگەر ئەم جارە برۆی، هەر لەم ژوورەدا زیندانیت دەکەم.) سەری هەڵێناو چاوی لە پەنجەرە چکۆلەکە کرد. دەیزانی دەمەوێ چی پێ بڵێم. وتم: (پەنجەرەکە بە قوڕ دەگرم، یان لە هەیوانی سەرەوە بە زنجیر لە شوورەکانت دەبەستمەوە.) بێدەنگ مابوو. وە من دەمبینی کە فرمێسك لە چاوانی هەڵدەوەرێن. وتم: (بەم قەڵافەتە زلەتەوە شەرم ناکەی؟) وە گوڕاندم: (ئەگەر ئەمجارە دووپات بێتەوە، ئیتر لێت خۆش نابم.)

کاتێ ئەم قەڵافەتە زلەم دەبینی بەو غرورەوە کە جاران لە چاوانیدا دەبریسکانەوە، بەم چەشنە هاتوەتە ژێر بڕیاری من حەزم پێدەهات. لە هەموو تەمەنیدا دەیەویست لە من زیاتر بێ، کە بەم جۆرە حەتمەن گەورەیی خۆی بە چاومدا بداتەوە. دەیەویست بچێ بۆ زانکۆ و لە خوێندنی بەرزدا پلە وپایەکی گەورە بە دەست بێنێ، بەڵام من لە بازاڕدا گەورە ببووم. لە نێو گورگە بازاڕییەکاندا. کاتێ نەیتەوانێ پارەیەك بە دەست بێنێ کە بچی بۆ زانکۆ، هەر ئەو دەم وتم ئەم غرووره پشتی دەشکێنێ. ئەو بەشەرەی کە لە کاتی قسەکردندا قەت رووی تێ نەدەکردم، چاوی لە شوێنێکی دیکە دەبڕی، نە رووی بە من دەداو، نە راز و نەهێنییەکانی لە لام دەدرکاند. ئاخر من برای ئەو بووم. برای بە حەقی. سەرەنجام ئەو شکستە لمبۆزی پێ لە عەرزی خشاند. ئیتر بە کۆت و شەرواڵی قاوەیی و سوورمەیی نەدەهاتە پێش چاوم. چووەوە سەر دۆخی جارانی کە وەکوو تفاق، داریان لەپێشی هەڵدەرشت و ئەویش هەر عارەقەی دەردەدا و مشاری دەکێشا. هەر ئەو جل وبەرگانەی جارانی لەبەر دەکردەوە، شەرواڵێکی سادە و، جاکەتێکی دەست چن- کە دایکە بۆی چنی بوو- و باڵتەیەکی پینەکراوی رەنگ پێوە نەماو. بوو بە حەپۆ شێت.

لەو شەوە بەدواوە ئیتر قەت رووی لە چایخانە نەکردەوە. ماوەیەك بوو کە هۆگری شۆڕەکاتەکە ببوو. دەچوو بۆ شۆرەکات و لەسەر بەردێکی گەورە دادەنیشت، کە خۆی لەوێی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دانابوو و وەك ئەسكەملە دایمەزراند بوو. لە شەپۆلە هەڵمساوەكانی خۆی رادەماو، با وەك لاپەڕەی كتێب پرچە رەش و خاوەكانی هەڵدەدایەوە.

وتم: (حەیوان هەستە. لەم دەرودەشتە لە دوای چی دەگەڕێی؟)

وتی: (كاكەبرا هەرچۆنی بێ، بە تەمەن دووساڵ لە تۆ گەورەترم.)

وتم: (وایە، وایە راست دەكەی. باشە، ئێستا هەستە با برۆین.)

وتی: (راوەستە با ئەم مەلە دەریاییانە بگەنە كەنار.)

ئای بە خوا ئیتر شێتی دەكردم، وتم: (مەلە دەریاییەكان؟)

وتی: (وەرە دانیشە.) جێی بۆ كردمەوە، لە تەنیشتی دانیشتم. بە ئاماژەی دەست شوێنێكی لە ئاسماندا پیشاندام: (دەبینی؟ چۆن چۆنی باڵ لێدەدەن؟ ئەوەی كە بە تەنیایە و نەرمە باڵ لێدەدا، مەلی ئاشتییە. من زۆرم خۆش دەوێ.)

رواڵەتێكی شێلگیرانەو هێمنی بە خۆیەوە گرتبوو. وتی: (ئای ئای. وەی وەی چ رەنگێكی جوان و دڵگری پێوەیە. پیاو كەیفی پێ دێ.)

وتم: (سەیركە، دوكانەكەم بە چۆڵی بەجێ هێشتووە، كارم هەیە.)

وتی: (یانی چاوەڕێی ئەو پاپۆرە بارهەڵگرە نەكەین؟ دەمەوێ بزانم هەناردەكانمان چین، هاوردەكانمان چین. خۆ ئێمە لەم وڵاتەدا دەژین.)

دەستیم گرت و گەڕاندمەوە. لە دڵی خۆمدا وتم زستان نێزیكە، ئەمجارە نۆرەی زەنجیر و شوورەی هەیوانە. سەرما بەرەبەرە خەریك بوو بە هیلاكی دەبرد، ئەم سەرمایە لەوانە نەبوو كە پیاو هەر لێوەلەرز بگرێ و لەو سەرمایانەش نەبوو كە قامكەكانی گۆیان بچێ. سەرمایەك بوو كە ئێسقانی رەش دەكرد. پێست بۆر دەبوو، خوێن لە بن نینۆكەكانەوە دەتزا، ئێسك ژانی دەكرد و دڵی مرۆڤ ژانی تێ دەكەوت. لە تەویلەكە هاتە دەر. دەنگی گورگەكان تەنگیان پێ هەڵچنی بوو. شەوگار، بەبێ ئەوەی چوكەترین جوولەیەكی هەبێ، بەستبووی. وەك خوویەكی هەمیشەیی دەستی برد بۆ گیرفانی ئێلەگەكەی تا سەعاتەكەی دەربێنێ، بەلآم نەمابوو. بە هەموو گیرفانەكانیدا گەڕا. گیرفانی شەرواڵەكەی، پێشەوە، دواوە، گیرفانی كۆتەكەی، نا. نەمابوو. بیری هاتەوە كە لە كاتی نووستندا لە نێو ئاخورەكە، بە دەست هەستی پێ كردبوو. بەلآم ئێستا بە زەنجیرەوە هەڵقەندرابوو.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەو پیرەمێردە، ئەوەی کە پێی دەوت براکووژ، کێ بوو؟ پیرەمێردە گنەکە. سەری وەرسووڕاند. پشتی سەر، بەروەروو، نا. هیچ شوێنەوارێکی لێ دیار نەبوو. تەنانەت شوێن پێشی. هەرکەسێك بووبێ سەعاتەکەی بردووە. پرسیاری لە خۆی کرد: (ئێستا چەندی شەو ماوە؟) لەبن لێوەوە وتی: (نیوەشەوە.)

بەرەو شار وەڕێ کەوت. نەیدەزانی کە دەبێ بە کام لادا بڕوا. لێی روون نەبوو لە کام لایەوە هاتبوو. هەوڵی دا بەڵام بۆی روون نەبوەوە. لەرزێکی توند هەموو ئەندامی لەشی داگرت.

سەرما و بەفر. هەر هەنگاوێکی هەڵدێنایەوە، تا سەرچۆکان لە بەفردا رۆدەچوو. کەی ئەم بارەی بەسەر عەرزدا خستبوو؟ ئاسمان بەسەر عەرزدا کەوتبوو؟

کە دایکەمان بە خاك دەسپارد، وەك ئەوە وابوو کە ئاسمان کەوتبێتە سەر شانم. من مامەوە و دوو بەشەری پەك کەوتە. میراتی باوکم، لە قوژبنی ژووری خوارەوە پارچە گۆشتێکی بۆگەنیویان فڕێ دابوو و ناوی یۆسفیان لێ نابوو کە جگە لە خواردن و خۆ پیس کردن لەم دونیایەدا هیچ ئەرکێکی دیکەی بەجێ نەدەگەیاند. [ نیمتاج] دەهات بۆماڵمان و جل وبەرگ و قاپ و قاچاغی ماڵەوەی بۆ دەشۆردین، چێشتێکی لێ دەنا یان گەسکێکی بە وڵاتدا دەهێنا. پێم وت کە بە یۆسف رابگات. پارەیەکی باشیشی بۆ لەبەر چاو دەگرم. بەڵام ئەویش وازی لێ هێناین و ئیتر نەهاتەوە. وەدوای کەوتم، ئەویش تا کوێ؟ لە کۆڵانە تەنگە بەرەکانی [حەوزئاوا]. تا نیوەرۆ لە دوای گەڕام و دۆزیمەوە. خەریکی شۆردنی قوونی منداڵەکەی بوو لەبەر ئاوی حەوزەکەیان و، کۆرپەکەشی دەیزریکاند. وتم: (ئەمیتاج بۆچی نایەی؟)

وتی: (قوربان ئێوە؟ ئێرە؟)

وتم: (پارەی زیاترت دەدەمێ. بۆگەنیو ماڵەکەی هەڵگرتووین. وەرەوە.)

وتی: (قوربان، من ناتوانم بەو دەعبایە رابگەم. لە خواردن کەوتووم. قوربان، ئیتر نان بە قوڕگمدا ناچێتە خوار.)

دیسان باوکە لە پێش چاوانمدا زیندوو بووەوە: (ئەم دەعبایە هێشتا زیندووە؟)

دایکە وتی: (ئەرێ زیندووە.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

باوکە وتی: (کەی دەمرێ؟) وە بە پلیکانەکاندا هەڵگەڕا. ئەو رۆژە سك چوونێکی هێندە خراپی تووش ببوو کە هەموو هێز و دەسەڵات و ئیرادەی لە دەستدا نەمابوو.

دایکە وتی: (هەر کاتێ خوا ویستی.)

باوکە وتی: (مردنەکەی نیعمەتە. نیعمەت.)

چوومەوە. ئیتر هیچ رێگا چارەیەکی دیکەم بۆ نەمابوەوە. ئۆتۆمۆبیلێکم بە کرێ گرت و دەمەو لای ئێوارە بردم بۆ دەرەوەی شارو نێزیك [نەمین]، لە چۆڵەوانێکی پڕ لە خڕ و دۆڵ کە تەنانەت فڕکەی باڵداریش نەدەهات، بە شۆفێرەکەم وت: (لادە.) راوەستا. وتی: (لێرە؟) وتم: (بەڵێ.) وە یۆسفم داگرت. قورس بوو لاقەکانی وەك باڵە مریشك لە دوولاوە بە جەستەیەوە شۆڕ ببونەوە. لە کۆڵم کرد و رووم لە بیابان کرد. رۆشتم، رۆشتم و تا لە پشوو نەکەوتم لە کۆڵم دانەگرت. هەر کاوێژی دەکرد. هێشتا نانەکەی تەواو نەکردبوو. بە دیاریەوە دانیشتم و لێی گەڕام تا دوایین نانی ژیانی بخوا.

ئەوجار لە چاڵێکم هاویشت. ویستم خۆڵی بەسەردا برێژم بەلآم دڵم نەهات. قاییشی کەمەرم کردەوە، لە گەردەنیم گرێدا. لەبەریەکم راکێشا. دەنگی لێ نەدەهات و جووڵەی نەدەکرد. خەریکی کاوێژ کردن بوو و بە چاوە بزەکانیەوە لێم رامابوو. من گوێم نەدایە و رامکێشا و هێندەم راکێشا کە لە هەناسە کەوتم. بەلآم یۆسف نەدەخنکا. بەتەمای مردن نەبوو. سەگ گیان ببوو. چەقۆیەکی چکۆلەم پێ بوو و لە گیرفانم هێنایە دەر و شادەمارەکانی هەر دوو دەستی ئەوم بڕی. لە تەنیشتی دانیشتم تاکوو دوایین دڵۆپی خوێنی برژێ. بەلآم هیچ باس نەبوو و خوێنی لێ نەدەهات. تراوێکی لینج و خەست دڵۆپ دلۆپ بەسەر دەستەکانیدا لووز بوونەوە و پاش چەند ساتێك و شکایی داهات. سەریم بەولادا خست و شادەمارەکانی گەردەنی ئەوم بڕی. وە دیسان تراوێکی رەش دڵۆپ دڵۆپ هات و وشکای هات. وەختا بوو شەو بەسەر دادەکەوت و کەچی ئەو خوێنی لێ نەدەهات. وە ئەگەر هاتبایە زۆر بە کەمی خوێنی لەبەر دەڕۆشت. بیرم لەوە دەکردەوە کە لەت بە لەتی بکەم بەلآم چەقۆ چکۆلەکەی من بۆ برینی ئەو گۆشتە چیرەی ئەو، کاریگەر نەبوو. چەند زەبری جەرگ بڕم لەسەر دڵی دا، بەلآم بێ هوودە بوو. یۆسف هەر بەو جۆرە بوو، کە بوو. کاوێژی دەکرد و رادەماو نەدەبزوا.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەرەبەرە خەریك بوو شەو بەسەردا دەهات. ترس و سام دای گرتبووم. هەر بەو جۆرە لە قوولکەیەکی چکۆلەترم هاویشت کە لەو لاترەوە بوو. وە بە دەست خۆلم بەسەردا کرد. من چووزانم وای لێدێ. هەموو خاك و خۆڵەکانی دەوروبەریم بەسەردا رشت، بە سەر روخساری، بەسەر لاقەکانیدا. وە بە پێ خۆڵەکەم شێلا. دەمزانی ئازار دەبینێ و بۆ ساتێ دەستم هەڵگرت. دڵم تاقەتی نەهێنا، خۆڵی سەر روخساری ئەوم لادا و دیتم خەریکی خۆڵ خواردنە. چلێسانە و بەبێ چاو تروکاندن، هەر بەشێوەی جاران سەیری دەکردم. ویستم خۆڵەکەی لەسەر لادەم و لەگەڵ خۆمدا بی بەمەوە. بەڵام قورس بوو و پێم هەڵنەدەگیرا. دەستم لە هیچ کوێی گیرنەدەبوو. وە هەتا زیاتر بۆی دادەهاتمەوە بێ هوودەتر بوو. قورسایی ئەو لەشە بۆگەنیوە هەناسەی لە پیاو دەبڕی. وتم: (خوایە فریام کەوە.) وتم: (ئاخر لەبەر چی کارم جوور دەرنایە و هەر گرێی تێ دەکەوێ؟) وە دیسان باوکە هەر بەو هەیبەت و سامەی جارانیەوە هاتە بەرچاوم. وتم: (باوکە دەبینی چم لێ بەسەر هاتووە؟)

وە ئێستا باوکە، دەبینی چم لێ بەسەر هاتووە؟ ئەمە بەشە میراتی تۆیە.

باوکە وتی: (مردنەکەی نیعمەتە.)

کامەیان دەڵێی باوکە؟

دایکە وتی: (دەست لە کاری خوا وەرنادرێ. هەرکاتێ ویستی دەیباتەوە بۆ خۆی.)

باوکە وتی: (ئەی کەی؟ دڵم تۆقی. من نەخۆشم. دڵم ژان دەکا.)

دایکە وتی: (تۆ چیت پێداوە؟ لە قوژبنێك کەوتووە. دەخواو دەڕی.)

باوکە وتی: (هەر کاتێ چاوم پێی دەکەوێ، لە ژیان بێزار دەبم، نازانم بۆچی تووشی پەتایەك نابێ و نامرێ کە لانی کەم بۆ خۆی ئاسوودە ببێ.)

بە لەقەلەق یۆسفم راکێشا، وتم :(باوکە، گوناحی بە ئەستۆی تۆ.) هێشتا تاسەر گەردەنی لە ژێر خاکدابوو. وتم: (هەرچی دەبێ با ببێ. سەیری دەوروتەنیشتی خۆم کرد. بەردێکی گەورەم هەڵگرت، لەسەر سەری راوەستام. بە هەردوو دەستان بەردەکەم هەڵێناو بە هەموو دەمای خۆم لە کەللەی ئەوم سرەواند کە هەستم کرد شتێك لە بن دەستم رۆنیشت. لە گۆشەی چەپی سەریەوە، مێشکی دەرپەریبوو و چاوەکانی هەروا زەق و راماو مابوەوە. بە دەست خۆڵم بەسەردا رشت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تەرمەکەی ئەوم بە جوانی شاردەوە، بە قەرای یەك متر خۆڵم بەسەردا کرد. وە پاشان هەتا نێو شار، بە هەڵاتن رام کرد. ئاورم دەدایەوە و هەڵدەهاتم.

سەرماو بەفر. هەر هەنگاوێ کە هەڵی دەهێنایەوە تا سەرچۆکان رۆدەچوو. ئەدی ئەم شارە لە کوێیە؟ دەچێ بۆ کوێ؟ راوەستا. لە نەکاو دەنگێك لە پشت سەریەوە هاواری کرد: (هۆی، براکووژ.)

گەڕایەوە کەس نەبوو.

سەد جارم وتووە بە بێ پرس نەچی بۆ هیچ شوێنێك. نە بۆ چایخانە، نە بۆ شۆرەکات، نە بۆ گۆرستان. گۆرستان. دارو نەدارمان لەوێیە، باوکە، دایکە، ئایداو، مامەسابیری بەستەزمان. ئەگەر ئایدینیش ملی دەشت و کێوان نەگرێ دەتوانێ لە تەنیشت ئایدادا بخەوێ. پێکەوە لە دایك بوون و پێکەوەش دەچن بۆ رۆژی سەلایە. بەلآم بە بێ پرس، سەری بە هەموو شوێنێکدا دەکرد. لەوێ، لە تەنیشت گۆری دایکە دادەنیشت، هەروەك [جووکییە] هێندیەکان قیت دادەنیشت و سەیری گۆرەکەی دەکرد. بە چەشنێك کە بییەوێ رۆحی دایکە ئازار بدا و، حەتمەنیش کربوون و بێدەنگییەکەی، دایکەی هەراسان دەکرد. وتم: (دێوەزمە، لێرە چی دەکەی؟)

وتی: (بڕیارم داوە لە دار، شوورەیەکی جوانی بۆ دروست بکەم.)

وتم: (بۆچی ئاگادارم ناکەیتەوە؟) وە زڵـیەکم لە بناگوێی سرەواند. وتم: (بەیانی کە لەگەڵم دێی بۆ کاروانسەرا، شەوێ دەبێ لە گەڵم بێیتەوە بۆ ماڵێ، هەر ئەوەندە.)

بێدەنگ بوو و خۆی بە ژێرزەمینەکەدا کرد. دوایین کاتەکانی شەو هاتە دەر و وتی: (کاکەبرا ئیزنم بدە با بچمە ئەو دالآنەی تەنیشتمانەوە.)

وتم: (دالآنی تەنیشتمان؟ لەبەرچی؟)

(سازێکی جوان دەژەنێ. شەوی زەماوەندی ئایدات لەبیر ماوە؟)

(خوێڕی، برۆ بخەوە، قسەی قۆڕ مەکە.)

(خۆ تۆ نازانی چ سازێك دەژەنێ. وا بۆ چەند ساڵ دەچێ کە بڕیارم داوە برۆم و گوێی بۆ رادێرم، بەلآم چما پێم کراوە؟)

وتم: (برۆ بخەوە، خۆ من ناتوانم تا نیوەشەو...)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

داکۆکی دەکرد، دادەنیشت. هەڵدەستاو گەردەنی کەچ دەکرد. دەستهەڵگر نەبوو. گوڕاندم: (برۆ بخەوە. هەتیوە شێتە. بە نیوە شەویش دەستم لێ بەرنادەی؟) دەرمکرد و بە پاڵێکی توونددەرگاکەم داخست.)

بەڵام جارجارە خۆی بەو داڵانە تەنگەبەرەدا دەکرد. شەوێك، هەر لەوێ بەسەر پێ یەوە خەوی لێ کەوتبوو. هیچ دەنگێك نەدەبیسترا. نیوە شەو بوو. زۆر شوێنی لەدوا گەڕا بووم. وە لەبەر ماندوویی تاقەتی قسەکردنم پێ نەمابوو. وتم: (هەستە برۆین.)

وتی: (کاکەبرا. دەبینی؟ دەبینی چ سازێك دەژەنێ؟ تازە، سازەکەشی بە باشی کۆك نەکردوە.)

وتم: (دێوەزمە شەرم دات بگرێ. بە نیوە شەویش دەست هەڵناگری.)

وتی: (رێگەم بدە با هەر لە یادی ئایدادابم. مەخوازە لێم کە لەبیری بکەم.)

دەستیم گرت و لە داڵانەکەم هێنایە دەر. بۆنی شە و تەڕایی دەهات. داڵانێکی تەنگ و تاریك بو کە دیوارەکانی رووخابوون و کەسی تێدا نەدەژیا. دەیانوت بازرگانێکی قاڵی فرۆش ئەو شوێنەی کڕیوەتەوە و بەتەمایە لە جێگای ئەودا خانوویەکی گەورە بینا بکات. چند مانگی خایاند تاکوو زەوییەکەی بۆ ئامادەکرد، پاشان خانوویەکی سپی و چوار نهۆم لە عەرەزەوە سەری دەرهێنا. بە پەنجەرەی نەردەدار و دەرگای داخراوە. بەیانی کە بەرەو دوکان دەرۆشتم، دیتم ئایدین بە نێو کۆلآندا سەری لێ شێواوە. بەملاو ئەولادا دەگەڕێ.

وتم: (هەتیوە، لە دوای چ دەگەڕێی؟)

وتی: (ئێرە داڵانێکی لێ بوو. نەبوو؟)

وتم: (ئەوە دەبینی کە لێی نەماوە، وەرە برۆین بۆ دوکان.) وە وەڕێ کەوتم.

بەدوامدا هات. وتی: (نازانی چ سازێکی دەژەنی. چ دەنگێکی دڵگیری پێوە بوو. ئەمان ئەمانی دەخوێند.)

نیوە شەو بەفرێکی قورس بەسەر بەفرە کۆنەکاندا کەوتبوو و ئێستا هەروەك ئۆقیانووسێك، باری گرانی خۆی بە سەر عەرزەدا داسەپاند بوو.ئەم زستانە دەبێ کەی کۆتایی پێ بێ؟ بۆچی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئێرە هەمووی هەر زستانە؟ هەمیشە لە ژێر پلەی سفردایە، ئاخ دایکە. سەیرکە تاقانەکەت چم لێ بەسەر دێنێ؟

سەری وەگەڕاند، هەموو شوێنێکی خستە ژێر چاو. تەنیا ئاسمانە و بەفر. کێوەکان سپی سپی بوون، زەوی هێندە تەخت و هەموار ببوو کە هەر جۆرە هەورێك -لە هەر شوێنێکەوە هاتبایە- بە یەك رۆژ هێندەی زستانێك بەفری بە سەردا دەخست و تێدەپەڕی و، دیسان دەستهەڵگر نەدەبوو. پێی لەسەر بەفەرکە دانا، رەق و بەستەڵەك بوو. بریا لە شوێنێکەوە زاری دەکردە و ئەمی هەڵدەلووشی. لە نەکاو وتی: (ئاخ.)

باوکە وەستای هێنا. سواغە رەش و نمدارەکەی ژووری ژێرزەمینەکەی پێ هەڵوەشاندەوە و سەرلەنوێ بە چیمەنتۆ سواغیان کردەوە. دەرگا و پەنجەرەیەکی جوانیان بۆ دانا و بە رنگی شین رازاندیانەو، تاقێکیش لەو بەر، ژوورێکی پوخت و جوانی لێ دەرچوو. کەچی وێڕای بۆنی توند و گرانی سرکە و قۆرە، بۆنی سووتانیشی لێ دەهات. ئێواران دایکە دەچوو بۆ شت کرین. کتێبخانەیەکی داری قاوەیی هێنا و لە قوژبنێکی ژوورەکەدا دایمەزراند، قەرەوێڵەیەك و سەرچەفێکی پەمۆیی لەم بەر. کە قاڵییەکەمان لێ راخست دایکە وتی: (ئێستا ئەو کتێبانەی کە لێتان سووتاندووە بۆی پەیدابکەنەوە.)

باوکە وتی: (خۆ من نازانم کتێبەکانی چی بوون. ئۆرهان. تۆ دەزانی؟)

وتم: (نا. من سەیری ناوەکانیم نەکرد. بەڵآم یەکیان "بابا گۆرییۆ" بوو. یەکیان "بێ نەواکان" بوو. "ئۆدیسە"ش بوو. ئیتر لەبیرم نەماون.)

باوکە وتی: (دەی، با بێ کتێبەکانی من وەخوێنێ.)

دایکە وتی: (ئایدین کتێبەکانی خۆی دەوێتەوە.)

باوکە وتی: (زۆر باشە، پارەی پێ دەدەم با بڕوات خۆی بیانکڕێتەوە.)

کارەکان بە رێکوپێکی جێ بە جێ ببوون. دایکە وتی: (ئێستا برۆن بیهێننەوە.)

هەر لە ئێوارەی ئەورۆژەدا، لەگەڵ باوکە چووین بۆ رام ئەسپی. لەسەر رێگای هاتنمان، چاومان بە تالآوەکە کەوت و قامیشەلآنەکانی. گەلآی دارەکان لەژێر پێماندا ورد دەبوون. شۆرەکاتەکە هەر بەو دێمەنەی جارانیەوە لەلای چەپمانەوە بوو. باوکە وتی: (سەردەمێك ئێرە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەر وەك تالآوەکە پڕ لە ئاو بوو. پاشان بەرەبەرە وشکایی داهات و ئێستا هەر خۆێیەکەی لێ ماوەتەوە.) ویستی قسەیەکی دەربڕیێ. دەیەویست بەچۆکداهاتنەکەی شاردبێتەوە. بە تووڕەیی قسەیەکی دەکرد و پاشان قسەکەی دەگۆڕی. شێرو ڕێوی بۆ دەهێنامەو، هەر لەم چڵەوە بۆ ئەو چڵ دەپەڕی و پاشان بێدەنگ بوو. کە گەیشتینە "رام ئەسپی" چاوێکی بەنێو خانووە تەپیوەکان و قەلآغە تەپاڵەکاندا خۆشاند کە لەبن دیواری خانووەکان بۆ وشك کردنەوە هەڵچندرابوون، سەری راوەشاند. بۆ پەڕینەوە لە چۆمەکە، ناچار بووین دەرەلینگەکانمان هەڵ بکەین. باوکە وتی: (ئاخر ئێرە شوێنی مانەوەی بەشەرە؟)

بە ڕەوەزە بەردێکدا هەڵگەڕاین و لە پێش کارگەی دارتاشیندا راوەستاین. خۆر تێنی لە کزی دابوو. بایەکی فێنك هەڵی کردبوو. مێشە گێژەکانی دوایین ڕۆژەکانی هاوین، وەکوو گەنە بە پیاوەوە دەنووسان. ریزە گوێدرێژێك بە بارە گەنمەوە بە پێشماندا تێپەڕی و دەنگی هارەهاڕی مشار بێدابڕان، دەهاتە بەرگوێ. باوکە لەبن سێبەرێك دانیشت. سەبیلەکەی داگیرساند. پاش ماوەیەك وتی: (با بچینە لای ئەو خوێرییە تا بزانین دوایین قسەی چییە؟) وە وەڕێ کەوتین.

وتم: (پێم وانەبێ بگەرێتەوە.)

وتی: (دێتەوە.)

کارگەکە لەنێوان دۆڵێکدا، ڕێك لە دەربەندێکی تەنگدا هەڵکەوتبوو و چۆمێکیش لە بنیەوە تێدەپەڕی. دوودانە کرێکار لەو بەرەوە لە بن شاخەکان، دارەکانیان لە سەریەك هەڵدەچنی و، چەندانە کرێکاری دیکەش لەپێش دالآنی کارگەدا مشاریان لێدەدا. یەکەم کەس ئایدین بوو. باوکە لەپێشی راوەستا و بە رووگرژییەوە، زۆر بەسەیری لێی راما. بەلآم ئایدین ئاگای لە ئێمە نەبوو. لەنەکاو سەری هەڵێنا. وتی: (سڵاو.)

وەك ئەوەی تاسابێ. بۆ ساتێ بە حەپەساوییەوە سەیری کرد و پاشان سەری داخست.

باوکە وتی: (رابردووەکان فەرامۆش بکەو...)

ئایدین وتی: (باوکە، من فەرامۆش بکە... وە بە غەمێکی نامۆ لە روخساریدا، چوو بۆ نێو کارگە.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

باوکە لە حەیبەتان وشك بوو. چاوەکانی کز بوون. دەستەکانی بە حەواوە مانەوە و، بە چەشنێک گەڕایەوە کە چاوی بە چاوانی من نەکەوێ. بەو قەناعەتە گەیشتبوو کە دەبێ بچێتەوە. لە ژیانیدا قەت تووشی شکست نەببوو. ئەو رۆژە بەجوانی تێگەیشتم کە تاڵی چ تامێك دەداتەوە.

ئۆرهان وتی: (ئاخ...)

لە بیری چوو بوو پاپاخەکەی هەڵ بگرێ. وەك نەریتێکی هەمیشەیی دەگەڕایەوە کە شتێك هەڵبگرێ. هەمیشە شتێکی لەبیر دەچوو. بەلآم پاپاخەکەی نا. وە ئەم جارە پاپاخەکەی لەبیر چوو بوو. گەڕایەوە. دەنگی لورەی گورگ دەهاتە بەرگوێ. هەنگاوەکانی خێراتر کرد و خۆی گەیاندەوە نێو تەویلەکە. وەك بڵێسەی ئاگر دەنگی لوورەی گورگ لە هەموو لایەکەوە کڵپەی دەسەند و لەرزی دەخستە نێو دست و لاقەکانی. چی بکا؟ لە پێش دەرگا راوەستا، دووگمەکانی شەرواڵەکەی کردەوە و بە سەر پێیەوە میزی کرد. بە جەفەنگەوە لاقێکی هەڵێناو لە تاو دەردو ئازاری جەستەی پێکەنی. پاشان تەکانێکی توندی بە خۆی دا، لاشە گرانکەی بە دەرگای تویلەکەدا کوتاو بە زەبرێك خۆی گوڕدا. هەروەك دیوارێکی بەرد لەپێشی راوەستا بوو. دیسان چەند کەڕەت خۆی پێدادا، لاولاوەکانی ژەنگیان هەڵێنا بوو و بە جیڕەیەکی وشك دوبارە دەرگاکەی لەسەر کرایەوە. دەنگی گورگەکان نێزیکتر دبوونەوە. پاپاخەکەی لەسەر عەزێ هەڵگرت، کردیە سەری و بەرەو ئاخورەکە رۆیشت. لەوێ دانیشت و دیتی کە پیرە پیاوەکە جگەرە و شقارتەکەی بەجێ هێشتوە. بە دەنگی بەرز وتی: (جگەرە لەباتی سەعات؟) دایکە دیوت: (وەکوو دوودانە ئاواڵی باش، پشت بە یەکتر ببەستن، ئەوجار دەبینن کە باری گوزەرانتان رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو باش بوون دەچێ. رێگە مەدەن باوکتان لەگۆڕدا دابچڵەکێ.)

وتم: (دایکە، لەم بازاڕەدا پیاو دەبێ گورگ بێ کە خۆی رابگرێ. ئەم برایە، لە خۆی زیاتر دڵی بەخەڵك دەسووتێ.)

باوەکە ناساز بوو و دوایین پشووەکانی ژیانی هەڵدەکێشا. لەپاش مەرگی ئایداوە ئیتر باوکە ئەو باوکەی جاران نەمایەوە. پیاوێکی رووگرژ بوو کە رۆژ لەدوای رۆژ، باڵتەکەی بەبەری فشتر دەبوەوە. بەیانی لە ماڵ وەدەر دەکەوت و بەرەو دوکان دەچوو و شەو دەگەڕایەوە. دوو جمکەکان لە خشتەیان بڕی بوو، بە تایبەت لەو سێ چوار ساڵەی دواییدا کە ئایدین لەماڵ تۆرابوو.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەرەبەرە تابەتمەندییە مرۆڤایەتیەکانی لەدەست دەداو، لەپاش مەرگی ئایدا بەدواوە هەموومان هەستمان دەکرد کە پشتی شکا. لەم دواییانەدا، جار ناجارێ دەهات بۆ دوکان تاکوو ئیتر بەتەواوی لە کارکردن راوەستا. لە ژووری سەرەوە، رێك لەبن پەنجەرەکەدا جێمان بۆ راخست. رۆژی دوکتورێکمان دەهێنایە سەرەوەختی. کاری فرۆشتن بەلایەك، حسێبی خەڵکی لە لایەك، ناسازیەکەی باوکەش وەختابوو چارەرەشی دەکردین. نە دەمرد و نە زیندوو دەمایەوە، بەم حاڵەوە، بەم هەمووە چەرمە سەرییەوە وتم: (لەگەڵ ئایدین بچین بۆ گاومیش گۆلی.)

دایکە وتی: (برۆن، زۆر هیلاکیشن، بۆ حەسانەوە خراپ نییە.)

ئایدین وتی: (بەم ناسازیەی باوکەوە؟)

وتم: (من و تۆ هیچمان لەدەست نایە. دێت؟)

رۆیشتین. تالآوەکە لەسەر رێگامان بوو، کاتێ ئێمە دەگەیشتینە [سەرعەین]، تازە خەڵك خەریکی هاتن بوون. تاسەعات نۆی شەویش هەر خەڵک دەهاتن و، لە نێوەشەورا کەل و پەلیان کۆ دەکردەوە و بەرە بەرە چۆڵ دەبوو.

شەوانی هاوین کاتێ گەرما ئاراو قەراری لە خەڵك دەستاند، ئەوێ فێنك بوو. چراتۆرییەکانت دەبینی کە بە دەر ودیوارەوە هەڵواسرابوون و تیشکی چراکان و فسەفسەکانیان پیاویان ماندوو دەکرد. کۆمەڵێك مرۆڤی شەل و پەکەوتە بەرەو گراوەکە درۆیشتن. گۆچان بەدەست و زەمینگیرەکان، لەپێش سەرچاوەی [ژینەراڵ] رێزیان بەستبوو. ئەوێ لەهەموو شوێنێك قەرەباڵغتر بوو. دەیانگێرایەوە کە لە سەردەمی شەردا ژێنەراڵێکی بریتانی لاقە شەلەکەی لەو ئاوە گەرمەدا چاك بۆتەوە و، ئێستا لە ئەرتەشی بریتانیادا وەکوو شێر بریار بە سەر سەربازەکانیدا دەچەسپێنێ. تاقمێك، خاولی لەسەر شان دەهاتنەوە، کلآوێك بەسەرەوە و پشتوێنێك لە پشتدا، یان پاڵتەیەك بەسەرشاندا.

چایخانەکان قەرەباڵغ بوون. بەستەنی فرۆشەکان پر بوون. سەروپاچە فرۆشییەکان پر بوون. لە گۆشە و کەناری ئەو جادە باریك و چەورێژ کراوەدا، دەست فرۆشەکان ریزیان بەستبوو. وە فلس بە دینارێك ،کەس بەکس نەبوو؟ هەرکەس بە تەمای پارە کۆ کردنەوە بایە، دەیتوانی گوویەك لەگەڵ خۆیدا بێنێ بۆ سەرعەین. سەرتاشێکی ریوەڵە، خێرا خێرا ریشی خەڵکی دەتاشی بە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دینارێك. لە شاریش سەرو ریشیان بە نیو دینار دەتاشی، بەڵام ئەو بەدینارێك ریشی دەتاشی. گوڵدانێکی جوانی لە پێش خۆی دانابوو، کە گوڵی مەریەمی تێدا شین ببوو و لە سەری نووسرابوو بۆ فرۆشتنە. وتم: (بەچندە؟) دیتم سێ گوڵی لێ رواوە کە هەریەکەو لە رەنگێکن، سوور، زەرد، شین.

وتی: (سەد تمەن.)

وتم: (بێ ویژدان...)

ئایدین لەهەموو حاڵێکا بێدەنگ بوو. نە قسەی دەکرد، نە پێدەکەنی، نە هۆگرییەکی لە خۆی پیشاندەدا. ئێمە خاولی و جل و بەرگمان لەگەڵ خۆماندا نەهێنا بوو. کەچی هەرکە لە پاسەکە دابەزین یەك راستە بەرەو گراوی "گاومیش گۆلی" رۆیشتین. هەوای ئەوێ لەچاو شوێنەکانی دیکە جیاوازی هەبوو. هاڵاوی ئاوەکەی بەرەو ئاسمان هەڵدەکشاو شەل و پەککەوتەکان بە کۆمەڵ رژابوونە نێو گۆلاوی ئاوە گەرمەکە. دوو شووشە شەربەتی ئاڵبالۆوم کڕی، پاشان دوو دەنك سیگاریش. هەردووکیانم دگیراند. وتم: (بکێشە...)

وتی: (سیگارکێش نیم...)

وتم: (منیش سیگارکێش نیم. بەڵام ناخۆشیش نییە.) هیچ هۆگرییەکی لەخۆی پیشان نەدەداو بۆم نەدەهاتە سەربار. سەیری ئەو خەڵکانەی دەکرد کە لەو چڵکاوە گەرمەدا ئازاریان تێدا دەگەڕاو بە داکۆکی کردنەوە هەوڵیان دەدا پتر لەو چڵکاوەدا خۆیان رابگرن. وتم: (لەمەبەدوا بەتەمای چی بکەی؟)

وتی: (فەرقی پێ ناکەم.)

وتم: (مەبەستم لەوەیە کە دەتەوێ چ پیشەیەك رەپێش چاو بگری؟ باوکە لە گیانەڵڵادایە، چ نیازێکت هەیە؟)

وتی: (منت هێناوە بۆ ئێرە کە قسە لەم شتانە بکەین؟)

وتم: (ئاخرەکەی هەر دەبوایە قسەی لێ بکەین.)

وتی: (جارێ وا لە دوکانم.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتم: (خۆ تۆ دڵەت بەم کارەوە نییە. خۆ تۆ بەنیاز نیت ببی بە پیاوی کاسپی کردن، کەوایە...)

وتی: (چار نییە. هەم لەبەر باوکەو هەم لەبەر دڵی دایکە دەبێ کۆڵ بدەم.)

بەلآم گیانی کاسپی کردنی تێدا دروست نەببوو. کاتێ پڕ بە خەزێنەکەمان فەردەی پەستەو گوڵەبەرۆژەیان دەهێنا بۆ دوکان و بۆ رۆژی دواتر هیچی تێدا نەدەمایەوە، ئەو بە سەرسامییەوە رادەما و من چارەیەکم بۆ نەدەمایەوە جگە لەوەی کە پێی بڵێم بە گەچ بەر بە کونی مشکەکان بگرێ. ئیتر نەمدەویست لەوە زیاتر چاوم بە زەرەری خۆم بکەوێ. هەر کەس حەزی لە کلاوچییەتی بوایە رووی لەو دەکرد. سێ فەردە کاکلە گوێزی کڕیبوو، هەرکە هەڵمان رشت دیتمان کرم تێی داوە. وتم: (باوکە، ئەم هەمووە کرمەمان بەچەند بۆ راوەستاوە؟)

باوکە لە ئایدین راما. سەری راوەشاند و وتی: (بیبە بۆ خۆت بیخۆ.)

وە من وتم: (فسەنجانی ([37]) لێ دروست بکە و بیخۆ.)

باوکە قەڵس بوو. وە لێوەکانی شین و مۆر داگەرابوون. وە بۆ شەوێ، گوێزەکانمان بردەوە بۆ ماڵێ. بۆ رۆژی دواتر دایکە لەبەر خۆردا بڵاوی کردنەوە. هەموو حەوشەکەی داگرتەوە و لەبن تینی خۆردا، کرمەکان دەتلانەوە. وە پاشان باوکە پێی وت کە با بچێ و ببێ بە وەزیری ئابووری و من پێم وت: (ئایدین، بزانە هێندێکی دیکەش لەم جۆرە گوێزانەت دەست ناکەوێتەوە؟)

(لەبەرچی؟)

وتم: (برۆ بکرە با لە سەر بان پانی بکەینەوە.)

کاتی گەرانەوە، پێم وابێ لە سەعات دوازدەش تێپەڕیبوو. مسافرەکان لەپێش گەراجی سەرعین بەرەو لای پاسەکە هۆمەنیان دەبرد و ئافرەتێکی بیانیش لە گۆشەیەکەوە راوەستا بوو. وتم: (کورتانی خوار کردووە!) بەلآم ئەو سەرنجی پێ نەدا. وتم: (دێی بیبەین بۆ شوێنێك و چاری بکەین؟)

دەمزانی. چوونکە جارجارە ئافرەتەکە ئاوڕی دەدایەوە، چارشێوەکەی دەکردەوە و چاوەکانی بزەیان دەهاتێ. وتم: (هۆی.) ئاوڕی دایەوە. چاوێکم لێ داگرت. رووی ترش کرد. وە دیسان وتم:

---

[37] **جۆرە شلەیەکە کە گوێزیشی تێدەکەن و لای فارسەکان و تورکەکان باوە.**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(سەیرکە.) دیسان ئاوڕی لێ دامەوەو ئەم جارە بە رووم پێکەنی. پاشان لەگەڵ ئەو پیرێژنەی کە لەگەڵی دەهات، سوار پاسەکە بوو. ئێمەش خۆمان تێ ڕۆ کرد و سوار بووین. جێی دانیشتنمان دەست نەدەکەوت. بە پێیەوە راوەستاین. رێك لە تەنیشتی ئافرەتەکە راوەستام و حەزم نەدەکرد بەردەوام چاوی لە ئایدین بێ. کە پاسەکە لێی خوڕی، چراکانی ژوورەوەی کووژانەوەو، ئیتر نەمتوانی لەو تاریکاییەدا بسکە کاڵەکەی و روخسارە ئارایش کراوەکەی ببینمەوە. نازانم لە بەرچی لەنەکاو لە حاست ئەم ئافرەتەدا شل ببووم. تابە ئەو رۆژە بەو رادەیە حەزم لە کەس نەکردبوو. بۆ یەکەمجار، ئەو شەوە، کیژێك بە رووم پێکەنی و لەنێو دڵمدا شوێنێکی بۆ خۆی کردەوە. بە ئایدینم وت کە دەبێ هەر ئەمشەو ماڵەکەیان بدۆزینەوە. وە ئەو وتی بۆچیتە؟ وە من وتم نازانم. بەلام دەمزانی. دەمزانی. بریا ئەو رۆژە نەدەچووین بۆ سەرعین. بریا ئەسیری ئەم ئافرەتە نەبوومایە.

جگەرەیەکی دیکەی داگیراند. لاقەکانی جوولاندەوە. دەستەکانی راوەشاند. پێی داکوتا. لە پشت دیوارەکەڕا لوورەی گورگەکانی دەبیست. نەیدەزانی چی بکا. لە یەکێکی بیستبوو کە گورگ لە ئاگر دەترسێ. شقارتەی لێدا. لە دوای ئاوردوویەك دەگەڕا بۆ سووتاندن. لە بن ئاخووڕەکەدا هێندێ کای تەڕ رژابوون کە بۆ سوتاندن نەدەبوو. نا. نا خوایە ئەمە وێژدان نییە. ئەی دەبێ چی بکا؟ وەکو پیاوە گوندنشینەکانی رام ئەسپی کە تەپاڵە دەسوتێنن، چەند دانە تەپاڵەی لەسەریەك هەڵچنی و سووتاندی. بە زەحمەت. بۆنێکی توندی لێ هەڵدەستا و ئاگرەکەی لە نێوان تەختە تەپاڵەکاندا بە کزی بڵێسەی دەدایەوە. ئێستا ئیتر دەتوت گورگەکان لەنێو تەوێلەکرا دەلوورێنن. ئۆرهان چاوی بە دەورو بەریدا خوشاند. کەسی لێ نەبوو. دەیتوانی زۆر بە ئاسانی بگوورێنێ و فوو بە ئاگرەکەدا بکا. بڵێسە کزەکەی بۆ ساتێ هەستا و پاشان کووژایەوە. بە هەموو دەمای خۆی فووی بە ئاگرەکەدا کرد. بڵێسەکەی بە ئاستەم هەستا. ئۆرهان دەستەکانی لەسەر راگرت، لەسەر عەرزی دانیشت. پێلاوەکانی لەپێ داکەند و لاقی لە ئاگرەکە بردە پێشەوە. ئاگرەکە داگیرسا بوو و دووکەڵەکەی چاوی دەبرژاندەوە. بەلام بۆنی ماسی لێ هەڵدەستا.

وتم: (بۆچی بە بێ پرسی من لە ماڵ دەردەچی؟ چما دایك و خوشکی ئێمەش ئافرەت نەبوون؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بنێشتی دەجاوی و چاوی لە نینۆك و پشتە دەستەکانی دەکرد. وە چ ئەندامێکی گەرم و نەرمی هەبوو. وتی: (چم لە دایکت داوە؟ دەبێ سەردانی خزم و کەسەکانم بکەم.)

وتم: (ئاخر لەم ماڵەدا چت کەمە؟) وە من هەموو شتێکم بۆ تەرخان کردبوو، پتر لە رادەی نیازی. وە هەرچەندم هەوڵدەدا نەمدەتوانی لە ماڵ رای بگرم. گەڕۆك بوو. وتی: (من دڵ بە چی تۆ خۆش بکەم؟ ئەوە لە رۆژەکانت، کە بەیانی دەرۆی و شەوێ دەگەڕێیتەوە. ئەمەش لە شەوەکانت، کە هەر لە بیری گوڵەبەرۆژەو دوکانەکەتی.)

پاشان تێگەیشتم کە جەماعەتی ئافرەت هەموویان وەك یەکن. بێ کەم و کوڕی. باوکە دەیوت: (نابێ روو بە ئافرەت بدەی.) رووی قسەکەی لە دایکە بوو و، مەبەستیشی ئایدا بوو. چێشتخانەی پێشان دەدان و دیوت: (ئەگەر لە ئۆدەی ئێرە هاتنە دەر، ئەوا دەبن بە ژن.)

برسی ببوو. وەختا بوو چاوەکانی دەردەپەرین. لەبیری چوو بوو وەك هەمیشە مشتێك پستە یان گوڵە بەرۆژە بکاتە گیرفانی و جارجارە کاوێژ بکا. بۆنی تەپاڵەی سووتاو شەپۆلی دەدایەوە. گەرما گیانێکی نوێی بە بەردا کردبوو. ئێستا پڕ بە دڵ حەزی دەکرد بگەڕێتەوە. گەڕایەوە. حەتمەن کە دەست و لاقی هێندێ گەرم دەکردەوە، وەرێ دەکەوت. بۆ بەیانی دەگێشتە ماڵەوە و، لە ژووری سەرەوە خۆی دەخزاندە بن کورسیەکەی. تا نیوەڕۆ و، بەڵکە تا شەویش دەخەوت. بۆ دوکانیش نەدەرۆشت. خۆ رۆژێك نابێتە هەزار رۆژ. بەڵام پاش ئەو هەمووە چەرمەسەرییە، چما کوشتنی پیاوێکی دەست و پێ سپیلکە چەندەی پێ دەوێ. بە نیو سەعات تەواوی دەکرد.

راوەستام کە ئەیازی پاسەوان پەیدا بێت. سەرلەبەیانییەك هات. ئێستا ئیتر جاررەز ببووم. وتم: (دەمەوێ تەڵاقی بدەم.)

وتی: (هەروا زوو؟)

(وەجاغ کوێرە.)

(چاوی دەربێ، دەبا وەجاغی کوێر نەبوایە.)

تابەچەند دەمتوانی لەسەری راوەستم؟ دەمەویست کیژێك بۆ خۆم پەیدا بکەم کە خۆری وێ نەکەوتبێ و، ئەیازی پاسەوان دەیوت هەتا ئافرەتێکی دیکە بۆ خۆت پەیدا دەکەی ئازەر تەڵاق مەدە. دەیوت: (تا خانوویەکی نوێت پەیدا نەکردوە خانووە کۆنەکەت مەفرۆشە.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتم: (سەر بە هەوایە.)

وتی: (خۆ خزمت نییە، بۆ غەم نابێ.)

وتم: (لە گەراجی سەرعین پەیدام کردووە. خۆ تۆرەمە و خزمەکانیم نەدەناسی.)

وتی: (ئاو هاوردە، بە ئاو دەچێ.)

کە بەرەو ماڵ دەرۆشتمەوە خۆم پێ پووت بوو. باسی جل وبەرگەکانیم دەکرد، چێشتە خۆش و بەتامەکانی، تامی چێشتە خۆشەکانی دایکم هەر لە بن ددانم مابوونەوە. باسی بێ حیجابییەکەیم دەکرد کە کراسی قۆل کورتی لەبەر دەکرد و شەرمیشی لە ئایدین نەدەکرد. لەبەر چاوی مندا چی کردبایە، بۆ ئەویش وای دەکرد. وتم: (لانیکەم لەبەرچاوی ئەو دێوەزمەیەدا چارشێوێك بەسەر خۆتدا بدە.)

وتی: (چما نازانی؟ ئەم بەستەزمانە لە منداڵیش منداڵترە.)

وتم: (لەم ژیانە جاڕزە بووم.)

(دیسان لە چ بیانوویەك دەگەڕێی؟)

(منداڵ.)

کفتە تەورێزی بۆ کووڵ دەهێنام و لە کن سفرەکەوە لە خواردنەکەم رادەما. وتم: (تۆ لە پوورە چکۆلەکەتەوە میراتت پێگەییوە. ئەویش وەجاغ کوێرە. وەکو مامە سابیری من.)

وتی: (کاری خوایە، من بێ تاوانم.)

(کاری هەر کەسێك بێ، من میرات گرم دەوێ.)

(لە هەتیوخانە منداڵ دەدەن. رۆژێك دەچم و دانەیەکی جوان هەڵدەبژێرم. منداڵی چکۆلە و جوانی لێ هەڵدەکەوێ. تەنانەت منداڵەکانی سەردەمی شەڕ، کە ئێستا گەورە بوونە. کێژی وای لێیە کە کاتی مێردکردنیانە.)

وتم: (دەبێ منداڵی خۆم بێ.)

وەزاڵە هاتبوو. وتی: (حەز دەکەی لەو ئافرەتەی کە جل و بەرگمان بۆ دەشوا؟...)

(نا. چما دەمەوێ منداڵی قەرەواش دروست بکەم؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(کاتێ منداڵەکەی لە دایك بوو دەیهێنینە لای خۆمان، گەورەی دەکەین. دەبێ بە منداڵی خۆت.)

دەمەقاڵەکانمان کۆتایی نەدەهات و، هەر لەو رۆژانەدا دوکتۆرێکی تازە هاتبوو بۆ شار کە مەتەبەکەی لەسەر سووچی گۆرەپانی شار بوو. ئەو دەیوت مۆجیزەی لەدەست دێ و بیستوویەتی کە بە دەرمانێك چارەسەری نەزۆکەکان دەکاو، هەر ژنێك حەزی لێبێ دەتوانێ ساڵی جارێك زاوزێ بکا. پاشان زانیمەوە کە هەر ئەو ژنە پەتیارەیەی بەرامبەر خانووەکەمان فێری کردووە، کە جگە لە خۆ رازاندنەوە هیچی دیکەی لەباراندا نییە.

بردمە لای. وە بریا نەمبردایە. وە بریا بیری منداڵ لە سەری نەدابام. لە بیانووانیش نەدەگەڕام بەڵام ئەو حەوشە گەورەیە چۆڵ بوو. نە دووچەرخەیەك، نە تۆپانەیەك و نەگڕوگاڵی منداڵێکی تێدا بەدی دەکرا کە وەرزییەکانم بشکێنێ و یان لە هەیوانی سەرەوەڕا بۆ نێو حەوزەکە بینە لێ بدا و ناچارم بکا قامچی کوتی بکەم. نا. پاشان کە ئاکامی تاقی کردنەوەکەمان وەرگرتەوە، زانیمان کە خەتا لە خۆم بووە. بەڵام تاسەی کۆرپەیەك هەر لە زەینمدا چڵی دەهاویشت. دانەیەك کە بقیژێنێ، پرچم رابکێشێ، بەسەر کۆڵمدا هەڵگەڕێ. شووشەی پەنجەرەی دراوسێیەکان بشکێنێ و هەموو رۆژێ دەردیسەرییەکی نوێ دروست بکا.

هەستی دەکرد وا خەریکە بە دەنگی بەرز قسە دەکا. سیگارێکی دیکەی داگیراند، پێڵاوەکانی لەسەر خۆڵەمێشە گەرمەکە هەڵگرتەوە و لە پێی کرد. هەستا، تۆزی سەر شەرواڵەکەی تەکاند. پێی بەسەر ئاگرە خامۆشەکەدا هێنا و پاشان لەبەر دەرگا راوەستا. ئەوەی دەهاتە بەرچاوی هەر بەفر بوو و ئاسمانێکی سەرانسەر هەوری. ئیتر لەم شارە دڵ پڕ ببوو. شارێك کە بەردەوام لەژێر پلەی سفردا بوو. هەمیشە بەفرو سەرما و شەختەو، پلەی گەرماش لە ژێر سفر دا بوو. فرمێسکی پیاو دەیبەست.

هەر لێرە بوو. وتم: (لێرە چی دەکەی، دێوە زمە؟)

پیاڵە چاییەکەی نیوە کرد و خەریکی خوێندنەوەی رۆژنامەیەکی کۆنە بوو، سەراو بن رایگرتبوو، من گوێم بۆ راگرت تا بزانم چی دەخوێنێتەوە. باسی شەڕی دەکرد و هەرکە چاوی بە من کەوت، وتی: (براکەم، ئاگری شەڕ لە سەرمای مۆسکۆدا کوژایەوە.) دیمەنی دەرەوە سەر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەوز بوو و، خۆری بەتین دەدرۆشایەوە و دوودانە بەران، لەوێ لە تەنیشت دارێك سەر شاخ ببوون. بەرەو دواوە چەند هەنگاوێ دەکشانەوە و هۆمەنیان دەبرد و کەللەیان لەیەکتر دەکوتا. جارجارە سەری هەڵدێناو دەیوت: (بارك الله.) پاشان کە شەڕە بەرانەکە تەپ وتۆزێکی زۆری لێ ساز بوو، لە چاخانە هاتەدەر و بەبێ ئەوەی سەرنج بە من بدا، دەستەکانی لە یەك هەڵسواند. وە بە شەقاوی بەرز بەم لاو لادا دەرۆشت و پێدەکەنی. ئەو جار رووی لە دانیشتوەکانی بەر چاخانە کرد کە لە بەر سوورەتاوەکەدا لە پاڵ یەکترەوە دانیشتبوون و سەبیلەیان دەکێشا و بەو پێدەکەنین. بەرامبەریان راوەستا وتی: (ئەگەر دەتەوێ بزانی نووسەری کتێب کێیە، پەراوێزەکانی بخوێنەوە.)

تێکڕا پێی پێکەنین و ئەو وتی: (بریا دەمتوانی بۆ رۆژێك، بەس بۆ رۆژێك ببمە رێبەری ئەم خەڵکە، وەك هیتلەر. رووم گرژ دەکرد و دەموت: (کەس خاوەنی ماڵ و دارایی خۆی نییە. گشتی هی خوایە. من لە لایەن خوایەوە راسپاردەم و، مەزنایەتی یەزدان ئاراستەی من کراوە. کتێبیشم هەیە. ئەوا بەرێیەوەیە.)

وە ئەوانەی گەنجتر بوون کڵۆ گڵیان بۆ دەهاویشت و پێی پێدەکەنین. من وتم: (چما لەگەڵ تۆم نییە؟ لێرە چی دەکەی؟) وەك ئەوەی تازە چاوی بە من کەوتبێ، لەنەکاو بزە لەسەر رووی وشك بوو. کەچی لە پێش چاوی ئەو هەمووە پیاوەدا ویستی نەشکێتەوە و هەوڵیدا دووبارە پێبکەنێتەوە. ئەوجار وتی: (گەورەم، منیش وەك هەموو خەڵکی دیکە دڵم هەیە.)

لێمدا، سێ دانە شەپلاغە. چەپ و راست لە بناگوێیم سرەواند، وتم: (گوو دەخۆی.)

وتی: (یانی ئیشتیای چایی نەکەمەوە؟)

(هەر لەوێ بخۆرەوە. بۆچی من بە دوای خۆتدا عەوداڵ دەکەی.)

مەشەدی عەبباسی چایچی بە تەقە تەق پیاڵە و ژێر پیاڵەیەکی شۆردەوە، لە ئاوی هەڵکێشاو چاییەیەکی بێ رەنگی بۆ من تێکرد. وتی: (پاش ماوەیەکی زۆر ئاخرەکەی رووت لە ئێمە کرد. فەرموو.)

وتم: (سوپاس.) وە لە ئایدینم روانی کە لە تەنیشت دیوارەکە کز دانیشتبوو و بە هەردوو دەستەکانی سەری راگرتبوو. وتم: (هێندە سەر بەم رۆژنامانەدا مەکە.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەنگێکی بە سۆزی پێوەبوو. نارەناری دەکرد. مەشەدی عەبباس وتی: (پێم وابێ مانگێك لە بەهار تێپەڕیوە، چوونکە تا چاوی بە پەرەسێلکەکان دەکەوێ سۆزێك دەچرێنێ.)

دڵم بە توندی لێی دەدا. بەردەوام لەوە دەترسام نەکا زار بکاتەوە و هەر لە خۆڕا کوتوپڕ هەموو شتێك بدرکێنێ. بەڵام تا ڕۆژ بە سەر ڕۆژدا تێدەپەڕی پتر بە نێو خۆیدا ڕۆ دەچوو. وەك ئەوەی لە زلکاوێکدا ڕۆ چووبێ.

مەشەدی عەبباس وتی: (دەبا کورسییەکت بۆ بێنم.)

وتم: (نامەوێ.) بەڵام دەمەویست. ئێستا ئیتر لەش گران ببوم. سی وشەش ساڵ بەسەر تەمەنمدا تێپەڕیبوو. بەڵێ ئیتر. هەر لەو ساڵانەدا بوو. هێندێ جار لاقەکانم لە ژێر باری گرانی لەشمدا سست دەبوون و دەچەمانەوە. لەسەر کورسییە شینە ئاسنییەکە دانیشتم و لە دوورەوە سپییایی شۆرەکاتەکەم دەبینی. مەشەدی عەبباس مێزێکی هێنا و لەپێشی دانام. وتی: (مەگین حەپۆ رات کێشێ بۆ ئێرە. دەنا ئێوە لە کوێ و ئێرە لە کوێ؟)

لە قووژبنی دیوارەکەدا ئایدین بێدەنگ و بێ هەست دانیشتبوو و لە دوورەدەستاندا، لە خاڵێك راما بوو. هەستام، دەستی ئەوم گرت. وتم: (ئەگەر چایی ناخۆیتەوە هەستە.)

ئیتر پێویستی نەدەکرد بە زۆرە ملی بەدوای خۆمدا پەل کێشی بکەم. شان بە شانم دەهاتەوە. وتم: (نەدەکرا روو لێرە نەکەیتەوە؟ ئەوە سێ ڕۆژە هاتووی بۆ ئێرە. نازانی من لەو خانووە چۆڵ و کاوولەدا بەتەنیام؟)

وتی: (بەشەر هەروایە ئیتر.)

کاتێ گەیشتینەوە نێو شار، ئێوارە بوو و شەقامەکانیان ئاوپرژێن کرد بوو. پاسەوانەکان دوو بە دوو پیاسەیان دەکرد و، بار هەڵگرەکان لەسەر عارەبانەکانیان شوتییان دەخوارد. سەرتاشەکان پرچی سەری خەڵکیان بە یەك تەمەن دەتاشی و، کاتێ منداڵەکان چاویان بە ئایدین دەکەوت هاواریان لێ دەکرد: (حەپۆ، حەپۆ شێت.) وە جارجارە کەسێك لە پشت دیوارەوە هاواری دەکرد: (داپناسۆر.) وە من دەمزانی منداڵەکانی دواناوەندی [سەفەوی] لەم شتانە دەزانن.

گورگەکان لمبۆزیان بەسەر عەرزیدا دەکێشا و پاشان ئاڵقەیان دەبەست. پاشان لە دەوری تەویلەکە خڕ دەبوونەوە و سمکۆلیان دەکرد کە ئۆرهان بۆیان بێتە دەر. وتی: (بەشەر هەروایە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئیتر، حەپۆ، حەپۆ شێت.) هاواری کرد: (حەپۆ.) کەچی کاتێ گورگەکان دەنگی ئەویان دەبیست پتر سمکۆڵیان بۆ دەکرد. لە قووژبنێکی تەویلەکەدا کز دانیشت و داوێنی باڵتەکەی بەسەر لاقەکانیدا کێشا.

دەتوت هەر دوێنێکە بوو کە دایکە لە بن پەنجەرەکەڕا هاواری دەکرد، هانکە هانکی دەکرد، هەناسەی لێ سوار دەبوو، رەنگی هەڵدەبزرکا، دەستی بە دیوارەکە دەگرت و پاشان بە هێمنی لەسەر چۆك بە عەرزیدا دەکەوت و هەروەك کڕنوش بردن دادەهاتەوە. رۆژانی سەخت و تاڵ زۆر بە خێرایی تێپەڕی و بە یەکجار چوارده ساڵ لە تەمەن بە فیرۆ چوو.. بێ هودە، وەك ئەوەی تەمەنیان لێ حەرام کردبێت. باشە، تا دایکە مابوو پیاو دەیزانی کورسیەکەی سەرەوە گەرمەو دووکەڵی سۆبەکە لە لق و پۆی پڕ لە بەفری دارسنەوبەرەکان دەهاڵان و هەمیشەش سەماوەرەکە قوڵتە قوڵتی دەکرد. ئەگەرچی ئەو، ئۆرهانی دایکە نییە. ئایدین، ئایدینی دایکەیە.

وتی: (تا نەیدۆزیتەوە نەیەیتەوە لام.) ئەو چوار چڵە ئێسکە، وەهای بڕیار دەچەسپاند کە پیاو لە شەرمان دەبوو بە دڵۆپێ ئاو.

وتم: (دایە خۆ من ناتوانم لە بەیانیڕا تا بە شەوێ عەودالی ئەو بم. ئەی دوکانەکەم چی لێ بکەم؟ بەخوا لە دەستی وەزاڵە هاتووم.)

(برۆ دەرەوە.)

وە من کوێم شك دەبرد کە رووی تێبکەم؟ وتم: (ئاخر من چۆن بزانم لە کوێیە؟) وتم: (سەد جارم بردۆتە سەر دوکتۆر، ئەو هەمووەی پێ راگەیشتووم، رۆژنامەی پێدەدەم، پارەی چاییەکەی بۆ دەدەم، دەیبەم بۆ سەرتاشخانە. دەیبەم بۆ حەمام. باشە، منیش بەشەرم، ئابرووم هەیە، خراپم لەگەڵدا کردووە؟) بەڵام بە هیچ جۆرێك بۆم قانع نەدەبوو. لەکنی دادەنیشتم کە هەرچی بەسەر زاریدا دەهات بەسەرمدا بڕێژێ، بەسەرمدا بگۆرێنێ، تووکم بەسەروە نەهێڵێ، یان لە بنا گوێم بسرەوێنێ و ئیتر دەستم لێ بەربدات.

وتی: (هەرچییەکت کردووە بە خۆت کردووە، قوڕت بەسەر لەبیرت نەچی.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(تۆمەت بارم مەکە، دایکە. من چ گوناحێکم کردووە؟) لێفەکەم بەسەر لاقیدا کێشا و لە سووراحییەکەدا، ئاوم بۆ تێکرد. پەرداخەکەی لە دەستم وەرگرت و بە تووڕەییەوە فرێی دا و ژوورەکە پڕ بوو لە وردە شووشە. وتی: (ئایدینی من لە کوێیە؟)

لە پشت قووتابخانەی ئەنووشیرەوان. لەوێ لەگەڵ منداڵە بەڕەڵاکان زەمبوورەك لێدەدا. دەستیم گرت کە بیهێنمەوە وتی نایەمەوە. وەکو منداڵ خۆی بە عەرزیدا دا، بەسەر خۆڵەکاندا خۆی گەوزاندەوە. بەو پرچە ماش و برینجییەو گنجەکانی تویڵی. وەکوو پیرە مێردە کەشرەقەکان دەچوو، کە لە مان گرتن زیاتر هیچی دیکە نازانن و هەمیشە وەك منداڵێکی پێنج ساڵە دێنە بەرچاو. وتم: (ئایدین، تۆ بەم قەڵافەتە زلەتەوە!)

شاخ بە شاخم بوو: (چما چ قەوماوە؟)

لە بنا گوێیم سرەواند: (دەتکەم بە بەشەر.)

وتی: (کاکە برا، وا مەڵێ سەرم تەقی.)

وتم: (خۆ من هیچم نەوتووە. دایکە دەڵێ دەبێ بێیتەوە.)

وتی: (دایکە؟) بۆ ساتێ دوو دڵ بوو. ئەوجار لە حاست چارەنوسدا خۆی بە دەستەوەدا، منداڵە زەمبورەکچییەکانی فەرامۆش کرد و، بە هەنگاوی بەرز بەدوامدا هات. تەنانەت گوێی بە دەنگە دەنگی منداڵەکانیش نەدەدا.

وتم: (دەبێ بێی بۆ دوکان، بۆ کاروانسەرا. لەبەرچاومدا بی تاکوو پێکەوە دەگەڕێینەوە. تێگەیشتی؟)

وتی: (سەرم بازاڕی مسگەرەکانە.) دەستی خستە سەر سینەی: (ئێرەم وەستاوە. شتێك لێرەدا گیری خواردووە کە زوو زوو حاڵم تێك دەدا.)

دایکە لە نەکاو لە بناگوێی سەرواندم. بروسکەم بە چاواندا هات. وتم: (دایکە، بۆ لێم دەدەی؟)

(چیت دەرخوارد داوە، بێ شەرەف؟)

(ئەمە عەقڵی پێ ناشکێ، تۆ بۆچی قسەی وا دەکەی؟)

هاوارێکی جەرگ بڕانەی بەسەردا کێشام کە هێندەی نەمابوو مێشکم بتەقێ. وتی: (هەر لەو شەوەیرا، هەمان شەو ... خێر لە خۆت نابینی.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەبوایە ددانم بە جەرگمدا هێنا با و ڕێگەم نەدابایە گوومانم لێ ببەن. بڕوای بە قسەکانم نەدەکرد و من ناچار بووم بۆ ماوەیەك خۆم لە نەخۆشی بدەم و بە جۆرێك سەرنجی دایکە بۆ لای خۆم ڕاکێشم. ئەگەرچی لە پێراگێشتندا تەنەخی لێ نەدەکردم، چێشتێکی بۆ کوولْ دەهێنام، بیری دەهێنامەوە کە لە وەختی خۆیدا دەرمانەکانم بخۆم، بەلاّم کاتی ئایدین لە نەکاو دەیوت: (ئاخ دایکە.)

وە دایکە ئاوری تێبەر دەبوو. سەرو رووی خۆی دەڕنییەوە. دەشەمزا. بە دەنگێکی نەوی شیوەنی دەکرد. بە پرتەو بۆلەوە قسەی دەکرد. لەگەڵ خۆی دەدوا. وە ئەو کەسەی کە وەك کۆتەڵێك لەبەرامبەرمان دانیشتبوو، وەك ئەوی لە قورقوشم یان بەرد داتاشرابێ، وەکو من نەبوو، هەر بە راستی نەخۆش بوو. وە هەر چەندی هەوڵدەدا پتر گیرۆ دەبوو. بەو روخسارە تاتارییەوە، پرچە پەرێشانەکانی و، کەللە سەرێك کە دەڵێی کێوێکی قورسە. پیاوێك بوو کە لە توانایدا نەبوو سەری ڕاست ڕابگرێ. وە ورینەی دەکرد. دڵم توند توند لێی دەدا. بۆ ساتێ دایکە بە بێزارییەوە سەیری کردم و سەرەنجام وتی: (هەرچت کردوە، تازە کردوتە. ئێستا پێم بڵێ چت دەرخوارد داوە، لانی کەم با دەرمانەکەی بۆ پەیدا بکەم.)

دەمتوانی چ بڵێم؟ وەکوو هەمیشە بێدەنگیم ڕادەگرت. ئەوجار دایکە دەیوت: (ئەگەر خودا خوایەتی دەکا، سزات دەداتەوە.)

وتم: (دایکە، توك و دوعام بۆ مەنێرە. بەزەییت بە لاویەتیمدا بێ. ئێستا بیست و نۆ ساڵم تەمەنە. هەزاردانە هیواو هومێدم هەیە، دایکە.) وە ئاگام لە خۆ نەبوو کە وا خەریکە دەگریم. وە ئێستا نازنم کە واخەریکە دەگریم. لەبەر دەردو ئازار، هیلاکی، سەرما و برسیەتی. وە هەمیشە لەبەر تووك و دوعاکانی دایکم هەراسان دەبووم. بەلاّم قەت دووعا گیری نەبووم، هەر خۆی بوو کە هەمیشە لەبەر نەخۆشی دەیناڵاند، هەر لەو کاتە بەدواوە هەناسەی لێ سوار بوو و بە تەواوی لە پێ کەوت. هەر ڕۆژێك کە بەسەردا تێدەپەڕی پەرێشانتر و تێکشکاوتر خۆی دەنواند. لە نوێنە سپییەکەیدا، بەو ئەندامە ناسك و چوار چڵ ئێسکەیەوە بەس هانکە هانکی لێ دەهات. وە بە دوایین پشوویەکەوە کە بۆی مابوەوە دەیوت: (ئایدین.. ئایدینی من لە کوێیە؟)

لە گۆڕستان، لە ژێر ئەو دارچنارەدا، لە تەنیشت گۆڕی ئایدا دانیشتبوو و بەو دەردەوە بۆی دەگەڕام و ئەوم دەدیتەوە کە من قەت قەت ئۆرهانی دایکە نیم. هەموو گوومانەکانم لێ ببوو بە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

راستی. لە سالانی رابردووشەوە دەرکەم پێ دەکرد کە خۆشەویست بوون لە هەموو سامانێك شیرینترە. ئەم شتەم لە نیگای بارهەڵگرەکانیشدا دەخوێندەوە. وە ئێستاشی لەگەڵدا بێ بارهەڵگرەکان و خەڵکی دیکەش، حەپۆیان لە ئۆرهان خۆشتر دەوێ. تەنانەت باوکەش بەو هەموو دەمارگرژی و رقەیەوە، بەو هەمووە بەسووك گرتنەی کە لە نەبوونی ئایدیندا پێی رەوا دەبینی و گاڵتەی پێدەکرد، کەچی نەیدەتوانی لە بەرەوروو بوونەوەدا ئاسایی بی و حورمەتی نەگرێ. بە ئاشکرایی دەمبینی کە باوکە دەست و پێی لێ ون دەبێ و خۆی دەدۆرێنێ. بە چاوی رێزەوە سەیری دەکا و ئەوجار دەمبینی هەر کە هەستی بە لاوازی خۆی دەکرد و ناچاردەبوو لە جیاتی ئەوەی پێی بڵێ: (خوێری، بێ دەمار.) پێی دەڵێ: (کوڕە، چی دەکەی؟)

(خۆ لە شیعردا ناکام بووم، ئێستا لە دار پاپۆر دروست دەکەم.)

(دروست بکە. دروست بکە تا بزانین کوێ دەگریتەوە.)

وە ئەو مرۆڤەی کە لە نێو شیعر و ئەدەبدا نغرۆ ببوو و، رۆژنامەکان بەردەوام قۆریاتەکانی بۆ بڵاو دەکردەوە، بە دوای مەرگی ئایدا بە تەواوی ببوو بە دارتاش. خۆی بە دارەوە سەرقاڵ دەکرد و بە نێو ناخی کۆڵکە دارەکاندا لە دوای شتێك دەگەڕا کە ئێمە هیچ کاممان نەماندەدۆزییەوە.

بەلاَم رەوشتی دایکە جیاوازی هەبوو لەگەڵ باوکەدا. نەیدەتوانی هیچ لە نێو دڵی خۆیدا رابگرێ. خۆی دەردەخست و بە هەر نرخێك بوایە لە مابەینی ئەو هەناسانەی کە بەرەو نەمان دەچوون، دەیوت: (ئایدین... ئایدین...)

لە نێزیك تالاوەکە. هەر لێرە. رۆژنامە کۆنەکانی لە گیرفانی رۆ دەکرد، لە بن گۆرەوی و، لە دەرەلینگی شەرواڵەکەی و، هەمیشەش چەندانەی بە دەستەوە بوو. وتم: (دیسان هاتویتەوە بۆ ئێرە، دێوە زمە؟)

وتی: (براکەم، ئاخر ئێمەش هێندێ جار بەشەرین.)

(خوا بەزیادت نەکا. بچۆ نێو ئۆتۆمۆبیلەکە.)

ئیتر پێنەدەکەنی. چاوی دەترووکاند. چاوی دەترووکاند و، سەیری دەورو تەنیشتی دەکرد. پاشان لەبەرم دەپاڕایەوە: (کاکە برا، وەرە با بە پێی پیادە برۆین.)

(ئۆتۆمۆبیلم هێناوە، بەکرێم گرتووە.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتی: (تۆ باش دەزانی کە من لە ئۆتۆمۆبیلدا سەرم لە گێژەوە دێت. دەرشێمەوە.)

پرمدایە شانی و، فرێم دایە نێو ئۆتۆمۆبیلەکە: (بە جەهەنەم، قوڕی خۆتەو دەبێ بیشێلی. من کارو ژیانم هەیە. خۆ ناتوانم هەر بەدەوای تۆدا عەوداڵ بم.)

کاتێ گەیشتنە بەر دەرگای کاروانسەرا، بانگی بارهەڵگرەکانم کرد کە یارمەتیم بدەن. لەنێو رێدا هێندەی گوڕاندبوو کە ئیتر برستی تێدا نەمابوو. تێك چووبوو و چاوەکانی لە ژێرڕا هاتبوون. لەنێو دالآنەکەدا درێژاو درێژ خەواندمان. ئیسمایوول ویستی ببیا بۆ نێو دوکان. وتم: (پێویست ناکا.) وە هەرچەندی داکۆکی لێ کردم جوابم نەدایەوە.

وتم: (خەڵك چ دەڵێن با بیڵێن. ئەگەر لە دوکاندا میز بە خۆیدا بکا، لە نوێژ دەچین.)

ئیسمایوول بە سووژنێك هێڵێکی بە دەوریدا کێشایەوە. رێك بیچمێکی تەواو لە پەیکەری. لەبەر ئەوەیکە دەردەکەی عەرزگیر بێ و لەگەڵی هەڵنەستێتەوە. پاشان ئیسمایوول سەرو چاوی بۆ شۆرد و ئەوی بردە خوار کاروانسەرا و، چایی بۆ تێکرد. پاشان بارهەڵگرەکان لە دەورەی کۆبوونەوە. بەلآم تا بە شەوێ کڕوکاس بوو. وە کاتێ بەرەو ماڵ چووینەوە، هەرکە چاوی بە دایکە کەوت فرمێسکی بە چاودا بەربوونەوە. دەمزانی کە بە تەمایە دیق بە دایکە بکا. وە دایکە لەبەر ئەوی دیق بە من بدا، دەستی لە ئەستۆی کرد و ماچی کرد، شانەی بە پرچەکانیدا هێنا، کراسەکەی بۆ گۆڕی و نینۆکەکانی بۆ کورت کردەوە. وە من کە لە نێو دەرگای ژوورەکەدا راوەستابووم و کزەم لە جەرگی هەڵدەستا، سەرم لێ شێوا بوو. برۆم یان بمێنمەوە. دایکە لە نەکاو هەستی بە بوونی من کرد، وەرسووڕا و بە نیگەرانییەوە تەنیا هەرچاوی لە دەست و لاقم کرد.

دەنگی لوورەی گورگ نێزیکتر ببوەوە. چوار دەورەی ئەو شوێنە پڕ ببوو لە گورگ و هەموویان وێکڕا دەیانلووراند. بواریان نەدەداو، سەرماش برستی لە پیاو دەبڕی. گەلێ جاران لەم چەشنە سەرمایە، گا و ئەسپی رەق هەڵێنا بوو. سەردەمێك بەر لە ئێستا، تەرمی شوانێکیان دۆزییەوە کە سەرما رەقی کرد بوو، لەسەر بەردێك دانیشتبوو و وادیار بوو کە لە شوێنێك راماوە. ئۆرهان لە قوژبنی تەویلەکە هەستا. دەلەرزی. پێی بە عەرزیدا کوتا. نا. نەدەکرا. ساڵی پێشوو سێ کەسیان دۆزیبوەوە کە لە ئۆتۆمۆبیلێکدا سەرما بردبوونی. ژن و مێردێکی تەمەن لاو بە منداڵەکەیانەوە. دەیانگێرایەوە کە هەرچی جل وبەرگێك کە لە بەردەستدا بووە لە منداڵەکەیان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پێچاوەتەوە. بەڵام نەیانتوانیوە بەر بە سەرماچوونەکەی بگرن. ئەو کیژە سێ ساڵانەیە لووت و زاری سەهۆڵی بەستبوو و لە چاوەکانیەوە شیخەسۆڵ وەك کریستاڵ شۆڕ ببوونەوە. ئۆرهان دەستەکانی راوەشاند، دووگمەکانی داخست و دیسان خۆی جووڵاندەوە. لە جێی خۆیدا هەڵبەزی. بێ هوودە بوو. وەختا و وەخت دەنگی لوورەی گورگ نێزیکتر دەبوەوە. فووی بە دەستەکانیدا کرد. حەپۆ لە کوێی؟ حەپۆ.

هاواری بەرز کردبۆە. قیژاندبووی. وە هەستی پێ نەکردبوو کە گوڕاندوویەتی و، نەیدەزانی گریاوەو، هەر چەندی بیر لێ دەکردەوە لیێ روون نەبوو کە داخوا لەبەرچی لەم کاتە لە رۆژدا رێی لێرە کەوتووە. بەڵام ئەوەندەی دەزانی کە لەبەر دەردی تەنیایی، شەوانێکی ناخۆشتری تێپەڕاندووە. وە بە تەمابوو هەرکە چاوی بەو بکەوێ، بەزمانی خۆش دەست و لاقی ببەستێتەوە، ئاڵقەیەك لە گەردەنی بکاو هەر لەوێ بە تەمای خوا بەڕەڵای بکا. وە ئێستا بەفر حاسیەی کردبوو. بەفرێکی بێ بەزەیی کە کۆتایی نەدەهات. ئاسمان تووڕە ببوو و بەتەمابوو دونیا لە بن بەفردا دفن بکا. هەروەك منداڵێك کە بە مشتێك خۆڵ دەیەوێ مێروولەیەك زیندە بەگۆڕ بکا و، کاتێ مێرووکە لە بن خۆل هاتەدەر دیسان بەسەریدا برێژێتەوە. وە خاکیش برانەوەی نییە، بۆ دفن کردنی مێروویەك هەتا خوا حەز دەکا خاکە و، هەتا ئەویش وە تەقەلا بکەوێ، ناکامییە.

هەمووی ئەم قسانە بەلایەکدا، ئایدین لەکوێیە کە ئەو لە هەر شوێنێك دەروانێ ئەو دێتە بەرچاوی، نەك لەبەر دایکە، بەڵکوو لەبەر دڵە بێ خودانەکەی خۆی. ئێستا خو دایکە نەماوەکە بڵێ: (ئایدینی من لە کوێیە؟)

لە داڵانە کاولەکەی نێزیك ماڵەوە، بەرامبەر کارگەی بەرهەم هێنانی پانکەی لۆرد. ئەو شوێنەی کە شایەرێکی ناکام و دڵ شکاو، ئەمان ئەمانی وەها بە جوانی دەوتەوە و، ئایدین هێندە بە سۆزەوە دەگریا کە پیاو هەستی دەکرد کەوتوەتەوە یادی ئایدا. لەو رۆژەدا بەفریش دەباری، لە نێو شەقامەکان سێلاو هەستا بوون و کرێکارەکانی کارگەی بەرهەم هێنانی پانکە خەریك بوون بە تەلیسی پڕ لە لم بواری سێلاوەکەیان دەبەست.

وتم: (دێوەزمە، لێرە چی دەکەی؟)

وتی: (وەرە دانیشە، یەك دوو دڵۆپ فرمێسك نەزری مردووەکانت بکە، خێرت دەگاتێ.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتم: (چاخانەی مەشەدی عەبباس، گۆرستان، پشتەوەی قووتابخانەی ئەنووشێرەوان، باخی ئەخەوان، شۆرەکات و هەموو شوێنێکت لەدوا گەڕاوم. ئێستا سەیردەکەم لێرەکەوتووی. پێت وانییە دەبێ من ئاگادار بکەیتەوە کە بۆ چ جەهەندەمێك دەچی؟)

وتی: (زۆر لەمێژە دێمە ئێرە.)

لە داڵانە کاولەکە هاتینە دەرە کە بایەکی تیژ لە پشت و پەنایانەوە لەسەرو چاوی دەداین. وتم: (بەم جۆرەی کە تۆ دەرۆی، رێمان یەك ناگرێتەوە. وە من ناتوانم ببم بە کلکی تۆ، کە هەموو شوێنێکت لەدوا بگەرێم تا بزانم لە کوێی.)

وتی: (کەوایە، دیسان بە زەنجیر بمبەستەوە، کاکە برا.)

هەتا دایکە مابوو، نەدەکرا. بەلآم پاشان دەمبەستەوە. بە زەنجیر لە شوورەی هەیوانەکی سەروەم دەبەستەوە و، وەکوو تفاق رۆژنامەی کۆنەم لەبەر دەمی رۆ دەکرد. خۆی بە کاغزەکانەوە سەرقاڵ دەکرد و پاشان بە دانیشتنەوە خەوی لێ دەکەوت. سەری بە نەردەکانەوە دەنا و دەخەوت. من وام دەزانی مردووە. وتم: (پێت خۆشە؟)

وتی: (کاکەبرا. رۆژ هەر رۆژی جارانە، بەلآم رۆژگارەکە گۆڕاوە. تۆ بڕوا دەکەی ئایدای خۆمان خۆی سووتاندبێ؟)

ئێستا ئیتر خۆی داکۆکی لەسەر دەکرد. پێ لەسەرداگرتنێکی سەرسووڕهێنەر کە شەو و رۆژ جەزرەبەی دەدا، نەك داکۆکییەکەی دایکی. چوونکە دایکە لە ساڵانێکی زووترەوە لەبن باڵآیەك گڵ و خاکدا خەوی لێ کەوتبوو و، هیچ نیگایەکی بێزاریدەربڕ لە توانایدا نەبوو لە دەستەکانی ئۆرهان را بمێنێ و بە حوکمەوە بڵێ: (ئایدین.)

سەری لەسەر دیوارەکە هەڵگرت و بە دوای دەنگی گورگەکانەوە سەیری دەرەوەی دەکرد. دیسان بەفر بە لێشاو دەباری. تەواو نەدەبوو. وەك ئەوەی ئاسمان بە تەما بێ دونیا قڕ بکا و، بەفرێك بەسەر عەرزدا بخا کە پاش تێپەڕینی ساڵآنێکی زۆر خەڵك بڵێن هەر لەو ساڵە بەفرییەدا. هەر لەو بەفرانەی کە ئێمە لەنێو شاردا لە ژێر بارەگرانەکەیدا رەهەندمان لێدەدا و رێگامان بۆ سەر شەقام دەکردەوە. بەفری نێو کۆلآنە تەنگەبەرەکان هەرچەند بووبێ، بووە. سەرەرای ئەوەش لە دوولاوە بەفری سەربانەکانیشیان رادەماڵییە خوارەوە. ئیتر بەم جۆرە کردنەوەی دەرگای

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ماڵەکان زەحمەت دەبوو. وە دایکە ژوورەکانی پێ گەرم دانەدەهات و ئێمە ژیانمان لێ دەشێوا.

باوکە پرسیاری کرد: (بەم سەرمایە ئایدین چی دەکا؟)

وتم: (باوکە، خۆ من قەت ناچم بۆ ژێرزەمین.)

(بەلآم تۆی قورمساغ دەزانی کە بە شەو خەریکی چییە.)

(کتێب دەخوێنێتەوە.)

با بخوێنێ. بریا باوکە بەری پێ نەدەگرت. لە کوێی، ئایدین؟ حەپۆ. نا. ئەم هاوارە لە بن قوڕگی دەعبایەکی سەر لێ شێواو دەهاتە دەر، دەڵێی لە تاو ئێش و ئازار ناڵە سەر دەکا و یان دەلوورێنێ. گورگەکان هەردەم نێزێکتر دەبوونەوە. سەری بە دیوارەکەوە نا و، بە بێ چاو لێکردن سیگارێکی لە گیرفانی باڵتەکەی دەرهێنا. ویستی دایگیرێنێ، بەلآم چڵە شەمچەی پێ نەمابوو. پاکەتە سیگارەکەی فڕێدا و سیگارەکەی لە نێوان دوو قامکەکانیدا گوشی، کە لە ئاکامدا هەڵوەری. دەستەکانی بەردایە وە. نمی سەر دەستەکانی زووقمیان بەست. حەپۆ! ئێستا دەنگی گورگەکان لە پشت دیوارەکانەوە دەهاتە بەرگوێ و پێنج دانە بوون، رەنگە شەش دانەش بن. هەموویان هەڵدەستانە سەر پێ و بە هەڵبەز هەڵبەزەوە خۆیان هەڵداویشت. برسیەتی دەبوو بە نەعرەتە و بە ئێش و ئازارەوە دەنیشتەوە.

وتی: (سەرم.) ئەوجار ئایدین بە راکردن خۆی بە دوکاندا کرد و بە خۆشحاڵییەوە پێی وتم: (کاکەبرا! کاکە برا!)

(چ باسە کوڕە؟)

بەدەست ئاماژەی بە ئافرەتێك کرد کە دوودانە منداڵی پرچ کاڵی لەگەڵدا بوون. وتی: (کاکە برا! براژنە.)

من بەجوانی لێی ورد بوومەوە. خێزانی خۆم بوو. ئازەر. لە دوکانەکەی بەرامبەرمان خەریکی چەرەس کڕین بوو. کوڕو کچێکی هەبوو و، ئازەر بسکە درێژەکانی کیژەکەی پەلکە کردبوو و هەرجار ناجارێکیش لە سیلەی چاویەوە سەیری دوکانی ئێمەی دەکرد. لەمێژ بوو چاوم پێی نەکەوتبوو و تابە ئەو رۆژە وامدەزانی لە پیاوەتی کەوتووم و، لە ئاست ئافرەتدا بێ مەیلم.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەلآم هەرکە چاوم پێی کەوت هەستم دەکرد چەندەم حەز لێیە خێزانی خۆم بێ، چەندەم دڵ پێوە بوو کە هەر لەو رۆژەدا، هەر لەو سەعاتەدا ژنی من بێ. وە ئێستاشی لەگەڵدا بێ.

کاتی رۆشتن، لە نێو دالآنەکەدا تاوێك راوەستا کە بانگی کوڕەکەی بکا. ئەوجار دەستی هەر دووکیانی گرت و بەبزەیەکەوە کە ئەو دەمانەی عاشق بە رووی کازێوە پێدەکەنێ، رۆشت.

ئایدین وتی: (براژن.) وە زەردەخەنەیەکی لێدەدا. وادەهاتە بەرچاو کە بەتەمایە بگریت.

وتم: (دەی مەبەستت چییە؟)

وتی: (هیچ. براژن بوو.)

وتم: (برۆ ون بە لەبەر چاوم.) وە پاڵێکم پێوەنا.

وتی: (دەی، دەرۆم.) مشتێ گوڵەبەڕۆژەی هەڵگرت و دیسان چوو بۆ خوارەوەی کاروانسەرا، لەسەر پووتەکەی خۆی و لە تەنیشت ئیسمایوول دانیشت و لێفەکەی بەسەر لاقیدا کێشا. جگە لەو رۆژە، جارێکی دیکە چاوم بە ئازەر کەوتەوە، بەلآم رۆمەتە گەشەکەی ئازەر و ئەو چاوە هەنگوینییانەی، ئەژنۆی پیاوی شل دەکرد. لە من بالآ بەرزتر بوو. کاتێ دەمەویست زڵەی لێدەم، دەبوایە لەسەر نووکی پەنجە هەستم و لە حەوتوودا دوو سێ جاران لە بناگۆێیم دەسرەواند. کەچی وەك ئەوی کەیفی پێ بکا بە شێنەیی لێم رادەما، چاوی دەترووکاندو لێم رادەما، زەردەیەکی دەهاتێ و لێم رادەما. وە من دیسان ئیشتیای لێدانیم دەکردەوە.

لە نووسینگەی تەلآقدانیش وتم: (بۆ تەلآقدان تۆم هێناوەتە ئێرە.)

(وتی زۆر باشە.)

وتم ئیمزای لێبدە، ئیمزای کرد. وە بۆ رۆژی دواتر هات و کەل و پەلەکانی خۆی کۆکردەوە و بردنی. وە منیش هەر وەکوو باوکە نەمدەویست قسەی لێ بکەمەوە. وەکوو خۆی بەخەم ساردبییەوە، لەسەر تەختە کەوڵەکەی لەژێر شۆڕەبییەکە دادەنیشت و شوتی قاش دەکرد و قاشێکی دەدا بە من و، دەیوت: (قسە لەم کەلاکە مەکە.)

بە پاڵێك دەرگای تویلە کرایەوە و بە لوورە لوور رەشەبایەك بەفری رژاندە نێو ژوورەکە. وە رووناکایی بەفر بەسەر دیواری بەرامبەردا کەوت. ئێستا ئیتر لوورەی گورگەکان لە ژووری تەویلەکەوە دەهاتە بەرگوێ. دەرگاکەیان شکاندبوو و وەژوور کەتبوون. رێك لەپشت سەریەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەر شەشیان. سمکۆڵیان دەکردو دەیانلووراند. وە چەندە برسی بوون. بریا پارچە نانێکی وشکی لێ بوایە کە بۆیان فڕێبداتە بەردەمیان. حەپۆ لە کوێی؟ حەپۆ!

وتی: (چێشتەکە جوانە، بەلآم وەك ئەوەیە پیاو قورقوشم بخوا.)

وتم: (تۆ ئەم کاکە بیووکەی ئێمە ناناسی. وەستایە. بخۆ دەنا ئەم چێشتە نایابە دەست کەس نەکەوتووە.)

وتی: (ناوی چییە؟) لەسەر یەك، دوو کەوچکی لێ خواردو، بە قێزەوە چاوی لە پاشماوەی نێو دەوریەکە کرد.

وتم: (نازانم. خواردنی باڵدارێکی نایابە کە هەموو رۆژێ بەرێز لۆرد رایدەسپارد بۆی دروست بکەن.)

وتی: (رەنگە زۆریش گران بێ.)وە کەوچکێکی دیکەش.

وتم: (تا دەتوانی لێی بخۆ. بیر لە پارەکەی مەکەرەوە.)وە دلە تەپەم بوو.

(ئەی تۆ بۆ چی ناخۆی؟)

(من پێشتر خواردومە.)

(لانیکەم پارووپەك بخۆ.)وە دیسان خواردی. من بە دڵە تەپەوە دەمبینی کە مزەگەرەی دەهات و چاوەکانی لێ زەق بوون.ئاماژەی بەسینگی کرد.

وتی: (لێرەم گیری کردووە. قورسە... وەکو قورقوشم.)

پاشان سەری بەهەر دوو دەستی گرت. نالآندی، نالآندی ،نالآندی. وە پاشان بەهێمنی وتی: (ئاخ خوایە.)

گورگەکان لە دەوری هالآ بوون. وە ئامادەی هۆمەن بردن بوون. دەوریان گرت، لەیەکتر رامابوون، بەبێ لەرزین، پڕ بەتوانای برسیەتییانەوە هۆمەنیان بۆ ئەو کەسە دەبرد کە بۆ ساتێ لێیان خافلآ بێ تا ورگی هەڵدرن. وە پاش چەند سەعات، چەند پارچە ئێسك بەسەر بەفرەکەدا بەجێ دەما. هانکە هانکیان دەکرد و هەڵمی هەناسەیان لەسەر جەستەی دەکەوت. وە هەرئەوەندە بەس بوو کە بە ئاستەم بجووڵێ. هەر بەم هۆیە بوو کە غیرەتی نەدەکرد سەری لە دیوارەکە بکاتەوە. چاوەکانی بەست و لە ئینتیزاری لەت بە لت بوونی خۆیدا گوڕاندی. ئایدن، ئایدن.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەنکاو بێدەنگ بوو. سووڕایەوە، نە گورگێکی لێ بوو و نە لوورەیەك دەبیسترا.

بەیان کەوتبوو.هەورە سپی و چڕو پڕەکەکان ئاسمانیان بە چەشنێك داپۆشی بوو کە نەکا ئۆرهان چاوی بە گۆشەیەکی بکەوێ. دونیا سپیاییەکی مووتڵەق بوو. چاوی بە دەورو تەنیشتیدا خوشاند، بەفر بارین و، رووناکییەك بە بێ تیشکی رۆژ و، سپیاییەکی خەست. بەس وشکە دارێك دەبیندرا کە لە پێش وێرانەی چاخانەکە بوو. پێشتر، لەبن سێبەری ئەو دارە راوەستا بوو و بەدەستی راست ئاماژەی بەشار کردبوو. هەر لەوێ راوەستا. رێك لەبەرامبەری دەرگا شکاوەکەی ئەو چاخانەیە کە جاران چاخانەیەکی تاقانە و گەرم بوو. وە کاتێ ئێمە بە گردەکاندا شۆڕ دەبووینەوە، تالاوە سەوز و شینەکانمان دەبینی. بەڵام ئێستا شوێنەواری ژیانی لێ دیار نییە. بەفر بەتەما نەبوو دەست لە بارین هەڵبگرێ. وە هەروا بە بەردەوامی باری بە سەر عەرزدا دەخست.

ئۆرهان لەبن دارەکەڕا، ئاراستەی رێگای شاری دیاری کرد و وەرێ کەوت. تا سەرچۆکان رۆ چوو. وەك ئەوی لە شوێنێکڕا دەنگی شار ببیسرێ، گوێی راداشت. نا. بۆی روون نەدەبوەوە کە داخوا ئەم دەنگە لە کوێڕا دێت. وە دیسان رۆیشت. چاوی بە ئایدین کەوت کە بە جاکەتێکی سەوز کە ئایدا بۆی چنی بوو، باڵتەیەکی کۆنە لەسەر شان و، هەر بەم پاپاخە گەورە و رەنگ پەڕیوەی باوکەوە- لە دوورەوە دێت.

وتی: (هۆ، کاکە لە کام لاوە برۆین؟)

حەپۆ رۆژنامەکەی دڕاند و بەرەو حوا فرێیدا و، بەفر باری: (گشتمان بەرەو لایەك، لەریزی هەشت کەسیدا. بۆ پێشەوە بەرەو مەسکۆ.)

(هۆ، کاکە، ئەی بۆ کوێ چووی؟)

(وەدوای من مەکەوە، براکەم.)

(لەبەرچی؟)

(واز بێنە. ئێمە ئیتر پیر بووین.)

نێو بە نێو ددانەکانی هەڵوەری بوون و، غەورێکی قاوەیی لەسەر پووکەکانی کەوتبوو. وە پرچەکانی ماش و برنجی ببوون.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتم: (دەتەوێ هەر لەم کاروانسەرایەدا ژوورێکت بۆ دروست بکەم کە هەمیشە لە لای ئیسماییوول بمێنیتەوە؟)

لاقی چەپەی بە دیوارەکەوە نووساندبوو و سەیری شەقامی دەکرد. وەك ئەوەی هەر دوێنێ بووبێ، بەڵام یازدە رۆژ لەمەوبەر بوو. ئەمرۆ دووشەمۆیە، لەو رۆژەشدا بەفر دەباری، ئایدین غەمگین بوو. وتم: (چل و دوو ساڵ لە تەمەنت تێپەڕیوە، ئێستا ئیتر بۆ تۆ شوورەییە.)

هەربەو جوورەی کە سەیری شەقامی دەکرد، لە نەکاو لەرزێك دایگرت. بە هەردوو دەستی توند توند سەری خۆی گرت. وتی: (دەمەوێ بڕشێمەوە.) ئەوجار رۆژنامەو لەتە کاغزەکانی لە گیرفانی باڵتەکەی دەرهێنان، لە دەرە لینگ و گۆرەوییەکانی هێنانە دەر، هەمووی خڕکردنەوەو لە پوتێکی تەنەکەی رۆکردن کە لەپێش مارتای سواڵکەردا دەسووتا و دووکەڵی دەکرد. لاپەڕەی کاغزەکان قرچ دەبوونەوە و لە نێو دەچوون. من کەوتمەوە یادی کتێبەکانی کە لە حەوشەدا لێمان سووتاند و، کەوتمەوە بیری ژێرزەمینەکەی کە بە رقەوە بلێسەیەك لە پەنجەرەکەیرا سەری دەردەکێشا و، لە نەکاو دەنگی پێکەنینە عەسەبییەکانی باوکەم بیست: (هە. ئەمە گیانی شەیتانە کە دەسووتێ.)

وتی: (هەر ئەم شتانە چارە رەشیان کردم.) وەرێ کەوت.

وتم: (ئایدین!)

نەگەڕایەوە. وەدوای کەوتم. دەستیم گرت و لە دارەکەم جووت کرد. بەفری سەر لقی دارەکە بەسەرماندا وەری.

وتم: (دەچی بۆ کوێ؟)

وتی: (بۆ شوێنێکی دیکە.)

وتم: (کوێ؟)

وتی: (چما من لە تۆ دەپرسم کە بۆ کوێ دەچی؟)

بە چەپ و راستدا دوو زلەم لە بنا گوێی سرەواند. پاشان بە ئاشکرایی لەرزینی دەست و پەڕینی چاوەکانیم بینی. بە ئیرادەو روخسارێکی باوك ئاسایانە وتم: (بگەڕێوە بۆ کاروانسەرا.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

رەنگە دوو دەقیقە دەبوو کە بە ماتی سەیری دەکردم. شەرم دایگرتم. کە سەرم داخست، دیتم ملی رێی گرت و رۆشت. من باڵتەم لەبەردا نەبوو و سەرما رەقی دەکردمەوە. بەلاّم وەدوای کەوتمەوە ودیسان رامگرتەوە وتم: (حەپۆ، چ باسە؟)

وتی: (حەپۆ؟) دڵی پڕ بوو، لیچی کرد و لە دارەکانی روانی. وەکوو منداڵ، چاوی لە حەوا کرد. پێم وابێ دەیەویست بگریت. گازی لە لێوەکانی داگرت. پاشان بە کۆخینێك ویستی خۆی سوورتر پیشان بدا.

وتم: (ئایدین.) وە پێکەنیم. وە پێم وابوو چاك بوەتەوە و وەکو خەڵکی ئاسایی دەفامێنێ. وە دیسان بە میهرەبانی پێکەنیمەوە.

وتی: (بۆچی پێدەکەنی؟ چما ئەویش مردووە؟)

وتم: (بەڵێ. لەمێژساڵە. ساڵێك لە دوای مەرگی باوکە.)

وتی: (کەوابوو دەبێ برۆین.)

وتم: (بۆ کوێ؟)

وتی: (دەبێ بزانین مردووەکان چۆن چۆنی دەخەون. ئەمە نەهێنییەکە.)

وتم: (بگەڕێوە. دەمەوێ ئەمرۆ قسەت لەگەڵدا بکەم.)

دیسان لە سەر تا بە پێم راما. چاوی تەنگ کردەوە و چاوی لە چاوم چەقی: (دیسان چ پیلانێکت لە بن سەردایە؟)

وە من بەو پەڕی روو راستییەوە پێم وت کە هیچ پیلانێکم لە سەردا نییە. وە لەوەی کە لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا حسێبی بەشەرێکم بۆ نەکردووە و، قەت نەمتوانیوە لەو راستییەی بگەم کە کاتێ لە لام نییە، هەست دەکەم شتێکم لێ ون بووە، ئازارم دەدات و هەست بە ناخۆشی دەکەم. تاکوو پێی لە دوکان دەکەوت نێوچاوانم لێ تاڵ دەکرد و هاوارم دەکرد: (دیسان هاتیتەوە!؟)

مشتی پڕ دەکرد لە گوڵەبەرۆژە، لە گیرفانی باڵتە یان فەرەنجییەکەی دەکرد و بە دزە نیگایەکەوە، شۆخانە، وەکو منداڵ رایدەکرد بۆ خوارەوەی کاروانسەرا. ئیسایوول زوو زوو چایی بۆ تێدەکرد. شۆربای دەدایە. بەردەوام پووتە تەنەکەکەی بە گەرمی بۆ رادەگرت. تا مابوو. وابوو.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەمزانی ماوە بەڵام نازانم لەبەرچی حەزم دەکرد قسەی لەگەڵدا بکەم. دڵم بۆ ناسیاوێکی خۆمانە تەنگ ببوو. وتم: (بڕۆین.) وە پەل کێشم کرد.

به توندی دەستی کێشایەوە. وە دیسان رۆشتەوە. وە من هێندەم سەرمابوو کە لە توانای خۆم رانەدی وەدوای بکەومەوە. هەر لەوێرا گوڕاندم: (دوایین قسەت هەر ئەوە بوو؟)

وتی: (براکەم! ئیتر خراپە لەرادە تێپەڕیوە. دەبێ بارگە وبنە تێك بنێین.) وە رۆشت.

دیسان رۆشت. وەرێ کەوت. ئەگەر راستە رێیەکی گرتبایە پێش حەتمەن بە چەند سەعات رێ بڕین دەگێشتە شار، تا بەم جۆرە بتوانێ خۆی زیندوو رابگرێ. رۆشت. ئەوجار چاوی لە پشت سەری خۆی کرد کە بزانێ داخوا چەندە دوورکەوتوەتەوە. کەلاوەی چاخانەکە لە دوورەوە دارماوتر دەهاتە بەرچاو.

وتی: (براکەم! ئیتر خراپە لەرادە تێپەڕیوە. دەبێ بارگە وبنە تێك بنێین.)

لەبەر قەڵسیان دەلەرزی. وتم: (دەتکەم بە بەشەر. وەهات لێ بەسەر دێنم کە کافر بە حاڵت بگری.) وە بەرەو دوکان گەڕامەوە. دە رۆژ بوو دیار نەبوو. وە منی عەودالی ئەو، بوومەتە ئاوارەی دەرو دەشتان. ئەمرۆ دووشەمۆیە. بەڵام رۆژی دیکەش هەبوون. وتی: (دەبێ برۆم.)

وتم: (خێرە؟ بۆکوێ بە تەمای خوا؟)

وتی: (بۆ کوێ؟ بۆ سەر مەزاری شێخ.)

وتم: (قسەی خۆڕایی دەکەی ها!)

وتی: (شێخ دیسان منی تەڵەب کردۆتەوە. سەماوەرەکەی خەریکە قوڵتەقوڵت دەکوڵێ.)

وە دەمزانی دەچێ بۆ چاخانەی تالآوەکە. بەڵام بەر لە ئێستا، ئەو سەردەمەی کە تازە باوکە عەمری خودای کردبوو و ئایدین بە پێی وەسیەتی باوکە لە دوکاندا کاری دەکرد، کاتێ دەیوت: (دەبێ بارگە و بنە تێك بنێین.) دەموت: (من، بەش بە حاڵی خۆم بە ئێرە رازیم. تۆش کەیفی خۆتە، برۆ.)

وتی: (بە هیوابە.) لە پشت جامخانەکە، لەتاو هیلاکییان شل و شەکەت ببوو. پشتی من توانای ئەو هەمووە قورساییەی نەبوو. ئەو جار، دوازەدە ساڵی رەبەق لەو کاولی بوودا خۆم کوشت و بڕی. بەشی خۆم گەسکم لێدا بوو. حەمباڵییەکانم کرد بوو. لەو پلیکانانەڕا هێندەم پستە و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گۆلەبەرۆژە بە کۆڵ هەڵگرتبوو کە حەزم دەکرد بۆ چەند ساڵێکیش ئەو کۆڵ بە کارکردن بداو، قەدری ژیان بزانێ و، هەموو ئەم شتانەم پێ راگەیاندبوو تا لە گوێی بگرێ و، لەناکاو داڵغەی میرزا بوون لەسەری نەدا کە راستە وراست بێت و لە پشت مێز دابنیشێ.

لەپێش دوکان بیست و سێ دانە فەردە گوڵەبەرۆژە هەڵ چنەدرابوو و ئێمە لەبەر گولەبرۆژەکان دیوی دەرەوەمان لێ دیار نەبوو. وتم دەبێ هەموویان ببەی بۆ خوارەوەو. بە کۆڵ، هەمووی بردە خەزێنەی ژێرزەمین. چل دانە پلیکانە. کە تەواو بوو پەرداخێ چایی بۆ خۆی تێکرد، لەسەر عەرزەکە دانیشت، لاقەکانی راکێشا و، چایەکەی بە گەرمی هەڵقوڕاوند. عارەقە، تەوێڵ و سەر برۆکانی خووساندبوو. بەو شەرواڵە سوورمەیی وکراسە شینەیەوە کە بە بەری تەنگ ببوو، منی وەبیر خۆم دەهێنایەوە کە لەبەر قەڵەوییەکەم لەو زیاتر عارەقەم دەکردەوە. وتم باوکە، ئەم فەردانەم بە چل دانە پلیکانەدا هێناوە و بردوومە، ویژدان نییە. بەڵام کار لە ویژدان ترازا بوو و ئێستا بە تەواوی نەگێشتوتە جێ، خەریك بوو دەستی بە سەر دارو نەداری مندا دەگرت و باوکەی بێرەحم کە ئیتر هیچی نەمابوو کە لە دەستی بدا، لە کاتی گیانەڵلادا وتی: (هەرچییەك هەیە، نیواو نیو.) ئەو شەوە تا بەیانی لە داخان، بەدەم خەوەوە وەڕێنەم دەکرد، شەلاڵی عارەقە، بەبێ ئەوەی کەسێك پەرداخێ ئاوم بداتێ. وە ئەو لەو رۆژەدا لە بیری کردبوو جلەکانی بتەکێنێ، هێندێکیش لاوازتر دەهاتە بەرچاو. دەمزانی هیلاك و ماندووە. لەناخی دڵیەوە دەیەوێ بڵێ کە لە توانایدا نەماوە لەوێ بمێنێتەوە. وتی: (براکەم، خراپە لەرادە تێپەڕیوە.) کە چاییەکەی خواردەوە، لەسەر پلیکانەکانی پێش دوکان دانیشت. نەمدەزانی بیر لە کێ دەکاتەوە، پاش نیو سەعات، رێك لە کاتێکا زەنگی سەعاتەکە چوارجاری لێدا، وەکوو رۆژانی پێشوو ئەو کیژە شۆخ و شەنگە ئەرمەنییە لەدوای هات. وتی: (ئەوە بۆ وای.) وە ئایدین جل و بەرگەکانی تەکاندا کە هەمووی کوڵکی تەلیسی پێوە بوو. کۆتەکەی لە گوڵ میخەکە کردەوە و، لەبەری کرد. وتی: (چت ناوێ؟) ئەو کیژە، کەمێ نان قەیسی هڵ گرت و لە جانتاکەی خست، مشتێ پستە و، مشتێ گوڵەبەرۆژەی برژاو.

ئەوکیژە زۆر سەیر رەنگی وەنەوشەیی دەدایەوە و یان رەنگە من وام هەست دەکرد. چاوەکانی بە تیژی دەدرۆشانەوە و پیاوی شەرمەزار دەکرد و بە بادانێك کە وەنێو جەستەی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەكەوت، دەستەیەك بسكی كاڵ و خاو بەرەو ئاسمان دەفڕین و ئیتر ئەو دوودانەیەم لێ نەبین دەبوون. وەك ئەوەی باڵی فڕینیان هەر ئەو بسكە خاوانە بوو بێ. پاشان ئەو كیژە لە زەینی مندا، بەردەوام بای دەدا و چەتری پرچەكانی و رەنگی وەنەوشەیی و خەندە جوانەكەی بە یادگار دەمایەوە.

وە كەی من لە غیرەتی خۆم رادەبینی كە لێیان بپرسم بەرەو كوێ دەچن؟ تەنانەت كاتێ بە دایكەم دەوت، رووی لێ تاڵ دەكردم و بە چەشنێك كە بۆ هەتا هەتایە وست ببەم. دەیوت: (تۆ وست بە؟)

وە من هەموو رۆژێ لای ئێوارێ، بە تەنیا بەسەر چراكەوە دەمامەوە و، هەموو رۆژێكیش پیلانێكی تازەم بۆ لەبەرچاو دەگرت. بەڵام ئەو گوێی بە بیرۆكەكانی من نەدەدا. نە بەوە رازی دەبوو كە بەشە میراتەكەی خۆی پێ بدەم بەڵكو لانی كەم خوێندنەكەی پێ تەواو بكا و، نە رازی دەبوو كە بە بەردەوامی وێرای من لە دوكاندا كار بكا. تەنانەت پێم وت كە با هەر نەیەت بۆ دوكان و سەری مانگ مووچەی خۆی وەربگرێ، بەڵام وتی: (ویژدانم بەوە رازی نابێ.)

وتم: (قسە لە شتێك مەكە كە نیتە.)

وتی: (ئەدەبت هەبێ.)

وتم: (بەڵام دوایە گلەیی نەكەی.)

وتی: (هەوڵ مەدە برایەتیمان تێك بچێ.)

وتم: (لەو برایەتییە هەڵمیزم...) وە ئەگەرچی دەمزانی عاشق و سەوداسەری ئەو كیژە ئەرمەنییەیە، بەڵام حەزم دەكرد ددانی پێدابێنێ و بە سكاڵاوە لە بەردەمم بپاڕێتەوە كە رێگەی بدەم ئێواران زووتر بڕوا. باوكە نەیتوانی بوو بە چۆكیدا بێنێ و من دەمەویست بیبەزێنم. حەزم دەكرد بە جۆرێك باری بێنم كە بەیانیان بەر دەرگای دوكان ماچ بكا و بێتە ژوورەوە، وەكوو هەویر لەبەردەستمدا نەرم ببێ و شەوێ لەگەڵ خۆمدا بێتەوە بۆ ماڵێ و، كەچی هەر چەندەم هەوڵ دەدا بۆم نەدەهاتە سەربار.

دەموت: (بەتەمای تا بەكەی خۆت بە دارەوە خەریك بكەی؟)

(تا ئەو كاتەی دەروونی دارەكەم بۆ دەردەكەوێ.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتم: (دەتەوێ چەندە کتێب وەخوێنی؟)

(تا سووری ئیسرافیل.)

لە پێش ئاوێنە شکاوەکەی دوکان رادەوەستا، بە دەست پەرچەمەکەی هەڵێنایەوە. سمێڵەکانی بە شانە رێك دەکرد. زەنگی سەعاتەکە چوار جاری لێدا و، بە دەست خۆم نەبوو ئەگەر چاوم لە دەرگای دوکان بێ تا ببینم ئەو کچە ئەرمەنییە چۆن چۆنی بە پلیکانەکاندا هەڵدەگەرێ. رێك لەو کاتە دادەهات، یەك دوو مست شتی هەڵدەگرت و، پێکەوە دەرۆیشتن. وە ئەو رۆژە لەپێش دەرگا بانگم کرد. وتم: (بۆ هەر شوێنێك چوون، یادێکیش لەمن بکەن.)

بە هەڵچوونەوە، چاوێکی لە کچە کە کردو پاشان رووی لە من کرد. وتی: (ئۆرهان تۆ زۆر پەستی.)

وتم: (خانم، تۆ بەم شازادەیە بڵێ تا پێی لە ژیانی من دەرهاوێ.)

وتی: (جەناب، سنووری ژیانی تۆ کوێیە؟)

شەرمم لەو کیژەکرد، بەڵام بە رووهەڵمالاوییەوە وتم کە ئامادەم بەشەکەی بکڕمەوە. وتی: (ئۆرهان، کاتێ دالغەی پارە لەسەرت دەدا، مرۆڤایەتیت لەبەر چاو ون دەبێ.)

وتم: (خۆ ئێستا بیر لە پارە ناکەمەوە.) وە پاشان کە رۆشت وتی: (تۆ هەمیشە پەستی، تەنانەت لە خەویشدا.)

روو لە دیوارەکە راوەستا و چاوەکانی بەست، بەڵام گشت ئەو مردووانەی کە دەیناسین بە بیچمێکی دزیوەوە دەهاتنە بەرچاوی. باوکە رۆشت، دایکە بە هەناسە سوارییەوە هانکە هانکی دەکرد، جەمشیدی دەیلاق لاقێکی بە دیوارەکەوە دەنا و چاوەڕێ دەمایەوە و هەرکە چاوی بە ئۆرهان دەکەوت دەیوت: (عەشق.) چاوەکانی کردەوە بەڵام لە دیوارەکەی روانی، دیسان بەفرو بیابان بوو، شەختە و بەستەڵەک و سپیاییە بێ پایانەکەی دەشت و کێوان بوو. بەرێز لۆردی بینی کە لاقی لە گێچ گیرابوو و شەقەیەك بە بن هەنگەڵەوە، لەو بەرەوە بەرەو چاخانەکە دەهات. وە دەنگی شەقکەی، تەپەی لێ هەڵدەستا، وەك ئەوەی بە قووماش سەری شەقەکەیان پێچابێتەوە. وە هەر شەقاوێکیش هەڵیدەهێنایەوە، چاوێکی لە چاخانەکە دەکرد و، ماندوویەتییەکەی دەبوو بەهەڵم و لەزاریەوە دەهاتەدەر. فراکییەکی رەشی لە بەردا بوو، بە کراسێکی سپی و پاپیۆنێکی جەرگی. کاتێ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەیویست خۆی شێلگیرانە پیشان بدا، لێوەکانی بە چەشنێك تەنگ دەکردەوە کە دەتوت نوقڵ دەمژێ و ئێستا خەریکی مژینی ئەو نوقڵە شوووەمە بوو: (لە شاری مردووەکانەوە دێم.)

(پاش ئەو هەمووە ساڵە لە بن خاك هاتوویتە دەر کە چیم پێ بڵێی؟)

(کاك ئۆرهان، هێشتا زیندوووی؟)

(ئەوە دەمبینی، هێشتا زیندووم. سەیرمکە...بەڵام جەنابی لۆرد، ئەگەر لەم ئاستەنگە بە سلامەت دەرچم، دەزانم ئەوجار چۆن رادەبوێرم.)

باوکە وتی: (بازار لە بەردەستی ئێمە دایە، جەنابی لۆرد.)

بەرێز لۆرد وتی: (هەموو شتێکی ئێوەش لەبەر دەستی مندایە، جەنابی ئۆرخانی.)

من پێکەنیم، بەرێز لۆرد وتی: (ئەم کورەت بەهۆش و زیرەکە. لە ئابووری تێدەگا. بەڵام ئەوەی دیکەت کە وەدوای شێعر کەوتووە، بێ ئاوزێکی نەفامە.)

باوکە وتی: (هەی بژی، بژی. ئافەرین.) پاشان بە منی وت، لەوەیکە هەردووکمان وشك وکەڵە رەقین گومانی تێدانییە و، بە ئایدینی وت -کە وەك بریتانیای وتەنی- بێ ئاوزێکی نەفامە کە بە قەرای کەرێکیش تێناگا.

کاتێ بەرێز لۆرد لەگەڵ باوکەدا توقەی کرد، وتی: (گوێ مەدە بەم سەد ساڵە، لە بەرژەوەندی ئێوەدایە کە لەژێر چاوەدێری ئێمەدا بن.) وە پێکەنی. پێکەنی. پێکەنی. وە ئێستا شەقەکەی بە بن هەنگەڵەوە بوو و بەو لاقە شکاوەیەوە هاتبووە شوێنی ئۆرهان، وتم: (باوکە، لە بەرچی مردووەکان دەست لەسەری پیاو هەڵ ناگرن؟)

نا. تەقەی شەقەکەی کە بەسەر عەرزیدا کەوتبوو و دەنگی تەپەی ئەولاقە لە گێچ گیراوەی، دڵی عەرزی دەلەرزاند. وامزانی دەنگی تەقەی شەقەکەیەتی کە سەری شەقەکەی بە پەرۆ پێچراوەتەوە.

چاوەکانی بەست ،ئەو جار چاوی کەوت بە جەنابی لۆرد کە خەریکە رادەکات، بە توندی هەڵدەهات، بە تەقە و تەپە. بەفر گێژاوی دەخواردەوە و بە سەر عەرزیدا دەکەوت. (تەق تەپ.) هاواری کرد: (بەستە، بەرێز لۆرد.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بە هەردوو دەستان لاجانگی گرت و توند گوشی. چ گەرمایەکی بە کەیفە! نا. ئەمە دوور لە وێژدانە. ئایدین. ئایدین ئەوە لە کوێی تا ببینی تەك و تەنیا ماومەتەوەوە. هەمو شەوێ دونیا دەبێ بە بەستەڵەك. وەك ئەوەی ئەم دونیایە زیندووی تێدا نەمابێ، ئەوا من بە تەنیا سزای ترس وسامی هەموو مرۆڤەکان بە یەکجار دەدەمەوە.

سەرئێشەیەکی بەژان لە پشت گۆڕێ چاوەکانیەوە، رێك لەسەر ئێسکی تەوێلی مابوەوە. زاری تاڵ و بۆگەنێو ببوو. هەستی کرد هەروەك کەلاوەی چاخانەکە لەبن باری گرانی بەفردا کەوتووە. دەستەکانی خستە گیرفانی باڵتەکەی و دیسان هەنگاوی هەڵێنایەوە. برسیەتی برستی لێ بریبوو. بیری نەدەهاتەوە کە قەت ژەمێك لە بەرنامەی خواردنەکەی کەم بووبێتەوە و، ئێستا لە دوێنێ نیوەرۆڕا هیچی نەخواردووە.

ئەمرۆ هەینییە. بە داخەوە مرۆڤ ناتوانێ وەکوو پەز بە کاوێژکردن، وەخت و بێ وەخت خۆی لەبرسیەتی رزگار بکا. باوکە دەیوت پاشکەوتی رۆژی سەلآیەت لە بیر نەچێ. وە ئێمە لە بیرمان کرد. وتم: (چما بەڵێنت بە من نەدا کە نەیەیتەوە بۆ چاخانە؟)

وتی: (ژیان دابێکی کۆنە، براکەم.)

وتم: (هەستە برۆ، قسەی قۆڕ مەکە.)

وتی: (ئافرەت دوو جۆرە دەنگی پێوەیە. زیر و بەم. بەم قسە دەکەن و بە زیریش دەقیژێنن.)

وتم: (کام ژنە دەڵێی؟)

وتی: (سەرەنجام رۆژێك بای پانکەکانی لۆرد هەمووومان دەبا.)

وە هەمیشە پێی وابوو سەنگە سەد گرەمییەکەی قەپانی دوکانەکەمان لە سەد گرەم سووکترە. وتی: (قاوەی میسیۆ سۆرین قاوەیی ترە.)

وە من بە جەمشید دەیلاقم وت: (هۆی دەیلاق، خۆت لە گێلی دەدەی؟) ئەو نەیدەویست من چاوم پێی بکەوێ. پاش ماوەیەکی دیکە وتی کە بەتەمایە لەنەکاو سەردانی بکا و قەرزەکەم بۆ بنێتەوە. وە نەهاتەوە. هەر دەرۆشت و نە دەگێشت. راوەستا. ئەی ئەم شارە لە کوێیە؟ دەوراندەوری لێوەکانی دەچووزانەوە، دەخوران. سەری ئەنگوستی بۆ لێوەکانی برد، بۆ ساتێ هەستی بە هاڵاوی زاری کرد. وە زانی تێمیسکی دەرداوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دایکە وتی: (بەرلەوەی تێمیسك دەربکەی شتێکی ساردی لەسەر دابنێ، دەنیشێتەوە.)

ئیتر توانای راوەستانی بۆ نەمابوو، ئێسقانەکانی ژانیان تێدا دەگەڕا و پەنجەکانی لاقی لەبەر ژان هاواریان دەکرد. هێزو توانای رێ برینی پێ نەمابوو، تەنانەت یەك هەنگاویش. حەزی دەکرد لە شوێنێك بەربێتەوە وخەوی لێ بکەوێ. کەچی بەم حاڵەش بواری رێگاکەی گۆڕی و وەرێ کەوت.

ئایدین وتی: (براکەم! بۆ خەوتن حەوت هەزار ساڵمان دەرفەت لەبەر ماوە. تۆ سەیری چرا مەکە. بخەوە. چاوەروانیت لە من نەبێ شەوانە بە قەرای تۆ بخەوم.)

وتم: (کوڕێك کە لە تەمەنی من و تۆدا بێ، دەبێ چەند سەعات بخەوێ؟)

وتی: (کەسێك لە تەمەنی من و تۆدا، دەبێ چەند سەعات بخوێنێتەوە؟)

وتم بێ هوودەیە. پێویستە بە دیوارێک ژوورەکەمان لە ناوەراستەوە بەش بکەین. بەڵآم لەم لایەوە نا. دەبێ رێك لە ناوەندی پەنجەرەوە دیوار بکێشین کە چاوەیەکیان بۆ تۆ بێ، چاوەیەکیش بۆمن بێ. چوونکە دەمەوێ لە تەنیشت گوڵدانەکەی تۆ، گوڵدانێك دابنێم و پاشماوەی ئاوی پەرداخەکەمی تێبکەم.)

وتی: (مرۆڤ تاکوو چیرۆك نەخوێنێتەوە لە چەمکی ژیان ناگا.)

وتم: (لەدوای چی دەگەڕێی؟)

وتی: (خۆم.)

لەدوای شار دەگەڕا. نەك شاری خۆیان. هەر شارێك بێ کە بتوانێ پارووە نانێکی لێ پەیدا بکا و لەسەرماچوون رزگاری بدات. بەڵآم نە شوێنەوارێك لە مرۆڤ بەدی دەکرا و نە لانیکەم دەعبایەك دەبیندرا کە ئەو بتوانێ ورگی هەڵبدرێ و، بە دوو دەست چنگ لە زگی بخا. پێی وابوو بەرەو شار دەچێ، بەڵآم سەری لێ شێوابوو. هیچ دەنگێك نەدەهات. دەتوت ژاوەژاوی شار لەبن بەفردا مردووە. هەر لەوێ دانیشت، خۆی گرمۆلە کرد و، سەری خستە نێو دەستەکانی. ئەو شوانەی کە لە سەر بەردەکە رەق هەڵاتبوو، چاوەکانی نیگەرانییان پێوە دیار بوو و زاری ئاوەڵآ بوو. حەتمەن باوێشکی داوەتەوە، پاشان لەسەر بەردێك دانیشتووە و، پاشان خۆی بۆ مەرگ شل کردۆتەوە. کە مەرگ بەرەو پیری مرۆڤ دێ، پیاو هەیبەتە سەرەکییەکەی خۆی دەدۆزێتەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

باوکە بە هەیبەتێکی تایبەت مرد. هەر بەو هەیبەتە هەمیشەییەی. لە دیوە گەورەکەی نهۆمی سەرەوە، روو بە قیبلە رامانکێشا بوو. لە سەعات یازدەی شەوێرا تاکوو نیوەرۆی رۆژی دواتر لە گیانەللادا بوو. دایکە بەسەر سەریەوە دانیشتبوو و بە دەنگێکی بە سۆز و نەوی قورعانی دەخوێند. جار بە جار سەری هەڵدێنا، لە روخسارە رەنگ پەریوەکەی باوکەی دەروانی، لێوەکانی بە گاز دەگرت و، پاشان هەموو گیانی هەڵدەبەزییەوە. بۆ ساتێ سەری بە بن چارشێوەکەیدا دەکرد و دیسان دەستی دەکردەوە بە قورئان خوێندن. من لە لای راستی باوکە دانیشتبووم و ئایدین لە لای چەپی.

ئایدین وتی: (یانی ناتوانین هیچی بۆ بکەین؟)

دەستی باوکەی لە نێو دەستەکانیدا نەوازیشت دەکرد. وە جارجارە عارەتەی نێو چاوانی دەسڕییەوە و، جارجارەش ئاوی تەبەرووککراوی بە زاردا دەکرد. باوکە رەنگ و روخساری بەرەو زەرد بوون دەچوو. زەردییەك کە پیاو لەبەری دەترسا. وە کاتێ دەرشایەوە، من بە بیانووی شت هێنان دەچووومە دەر تا هەوایەك بگۆڕم، بە ئایدینم وت: (زۆر لاواز و بێ غیرەتم، خۆ راناگرم.) وە کاتێ دەگەڕامەوە دایکە بە خاولییەکی تەڕ هەموو شوێنێکی خاوێن کردبۆوە، ئایدین هەروا دەستی باوکەی لە دەست گرتبوو. ئەوجار سەری راوەشاند، وەك ئەوە دەچوو کە پرسیارێکی لە من کردبێ. وتم: (بێ هوودەیە. تەواو.)

باوکە بە هێمنی سەری بەروە و لای من وەرسووڕاند و چاوی لە یەخەی کراسەکەم بڕی. پێم وابوو لەبەر ئەوەیکە سینگم ئاوەلایە دەیەوێ دەنگم بدا. بەلاّم هەوا گەرم بوو و من دڵم لە ژێرڕا دەهات. ئایدین وتی: (دانیشە.) وە کاتێ دەستی باوکەم گرت، باوکە گیانی سپارد بوو. دەنگی بانگی نیوەرۆ بەرز ببوەوە. وە دایکە بە حاڵەتی سووجدە بردن شیوەنی دەکرد.

لە خۆیدا هەستی بە هێزێکی نوێ کرد. پاش ماوەی هێزێك کە زۆر جار لە مرۆڤدا دروست دەبێ. لەسەر پێ راوەستا. بەفری سەر جلەکانی تەکاند، بە دەوری خۆیدا سووڕا و بە وردی سەیری هەموو لایەکی کرد. بۆ رەشاییەك دەگەڕا. بەس لە لای راستیەوە دیوارە روخاوەکانی چاخانە دەبیندرا. وەك ئەوە دەچوو تابلۆیەکی سووریشی لێ بێ. دەستەکانی خستە نێوگیرفانی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

باڵتەکەی و بەرەو چاخانەکە کەوتە رێ. بە خۆی وت: (ئۆرهان. گوێ بە تەزینی دەستەکانت مەدە.) گوێی پێ نەدا.

رۆشتین. باوکە شاخە گوڵێکی لە سەر تابوتی بەرێز لۆرد دانا. وە ئێوارێ کە بە کامیۆنەکان پانکەیان بار دەکرد ئێمە سەیرمان پێدەهات. مۆرکیان لەسەر هەموو پانکەکان چەسپاند بوو: (بەرێز لورد ماڵ ئاوایی لە ژیان کرد. سەری رێزی بۆ دانەوێنن.)

وتم: (چۆن رێزی لێ بگرین.)

یەکێ لە کرێکارەکان وتی: (پیاوێکی مەزن بوو، هەر ئەوەندە. هەرئەوەندە بزانین بەستە.)

هەڵات. ئەگەرچی هەنگاوی شل بوون. بەڵام هەڵدەهات. توانای رێ برینی نەبوو، نەیدەتوانی راوەستێ. وە پاشان دیتی کە توانای هەڵاتنیشی نەماوە. رووی لەسەر بەفرەکان بوو و دەستەکانی رۆ چوو بوون. هەستا، بەفری سەرجلەکانی تەکاند و دیسان وەرێ کەوتەوە.

ئایدین وتی: (مامۆستا دڵخوێن پتر شیاوی رێزگرتنە من رێز لەو دەگرم.) وە دەیوت من تێناگەم لەبەرچی لۆرد پانکە بەرهەم دێنێ و بۆچی سۆبە دروست ناکا و، لەبەرچی لە ئابادان کە گەرمەسێرترە کارگەی بەرهەم هێنانی پانکەی دانەناوە. رەنگە هەر بەم هۆیانە بوو بێ کە ئایدین دەیوت: (من ناتوانم رێزی لێ بگرم.) وە چوار ساڵی رەبەق چاوی بە ئایدا نەکەوتەوە کاتێ بەرەو ماڵ گەرایەوە کە ئایداش بەرەو گۆرستان رۆشتبوو. وە هەر ئەمە ئەوی بەرەو دوکان هاندا. وە هەر ئەمەش وای لە باوکە کرد کە باوەش بۆ ئایدین بکاتەوە، سەری بخاتە سەر شانی و بە دەم گریانەوە بڵێ: (ئایدامان لە دەست چوو، ئیتر تۆ بە جێمان مەهێڵە.)

(بە چاوان باوکە گیان.)

(کوڕی خۆم، ئەوە لە کوێ بووی کەوا بەم جۆرە پیر بووی؟)

کە گەیشتە پێش چاخانەکە، خۆی تەکاند، پێی بە عەرزیدا کوتاو، پاشان خۆی بە تەویلەدا کرد. دەبوو بە جوانی هەڵی سەنگێنێ و ئەوجار لەم لاوە بروا. کە بەفر دوایی هاتبایە، وەرێ دەکەوت و دەرۆشتەوە. هێندە دەرۆشت تا سەری لە شوێنێك دەردێنا. بەڵام ئەگەر پێم وتی: (حەپۆ، هەموو خەڵکی شار دەزانن کە تۆ شێتی. بۆ خۆشت دەزانی؟) مەبەستێکی خراپم نەبوو، دەمەویست بزانم لە چ بارو دۆخێکدایە. رۆژنامەیەکی لەدەرەلینگی دەرهێنا و خوێندییەوە: (هەموو

کەسێك لە بێدەنگی مەرگدا نغرۆ ببوون. شار چۆل و وێرانە. دارەکان سووتاون. ژنەکان بە سۆزانی دەرچوون، نانی وشکیشیان وەدەست ناکەوێ، نازانن چۆن چۆنی خۆیان گەرم بکەنەوە. وە تەنیا لە ئاخرەکانی شار، هیتلەر و ماشووقەکەی لە باغێکی سەرسەوزدا ژیانێکی ئارامیان هەیە. ئەمە وێنەی هیتلەرە کە بە ئاماژە، دەست بەسەرداگرتنی بێلگەراد پیشان دەدا. بۆ پێشەوە...)

لە نەکاو بزر دەبێ و روو لەم چاخانەیە دەکا. هەرئەم عەیبەی هەیە. وتم: (دیسان لە نەردەی هەیوانەکەت ببەستمەوە؟) پاشان زەنجیر و قوفڵم هێنا و لە نەردەکانم بەستەوە. کە شەو هاتمەوە لەخەودا بوو. حەوشەی مالەوە پڕ بوو لە قەلەرەشەو پشیلە، کە چاویان بە من کەوت هەموویان لەبەرم هەلاتن ئەو جار بێدەنگییەکی سام هێنەر بەسەر مالێدا کەوت. وتم: (ئایدین، هەستە. شۆرباوم بۆ هێناوی.)

چاوەکانی کردەوە. لە خۆشیان ویستی راپەڕێ و لە بیری کردبوو کە بە زەنجیر بەستراوەتەوە و، کەوت. وتی: ( کاکەبرا.) ژێر خۆی تەڕ کرد بوو. وتم: (راوەستە با بتکەمەوە.) وە کردمەوە. وتم: (شۆرباوەکەت بخۆ.)

وتی: (ئەی براژن لە کوێیە؟)

تا بە ئەو رۆژە ئەو پرسیارەی لێ نەکردبووم. وتم: (تەلاقم داوە. شەش مانگ لەمەو بەر.)

وتی: (هەوڵمەدە تەفرەم بدەی. چوونکە تا بتەوێ بیسەلمێنی دەبێ شەش مانگ بکێشی.)

وتم: (چی بسەلمێنم؟) هەیوانەکەم شۆردەوە و ئەوجار کەوتمەوە یادی یۆسف کە قەت نەماندەتوانی ژێری بشۆینەوە. پاشان رۆشتم کە بەخەوم. ئایدین شۆرباوەکەی نەخوارد و، هەوا گەرم بوو. وتم: (بخۆ.)

وتی: (لەم ولاتەدا یاسا هەر بیست وچوار سەعات بڕ دەکا. ئەوپەرەکەی چل وهەشت سەعات.)

وتم: (کەوابوو برۆ بخەوە.)

بەرەو ژێرزەمین رۆشت. لە نێو پلیکانەکاندا وتی: (لە دوایە چی لێ بەسەر هاتەوە.)

وتم: (دەلێی چی؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتی: (ئەمە وێنەی شاری بێلگەرادە کە نێزیك بە زۆری وێران بووە.)

رۆژنامەکەم لە دەستی وەرگرت. وتم: (بەستە. ئیتر مەخوێنەوە.)

نیمچە دەنگێکی خۆشی پێوە بوو، ئەمان ئەمانی دەچڕاند. مەشەدی عەبباس لە چاخانە هاتە دەر وتی: (ئەگەر بە هەڵە نەچووبم مانگێك لە بەهار تێپەڕیوە. هەموو ساڵێ لەم کاتانەدا بەستە یان ئاوازێك دەچڕێنێ.)

بەڵام بە بڕوای من هەرکە چاوی بە پەرەسێلکەکان دەکەوت گۆرانی دەچڕاند. وەک ئەو مەقامبێژە لاواز و کزۆلەیە، دەستی وە بناگوێی نابوو و سەری رادەژاند. وتم: (بەستە. ئیتر مەخوێنە.)

رۆژی خەتمی سەرەخۆشی ئایدا بوو و ئایدین بەدوای چوارساڵ دووری، ئێستا لە پێش دەرگای مزگەوت بە سەرسامییەوە لە ئێمەی دەڕوانی. تا چاوی بە من کەوت بوغزی گریانی تەقی. وە من هەستم بەوە کرد کە دەبێ سەردەمێکی سەخت و ناهەمواری تێپەڕ کردبێ و زانیم کە شیرەی وشك هەڵگەڕاوە. لاواز و رەنگ پەریو، بەو دەستە لەرزۆکانە و چرچی دەوری چاو و تەوێڵیەوە، تەنانەت لە باوکە پیرتر دەهاتە بەرچاو، وتی: (ئایدا؟)

وتم: (ئەرێ، ئایدا. باوکە لەوێیە.) وە ئەوم برد بۆ لای باوکە.

لە تەنیشت دەرگای تەویلەکە بە کزکۆلەیی دانیشت و چاوەڕێ مایەوە تا بەفر لێ بکاتەوە. ئێستا پڕ بە دڵ حەزی دەکرد دەعبایەك بێ. پەشمێکی گەرم لەشەی دابپۆشی و هەرکات ئیشتیای نێچیری کرد خۆی بە جەماوەردا بدا. منداڵێك لەوێ، لە کن ئافۆرەی باغچەی پیادەرۆکەدا هەڵبەز دابەزی دەکرد و، پیاوەکان بە پەلەپەل رادەبردن. وتم: (ئایدین، بە تەما نیت بچیتەوە بۆ ماڵێ؟)

وتی: (با ئەم حەشاماتە برۆن.)

من لە سەر سەکۆی دوکان راوەستابووم و گوێم بە پێکەنینی بارهەڵگرەکان نەدەدا. ئایدین وتی: (کاکە برا، ئەو هەموو خەڵکە کەوچك لە کوێ دێنن؟)

وتم: (هێندێ کەس نانی بەدەست دەخۆن.)

پاشان بێدەنگ بوو. وەك ئەوەیکە ئاسودە بووبێ. خەڵك تێدەپەڕین. بۆنی سەمون لە کۆڵانی پشتەوەڕا دەهات. بۆنی قاوەی تورکیش دەهات. بەڵام دوکانی قاوەفرۆش گەلێك دوور بوو و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

میسیۆ سۆرین کچێکی هەبوو کە حەتمەن بەتەمابوو مێرد بە ئایدین بکا. وە پاش ماوەیەکی دوورو درێژ بەردەوام بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەو کچە ئەرمەنییە بدۆزمەوە، هەرچی لێی دەگەڕام هیچ شوێنەوارێکم لێی نەدەدیتەوە، ببوو بە دڵۆپێ ئاو و بە عەرزیدا رۆچوو بوو.

تاکو سەر لەبەیانی رۆژێك. هەر سێ چوار رۆژ لەمەوپێش قەشەیەك هات بۆ دوکانی ئێمە کە بە بێگانە دەچوو. وتی: (براکەم، ببورە ئەو پیاوە باڵا بەرزەی کە پرچەکانی ماش و برنجییە و چاوەکانی تاتاریە برای تۆ نییە؟) بۆ خۆیشی رەنگ پەڕیو و باڵا بەرز بوو. بە پرچی ماش و برنجییەوە، بن چاوەکانیشی سوور ببوو. وتم: (لەبەرچی؟)

وتی: (لە چواررێیانی شێخ سەفی ترافلایتەکەی بە بەرد شکاندووە. ئێستا گیراوە.)

بەم هەواڵە خۆشحاڵ بووم. وتم سەرئەنجام پاش ئەوەیکە چەند رۆژان ون ببوون دۆزرایەوە. بەڵام تا بە ئەو رۆژە قەت هەڵنەکەوتووە ئازار بە کەس بگەیەنێ. کاری بە کاری کەس نەبوو و دوور لە چاوەڕوانی بوو کە شووشە بشکێنێ.

وتم: (حەپۆ؟)

وتی: (رەنگە من ئەم ناوەم بیستبێ.)

پاشان پێکەوە چوین بۆ چواررێیانی شێخ سەفی. ئەو رۆژەش بەفر دەباری و من پاپاخەکەم لەبیر کردبوو. پرسیارم لە پاسەوانی سەر چواررێیانەکە کرد. ئەو منی دەناسی. بەڵام وتی شێتێکی بەرەڵا شووشەی ترافلایتەکەی شکاندووە. وتم: (حەپۆ؟)

وتی: (نا، قوربان شێتێکی بەرەڵا بوو گرتیان.)

ئێمە گەڕاینەوە. قەشە لە نێو رێدا لە منی پرسی کە حەپۆ لە کوێیە. وتم نازانم، ئەو وتی لەمێژە لەدوای کەسێك دەگەڕێ کە ئەم ناونیشانەی هەیە و پێشتر دارتاش بووە و ئێستاش وون بووە.)

وتم: (ئەو کەسەی باسی دەکەی برای خۆمە.)

وتی: (من لە کوێ دەتوانم بیدۆزمەوە.)

وتم: (منیش وا چەند رۆژە لێی بێ خەبەرم. ون بووە.)

(لەبەر چی؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(نازانم جار جارە روو لە دەشت و دەران دەکا.)

وتی: (سەیرە! ئەی چی بکەین؟)

وتم: (تۆ کێیت و چ کارێکت پێیەتی؟)

وتی: (من قەشەی تەعمیدی کچەکەی ئەوم.)

یەکەم جار بوو شتی وام دەبیست. وتم: (کچەکەی؟)

وتی: (بەڵێ. چما ئاگادار نیت؟)

وتم: (ئاگاداری چ نیم؟) کەسێك بە پەلە رای دەکرد. خۆی لە من داو بەسەر بەفرەکاندا کەوتم. قەشە دەستی گرتم و هەڵی ستاندمەوە. وتم: (من لە مەبەستەکەی ئێوە نەگەیشتم.)

وتی: دەکرێ بچینەوە بۆ دوکان و لەوێ قسە بکەین؟)

چوین بۆ دوکان. لە پشت مێزەکەم دانیشتم و، ئەو کورسیەکەی لە سۆبەکە نێزیکتر کرد. ماندو و نیگەران دەهاتە پێش چاو بەڵام پیاوێکی وردبین و رێکوپێك بوو و، دانە دانە قسەی دەکرد. وتی: (ناوی براکەت ئایدین ئۆرخانییە. وایە؟)

(بەڵێ.)

(ئەو، کچێکی پازدە ساڵانەی هەیە کە ناوی [ئیلمیرا ئۆرخانییە]. ناوی دایکی سوورمەلینایە. ناسنامەی جەنابی ئایدین ئۆرخانی لە لای ئێمەیە.)

نەوەی باوکە لە شوێنێکەوە شین ببوو کە قەتم چاوەڕوانی لێ نەدەکرد. وتم: (دەبێ ئێوە ئەو ناسنامەیە بدەنەوە بە من.)

وتی: (لەبەرچی لە کن کچەکەی نەبێ؟)

وتم: (کچی چی؟ بۆ خۆیشی زیادیە.)

قەڵس ببوم. قەشە هەر بەو شێنەییە تۆقەی لەگەڵ لێدامەوەو رۆشت. وتم: (دەبێ ئەو ناسنامەیە بدەنەوە بە من.)

وتی: (لە دەرفەتێکی دیکەدا دێمەوە خزمەتتان.) وە رۆشت.

گوریسەکەی لە گیرفانی باڵتەکەی دەرهێناو چاوێکی لە دارەڕای میچەکە کرد. بەراوەردی کرد کە لە پێنج دەقیقە زیاتر ناخایانێ و کۆتایی بەم هەمووە چەرمەسەرییە دێنێ، بەڵام دەیزانی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کـە دونیـا قـەت لـە جووڵـە ناکـەوێ. ئایـدین پـەیـدا دەبێتـەوە و کـۆت و شـەرواڵێکـی قـاوەیـی لـەبـەر دەکاتـەوە. بۆینبـاغـی وەنـەوشـەی لـەسـەر کراسـە زەردەکـەی دەبـەستێتەوە. بـەیانیـان دەچێـت بـۆ کاروانسەرای چەرمس فرۆشەکان و، ئـەوجـار دەبێتـە خـاوەنـی ئـەو هـەمـووە سامان و مـەتمانـەیـە. گریمـان سـێ ڕۆژانـە وچلـەیـەکـیش بـۆ ئۆرهـان رابگـرێ، پاشـان سـووڕی دەورانـەو هـەر ئـەو ژاوەژاوە بـێ پسانەوەی شـار دەسـت پێدەکاتـەوە. وە پاشـان هـەمووشـیان لـەبیریـان دەچێتـەوە کـە ئۆرهانێکیش هەبووە. نا خوایە، نا. ئەمە دوور لە ویژدانە. ئەم حەپۆیە بێگومان دەمامکێکە کە شتی شـاراوەی لـە پشتەوەیـە. رەنگـە مـافی خۆیشی بـێ. مرۆڤ بـەس لـە نیوەیـەك لـەتـەمـەنـی بـەهرە وەردەگرێ. من هی نیوەی یەکەمم، ئەو هی نیوەی دووهەمە. بەڵام بەری لێ دەگرم. تاپۆی مڵك و ماڵەکان هەمووی بەناوی خۆم کراوە. نە خانووەکە، نە دوکان، نە باغی قەیسی، هیچ. هیچ. نـاوی ئەوی پێوە نییە. تەنها قاتێك جل وبەرگی خەنەیی، پاپاخێك و، ژوورێکی تـەنـگ وتاریك کـە دەبـێ بە حەوت دانە پلیکانەدا بۆی داگەرێی و پتر وەك سەرداب دەچـێ نـەك هۆدە. دیـوارەکـانـی شـە و نمی هەبوو، باوەکە وەستای هێنا، گیچە سوتاوەکان و زگ هەڵداوەکانی هەڵوەراند، بـە چیمـەنتۆ سەرلەنوێ گشتی سواغ دایەوە. شوێنێکی ناخۆش نییە. شەوێکیش لەو ژوورەدا خەوتووم. هاوینـان فێنکـە و زستانانیش گـەرمـە. گـەرم و دڵگر. بـەڵام پیـاو لـەو شـوێنەدا بـە مـرچ و مۆنییـەوە خـەوی لێدەکـەوێ. هـەمـوو شـتێك مـات وتاریکـە. پیـاو دەڵێـی لـە نێـو گـۆڕدا خـەوی لێدەکـەوێ. باوکـە بـە مۆنییـەوە لـە گۆڕدا خـەوتـووە. هـەر لـەو جـوورە مۆنییەی کـە هـەمیشە لـەحاست ئایدیندا لـەخـۆی دەنواند. بەڵام رەگی دارەکانی گۆرستان ئێستا بەچەشنێك لـە جـەستەی ئـاڵاون کـە توانـای جووڵـەی بۆ نـەماوە. سەریان بە نێو لەشیدا کردوەو شیرەیان مژیوە. هـەر بۆیـە هێنـدێ لـە دارەکـان هـەمیشە گـرژ و مۆن دیارن. پیاو هەست دەکا پێیـان قـەرزارە. وە چـەند لـە حـاست ئـەو کـەسـانەدا بێزاری دەردەبڕم کە پێیان قەرزارم. وتم: (ئایدین، تۆ بۆ کاسبی نابی. خۆ ئێستا باوکە نەماوە کە بەرت پـێ بگرێ. دەتەوێ بچی بۆ زانکۆ؟ حەزدەکەی درێژە بە کارە ئـەدەبیـەکانت بدەیتـەوە؟ من بـوارت بـۆ دەڕەخسێنم.)

وتی: (نا. بە هیچ چەشنێك.)

(لەبەرچی؟ بۆچی داکۆکی دەکەی؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(کار لە کار ترازاوە و نامەوێ وەسیەتەکەی باوکە لەبەر چاو نەگرم.)

من لەو کاتەدا بیری ئەوەم کەوتە سەر، کە دەبێ لەسەر ڕێی خۆمی لابەرم. بە هەر ئامێرێك و پلانێك بێ. چوونکە وتی: (ڕۆژگار ئاواش هەر تێپەڕ دەبێ. ئیتر تاقەتم نەماوە.)

نەدەهاتە سەر ڕێ. خۆی هیلاک دەکرد، وەکو بارهەڵگرێك. وە هەموو ڕۆژێ سەعات چواری دوانیوەڕۆ دەڕۆشت. گلەیشی نەبوو. وە ڕێگەی نەدەدا حسێبەکانمام جیا بکەینەوە. من دوا قسەم لەگەڵدا کردبوو و ئەو دەیوت نابێ مردووەکانم لە قەبردا بلەرزێنین. دایکەش بەردەوام ناساز بوو و نەیدەهێشت ملّك و ماڵ و دارایییەکانمان بەناوی خۆمانەوە تاپۆ بکەین. ئەوجار دوا بڕیاری خۆم دا و، چووم بۆ "ئاستارا". بیستبووم کە لە لێرەوارەکانی ئاستارا دوودانە پیرەکچی هەشتا ساڵەی لێیە کە چارەنووسی خەڵك دەخوێننەوە و ڕێبازی ژیان فێری خەڵك دەکەن. مرۆڤی نەزۆکیان چارەسەر کردبوو. ئافرەتێك دەیگێڕایەوە کە لەمێژ ساڵ بووە وەجاغی کوێر بووە و پاشان چووە بۆ لای ئەم پیرەکچانە و تا بە ئێستا یازدە زگی کردووە. ئەیازی پاسەوان دەیوت: (دوعایەك دەخوێنن کە ئەگەر پیاوێك دوودانە ژنی هەبێ، دەتوانێ بە شەوێك لەگەڵ هەردووکیان بخەوێ بە بێ ئەوەی ئەوی تریان هەست بەوەی دیکە بکا.) وە پیاوێك دەیگێڕایەوە کە بە زگماکی کوێر بووەو ئێستا بینایی لە هەموو کەسێك باشترە. من وتم ئەی من بۆ ڕاوەستاوم؟ دەچم و ئەم دەردەم دەرمان دەکەم.

کاتێ گەیشتم، وتیان یەکێ لە پیرەکچەکان ڕۆشتوە بۆ ڕوسیا و، ئەوی دیکەیان دواکاتەکانی ژیانی بەسەر دەبرد. زەردەڵە و قێزەونکە بوو. بە چل دانە پەلکەی سپی و درێژەوە کە ڕەگیان دابوە سەر عەرزی، وەك پارچە ئێسکێك دەچوو کە کەوڵیان بەسەردا تێهەڵکێشابێ. ڕیزێ پارەم لە پێشی دانا. دیتم چاوەکانی وەکو یاقووت تروسکەیان تێدا گەڕا. وتم: (دەی دەست پێ بکە.)

فاڵی نۆکی بۆ گرتمەوە، فاڵی ئێسکی بۆ گرتمەوە، جگی هاویشت و هیچ نەهاتەوە. ڕیزێ پارەی دیکەم خستە پێشی. فاڵی دوکەڵی بۆ گرتمەوە، گەڵایەکی وشك کە وەك پەنجەی مرۆڤ دەچوو لەسەر ئاگرەکەی دانا و لەناکاو دوکەڵێکی چڕوپڕ بە ناڵەوە بەرەو ئاسمان هەڵکشا و پاشان من بە چاوی خۆم دیتم کە باڵەفڕکێی دەکردو نەیدەزانی لەسەر کام لق هەڵبنیشێ. پارەی زیاترم بۆ دانا و وتم: (زۆرتر، دەی بیڵێ.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتی: (کەسێك هەیە کە لەسەر ڕێگاتە.)

فاڵی ئاوی بۆ گرتمەوە. لە کاسەیەکی گڵیدا هەموو خێزانی ماڵەوەی هێنایە بەرچاوم. هەموو ژیانمی زیندوو کردەوە. لە کاسەدا باوکەی هێنایە دەر و پاشان دایکەی هێنایە دەر و، ئایدینی کرد بە پولێك و، هەرچەندەی کرد نەیتوانی ئایدام بۆ زیندوو بکاتەوە. وتم: (لە دەرەوەی شار بە گۆپاڵێك چۆنە ها؟)

وتی: (نا هەڵەیە.) هەروەکوو [با ] کە بەنێو قامیشلاّندا دەخشی و لورەی لێ دەبوەوە.

وتم: (لە شاخیرا هەڵیدێرم؟)

وتی: (نا.) بە دەنگێکی گڕ دەینەڕاند. وە دیسان ناڵاّندیەوە: (نا.) وە دەنگی لەبەریەك دەکێشایەوە.

بۆ ماوەیەك بێدەنگی ڕاگرت و لێم ڕاما. وتم: (بێڵێ.)

فاڵی تەسبێحی بۆ گرتمەوە و دیسان هیچ نەهاتەوە. وتم: (ژاری بۆ لە چێشتەکەی بکەم؟)

وتی: (نا.نا.هەڵەیە.) ئەو جار قاقایەکی سەرکێشا کە لەسەر ئەو باوەرە نەبووم لەحەنجەرەی ئەوەوە هاتبێتە دەر. وتی: (چما مۆخی پەڕەسێلکەت خواردەوە؟)

وە من هەڵاتم. بە پێی پیادە ڕامدەکرد. کەلی [حەیرانم ] تێپەڕاند و پێچاو پێچم بڕی و، بە غاردان تا ماڵەوە هەڵاتم. ئەودەم دواکاتەکانی هاوین بوو. وە من لە چاوەڕوانی هاتنی پەڕەسێلکەکان، تاکوو وەرزی بەهار پشوم ڕاگرت. لەسەر مێزی دوکان ڕۆژمێرێکم دانا. هەموو ڕۆژێك پەرێکم لێ هەڵدەدایەوە. بەفر دەهات. عەرز دەبوو بەستەڵەك. قەلەکان لەسەر لقی سنەوبەرەکان دەیان وت: (بەفر. بەفر.) و بەهار نەدەهات.

وەك ئەوەی ئەو زستانەم بەهەڵاتن تەواو کردبێ، بەر لەهەموو کەسێك من هەستم بەهاتنی بەهارکرد. بەیانییەك بەرلەوەی گزینگ ترۆپکی کێوەکان بنگێوێ، چووم بۆ کێوەکانی دەوروبەری ویلەدەرە. بەر لە خۆر هەستان، تەلیسێکم هەڵگرت و بە کێوەکەدا هەڵگەڕام. تاریك و ڕوونی بەیانی، بۆسەم لێ گرتن. کە خۆر گزینگی ئەنگاوت زانیم هێلانەی خەوتنیان لە کوێیە. پەڕەسێلکەکان پۆل بە پۆل بە سەرمدا تێدەپەرین و بە چەشنێك باڵیان لێدەدا کە دەمتوانی دەست هەڵێنمەوە و بەحەواوە چەندانەیان لێبگرم.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەستی کرد کە نە نیازی بە خۆشەویستی دایکی هەیە و نە بە خێرو قازنجی باوکە. هاواری کرد. لەبەر ئەوەی بەر بە ترسەکەی بگرێ هاواری کرد. دیسان لە دوورەوە دەنگی گورگ دەهاتە بەرگوێی کە بە چنگوڵان دەهاتنە پێش. بە چاوی برسی و زاری ئاوەڵاوە. چاوێکی لە پەنجەکانی کرد کە لە بن نینۆکەکانیەوە خوێن دەهاتە دەر و ئێسکی پەنجەی دەچووزایەوە. بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر چاوی گەرم داهاتبوو.

دەستم بە نێو هێلانەکەیاندا کرد. بە یەك کەڕەت پێنج دانەم لێگرتن. خستمە نێو تەلیسەکەم. جیکە جیکیان دەکرد. وە دیسان دەستم کردەوە بە نێو هێلانەکەیاندا و ئەمجارە دوودانەی دیکە. وە پاشان پۆلە پەرەسێلکەیەکم بینی کە وەکوو دوکەڵێکی رەش لە ئەشکەوتەکەڕا دەرپەڕین. توورەکەکەم بەشانیدا دا و چووم بۆ چایخانەی بیوك. کەسی لێ نەبوو، جگە لەچەندانە کوندە بەبۆ کە لەسەر دەرو پەنجەرەکانی ئەو بینایە سەیری دەرەوەیان دەکرد. لە دەرگام دا. بە ناو بانگم کرد. کەسی لێ نەبوو. دیسان لە دەرگام دایەوە. ئەوجار لەپشت سەرمەوە دەنگی پیاوێکم بیست کە دوودانە کەروێشکی سەربڕاوی بە دەستەوە بوو و، سمێڵەکەی بابڕ بوو و پۆستاڵی رەشی لە پێدا بوو.

وتم: (کارم بە کاك بیوکە.) وە دیتم کە لاقێکی دەشەلێ.

وتی: (چ کارێکت پێیەتی؟)

وتم: (کارم بەخۆی بوو.)

وتی: (من بیوکم. فەرموو.)

ناوەڕاست مانگی بەهار بوو تەنانەت پەرەسێلکەکانی نێو توورەکەکەش جیکەجیکیان دەکرد. وتم: (من...) هەموو شتێکم لەبیر چووەوە. وە کاتێ بە تەنیشتمدا تێدەپەڕی، هەستم کرد دووهێندەی باڵای منە و پرچەکانی خاو و دوو رەنگ بوون. سپی و زێوین. وتم: (چاییت هەیە؟)

وتی: (یانی ئەو هەمووە رێیەت بڕیوە کە بێی بۆ ئێرەو چایی بخۆی؟) وە دەرگای چایخانەکەی کردەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەڵقەزێری دەرگاکەی کردەوە. چووینە ژوور. هەوا فێنك بوو و هەڵمی سەماوەرەکە سەری لە میچەکە دەدا.من لەسەر کورسییەك دانیشتم و چاوم لە شێوەکاری سەر دیوارەکە بڕی کە وێنەی رۆستەم و ئەکوانی دێو بوو.

وتی: (پەرەسێلکەت راو کردووە؟)

وتم: (نا. پەرەسێلکە.)

چاییەکی گەرمی بۆ تێکردم. وتی: (پەرەسێلکەت بۆ چییە؟)

وتم: (بیانیەکان ئەم پەرەسێلکانە دەکڕن، وشکی دەکەن. لە سەر تاقی دایدەنێن.)

وتی: (دەی.)

وتم: (جەنابی لۆردێکمان هەبوو کە لە پشت خانوەکەی ئێمە کارگەی هەبوو. من لەو فێر بووم. وە دەمەوێ ئەمانە وشك بکەم، بەڵام خراپیش نییە یەك دوو دانەشیان سەر ببڕین و بیخوێن.)

کە چایەکەی لەپێشم دانا، ئاوی بن پیاڵەکەی بەسەر عەرزیدا رشت و پیاڵەکەی لەبەر تیشکی پەنجەرە راگرت کە دڵنیا بێ رەنگی چاییکەی جوانە. وتی: (چەند ساڵ بەرلە ئێستا خواردنی پەرەسێلکەم بۆ پیاوێك دروست کرد کە کابرا سەری لێ سووڕما بوو.)

(لێی شارەزای؟)

(من لەم کارەدا وەستام.)

کەروێشکەکانی لەسەر مێزەکە داناو بە چەقویەکی گەورە زگی هەردووکیانی هەڵ دری. وە لە کاتێکا بە شێنەیی هەردووکیانی کەوڵ دەکرد. وتی: (کابرا، پارساڵ هاتەوەو داوای کرد ئەو خواردنەی بۆ دروست بکەمەوە.)

وتم: (میوانم هەیە.)

لە مابەینی پەنجە خوێناویەکانی و لەنێو ورگی کەروێشکەکەرا هەڵم هەڵدەستا. هەڵمێکی سپی وەکو کەوڵی کەروێشکەکان. وتی: (کێیە؟)

وتم: (تۆ نایناسی.) وە چایەکەم لە ژێر پیاڵەکە کرد و خواردمەوە.

وتی: (من لەم کارەدا وەستام.)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتم: (تا بە ئێستا بۆ خۆت لێت خواردەوە؟)

وتی: ( تامم کردوە، بەڵام بۆ خواردنەکەی...) هەر بەو دەستە خوێناویانەی سیگارێکی داگیرساند: (نا.)

وتم: (من خواردنێکی باش و تایبەتیم دەوێ.)

وتی: (ئەوەی راستی بێ، لەعەمەل هێنانی ئەم باڵندەیە کارێکی ئاسان نییە. چەرمەسەری زۆرە. بەڵام ئەو خواردنەی کە بۆ ئەو کابرایەم کوڵ هێنا بوو، زۆری لا پەسەند بوو، تامەکەی هەر لەبن ددانیدا مابوەوە.)

پاشماوەی چاییەکەم خواردەوە، دیتم هەر دوو کەروێشکەکانی کەوڵ کردوون. وە دوو پارچە گۆشتی سوورو خز لە سەر مێزەکەی کەوتبوون، وتم: (حەزدەکەم مۆخەکەیشمان بۆ دروست بکەی.)

وتی: (مێشکەکەی؟) وە بە سەرسوورِمانەوە لێم راما: (بۆ خۆت لێی نەخۆی ها!)

وتم: (دەزانم. چەرمەسەری زۆرە و پارەش زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام میوانێکی زۆر ئازیزم هەیە.) هەر لەو ساتەدا هەستم کرد لەرزێك پشت و ئێسکی بەدەنمی داگرت. ژان بە هەموو لەشمدا گەرِا و بە پێچەوانەی هەمیشە دەستەکانم دەلەرزین.

وتی: (تورەکەکەم بدەیە.)

لە دەستی وەرگرتم و وتی: (ئەوە پێت دەڵێم، نەکەی بۆ خۆت لێی بخۆی!)

وە من تورەکەکەم دا بە دەستی، هەستم کرد زمانم هێندە قورس و گران بووە کە دەڵێی بە مەلاشوومەوە نووساوە.

لە تەویلە هاتەدەر. تا سەر و روومەتی داگرتبوو و بەو حاڵەوە چاوی بە دەورو تەنیشتیدا گێرا. دڵی خێرا خێرا لێی دەدا و هەموو هێز و توانای خۆی لە چاوەکانیدا خڕ کردەوە کە بەڵکو لەو بیابانەدا چاوی بە رەشاییەك بکەوێ.

ئاخر ئەم بیابانە بێ سەرو بنە لە کوێ کۆتایی پێدێ؟ ئێستا چەندی رۆژ چووە؟ نا. خوایە نا. ئەمە دوور لە ویژدانە. من باڵتەم لبەردا نەبوو. دەمەویست بیگەرِێنمەوە. دەمەویست دیسان بە زنجیرەوە ببیەستمەوە. وە ئێستا بەتەمام بە گوریس ببیەستمەوە. وەختیەتی. بەشی خۆی تەمەنی

کردوه و پێم وانەبێ لەوە زیاتر شتێکی دیکەی بوێ. هەر لێرە ئەگەر لەتەویلەکەدا بیبەستمەوە، پاش تێپەربوونی چەند سەعاتان بە بێدەنگی دەچێتە نێو ریزی مردوەکان. لەو دەمەوەختەدا پێی دەڵێم: (ئایدین، تۆ کچێکی جوان و لەبەردڵانت هەیە. دەتزانی؟)

دوورەگەیەکی کرچ و کاڵە کە لەم رۆژانەدا لە هەر شوێنێك بێ پەیدا دەبێ و دەڵێ: (کاکە، دوکانی باوکی من ئێرەیە؟)

دەڵێم: (باوکی تۆ کێیە؟)

(پیاوێکی شێتە.) قەشمەریە. بەراستی جێی گاڵتە پێکردنە. باوکەش پیاوێکی سەیر بوو. دوای چەند مانگ  کە بەسەر مردنیدا تێپەری بوو حەزم کرد بچمە سەر گۆڕی. پایزێکی سامناك بوو. گەڵای وەریوی دارچنارەکان ئەمسەراوسەری شاری داپۆشیبوو، دارە بێ بەرگەکانی گۆرستان پڕ بوو لە قەڵەرەشە. وە  قەڵەرەشەکانی خوا پۆل پۆل، بە چەشنێك لەسەر لقی دارەکان هەڵنیشتبوون کە پیاو هەستی دەکرد لە گۆرستاندا پێشانگایەك کراوەتەوە. سووڕێکم بە دەوری دیوارە دڵتەنگەکەدا لێداو، بە دەرگا دووچاوە سەوزەکەیدا چوومە ژوور. دە دوازدە دانە سواڵکەر، هەمیشە وەدوای پیاو دەکەوتن. یەکێك خەریك بوو کۆتەکەی رادەکێشام. وتم: (دەستت لابە وەلاخ.) وە پاشان هەموویان لێم دوورکەوتنەوە. گۆڕی باوکە لەلای راستی گۆرستان، لە ژێر سێبەری نەمامێکی چناردا بوو و، گەڵاکانی بەسەر گۆڕەکەیدا هەڵوەریبوون. بە پێ گەڵاکانم لادا، نوسراوەکەی سەر سنگی گۆڕەکەیم خوێندەوە و پاشان بە مەبەستی تەماشا کردنی خانووی مردووەکان راوەستام. جار ناجارێ یەکێك دەهات. یەکێك دەرۆشت. کۆمەڵێك لەسەر گۆڕەکان جووڵە جووڵیان دەکرد.

وتم: (باوکە دەبینی رۆژگاری ئێمە چۆنە؟ وانەزانی ئێرە شاری مردووەکانە. دەرەوەش هەرشاری مردووەکانە، خوا بەزیادی نەکا. ئێمەش بەزیاد نەبین. ئەم برایەتیەشمان بە زیاد نەبێ.) لە سەر گۆڕەکەی دانیشتم و وتم: (باوکە، من ئەو فەردە پستانەم بە چلدانە پلیکانەدا هەڵگەڕ داگەڕ کردووە. ساڵەهای ساڵ. خۆت ئاگادار بووی، خوای تۆش ئاگادارە. من رازی نابم ئەم هەتیوە خوێڕییە بەبێ عارەقە رشتن ببێتە خاوەنی سێ دانگ لە دووکانەکەم. ئەی تۆ لەبەرچی بەشی خۆمت پێ نەبەخشیم؟ بۆچی بەشی منت دەرخوارد بە خەڵکی دیکەدا؟)

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەردێکم هەڵگرت، چەند جار تەقەم لەگۆڕەکەیدا، ئەستێرەیەکم لە سەر کێشایەوە و فاتیحایەکم خوێند. وتم: (باوکە، ناتوانم ڕێزی لێ بگرم.) بەسەر گۆڕەکەیدا کۆم بوومەوە تاکوو هەتیوە سواڵکەرەکان و ڕێبوارەکان گوێیان لە دەنگم نەبێ. وتم: (لەلای من پولێکیش ناهێنێ.) سەرئەنجام ئەم مەراقە لەسەر دڵم مایەوە کە ڕۆژێ دوکانەکەم بکەم بە دووچاوە، گۆشەی سەر کاروانسەرا بکڕمەوە و گەورەی بکەمەوە. دوکانێکی ڕووناك وگەورە کە ناوی خۆمی لەسەر تابلۆکەی بێ.

نۆبەتی وای لێ کردبوو کە وەختا بوو عەقڵی لە دەست دەدا. لێوەلەرزەی گرتبوو و قەفەسەی سینگی هەڵتەك هەڵتەکی دەکرد. لەناکاو هەستی کرد گەرما داهاتوە. دەستی برد بۆ تەوێڵێ، لەنێو گەرمادا دەسوتا. لە پێش چاخانەکە چۆکی دادا و لەسەر بەفرەکان دانیشت، هەوڵیدا خۆی بگەیەنێتە ژووری چاخانەکە بەڵام لەرزێکی نەحس بەری پێگرت و پاشان کە دیتی ئاسمان چکۆلە بۆتەوە، بە بازێك خۆی هەڵاویشت و چاوی بەخۆی کەوت کە لە ئاسماندا تەقڵە لێ دەدا. دەستەکانی لە بفرەکەدا رۆ کرد، مشتێ بەفری هەڵگرت و لەسەر تەوێڵێ دانا. دەی. دەی ئەمرۆ هەینییە. تاڵاوەکە شەپۆلی دەدایەوە و مووچڕکی بە لەشی باوکەدا دەهێنا وتی: (هەی بژی ئۆرهان. تێم هەڵسو.) وە من لیتکەم لێ هەڵسو. پاکەتێك تووە کولەکەم هەڵگرت و چووم بۆ ژێرزەمین، ئایدین لەسەر قەرەوێڵەکە راکشابوو. ڕەنگە خەوی لێکەوتبوو، کتێبەکەی لەسەر سینگی کەوتبوو. من خۆم بە تروکاندنی تووە کولەکەکان خەریك کردو توێکڵەکانم لەسەر لەشی کرد. لە نیوەرۆ تا بەشەوێ ئەمە کارم بوو. لە بن توێکڵە کولەکەدا نوقمم کرد. دایکە بە کەشەفێکی پڕ لە چایی لەسەر پلیکانەکان بوو. وتی: (ئەوە چییە؟) وتم: (مەبەستم جەفەنگ کردنە.) ئایدین لەخەو ڕاسا و لەبن توێکڵە تووە کولەکەکان هاتەدەر. وتی: (کێ ئەو هەمووەی خواردووە؟)

وتم: (ویستم بزانم داخوا چۆن دەبێ.)

دایکە وتی: (شەرم بتگرێ.)

وە ئایدین ڕووی گرژ کرد. لەمێژ ساڵ بوو جارێکیش نەمبینی بوو کە چاوم لێبکا. دەی، بۆیاغێکی باش لەجەستەی باوکە دەدەم، بەڵام بەرەو سەر هەڵکشا. چووە سەر. وەکو فوودانە هەڵکشا، بۆچی شەرواڵەکەم ڕادەکێشی، سەگباب؟ کەوابوو مردووەکان بەم شێوەیە دەمرن؟ ئەگەر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کەسێك یارمەتیان پێبگەیەنن نامرن. عەرز چکۆلە دەبێتەوە و هەڵدەکشێ. ئەوجار پیاو با دەکا و بە قەرای دونیا گەورە دەبێ، پاشان دەتەقێ. نا. خوایە. ئەمە دوور لە ویژدانە.

وتی: (ئازەر. لێفەیەکم پێدا بدە.) ددانەکانی وێك دەکەوتن. وتی: (ئازەر سەرچەفێکی ئەستور بە سەر پشتمدا بدە.) چاوەکانی هەتەریان لێبڕا بوو. گەرم داهاتبوو و پرووشەی بەفرەکانی دەیبینی کە راستەوخۆ لە ئاسمان بەردەبوونەوەو لەسەر روخساری دەنیشتن و، پاشان پان دەبوونەوەو، ئەوجار دەتوانەوە. وتی: (بەسەر رووخسارمدا بدە.) پاشان هێزێکی چاوەروان نەکراو تێیدا ژیایەوە. هەستایە سەر پێ و لەعەرزی راما. بە دوای هێلانەکەیدا دەگەڕا و مووی لەشی شیخەسۆڵیان بەستبوو. دەستی بە سەر عەرزیدا کێشا و و بە سەروە خۆی بە بن بەفرەکەدا رۆکرد. رۆچوو و خۆی خزاندە ژێر بەفرکە. ئەو جار هاتە دەر، دانیشت، چاوێکی بەتەنشتیدا خوشاندو زۆر بە دژواری توانی خۆی لەسەر لاقان رابگرێ. ئێستا دەیتوانی هەنگاو هەڵێنێتەوە. سەرتابەپێی خوسا بوو. هەروەك کێلە سەهۆڵێك. بەڵام دیتوانی براو.

هەر لەوێڕا تالآوەکەی لێ دیار بوو. بە خەیاڵ، بەفری سەر تالآوەکەی راماڵی و شەپۆڵە نەرم و شینەکانی تاڵاوەکەی بینی. بە شەلەشەل خۆی گەیاندە لای قامیشلانەکەی. میرزا ئایدینی شێت. نا. ئایدین. لە کوێیە؟ دایکە دەیوت: (بیهێنەوە نەزان.) بە دەنگێکی مەنگەوە لەگەڵ خۆی دەدوا. ئایدین بەرامبەری دانیشتبوو هەروەك کۆتەڵێکی بەردی. دایکە وتی: (بێ شەرف چیت بەسەر هێناوە؟)

ئێستا گەیشتبووە نێو قامیشلآنەکە. تەزوویەکی کەیف هێنەر کەوتبووە سەر رووخساری. یەکەمجار بوو چێژی لە سەرما دەبرد. تالاوەکە لەبن بەفردا غیرەتی نەدەکر بجووڵێتەوە و، قامیشلآنەکە ئیتر وەك بەر بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان نە دەچوو. ئالۆزو تەپیو، وەك ئەوەی بە سەراولێژییەکدا خزابێتە خوارەوە. هەر لەوێ دانیشت. بە دەنگی بەرز وتی: (ئەمەش رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانە. بەڵام دادوەرێك لە گۆڕیدا نییە.) ویستی ئالایەك هەڵبگرێت بەڵام دەستی پێنەدەگەیشت. دەیویست ئالا بخوات. وتم: (لە باتی چایی، نان بخۆی باشترە.)

ئیتر برستی تێدا نەمابوو. تەنانەت توانای دەست جووڵادنەوەشی تێدا نەمابوو. وەکوو ئالاکان کەوت. چاوی لە دەورو تەنیشتی کرد. هەموو شتێ لەحاڵەتی داوستاندا بوو. مردبوو و، بەفر دفنی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەکردن و ئاڵاکانی دەبینی کە بەبێ جووڵە مردبوون و بەفر خەریك بوو دەیشاردنەوە. پاشان چاوی بە دایکە کەوت کە لە ئاسمان دابەزیبوو و بە هەر دوو دەستی، هەردوو قامکە گەورەکانی ئۆرهانی رادەکێشا.

وتی: (نا دایکە. نا.)

دایکە قسەی نەدەکرد بەس پێدەکەنی. بە میهرەبانییەوە پێدەکەنی.

وتی: (دایکە نا. ئەمە دادپەروەرییە، دایکە؟)

دایکە بە توندی قامکە گەورەکانی رادەکێشا. لەناکاو پیاو لە پێ دەکەوێ. خۆ بن لاقی خۆم نا بینم.

وتی: (ژیان چەند دژوار بووە.)

پەرەسێلکەکان پۆل پۆل لە سەر بەفرەکان هەڵدەستان و دەنیشتنەوە. بڵاوەیان دەکرد و لەیەکتر دەهەڵان و پاشان دەبوون بەخاڵێکی رەش و، دەرۆشتن، دەرۆشتن و، دەبوون بە خالێك. ئاسمان چەندە زەرد بوو. دوکەڵکێشەکان چ دووکەڵێکیان دەکرد. شوێنی قەلەرەشەکان لەسەر لقی دارسنەوبەرەکان بوو. وە کاتی سەر لە بەیانیان دەیان وت: (بەفر.بەفر.) ئەو لە خەو هەڵدەستا. دوودانە قەلەرەشە لەسەر ئالیارەکە دادەنیشتن. رێك لەو بەرامبەرە. لەسەر ماڵی فرووزان و ماڵی ئەو دراوسێیە. یەکیان زووتر دەهات، بە دەندوك جێی بۆ ئەوەی دیکە خۆش دەکرد. پاشان قەلەکەی دیکە دەهات و لەسەر ئالیارەکە، چنگی دەخزا. سەرەنجام دەکەوت. ئەو قەلە دەچووە نێو لقی سنەوبەرەکان.

دایکە دەست هەڵگر نەبوو. بە توندی رایدەکێشا. ئۆرهان وای هەست دەکرد کە دەقیژێنێ. لاقی لە قەراغی تاڵاوەکە رۆ دەچوو. لە دوای جێ پێیەك دەگەڕا کە خۆی لەسەر رابگرێ. خەریك بوو زیاتر رۆ دەچوو، دایکە لە ئاسمان دابەزی بوو و با داوێنە ئەرخەوانییەکەی هەڵدەدایەوە.

باوکە، قەت بووە مەودای نێوان زستان و بەهار بەغاردان تێپەر بکەی؟ ئێوە مردوون. ئێوە. بەڵام من لە زستانەوە تا بەهار هەڵاتووم. بەردەوام چاوم لە ئاسمان بریوە و لە دوای خۆردا چاوم خێل بوو.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئێستا چاوەکانی وەك چاوی ئەو کەسانە دەچوون کە بە دوای ساڵی قات وقریدا، لە برسانا ئاوی خواردبێتەوە. وەك ئەوەی لە قوڵایی هێلانەی پەرەسێلکەکانەوە لە نێو ناخی دارەوە، تاڵاوەکەی دەبینی، بەبێ ئەوەی خۆی هەست پێ بکا زیندوو بوو. نا. مردبوو نەیدەزانی مردووە. هەر لە خۆڕا دەستی برد بۆ گیرفانی باڵتەکەی و گوریسەکەی دەرهینا. هاواری کرد: (ئایدین.میرزا ئایدین.) بەڵام دەنگی لێ بەرز نەبوەوە. وتی: (مەم کوژە.)

وتی: (مەم کوژە.)

وتم: (مەترسە. ناتکوژم.)

وتی: (کە وابوو بمکوژە، بەڵام ئەو کارەم لەگەڵدا مەکە. من گەلێکم هیواو هومێد لە لْدایە.)

وتم: (بە ئاواتەکانت دەگەی.)

وتی: (تو بەشەرێکی چەپەڵ و پەستی.)

لەناکاو بیری هاتەوە کە قەرزی بەلای چەرەس فرۆشکانی شارەوە ماوە. قەرزەکەشی زۆرە. پسولەی بانکی هەیە. دەبێ بگەرێتەوە، قەرزەکانی وەرگرێتەوە. دەنا دەیخۆن و دەرۆن.

وتم: (برا، خەریکە ژیانمان لێ ئاڵۆزدەکەی، ئاخر من چ لە تو بکەم؟) وە دە شەوی رەبەق بە دڵە خورپە و نیگەرانیەوە دەخەوتم. سەردانی ژێرزەمینم کرد بەلآم لەوێ نەبوو، قەت لەوێ نەبوو.

لەمە غەمهێنەرتر نەدەبوو. بەر لەوەی ئایدین بدۆزمەوە خۆم تێدا چووم. ئەمەش چارەنووسی من. بەڵام من هەر بە تەنیا لەم ژاراوەم نەخواردۆتەوە، ئایداش خۆی کوشت. رەنگە لەغەمی دووری ئایدیندا بووە، ئەویش لە خولیایەکی ژنانەدا، چ دەکرێ؟

ئایدین دەیوت: (کە پلەی گەرمای لەش بگاتە چل و دوو؟ مرۆڤ مردووە. کەوایە دەبێ بیسەلمێنی کە مردووەکان پلەی گەرمایان چل و دوو سانتی گرادە.)

وتی: (ئایدین نا. من تۆناکوژم، تۆش من مەکۆژە.)

پاشان بەهێمنی بە نێو ئاوەکەدا رۆ چوو، گەرم بوو و هەرکە شەپۆلێك هەڵدەستا هاڵاوێکی مەنگ و ئارام بەحەواوە بڵاو دەبوەوە. بەفر بە هێمنی و بێدەنگی دەباری. وە ئاسمان چەند جوان بوو.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتی: (براکەم لێم گەڕێ با خۆم بمرم.)

حەزی دەکرد بخەوێ. وە خەوت. بە هێمنی خەوی لێکەوت. گوریسەکەش بەچەشنێك لە سەر ئاوەکە و لەسەر سەری بە قیتی مابوەوە کەهەرکەسێ چاوی پێدەکەوت دەیوت: (پیاوێك بە گوریس لەنێو ئاودا خۆی لە قەنارە داوە.)

**تەواو**

2001/7/18

هەولێر

رزگار ئەمین نژاد

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com